# مێژوو

# و

# فەلسەفەی یارسان

ت: تاهیری

و: بێهزاد خوشحالی

# مێژوو و فەلسەفەی یارسان

## نووسەر: ت. تاهیری
## وەرگێڕان بۆ کوردی: بێهزاد خۆشحاڵی

پێڕست:


- یارسان (کاکەیی یان ئەهلی حەق)
- دین و ئایین
- یارسان و ڕێبازەکانی تر
- یارسان
- گاژمێری کوردی ـ ڕۆژەیاری "ڕۆژوویاری"
- سەیدەکانی بەرزنجە و بەسەرهاتیان
- نەریتی یاری 7
- مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگای یاری

## یارسان (کاکه یی یان ئەهلی حەق)

کوردەکانی "یارسان" نەتەوەیەکی ئارییایی لە لقی هێندوئەورووپین کە لە زەمەنێکی نادیاردا، واتـە چـەند هەزار ساڵ پێش زایین هاتوونەتە ناوچەی ئیستای کوردستان، کە کەوتووەتە باشووری ئەرمەنستانەوە [1].

بە بۆچوونی هەندێك لە زانایان، کوردەکان لە کـەناری بـاکووری "زەریـای بالتیـك"ـەوە بـەرەو ناوچـەی زاگرۆس کۆچیان کردووە. "دکتۆر کونتینو" لەم بارەیەوە دەڵێ: "لە هەزارەی چوارەمی پـێش زاییـندا، هۆزگەلێك لە باشووری سیبریاوە بەرەو کێوەکانی زاگرۆس کە پێیان دەگوترێ "ئازیاتیك" کۆچیان کرد. دوای ئەوان، واتە لە هەزارەی سێهەمی پێش زاییندا کۆمەڵە هۆزێکی تر بەرەو ئەو ناوچەیە کۆچیان کـرد کە پێیان دەوترێ هێندوئەوروپی".

ئەم هۆزە کۆچکردووانە لەگەڵ کۆچکردووانی پێشتردا، تێکەڵاوی یەکتربوون و ناوچەی زاگرۆسیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان [2]. بەڵام بە باوەڕی هەندێك لە زانایانی تر، پێش ئەوەی هۆزە کۆچـبەرەکان بگەنـە کێوەکانی زاگرۆس، هۆزگەلێکی تر لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون کە بە هۆزە زاگرۆسییەکان ناو بانگیان دەر کردووە.

"محەممەد مەردۆخی کوردستانی" دەورەی یەکەمی مێژووی کورد دەباتەوە بۆ چەند هـەزار سـاڵ پـێش زایین "تا ساڵی 3600 پ. ز " واتە ئەو ساڵەی کە دەسـەڵاتی "نارامسـین" کـوڕی "سـارگۆنی یەکـەم" دوای هێرشی هۆزەکانی گۆتی "کوردە ئاراراتییەکان" هەرەسی هێنا و دەوڵەتی "گۆتی" سەری هەڵدا [3].

"محەممـەد ئـەمین زەکـی"، بنـەرەتی ڕەگـەزی کـورد دەباتـەوە سـەر دوو بناخـە، یەکـەمیان: هـۆزە خۆجێیەکانی زاگرۆس و دووهەم: هۆزە کۆچکردووە ئارییاییەکان (مادەکان)، کە هۆزە خۆجێیەکان بریتین لە:

1- "لوولـووبی" یـان "لوولـووئی"یـەکان. کـە لـە هـەرێم گـەلی نێـوان "کرماشـان" و "بەغـدا "و "شارەزوور" و "ورمێ" دا نیشتەجێ بوون. پەیکەری "ئانوبانینی" لـە "سـەرپولی زەهـاو" میراتـی ئـەو سەردەمە مێژووییەیە.

2- "کاسی" یان "کاسای"یەکان، کە لە هـەرێمی لوڕسـتانی ئیمروییـدا نیشـتەجێ بـوون. ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە بـاکووری "لوڕسـتانی" ئـەو سـەردەمە تاڕادەیـەك لەگـەڵ هـەرێمی "ئـەلیبی"دا کـە "ئاشوورییەکان" زۆرجار ناویان بردووە، پەیوەندی هەبووبێت.

3- "هووری"یـەکان و "میتـانی"یـەکان کـە لـە ناوچـەکانی "تورکیـا" و" سـووریا"ی ئـەمڕۆدا، لـە "فوراتی" ناوەندی نێوان "موسڵ" و "ترابلس" دا نیشتەجێ بوون.

---

1- تاریخ مردوخ، محمد مردوخ کردستانی، ص: 35.

2- وەرگیراو :وحدت قومی کرد و ماد، حبیب اللّه تابانی.

3- تاریخ مردوخ ص: 38.

کۆنترین ناوی هووریەکان "یان نەتەوەیەکی تر کە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئەواندا هەبووە""سۆباری" بووە و زانایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە وڵاتی "هووری" لە نێوان هەرێمەکانی "میتانی" و باکووری "سووریا"دا هەڵکەوتبوو و پایتەختەکەی شاری "ئورفا" بووە.

4- "گووتی"یەکان. ئەم هوزە یەکێك لە هۆزە گەورەکانی "کوردستان" بوون، کە بە باوەڕی زانایان تەواوی هۆز و تیرەکانی "زاگرۆسیان" گرتووتە خۆ.

"گۆتییەکان" لەسەرچاوە کۆنەکاندا بە ناوەکانی "گۆتی، کاردۆ، کردوئین و کاردۆخی"یش ناسراون. دەوڵەتی گووتی، هەروەها کە لە خشت نووسە ئاشورییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، حکومەتێکی "خان خانی"[1] بووە و زۆربەیان پەیڕەوی ئایینی "میهرپەرەستی"، واتە میترائیسم بوون[2].

5- "نایری"یەکان یەکێکی تر لە قەومە زاگرۆسییەکانن کە لە باکووری "نیگاس" (کێوەکانی توور عابدین) لە ناوچەی "دیاربەکر" و "خەرپوت" و "دەرسیمی" ئەم سەردەمەدا نیشتەجێ بوون. "مینۆرسکی" لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "*حکومەتی نایری لە هەرێمی بۆتانی ئەمرۆیدا دامەزرابوو و لە سەردەمی خۆیدا بە وڵاتێکی بەرفراوان لە قەڵەم دەدرا.*" لە درێژەدا بەشێوەی خوارەوە ئاماژە دەکا بەو نەتەوە یان تیرە و هۆزانەی کە دانیشتووی هەرێمەکانی باکووری دەشتی "شووشن" و ئەو هۆزانەی کە کەمتر لەگەڵ ناوەندی ئێراندا پەیوەندی دەگرن، بەڵام بە بەردەوامی لە گەل وڵاتی سۆمەر و سامی ڕەگەزەکانی "میزۆپۆتامیا"دا پەیوەندییان هەیە، کە بریتین لە: "عیلام"یەکان، "کاسی"یەکان، "لولوبی"یەکان و "گوتی"یەکان، کە هەموویان سەر بە یەك لقی ڕەگەزین و زمانەکەشیان لە یەك نزیکە[3].

جیا لەو هۆز و تیرانەی کە پێشتر باسیان کرا، هۆزە ئارياييەکانیش لە سەرهەڵدان و پەرەسەندی حکومەتی "ماد"دا کە بە"مدیا"، "ئامادا"، "مد" و "میدی" ناوی براوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان بووە. هۆزە ئاریاییەکان، گوایە لە سەدەی نۆهەمدا لە لەوەڕگا پان و بەرینەکانی "ڕووسیە"ی باشوورییەوە بەرەو ناوچەی زاگرۆس کۆچیان کردووە و ئاوێتەی دانیشتوانی پێشووی ئەم هەرێمە بوون و لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین. لە سەرەتادا "یەکیەتیماننا" و دواتر حکومەتی "ماد"ی سەربەخۆیان پێکهێنا. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەندێ لە زانایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە گوایە کۆچی هۆزە ئارییەکان بۆ ناوچەی زاگرۆس لە دوو قۆناغدا ڕوویداوە. یەکەم: لە هەزارەی دووهەمی پ. ز بووە، لەوکاتەدا بە پێی نووسینی سایکس، هەرێمی ماد بە سێ ناوچە یان پارێزگا دابەشدەکرا: "مادی گەورە" کە دەبێتە "ئەراك"ی ئەمرو ، مادی "ئاتروپاتن" کە ئازەربایجانی ئێستایە و مادی "ڕاجێنا" یان "ڕاگیانا- ڕەی کۆن" کە ئەمرو کە ناوچەیەکە لە دەڤەری تاراندا[4].

---

1- خان خانی: ملوك الطوايفي.

2- زبدەی مێژووی کوردوکوردستان، محەممەد ئەمین زکی بەگ، ص: 13، (چاپی فارسی).

3- ایران از اغاز تا اسلام، رومن گریشمن، ترجمە محمد معین، ص: 38.

4- شاری ڕەی.

"دیاکونوف"یش سنوورەکانی هەر یەك لەو سێ پارێزگایەی بە وردی دیاریکردووە کە تارادەیەك لەگەڵ وتەکانی "حەمداللە مستۆفی" دایە کە ناوچە کوردنشینەکانی بە شانزە ولایەت دابەشکردووە و سنورەکانی دەستنیشان کردوون، یەك دەگرێتەوە.

مستۆفی نووسیویەتی: "کوردستان لە نێوان ئێراقی عەرەب و خوزستان و ئێراقی عەجەم (ئەراك) و ئازەربایجان و دیاربەکردا هەڵکەوتووە و بە گشتی شانزە ولایەتە کە ناوەکانیان ئەمانەن: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینور، سولتان ئاوای چەمچەماڵ، شارەزوور، قرمیسین "کرماشان"، کەرەند و خۆشان، کەنگاوەر "قصر القصوص"، ماهیدەشت "مایدەشت"، هەرسین و وەستام"[1].

بە واتایەك، ئەگەر بمانەوێت بە بێ ڕەچاوکردنی سنووره سیاسییەکانی نێوان ئێران و ئێراق و تورکیا و سوریا، نەخشەی کوردستان بە گشتی بخەینە بەرچاو، دەبێ بچینە سەر وتەکانی محەممەدی مەردۆخ کە نووسیویەتی: کوردستان بریتیە لە شەش هەرێم: دیاربەکر، دەڤەری موسڵ، سنە، سابڵاغ "موکریان"، کرماشان و لوڕستان[2]. کەواتە کوردستان لە کێوەکانی ئارارات "ئاگری" لە تورکیاوە دەستپێدەکات و بەرەو باشوور درێژدەبێتەوە و هەموو بەرزاییەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران تا دەشتاییەکانی باشووری پارێزگای خوزستان دەگرێتە خۆی. لە ئێراقیش لە باشووری مەندەلیەوە تا مووسڵ و لەوێوە تا حەسەکە "باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا" و "قەزای ئەنتیپ و سیواس" لە "تورکیا" درێژەی هەیە.

کوردەکان لە ئێراندا بە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی ئاسیای بچووك ڕیژەیان کەمترە[3]. شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی ئەهلی حەق (یارسان) لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە هەندێك گۆڕانکاری بە خۆوە دیوە. بەڵام ئەوەی کە هەمووان لە سەری پیدا گری دەکەن ئەوەیە کە لە سەرەتادا ئایینی ئەهلی حەق (یارسان) لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبووتەوە و گەشەی کردووە، جادواتر گەیشتووتە ناوچەکانی تری ئێران "کرماشان، هەمەدان، ئازەربایجان، تاران، زەنجان و باکووری ئێران" و تەشەنەی سەندووە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە، لە ئێراق لە ناوچەکانی خانەقین، کەرکووك، مووسڵ، سلێمانی، هەولێر و بەغدا جێواربوون، لە تورکیاش لە دەرسیم و سیواس، نیشتەجێن. هەروەها ژمارەیەکیش کوردی ئەهلی حەقیش لە ڕووسیا، لە ناوچەی ئەلیزابت پول سەر بە ناحیەی قارس دەژین[4]. ئەهلی حەق لە قەفقازیش هەن و لەوێ بە کوردی ڕەسەن لە قەڵەم دەدرێن و ئایینەکەشیان وەك ئایینێکی تایبەت ڕەچاو دەکرێ[5].

1– نزهه القلوب، حمداللّه مستوفی، ص: 107.

2– تاريخ مردوخ، ص: 67.

3– هيئت علمى فرانسه در ايران، ژاك دومرگان، ص: 90.

4– کرد، زمان، تاريخ، فرهنگ، مينورسکى، ص: 94.

5– بنەماڵەکانی سەر بە ئایینی ئەهلی حەق لە دەڤەری (ماکو، صوفی، قەرەزمی، قزڵچە قەڵا، فیشل قەرە قوویوون، تازە کەند و مرگن) نیشتەجێن کە بە (قەرەقۆینلوو) دەناسرێن. ماوراء قەفقاز عەشیرەتەکانی قەرەقۆینلوو لە ناوچەی گەنجە، نزیك هەرێمی گۆران دەژین. هەروەها لە (قەرەباغ) لە ناوچەکانی نزیك سنووری ئێران و ڕووسیا، قەرەباغ، نزیك شاری سەڵماس، ورمێ، میاندواو، بناو و تەورێز نیشتەجێن.

هەروەها ژمارەیەك لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە وڵاتانی هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان دەژین کە بە "زکری" بەناوبانگن و لە "توربەت" و "میشکی" و "گریشە" نیشتەجێن و چیای "موراد" لە توربەت بە شوێنی پیرۆزی خۆیان دەزانن. هەروەها هەندێکیان لـە دەڤـەری "مـەزار شـەریف" و "دوشـی" و "پـول خومر" نیشتەجێن کە پەیڕەوی بنەماڵەی یادگارن و مەسنەد نشینەکەیان "سەید مەنسووری نادرییە".

پێویستە ئاماژە بـەوە بکرێـت کـە دوای دەرکـەوتنی "قووشچـی ئـۆغلّی" لـە ناوچـەی "ئازەربایجـان" و هەروەها کۆچی "خان ئاتەش" بەرەو ناوچەی "سەهەند" کە بۆتە هـۆی بڵاوبوونـەوەی ئـەم ئایینـە لـەو ناوچانەدا، ژمارەیەك لە تورکەکان هاتنە ناو پەیڕەوانی ئایینی "یاری"یەوە و تائێستاش هەر لە سەر ئەم ئایینە ماونەتەوە[1].

ئەڵبەت گومان لەوەدانییە کە سەرەتای دەستپێکی ئەم بزاڤە ئایینیە لە ناوچەی "لوڕسـتانەوە" بـووە و دواتر بەرەو باکووری "گـۆران" پـەرەی ئەسـتاندووە. هـەر لەبەرئـەوە ناوچـەکانی لوڕسـتان و باشـووری کوردستان، لە کۆنترین بیرەوەرییەکانی "گۆران"ـەکاندا شوێنێکی بەرچاوی هەیە، هەر ئەمـەش بووەتـە هۆی ئەوەی کە شوێنە پیرۆزە دێرینەکانی ئەو ناوچانە، وەکوو "ئاتەشکەدەی تـاقگرا" نزیـك بـە شـاری "زەهـاو" یـان "دووکـانی داوود" کـە پەیکـەرێکی دێرینەیـە و دەرکـەوتووە و پەیوەنـدی بـە "ئـاگر پارێز"ییەوە هەیە، بە پیرۆز بزانن و ناوی "دووکانی داوود"ی لە سەر دانێن و وەك میراتی پیرۆزی خۆیان ڕێزی لێبگرن.

پەرەسەندنی ئەم هزرە لە لوڕستان بەرەو ناوچەی کرماشان و هەورامان، بوتە هۆی بڵاوبوونەوەی لە نـاو هۆزی "کەلهوڕ" (کەلەر یان لەك) کە لەو سەردەمەدا بە یەکێك لە هـۆزە سـەرەکییەکانی پـەیڕەوی ئـەم ئایینە لە قەڵەم دراوە. ئەمەش لە بەر ئەو هۆیە بووە کە ئەم هۆزە "یەك جێنشین" بووە و بۆچوونەکانی "شاخۆشین"ی لە بەرژەوەندی خۆیا دیوە و بڕوای پێکردووە.

---

لە تورکیا، لە ناوچەکانی قورقودایلی، قەرابیق، ڕۆژئاوای ئاناتوولی، ڕوم ئیلی، سرز، سلانیك، زاگارای یەنیجە، فیلیبە، جیوارن. لە ئێران لە ناوچەکانی کرماشان، سەحنە، قەسری شیرین، سەرپولی زەهاو، گەیلانی غەرب، کەنگاوەر، کرند، گۆران، هەلیلان، عوسمانوەند، جەلالوەند، دولفان، پشت کێو، خورەم ئاوا، ئەلیشتەر و نەهاوەند نیشتەجێن. لە هەمەدان و ئەسەدئاوا و ئازەربایجانی شەرقی و غەربی، لە صوفیان، ئیلچی، قەرەزیادین ورمێ، خووی، نور و کەجوور، ژیان بە سەردەبەن. هەندێ لە تورکمانەکانی باکووری دیجلەش سەر بە ئایینی ئەهلی حەق دەژمێردرێن. هەروەها ژمارەیەك لە خەڵکانی سەر بە ئایینی ئەهلی حەق لە ناوچەکانی ئەرەسباران، کەبوان، میچوان و کەلیبەر دەژین، کە پێیان دەگوترێ (شاملوو). لە ئێراق، لە ناوچەکانی کەرکووك، خانەقین، مەندەلی، هەڵەبجە، هەولێر، سلێمانی و بەغدا، نیشتەجێن.

1– شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی یارسانییەکان لە ئازەربایجان بەم جۆرەش ناویان لێبردراوە:

لە دەڤەری چرنداب، تەورێز، هەشتاروود، دەلاك قبری، ساتیلمیش، کوردەڕە و لە قەراغ چۆمی سۆڤ چایی وە بەرەو مەراغە، گوندەکانی: ئاتەش بەگ و پاش بەگ. لە مەراغە و شەو ناوچە یاریجان، هاسیل قۆپی، شاتەپە، ئەوج تەپە. لە ناوچەی ورمێ گوندەکانی: دەریاچەی ورمێ گوندەکانی: گولّدانلی، دەروێش قەنبەر، دلّ لە باشووری ورمێ و قەراغ دەریاچەی ورمێ. گوندەکانی: دلودێرە، جولبەر، قەراچەداغ، گەلدور، حەیران، کامران، ئەزتا، ئاشێخلی، ماکۆ لە ناوەندی خانات دەوروبەری چیای سوقار، تازەکەند، قەرەئۆغلان، میرزاسام، شیتۆ، سوویووخ بولاخ، ئالیاسی، قارازاس، عەباس بولاغی، مریان، شێخ سیلوو، ئینجە، کوچالار، قیزیلجەقالە، قاسم کەندی، ئاق بولاق، ئیسماعیل کەندی، فیشل، تورکەندی، قاباخ بولاخ، ئاراپالخ، مەلیح لی، سۆڤ مووخۆر، مرگن. لە دەوەری تاران ناوچەکانی: روبات کەریم، شەهریار، ئیسلام شار، مافین ئاوا و گوندەکانی تر.

"شەمسەدین بدلیسی" ئەم هۆزەی "کەلهوڕ"ی بە سێ لق دابەشکردووە: "پەڵەنگانی، دەرتەنگی" و "ماهیدەشتی"[1]. "ئاکۆپوف" لە کتێبی "کوردانی گۆران و کێشەی کورد لە تورکیا"، "ماهیدەشتی" لە نێوان سنوورەکانی ئێراق و ئێران لە باکووری خانەقین داناوە، "دەرتەنگی" بە کرماشان زانیوە و "پەلەنگانی" وەك یەکێك لە ناوچەکانی نزیك بە چەمی ئەڵوەند دەست نیشان کردووە. بەڵگەشی بۆ ئەم شوێنەوارناسییە ئەوەیە کە گوایە چەمی ئەڵوەند باریکە ئاوێکی "لقێکی" هەیە بە ناوی "پلکانە"و بەو پێ یە کەواتە ناوچەی "پەڵەنگان" دەبێ نزیك ئەو لقەی ئەڵوەند بێ[2].

بەڵام ئەم بۆچوونە خالی لە گومان نییە، چونکە ئاشکرایە "پەڵەنگان" یەکێکە لە قەڵا دێرینەکانی ناوچەی هەورامان و تائێستاش شوێن و ئاسەواری هەر ماوەتەوە. ئەم قەڵایە ماوەیەکی زۆر بە دەست هۆزەکانی کەلهوڕ و گۆرانەوە بووە[3]. دوور نییە ئەم قەڵایە لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمدا لە لایەن "شاخۆشین"ی لوڕستانی و پیرشالیاری هەورامییەوە، کە یەکێك لە یارانی شاخۆشین بووە، بە کارهێنرابێت.

بە پێی نووسەری "حدیقە ناصریە": هۆزەکانی گۆران و کەلهوڕ، کە لە هۆزە بەناوبانگەکانی کوردستانن، لە قەڵای پەڵەنگاندا نیشتەجێ بوون. بەڵام ئەردەڵانەکان کە ماوەیەك لە موسڵ و دیاربەکردا خاوەن دەسەڵات بوون، بە ناچاریی بەرەو شارەزوور کۆچ دەکەن و لە ساڵی "564"ی کۆچیدا لەو ناوچە حکومەتێکی سەربەخۆ پێکدێنن و قەڵای زەڵم سازدەکەن و دەیکەنە "دارالملك"ی خۆیان. دواتر وردە وردە دەست بە سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دەگرن، کە پەڵەنگانیش یەکێك لەو ناوچانەیە[4].

پەڵەنگان کەوتوتە ناوچەی هەورامان و هەروەها کە پێشتر باسمان کرد ماوەیەك لە ژێر ڕکێفی شاخۆشینی لوڕستاندا بووە و وێڕای ئەوەی کە ئەو زاتە پیرۆزە لە ناوچەی لوڕستان سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، بەڵام بەڵگە مێژوویییەکان لەوانە دیداری لەگەڵ "بابافەقی"ی خەڵکی ریجاب ، گۆڕی ئیمام دووجانە لەو شوێنەدا، کە چۆنییەتییەکەی لە کەلامی ...

هەروەها ئاماژە کراوە کە "پیرشالیار"ی هەورامی، کە مەزارەکەی لە هەورامان تەختە و هەر لەو شوێنەش نیشتەجێ بووە، ڕوونی دەکاتەوە کە شاخۆشین لە ناوچەی هەورامان دا چالاکی هەبووە. دەتوانین بڵێین یان هەورامان لەو سەردەمەدا ناوەندێکی بەهێز و توانا بووە و هەر بەم بۆنەوە سەرنجی شاخۆشینی ڕاکێشاوە، یان هۆکارگەلێکی تر بووەتە جیگای سەرنجی شاخۆشین.

---

1– شرفنامە، شرفخان بدلیسی، ص:408.

2– کردان گوران و مسئلە کرد در ترکیە، ص: 67. ئەڵبەت لەوەدەچێ هۆزی کەلهوڕ یان ئەو خەڵکانەی لەو سەردەمەدا لە باشووری زاگرۆس نیشتەجێ بوون، (گۆران) بووبێتن، زانیارییە مێژووییەکانی سەردەمی (شاخۆشنین)یش هەر ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. ئەوەش نابێ لە بیربکرێ کە هەرچەند شاخۆشین لە ناوچەکانی باشووری زاگرۆسدا دەرکەوتووە و ئایینەکەی دەربڕیوە، بەڵام زمانی (زاراوەی) وتارەکانی خۆی و یارانی هەورامی بووە. بە واتایەکی تر گوایە ئەم هۆزە دواتر ناوی کەلهوڕی لێنرابێ، کەواتە دەبێ کەلهوڕ لقێك بن لە گۆرانەکانی باشووری کوردستان. (کردان گۆران، ص: 68).

3– حدیقە ناصریە، علی اکبر وقایع نگار، ص: 129.

4– سەرچاوەی پێشوو.

سەرەڕای ئەمانە، ناوچەی هەورامان و بەشێ لە شارەزوور وەك پێگەی ئایینی "یاری"، هیچ كات بایەخی خۆیان لە دەست نەداوە، ئەویش ئایینێك كە ڕۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی فەڕەنسی، نزیك بە یەك سەدە پێشتر بەم شێوەیە وەسفی كردووە: ئایینی یاری، ئایینێكی گرینگی ئێرانە كە هەم لە بواری "ئەحكام" و هەم ژمارەی زۆری پەیڕەوكەرانی، بەڕاستی سەرنج ڕاكێشە[1].لە واقعدا دوای موسلمان بوونی خەڵكانی هەورامان لە سەدەكانی چوارەم و پینجەم و كوشش بو پەرەدانی ئیسلام لە ناوچەكە هاوكاتە لە گەل سەرهەلدانی بینشی یارسانی نومسلمانە دەماركرژەكان بیروبووچی ئایدیولوژیكی خویان دەكەنە ئامرازی گوشار خستنە سەر یارسانییەكان و بەستینی كوچی خەلكانی ناموسلمان لە ناوچەكە. لە واقیعدا دوای موسڵمان بوونی خەڵكانی هەورامان لە سەدەكانی چوارەم و پینجەم و كوشش بۆ پەرەدانی ئیسلام لە ناوچە كە هاوكاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی و بینینی نومسلمانە دەمارگرژەكان بیروبووچی ئایدیولوژیكی خویان دەكەنە ئامرازی گوشار خستنە سەر یارسانییەكان و بەستینی كوچی خەڵكانی ناموسلمان لە ناوچەكە وەدی ئەهینن و هیواش هیواش لە ناوەندی هەورامان جیگیر دەبن.

بویە ئیستا ناتوانین وشەی "گوران" بە ناوچەی ئیستاكەی "هەورامان" بچەسپێنین. ئەمە لەحاڵێكدایە كە "گوران" ناویكی گشتی دانیشتوانی ناوچەگەلی ناوەندی كوردستان هەر لە "لورستان" تا "موكریان" بووە و دانیشتوانی ئەمروی "هەورامان" ئیتر "گوران" و پەیرەوكەری ئایینی "یارسان" نین بەڵكوو "گوران" بە خەڵكانی ئیستای باشووری هەورامان دەگوتریت. بە واتا، ئەو هەشت عەشیرەی كە لەناوچەگەلی "شاەئاباد" و "كرند" و دەورووبەر ئەژین و بریتین لە: "گەهوارەیی"، "قلخانی ئەسپری"، "قلخانی بارامی"، "تفەنگچی"، "تایشەیی"، "دانیالی"، "بیبیانی" و "نیریژی". خوالیخوشبوو "دیهخودا"ش لە فەرهەنگە بەناوبانگەی، ئەوان وەكوو "گوران زازا" پێناسە دەكات.بەواتا "زازا" كە لە كوردستان "توركیا" ئەژین و ئەوانی وەك "هەورامانی" لە قەڵەم داوە.

دانیشتوانی هەورامان بە گۆران ناوبراون. ئەمەش بەهۆی ڕووداوێكی گەورەی مێژوویی وەك سەرهەڵدانی هزری یارسانی لەو ناوچەدا بووە. هەر بەم بۆنەوە زۆربەی لێكۆڵەران وشەی "گۆران" و "یارسان" بە یەك مانا بە كار دەهێنن. بەڵام ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە، چونكە گۆرانی وا هەیە كە یارسانی، واتە خاوەن هزری یاری نییە.

توێژەران و كوردناسەكان ئەم هۆزە، واتە "گۆران"ـەكانیان بە یەكێك لە دانیشتووانی ڕەسنی مادی كۆن لە قەڵەمداوە، كە خاوەنی زمانێكی تایبەتن و جیاوازییان هەیە لە گەڵ كوردە كۆچەرە شەڕكەرەكان. چونكە گۆرانەكان دانیشتووی ئاواییەكانن و ژیانێكی كشتوكاڵی سەر. هەروەها گۆرانەكان ڕەچەڵەكی خۆیان دەبەنەوە سەر "بەهرامی گوور" پاشای ساسانی.

---

1- كردها، تركها، عربها، سيسيل جى، ادموندز.

بەڵام تاقمێکی تر لە توێـژەران، وەك "ن. مـار" لـە سـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە وشـەی "گـۆر" شـێوەیەکی گـۆڕاوی وشـەی "کـورد"ە، "ڕیـچ" یـش کـە یـەکێك لـە ڕەگەزناسـەکانی ئەورووپیـە لـە بـواری سـیمای سرووشتیەوە، کوردەکان بە دوو دەستە دابەشدەکات:

یەکەم: ڕەشماڵ نشین و شوان پیشە، کە شـەڕ کـەرن و نـاوی "ئاسـیوتا"ی لـیَ نـاون. دووهـەم: ئـاوایی نشینە کشتوکاڵ پیشەکان، کە پێیان دەگوترێ گۆران[1].

مینۆرسکی سەبارەت بە گۆرانەکان دەنووسێ: ناوی گۆران دەگەڕێتەوە بۆ وشەی دێرینی "گاوبارە" کـە لە سەرەتادا لە ناوچەکانی باکووری ئێران، نزیك زەریای کاسپییەن نیشتەجێ بوون، یان لەو شوێنەی کە بنەماڵەکانی گاوبارە و دەیلەمی و تەبەری، لە سەدەکانی حەوتەمی زایینیدا فەرمانڕەواییان دەکرد...

بەگشتی دەتوانین مێژوویەکی دوو هەزار ساڵە بـۆ گۆرانـەکان ڕەچـاو بکـەین. سـەرەرای ئەمانـە، لەسـەر یەکێك لە "مۆر"ـەکانی سەردەمی ساسانیەکان وشەی گۆران نووسراوە[2].

مارتین وان برونسین دەڵێ: لە یەکێك لە شیعرە ئایینیـەکانی ئـەهلی حەقـدا کـە مـن لـە دالاهـوو تۆمـارم کردووە، وشەی گۆران و کورد بە دوو مانای جیاواز هاتوون، پیرە پیاوێك کە شیعرەکەی بـۆ دەگوتمـەوە "بۆ خۆی گۆران بوو" وشەکانی کورد و گۆرانی ئاوا بۆ لێکدامەوە: کورد لە ڕەشماڵدا ژیان بە سەردەبا و کۆچەرە، گۆران ئاوایی نشینە و نیشتەجێیە. بەڵام ئەو پیرە پیـاوە، هـیچ باسـێکی لـە جیـاوازی ڕەگـەز نـەکرد و هـەر ئـەو لـە شـوێنەکانی تـردا وشـەی کـوردی بـە مانایـەکی بـەرفراوانی زمـانی و نەتـەوەیی بەکاردەهێنا و گۆرانەکانی بە کورد دەزانی[3].

گۆرانـەکان لـە ناوچـە ناوەندییـەکانی کوردسـتان، لـە باشـووری سـلێمانییەوە تـا باشـووری سـنە و بەرزاییەکانی دالاهوو "شاهۆ"، تا سـەرپولی زەهـاو و بـاکووری خانـەقین و هـەروەها تەوێڵـە و بیـارەدا، نیشتەجێن.

ئەڵبەت پێشتر، ناوچەکانی نیشتەجێبوونی گۆرانەکان، وەك کۆنترین خەڵکانی دانیشـتووی زاگـرۆس، زۆر بەرفراوانتر لە قەبارەی ئەم سـەردەمە بـووە و لەوەدەچـێ کرماشـان و سـنەش شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەوان بووبێت، بەڵام بەهۆی کۆچیان بەرەو ناوچەکانی دیاربەکر و دەرسیم و موسڵ و کەرکوك و هەنـدێ ناوچەی تر، ڕێژەیان کەمتر بۆتەوە و لەم سەردەمەدا تەنیا لە ناوەندی هەوراماندا ماون.

---

1– وەرگیراوە لە: کرد و کردستان، واسیلی نیکیتین، ص: 278.

2– وەرگیراوە لە: باباتاهر نامە، پرویز ازکایی، ص: 136.

3– وان برون سن. (وەرگیراوە لە): مقاله فیلیپ کرین بروك.

هەروەها (پەروێزی ئەزکای)یش بە پشت بەستن بە سەرچاوە ئاشوورییەکان، کە ڕوونی دەکەنەوە لە ساڵەکانی (725–722 پ. ز)دا لە هەرێمەکانی ئەو دیوی سنووری باکووری ڕۆژئاوایی ئۆرارتۆدا (جۆرجیای ئەم سەردەمە) بەشێك لە جۆرجیەیەکان و (کەلخور)ـەکان دەژیان، بۆچوونەکەی راویلسون پشت ڕاست دەکاتەوە کە گوایە هۆزی گۆران و خێڵی کەلمور پاشماوەی جۆرجییەکان و کەلخورەکانن و وشەی (کەلهۆڕ) گۆڕدراوی وشەی (کەلخوز)ی دێرینە. بڕوانە: بابا تاهرنامە.

نابێ لە بیربکرێ کە ناوچەی هەورامان بۆ پەیڕەوانی ئایینی ئەهلی حەق، سەرچاوەی هەموو پێشهاتە ئاسمانییەکانە و هەموو دیاردە ئاینییەکان لەم ناوچەیەدا دەردەکەوێ. ئەگەر لە شوێنێکی تریش ڕوویدات، بێگومان نیشانە و هێمایەك لەو دیاردە یان ڕووداوە لە هەورامان دەبینرێت.
بەپێی ئەم بۆچوونە ئایینییە، هەورامان ناوەندی پیرۆزی "یاری"یە و گرینگترین "دەورەکان"ی ئایینی لەم ناوچەیە ڕوویداوە و تێپەڕ بووە، هەر ئەمەش بوّتە هۆی ئەوە کە پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە ناوچەی هەورامان بۆ زیارەتی هیچ شوێنێکی پیرۆز لە هەورامان دوور نەکەونەوە، چونکە هەموو شوێنە پیرۆزەکانی دنیا، بەرانبەر هیماکانیان لە هەورامان هەیە[1].
بە واتەیەکی تر، هەورامان "پردیوەر" قیبلەی ئەهلی یارییە. ئەڵبەت پێویستە بگوترێ لە هزری یاری دا بە هۆی باوەڕ بە "دوونادوون"[2] و "یەکگرتنەوە"[3] و ڕێزی "جەم"، "دڵ" و "کۆمەڵ"یش بە قیبلە دادەنرێن و باوەڕی بە شوێنی تایبەت نییە و ڕێز لە گشت شوێنەکان دەگرێ. هەر بەم بۆنەوە کاتێك ناوی ڕۆژهەڵات دێنێت و کاتێکی تر، ڕوودەکاتە ڕۆژئاوا. مەولانا دەفەرمێت:

گواف کعبه دل کن، اگر دلی داری  دلست مقصود، تو سنگ و گل چەپنداری
کمر به خدمت دلها ببند چاکروار  که بـــــــر گشاید در تو گریق اسراری[4]

ئەم بۆچوونە لە هزری "یاری"دا لەلایەن "شێخ ئەمیر"ـەوە بە جوانی لێکدراوەتەوە:

کاوەی من خاسەن، نە سەنگ نە بەردەن  سەفای جەم یار، شەفای کوڵ دەردەن
کاوەی من خاسن، با مــــــۆزد و میزان  کاوەی من خاسن، وە جەوزەێ ڕەزان[5]

نوستالژی لە وینینی "روانگەی" یارسانیش هەر هەمان راڤەی لیدەکەویتەوە کە "میرچائیلیادە" دەڵیت: "هەستێکی پوشراوی رازوەرانە لەگەڵ خاك هەیە و ئەم شتە تەنیا خۆشەویستییەکی ئاسایی بەنیسبەت ولات و پارێزگا و ستایشی دیمەنی ناسراو بەرزراگرتنی ئاباو ئەجدا کە لە جیلگەلی پیشوودا لە دەوروبەری کلیسای دیهات نیژراون نییە. شتێکیتر هەیە ئەزموونی ناوچەگرایی"auro chtong"، هەتی قوولی هاتنەدەر لە زەوی و لەدایکبوونیکی تایبەت بە هەمان شێوە کە زەوی بە توانای تەواوی نەبووی سەوزکردن و پەروەردە کردن، ژیان بە داروبەرد و روخانە و گل و گیا دەبەخشیت. بویە ئەبێ بەم شێوە ناوچەگەرایی دەرك بکریت. مرۆڤ هەست دەکە کات کە ئینسانەکان وابەستەبوونیان بە جیگایەکەوە هەیە و ئەم هەستی پیوەندی روحییە، قوولتر لە پیوەندی بنەمالەیی و نیژادی و... ئارەزووی گەرانەوە و نیژران لە وڵاتی خو لە کاتی مردن و ئەسپەردە کردن لە خاکی دایك... ئیستا

1– وان برون سن. سەرچاوەی پێشوو.
2– تناسخ الارواح.
3– وحدت الوجود.
4– کلیات دیوان شمس، بدیع الزمان فروزانفر. هەر لەم بارەوە خەیام دەفەموێ:

هر سبزه که بر کنار جویی رسته است  گویی ز لب فـرشته خویی رسته است
تا پا بر ســر سبزه به خــواری ننهی  کان سبزه زخاك لاله رویی رسته است

5– دیوان شیخ امیر، نسخه خطی به اهتمام حسین روحتاقی بند لیلی و مجنون.

دەتوانین مانای خاکی نیشتمان دەرك کەین و هەستی ترسان لە ئەسپەردە کران لـە خـاکی بێگانـە دەرك بکەین. ئەمە بە مانای هەستی خوشی وەسڵ بوونی دووبارەیە بە خاکی دایك.[1]

وشەی هەورامان بەشێوازی جۆراوجۆر لێکدراوەتەوە:

1- "هۆر": لە زمانی مادیی و کوردیدا بە مانای "هەتاو" هاتووە و "مان" بە مانای شوێن و جێگـا، کەبە گشتی دەبێتە شوێنی هەتاو.

2- "هورا": بە مانای "ئەهوورا" و "مان" بە مانای شوێن و جێگا، یانی "شوێنی ئەهوورا مەزدا".

3- "هور- ئامان": واتە: هەتاو هات.

4- "هەوەر- ئامان": واتە: خەبەر گەیشت، مزگانی هات.

5- "هەواری- ئامان": واتە: شوێنی گیانپەنا.

6- هەندێ کەسیش لە سەر ئەو باوڕەن کە وشەی هەورامان لە وشەی "تورامەن"ــەوە هـاتووە کـە ناوی یەکێك لە مەقامە کۆنەکانی موسیقای کوردی بووە لە دەورانی پێش لە ئیسلامدا.

جێگای خویەتی بە سەرنجدان بە سەرهەڵدانی ئەم وینینە لە هەورامان و چالاکییەکان لـەم ناوچـەدا ئـەم پرسیارەش جواب بدریتەوە کە بۆچی ئیستا نیشانەگەلیك لە ئایینی یارسانی نابینریت؟ و هـەورامان بـەو هەموو ئاسەوارەمیژووئییە لەباری سەمبولگەلی "یارسانی" هەژار دێتە بەرچاو؟

هەروەها کە پێشتر گوترا ناوچەی چالاکـی ئـایینی گـەورە پیـاوان و سـەروکایەتی یارسـانی لـە بـاکووری "خووزستان" تـا "تورکسـتان" و "رووسـیا" بـووە کـە ئاسـەواری میـژوویی و نیشـانەگەلی دیموگرافیـك سەلمینەری ئیدیعاگەلی ئەمە سەبارەت بەم بوچوونەیە.

هەبوونی "شاخوشین لورستانی" لە لورستان با راکیشـانی "خورەمییـە"... و ئیمـامزادە گـەلیك کـە لـە عیراقــەوە بــەرەو ئــەم ناوچــە کوچــیان کــردووە هــەروەها ئیمــامزادە "بابـا بـوزورگ"، "محەمــەد"، "ئەحمەد"... کە زمانی نووسین و ئاخافتنیان هـەورامی بـووە یـان هـەبوونی "بابـا سـەرهەنگ" و "بابـا جەلیل دودانی" لە باینگان و دیکەی گەورە پیاوانی ئایینی هەورامان یان "نوسەدی نوسەدە" و هەروەها "نەودونو پیری هەورامان" کە لە کەلامی "یارسانی ناویان لیبراوە هەموو شایەتی ئەوە دەدەن کە کەمتر کەسایەتییەك لە هەورامان پەیدا ئەبێ کە یارسانی نەبووبی.

هەروەها بەپیی بەڵگەنامەکان دەتـوانین بڵـیین کـە هـەورامان، تەنانـەت بـەرفراوانتریش بـووە لەحاڵێکـدا ئیستا نە تەنیا ناتوانین هیچ نیشانەیەك لە یارسانی لە هـەورامان ببیـنین بـەڵکوو لـە ناوچـەگەلی ئامـاژە پێکراویش ئەم دیالیکتە لەناوچووە و بەداخەوە لە هەورامان تەسك کراوەتەوە.

هەورامان لە میژووگەلی بەهوی پێشینەی یەکجێنشینی، بەستینیك بووە بو پەروەردە و فیربوون.

هەروەها بەهوی دژواری ریگا برین، کەمتر هیرش کراوەتە سەری، بویە شیوازی بیروبوچوون و ئەندیشەی خوی تا سەردەمانیکی دوور پاراستووە و بووەتـە بەسـتینی شۆرشـگەلی فیکـری کـە گـرینگترین تەوانـە

---

1- اسطوره، رویا ،راز ، میرچا الیاده ، ص 169

لەباری سەرهەڵدان و پەرە ئەستاندن و کامیل بوون، یارسانی بووە کە دوایین دراوی مینتالیای ناوچـەکە بووە. ئەم هزرە ویرای بوچوونگەلی دژە خـوی، توانیویـەتی قۆناغگـەلی تـەکامۆڵ بەسـەر بـوا و لـەنێو جەماوەری دانیشتوی ناوچە و لەدواییدا، ناوچەگەلی دەورووبەر گەشە بکات. ئـەم شۆرشـە ئایینییـە بـە سـەرهەڵدانی "سـۆڵتان ئیسـحاقی بەرزەنجـەیی" وزەیـەکی نـوی دەگـری و بـەپیی بەڵگـەو تیکسـتگەلی یارسانی و هەروەها هاوتەی نەقل کرا، کەمتر کەسیك لە ناوچە پەیـدا ئـەبێ کـە ئـایینی یارسـانی قبـوول نەکردبێ. بـەڵام دوای پـەردەگرتنی "شـاوەیس قـولی" و پەرەسـەندنی ئیسـلام لـە ناوچـەکە، جـەماوەر دەکەونە ژێـر کاریگـەری فەرهـەنگی دەسـەڵات. هوویـەکیتـری بـە موسـڵمان بـوونی خـەڵکی هـەورامان، رازوەرانە بـوونی ئـایینی "یارسـانی" و رەمـزورازەکـانی ئـەو بـووە کـە تـا رادەیـەك خـەڵکی لـەخۆ دوور کردوتەوە.

بەداخەوە کاریگەری فەرهەنگی دەسەڵات ئەبێتە هۆی هێرشی نومسـڵمان بوسـەر پەیرەوکـەرانی ئـایینی یارسـانی و بیـانوو بوختـان کـردن وەك "کـافر بـوون" و "ئێرتیـداد" و... و لـە ئاکـامدا لـەژێر گوشـاری ئەنکیزبسیونن دەسەڵاتدارانی مۆسڵمانی ناوچە، یارسانییەکان، ناچار، وڵاتی ئاباو ئەجدایی خویان بەجێ دێڵین و لە هەورامان کۆچ دەکەن. بەڵام بەشێکیتراز یارسانییەکان بەرانبەر بە هێرشی فیکری مۆسڵمانان رادەوەستن و بەرەنگاری لە ئایینی خویان دەکەن ئەگەرچی ئـەم بـەرەنگار بوونـەوە دەبێتـە هـۆی دوور بونەوە لە زمان و وڵاتی دایکی کە ئەم پروتیستو کردنـە وەك دوور خسـتنەوەی خـۆ لـە فەرهـەنگ دێتـە ئاراوە تا رادەیەك کە یارسانی هەورامی زمان، دیالکتی خۆی لـەبیر دەچـیتەوە و جگـە لـە جەماعـەتیکی بچووك لە کوردستان "عیراق"، ئیتر هیچ یارسانییەك بە هەورامی قسە ناکات.

کۆچی یازسانییەك لە هەورامان ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوچە تا رادەیەکی زۆر بوشایی تیکەویت و ئێستا هەورامان تەنیا بە چەند دیهات و شاروچکە لە ناوچەیەکی جوگرافیای بەرتەسك ئیتلاق بکریت.

بۆیە ئەمرۆ دەبینین ناوچەی هەورامان کە رۆژگارانیك ناوەندی بیرو هزری کوردستان بووە و پانتایی هەر لە لورستان تا موکریان بەراورد دەکـرا و لـەباری فەرهـەنگ و وێـژ و شۆرشـی فیکـری، کـاریگـەریـەکی یەکجار زۆری لەسەر هەموو کوردستان بوو هیدی هیدی لە ناوەندەوە بکەفیتە پـەراویز و گرینگـی خـوی لەدەست بدات.

## ز ه مه ن

ز ه مـه ن، دیاردەیـەکی تایبەتـە بـۆ دەربـڕینی ئەندێشـە و ئامێرێکـە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی، کـە بەپێکەوەلکانی پیتەکان "فونتێك" بەدیدێت. زمان، بنەمای تێگەیشتن لە چـۆنییەتی نیشـانەکانە، یـانی هــەموو ئــەو تایبەتمەندییانــەی کــە پێــی دەگــوترێ: داب ونــەریت، کولتــوور و بۆچــوونە ئایینیــەکانی نەتەوەیەك. زمان، گرینگترین دەسـتکەوتی کۆمەڵایەتییـە کـە کۆمـەڵگا پێکیـدێنێت و گەشـەی پێدەدا، تـاکوو ئەنـدامانی کۆمــەڵگا بــە بــەکارهێنانی بتــوانن ڕا و بۆچــوونەکانی خۆیــان دەربــڕن. لــە هــەموو

کۆمەڵگاکانـدا، ئـەم دەسـتکەوتە کۆمەڵایەتییـە بـە یـەك شـێوە نییـە و لـە ژێـر کاریگـەری شـوێنگەی جوگرافیایی و داب ونەریت و چۆنییەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگا لەگەڵ "خۆیی" و "ئەوانی تر" دایە، هـەر بەم بۆنەوە زمانی نەتەوەکان و کۆمەڵگاکان جیاوازان و هەر نەتەوەیەك خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی.
بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانێك، پێویستە هەموو زمانەکانی هاوڕیشەی ئـەو زمانـە بناسـین، تـاکوو بتـوانین بـە باشی تیشك بخەینە سەر چۆنییەتی دروستبوون و گەشەکردنی ئەو زمانە.
توێژەران و زمانناسان ڕوونیان کردۆتەوە کە گوایا ڕیشە و بنەمای زمانی کوردی دەگەڕێتـەوە بـۆ زمـانی "ئەوێستایی" و زمانی ئەوێستاش لە گەڵ زمانی "هێندو ئێرانی"دا هاو ڕیشەیە[1].
ئەڵبەت ئەگەر زمانە ئێرانییـەکان بـەپێی مێـژوو و چـۆنیەتی و گەشـەکردنیان، خشتەچـن بکـەین، دەبـێ بگـوترێ: کـە دوای زمانـە هـەرە دێرینـەکان، وەك زمـانی ئاوێسـتایی و زمـانی مـادی، زمـانی "پارسـی ناوەندی" سەری هەڵدا کە بـە خـەت و ئـەلف و بێـی "ئـارامی" دەنووسـرا و لـە سـەدەی سـێهەمەوە تـا سەدەی هەشـتەمی پـێش زایـن، بـە کـارهێنراوە، زمـانی پارسـی ناوەنـدی بـریتی بـووە لـە زمانـەکانی: پەهلەوی، پارتی، سغری و خاڕەزمی بوو[2].
بە بڕوای پرۆفیسۆر مینورسکی، زمانی دێرنی ناوچەی زاگـرۆس زمـانی "مـادی" بـووە و بنـەمای زمـانی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ زمانیماددی.
پێویستە ئاماژە بکرێت کە زۆربەی زمانناسان لە سەر ئەو باوەڕەن کە زمانی هێندێ لە هۆزە دێرینەکانی دانیشـتووی ناوچـەی زاگـرۆس، پـێش لـەوەی هـۆزە کۆچـبەرە ئاریاییـەکان بێنـە ئـەم ناوچـەیە، زمـانی "قەفقازی" بووە.
زمانی "لوولووبی" یش لقێك لە زمانی "عیلامی" بووە و زمانی "سـوباری" "میتـانی" یـەکانیش کـە بـە زمانی "هوریانی" ناوبانگی دەرکردووە، زمانی فەرمی دەوڵەتی "میتانی" بووە و هیچ پەیوەندییەکی بـە دەستە زمانەکانی هێندوئەورووپیەوە نەبووە.
ئەم زمانەش پەیوەندییەکی بەرچاوی لە گەل زمانە ڕەسەنەکانی ناوچەی زاگرۆسەوە هەبووە[3].
بەپێی ئەم دەستکەوتانە دەتوانین بڵێین: پێش لە دروستبوونی زمانێکی سەربەخۆ و گشتگیر، زمانەکانی هووری، لوولووبی، کاسی و گۆتی، باوبوون، کە هەر هەمووشیان پەیوەندییان پێکەوە هەبووە.
لە هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا، کە هۆزە هێندوئەورووپیەکان بەرەو ناوچـەی زاگـرۆس کۆچـدەکەن و کاریگەری دەخەنە سـەر هـۆزە ناوچـەییەکانی ئـەم دەڤـەرە و زمـان و فەرهـەنگیان تووشـی گۆڕانکـاری

---

1- زمانە ئێرانیە دێرینەکان لەگەڵ زمانە هیندییەکاندا، بەتایبەت ئەو زمانەی کە سروودەکانی (ریگودا)ی، پێ نووسراوە پێوەندییان هەیە. لغت نامە، دهخدا، ص: 11.

2- فقە اللغە ایرانی. ارانسکی، ص: 19.

3- وحدت قومی کرد و ماد، حبیب اللە تابانی. تابانی هەر لەم سەرچاوەیەدا بە کەڵك وەرگرتن لە بۆچوونەکانی (تورو دانژین) و (دیاکونوف)... نووسیویەتی: زمانی گۆتی زمانێکی سەربەخۆ بووە کە پەیوەندی بە زمانەکانی تری ناوچەی زاگرۆسەوە هەیە، وەك زمانی (لولوبی و کاسی). هەروەها لە سەرچاوە دێرینەکانی (ئەکری)دا (متون اللغات اکرای) ئاماژە بە زمانی (گۆ) یا (گۆتی) کراوە. بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا: 115.

دەکەن، کە بەهۆی ئەم تێکەڵاوبوونەوە زمان و ئایینێکی تازە پێکدێت ، دەتوانرێ بگوترێ ئەم زمانە نوێیە زمانی "ئەوێستایی"یە و زەردەشت بەم زمانە بۆچوونە بیروڕا ئایینییەکانی خۆی دەربڕیوە.

بە مانایەکی تر زمانی ئاوێستایی زمانی نوێی دانیشتوانی ناوچەی زاگرۆس، دوای هاتنی ئارییەکان بووە، کە دواتر بە زمانی "مادی" ناوبانگی دەرکردووە.

سەبارەت بە خەت و ئەلفوبێ و چۆنییەتی نووسین لەم ناوچەیەدا، دەبێ بگەڕینەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پێش زایین و بۆ وڵاتی "سومر" کە لەو سەردەمەدا بە "شەنعار" دەناسرا. ئەڵبەت هەندێ کەس دەرکەوتنی خەت بۆ سەردەمی "تەهموورس" کوڕی "ویونگهان"، برای "جەمشید"یش دەبەنەوە و لە سەر ئەو بڕوایەن کە تەهموورس بەرهەمهێنەر و داهێنەری خەت بووە، بەڵام یەکەم خەت کە لە ئێراندا بۆ نووسینی یەکێك لە زمانەکانی ئێرانی کۆن بەکارهێنراوە، خەتی "بزماری" هەخامەنشی بووە کە بۆ نووسینی کەتیبە بەردینەکان کەڵکی لێوەرگیراوە. دواتر، هەر لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا خەتی "ئارامی" لە ئێراندا پەرە دەستێنێ و جێی خەتی بزماری دەگرێتەوە. سەرچاوە و بنەمای خەتی ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ "فینیقی"یەکان کە دواتر لە "بابل" و "ئاشوور"دا بەکارهێنراوە و لەڕێی ئەوانەوە گەیشتووتە ئێران[1].

دواتر خەت و زمانی "سریانی"ش، کە لقێکی گرینگی ئارامی ڕۆژهەڵاتیە لە ئێراندا بڵاو بۆتەوە[2].

بە بڕوای مەلك شوعەرای بەهار، پیتەکانی ئەلف وبێی "مادی" بریتی بووە لە "42" پیت کە "36" پیتی لە ڕووی ئەلف وبێی ئاشوورییەوە دروستکرابوون. "دیاکونوف"یش نووسیویەتی: لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا، نووسین لە وڵاتی مادا بوونی هەبووە و زانیارییەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە پارسیەکان "فارسەکان" خەتی بزمارییان لە مادەکان وەرگرتووە. بەڵام زمانی پەهلەوی کە "پارتی میانە"شی پێدەگوترێ لە گەڵ وشەکانی: پراسوا، پارسە، پارس و فارس، پرتو، پەهلە، فەهلە و پارتدا یەك مانایان هەیە و ناوی "پارس"یش بۆ خۆی وشەیەکی "مادی"یە و لە سەرەتادا ناوی ناوچەیەك بووە کە لەگەڵ ناوچەی کرماشانی ئەم سەردەمەدا یەك دەگرێتەوە، یانی لە ماهیدەشتەوە تا سەحنە، واتە لە درێژایی جادەی بابل هەتا ئیکباتان[3].

---

1– ئەڵبەت خەتی (ئەندیشە نگار) کە بەخەتی هیروگلیف ناسراوە، لە پێش خەتی بزماری باوبووە و تا کۆتایی هەزارەی سێهەم و دەستپێکی هەزارەی دووەمی پێش زایین بەکارهێنراوە و حەوت بەڵگە بەم خەتە لە تەپۆڵکەی (سیلك) دۆزراوەتەوە. بڕوانە تاریخ ماد.

2– ئەڵبەت ئەو خەتەی کە بۆ نووسینی زمانی سریانی بەکارهێنراوە خەتێك بووە کە ایگور میخائیلوویچ لە شاری ئۆدسا (باکووری ئێراق)ی ئەو سەردەمەدا پێی دەنووسرا. ئۆدسا لە زمانی سریانیدا (ئۆرهی) پێدەگوترا و عەرەبەکان تا سەدەی پانزدەهەم پێیان دەگوت (روها) و لەم سەردەمەدا (ئۆرفا)ی پێدەگوترێ. لە ناوچەی بین النهرین (میزۆپۆتامیا)دا شاری (حران) لە مێژووی زمانی سریانیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. ئەم شارە لە کەتیبە ئاشوورییەکاندا بە (حەرانو) ناوی لێبراوە و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەناوەندی زمانی ڕەسەنی سریانی دەژمێردرا. بڕوانە: فرهنگ ایران باستان، ابراهیم پووررداود، ص: 164–161.

3– بابا طاهر نامە، پرویز اذکایی. (ڕەشید یاسمی)یش لەم بارەیەوە نووسیویەتی: لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا، ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بە (پارسوا) ناودەبرا کە سەردەمێك لە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان و ماوەیەکیش بە بەشێ لە دەوڵەتی (هالریا) دەژمێردرا. دانیشتوانی پارسوا بە ڕەگەز ئاریایی بوون و لەگەڵ مادەکاندا هاتبوونە ئەم ناوچانە، دواتر (نزیك ساڵی 815 پێش زایین) هۆزە ئاریاییەکانی

چەندین کتێبی دینی زەردەشتی کە بە زمانی پەهلەوی نووسراون، تا ئەم ئەمڕۆکەش ماونەتەوە[1]، بەڵام زۆربەی دینیە پەهلەوییەکان لە سەرەتای هێرشی عەرەبە ئیسلامەکان بۆ سەر ئێران، بە ئاو شۆردرانەوە یان سووتێنران. لە بەر ئەوەی پەرتووکی مەجووسان کە لەگەڵ قورئاندا یەکی نەدەگرتەوە، دەبا بفەوتێنرایە[2]. زمانی پەهلەوی لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی فەرمی دەوڵەت بووە. ئەم زمانە زۆر لە زمانی کوردی نزیك بووە، تاڕادەیك دەتوانین بڵێین زمانی پەهلەوی ئەو سەردەمە هەر زمانی کوردی بووە[3]. " ملك الشعرای بەهار" یش زمانی کوردی بە یەکێك لە لەقەکانی زمانی ئێرانی دەزانێ و دەڵێت: ئەم زمانە پاشماوەی زمانی "ماد"ییە[4].

دوای دەرکەوتنی ئیسلام و هێرشی عەرەبەکان، ئەم زمانەش تووشی گرفت و گۆڕانکاری هات. لەم سەردەمی هاوچەرخ دا دەتوانین بڵێین دیالێکتی هەورامی "گۆرانی" کە لە ناوچەی هەورامان بەکاردەبرێت، درێژەی زمانی پەهلەویە. ئەوەش نابێ لە بیربکرێ کە لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکاندا، هەرکاتیك باسی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و ناوەندی ئێران دەکرێ، ئەم ناوچانە بە "فەهلە" یان "پەهلە" ناودەبرین و زمانەکەشیان بە "پەهلەوی" دەناسرین و بە ئەدەبیاتەکەشیان گوتراوە "فەهلەویات". هەروەها هەبوونی ئاسەوارگەلێکی میژوویی بەجێ ماو لەم سەردەمە وەك "قەڵای یەزدگرد" لە "بان زەردەی ریژاو"ی "داڵاهو" و ئاتەشگە گەلێك کە لەم ناوچەدەای، "دەخمە" یان "ماڵی بیبی شەهربانوو" هەر لەم ناوچە "ئەم ناوچە جێگای سەرهەڵدانی بابایادگار و بەرەی دووهەمی یارسانی لەدوای پردیوەر بووە. ئێستا چلونایەتی هەڵبژاردنی ئەم جیگایە لەلایەن یەزدگرد و بابایادگار بۆخوی چیرۆکێکە دوور و درێژ کە بەکەڵك وەرگرتن لەسەر چاوەگەلی باوەڕ پێکراو لە داهاتوودا بە تیروتەسەڵی باسی دەکەین". هەروەها خەڵکانی دانیشتووی ئەم ناوچەیە کە بەزمانی پەهلەوی ـ هەورامی قسە دەکەن پێشاندەری ئەو راستییەن کە پیوەندیەکی پتەو نێوان یارسان و ناوچەکەیان لەگەڵ "کونە پەهلەوی" "باستان پەهلەوی" هەبووە.

بۆ نموونە ابن خرداد ناوچەکانی پەهلەوی زمان بەمجۆرە دیاری دەکات: رەی، ئیسفەهان، هەمەدان، دینور، مێهر جانقەزف "مهرجان قەزف"، ماسبەزان و قەزوین[5]. ژاك دومورگان سەبارەت بە هەورامان نووسیویەتی: لە نێوان کێوەکان و ناوچە دوورەکان، وەك بیوانج و هەرواماندا هەندێ دیالێکتی تایبەت لە کۆنەوە ماونەتەوە کە کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانە بیانییەکانەوە[6].

---

ناوچەی پارسوا بەرەو باشوور کۆچیان کرد و لەباکووری ڕۆژهەڵاتی (شووش) نزیك ناوچەی (ئانزان– ئەنشان) کە بەشێك بوو لە وڵاتی عیلام، نیشتەجێ بوون و بەیادی نشینگەی پێشوویان، ناوی (پارسومش–پارسامش)یان لێنا. بڕوانە: کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی، ص: 79.

1– هەندێ لەو کتێبانە بریتین لە: دینگرت، بندهش، داتستان دینیك، ماتیکان، کارنامك ارتخشیر پاپکان، درخت أسوریك، خسرو کواتان و...

2– فرهنگ کردی، صدیق صفی زادە ص: 27، دو قرن سکوت، بە نقل او تاریخ ابن خلدون.

3– تاریخ ریشە نژادی کرد، احسان نوری ص: 97.

4 – سبك شناسی محمد تقی بهار،

5– مسالك و ممالك، ابن خرداد بە ص: 186.

6– جغرافیای غرب ایران، ژاك دومرگان، ص: 50 و 56.

هەروەها دەتوانین بە "قەباڵە"کانی هەورامان، کە لە ساڵی "1913"دا دۆزراونەتەوە، ئاماژە بکەین کە مێژووی نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین. قەباڵەی یەکەم کە بە زمان و خەتی هیلینیە لە ساڵی 225 سلووکی 87 تا 88 پێش زاییندا نووسراوە و قەباڵەی دووهەم، کە ئەویش هەر بە زمانی هیلینیە و لە ساڵی 291 سلووکی 21– 20 پێش زایین و قەباڵەی سێهەم کە بە خەت و زمانی پەهلەوییە لە ساڵی "300" سلووکی "11– 12 زایینی"دا نووسراوە، مەبەست لە نووسینی ئەم قەباڵانە فرۆشتنی باخی هەنگوور و چۆنیەتی دابەشکردنی ئاو بووە، "فرۆشتنی نۆبە ئاو".

ئەم قەباڵانە ڕوونی دەکەنەوە لە هەوراماندا، کە پێشتر سنوورەکانیان دەست نیشانکرد، خەت و زمانی پەهلەوی باو بووە. هەروەها دەری دەخەن کە زمانی هەورامی یان گۆرانی، درێژەی زمانی پەهلەوییە.

کاتیك "ڕیچ" سەردانی سنە دەکات "کە سنە لەو سەردەمەدا پایتەختی حکومەتی ئەردەڵان بووە"، بینیویەتی کە خان و بەگزادەکان بە زمانیك دەدوێن کە لەگەڵ زمانی کوردیدا جیاوازە و دیالێکتی گۆرانییە. لە وتەکانی گەشتیارانی دوای ئەویش، وادەردەکەوێ کە زمانی پڕ و پوختە و ئەدەبی دەرباری ئەردەڵان، هەورامی بووە، کە ئەویش لە ڕاستیدا دیالێکتێکە لە گۆرانی، بەڵام بەداخەوە لەم رۆژگارانی هاوچەرخ دا دیالێکتی هەورامی بە تەواوی لە سنە فەوتاوە[1].

زمانی "پەهلەوی– گۆرانی" خاوەنی چەند دیالێکتێکە، وەك : هەورامی تەخت، ژاوەرۆیی، لهۆنی، زازا، باجەلانی، ماچوماچو، گەهوارەی پێشین، دیالێکتی بیوەنجی پیشین "قەدیم" و دیالێکتی قەلاعی، کە لە بواری شوێنی نیشتەجێ بوونیانەوە دابەش دەکرێن بە:

کوردەکانی ژاوەرۆ، هەورامانی تەخت ، نەوسوود و پاوە لە ئێران و کوردەکانی تەوێڵە و بیارە لە کوردستانی ئێراق و کوردەکانی دیاربەکر، بینگول، ئەلعەزیز، ئادیامان، سیفرك، تونجەلی، ئەرزنجان، قەلب، هینە پیران، چیرموك و سیروك و کاکەییەکانی خانەقین و کەرکوك "زەنگەنە، باجلان، جۆمیر، شێخان، میلاسید، ڕۆژبەیانی، هەڵەبجە" و شەبەك لە مووسڵ، بەم زمانە دەدوێن[2]. لە دیالێکتی هەورامی "گۆرانی"دا تا ئێستاش نێرو مێ هەر ماوە و لە وتاری ڕۆژانەدا بەکاردەبرێ. بۆ نموونە: بۆ نێر "ئانی _ ئەو ژنە، ئانێ _ ئەو پیاوە" بە کار دەهینریت.هەروەها "وەشەنی– تۆ باشی "بۆ ژن" و وەشنی– تۆ باشی "بۆ پیاو" و...هتد.

یەکەم وتاری نووسراو بە شیعری هیجایی لە زمانی کوردیدا پەیوەندی بە قەومی "یارسان"ـەوە هەیە کە بە زمانی "پەهلەوی– هەورامی" لەلایەن "بەهلوولی ماسی" و یارانییەوە لە ناوچەی هەوراماندا، گوتراوە. بە شوێن ئەواندا، تەواوی کەسایەتییە ئایینییەکانی ئەهلی حەق، لە شاخۆشینی لوڕستانی و

---

1– جامعه شناسی مردم کرد، ص: 154.

2– فرهنگ کردی صدیق صفی زاده ص: 34. پەند و قسەی نەستەقی ماچۆ، هەردەوێڵ کاکەیی. ئەڵبەت دەتوانین زمانی هەورامی بەم جۆرەش دابەش کەین: لە کوردستان ماچۆ، لە تورکیا زازا و لە فارسیدا گۆرانی پێدەگوترێ

باباناوسی سەرکەتیەوە بگرە تا دواترین کەسایەتییەکان، وتارەکانی خۆیان بە زمانی کوردی "دیالێکتی گۆرانی" گوتووە[1].

سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی دیالێکتی "گۆرانی" لە لایەن شاعیرانی کوردەوە دەتوانین دوو هۆکاری سەرەکی دەستنیشان بکەین: یەکەم شاخاوی بوونی ناوچەی هەورامان، کە بەم بۆنەوە هەورامییەکان تا سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی ئیسلامیان وەرنەگرت و خۆڕاگرانە لە بەرانبەر عەرەبەکاندا وەستان و هەر ئەمەش بووە هۆی پاراستنی فەرهەنگ و زمان و ئایینی دێرینی خۆیان.

دووهەم: لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا بەهلوول و یارەکانی، کە بە کەڵك وەرگرتن لە گەنجینەی ئایینە دێرینەکان، ئایینی "یارسان"یان پێکهێنا، وتارە ئایینییەکانی خۆیان بە دیالێکتی ناوچەکە "هەورامان" نووسیەوە و ئەم شێوەیە تا ئێستاش لە ناو کوردەکانی "یارسان"دا پەیڕەو دەکرێ. بە وتەی سەیدی فەرزی:

*لەوز عەرەبیمان گیلا نە دەوران        کردمان کەلام وە لەوز گۆران*

سەبارەت بە خشتەچن کردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بەکورتی دەتوانین بڵێین: دانیشتوانی تورکیا، ئەرمەنستان، ڕۆژئاوای زەریاچەی ورمێ و باکووری ئێراق، دیالێکتی کرمانجی ژووروو بەکاردێنن و کوردەکانی ناوچەکانی هەڵەبجە، پاوە و نەوسوود بە شێوەزار گۆرانی ئاخافتن دەکەن. ناوچەکانی باشوور، واتە خانەقین، سەرپولی زەهاو، کرماشان و ئیلام بە دیالێکتی کەڵهوڕی "لەکی" دەدوێن و لە ناوچەکانی لوڕستان، پشت کێو، چوار مەحاڵی، بەختیاری و خوڕەمئاوا دیالێکتی لوڕی بەکاردەبرێت.

پێویستە ئاماژە بکرێ هەرکام لەم دیالێکتانە خاوەنی چەندین زاراوە "بنلەهجە، بێچوەزار"ن. بۆ نموونە کرمانجی ژووروو بە زاراوەکانی: بۆتانی، شەمدینانی، بادینی، بایزیدی و قووچانی هەیە و هەروەها لە کرمانجی خواروو بە زاراوەکانی: سۆرانی، بابانی، موکریانی و جاف قسە دەکریت. دیالێکتی گۆرانی "هەورامی" بە زاراوەکانی: هەورامانی، زازایی، ژاوەرۆیی، لەهۆنی و باجلانی دابەش دەکرێت. هەروەها دیالێکتی "کەڵهوڕی"یش خاوەنی چەندین زاراوەیەکە ئەمانەن: لەکی، کولیایی، سەحنەیی، هەرسینی و ئیلامی. دیالێکتی "لوڕی"ش بە شێوەزارەکانی: فەیلی، بەختیاری، هەفتگوڵی و مامسەنی دابەش دەکرێ.

بەهەرحاڵ کەلامەکانی یارسانی یەکێك لە سەرچاوە دێرینەکانی بیر و هزری کۆن و ڕەسەنی ئەم وڵاتەیە کە بە دیالێکتی هەورامی دارێژراوە و نرخ و بایەخی زمانناسی زۆری پێوە دیارە و پێویستی بە لێکۆڵنەوەی تایبەت هەیە. چۆنییەتی دارشتن و تێکەڵبوونی وشەگەلی غەیری هەورامیش لەم کەلامانەدا پەیوەندی هەیە بە دەورەی داڕشتن و دەرکەوتنی کەلامەکان و بڵاوبوونەوە و پەرەسەندی ئەم هزرە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەوراماندا. هەروەها تێپەڕبوونی زەمەنیش لەم بوارەدا ڕۆڵی کاریگەری بینیوە، واتە هەرچەندە لە کات و زەمەنی ئەم سەردەمە نزیك دەبینەوە، زمانی کەلامەکان ئاسانتر و ڕوونتر

---

1- دیوان بابا ناوس، بند 42.

دەبێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر کەلامی بارگە بارگە لەگەڵ کەلامی دەورەی باباناوس، یان کـەلامی دەورەی بەرزەنجە بەراورد بکـەین، ئاسـانبوون و نزیکتربوونـەوە لـە کەلامـەکان لـەزمانی ڕۆژانـەی خـەڵك، باشـتر دەردەکەوێ. هەروەها بەهۆی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی هزری یـاری لـە دەرەوی ناوچـەی هـەورامان، واتە لەناو خەڵکانی غـەیری هەورامیـدا، وشـەی تـازەی هاتووتـە نیـو کەلامەکانـەوە. هـەر لـە سـەردەمی "پردیوەر"یشدا بەهۆی وەرگرتنی هزری یاری لەلایەن تورکەکانەوە، زمانی تورکیش دێتە ئاراوە و دواتـر لە سەردەمی دەرکەوتنی "یەعقوبی قووشچی ئۆغلی" و "بایرام قووشچی ئۆغلی" و "موحەممەد بەگ" و "خان ئاتەش" و نەوەکانی ئەوان لە وڵاتی تورکستان، دەبێتە هۆی نووسینی کەلام و راڤەی سـەرئەنجام بە زمانی تورکی. کەلامەکانی سەرئەنجام زۆرتر بەشی "هیجایی"ن ،بەڵام کەلامی هەشت بەشی، دوانـزە بەشـی و شـانزە بەشـی و هـەژدە بەشـی یـش هـەن کـە ئـەم شـێوانە بـە دەگمـەن لـە سـەرئەنجامدا بـەکارهێنراون. بـۆ نموونـە لـە دەورەی عابدینـدا شـەش و هەشـت و دوانـزە و شـانزە و هـەژدە بەشـی، دەبینرێت.

هەروەها لە کەلامی دەورەی باباناوس دا "هەرچەند شانزە و هەژدە بەشـی تێدا نییـە"، بـەڵام شـەش و هەشت و دوانزە بەشی بەر چاو دەکەوێ.

دین و ئایین:

ئایین چالاکییەکە بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی لێیان تێناگەین و دەربڕینی ئەو چەمکانەی نانووسرێتەوە "مارکس موولێد"، هەروەها نیزامێکی هاوبەشە لەو باوەڕ و کردارانەی کە تایبەتن بە پیرۆزەکان و موحەڕەمات. کە لە ئاکامدا ئەو باوەڕ و کردارانە گشت ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێیەتی بەناوی کۆمەڵی باوەڕمەندان لە تۆمەتێکی یەکگرتووی مەعنەویدا، کۆ دەکاتەوە "ئێمیل دوورکیم".

وشەی ئایین و ئاینزا بە مانای بەکارهێنانی کردار و دابونەریت و ڕەوشتی سروشتی "فیترییە" بۆ گەیشتن بە تەبایی و هێمنایەتی، هەروەها باوەڕ بەنیزامێکی گشتی لەکائیناتدا "بوونەوەرەکاندا" کە تێگەیشتن لەو نیزامە و لێکدانەوەی یەکجار دژوارە.

بۆچوونی ماتریالیستەکان سەبارەت بە ئایین، کە گوایا دیاردەیەکە لە تەنیایی و ترس لە دەوروبەر و دیاردە ترسناکەکانی سرووشتەوە سەری هەڵداوە و زۆر لە ڕاستییەوە نزیک نییە و لەناو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەدا، پێویستە ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدان و گشتگیری ئەم دیاردەیە، فیترەت و ڕۆح و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە تەبایی ڕەچاو بگیردرێت.

بەهەرحاڵ چۆنییەتی پێشکەوتن و پوختەبوونی ئایین و خۆنمایی ئەو فیترەتە و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە تەبایی، بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی بەدوی هەست بە بوونی هێزێکی نەناسراو بکات لە هەر شتێکدا، هەر ئەمەش دەبووە هۆی دوورکەوتنەوە لەو شتانە.

چۆنکە وایاندەزانی ئەگەر بێتوو ئەو شتانە لەمس کەن، تووشی بەڵا و گرفت دەبن. واتە ئەو هێز و تواناییەکە لەشتەکاندا بەدی دەکرا، دەبووە هۆی دوورکەوتنەوە لەو شتانە کە زانایانی کۆمەڵناس ئەم دیاردەیان بە "تابۆ" ناوزەند کردووە.

بەپێی ئەم بۆچوونە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە دەبوونە سەرۆك و ڕێبەرییش، خاوەن هێزێکی لەم جۆرە بوون و هەر بەم بۆنەوە وەك تابۆ هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرا.

هەر تابۆیەك خاوەن هێزێکی نادیار و ڕەمزییە، کە پێی دەگوترێ "مانا". ئەم هێزە نادیارە بە دوو جۆرە دابەشکراوە:

یەکەم: شتە ناپاك و خەبیسەکان. دووهەم: شتە پاك و پیرۆزەکان. کە دواتر لە چەرخە سەرەتاییەکاندا دوو دیاردەی حەڵاڵ و حەرامیان لیدەکەویتەوە.

"تۆتمیزم" یش بەشێك بووە لە باوەڕی ئایینی مرۆڤ کە تائێستاش لە ناو کۆمەڵگادا شوێن پێی دیارە و ئەوەش بریتییە لە بە پیرۆزدانانی هەندێك لە درەخت و گیا و گیاندارەکان.

هەروەها فیتیشیزم یان "شت پەرەستی"یش یەکێك بووە لە بۆچوونە ئایینیەکانی مرۆڤی کۆن. بەپێی ئەم بۆچوونە هەندێك لە شتەکان هەڵگر و خاوەنی هێزی سیحراوی بوون، لەوانە: شاخی بزنەکێوی و لەم جۆرە شتانە جێگەی ئاماژەن.

تا ئێستاش ئەم باوەڕە هەر بوونی هەیە و بەرچاو دەکەوێ، وەك "خاچ" و هەندێك پەیکەری تر لە لای مەسیحییەکان کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ بە "فیتیش". یان "ئانیمیزم" کە ئەویش یەکێك بووە لە تەسەوراتی مێشکی مرۆڤی سەرەتایی. بەپێی ئەم بۆچوونە، دنیا پڕە لەم بوونەوەرە خیاڵییانە. ئانیمیزم لە وشەی "ئانیما" وەرگیراوە کە بە مانای ڕۆح و ڕەوانە. ئانیمیزم پێمان دەڵێت کە هەر شتێك، لە بەرد و دار و شتەکانی ترەوە بگرە، خاوەن ڕۆحێکی نادیارن. هەر بەپێی ئەم بۆچوونە هەندێك لە مرۆڤەکان ئەو توانایییەیان هەیە کە تەداخولی دنیای ڕۆحی بکەن و ڕۆحێك تایبەت لە جەستەی کەسێك دەرکەن و "ڕۆحی ناپاك" و ڕۆحێکی تر لە جیگای دابنین. بەم پێشەکییە کورتەوە سەرنجی کوردستان دەدەین.

ناوچەی زاگرۆس بەهۆی پێشینەی مێژوویی دانیشتووە ڕەسەنەکانی و کۆچی پەیتاپەیتای هۆز و خێڵە کۆچبەرەکان بەرەو ناوچەکە، هەر لە کۆنەوە شوێنێك بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی بیروباوەڕی ئایینی جۆراوجۆر و کاریگەری ئەو ئایینانە لە سەر یەکتر بووە.

هەروەها دەرکەوتووە کە دانیشتوانی ڕەسەن و کۆنی ناوچەی زاگرۆس، پێش لە هاتنی کۆچبەرە ئارییەکان، هێز و دیاردە سروشتییەکانیان بەلاوە پیرۆز بووە و "ئاو و ئاگر و با"یان پەرستش کردووە. بۆ نموونە "میتانی"یەکان باوەڕیان بە خوای "هوور" بووە و ئەم خوادا گەورەیان بە شێوەی هەتاوی باڵدار وێنە کردووە. ئایینی "هووری" یەکێك لە گرینگترین ئایینەکانی سەردەمی خۆی بووە و لەم ئایینەدا باوەڕ بە ژیانی دوای مەرگ ڕەچاو کراوە.

لە شارۆچکەی "سەحنە"ش کە نزیك شاری کرماشانە، شوێنێك بەناوی "گۆڕی شیرین و فەرهاد" دۆزراوەتەوە کە پێدەچێت لە سەردەمی مادەکاندا بینا کرا بیت. لە سەر دەرگای شوێنەکە وێنەی "هەتاوی باڵدار" ڕەسم کراوە. کە ئەم وێنەیە دەتوانێت هیمایەك بێت بو پەیوەندی ئایینی هوورییەکان و دانیشتوانی باشووری کوردستانی لە ئێران دا.

ئایینی میترا یان مێهر، پێش لە سەرهەلدانی زەردەشت لەناو ئارییەکاندا وەك هێزێکی مەعنەوی ڕۆڵی هەبووە، بەتایبەت لە ناو خەڵکی ئاساییدا زۆر خۆشەویست بووە. بەڵام دوای دەرکەوتنی زەردەشت پلە و پایەی میترا تاڕادەیەکی بەرچاو دابەزی و زەردەشت میترای تا ئاستی یەکێك لە خوداکان و فریشتەکانی ئایینەکەی خۆی، نزم کردەوە."2" یەك لە کوێیە و ئەم "2" چییە؟

هۆمباخ لە سەر ئەو بڕوایە کە زەدەشت باوەڕ بە ئاهورای لە پێشینیانی خۆیەوە وەرگرتووە و وێدەچێ گۆڕانکاری تێدا کرد بێت، یان بۆ یەکەم جار هەر ئەو ناوی ئاهورامەزدای داهێنابێ بە ئاهورە کاتی تری کردبێت بە سیفاتی ئەو."3" مێهر وەك یەکێك لەو ئاهورایانە، کە لە "ڕێگ و دا" و گاتاکاندا وەك خوای پەیمان و ڕاستی و تیشك و ڕووناکی ناساندراوە و لەگەڵ دوو خوای گرینگی ئەو سەردەمەدا بە ناوەکانی "ئیندرا" و "وارونا" ناوی هێنراوە،"1" دواتر واتە بۆ جارێکی تر و بە شێوەیەکی تر لە ڕۆژی 25 دیسامبری 272 پێش زاییندا، لە خوا ژنی "ناهید" دەکەوێتەوە و ئایینی مێهر سەرهەڵدەداتەوە و لە

ڕێگای ڕۆژئاوای ئێرانەوە، واتە کوردستان دەگاتە ئاسیای بچووك و لەوێوە دەگاتە سەرانسەری ئەورووپا و دەبێتە ئایینی فەرمی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی. لە کتێبی "ڕیگ ودا" دا بەم شێوە باسی میترا کراوە:
هەر کات میترا دێتە قسە، خەڵکان هان دەدات بۆ ئیشکردن. میترا زەوین و ئاسمانی ڕاگرتووە.
میترا بە چاوی کراوەوە دەڕوانێتە خەڵك... میترا خاوەن شکۆیەکی جیهانییە، ئەو لە ئاسمان و زەوین گەورەترە. هەر پێنج ڕەگەز "گشت ئارییەکان" ڕوو دەکەنە میترا و ئەو پڕهێزە بۆ یارمەتیدانیان. چۆنکە ئەو سەروەری گشت خواکانە. میترا ڕەزاقی خواکان و خەڵك و ئەو کەسانەیە کە بۆ بەڕێوە بردنی یاسای پیرۆز "گیای پیرۆز" ئامادە دەکەن."2"
لە کتێبی "ئاوێستا"یشدا میترا خاوەن هەزار گوێچکە و دە هەزار چاو و بەخشەندەی لە وەرگەی پان و بەرین و خوای جەنگ و پیاوی جەنگاوەر بەخشەندەی پلەو پایەی پاشایەتییە و بەم جۆرە سیفاتانە وەسف کراوە. لە ئایینی مێهردا دوو هێزی سەرەکی لە شەڕ و پێکدادانی بەردەوامدان. ئەو دوو هێزە برییتین لە ئاهورامەزدا و ئەهریمەن.
لە هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا، هاتن و نیشتەجێ بوونی هۆزە کۆچەرە هێندوئەورووپییەکان، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئایین و زمانی دانیشتوانی زاگرۆسدا پێکدەهێنێت. کە پەیدابوون و پەرەسەندنی باوەڕ بە خوا ئارییەکانی "وارونا"، "ئیندرا" و "میترا" لە ناو نەتەوەکانی زاگرۆس، نیشانەیەکە لەو گۆڕانکارییە. زۆری پێناچێ کە "میترا" دەبێتە گرینگترین و گەورەترین خوای ئەو سەردەمە و "میترائیسم" دەبێتە ئایینی فەرمی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و تا ئەورووپاش پەرەدەستێنێ، ئایینی میرائیسم بەتایبەتی لە ناو لەشکەریەکان و هێزە شەرکەرەکاندا بڵاودەبێتەوە و گەشەدەکا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی ئەم ئایینە کە لە سەر بنەرەتی "مێرخاسی" و "یاسا" و "لەخۆبردوویی" دانرا بوو. ئەم سیفاتە لە کەلامەکانی ئەهلی حەقدا بە وشەی "ڕدا" ڕەنگی داوتەوە و لەم هزرەدا یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانە. سوڵتان سەهاك دەفەرمووێ:

یاری چوار چێوەن باوەڕی وجا        ڕاسی و پاکی و نیسی و ڕدا

نموونەیەکی تر لە لێکچوویی یان ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی میترایی لە ئایینی "یاری"دا، "ڕاستگۆیی" و پێداگرییە لە سەر "پەیمان"، کە لەم ئایینەدا زۆر گرینگە، لەم بارەوە سوڵتان سەهاك دەفەرمووێ:

چە قەول یەکتر نەکرانی ڕەم        دائیم زکر حەق بووە نیشان نەدەم

یان "عابدین" لە بەندی "262" دیوانەکەیدا دەفەرمووێ:

ڕاستی و پاکی و نیستی و ڕدا        بکەنە ئارمـــان لە بـەردا

میترا هەم لە "ودا"ی "برەهمەنەکان"یشدا، خوداوەندی پەیمان و ڕاستی و تیشك و ڕووناکییە، لە "ئەوێستا"دا، ئەم خوداوەندە لە "ودا"دا دژ بە درۆ و درۆزنی و پەیمان شکێنەکان دەوەستێ. هەروەها باباناوس لە بەندی "41"ی دیوانەکەیدا دەفەرموێ:

1- بڕوانە سەرئەنجام، دوعای برادەری.

هام ئیقرار قەوڵ یوێش بۆ هەوادار                    برا وە قەوڵ برا مۆ ڕەسگار

ڕێزی "پەیمان" لە ئایینی یاریدا کە لە دوعای "برادەری" لە سەرئەنجامدا هاتووە، لێکچوونێکی تەواوی هەیە لەگەڵ قەوڵ و پەیمانێکا کە لە ئەوێستادا لە نێوان دوو نەفەردا دەبەسترێ و زۆر ڕێزی لێدەگیرێ، چونکە پەیمانشکێنی تاوانێکی گەورە بووە و پاداشگەلیکی شەرعی بۆ دانراوە. لە هزری یاریدا هەر یارسانییەك دەبێ خوشك و برایەکی "یاری" هەبێت، یانی دەبێ لەگەڵ پیاوێك و ژنێکی هاوئاییندا پەیمانی برایەتی و خوشکایەتی پێکبێنێت، ئەم پەیمانەش بە سیریمونیایێکی تایبەت پێکدێت تا برایەتیی و یاریی و یاوەریی و خۆشەویستی بەشێوەیەکی بازنەیی تەواوی یارسان پێکەوە گرێ بدات.

ڕای برائیمان پا حەیا و شەرمە                    یەك بێدار کەردێ چەی سەنگین وەرمە

یاران برایی بێسەر دێ وە ئیقرار                    کەمەر بەستەی دین ئەزەڵی تەیار

کۆمەڵەی پەیڕەوانی "میترا" لە "مێهرابە"کاندا یەکسان بوون، پەیڕەوانی "یاری"یش لە "جەم"دا بەهەمان شێوە یەکسانی برایەتی و لەبەرکردنی جلی یەکسان و یەکجۆر و هەروەها لەکاتی خواردنی "چێشت و نانی پیرۆز"دا کە پێکدەهات لە گۆشت و خوێنی گا، "پیر" و "مورشید" شان بە شانی پەیڕەوکەرانی ئاسایی، دادەنیشن.

خواردنی گۆشت و خوێنی گا، هێمایەك بوو بۆ "یەکبوویی" لەگەڵ ئەو گیانداره پیرۆزەدا. لە دونیای کون و نیو ئارییەکان و بڕێك لە قەومە ڕەسەنە ئارییاییەکان، گا ئاژەڵمیکی پیرۆز بووە کە خواردنی گوشت و هەرجورە بەهرەگرتن لەو تابو بووە. ئەم بوچوونە لای هیندووەکان بەتەواوی پاریزراوە و ئیرانییەکان ئێستا ئەو تابویەیان شکاندووە و تەنیا لە ئایین زەردەشتیدا قوربانی و خواردنی گوشتی گا کارێکی ناشیرینە "مەکرووهە".

گا لە کونەوە بەرچاوترین سەمبولی جینسی "نیرینە" لە سروشتدا بووە. ئەمە بە واتای هیزو توانای سیکسی و وزەی فحل دیت. وزەی سیکسی گا لە میتولوژیدا پیوەندی لەگەڵ هەتاو و خوداوەندەکان و ئاسمان بوو و لە دوایین سەرچاوەدا گاو خودا وەك یەك لە قەڵەم دەدران.

پەرەستنی گای نێر، رەسمێکی گشتی بووە لە "میسر" و رۆژهەڵاتی ناوین و رۆژهەڵاتی زەریای سپی و هیندوستان و هیلین و رۆم و لەدوای بەشێك لە "ئەروپا"ش "گا" وەك خودا پەرستش دەکەن.

پەرستنی گا لەلایەن زۆرێك لە قەومەکانەوە، پیوەندی لەگەڵ ئوستورەی دایك ـ خودا پەیدا دەکرا.

---

1- ودا: کتێبی پیرۆزی هیندۆکانە.

2- برەهمەن: پیاوی ئاینی هیندۆ.

3- بڕوانە: دانشنامە ایران باستان، ص: 1994.

4- بڕوانە: دانشنامە ایران باستان، ص: 1998.

5- بڕوانە سەرئەنجام، دوعای برای یاری.

6- بڕوانە دانشنامە ایران باستان، ص: 2054.

لە میتولۆژیای ئیسکاندیناویا کە لیکچوونیکی زۆری بـە میتولۆژیـای ئێرانییـەوە هەیـە جیلـی سـەرەتایی مرۆڤایەتی "گای سەرەتایی" بووە کە ئەم تابلویە لە ئاییینی یارسـانیشدا بـە ڕۆشـنی دەبینرێـت. "ئـەو جیگایە کە گا با حورمەتێکی زۆرەوە قوربانی دەکرێ و لەسەر سفرە دادەنریت. "جیگـای ئاماژەیـە کـە گاو بزنە کیوی دوای هەڵبژاردنیان بو قوربانی کـردن، دەبنـە تـووتم و هەڵبـژاردنیان بـو قوربـانی کـردن، نیشانەیە کە لە بایەخی ئەو دوو ئاژەڵە لە لای یارسانەکان. قوربانیکردنی "گا" وەك گیانـدارێکی پـیرۆز، یەکێکی ترە لە خاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو ئایینە.

پێویستە بگوترێ کە لەو کاتەوە بزنە کێوی و گا، کە بۆ قوربانی کردن دەست نیشـان دەکـرێن، دەبنـە تۆتەم، چونکە لەو ساتەدا توانای قوربانیبوونیان تێدا دەردەکەوێت. لەم بارەیەوە پادشا دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| بـــەقەرەن بەقەر، بـــەقەرەن بەقـــەر | گـــاو بنیامین ، بـــەقـــەرەن بەقەر |
| بنیامین گاوش، ماهو خوەرەن ماهو خوەر | نیشانە دارۆ، ئـــــــەو نەفەرق سەر[1] |

هەر لەو دەورەی کەلامییەدا پیربنیامین دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| زاتش نە کەڵەن ، زاتش نە کـەڵەن | گـــــــاوم وایرەن ، زاتش نە کەڵەن |
| زاتش ئەحمەدەن، نازش چەوەڵەن | هەنەش نیشانە، شاخش پەل پەڵەن |

ئەڵبەت "تۆتم"[2] لە ئاییینی یاری دا تەنیا "گا" نییە، بـەڵکوو بزنـەکێوی و بـەران و کەڵـەبابیش پـیرۆزن، واتە بۆ قوربانیی و سەربڕین، هەر کامێك لەو گیاندارانە دەستکەون، بە کاردەهێنرێن و لە ئاییینی "میترا" یشـدا هــەرکات "گـا" دەسـنەکەوتبایە، "نـان و شــەراب"یـان بـە کاردەهێنـا. لـە ئـاییینی "مـەزدا پەرەستی"یشدا خـواردنی نـانی پـیرۆز کـە "دراونـە Draona"ی پێـدەگوترا و شـەرابی "هئومـە" بـاو بووە[3]. داوود دەفەرمۆێ:

| | |
|---|---|
| گاو بەیۆ وە وار، گاو بـــەیۆ وە وار | چـــە سەر و سرِی، گاو بـــەیۆ وە وار |
| ئەز وە فیدات بام، شیرین کـەماندار | کـــوشتەی ئا گاوە، ئامـان وە تۆمار |
| وە گۆشت کەڵەزەرد گرتنمان ئیقرار | مایەی مێردانەن، سرِەن چە کۆی یار |

لێکچوویی ئەم دوو ئایینە هەر بەمانە کۆتایی نایەت، بۆ نموونە یەکسان بوون و لێکچوویی لـە دایکبـوون یان دەرکەوتنی "میترا" و سەران و پیرەکانی یارسان، زۆر سەرنج ڕاکێشە. میترا لە کچ یان خـوا ژنێکـی شوونەکردوو "باکرە"پەیدا دەبێ[4].

ئەم چیرۆکە پیرۆزە "بوون لە کچێکی شوونەکردوو– باکرە" لە ئاییینی یارسانیشدا هەیە و دەتوانین بڵێین زۆربەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەم ئایینە بەم شـێوەیە دەرکـەوتوون. وەکـو سـك پڕبـوونی "مامـا

---

1– بڕوانە: سەرئەنجام، کەماکەنان، بەندی 33.

2– ئاژەڵ یا هەر گیاندارێك کە بە پیرۆز ناسرابێ (خوا – ئاژەڵ).

3– دانشنامە ایران باستان، ص: 2054.

4– ئەم چیرۆکە دێرینە پیرۆزە، دواتر دەبێتە یەکێك لە سومبولە سەرەکییەکانی دینی عیسا، (میترا) بوو بە (عیسا) و (ناهید) کرا بە (مریەمی پیرۆز).

جەلاله" به پارچەیەك لە تیشكی هەتاو، كە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لە دایكبوون "دەركەوتنی" شاخۆشین[1]، یان بەپێی چیرۆكێكی كۆن "میتر" لە كوێستانێكی شاخاویدا له تاشه بەردێك دەردەكەوێ "له دایك دەبێ"[2]، كە ئەمجۆره لە دایكبوونە شێوەی لە دایكبوونی "شائیبراهیم" وەبیر دێنێتەوه[3].
وێڕای ئەمانه، لێكچوون لە نێوان دوو ئایینی یاریی و میترایيدا، پله و پایه ڕۆحانییەكانیش دەگرێتەوە: لە ئایینی میترائیسم دا حەوت پلەی ئایینی بۆ پەیڕەوان دانراوه كە هەر پەیڕەوكەرێك بە پێی توانای دەروونیی و ئاستی باوەڕ و چالاكییه ئایینیەكانی وەری دەگرێ و پاشان دەتوانێ بۆ پلەیەكی تر بەرزببێتەوه. ئەم حەوت پله و پایه لە ئایینی یاریشدا بە شێوەیەكی ڕێكوپێك ڕەنگی داوەتەوه. ژمارەی "حەوت" له ئایینی یاری دا ڕۆڵێكی گرینگ و هەره بەرچاوی هەیە، "حەوت" لە سەردەمی سوڵتان سەهاكدا بنەمای ڕێكخستنی كۆمەڵگای یارسان و دانانی پله و پایەكانی ئایینی بووه، وەك: هەفتەن "حەوت تەن"، هەفتەوانه، حەوت بێژەر، حەوت ژەنیار و هیتر[4]. ئەڵبەت نابێ لە بیربكرێ كە پیرۆزبوونی ژمارەی حەوت و دابەشكردنی پله ئایینیەكان لە سەر حەوت، هەم لە ئایینی میترايیدا و هەم لە ئایینی یارساندا ڕەمز و سەمبوله و بەشێكی هەره گرینگی "نهێنیەكانی" ئەم دوو ئایینەیە، كە هیچ كەس بۆی نەبووه ئەم سڕ و سەمبولانه بدركێنێ. دواینترین و بەرزترین پلەی ئایینی، واتە حەوتەمین پلەی میترایی، پلەی "پتەر، پدەر، باوك" بووه كە بە پلەی "هەڵۆ" ناسراوه، ئەم پلەیە لە ئایینی یاریدا بە توانایی ڕەها "موتڵەق" و نیشانەی مەزنی "حەقیقەت" ناسراوه، كە هێماكەی "شاباز" بووه و بە بەردەوامی لە كتێبی "سەرئەنجام"دا ئاماژەی پێكراوه. هەڵۆ یان شاباز ئاماژەیە بە حەزرەتی حەق و نیهایەتی كەماڵ. قەڵەم دەفەرموێ:

نییەت پەی كامین، حاسڵا ئەرجۆ      وەشیاوه زێڵم، شابازمان مەیۆ

لەم بارەیەوه "كاكارەدا" له بەندی "159"ی كەلامی دەورەی شاخۆشیندا دەفەرموێ:

وه شەقەی شاباڵ، شاباز سفید      بروز كردش زات، نەدانەی ئومید

هەروەها له كەلامی دەورەی "دامیاری"دا هاتووه كە پیربنیامین "دامیاره" و لە هەر سەردەمێكدا "داو" دەنێتەوه بۆ گرفتاركردنی "شاباز"، یانی بۆ دەركەوتنی حەزرەتی حەق هەوڵدەدا[5]. "ئەحمەد" له بەندی حەوتی كەلامی دامیار دامیاردا دەفەرموێ:

دامش بێ زووال، دامش بێ زووال      دامیار بنیامین، دامـــش بێ زووال
نینا تـــەنەنش ، نه وەرەو شاباڵ      شابازیش گرتەن، خواجای یار كەماڵ

---

1- بڕوانه دەورەی شاخۆشین.

2- بەم بۆنەیەوه لە گوزارشه لاتینییەكاندا میترا بە (بەردزا) ناوبراوه. بڕوانه: ئایین مهر، میترائیسم، ص:200.

3- بڕوانه: لە دایكبوونی (شائیبراهیم).

4- ژمارەی حەوت لە (تەسەوف)یشدا پیرۆزه و بنەمای سەركەوتن و گەشەكردنه، وەك: حەوت پلەی عیرفانی لای فیرقەی جەلالیه و خاكساریه و... بڕوانه: بەشی یارسان، دوای پردیوەر.

5- بڕوانه: سەرئەنجام، دامیار دامیار.

ئەم باڵندە لە "ڕیگ ودا"یش ڕێزی لێگیراوە. لە "ماندالای چوارم سرورودی 26"دا هاتووە کە ئەم سەروەری گشت باڵندەکانە: ئەی "مروت"ـەکانی ئەم هەڵۆیە گەورەیە سەروەری گشت باڵندە ڕاوچییەکانە. چونکە ئەم باڵندەیە بە بێ ئەوەی هیچ گوێچکەیەك گوێی لە دەنگی بێت، گشت ئەو شتانەی پێشکەش بە خوا دەکرێن، دەبا بۆ "مانۆ". هەر وەها هەڵۆ لە ئەوێستادا بە "سەئن" ناوی لێبراوە کە ئەم وشە لەگەڵ وشەی "شەی ن" لە زمانی سەنکریتدا یەك مانایان هەیە و دەتوانین بڵێین ئەمە هەر ئەو وشەیە کە لە زمانی کوردی "لەکی"دا بووەتە "ساین".

یەکێکی تر لە بنەما هاوبەش و لێکچووەکانی ئایینی میترایی و ئایینی یاری، ڕێزگرتن و پیرۆزکردنی "هەتاو"ە. هەتاو لە ئایینی میتراییدا سەمبوڵ و هێمای "میترا"یە، لە هزری یارسانیشدا هەتاو مەنزڵگای حەزرەتی "حەق"ـە. بنیامین لە کەلامی دەورەی ساجناری، بەندی "16"دا دەفەرموێ:

ئەز وە شونە پای، پیر چەمداری — مەلۆم پەی جۆیای، شای خاوەندکاری

وێم فرِدا، چە تۆی ئا ساجناری — دیم کە شا نیشتەن، نە دلێ ناری

بە فەرموودەی سەرئەنجام و بەپێی هزری یاری، خۆر یان هەر گۆیەکی تر کە بەهۆی پاکییەوە لە هەتاو پرِتینتر بێت، بە هوەیەکی زۆرتری لە توانایی لە بن نەهاتوو "خوداوەند" هەیە. هەر بەم هۆیەوە بەلامەکان ناوی لێدەبرێ. چونکە جگە لە خوداوەند هیچ شتێکی تر ناگرێتە خۆی. لەم بارەوە کەلامی سەرئەنجام دەفەرموێ:

ستارەی مەزیۆ نە جامەی خورشید — پیشانی حەیدەر و جای شەوق و ئومید

هەروەها بەهۆی ئەوە کە شائیبراهیم و بابا یادگار یان "عەقیق" و "یەقین" نوێنەرایەتی عیرفانی و جێگری حەزرەتی "حەق" دەکەن، هەتاو لە زاتی ئەوان پێکهاتووە. لە واقیعدا هەتاو بابا یادگار و تین و تیشکەکەی شائیبراهیمە. نیعمەت "شائیبراهیم" لەم بارەوە دەفەرموێ:

زرِینەگیسا،... — ناوس، ئەحمەدەن زرِینە گیسا[1]

ئەز چەنێش شانام پرشنگ وە لیسا — لیسمان چا وەرەن نوور و تەمیسا

هەروەها شێخ زەمانی مرکەیی، هەر لەو دەورەیەدا دەفەرموێ:

ئافتاو ئەحمەدن شەهیدە و جانی — هام لیفش نعمەت شیر یەزدانی[2]

هەروەها دەگوترێ "سەید براکە" کە یەکێك لە پەیرِەوکەرانی مەزنی سولتان سەهاك بووە لە سەدەی سێزدەهەمدا، هەموو بەیانیەك دەچووە شوێنێکی بەرزایی و چاوەڕوانی دەرکەوتنی هەتاوی دەکرد، کە هەتاو دەردەکەوت کرنوشی بۆ دەبرد.

خۆر لە "ودا"کاندا "سووریا" لە ئەوێستادا "هەورێخشتە" لە زمانی پەهلەویدا "خورشت" و لە گاتاکاندا بە "هور" ناوبراوە. هەروەها لە ئەوێستادا قاوخ یا جەستەی ئەهوورامەزدا بە خۆر شوبهێنراوە. بەڵام لە

---

1- کەلامی دەورەی بابا ناوس بەندی 24.

2- بروانە بەندی 31.

شوێنێکی تردا "ئەوێستا" خۆری بە چاوی ئەهوورامەزدا پێناسە کردووە. جیا لە مانە خۆر لە گشت ئایینەکاندا وەك سەرچاوەی پاکی باسکراوە و شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە.

دەروێش شا فەتحولاّی گۆرانیش هەموو ڕۆژێ سەر لە بەیانی و دەمەو ئێواران دەچووە سەر کێوێکی بەرزی دەربەندی "سەحنە" و چاوی دەبڕیە هەتاو و عیبادەتی دەکرد. هەتاو لە "وەداها"، "سووریا"، لە "ئەویستا"، "هورخشت"، لە "پەهلەوی"، "خورشت" و لە "گات"ەکاندا وەك "هور" هاتووە، کە لە ئەویستادا جەستەی "ئەهوورا مەزدا" وەك "خورەتاو" رەسم کراوە و یان لە جیگاگەلێکتردا وەك چاوی ئەهوورامەزدا پێناسە کراوە. "هەتاو" وەك سەمبولی پاکی لە هەموو ئایینەکاندا جیگای تایبەتی خۆی هەیە. لە ئیسلامیشدا وەك سەمبولی پاکی پێناسە کراوە و ناوی یەکێك لە سوورەکانی قورئانی پیرۆزە. وەسیلەی "ئوشس"، نووریژان بە سەمبولی تیشکی هەتاو لەگەڵ ئیزەدبامیا کە لە فەرهەنگی یارسانی-دا، جیلوەیە کە لە شائیبراهیم، مزگینی هەڵهاتن و سەرهەڵدان بە جیهان دەدات.

ئەم باسە لە "ریگ وەدا" بە شێوازی خواروو هاتووە:

بە بەختەوەرییەوە هەڵ بێ ئەی شا ژنی رۆشنایی، بە سەروەت و سامان سەر هەڵ بدە ئەی بەخشندەی فراوانی... ئەو کەسەی کە کاتێك نزیك بووە هەموو ئەندیشەکان بولای خۆ رادەکێشی، وەك ئەوانەی لەبان لافاو، لەرووی گەورەیی دەگەرین... "ئوسش" وەك دایکیکی میهرەبان دیت و وردبینانە چاودیری بەسەر هەموو شتێکدا دەکات.

ژیان بەخەوەر دەکاتەوە و هەموو خولقیندراوی پادار هەڵدەخرینیت و هەموو باڵندەکان دەفرینیت... بۆ دیداری ئەو، هەموو خولقیندراوەکان سەردادەنەوینن... ئەو سەروەرە خولقینەری هەموو رۆشناییەکانە... و ئەم جۆرە رێزلینانە لە هەتاو بەهۆی پاکی و سەرچاوەی ژیان بوونی، هەڵەیەکی دەروونی لەنیو زۆربە پسپۆران دروست کردووە کە یارسانی بە "هەتاو پشت" بشوبهینن.

بو نموونە نووسەری "مەدرەسەی ئاینییەکان" "دبستان مژاهب" دەڵێت: رای ئەوان ئەوەیە کە چونکە علی الله جەستەی بەهەشت بە هەتاو پەیوەست بوو ئیستا هەتاوە. لەسەرەتاشدا هەتاو چەند رۆژێك بە جەستەی بنەمایی پەیوەست بوو و لەم رووە دەڵێن کە هەتاو بە ئەمری ئەو گەراوە لەبەر ئەوەی کە ئەو خودی "شمس" "هەتاو"ە. بۆیە بە هەتاو دەڵێن "علی الله" و بە گەردوونی چوارەم "دلول" و ئەمانە بیگومان "هەتاوپەرستن"...

ئەو بووچوونە بە تەواوی هەڵەیە. هەتاو لە وینینی یارسانیدا تەنیا سەمبولی وزەو پاکییە کە بە نیسبەت خولقیندراوەکانیتر، هەڵگری جیلوەیەکی زۆرترە لە حەقیقەت. ئەم بابەتە بە روانینیکیتر لەم باسەدا بەواتا "فرایزدی" دەکەینەوە کە لە کەلامی یارسانیدا ئاماژەی پێکراوە. شاخوسێن دەفەرموی:

ئەی دیرهداران دیرەت کەرە عەرز/دۆست دیرەداران دیرەت کەرە عەرز

تەنگ بۆزەت بكێش مەترسەو مەلەرز/خورەم، دیرەدار، سەر ئاوەر وە بەرز/شكار عاشقان نمەبۆ سەر ەەرز[1]

"فر" بە مانای تیشك و رۆشناییە كە لەزمانی پەهلوی بە شێوازی "خورە" و زمانی "ئاویستایی" بە "خوەر" بە واتای درەوشان و شكو هاتووە. وشەی "هوەر" لە ئاویستایی و كوردیدا بە مانای "خور" یا "خورشید" "هەتاو" هاتووە. "فر رۆشناییەكی ئیزەدییە كە بە هەركەس ببەخشریت شایستەی سەروەری و گەورەیی دەبێت. بو نموونە بەپیی "فەقەرەی"35 لە "كردەی"6 "زامیادیشت"، "فەررە" دوای جیابوونەوە از جەمشید دەگاتە ئیزەدمیهر. هەروەها لە "یەشت" گەلی "ئاویستا"دا هاتووە:

"ستایش ئەكەین شكوی كیانی بەهێز مەزدا، ئافریندراوی یەكجار درەوشان، چالاك، پاریزكار و كارامە كە سەرووی هەموو خولقیندراوەكانە".

لە وینینی یارسانیدا، ئەم "فەررە" لەسەرشانی زۆربەی گەورە پیاواندا دانیشتووە و زۆر كەسان هەبوون كە لەم جیگەدا پایەی بەرزیان بووە. ئەتوانین بلێین یەكێك لە فاكتەرە بنەماییەكانی این روانگەیە ـ مرۆڤ خودایی ـ یە. بو نموونە لەدوای چەرخی یەكەمی "پردیوەر"، یەكەم كەسێك كە دەبێتە ساحیبی "فەرر"ی ئیزەدی "شائیبراهیمە" كە لە خورەتاو یانی ها "بابایادگار" تیشك وەردەگریت و هەروەها خودی بابایادگاریش ساحیبی ئەم "فەررە"یە...

"فەرر" پێش هەڵهاتن و دوای دابەزین لەپشت كیفە بەرزەكان كە سەمبولی هیزو توانایە دەبینریت و ئەمە ئەبێتە هۆی دروست بوونی پیوەندی نێوان كیف و خورەتاو كە چ لە "یارسانی" و چ لە "زەردەشتی"دا بە چاویكی پیرۆز سەیر دەكریَ.

هەبوونی روانگەی یارسانی لە ناوچەگەلی هەورامان بە هەورازونشیوەكانییەوە "شاهۆ و دالاهوو و یافتە كووە و..." هەموو نیشانەی پیرۆز بوونی ناوچەگەلی ساحیب هێزو توانا لەلایەن ئاییني یارسانە. هەر ئەم جورە روانینە ئەبێتە هۆی ئەوەی كە نەخشی "فەرر"ە لەسەر كیف و بەرزاییەكان رەسم بكرێت.

پیوەندی نێوان خورەتاو و هەبوونی جووتی بال كە لە زۆربەی ئاسەوارگەلی میژوویی وەك سەردەروازەی "مەهرابەی" شیرین و فەرهاد دەبینریت نیشانەی رێزگرتن هەرە زۆری هەلۆ و هەتاو لە ئاسمانە. هەبوونی لێكچوونی نێوان هەتاو و هەلۆ لە دەورانگەلی كون لای خەڵك بووتە هۆی ئەوەی كە ئەم دووانە لەیەك بزانن. لە لایەكەوە هەتاو لە كاتی هەڵهاتن و دابەزین بە بال یا هەمان "فرر" "تیشك، پرشنگ، لسیك، تەیف" خۆ دەنوینی و لە لایەكیترەوە هەلۆش وەك بەرزەفرترین باڵندە، نزیكترین خولقیندراوە بە هەتاو. نەخشی هەتاو و هەلۆ، دوای ماوەیەك یەك دەگری و هەتاوێك بە دووباڵ دەخولقیندریت كە هەردووی ئەمانە لە وینینی یارسانیدا سەمبولی "حەق"ن. بەم شێوە كە هەتاو پایەی حەقیقەت و هەلۆش سەمبولی خودی حەقیقەتە كە لە كەلامی یارسانی وەك "شاهباز" پێناسە دەكرێت.

---

1- سرانجام دورۀ شاه خوشین بند98 ، همچنین بند 97 از همین دوره

به هەرحاڵ، ئەم لێکچوونانە و دۆزینەوەی دەیان شوێن و ئاسەواری میترایی لە کوردستاندا ئـەوەمان بـۆ دەسەلمێنێ کە کوردەکان تا سەدەی شەشەمی پێش زایین، لە ئایینی میترا پەیڕەوییان کـردووە، بـەڵام دوای دەرکەوتنی زەردەشت، نەتەوە ئارییەکان دەچنە سەر ئایینی زەردەشـتی و دەسـت لـە میترائیسـم هەڵـدەگرن. سـەبارەت بـە کوردەکـانیش دەتـوانم بڵـێم، دۆزینـەوەی چـەندین شـوێنی "ئاتەشـگا" لـە کوردستاندا، ڕوونی دەکەنەوە کە کوردیش چوونەتە سەر ئەو ئایینە و ئەوانیش بوون بە زەردەشتی. بـۆ نموونە ئاتەشگاکانی: ئازەر گوشنەسپ، پاوە، ڕیجاب و حەلوان، هەرسین، فروغ لە شاری سەقز، قەسری شیرین و هتد شایانی ئاماژەن [1].

هەروا کە ئاماژەم پێکردوە لێکچوویی ئایینی زەردەشت و هـزری یـاری زۆرن، لێـرەدا چـەند خـاڵێکی تـر دەخەینە بەر دیدی خوێنەران.

وەك لێکچوویی و بگرە یەکبوونی "میت"ـەکان و حیکایەتـەکان و شـوێنەکان و دابونەریتـەکانی هـەردوو ئایین. بەتایبەت ئەوانەی کە هەم لە ئێستادا و هەم لە نامەی سەرئەنجامدا بە وردی باسیان کراوە.

هەروا کە لە ناساندنی کەسـایەتییەکانی یارسـاندا، لـە فەرهەنگەکـەدا، ئامـاژەم پێکـردوە، هـەر یـەك لـە حەوتــەن "هەفتــەن" یــەکێك لــە "ئمشاســپەندان"ن و پیربنیــامین لــە پردیــوەر زەردەشــتە و داوود "بەهمەن"ـە و پیرمووسا "ئۆردیبەهشـت"ــە و مسـتەفا "شـەهریوەر"ــە و ڕەمزبـار "سـپەندارمەز"ــە. بابایادگـار "ئـەمورداد"ە و شـائیبراهیم "خـورداد"ە. لـە واقیعـدا دەتـوانین بڵـێین گشـت کەسـایەتییە سـەرەکییەکانی یارسـان "هەفتـەن و هەفتوانـە و حـەفتا و دوپـیرو..." لەگـەڵ خوداوەنـدانی ئـایینی زەردەشتی دا هاوتا و بگرە یەکن کە بەپێی فەلسەفەی "دۆنادۆن" بـە مەبەسـتی چـۆڵنەبوونی دونیـا لـە هێزی تەباهی و ڕێنوێن لە هەر سەردەمێکدا دەردەکەون. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە خوداوەندای ڕاگر و بەڕێوەبەری کائینات ئاماژە بکەین. لەوانە خوداوەندی "ئاپم نپات" کە خوای ئاوە و لە ئەوێسـتادا بـە نازناوی "بۆرزخوا" یان "بەرزانت" ناوی لێبراوە و ئەم خوداوەندە لە سەردەمی پردیوەردا بە ناوی "پیر ئەحمـەدی گەنجـەیی" یـەوە کـە یـەکێك لـە "حـەفتا و دوو پـیر"ەکـەی ئـایینی یارسـان، دەرکـەوتووە. پیرئەحمەد بۆ ناساندنی ئەرکی خۆی و هۆی دەرکەوتنی لە سەرئەنجامدا دەفەرموێ:

هەر وە ڕەحمەتت مەولای گردین داو زەریان وە دەستم جاری بین ئاو

خوداوەندی "گووشروون" کە ئەرکی پاراستنی ئاژەڵی پێسپێردراوە، لەسەرئەنجامدا "پیر عەبدولعەزیزی بەسرەیی"یە کە ئەویش یەکێکە لە حەفتاو دوو پیر. ئەم پیرە سەبارەت بە ئەرکی خۆی دەفەرموێ:

هەم وە ئەمر تۆ شای سڕ پنهان دریان وە دەستم ئەعلیم حەیوان

---

1– ئەڵبەت ڕەنگە دانیشتوانی باکووری کوردستان بەهۆی کۆچنشینی و جەنگاوەرییانەوە هەر لە سەر ئایینی میترایی پیدا گریان کردبیت، بەڵام دانیشتوانی باشووری کوردستان (ناوچەی هەورامان و کرماشان) دوای دەرکەوتنی زەردەشت چوونەتە سەر ئایینی زەردەشتی، چونکە ئایینی زەردەشتی ئایینی یەکجێنشینی بوو و دانیشتوانی ئەم ناوچەش یەکجێنشین بوون.

خواژنی "ئشتاد" که ڕێنوێنی بەهەشتییەکان و کائیناتی پێسپێردراوە و ناوەکەی بە مانای ڕاستی و ڕێك و پێکی لێکدەدرێتەوە و لە ڕێزی سی فریشتەی سی ڕۆژەی مانگ دایە، لە سەرئەنجامدا بە ناوی "پیر ناسری بەختیاری" یەوە ناوی لێبراوە کە ڕێنوێن و جولێنەری عەرەبانەی مانگە. بۆ خۆی دەفەرموێ:

هەم وە ڕەحم تۆ پاشای سڕ دانگ          دریان وە دەستم جلەو کیشی مانگ

خوداوەندی "زامیاد" کە ئەرکی خاوەندارێتی و پاراستنی. "زەوین"ی پێسپێردراوە ڕۆژی 27ی مانگی بە ناوەوەیە، واتە ئەو ڕۆژەی کە پیرۆزە بۆ سەفەرکردن و چاندنی درخت و هەر چالاکییەك، لە سەرئەنجامدا بە ناوی "پیر قابلی سەمەرقەندی" ناوی لێبراوە و لە سەردەمی پردیوەردا یەکێکە لە حەفتا و دووپیر. دەفەرموێ:

هەم وەی ڕەحمەتت ئازیز بیٚ باك          دریان وە دەستم مایە وە روی خاك

خوداوەندی "ڕام" کە لە ئەوێستادا بە "ڕامە" یان "ڕامن" و لە زمانی پەهلەویدا بە "ڕامش" ناوی لێبراوە و پاسەوانی ڕۆژی بیست و یەکەمی مانگ و بەخشینی لە وەڕگا و خواردنی خۆشی پێسپێردراوە، لە سەردەمی پردیوەردا بە ناوی "پیر کەماڵی مامولایی" ناوی براوە وە سەبارەت بە ئەرکی خۆی لە سەرئەنجام دا دەفەرموێ:

هەم وە ڕەحمەتت خواجای سەرئەنجام          دریان وە دەستم لززەت تەعام.

خوداوەندی "ڕەش" یان "ڕەشتو" کە ئەرکی بەخشینی سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕی پێسپێردراوە، لە سەردەمی پردیوەر و لە سەرئەنجامدا ناوی "پیرئیبراهیمی جاف"ە.

خواژنی "چیستا" کە خوداوەند زانست و مەعریفەتە لە سەردەمی پردیوەردا ناوی "پیر ئیبراهیمی تەبریزی"یە.

خواژنی "دین" یان "دئنا" کە ئەرکی بە تواناکردنی ویژدانی مرۆڤەکانی بۆ بەردەوامی لە سەر ڕێبازی ئەهورایی پێسپێردراوە لە سەردەمی پردیوەردا بە ناوی "پیر ئەحمەدی دورستانی" ناوی لێبراوە.خوداوەندی "دیوە" کە خوداوەندی "با"یە لە سەردەمی پردیوەردا "پیرڕوکنەدین"ە.هەروەها گشت خوداوەندەکان لە سەردەمی پردیوەردا هەلیان بۆ ڕەخساوە و مەجالی ئەوەیان پێدراوە کە بۆ جارێکی تر دەرکەون و ئەرك و پەیمانی خۆیان ببنە سەر. ئەڵبەت پێویستە بگوترێ کە لەم سەردەمەدا ئەرك و پەیمانی خوداوەندەکان ڕوونترە و بە وردی جیاکاری تێدا کراوە و هەر خوداوەندێك تەنیا خاوەندارێتی بەشێك لە ئەرکەکان دەکات. بۆ نموونە "پیر ئیبراهیمی جاف" لە سەردەمی پردیوەردا تەنیا خاوەندارێتی لەو چەکانە دەکات کە لە میدانی شەڕ و پێکداداندا بەکاردەبرێن. بەڵام خاوەندارێتی و سەرپەرەشتی کردنی مەیدانی شەڕەکە، خوداوەندێکی تری هەیە و ئەو ئەرکە بەیەکێکی تر سپێردراوە کە ناوی "پیر موحەممەدی شارەزووری"یە. بەپێی هزری یاری و ئەو نیزامە ڕێکوپێکەی کە لە سەردەمی پردیوەردا دارێژراوە، بەڕێوەبردن و ڕێکوپێك کردن و پاسەوانی لە هەر ڕووداو و دیاردەیەك بە خوداوەندێك سپێردراوە وە هیچ شتێك بێ پاسەوان و بەڕێوەبەر نەماوە. وەك خوداوەندی ڕوخساری

جـوان، خوداوەنـدی بـەزەیی مرۆڤــ، خوداوەنـدی گرانــی، خوداوەنـدی هــەرزانی، خوداوەنـدی بـوێری، خوداوەندی لە خـەو هەڵسـان، خوداوەنـدی خـەو، خوداوەنـدی بـۆنی خـۆش لـە بەهاراندا، خوداوەنـدی پاسەوانی درەخت، خوداوەندی خەزان و گەڵارێزان و...

هزری یارسانی بە پشت بەستن بەو تێگەیشتنە قووڵ و بەرفراوانەی کە لە زەمـەن "زروان" هەیـەتی، بـە چاوێکی پڕ بایەخ و کەرامەتەوە ڕوانیویەتیە گشت کەسایەتییە پیرۆزەکـانی پـێش خـۆی. تاڕادەیـەك کـە دەتوانین بڵێین هەموو کەسایەتییە پیرۆزەکانی "ڕیگ و دا" و "ئەوێستا" هەر بەو شان و شەوکەتەوە کە پێیان بەخشراوە، لە هزری یاریدا، دەرکەوتوون و ڕێزیان لێگیراوە. کە ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرینگـەکانی لێکچـوویی فەرهـەنگی یارسـان و زەردەشـتی. بـەڵام بـەهۆی لـە بەردەسـتانەبوونی دەقـە زروانییەکان، ناچارین بۆ ڕوونکردنەوەی لێکچوویی هزری یاری و "زروان"یەکان پشت ببەستین بەو دەقە زەردەشتییانەی کە باسی زروان "خوداوەندی زەمەن"یان کـردووە. پـێش لـە هـەموو شـتێك ئامـاژە بـە وتەیــەکی "بابــانجووم" دەکــەین کــە یەکێکــە لــە یــارانی "بــەهلوول" و لــە کــەلامی ســەرئەنجامدا نووسراوەتەوە. بە وتەی سەرئەنجام، بابا نجووم "پیر مووسا"ی میوان بووە. بابانجووم لـەم چـوارینەدا خۆی وەك "زروان" لە ڕابردوودا دەناسێنێت:

زروان بیانی، زروان بیانی　　　نــە دەورەی وەرین زروان بیانی
ئەهری و ورمز یاران دیانی　　　کالای خاس یار ئــەو دەم شیانی

لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم چوارینەیە، دەمانباتەوە بۆ چیرۆکێك کە "زروانیسم" بەم شێوە باسی دەکات:

زروان پاش هـەزار سـاڵ قوربـانی کـردن و سپاسـگزاری و پاڕانـەوە، خوازیـاری منـداڵێك دەبـێ بـە نـاوی "ئەهورامەزدا"، بەڵام دەربارەی وە دیهاتنی ئارزووەکەی، تووشی گومان دەبـێ و هـەر ئەمـەش دەبێتـە هۆی ئەوە کە دوو منداڵ لە دەروونیدا پێك بێت. لەو دوو منداڵە "ئەورمزد" بەرهەمی قوربانی کردنـەکان و سپاسـگوزارییەکانییەتی و "ئەهریمـەن"یـش بەرهــەمی گومانەکەیـەتی. دوای ئـەوە زروان پــەیمان دەبەستێت کە پاسایەتی ڕەوین بدات بەو منداڵەی کە زووتر دێتە دونیا. ئەهریمەن ئاگاداری پەیمانەکەی زروان دەبێـت و سـینگی دایکـی "زروان" هەڵـدەدڕێ و دێتـە دەرەوە. بـەڵام بـەهۆی بـۆنی نـاخوش و گەنیەوە، زروان پاشایەتی ئەو قبوڵ ناکات. ئەهریمەن پەیمانەکەی وەبیر دەهێنێتەوە و زروان بـە ناچـار پاشایەتی دونیای بۆ ماوەی 9 هەزار ساڵ پێدەبەخشێ و دوای 9 هـەزار سـاڵ بـۆ هـەتایی دەیـدات بـە ئەهورامەزدا.

زروان لە ئەوێستادا وەك خوداوەندی "زەمان" ناسێنراوە. لـە دەقـی "زادسـپرم، بەشـی یەکـەم، بەنـدی 24"دا وەك یەکێك لە خەڵقکراوەکانی ئەهورامەزدا باسی لیکراوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بوونی "دوئالیسم" "سنویت" وە دیاردەگەلێکی وەك "خێر و شەڕ" کە بە ناوی شەیتان و خودوەندانی چاکە و خراپە باسی کراوە و هەردووکیان بە خولقێنراوی یەك سەرچاوە لە قەڵەم

دان و هەروەها زاڵبوونی زەمان بە مانای دیاردەیەکی کۆن و سەرهەڵدانی بیروباوەڕی بە "جەبر" و ناچاری مرۆڤ، هەروەتر باوەڕ بە تەقەدومی "شەڕ" کە دەبێتە هۆی ڕەشبینی هەندێك لەو بیروباوەڕانە کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ زروانیسم بە بۆچوونی زوربەی لێکوڵەرانی ئەم بوارە، سەرهەڵدانی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ پێش لە دەرکەوتنی زەردەشت و پەیوەندی لەگەڵ "میترائیسم"دا هەیە. بەڵام دواتر، واتە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا گەشەی کردووە و وەك ئایینێکی بەهێزی ئەو سەردەمە ڕۆڵی بینیوە و دواتریش کاریگەری هەبووە لە سەر زۆربەی ئاین و ئایینزاکانی پاش خۆی "چەرخ چی" یان "هەڵسووڕێنەری چەرخی زەمان" لە هزری یاریدا "داوود"ە. هەر ئەویش بەرپرسی گشت ئەو ڕووداو و دیارەدانەیە کە لە ڕۆژی ئەزەلەوە بەپێی نەزمێکی داڕێژراو دەست نیشان کراون و دەبێ ڕووبدەن. ئەم نەزمە لە سەر بنەمای باوەڕ بە کاریگەری "12 برج"، کە هەرکامێکیان خوداوەندێکی تایبەتیان هەیە "بڕوانە کەلامی گواهی حەفتاودوپیر" و ئەو حەوت هەسارەیەی کە بەسەرهاتی مرۆڤیان لە دەست دایە و داهاتوویان بۆ دادەرێژی بنیات نراوە.

کە واتە باوەڕ بە "جەبر"لە ناو یارساندا بە مانای "جەبرگرایی" نییە، بەڵکوو بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ بە نەزم و حیسابێکی تایبەت کە خۆی لە خوێدا وەڵامدانەوەیە بۆ گشت ئەو پرسیارانەی کە هیچ وەڵامێکیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. وەك ئەم پرسیارە کە بۆ دەبێ من وەك کەسێکی هەژار خاوەن جەنگەلێکی بۆماوەیی تایبەت لە بنەماڵەیەکی تایبەت لە کەش و هەوایەك و شوێنێکی تایبەت دا لە دایك ببم؟ وڵام بەم جۆرەیە کە بە پێی فەلسەفەی دۆنادۆن گشت ئەو تایبەتمەندییانە لەسەر بنەمای توانایی و تایبەتمەندی ڕۆحی تۆ داڕێژراون.

بە وتەی حافز:

من اگر خارم و گر گل چمن ئارایی هست          کز ئن دست که او می کشدم می رویم.

کە واتە مرۆڤ لە هزری یارسانیدا دەرئەنجامی کرداری ڕابردوویەتی و ناچارە تاوانی لادانەکانی پێشتری "دۆنی پێشتر"ی خۆی بدات. زەمەن پێکهاتەیەکی تایبەتە کە لە سێ فاکتەری ڕابردوو، هەنووکە و داهاتوو پێکهاتووە. بەڵام لە ڕواڵەتدا لێك جیان و هەرکامە و سەربەخۆن. لە ڕاستی دا ئەم سێ فاکتەرە وەك حەڵقەی زەنجیر پێکەوە بەستراون و لە ئەنجامدا دەبنە هۆی پێکهاتنی "بوونی" زەمەن.

کە واتە زەمان بوونێکی گشتییە کە "سات"ـەکان پێکیان هێناوە. وردبوونەوە لە فەلسەفەی زەمان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هیچ دابڕانێك لە زەمان دا نییە و یەك بوونی و یەك بوویی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زەمان. کەواتە ئێمە دەتوانین هاوکات هەم لە هەنووکەدا بین و هەم لە ڕابردوودا.

بە واتەیەکی تر دەتوانین بڵێین بوونی ڕابردوو بەهۆی بەردەوامی هەنووکەوەیە و هەنووکەش بەشێوەیەکی نادیار لە داهاتوودا نوقم دەبێت و ونبوونی هەنووکە داهاتوویان بۆ دەخولقێنێ و ڕابردوومان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە.

مرۆڤ به درێـژایی تەمـەنی خـۆی تێدەکۆشـێ بـۆ گەیشـتن بـه ئـاخیرەت و ڕابـردووی خـۆی. ڕابـردوو لای یارسانییەکان بریتییه لەو زەمانەی که شوێنی هەنووکەی بۆ دەستنیشان کردووە. کەواته هەنووکەی ئەو به پێی باوەڕ به دۆنادۆن دەرئەنجامی کرداری ئەوه له "کراس"ـەکانی ڕابردوویدا.

فەیلەسۆفی گەورەی ئاڵمانی، هیگل لەم بارەوە دەڵێت: بنەماو بنچینەی من له ڕابردوو دایه و ئەمه یاسای ژیانه. هەروەها به بۆچوونی دیکارت هەنووکەی ئێمه دەیسەلمێنێ که له ڕابردوویشدا بووین.

"حەدیس"ێك دەفەرموێ: هەر کەس ئیمامی سەردەمی خۆی نەناسێت، لەوپەڕی نەزانیدا دەمرێ. ئاماژه به ئیمامی زەمـان لـەم حەدیسـەدا بـه مانـای پـەردەلادان لـه سـەر حەقیقـەت و ڕاسـتییه و گەیشـتن بـه چاوکراوەیی و تێگەیشتن له حەقیقەته، که له ئـایینی زەردەشـتیدا "سووشـیانت"ـه و لای بووزییـەکان "کریشنا" و له ئایینی مەسیحیەتدا "مەسیح"ـه و لای ئیسـلامەکان "مەهـدی"یـه و لای یارسـانییەکان "زاتی تەواوکەری حەقیقەت"ـه کـه پـێش لـه دەرکـەوتنی "ئـەیوت حەشـار" مزگـانی سـەرهەلدانی بـلاو دەکاتەوە. بەپێی بۆچوونی باو، ئیمامی زەمان له کاتی ڕاسان "قیامەت"دا دەردەکەوێ. بـەڵام لای ئـەو کەسه پایەبەرزانەی که توانایی لێکدانەوە و شیکرنەوەیان هەیه و له مەعریفەتدا گەیشتوونەته ئاسـتێکی بڵند، کائینات هیچکات له وجوودی ئیمامی زەمان بێ بەهرە نییه و له هەر سەردەمێکدا هێزی تەباهی بۆ پاراستنی ژیان له سەرزەوین بوونیان هەیه.

له کتێبی "داتستانی دینیك"دا وانووسراوه که: زەوین له دەسپێکی خیلقەتەوە تانۆژەنکردنەوەی دونیا، قەت بێ مرۆڤ نەماوەتەوە و نامێنێتەوە و ئەهریمەن که هیچ چاکەیەکی تێدا بەدی ناکرێ، لەم ئاگادارییه بێبەشه.[1] بەگشتی دەتوانین بڵێین: پێناسەی ئیمامی زەمان لەم حەدیسەدا به مانای تیشك خستنه سـەر پەیوەندی "بوون" و زەمانه.

پێناسەی زەمان لای کەسێکی پایەبەرز جیاوازه له گەڵ پێناسەی ئەم دیاردەیه لەلای کەسـانی ئاسـایی. هەروەها لای فریشتەکان که بۆ خۆیان هەڵسوورینەری زەمـانی "داوود"، ڕابـردوو، هەنووکـه و داهـاتوو، شتێك نییه که به سەریا زاڵ نەبن. هەر بەم هۆیەوە که ئاگاداری چۆنییەتی دەرکەوتنه زاتییەکانی خۆیان له سەر ئەم زەوینه خاکییەن و بەڕوونی شەرحی دەکەن "بڕوانه گەواهییه زاتییەکانی سـەرئەنجام" هـەر بـەم بۆنـەوە توانـایی بڕیـاردان لـه سـەر داهاتوویـان هەیـه و دەتـوانن پێشـوێژی بکـەن. هـەروەها ئـەو تواناییەشیان هەیـه کـه کەسـانێك، کـه بووچـوونی یەکسـانیان هـەبووە. بـەڵام لـه سـەردەمی جیاجیـادا دەرکەوتوون، له یەك زەمەنی تایبەتدا، واته له یەك "دەورەی زاتی"دا کۆبکەنەوە، وەك ئەوەی گشتیان هی یەك زەمان بن. "بڕوانه: یارسان و سایر نحلەهای حرفیه".

ئەو "میت"انەی له ئەوێستادا ناویان براوەو له شانامەی "فیردۆسی"دا به وردی باسیان کراوە، بەشێکی هەره گرینگن له فەرهەنگی ئێران و هەر بەم بۆنەوە له هزری یارساندا بایەخی زۆریان پێدراوە. له ڕاستی دا کەسێکی یاراسانی پێش خوێندنەوەی کەلامەکانی سەرئەنجام، لاینکەم پێویسـته یـەك جـار شـانامەی

[1] – طلـوع و غروب زرتشتی گری، ص 261

خوێندبێتەوە. گرینگی شانامە وایکردوە کە کوردەکان وەریگێڕنەوە بۆ سەر زمانی کوردی هەورامی و بەپێی خواستی خۆیان چند چیرۆکێکی بخەنە سەر. یەکێك لەو کەسایەتییە کوردانەی کە پێشتر دەستی داوتە وەرگێڕانی شانامە "مەلا ئالْماس خانی کەندۆلەیی" بووە. ئەم وەرگێڕانە دواتر لە لایەن بەڕێز "هەردەوێڵ کاکەیی" لە ئێراق و "ئیرەج بەهرامی" لە ئێران ساخکراوەتەوە و لەچاپ دراوە. لە یەکێك لە ڕیش سپییەکانی کەرکووکم بیست کە دەیگوت "پیروەیسی سیابیم" بە تەلەبەکانی دەگوت: پێش لە خوێندنەوەی کەلامی سەرئەنجام، شانامە بخوێننەوە. بەهەرحاڵ لێکچوویی و نزیکی "میت"ـەکانی ئەوێستا و هەروەها شانامە لەگەڵ کەلامی سەرئەنجامدا ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەم لێکچوونە بە مانای پەیڕەوی سەرئەنجام لەم کتێبانە نییە. بەڵکوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە "میت" بەشێکە لە مێژوو و هەڵگری بیروباوەڕ و هزری مرۆڤەکانن بۆ پێناسەی خۆیان.

دەتوانین بڵێین هەر چیرۆکێکی "میت" باسی بناخە و بنیاتی شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و باسی بەردەوامبوونی هەمان شت دەکات. میت لە ڕووی پێکهاتنەوە، بەتایبەت ئەو میتانەی باسی بنیاتی دیاردەکان دەکەن، لەگەڵ ئەو میتانەی چۆنیەتی ئافراندنی گەردوونمان بۆ دەگێڕنەوە، لێکچوونییەکی تەواو دەبینرێت،[1] میت لای یۆنانییەکان بە چیرۆکێکی پیرۆز دەهاتە ئەژمار و پێیان وابوو چیرۆکی میت حەقیقەتێکی مێژووییە.

لێکۆڵەری ئیتالی "پتازۆنی" سەبارەت بە میتۆلۆژی دەنووسێت: میت ئەفسانە نییە، بەڵکوو مێژووە، مێژوویەکی ڕاستەقینە نەك درۆ. گێڕانەوەی میت خۆی لە خۆیا "ئایین"ـە و هەمان ئەرك و ئامانجی ئایین بە جێ دەهێنێت، بانی پاسەوانی لەبەردەوامی ژیان و گەشەکردنی. هۆی ڕەنگدانەوەی میتەکان لە دەقەکانی یارسانیشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تایبەتمەندییەی میتەکان. کە ئەمەش نابێ وەك باوەڕ بە بوونەوەرە خەیاڵییەکان و خورافات لێکبدرێتەوە. چۆنکە چیرۆکی "میت" گێڕانەوەی "حەقیقەت"ـە. لەحاڵێکدا کە خورافات لادانە لە حەقیقەت.

کەواتە بایەخی "میت" لەگێڕانەوەی بەردەوام و ڕەنگدانەوەیان لە ئایینەکاندا دەردەکەوێ. لەڕاستیدا ئەرکی هەرەگرینگی میتەکان وە بیرهێنانەوەی ئەو ڕوودانەیە کە لەدەستپێکی عالەمدا ڕوویانداوە و هەر ئەمەش یاریدەری مرۆڤی سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەت و چۆنییەتی شتەکان. کەواتە میت ئەوە دەسەلمێنێت کە دیاردەیەکی پایەدار و بەردەوام لە عالەمدا بوونی هەیە و ئەو دیاردەیە پیرۆز و ڕۆحانییە.[2] بۆ نموونە چیرۆکی "میتی" خیلقەت کە دەتوانین بڵێین لە گشت ئایینەکاندا بە یەك شێوە باسی کراوە و لە بەشی "ئەزەل پێش لە خیلقەت"ی ئەم کتێبەدا دەبینین، یانی بوونی "مەشیە و مەشیانە" کە کتێبی "بوندە هش" باسی کردوون. لە سەر ئەنجامدا "دەورەی عابدین، بەندی 263" بەم شێوە ڕەنگی داوەتەوە. عابدین دەفەرموێ:

[1] – بڕوانە: چشم اندازهای ا سطو ر ه ، میرچا الیادە، ص: 31

[2] – چشم اندازهای ا سطو ر ه ، ص: 144

زەوی و ئاسمان سرووشتی کرد چەتی کەو تی دروشتی کرد
ئەوسا مەشیە وە خاك خەلقان دارو بەرشی بـــو لەقـــــان
مـــاشیوی داهێنا لــــە دەنـی مەشیە بەر خوشی با پکینی

چیرۆکە "میت"ـەکانی تایبەت بـە "خواپاڵەوانـەکان" یـان زات میوانـان، کـە لـە فەرهەنگەکـەدا باسـیان کراوە، وەك "سیاوەش" کە لە پردیوەر "عالیقەلەندەر"ە و لە کەربەلا "حسەین"ـە. ئەڵبەت نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دوای سەرهەلدانی ئیسلام، ئایین و دونیای مرۆڤی ئێرانی گۆڕانکاری بـە سـەرداهات، بـەڵام زۆر لە بیر و بۆچوونە کۆنەکان لە ناخیدا مانەوە و سەرلەنوێ سەریان هەڵدایـەوە کـە چـیرۆکی شـەهیدبوونی سیاوەش یەکێك لەو باوەڕانـە بـوو.[1] چـیرۆکی قارەمانانـەی "عاشـوورا" و رویشـتنی ئیمـام حسـەین بـۆ کەربـەلا و شـەهیدبوونی، یەکێکـە لـە ڕووداوە گرینگانـەی مێـژووی مرۆڤایەتییـە کـە لـە هـزری یارسـاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە. چۆنکە ئیمام حسەین لە هزری یارساندا "بابایادگار"ە. یانێ ئـەو کەسـەی کـە نوێنەرایـەتی عیرفـانی و کـەماڵی دیـاری کائینـاتی لەلایـەن حـەزرەتی "حـەق"ەوە پـێ بەخشـراوە. شەهیدبوون بەشێکە لە چارەنووسی ئەم ڕۆحە "فریشتە"یە. کەواتە هەر کـات دەرکـەوێ دەبـێ شـەهید بکرێت و ببێتە قوربانی.

کوژرانی "هابیل" بە دەستی "قابیل"، سیاوەش و ماتەمنەکـەی "یـەحیا" و سـەربڕاوەکەی لـە تەشـتی ئاڵتوونیـدا، شـەهیدبوونی حوسـەین لـە کەربـەلا هـەروەها "عالیقەلەنـدەر" و زۆر کەسـانی تـر، بـە شەهیدبوونی خۆیان نەمامی حەقیان ئاویاری کردووە و بوونەتە هۆی گەشەکردنی هزرەکانیـان "بڕوانـە: فەرهەنگ، بابا یادگار" عالیقەلەندەر دەفەرموێ: ئــــەو تەشــــت تــــەڵا، ئــــەو تــــــەشت تــــەلا عالییەنان عالی ئـــەو تەشت تەلا:

س دونم چییەن ئەو تـــەشت تەلا ئەوەل سیاوەخش دویمین یەحیا
سویمین حوسەین پوور شەهەنشا کـەردەن نەخجیرم ڕەئس مـونیرا

بە وتـەی نووسـەری "مێژووی بوخارا" دانیشـتوانی ئـەو شـارە، لـە سـەرەتای سـاڵی نوێدا بـۆ سـیاوەش "کەڵەشێر"یان قوربانی دەکرد. کەڵەشـێر باڵندەیەکـە کـە بـۆ "خـۆر" دەکرێتـە قوربـانی و لـە ئێـران و ئاسیای ناوەڕاستدا لەلایەکەوە پەیوەندی بە "خورشیدنیایش"ـەوە هەیە و لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بە ئـاییني مێهـرەوە هەیـە.[2] هەنووکـە ئـەم قوربانییـە لـە نـاو یارسـانەکاندا بـۆ سـیاوەش "بابایادگـار و عالیقەلەندەر" دەکرێت و یەکێکە لە پێداویستییە ئایینییـەکان. هـەروەها "خـۆر" لـە هـزری یاریـدا بابـا یادگارە "بڕوانە کەلامی دەورەی بابا ناوس، بەندی 23". هەروەها "پیربنیامین" ڕۆستەمە و ئەرکی ئەو تێکۆشان و تەحەموڵی موسیبەت و دەردە و ئیشە لە پێناو ڕێبازی حەقدا. کـە ئـەو موسـیبەت و دەرد و

[1] – بڕوانە: سوگ سیاوش، شاهرخ مسكوب، ص 81
[2] – بڕوانە: شناخت اساتیر ایران، جان راسل هینلز، ص: 330

ئیشانە بە باشترین شێوە لـە کـاتی بەرەنگاربوونەوەیـدا لەگـەڵ "دێـو"ەکـان بـە ئاشـکرایی دەبینرێـت. "پیرسەفەر" لە کەلامی دەورەی بارگە بارگە، بەندی 43 دا دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| ئەو کوی ئەمەنگان،... | بارگەی شام لوا، ئەوکوی سەمەنگان |
| وە فەرمان شام خواجای یەکرەنگان | جام یەکـــرەنگی نوشا روو چـەنگان |
| چەنی تەهمینە بانـــوی چـەلەنگان | ڕوستەم نــە یورت بنیامین ســەنگان |

ئەڵبەت پێش لە ڕۆستەم، بنیامین مەزهەری "قوباد" بووە و دواتـر لـە جەسـتەی "کایکاوسـی کیـانی"دا دەرکەوتووە. پێویستە بگـوترێ بـە پێـی ئـەو ئـەرك و چـالاکییانەی کـە بـۆ هـەر ڕۆحێـك "فریشـتە"ێك دەستنیشان کراوە، ئەمانە لە هەر دەورەیێکدا دەرکەون هەمان ئـەرك و چـالاکییە دەستنیشـان کراوانـەی خۆیان بە جێ دەهێنن و هەمان بەسەرهاتیان دەبێ کە لە دەورەکـانی تـردا بوویانـە. وەك ئـەو عـەزاب و ئەشکەنجەی کە عیسا "بنیامین" تەحەموڵی کرد.

لە جێژنی "سپی"دا ئەویان بە کەمتر لە "باراباس" زانـی و لـە باراباس خـۆش بـوون و ئازادیـان کـرد و عیسایان دایە بەر قەمچی و تاجی دڕکیان لە سەر سەری دانـا و ناردیـان بـۆ "جولجـەتا" و دوای ئـەوەی دەست و پێیان بە بزمار داکوتا، لە خاچیاندا[1] هەر بەو شێوە پیربنیامین لە بەرزەنجـە ئـاوارەبوو تـا بـۆ گەیشتن بە مەعریفـەت و ناسـینی خوداوەنـد بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ لای حـەوت کـەس لـە گـەورەکانی ناوچەکە، حەوتەمین کەس بۆ ماوەی حەوتساڵی تر خزمەت دەکات تا ڕەمـزی ئـاوارەیی و سـەرگردانی خۆی بدۆزێتەوە و هەروەها کێشەی کۆڵ کردنی قالێچەی دەسەڵات کە دەبێتە هۆی کوژرانی. یان بـڕینی هـەر دوو قاچـی لەلایـەن دوژمنانیـەوە و شـیوەنی سـوڵتان سـەهاك لـە نـاو بێشـەدا بـۆ ئـەو، "بڕوانـە: سـەرئەنجام، دەورەی بەرزەنجـە" هـەر وەتـو "فەرەیـدوون" کـوڕی "ئـاپتین" کـە لـە ئەوێسـتادا بـە "تراتئون" ناوی لێبراوە و بەهاوکاری کـاوەی ئاسـنگەر "داوود" دەکاتـە پاشـایەتی و تۆڵـەی بـاوکی لـە زەحاك دەکاتەوە. فەرەیدوون لە هزری یارساندا "شائیبراهیم"ـە و هەروەها کە پێشتر باسی کرا، ژیان و بەسەرهاتیان وەك یەك وایە. فەرەیدوون لە منداڵیدا بە شیری مانگایـەك گـەورە دەبێـت و دواتـر سـواری هەمان مانگا دەبێت و هەر بەم بۆنـەوە پێیـدەگوترێ "مانگادایـە". شـائیبراهیم دوای لـە دایکبـوونی بـە شیری مەڕێك بەخێودەکرێت و بە "بوزەسـوار" ناوبـانگ دەردەکـات. لەیەکچـوون و یـەکبوونی میتـەکان ئەوێستا و کەسایەتیە پیرۆزەکانی هزری یاری زۆرن کە لـە فەرهـەنگی یارسـاندا باسـم کـردووە و لێـرەدا سەرنجتان بۆ وتەیەکی پیرمەلوان "یەکێك لە حەفتاودوپیر" ڕادەکێشم کە دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| نە ئەو کوی جەمشید،... | بارگەی شام وەستەن نە ئەوکوی جەمشید |
| وێش بی مەنوچهر چا وەڕەو ئەومید | جەمشید زەردەبام بێ چا ماواو وەر زید |
| چوار تەن هەفتەنان شونشان پڕ زید | قـــوباد بنیام وەزیـــــر و شـــــاهید |
| داوود بێ کاوە ئوستاد وە حـــــەدید | فـــــەریدون ڕوچیار دەفتەرش تـــەمجید |

[1] – ئنجیلی مێتا، بابی 27 ئایانی 20 و 46

شیدە موستەفا روخسارش چـوین شید          رەمــزبار زەڕین گول دایــەی ئیرەج وید
ئیرەج زەردەبام وە تیغ بێ شـەهید          سـەلەم و تور سپاش وینەی وەلـگ بید

جیا لە "میت"ـەکان، کە بە کورتی ئاماژەمان پێکرد، داب ونـەریت و بیروبـاوەڕی هاوبەشـیش لـە نێـوان ئایینی زەردەشتی و یارسانیدا زۆرە کە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەوانە.

یەکێك لە نەریتە کۆنەکانی زەردەشتی بایەخدان بە "هەنار"ە. کە لەو ئایینەدا یەکێکە لە میوە بەهەشتی و ڕۆحانییەکان و بەکارهێنانی لە جێژن و بۆنە ئایینەکاندا بەتایبەت لە سیریمونیای زەماوەندا باو بـووە[1] لـە نـاو یارسانیشـدا بـە هـەمان شـێوە بـەکاردەبرێت. جیـا لـەوەش، هـەنار سـەمبول و مەزهـەری "بابـا یادگار"ە.

چۆنکە "داداساری" دایکی ئەو زاتە پیرۆزە بە خواردنی دەنکێـك هـەنار دووگیـان دەبـێ و بابـا یادگـاری دەبێت،. هەنار،نەتەنیا لە وینینی یارسانی، سەمبولی باروەرییە بەڵکوو هەر لە دەورانگەلی کونەوە نێوان قومەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیك و هیندوستان و وڵاتانی دیکـە وەکـوو سـەمبولی فراوانـی و باروەری پێناسە کراوە.

هەنار نیشانەی خودایانی هیلین دمتراسـرس، پرسـفونە و هـرا رجونـو بووگـە و پێدچـیّ سـەمبولی وزەی سیکسی و هۆی زگپربوون بێت. لەم رووەوە، ئەوە لەگەڵ خودایانی باروەری پەیوەست دەزانن.

پێش ئەوەی پرسفونە سەفەرەکەی خوی بۆ وڵاتی هادس "جیهانی خواروو" دەست پێ بکـات، دەنکێـك هەناریان پیدا کە بووە هۆی گەرانەوەی او بە جیهانی خواروو و قۆناغی داهاتووی مـەرگ و لـە دایکبـوون واتا مردن و ژیان.

هەنار هەروەها سەمبولی گەرانەوە و هەتا هەتاییـە لای خـاچ پەرسـتەکان و بۆیـە لـە وینـە پیرۆزەکانـدا، هەمیشە هەنارێك بەدەست عیسا لە منداڵییەوە دەبینین.

هەروەها "ئاگر" لە هەردوو ئایینەکەدا بە دیاردەیەکی پیرۆز لە قەڵەم دەدرێت و لە ئایینی یاریدا، ئـاگر مەزهــەری "مســتەفا داوودان" یــەکێك لــە چــوار یــارە ســەرەکییەکەی ســوڵتان ســەهاکە. لــە ئــایینی "زەردەشتی"شدا هەرکات باسی ئاگر دەکەن وەك کوڕی ئەهورامەزدا ناوی دەبەن. لە "ڕیگ و دا"جا بەم شێوە باسی ئاگر "ئاگنی" کراوە: ئاگنی "ئاگر" بە دار و چیلکەی خەڵك هەڵدەستێت تا لەگەڵ سپیدەی بەیانیدا دیدار بکات. گڕی ئـاگر وەك لـەق و پـۆی درەختـەکان کـە ڕوویـان لـە ئاسمانـە، بـەرەو ئاسمـان دەکشێن.

ئاگنی وەك ڕۆحانییەکی پسپۆڕ، لە باوەش دایکی خوێدا کە شـوێنێکی بـۆن خۆشـە، دانیشـتووە... ئـەو هێزی گایەکی هەزار شاخی شتێك زۆرترە. "بڕوانـە: مانـدالای پێنجـەم ـ سـروودی یەکـەم" هـەروەها لـە سروودی شانزدەهەمدا بەم شێوە باسی ئاگنی کراوە:

---

[1] – بڕوانە: دانشنامە مزدیسنا، جهانگیر اورشیدی

هێزێکی یەکجار زۆر لە تیشکی ڕووناکیدا بوونی هەیە، ستایشی ئاگنی بکەن، ستایشی ئـەو خوداوەنـدە، ئـەو خوداوەنـدەی کـە لـە ڕیـزی "مـیترا"دا دایـدەنێن "بڕوانـە: ڕیـگ و دا، ستایشـی ئـاگنی" لـە نـاو کوردەکاندا، ڕێزگرتن لە ئاگر لە سـەرەتای سـاڵی نوێـدا، لـە یەکـەم ڕۆژی نـەورۆزدا دەکەوێتـە بەرچـاو. نەورۆز وەك نەریتێکی پیرۆز لەلایەن کوردەکانەوە بایەخی پێدراوە، ئاگر، لای یارسانییەکان، لـە کـوردە ئیسلامەکانیش بایەخێکی زۆرتـری پێـدراوە و وێـڕای هەڵگیرسـاندنی لـە سـەر مـەزارەکان، وەك چـرا لـە "جەمخانە"کاندا هەڵیدەگیرسێنن و لە دەوری کۆدەبنەوە. چرا پەیوەندی بە "میر ئەحمەد"ەوە هەیە:

یار دیدەکانی میرئەحمەد پیرەن ساحب چراغە بەون بڕ دینەن

هـەروەها درووسـتکردنی "برسـم" لـە چـێوی هـەنار و بەسـتن "کوسـتی" بـە پشـت مناڵەکانـەوە، لـە سیریمونیای داخل بوونی بە کۆمی زەردەشتییەکان، کە ئەو کوستییە دەبێ حەفتا و دوو گرێـی هـەبێت، ئاماژەیەکـە بـۆ "حـەفتا و دوو پـیر"ی یارسـانییەکان و پشـتوێن بەسـتنیان لـە جەمخانـەدا و لـە کـاتی پێکهێنانی "جەم"دا.

قوربانی کردنی "گا" هەم لای میترائییەکان و هەم لای یارسانییەکان باوە و لە ئاییني زەردەشتیدا دەبێ بۆ سەرکەوتنی "تیشتەر" بـە سـەر دێـوی وشکەسـاڵیدا قوربـانی بکرێـت. لـە یارسـانییەکان، ئاژەڵـدار و کشتکار دەبێ هەموو سـاڵێك لـە وەرزی بـەهاردا، بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ شـیری ئاژەڵـەکانیان بـە شـێوەی خوارەوە قوربانی و پێشکەش بکەن:

سەرەتا شیرەکە دەکەن بە ماست و دۆ و کەرەکـەی ئاوێتـەی هـەویر دەکـەن و جـۆرە نـانێکی پـێ سـاز دەکەن و پاشان ئەو قوربانییە کە پێی دەگوترێ "سێ بەرە" پێشکەش بە خوداوەندی بـاران و شـینایی دەکەن و داوای ساڵێکی پڕ باران و پڕ بەرهەمی لێدەکەن. خواژنی "ئاناهیتا" خاوەن و پاسەوانی ڕووبـار و ئاوی فراوان لە ئەوێستادا شوێنێکی بەرچاوی هەیە و بایەخێکی یەکجار زۆری پێدراوە. "پیر سلێمان" لە دەوەرەی بارگە بارگە، بەندی 19 دا قسەکانی بەناوی ئەوەوە دەست پێدەکات و دەفەرموێ:

نە ئەو کوی ناید،... بارگەی شام وەستەن نە ئەو کوی ناهید

شام ویش دارابی سەرچشمەی ئومید چـــــە ڕووش مەوارا پـــرشنگ خورشید

لە کتێبی "بوندەهش"دا وێڕای ئەوەی ئاماژە کراوە کە یەکەم زەریا "فراخکرد"ە ناوی چەندین زەریـا و زەریـای تـریش بـراوە کـە بـریتین لـە: چیچەسـت، سـویر، خـوارەزم، فـرزدان، زەرئاوەنـد، ئەسواسـت، خوسرەو، سدویس، ئوریش.

لە فەرهەنگی یارانشدا جیا لەوەی بایەخێکی زۆر بە ئاو دراوە و ئاو بە زاتی "پیرمووسا" کـە یەکێکـە لـە هەفتەنە زانراوە، ئاماژە بە چەندین ڕووبار و زەریا کراوە کـە ئەمانـەن: سـیروان، نیـل، فـورات و دیجلـە، هەروەها ناوی چەند کانیاوێك براوە کە بریتین لە: تەشار، غەسلان، ئاناهیتا و زەمزەم.

هەروەها یەکێك لە پێداویستییەکانی پێکهێنـانی "جـەم" هێنـانی دوو قـاپ ئـاو بـۆ جەمخانەیـە کـە وەك ڕەمزێك لە ئاوی غەسلان و ئاناهیتا سەیریان دەکرێت و بە ئاوی "چەرخ" ناویان لێدەبرێت. بەکارهێنانی

ئەو دوو قاپە ئاوە بەم شێوەیە دەبێت: دوای خوێندنەوەی دۆعای سێهەم، کە دۆعـای سـفرەیە، خـادمی جەمخانـە دوو قاپـە ئاوەکـە ئاوێتـەی یـەکتر دەکـات و دوای گـوتنی "ئـەول و ئـاخر یـار" لـە سـەیدی سەرجەمەکەوە دەست پێدەکات و بـە هـەر کـەس قومێـك ئـاو دەبەخشـێت. بـەم قاپـە ئـاوە شـەربەتی جەمیش دەگوترێ کە ئەم ناوە بەهۆی ئەوەوە لەو ئاوانە نراوە کە هێزی "شەفا"یان هەیە.

یەکێکی تر لە لێکچوونییەکانی ئایینی یاری و ئایینی زەردەشتی بریتیە لە بە پیرۆزکردنی چەند کوێسـتان و چیایەك.

لە ئایینی یارساندا ناوی حـەوت چـیای پـیرۆز هێنـراوە کـە ئەمانـەن: شـاهۆ، بـالامو، سـەراندیل، چـیای شندروی، دالاهوو و بافتە کێو. لە ئەوێستادا یەکەم چیای پیرۆز "ئەلبورز"ە. پاش ئەو "ئەبورسـین" لـە هێندوستان، کێوی "قاف"یان "کەپك" کێوی "ئوشداشتار" کێوی "بووم" کێـوی "روویشـمەند" کێـوی "پشت خوار" کێوی "ڕیوەند" و کێوی "بەرف مەند"...

ئەڵبەت کێوی "قاف" وەك کێوێکی ئەفسانەیی لە ئایینی یارسانیشدا هەمان پێناسەی بـۆ کـراوە کـە لـە ئەوێستادا هەیەتی. بەپێی ئەوێستا ئەم کێوە بەرزترین کێوە و کەس ناتوانێ بگاتە لووتکـەی. هـەروەها کێوی قاف شوێنی "سیمورغ"ە و بەشێکە لە چیای "ئەلبرز". ناوی سیمورغ لـە ئەوێسـتادا بـە شـێوەی "مورغوسـئن" بـە مانـای "هـەڵو" هـاتووە کـە نـاوی "وارغـەن"یـش لێـبراوە و سـەمبوڵی سـەرکەوتنە. پیرموحەممەد لە هـەزری یاریـدا هـەمان سـیمورغە کـە لـە کەلامـەی دەورەی بارگـە بارگـە، بەنـدی 52دا دەفەرموێ:

ئەو لانەی سیموور، .... بارگەی شام لوا ئەو لانەی سیموور

سیموور ڕەزباری بی چەنی زەردە هوور زاڵ دەستانش ئـــــاوردوە هەر بوو

هەروەها کە پیر موحەممەد دەفەرموێ ئەم باڵندە "سیمورغ" یارمەتی زاڵی باوکی ڕۆستەمی داوە و لە کاتی لەدایك بوونی ڕۆستەمیشدا دەوری بینیوە. جیا لەمانە دەتوانین بڵێین سیمورغ "تۆتمی" بنەماڵەی "نەریمان"ە و لە فەرهەنگی یارساندا خاتوون ڕەمزبار مەزهەری ئەوە. نێعمەت لە کەلامی دەورەی باباناوس، بەندی 53دا دەفەرموێ:

خەزان بێ سیمورغ نا کوی قاف دلە پەڕش شەفا بی پـــەی زام و پلە

یەکێکی تر لەو باڵندانەی هەم لە ئەوێستادا و هـەم لـە سـەرئەنجامدا ئامـاژەی پێکـراوە و دەتـوانین وەك تۆتم سەیری بکەین، کەڵەشێرە کە لە ئەوێستادا بە ناوی "پرودرش" بە مانای "پێشبین" ناوی لێبراوە. باڵندە لە ئەوێستادا وەك پەیکی "سرووش" پێناسە کراوە. لە "فەرگردی 18ی وەندیداد"دا بەم شـێوە باسی کەڵەشێر کراوە:

زەردەشت لە ئەهوورامەزدای پرسی: ئەی ئەهوورەمەزدا، ئەی پاکترین عەقل و هۆش، ئـەی ناوبژیکـەری جیهانی خاکی، ئەی خاوێن، کێیە نوێنەری سرووشـتی پـاك و دلێـر، ئـەو کەسـەی کـە وتـاری خوداوەنـد وەربگرێت؟

ئەوسا ئەهوورامەزدا گوتی: ئەو نوێنەرە ناوی پرودرشە، ئەی زەردەشت. چوٚنکە ئـەم باڵندەیـە کـە لـە کاتی بەرەبەیانیدا بانگ لە خەڵك دەکات: هەستن ئـەی خەڵکینـە، نوێـژی بـە ڕاسـتی بکـەن، نفـرەت بـۆ دێوەکان بنێرن...

لە هزری یارسانیدا کەڵەشێر وەك توٚتم بۆ قوربانی کردن ڕێزی لێدەگیردرێت و هەر بنەماڵـەیکی یارسـانی دەبێ لە درێژایی ساڵێکدا حەوت خزمەت "قوربانی" بە جێ بهێنن کە بریتیە لە حەوت کەڵەشێری بالغ کە دەنگی بانگ هەڵدانیان هەبێت. لەم بارەوە سەرئەنجامدا دەفەرموێ:

حەرام سەرەی گاو حەلاڵ سەرەی ئەر — ئەرم خوروسا وەیتەور وە ئەخزەر
پا لوقمەی خـــوروس یارانم مووە سیر — دیدە وە خوروسم پا گاو جام نویر
هــــــا پەرو بـــــاڵش زەڕا وە زەنجیر — چـــــەی وەربیم بییا ها چەنی وایر
میرمــــــــــان ئاما پا بـــــــرای ئەمیر — چەنی کەلەزەردەم نییەنەش تەوفیر
خوروسم نەقدا لـوقمەی باقـی ویر

لەم فەرموودەیەی سەرئەنجامدا کەڵەشێر لەگەڵ بزنە کێوی کە وەك تـوٚتم ئـەژمار دەکرێـت و میوانـداری زاتی بابا یادگار دەکات، وەك یەك پێناسە کراوە و ئاماژە بەوە دەکات کـە ئـەو ڕۆحـە پاکانـەی توانـایی سەرکەوتنیان هەیە لە جەستەی کەڵەشێریشدا بۆ قوربانی بوون لـە پێنـاو "حـەق"دا، نیشـتەجێ دەبـن. چونکە ماوەی بەندیخانەی بوونی ئەم ڕۆحانە لە قەفەسی لەشـدا کورتخایـەن دەبێـت. ئـەم باڵندەیـە لـە سەردەمی "زولنووری قەلەندەر"دا موعجیزە دەکات و بە پێداگری لە سەر حەقانییەتی زولنـوور دەبێتـە هۆی سەرشۆڕی دوژمنەکانی. ئەم ڕووداوە لە کەلامی زولنووردا بەم شێوە باسی کراوە:

زولنووری قەلەندەر و یارەکانی لە سەردەمی خویاندا لەلایەن "والـی" ناوچـەکەوە بـە هـۆی بیروبـاوەڕی تایبەتیانەوە تووشی گرفت و ئازار دەهاتن، شـەوێك لـە شـەوان لـە کـاتی کۆبوونەوەیانـدا لـە جەمخانـە، لەلایەن والی و سپاکەیەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و داوایان لێدەکات یان حەقانیەت و ڕاستی ڕێبازکەیان بسەلمێنن، یان گشتیان دەکوژرێن. زولنووری قەلەندەر بە کەڵەشێرە قوربانییەکە کـە سـەری بـڕدراوە و ئامادەی دابەشکردنە، دەفەرموێ: هەستە و بەڵێنی حەقانیەتی من بدە. کەڵەشـێرەکەش هەڵدەسـتێت و بە دەنگی بەرز حەقانیەتی زولنوور ڕادەگـەینێت.[1] هـەروەها لـە کـەلامی قۆنـاغی بەرزەنجـەش بـاس لـە کەڵەشیرێك بۆ قوربانی دەکرێت "بوی کەڵەشیر سەروانگ و ئـەخزەر"... کـەیول دەڵێـت: لـە سـەردەمی حکوومەتی مەغوولەکان برێـك لـە کاربەدەسـتانی باڵـا کـە جیگـری خـان بـوون بـە "وانـگ" "Wang" ناوبانگیان درکردبوو کە بە مانای "سۆڵتان" هاتووە.2

لەبەر فرە بوونی وشەگەلی تورکی لە کەلامی یارسانی و هەروەها هەبوونی مەغوولـەکان لـە ناوچـەگەلی سـەر بـەئایینی یارسـانی کـە لـە کـەلامدا وەك "چیچـەك" ناویـان لێـبراوە، دوور نییـە کـە مەبەسـت لـە

[1] – (بڕوانە: کەلامی دەورەی زولنوور دەقی دەسنووس).

سەروانگ، هەمان سولتان و پاشای باڵندەکان بێت کە بانگ دەدات و کەڵەشـێریش بـە مانـای باڵندەیـەك دێت کە سەری لە سەری شێر دەچێت.
یەکێکی تر لەو باڵندانەی کە لە ئەوێستادا بە چاکە باسی کراوە "بایە قووش" یان "کوندەپەپوو"ە. ئەم باڵندەیە لە ئەوێستا بە ناوی "ئەشوزوشت" ناوی لێبراوە و بە باڵندەیەکی پیرۆز ناسراوە.
لە کتێبی "بوندەهش"دا نووسـراوە کـە بەشـێك لـە ئەوێسـتا بـە زمـانی ئەشوزوشت گـوتراوە و لـەکاتی خوێندنەوەیدا لەلایەن ئەم باڵندەوە دێوەکان خۆیـان دەشـارنەوە. هـۆی ئـەوەش کـە ئـەم باڵندەیـە لـە کەلاوەکاندا نیشتەجێیە ئەوەیە کە دێوەکان نەتوانن لەو شوێنانەدا خۆیان حەشار بـدەن. هـەروەها ئـەم باڵندە سەمبولی تێگەیشتوویی و بیر و هۆشە. لە سەرئەنجامدا "دەورەی بابا ناوس" نیعمەت دەفەموێ:

ئەز چەنی ئەحمەد چا خراوەی خەم بیانقوش بیمان هەر دوو چەنی هەم

دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی، "مانی" لە بنەماڵەیەکی ئەشکانیدا لە "بابل" لە ساڵی "216"ی زایینی لـە دایـك دەبـێ و لـە سـاڵی "242"ی زایینیـدا واتـە لـە سـەردەمی شـاپووری یەکەمـدا، ئایینـە تایبەتەکەی خۆی دەردەخـا و لەلایـەن شـاپووری یەکەمـەوە مۆڵـەتی چـالاکی ئـایینی وەردەگـرێ. لـەم ئایینەدا "مادە" و "گیان" بە دوو دیاردەی دژ بە یەك ناسـراون و هـەروەك ئایینـەکانی تـری کوردسـتان "هووری، زەردەشتی و میترایی" لە ئایینی مانەویش دا "مادە" سەرچاوەی ناپـاکی و شـەڕە و "گیـان" کانگای رووناکی و پاکییە. هەروەها "درۆ" و "خۆنمایی"[] دوو تاوانی گەورەن کە مانەوییـەکان دەبوایـە خۆیانی لێ بپارێزن[] . ئایینی مانەوەی بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیـە چـۆن بـڕوای ئەوەیـە کـە نێـوان باوەڕگەلی هەموو ئایینە گەورەکان، ئیمکانی ریککەوتن و یەکگرتن هەیە. بنیاتی ئەم ئایینە بریتییـە لـە پەرستنی جوانی و سەمبولەکانی و پەیرەوکەرانی مانی، لە بەستنی خویان بە جوانی و جوانکاری و جوان خوشەویستی نە تـەنتیا ترسـیان نـەبوو بـەڵکوو بـە کـارێکی پیرۆزیـان دەزانـی. هەڵسـووکەوتی جـوان و جوامێری و زەوقی شیرین و وتەی جوان، هەرگیز بڕوای خۆیان بـۆ مەسـلەحەت ئینکـار نـەدەکرد و درووی دوورووییی دژ بە مۆرالیتەی ئایینی مانەوەی و گوناهێکی گەورە لە قەڵەم دەدرا.1
دوو سەدە دوای مانی، لە ساڵی "488" زایینی دا، کەسێك بە ناوی "مەزدەك" ئایینێکی پێکهێنا کە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئایینی مانیدا بوو. مەزدەك لە شاری "نەیشـابوور" لـە دایك بوو و سەرەتا پەیڕەوی ئایینی مانی بوو. ئەویش بڕوای بە دوو سەرچـاوەی دژبەیـەکی "ڕووناکی و تاریکی" هەبوو. مەزدەك لە سەردەمی "قوباد" و "ئەنۆشـیرەوان"دا ئایینەکـەی خـۆی دەرخسـت و بـۆ ماوەیەك "قوباد"ی هێنایە سەر ئایینەکەی خۆی، بەڵام بە حوکمی "ئەنۆشیرەوان" کوژرا.

---

1– تظاهر.
2– جنبش های دینی ایران در قرن دوم و سوم، غلامحسین صدیقی، ص: 134.
4- لە ئایینی ئیسلامیشدا بە سەرچاوەی پاکی ناوی لێداوەو یەکێك لە سورەتەکانی قورئانی بۆ تەرخانکراوە.

بەباوەڕی مەزدەك سەرچاوەی گشت ناپاکی و شەڕەکان "ژن ویستی" و "پارە پەرەستی" بوو، هەر بەم بۆنەیەوە دابینکردنی ژن و دارایی بۆ هەمووان یەکێك لە گرینگترین بنەماکانی ئایینەکەی بوو[1].

بەپیی بەڵگەکان وا دەر دەکەوێ کە کەسایەتیگەلی باس لێکراو "مانی و مەزدەك" لەجەرگەی ریفورمیستەکانی سەردەمی خویان بوون کە ئالای نویگەراییيان دژ بە کونەپەرستی هەڵکرد و شەڕی فیکری خویان لەگەڵ "مووبد" و "موغە"کان کە بوونە هۆی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی نێوان دەسەڵات و جەماوەر، دەست پێکرد.

لەواقیعدا، ئەوان شورشگێرانی بون کە سەردەمی خویانوە پێش خست ئەگەرچی وەك هەموو کات و سەردەمێك، کونەپەرستانی ئەو دەم بوونە دوژمنیان و سەرەنجام بە خراپترین شێوازەکان، لەناویان بردن.

لە بەڵگەنامەکانی وەدەست هاتوو لە "توورفان"، دووبەرەکی نێوان دەسەڵاتدارانی "زروانی" و "مانی" رەنگدانەوەی هەبووە. لە "دینکرد" کە وتوویژی نێوان "مەزدەك" و "موغە" زەردەشتییەکانە، دیسان دواکەوتوویی و کونەپەرستی و کەڵك وەرگرتن از دەسەڵات بۆ مەحکووم کردنی "مەزدەك" بەچاو دەبینریت، ئەمە لەحاڵێکدایە کە هەر ئەو بابەتانەی وا دەسەڵاتی ئایینی سەردەم بو نابوود کردنی "مەزدەك" کەڵکی لیوەرگرت، لەدواییدا بوو بە بەشێك لەریی و رەسمی ئایینی مووبەدەکان.

ئەڵبەت ئەم یاسا گرینگە هەر لە کۆنەوە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە کە رووناکبیر و ریفۆرمیست لە سەردەمی خویاندا، تووشی گوشارو ئازار و ئەشکنجە بووگن.

بەڵام ئەفسانەی "مانی" و بەتایبەت "مەزدەك" لەبەر نەبوونی سەرچاوەگەلی باوەڕ پێکراو لەم بارەوە، تووشی "تەحریف" و گورانیکی نارەوای زۆر بووە و هێرشی عەرەبەکان بۆسەر ئێران و لەناوبردنی کتێبە بەنرخە مێژووییەکان، کیشەی ناسین و ناسینەوەی مانی و مەزدەکی زۆرتر کردووە. تەنیا بەڵگەیەك کە دەربارەی "مەزدەك" بە ماوە "دینکرد"ە کە هەڵگری پەیامەکانی مەزدەکە. هەروەها لە شاهنامەی فیردەوسی سەبارەت بە مەزدەك هاتووە

بیامد یکی مرد مزدك بەنام     سخنگوی و با دانش و رای و کام

بەهەرحال، ئەگەرچی بەڵگەیەکی قایم سەبارەت بە مانی و مەزدەك نەماوە و کەسێك ناتوانێت ئیدیعا بکات هەڵسووکەوت و ریی و رەوشتی ئەو دوو رووناکبیرە لە سەردەمی خویاندا چون بووە یان ئەوەی کە بتوانیت ئایینی مانی و مەزدەك لەگەڵ ئایینەکانیتردا بەراورد بکات بەڵام جیگە پیی ئەندیشەی ئەم

---

1- خوێندنەوە و لێکدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمە، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە لەو سەردەمە دا دیاردەی (فرەژنی) و (کۆکردنەوەی مال وسامان) لە ناو ئەشراف و کاربەدەستاندا زۆر باو بووە و ئەمەش وای کردبوو کە بە سەدان ژن و کچ لە حەرمسەراکانی ئەشرافدا بمێننەوە و لە هەمانکاتدا زۆر لە پیاوانی هەژار و دەسکورت توانای ژنهێنان و پێکهێنانی خێزانیان نەبووە. هەر ئەمەش وای لە مەزدەك کرد کە بە توندی دژ بە (فرەژنی) و (کۆکردنەوەی مال وسامان) لای ئەشراف و کاربەدەستانی دەسەڵات هەڵوێستی توند بکری و خوازیاری (دابینکردنی ژن و مال وسامان) بۆ هەمووان بێ. بڕوانە: جنبشهای مذهبی در ایران، عبدالرفیع حقیقت.

دوو گەورە پیاوە لە عیرفان و بەتایبەت لە ئایینگەلی یارسانی و ئیزەدسم دەبینریت لەبەر ئەوەی کە کوردستان یەکێك لە گرینگترین ناوەندەکانی پروپاگەندە کردن بو "مانەوییەت" و "مەزدەکیسم" بووە و خەڵکی کوردستانیش کاریگەری زۆریان لیوەرگرتووە.

لــە راپورتگــەلی میــژوویی وەك گیرانــەوەکانی "الفهرســت" و "مەســعوودی" و "شەهرســتانی" وا دەردەکەویت کـە شـارەزوور، میهرجـان قـەزەق "مهرگـان کـدە"، "سـیمرە" و "سـیروان"، ناوچـەگەلی ناوەندی بزووتنەوە بووگن و تەنانەت "خورەمییە"ش بە پەیرەوکەرانی مەزدەك دەناسینن لەبەر ئـەوەی "خورەمە" نیوی خیزانی مەزدەك بووەیان بزووتنەوەگەلی "مانەوی" و "مەزدەکی" کـە لـە ناوچـەگەلی "مووسڵ" و "کەرکووك" رووی داوە. ئەمانـە هـەموو پیشـاندەری ئـەو واقیعـەن کـە ئـەم دوو بزووتنـەوە پەیوەندییەکی فراوانیان لەگەڵ کوردستان و کورد بووە و بەتایبەت دەتوانین بڵێین رەنگە بەهۆی رۆحـی ریفۆرمیستی و ئاسانگیری لای یارسانەکان، ئەم ئایینە، بەستیشك باش بوو‌بێت بۆ سەرهەڵدانی ئەم دوو بزووتنەوە.

یەکێکی تر لەو ئایینانەی کە لە کوردستاندا پێکهاتووە، ئایینی ئیزەدییە، ئـەم ئایینـە بـە چـەندین نـاو، وەك: شەیتان پەرەست، هەتاو پەرەست، یەزیدی "یەزیدی کـوری مەعاویـە" وە ناسـراوە. هـەروەها بـە "داسنی"ش ناویان براوە و تا سەردەمی ئیستاش زۆربەی ئیسلامەکان بە داسنی ناویان دەبەن.

سەبارەت بە ناوی "ئێزدی"، پێویستە بگوترێ کە لە زمانی پەهلەویدا ناوی "یەزتە" بووەتە "یەزت" کە کۆکەی دەبێتە "یەزدان"، ئەم ناوە لە سەردەمی ئیسلامدا، لەلایەن عەرەبەکانەوە، بەهۆی تێنەگەیشتن لە ناوەرۆکی وشەکە، کرا بە "یەزیـد" و داسـنیەکانیان لکانـد بـە یەزیـدی کـوڕی معاویـەوە [1]. "سـەعید الدیوەجی" ئاماژە بەوە دەکات کە سەرچاوەی ئیزەدیسم، "مانەوییەت"ە کە لە قۆنـاغی گەشەسـەندنی بە بۆنەی زاڵ بوونی دەسەڵاتی ئیسلام، رەنگ و بۆنی ئیسلامی بەخووە گرتووە. هەروەها "عەبدولرەزاق ئەالحسنی"، ئیزدییەکان، بـە زەردەشـتی گـەلێك دەزانـی کـە بـووگن بـە مۆسـڵمان، بـەڵام دوای کۆچـی "عودەی بن موسافیر" و بەپیی فەتوای یەکێك لە جێگرەکانی، هاتوونەتەوە سەر ئایینی باب و باپیران. "دیوەجی" هەروەها لە سەرچاوەیەکیتردا "ئیزەدیسم" وەك بزووتنەوەیەکی "ئەمەوی" دژە عەباسیان سەیر دەکات کە دژ بەوان راپەڕین و ئەمە بوو یەکەمین لادان لە ریبازی ئیسلامی راستەقینە.

زۆربەی پسپۆرانی کورد، ئەم گرووپە ئایینییە وەك "ئیزەدی" "نە یەزیدی" پێناسە ئەکەن، "مەسـعوود محەمەد" دەربارەی ریشەی وشەی "ئیزەد" دەڵیت: "ئەم وشە، ریشـەی سانسـکریتی و ئیرانـی هەیـە و وشەگەلی "یەزنە"ی ئاویستایی و "یەجتە"ی سانسکریتی لە سەرچاوەی "یەزنە" بە واتـای "پەرسـتن" هاتوون. ئەم وشەیە لەزمانی فارسی بووە بـە "یـەز" و لـە کوردیـدا بـە "ئیـزەد" و بـەم پیـیـە وشـەی "ئیزەدی" بە واتای "پەرستینەکان" دین.

---

1- تاریخ تصوف در کردستان، محمد رئوف توکلی، ص: 17.

"جەمالٚ نەبەز"یش ریشەی وشەی ئیزەدی دەباتەوە بۆ ئیرانی هەرەکۆن بەڵام لەو بروادایە کە وشەی "ئیزەد" هەمان "یەزەت" یانی ناوی ملایەکەتێکی زەردەشتی و لە "ئەمشاسپەندانە". لە روانگەی نەبەزەوە "یەزەت" لە زمانگەلی کوردی و فارسی گۆرانی بەسەردا هاتووە و ئیستا بەشێوەی "یەزدان" دەخویندریتەوە. بە بڕوای ئەو، ئیزەدی بە واتای "پەیرەوکەری خودا" هاتووە.[1]

بنەمای ئاییني ئیزەدی لە سەر بۆچوونە ئاییینیەکانی مانی و زەردەشت دانراوە. باوەڕ بە دوو هێزی "خێر و شەڕ"، ڕێزگرتن لە ئاژەڵ و سێ ڕۆژ، ڕۆژووگرتن و هەروەها باوەڕ بە "تەناسوخ" لە بنەما سەرەکییەکانی ئاییني ئیزەدییە.

لە کتێبی "مەسحەفا ڕەش"دا ئاماژە بەوە کراوە کە خودا پێش لە هەموو شتێك "دوڕ"ێکی سپی و دوای ئەو باڵندەیەکی بەناوی ئەنغەز "انغز" خەلق کرد، دوڕە سپیەکەی بۆ ماوەی هەزار ساڵ لە سەر پشتی باڵندەکە دانا و دواتر حەوت فریشتەی لە حەوت ڕۆژدا خوڵقاند. یەکەم فریشتە "عزرائیل" بوو کە هەمان "تاوسی مەلیك"ە. زاتی تاوسی مەلیکیش هەمان زاتی خودایە، هەروەها "شێخ عودەی بن موسافر" و تاوسی مەلیك یەکن. دوای تاوسی مەلیك، شەش فریشتەکەی تری خەلق کرد[2].

لەم ئاییندا یەکەم بوونەوەرێك کە لەلایەن خوداوە دەخولقیت "تاوس مەلەك"ە، کە بۆ خۆی خودایە و دەرکەوتووە، هەروەها "شێخ عودەی بن مسافر"یش هەر تاوس مەلەکە. دوای ئەو، شەش مەلەکی تر هەن کە هەموویان لە نێوان خەڵك و خوادا واستەن و تاوسی مەلەك هەم مەلەکی یەکەمە و هەم خودی خواشە.

ئیزەدییەکان دوو کتێبی پیرۆزیان بە ناوەکانی "جیلوە" و "موسحەفا ڕەش" هەیە[3].زۆربەی ئێزدییەکان لە ناوچەکانی مووسڵ و شێخان و دهۆك نیشتەجێن و ژمارەیکیشیان لە دیاربەکر و ماردین و "جبل الگوار" و حەڵەب و ئەرمەنستان و دەڤەری باکۆ و تفلیس، بڵاوبوونەتەوە.لە کۆمەڵگای شاردنەوە و نهێنیبوونی زۆربەی سیریمونیا ئاییینییەکان، وەك بنەمایەکی گرینگ سەیری دەکرێ. لێکچوونگەلی

---

1– بەباوڕەی محەممەد ئەمین زەکی بەگ وشەی تاوس لە وشەی هیلینی (تیئوس)ەوە ورگێراوە کە بە مانای (اللّٰه)یە. مەسیحییەکان ئەم وشەیان لە ڕۆمیەکان وەرگرتووە و لە دوعا و کتێبەکانیاندا بە کاریان هێناوە و ئیزەدییەکانیش لەوانیان وەرگرتووە. (بڕوانە زبدە تاریخ کرد و کردستان، ص: 216).

2– شێخ عودەی بن مسافر کە بە هادی ناوی دەبەن، لە ساڵی (1160)ی زاییندا وەفاتی کردووە. شێخ عودەی بە مەبەستی رووبەروو بوونەوە لە گەل چەواشەکاری و گۆڕان و لەناوچوونی ئەم ئایینە دێرینەیە، کە ئەو پێی وایە مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (290)ی زاییني و بە ئاییني کوردەکانی پێش لە ئیسلامی داناوە، لە ناوچەی هەکاری بزاڤێکی ئاییني بە ناوەکانی (عدویە) و (ئیزەدی) پێکدەهێنێت. بڕوانە: یزیدیها و شیطان پرستان، جعفر عضبان.

ئەڵبەت گومانێك هەیە کە گوایە پێشتر لە خەڵکانی یارسان بووبێتن کە پێش لە سەرهەلدانی شێخ عودەی بەهۆی هەندێ هۆکاری نادیارەوە لە یارسان دوورکەوتبێتنەوە و لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بووبێتن. دواتر بەهۆی ئەم دابڕانەوە و عەرەب (ئەمەوی) بوونی شێخ عودەیەوە، گۆڕانکاری ئاییینیان بەسەرداهاتبێت. لێکچوویی داب ونەریتی ئاییني ئێزدییەکان و یارسان ئەم گومانە بەهێزتر دەکەن کە ئەوانە لە یارانی شاخۆشین بووبێتن و بەهۆکاری نادیارەوە دوورکەوتبێتنەوە، (مەحەمەد ئەمین زەکی بەگ)یش لەم بارەوە نووسیویەتی: ئەمانە (ئیزەدییەکان) عەلی ئەڵلاهی... هەتاو پەرەست و میترائیستن.

3– (جلوە) مانای دەرکەوتن دەدات، (مسحفا ڕەش) کتێبی گەورە.

فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژیکی ئەم قەومە لەگەڵ یارسانی، ئەم باسە دینیتە ئاراوە کە ئەمانە یارسانی بووبیتن کە پێش لە دایکبوونی "شیخ عادی" بەهۆگەلی جوراوجور لە یارسانیان دوور کەوتبێن و بەرەو کرمانجی باکوور کۆچیان کردبێت و لەبەر دابڕانی پیوەندی لەگەڵ ناوەندارییەتی ئەم وینینە و هەروەها ئەمەوێ بوونی شیخ عادی و... گۆرانکاریگەلێك لە ریی و رەسم، بیروبۆچوون و روانگەی ئەوان کە لەگەڵ یارسانی هاوئاهەنگ نەبووە وەدی هاتبیت.

گریمانەی ئەوە دەکریت کە ئەمانە یارانی "شاخوشین" بووبیتنن کە از ناوچەی بڵاو بوونەوەی یارسانی کۆچیان کردبێت و لەم ناوچەگەلە "باکووری کوردستان" سەقامگیر بوون. ئەڵبەت "ئیبنی ئەسیر" لە "تارغ کامڵ" دەنووسیت:

"لە ساڵی 218 جەماعەتێکی فراوان از خەڵکی جیبالْ "کیفسان" و هەمەدان و ئیسفەهان و ماسبزان و... ئاییني خۆررەمییان قبولْ کرد و دوای کۆبوونەوە، لە هەمەدان، لەشکەرگەیەکیان ساز کرد و "موعتەسەم" سوپایەکی ناردە سەریان و "ئیسحاق ئیبن ئیبراهیم موسعەب" فەرماندەی سوپا بوو و لە مانگی "شەوال" فەرمانی سەرکوتکردنی ئەوانی پێدرا بوو. سەرەنجام شەڕ و پیکاتان لە دەورووبەری هەمەدان رووی دا و ئیسحاق شەست هەزار کەسی لەوان کوشت و ئەو کەسانەی کە گیانیان بەدەر بردبوو بەرەو رۆم "هەڵاتن". هەروەها لە تیکستەکەیدا دریژە بە باسەکە دەداو ئەنووسیت: "لە ساڵی219 کۆچی جەماعەتێك لە خوررەمدینەکان کە لە شەڕی هەمەدان، سەریان بە سڵامەت دەر کردبوو چوونە بیلادی رۆم و پەنایان بردە تیئوفیلی ئیمپراتوری کونستانتین. لەم کۆچەدا کە کۆچەرەکان لە کەرکووك و مووسڵ و ناوچەگەلی باکووری عیراق و ناوچەی ژیانی ئیزەدییەکان دەپەرینەوە، برێك لەوان لێنە جێگر بوون و دەستیان کرد بە پروپاگەندە کردن بۆ "مەزدەکیسم" و "مانەوییەت" لە ناوچەکەدا کە لە ئاکامدا لە سەدەی شەشەم بە شێوازی "ئیزەدیسم" سەری هەڵدا.ئەڵبەت جێگا ئاماژەیە کە ئەندیشەی یارسانی هەر لەم ساڵانە لە کیۆسان وەسیلەی "بالوول ماهی" لەم ناوچە سەری هەڵدا کە بە دوو هۆی بانگهیشکردنی رازوەرانەی بالوول و هەبوونی بزووتنەوەگەلی سەرانسەریتر، کەمتر خۆ دەنوێنیٚ.

هەروەها لە تیکستێکی سریانی کە مێژووی هەڵدەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شەشەم و هەواڵەکانی لەلایەن کەسانی هاوچەرخەوە نەقڵ کراونەتەوە، باس لە برێك جموجووڵ لە ساری "کرخ بێت سلووك، سلووق" "کەرکووکی ئەمرۆ" دەکرێت کە مەزدەکییە سازیان کردووە. ئەم کورتە باسە مێژووییە وەك زۆرێك لە نووسراوەکانیتر، پەیرەو کەرانی مەزدەك بە "مانەوی" پێناسە دەکات. "هانس یوئاخیم کلیم کایت"یش لە "هونەری مانەوی"دا هاوردوویەتی کە سیهەمین لێژنەی میسیونە مانەوییەکان بەسەرپەرشتی "اددا" و "ئەبزەخیا" توانیویانە لەنێوان خاچ پەرستەکانی کەرکووك پەیرەو کەرانی فرە بۆخۆیان بدۆزنەوە. هەروەها لە "الملل و النحل" لە شاخەی "کووزەکییە" کە دەتوانین بڵێین لە "خورەمدینان" بن و لە ناوچەگەلی "شارەزوور"، نیشتەجێ بوون باس کراوە و هەروەها کە لە تیکستەدا هاتووە ئەمانە "خورەمدینان" کە لە پەیڕەوکەرانی مەزدەك بووگن لەدوای بابەك دێنە نێو

ریزەکانی یارانی شاخۆشین و بە ریفۆرمگەلێك کە شاخۆشین لە ئایدیاو ریی و رەسمیاندا وەدی دەهێنێت ئەوان لە قالبی فەرمانەکانی ئاییني یارساني فۆرم دەدات. کە بەم تیبینیگەلەوە ئەتوانین ئەمانە وەك میرات دارانی فەرهەنگ و باوەڕی کوردستان و کورد بزانین.

بەشی هەرە زۆری ئەوان لە ولایەتگەلی مووسڵ و لە ناوچەی شیخان و دهۆك دەژین. سەرەڕای ئەوە لە دیاربەکر، ماردین، جبلالگور، ناوچەی حەلەب، ئەرمەنستان، دوەرووبەرە باکو، باتوم، و تیفلیشیدا ژیان بەسەر دەبەن. رۆژگەلی جێژن و شادیان زۆرە و بۆ هەتاو سوجدە دەبەن و قوربانی بۆ دەکەن. رازوەری و نهێنیکاری ئاییني و بڕوایی، بەشێکی هەرە گرینگ لە ئادابی ئاییني ئەوان بە ئەژمار دێت. شەیتان بە خوداوەندی شەڕاشۆیی دەزانن و لەبەر ئەوەی ئینسان تووشی ئازار و گرفت نەکات، عیبادەتی دەکەن و ئەو وەك "ئەهریمەن" پێناسە ناکەن، بەڵکوو بەڕای ئەوان، شەیتان سەمبولی بیناتی شەڕە کە درێژەی خێر بە حسیب دێت. ئەم باسەش لە وینیني ئایینگەلیتر و بەشێوەگەلی جۆربەجۆر هاتووە. بۆ نموونە لە سوورەتی ئیبراهیم ئایەتی22 هاتووە کە: شەیتان بەرانبەر بە کافران و درۆزنان دەڵێت: ئاوا ئیستا نیوەی ساویلکە قسە قۆرەکانی منتان بەبێ موحاجە کردن قبوڵ کرد و زەمی من دەکەن بەڵام ئەبێ زەمی نەفسی خۆتان بکەن و من بڕوام بەو چەند خوداپەرەستییەی ئیوە نییە. هەروەها لە سوورەتی ئەعراف ئایەتی 27 نووسراوە کە: ئیمە نەوعی شەیتانەکان ئەکەینە یاری ئەوانەی کە ئیمانیان نەهیناوە.

هەروەها لە سوورەتی ئەعراف ئایەتی 201 هاتووە کە کاتێك شەیتان خواپەرەستەکان وەسوەسە دەکات هەر ئەودەم خوداوەندیان دێتەوە یاد و لە ئایەتی42 سوورەتی حیجریشدا هاتووە: هەرگیز ناتوانیت گەورەیی بکەی بەسەر عەبدی پاکی مندا بەڵام زەبری تۆ هەر لەسەر کەسانگەلی نەزان و ریگە ونکراودا بیت.

و زۆریەك لە ئایاتیتر کە با لێکدانەوەیان دەگەینە ئەم ئەنجامە کە هەبوونی شەیتان و بۆ لە ریگا بەدەر کردنی ئینسان هەڵەیە و لەباری فەلسەفییەوە ئازادی ئیرادە لە ئینسان دەسێنێت. شەیتان بەپیی ئایەتگەلی 39 و40 سوورەتی حیجر، تەنیا وەسوەسە دەکات و وئەویش لەسەر کەسانگەلێك کاریگەر دەبێت کە بێ توانان و ئیمانیان قایم نییە "ئەعراف، 27".

لە واقیعدا ئەم ئایەتگەلە وەبیرمان دەهیتەوە کە ئینسان بەرانبەر بە شەیتان مەجبوور نییە بەڵکوو ئەسباب و هۆگەلێکە کە هاوتەریب لەگەڵ بارۆدۆخی تایبەت وەك وەسوەسە رووبەڕووی ئینسان دەبێتەوە و جیلوە دەکات. کەوابوو ئەم وزەی خراپە کەسانگەلێك یەخسیری تاریکی دەکات کە توانای دەرکی حەقیقەتیان نەبێت "ئایەتی 42 سوورەتی حیجر". لە واقیعدا شەیتان ئەو تواناییەی نییە کە لە هێزی خۆی بۆ نفووز کەڵك وەر بگرێت بەڵکوو ئینسان لە دەرکی ئەو شتەی کە نیوی حەقیقەتە دوور دەکاتەوە تا هەر نالایقێك، خۆنوێنی ئەویندارى، بەدرۆ نەکات. لە سوورەتی ئەعراف ئایەتی201 پلەی رۆشن بوونەوە و دەرك دەباتە سەر و رووی قسەی خۆی دەکاتە ئەو پاریزکارانە کە ئەمانیش تووشیاری

هەڵە بووگن "ریگە ونکردنی کە هاوتەرییە لەگەڵ بارودۆخ" بەم تیبینییەوە کە وەسوەسەگەلی شـەیتان، وزەیەکە کە لە مینتالیتەی ئینسان فۆرماسیون پەیدا دەکات بـە شـێوازێك کـە ئـەو کەسـە لەگـەڵ خـۆی هاوڕەنگ و هاوسازو هاوسان دەکات و مینتالیتە لە رێگای راستەقیینەی خود کە هەمان رێگای حەقیقەتە دوور دەکاتەوە. لە واقیعدا ئەمە ئەفکار مرۆڤە کە خودی ئەو دەبەزێنی و هەموو شـێوەی رەفتـاری ئـەو پێناسە دەکات نەك هێزیکی ئەوپەڕی مرۆڤی "ماوەرایی". "سوورتی بەقەرە ئایەتگەلی 168 و 169" لە دینکردیش‌دا هاتووە: ماڵی ئەهریمەن لەم دونیادا جەستەی خەڵکە و مادام کە جێگایەك لـە جەسـتەی مرۆڤدا بو ئەو نەبیٚ، هیچ جیگایەکی لە دونیادا نابێت. تا کاتێك کە لەم دونیادا هێشتا دیوێکی بچووکیش بێت ئەهریمەنیش هەیە. گەوهـەری عیرفـانی ئیبلـیس، ئیسـاری ئـەو بـۆ عیشـقە، ئیسـاریکی بەرانبـەر و لەرووی هەڵبژاردنەوە، لەبەر ئەوەی کە ئاوەها ئەزموونێك لـەرێگای جـەبرەوە وەدی نایـەت. و هـەبوونی شەیتان وەك هێزی بەرگر، عەینی حەقیقەتە لەبەر ئەوەی ئەگەر جگە لەمە بێت، کەماڵ و تەواوی، مانای خۆی لەدەست دەدات و هەروەها نەبوونی هەریەك لە وزەگەلی هەبوون دەزگای حەقیقەت تووشـی هەڵـە دەکات.

ئەو شتەی کە وەك خراپە و خـەبیس "یـان شـەیتان" پێناسـە دەکرێت و بـە جەسـتە بـوونی "کـە لـەم بابەتەوە هێزیکی تایبەتی بوخۆی خۆڵقانـدووە"، کاریگـەری خـۆی لـە هێـزی خـودایی دەسـتینت لەبـەر ئەوەی کە ئەوە هێزی ئاشکراو سەرەکی خودایە و هەموو هێزی کائینات لە هێـزی خوداوەنـد سەرچـاوە دەگرێت.

تەنانەت بەکارگرتنی بەشێك لەو هێزە بۆ بەرەنگاری کردنـی حەقیقـەتیش سەرچـاوەکەی رەزای خودایـە لەبەر ئەوەی کە هیچ کردەوەیەك و هیچ کارێك بەبیٚ ئـیرادەی خـودا جیبـەجیٚ نابێـت. تیرامـان بـۆ راڤـە کردنی ئایەگەلی قورئان لـە تیـوری عارفـەکان و فەیلەسـووفەکانیش‌دا کاریگـەری هـەبوو بەشـێوازێك کـە "عین‌القچات همدانی" لە نووسراوە و پەرتووك و بەتایبەت لە کتیبی "تەمهیدات"دا بەچاکە باسی شەیتان دەکات. "عین‌القچات" دەفەرموی: "ئوف، چ دەبیسی؟ ئەم شـیتە "ئیبلـیس" خـوای خـۆش دەویسـت. دەزانـی کـە ئـەزموونی خـۆش ویسـتن چـی لـیٚ بەسـەرهات؟ یـەکێك بـەلاو ئـەوی دی قـارکردن. یـەکێك سەرزەنشت و ئەوی‌تر زەم کردن وتیان: ئەگەر لە عەشقی ئیمەدا راست دەکەیت ئەبیٚ نیشانەیەکت بێت: ئەزموونی بەلاو قار، دواتر سەرزەنشت و زەم کردنیان پێدا. قبووڵی کرد.

بەزووترین کات ئەو دوو ئەزموونە شیهادەی ئەوەیان‌دا کە نیشانەی عەشق، راستییە. هەرگیز نازانی چـی دەڵێم. عەشق جەفای دەوێت و وەفای دەوێت تا عاشـق لـە عەشـقی میهرەبـانی و قـار ریـك و پێـك بێـت بیتەراستی، ئەگەینا کاڵ و کرچە و هیچێکی لیٚ نابێتەوە.

خوداوەند پیی گوت: بۆچە سوجدە نابەی ئەی بیٚ عەقڵ؟ لەجوابدا وتی: مـن "محـب"م و "محـب" بـیٚ عەقڵە. تۆ دەڵیی بیٚ عەقڵ و من لە کتیبی موبین‌دا خوێندوومەتەوە ئەو چتەی دێتە نێو وجوودی من ئەی ساحیب وزەی راستەقینە، چۆن سووك دەبم؟ "وقد خلقینی من نارو خلقته من گن" و ئەم دوو چتە دژ بە

یەکن و لەگەڵ یەك نین و من لە خزمەتدا کۆنتر، لە زانستدا بەرزتر و لە زانیاریدا زاناتر و لە تەمەنیشدا بە تەمەنترم.

حەق سوبحانە تەعالا پیی وت: "ئیختیار بۆمنە و نە بۆ تۆ". وتی: هەموو ئیختیاری من و هی من لە بۆ تۆیە. ئەتۆ منت ئیختیار کردووە. ئەگەر منت لە سوجدە بردن بۆ ئادەم مەنع کردبێت ئەوە ئەتو بوویت. ئەگەر لەم وتەدا هەڵەم کردووە من لە خود مەرەوێنە، تو بیسەری، ئەگەر بتەوێ کە سوجدە بۆ ئەو ببەم من فەرمانبەرم. کە من ناناسم. تو لە رێگای خۆتەوە دەناسم.

ئەحمەدی غەزالێش نازناوی "سیدالموحدین" پێداوە و دەڵێت: "شەیتان ئەگەرچی لەعنەتی لێکراوە و سەر داخراوە بەڵام دیسان لەباری لەخۆ بردووین سالاری عاشقانە یانێ لە وەحدانییەتدا ئەبێ باری زەم و لۆمە وەك ئیبلیس هەڵبگرێ و مەلعوونی چاك و خراپ بێت. "مەیبوودی"ش لە "کشف‌الاسرار" لە ئیبلیس وەك سەرەوەری دەرکراوان یاد دەکات و "مەولا عەلی" لە "نهج‌البلاغە" دەڵێت: "ئاشکرا جنیو بە ئەهریمەن مەدە کە بە نهینی هاورازی ئەوی".

لە کتێبی "عەهدی قەدیم" شەیتان وەك مارێك پێناسە دەکریت کە رۆژێ دێتە لای ژن و پیی دەڵێ: "ئەو بەهەشتەی کە شەیتان هاتووچووی دەکات و ئادەم لە نێویدا دوچاری گوناە دەبێت". ئایاکوو راستە کە خوداوەند ئیوەی لە خواردنی میوەی تەواوی باغ مەنع کردووە؟ ژن لە وڵامدا جواب دەداتەوە: ئێمە ئیزنی ئەوەمان هەیە کە لەبەری هەموو درەختەکان بخوین بیجگە ئەو دارەی کە لە ناوەندی باغدایە. خودا ئەمری کردووە کە لەباری ئەو درەختە نەخۆین ئەگەینا دەمرین.

مار دەڵێ: متمانەت پێدەدەم کە نامریت. خودا خوی باش دەزانێت گەر لەو میوە بخۆن چاوتان دەکریتەوە و دەتوانن چاکە لە خراپە جوی بکەنەوە. ئەو درەختە جوان هاتە بەرچاو ژنە و لەدواییدا لە بەرەکەی خوارد و بە شوەکەشیدا کە لیی بخوات. ئەو دەم چاوی هەردووکیان کراوە و ئاگاداری رووتی خویان بوون. جا بە گەڵای هەنجیر خویان داپوشی و جلی ژێریان بۆ خویان دروست کرد... لێرەدا یەکەم قسەی راست لەلایەن شەیتانەوە بە ئادەم دەگوترێت... و یان باسی "غەرانیق" و چ دروست بوونی ئەو کە ئەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە شەیتان بەهێزی بەتوانا بزانین کە لە زۆر کۆنە وا بووە...

لە وینینی یارسانیدا وا هاتووە کە کاتێك هەرگی ئادەم سرشت کرا و رۆحی لەبەر کرا خوداوەند ئەمری کرد کە فریشتەکان سوجدەی بۆ ببەن کە "هەفتەن، و پاشان" شەیتان" نافەرمانیان کرد. بۆیە خودا بەستینی مەنع و لۆمەی "هەفتەن"ی دروست کرد کە بەشێوەی هاتنە قاڵبی شەیتان خۆبنوێنی و هەریەك ئەبێ ببنە میوانی زاتی شەیتان تا باری مەنع و زەم و لۆمە بەهۆی نافەرمانی کردن بچێژن. و ئەگەر بو نموونە داوود وەك شەیتان پێناسە دەکات بە واتای ئەوە نییە کە داوود شەیتان بێت بەڵکوو هۆی نافەرمانی ماوەیەك دەیکاتە میوانی زاتی شەیتان و ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو دوو زاتە لێك جییان و بەتەواوی فەرقیان لەگەڵ یەکتر هەیە. "هەفتەن" دوای سوجدە بردنی "هەفتەوانە" ئاگاداری

نافەرمانی خۆیان دەبن و سوجدە دەبەن بەڵام شەیتان هەرگیز سوجدە نابات و بۆیە هەتا هەتا لەعن دەکرێت.

دەرکەوتنی ئیسلام و هێرشی داگیرکەرانەی عەرەب بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئەم ئایینە، کوردستانیشی گرتەوە و نەتەوەی کوردیش لە ماوەیەکی کورت دا یان بەزەبری شمشێر، یان بە خواستی خۆیان بوون بە ئیسلام. لە سەردەمی دەسەڵاتداری عومەردا بارودۆخی ئێران زۆر ئاڵۆز و پەروش بوو و عەرەبەکانیش لە نزیك "حیرە" و قەراغ چۆمی دیجلە، یانی سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران، ئاکنجی[1] ببوون و هەڕەشەیان لە سەروەری ئێران دەکرد. لە هەلومەرجێکی ئاوادا خەلیفە "عەمەر" چووە مینبەر و لە وتارێکدا ڕایگەیاند: خەڵکینە، خوداوەند لە ڕێگای ڕەسووڵی خۆیەوە مژدەی سەرکەوتن بە سەر خوسرەوان و قەیسەرەکانی بە ئێوە داوە، هەستن شەڕی "فورس" دەست پێ بکەن[2]. دوای ئەوە، لەشکرێکی بە فەرماندەیی ئەبو عوبەیدە پێکهێنا، کە لە ئەنجامدا شەڕەکانی "قادسییە" و "مەدائین" و "جەلەولا" و "نەهاوەند"ی لێکەوتەوە[3]. دوای هەڵاتنی "یەزدگردی سێهەم" بۆ کوردستان "ناوچەی حەلوان"[4]، "سعد وقاص" لە ساڵی شانزەی کۆچیدا شاری مەداینی داگیرکرد و "قعقاع"ی بەرەو شاری جەلەولا بەڕێ کرد. ئەم فەرماندەیە شارەکانی جەلەولا و حەلوانی داگیرکرد و خۆی گەیاندە کوردستان. بەڵام داگیرکەری کوردستان فەرماندەیەکی تر بە ناوی "غیاچ بن غنم" بوو کە بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب و "سەعد کوڕی وقاص" لە ساڵی "18"ی کۆچیدا بەرەو ناوچەی جەزیرە وەڕێ کەوت و شارەکانی "ڕەها" و "نەسیبین" و "ماردین" و "دیاربەکر"ی داگیرکرد.

فەرماندەیەکی تریش بە ناوی "قیس بن سلمە الاشجعی" بەرەو ناوچەی لوڕستان وەڕێ کەوت و لەگەڵ کوردەکانی "ماسبژان[5]" و "سەمیرە" بە شەڕ هات[6]. سەلمە داوای لە کوردەکانی ئەو ناوچەیە کرد کە یان ئیسلام وەرگرن، یان لە سەر ئایینی کۆنی خۆیان بمێننەوە و "جزیە[7]" بدەن. بەڵام کوردەکان بە گوێیان نەکرد و لەگەڵی بە شەڕ هاتن، لە ئاکامدا کوردەکانی تێکشکاند و زۆری لێکوشتن و بە دیلی گرتن[8]. "ابو موسی اشعری"یش کە فەرماندەی لەشکری بەسرە بوو، هەڵیکوتایە سەر "دینەوەر" و بۆ

---

1- ئاکنجی: جێگیر.

2- دو قرن سکوت، عبدلحسین زرین کوب، ص: 62.

3- تاریخ طبری

4- ئەڵبەت لە (تاریخ طبری)دا هەڵاتنی یەزدگرد ئائەوا شەرح کراوە: لە سەرەتادا بەرەو شاری (مەرڤ) دەرچوو، پاشان پەنای بردە بەر خاقانی چین و دواتر لە سەردەمی خیلافەتی عوسماندا (لەکاتی سەرهەڵدانی بزاڤی دژی عەرەبی خەڵکی خوراسان) یەزدگرد گەڕایەوە بۆ ئەو ناوچەیە. بەڵام بەهۆی ناکۆکی لە نێوان یاریدەرانیدا، پەنایی بۆ ئاشێك برد و هەر لەوێ کوژرا. (تاریخ طبری، ج پنجم، ص: 2003) پێویستە ئاماژە بکرێ کە هەڵاتنی یەزدگرد بۆ حەلوان لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی (جەلەولا) و هەرەس هێنانی لەشکەری ئێران لە (مەدائین) ڕوویداوە، (سەرچاوەی پێشوو، لا: 1828).

5- ماسبذان: ناوی شارێك بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

6- کرد و پێوستگی نژادی و تاریخی او، ص: 175.

7- جزیە: جۆرێك باجی ئایینی بووە، کە دەبوو ئەو خەڵکە ناموسڵمانانەی کە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا ژیاون، بیدەن.

8- تاریخ ابن خلدون، لا: 553

ماوەی پێنج ڕۆژ ئەو شارەی گەمارۆدا، کە لە ئەنجامدا کوردەکان بە پێشکەشکردنی جزیە لە سەر ئایینی باوباپیرانیان مانەوە و گەمارۆی شارەکەیان کۆتایی پێهات.

دواتر "اشعری" هەڵی کوتایە سەر سیروان و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش هەروەك دینەوەر پێشکەشکردنی جزیەیان گرتە ئەستۆ. "سائب بن الاقرع" یش لەشکری بردە سەر "سەمیرە" و خەڵکی ئەو شارەش هەر بە "جزیە" خۆیان و ئایینەکەیان ڕزگار کرد[1]. بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین: داگیرکردنی ئێران و ناوچەی زاگرۆس لەلایەن عەرەبە ئیسلامەکانەوە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرفراوان و میحراب و منارە لە شوێنی ئاتەشگاکان و پەرستگاکانی باوباپیران، سەری هەڵدا. زمانی عەرەبی جێگەی زمانی پەهلەوی گرتەوە و لە جیاتی "پچەی موغان" و سروودی خەسرەوانی، بانگی تەکبیر و سەلای "مۆزن" "بانگ بیژ" نیشتە گوێی خەڵکان و بیسەران و گوێگرانی گۆرانییە سەماوییەکانی "باربود" و "نەکیسا"[2]، هێدی هێدی بە بانگی "حدی" و زەنگی وشتر ڕاهاتن[3]. سووتاندن و فەوتاندنی کتێبخانەکان بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ فەرهەنگ و ئایینی "مەجووس" کە لە باوەڕی ئەوان ڕێگربوون لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی باوەڕ بە قورئانی پیرۆز و دواتر کوشتن و لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی زمان و خەتی پەهلەوی و "سوغدی" یان دەزانی، لە ئاکامدا بووە هۆی زاڵبوونی فەرهەنگ و زمانی عەرەبی بەسەر فەرهەنگ و زمانی ئێرانیدا.

خوێنبایی ئەو کەسانەی وا ئیسلامیان نەدەهێنا یەك لە پانزەی ئیسلامەکان بوو[4]. وتەی نائیسلام لە مەحکەمەدا باوەڕی پێنەدەکرا و ئەمانە وایکرد کە هێدی هێدی زۆربەی ئەو کەسانەی ئیسلامیان وەرنەگرتبوو، بە ناچار ئیسلام بێنن و دەست لە ئایینی پێشوویان هەڵگرن. بە سەر ئەوەشدا زوڵم و زۆری خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی، کە بەپێچەوانەی یاساکان و بنەماکانی ئایینی ئیسلام بوو، کۆتایی نەدەهات و هەر ئەمەش وایکرد دەیان بزاڤ و سەرهەڵدانی ئایینی، نەتەوەیی و فەرهەنگی دژ بە دەسەڵاتداری عەرەب و بگرە ئایینی ئیسلامیش، لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا ڕوویدات.

بۆ نموونە بزاڤی موختاری کوڕی ئەبو زوبەیدی سەقەفی،بزوتنەوەی ئەبو موسلمی خوراسانی، "ڕەش ئاڵاکان"، شورشی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەس بە یارمەتی فەیرۆز، سەرهەڵدانە ناوچەییەکانی خوارەزم و خوراسان و سەمەرقەند و بزاڤەکانی ئیسماعیلییە، بەئافەرید، فەریدی کوڕی شێخ مێهری، شۆڕشی سەنباد، سەرهەڵدانی ئیسحاقی تورك، بزاڤی راوەندییان، بزاڤی ئوستاد سیسی خوراسانی، بزاڤی "سپی جلەکان"[5] بزاڤی یوسفی بەرم، بزاڤی حەمزەی ئازەرەك، بزاڤی فیرقەی زەیدییە و

---

1- سەرچاوەی پێشین. لا: 544.

2- باربود و نەکیسا: دوو مۆسیقاژەن و دەنگخۆشی سەردەمی ساسانییەکان بوون.

3- دو قرن سکوت، عبدالحسین زرینکوب، ص: 90.

4- خوێنبایی مەجووسێك یەك لە پێنجی خوێنبایی مووسایی جوولەکە و خاچ پەرەست بووە و خوێنبایی جوولەکە و خاچ پەرەست ، یەك لە سێی خوێنبایی پیاوێکی ئیسلامە. (الفرق بین القرق، ص: 257).

5- المقنع.

سەرهەڵدانی بابەك "سوورجلەکان" و مازیار و زەنگییەکان و سەربەداران و ساداتی مەرعەشی و هیتر، شایانی ئاماژە پێکردنن. بەڵام تەواوی ئەم بزاڤ و سەرهەڵدانانە بە توندی سەرکوت دەکران و بە سەدان و هەزاران کوژراوی لێدەکەوتەوە و مەرگ و ماڵوێرانی چارەنووسی دیاری کراوی بەشداربووانی بەدواوە دەبوو.

دیسانەوە وایکرد کە "خۆپارێزی" و "دوورگری" و باوەڕ بە پەیوەندی تاکەکەسی لەگەڵ خودا "تصوف" پەرەبستێنێ و دەیان تەریقەت و ڕێبازی جیاجیا بەتایبەت لە کوردستاندا دەرکەون و پەرەبستێنن. باوەڕپێکەرانی ئەم ڕێبازانە دوای بەجێهێنانی تەواوی ئەرکە ئایینی یەکان، بەئەوپەڕی لە خۆبردووییەوە، دەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە لەگەڵ هێزە ناسروشتیەکاندا پەیوەندی بگرن و هەر ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە چیتر باوەڕیان بە رووکەشەکان و دیارەکانی شەریعەت[1] نەمێنێ و بەجێیان نەهێنن و بەجێهێنانی یاساکانی شەریعەت بە ئەرکی خەڵکانی ئاسایی بزانن، یانی ئەو کەسانەی کە هێشتا نەگەیشتوونەتە پلەی ئەوان. کە پلەی "حەقیقەت"ە. لەو تەریقەتانەی کە لە کوردستاندا دەرکەوتوون و پەرەیان سەندووە، دەتوانین بە تەریقەتەکانی: قادری، نووربەخشیی، تەیفووریی، سوهرەوەردیی، مەولەویی، شازلیی، کەسرەویی، چەشتیی، نەقشبەندیی، سەفەویی، نێعمەت ئەڵلاهیی، جەلالییە و موشەعشەعییە ئاماژە بکەین کە لە رووی چۆنییەتی پەیوەندی دەروونی و مەعنەوی، هەروەها بڕینی ڕێباز و پەیوەندی بنەماڵەییەوە[2] دەچنەوە سەر ئەهلی حەق "کاکەیی".

---

1- ظواهر شريعت.

2- سلسله نسب.

## یارسان و ڕێبازەکانی تر:

دوای بەرفراوانبوونی وڵاتانی ئیسلامی و پەرەسەندنی ئایینی ئیسلام، بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتانە دەسەڵاتدارانی موسڵمان پێویستییان بە دانان و ئیجرای یاسای تایبەت بوو، چونکە لەسەردەمی ژیانی حەزرەتی موحەممەددا، ئەو زاتە گشت کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی بە پشت بەستن بە "وەحی" چارەسەر دەکرد. بەڵام دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، وەحی نەما و قورئانیش نەیدەتوانی وەڵامی گشت کێشە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە یارانی نزیکی پێغەمبەر "سەحابە" گشت ئەو بیرەوەریی و گوتانەی لە پێغەمبەرەوە وەریانگرتبوو و لەیادیان مابوو، وە بیربهێننەوە و بەم شێوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و چارەسەری کێشەکان بکەن. ئەمەش بوە هۆی درووستبوونی حەدیس. ئەڵبەت پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام، هەندێك لە یارانی نزیکی ئەو زاتە بە مەبەستی پاراستنی قورئان وەك تەنیا سەرچاوەی موسڵمانییەتی، لەگەڵ حەدیس و پشت بەستن بە بیرەوەرییەکانی سەحابە نەبوون. بەڵام گرووپێکی تر لە سەحابە و لە سەرووی هەموویانەوە، عەلی کوڕی ئەبووتالێب، بەپشتبەستن بە وتەیەکی پێغەمبەر کە فەرمووبووی: خودا شادی دەدات بەو کەسەی کە وتەکانی منی بیستوە و لە بیری ناکات و بۆ ئەو کەسانەی دەگێڕێتەوە کە گوێیان لێنەبووە. لە سەر کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی حەدیسەکان پێداگرییان دەکرد. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە لایەنگران و دۆستانی عەلی، لەوانە "مالیکی بنی ئەنەس" لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەی بن کە دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی حەدیس و زانستی تایبەت بەم بوارەیان پێکهێنا و گەشەیان پێدا. کە لەناو ئەهلی سونەدا لە سەردەمی "عومەری ئیبنی عەبدولعەزیز"ەوە دەستی پێکرد[1].

گێڕانەوەی حەدیس و شیکردنەوەی، بووە هۆی پێکهاتن و سەرهەڵدانی مەرجەع و کەسایەتییە باوەڕپێکراوەکانی ئەم بوارە. هەر ئەمەش ململانێی لێکەوتەوە و بەرەو لایەنی جیاوازی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا چوو. لەوەها هەلومەرجێکدا، بنەماڵەی بە توانای بەنی ئومەییەش بەهۆی ڕکەبەریی و بەربەرەکانێ لەگەڵ بنەماڵەی عەلیدا، لە قوڵکردنەوە و تەشەنەکردنی جیاوازییەکان دەوریان بینی و بوونە هۆی دابەشبوونی موسوڵمانان و سەر هەڵدانی فیرقە ئیسلامیە دژبەرەکان کە هەر یەك لەوان بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی تایبەتی خۆی و چۆنییەتی تێگەیشتنی لە قورئان و حەدیسەکان، بۆچوونی خۆیان بە حەق و هی ئەوانی تریان بە لادان لە ئیسلامی ڕەسەن دانا.

بنەماڵەی بەنی ئومەییە، شیعەکان و لایەنگرانی عەلی و فیرقەی دەرچووەکان "خەواریج" سێ لایەنی گەورە و بەهێزی دونیای ئیسلام بوون کە دواتر لە هەرکام لەم سێ لایەنە لق و فیرقەی جۆراوجۆر کەوتەوە.

---

[1]– تاریخ ایران از اسلام تا سلاجقه، ر.ن.فرای، ترجمه حسن انوشه، امیر کبیر1363، ص 407.

لەگەڵ ئەوەشدا بیروبۆچوونی دواکەوتوانەی عەرەبە نویێ موسوڵمانەکان و هزری ڕەگەز پەرەستی "عەرەبیسم" کە عەرەبی لە سەرەوەی نەتەوەکانی تر دادەنا و بەم بۆنەوە بە چاوێکی سووکەوە سەیری ناعەرەبەکان، بەتایبەت ئێرانییەکانیانی دەکرد و ئەوانیان بە عەجەمی "موالی"، واتە کۆیلەی ئازادکراو دادەنا.

هەر ئەمەش لە لایەکەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی هزری عیرفانی کە هیچ بایەخێکی بەتایبەتمەندی گەلی وەك ڕەگەز و زمان و نەتەوە نەدەداو بە یەکسان سەیری عەرەب و عەجەم و کۆنە موسوڵمان و تازە موسوڵمانی دەکرد و لە لایەکی ترەوە، ئاگری فیرقەگەری و سەرهەڵدانی بۆچوون و تەفسیری جیاجیای لە قورئان و حەدیس و بنەما فیکرییەکانی ئیسلام بەتین تر دەکردەوە.

ئەڵبەت لە سەرەتای ئەم گورانکارییەنەدا، ڕێبەرانی دونیای ئیسلام جگە لە زانستی حەدیس و شیکردنەوەی ئیسلامی، هیچ زانستێکی تریان وەرنەدەگرت و نکۆڵییان لە بوونی هەر زانستێکی تر دەکرد، کە دەتوانین بڵێین هەر ئەمەش بووە هۆی ئەو هەموو کتێب سووتاندنەی کە بەوردی لە مێژوودا باسیان کراوە. بەڵام ئەم شێوە تێڕوانینە زۆری نەخایاند و لە ژێر گوشاری گۆڕانکارییەکانی سەردەم دا، کوڵی دا و هەرەسی هێناو موسوڵمانەکانیش بۆ وەرگرتن و فێربوونی زانستەکانی تر چالاکی زۆریان نواند، کە لە یەکەم هەنگاودا دەستیان دایە خوێندنەوە و وەرگێڕان.

چالاکی وەرگیران و فراوانبوونی ئەو کتێبانەی کە لە سەدەی دووهەمی کۆچی دا لە زمانەکانی ترەوە وەرگێردرانە سەر زمانی عەرەبی، ئەوەندە لە سەر دونیای ئیسلام کاریگەرییان هەبووە کە لە مێژوودا بە "شۆڕشی وەرگێڕان" ناوی لیێ دەبرێت.

ئەو شۆڕشە، بەتایبەت لە سەرهەڵدانی زانستی "کەلام"دا ڕۆلێکی گرینگی هەبوو، هەروەها هزری "عیرفانی"ش بە کەلك وەرگرتن لە عیرفانی مەسیحی، ئیرانی و هیلینی ئەوەندەی تر بەهێز بوو.

هەر لەو سەردەمەشدا، وەرگێڕەکان، بە وەرگێڕانی سەرچاوە فەلسەفییە هیلینییەکان، بیر و بووچوونی "فەلسەفی"شیان هێنایە ناو موسوڵمانەکانەوە.

بە سەرەرای هەمووی ئەمانە، زوڵم و زۆر و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتداران و سەرکوت کردنی بەنی ئومەییە لە لایەکەوەو و توندڕەوی و ئیفراتی تازە موسوڵمانەکان لە لایەکی ترەوە ، بوە هۆی ئەوە کە هەندێك لە زانا ئایینی و ڕێبەرانی فیکری گۆشەگیری بگرنەبەرو هەم لە کۆمەڵگا و هەم لەدەسەڵاتدارەکان دووری بکەن. ئەمانە ڕێبازی دەروونگرایی و خۆشەویستی "الله" و پەروەردەی تاکەکەسییان گرتەبەر و بەرەبەرە بوونە هۆی درووستبوون و سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی جیاجیا لە ئیسلامەتیدا. بۆ نموونە بۆ هۆی تەشەنەکردن و بگرە زاڵبوونی وەشکە موسوڵمانییەوە، کەسانێك دەرکەوتن کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ڕێگای "ریا" و درۆیان گرتە بەر. لە بەرانبەر ئەمانەدا تاقمێکی تر سریان هەڵدا کە بە "مەلامەتییە" ناوبانگیان دەکرد. پەیڕەوانی ڕێبازی مەلامەتییە، بەپێچەوانەی ئەوانی تر، وایان دەنواند کە هیچ باوەڕێکیان بە یاسا شەرعی و بنەما ئیسلامییەکان نییە. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە خۆیان

به ئیسلامی ڕاستەقینە دەزانی و لە تەنیایی خۆیاندا گشت یاسا شەرعییەکانیان بە جێ دەهێنا و زۆریش لە سەری سوور بوون. بەڵام لە بەر چاوی خەڵکاندا جاری وابوو هەڵسووکەوتی بە ڕووالەت دژە شەرعییان دەنواند و بەم بۆنەوە وەك لادەر سەیریان دەکردن.

یان ڕێبازی "تەیفوورییە" کە لەلایەن "بایەزیدی بەستامی"یەوە دامەزرابوو. پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە گرینگییەکی زۆریان بە "خۆشی دەروونی" و "سەرخۆشی مەعنەوی" دەدا.

سەرهەڵدانی هزری جۆراوجۆر وەك یەکبوویی، حلوولی "جێگیربوونی خودا لە جەستەی مرۆڤدا"، مرۆڤ خوایی و... لە ناو سۆفییەکاندا، بووە هۆی ئەوەی کە مەلاکان و زانا ئایینییە فەرمییەکان بە لادەر و کافریان دانێن و دەسەڵاتدارانیش بە پشت بەستن بە "فەتوا"ی ئەوان، دەست بدەنە بەندکردن و کوشتن و شاربەدەر کردنیان.

بۆ نموونە "حسەین ئیبن مەنسووری حەلاج" کە بە ساحێریان ناوبرد و بنەمای ساحێرییەکەیان گەڕانەوە بۆ "سجاج موتنەببە"ی سەردەمی وەفاتی حەزرەتی موحەممەد!

هەروەها "شبلی" و بایەزیدی بەستامییان بە کافر لە قەڵەمدا و بە دەیان و بگرە بە سەدان کەسایەتی لەم جۆرانەیان بە تۆمەتی لادەر و کافر دانا و سزای جۆراوجۆریان بە سەردا سەپاندن. ئەڵبەت هەڵسووکەوتی لەم جۆرە لەگەڵ کەسانی خاوەن بیرو بۆچوونی جیاوازدا، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی بۆچوونەکانیان لەگەڵ ئایدولوژیای زاڵ و بۆچوونی "فەرمی"دا ناگونجێت، تایبەت بە دونیای ئیسلام نییە و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە ناو گشت ئایین و کۆمەڵگاکاندا ڕووی داوە. وەك سووتاندنی "جۆردانۆ بورنو"ی مەسیحی کە دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی کەڵێسای مەسیحی وەستا و قەشەکان بە زیندوویی سووتاندیان.

یان مەحکەمە ئایینەکانی ئەورووپای "مەسیحی" کە سەدان کەسیان بە تۆمەتی ساحیر و لادەر و کافر، بە دڕندانەترین شێوە سزادا...

پێویستە بگوترێ کە بۆچوونەکانی "مانی" و ئامۆژگارییەکانی "بووزا"یش لە سەرهەڵدانی "سوفیزم" لە ئێراندا دەوریان بینیوە و بەوردبوونەوەیەکی ئاساییش دەتوانین شوێن پێی ئەو هزر و ئایینانە لە ناو شێوازی بۆچوونی سۆفییە ئێرانی و ئیسلامیەکاندا، بە فیرقە جۆراوجۆرەکانییەوە، دەستنیشان بکەین.

ئەگەر لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی "سۆفیزم"وە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "حەسەنی بەسری"و ئەو کەسایەتییە بە یەکەم سۆفی دادەنرێت، مێژووی ئەم بۆچوونە لێك بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم قوتابخانە فیکرییە، بەتەواوی لق و پۆکانییەوە، بەشێوەیك لە شێوەکان لە ژێر کاریگەری هزری ئەهلی حەقدا بووە و لێکچوونێکی بەرچاویان تێدا دەبینرێت، تاڕادەیەك کە دەتوانین بڵێین هەر هزر و قوتابخانەیەکی عیرفانی دەتوانێت بنەماکانی خۆی لە ئایینی یارساندا بدۆزێتەوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرتەسکنە بوون و کراوەیی ئەم هزرە.

حەسەنی بەسری یەکێکە لە "چل تەنان" و پلەیەکی بەرچاوی لە ئایینی یاریدا وەرگرتوە. هەروەها بۆچوونەکانی مەنسووری حەلاج، کە ئەویش یەکێکە لە چل تەنان و پلەی "داوود"ی هەیە و بیروباوەڕی "مەلامەتییان" و "فەتیان"یش لەم هزرەدا ڕەنگی داوەتەوە، تا ڕادەیەك کە سوڵتان سەهاك دەفەرموێ:

یاری چوار چێوەن باوڕی وە جا        ڕاستی و پاکی و نیستی و ڕدا

ئاشکرایە کە "ڕدا" هەمان جوامێری داشکاو بەلایەنی مەلامەتییە دایە. یان خەلسە و جەزبەی فیرقەی تەیفوورییە کە وێڕای ئەوەی کە بایزیدی بەستامی بۆ خۆی یەکێکە لە "چل تەنان"، بیرو بۆچوونەکانیشی بە ڕاشکاوی لە هزری یارساندا ڕەنگی داوەتەوە.

هونەر بە گشتی و هونەری موسیقا لە ئایینی یاریدا بایەخێکی زۆری پێدراوە و ژەندنی "تەنبوورە" لە بۆنە ئایینییەکاندا، بەتایبەت لە داخستنی جەمدا و لەگەڵ ئەوەشدا زیکر و خەلسە و جەزبە و ئەنجامی کرداری "خارق العادە" زۆر باوە. پێویستە بگوترێ جەزبە و خەلسە بەشێکە لە عیرفان و لە زۆربەی ڕێبازە سۆفیانەکاندا بەرچاو دەکەوێت. کە لە ئا کامدا دەبێتە هۆی تەسلیم بوونی ڕۆح بەرانبەر بە جوانی ناسی هۆنەر و لەخۆ، بیخود دەبێت. بۆیە لە زۆربەی ریی و رەسمی ئایینی خویاندا بە "تەنبوور" لە مەقامی "لەخۆ بیخود بوون"دا قەرار دەگرن و کارگەلێکی سەیر و سەمەر لەخۆیانەوە پێشان دەدەن. نووسەری "گرایق‌الحقایق" دەیگێریتەوە کە لە ڕۆژانی بیێ موجتەبا ئاغامحەمەد عەلی کرماشانی تایفەی سوفییە لە خزمەت ئەودا دەرسم دەخوێند. کەسانێکی لەسەر ڕێگا دانابوو کە دەرویشەکان بینن بۆ میوانی ئەو. بەسودنە ڕۆژێك پیاوێك کە "باباتمور" "شاتەیموور" یان پێدەگوت بە تەنبوورەوە هینایانە خزمەتی. بیهینن. لیی پرسی، بنەماکانی دین چەند دانەن؟ ئەو کەسەیش بە هەمان سازەکەی، دەستی کرد بە ژەندن و فەرمووی: مەگەر بنەماکانی ئایین وەك شاگەرانە و هەروەها بەدەم قسەوە دەگەرا و تەنبووری دەژەند و دەیخویند:

یکتاست یارما        بی همتاست یارما

پاشان لە نزیك درگای ماڵ وەستاو و وتی: مەگەر بە حاکم بوویت کە ڕێگا بە زایرەکان دەگریت و جا لە ماڵ هاتە دەر. مەجلیس وای لیهات کە هیچکەس نەیتوانی قسەیەك بکات و ئەویش بە زووترین کات لەبەرچاو ون بوو. 1

دەگێڕنەوە کە گوایە پەیڕەوانی ڕێبازی "موشەعشەعییە" لەکاتی شەڕدا دوعایەك دەخوێننەوە کە شمشێر کاریان لێناکات. هەروەها "ئیوانۆف" لە زمانی "ژۆکوفسکییە"وە دەگێڕێتەوە کە لەکاتی هێرش بردنیان بۆ خوراسان، لەحاڵێکدا کە بەشێك لە لەشکری "گۆران"ەکان شەڕیان دەکرد، گرووپێکیان خەریکی زیکر بوون و هەر بەم بۆنەوە تیری دوژمنەکانیان بەرنەدەکەوت. هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا نووسییویەتی جارێکیان "شاه نعمت الله کرمانی/ 1431– 1329 " لەگەڵ یەکێك لەدەروێشەکانی ئەهلی حەقدا سەرقاڵی زیکر بوون، کەسێك بە شمیشێر هێرشی کردە سەر ئەو کەسایەتییە، ئەو زاتە پیرۆزە هەستی بە زەربەی شمشێرەکە نەکرد، بەڵام کاتێك کە هاتەوە سەرخۆی چاوی بە هێرشبەرەکە

کەوت کە سەری بڕا بوو و لاشەکەی لە گوشەیەکدا کەوتبوو[1]. ئەم ڕووداوە هەمان چیرۆکی "سبحان ما اعزم بەشانی" بایەزیدی بەستامی وە بیردەهێنیتەوە.

نووسەری کتێبی "گرایق الحقایق" دەربارەی فیرقەیەکەوە کە دەچوونە ناو ئاگر و "حسین اللهی" دەناسرین و نووسەر خوی لە شەوی نۆهەمی مانگی موحەڕەمدا کردارەکانیانی بە چاو بینیوە، دەنووسێت: بۆئەوەی باشتر ئاگام لە کردارەکانیان بێت، ئیزنم لێوەرگرتن و لێیان نزیك بوومەوە، ئەو جەماعەتە دوای دوو سێ کاتژمێر شیوەنکردن و گەڕان و هەڵسووران بە دەور ئاگرەکەدا، هەشت نۆ نەفەریان بە دەم شیوەنەوە چوونە ناو ئاگرەکەوە و تا نزیك ئەژنۆیان لە پشکۆدا بوو، بەڵام بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات کە ژێر پێیان پشکۆیە و ئەوەندە بەناو پشکۆکاندا سووڕانەوە، تا هەمووی دامرکا و بوو بە خەڵووز[2].

سەبارەت بە هزری یارسانی پێویستە بگوترێ کە پێش لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی تەسەوەف "سۆفیزم" عیرفان و پەرەی سەند، بەتایبەت لەکوردستاندا، ئەم هزرە کە لەسەردەمی "میترائیسم"ەوە سەری هەڵدابوو بە وەرگرتنی گشت ئەو حەقیقەتانەی لەدرێژایی مێژوودا بۆ مرۆڤەکان ئاشکرا ببوون، خۆی دەوڵەمەند کردبوو و لەوپەڕی گەشەسەندندا بوو. دواتریش فیرقە جیاجیاکانی تەسەوف دوای سەرهەڵدانیان ئاوێتەی هزری یاری بوون، کە لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین.

کەواتە نابێت و ناتوانین یارسان بەیەکێك لە فیرقەکانی غالی بزانین و بەو شێوە پێناسەی بۆ بکەین. بەتایبەت کە بنەماکانی ئەم هزرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش لە سەرهەلدانی زەردەشت. لە واقیعدا دەتوانین بڵێین دانیشتوانی زاگرۆس وێڕای پاراستنی بیروبۆچوونەکانی تایبەتی خۆیان، تاسەرهەلدانی شاخۆشین لە هەر ئایین و ڕێبازێك کە بەدرێژایی مێژوو دەرکەوتووە بەهرەمەند بوون و توانیویانە حەقیقەتەکانی هەر ئایینێك وەربگرن و لە هەمان حاڵدا بنەما فیکرییەکانی خۆیان بپارێزن. بەم پیی یە بەوتەی "ئەبوو مەنسووری عەبدولقادری بەغدادی" یارسانەکان لە بنەڕەتدا "مەجووس"ن و مەجووسەکان چوار فیرقەن. مەجووسییەکان، مەسخییەکان، خورەمییەکان و بێهئافەریدییەکان[3]. کە هەر چوار فیرقەکە لە یارساندا تواونەتەوە و ئاوێتەی ئەم هزرە بوون. کەواتە یارسانەکان هەر ئەو مەجووسانەن کە قورئان لە سورەتی حەج ئایەتی 17دا ئاماژەی پێکردوون و ئەوانی بە ئەهلی کیتاب داناوە. دەربارەی ئەفکار و بیروڕای یارسانی ئەبێ بڵێین کە پێش فۆرماسیونی سوفیگەری و عیرفان و پەرەسەندنی لە ناوچەگەلی جوراوجور بەتایبەت لە کوردستان، ئەم ویینە سەیری تەواو بوونی خوی لە سەردەمی "میهر"ەوە تێپەڕاندووە و بە هەڵگرتنی ئەو حەقیقەتانەی کە لە دریژەی مێژوودا بو ئینسان دەرکەوتووە بە کامیلترین شێوە جیلوەی کردووە کە دواتر تەریقەتگەلی جوراوجوری سوفیگەری دوای فۆرماسیون، لەگەڵ وینینی یارسانی تێکەڵاو بوون کە بەشێك لەوانە دەخەینە بەرباس.

---

[1]– یادداشت هایی در مورد گایفه اهل حق ، مینوورسکی

[2]– گریق الحقایق، جلد اول، ص 532

[3]– الفرق بین الفرق در تاریخ مزاهب اسلام، ص: 257.

بەهۆی ئەوەی کە ئایینزاگەلی "غەلات" لە درێژەی مێژووی خویاندا تووشی زەبرو ئازار و ئەشکەنجە و سەرکوتکردن بووگن، روانگەی یارسانی کارگەلێکی وای کردووە کە ئەم ئایینزاگەلە بەشێوازی نهێنی لەو سەرکوتکردنە دوور بکەون و ئەمری ئایینی و پروپاگەندەی دینی خویان درێژە بدەن.

یەکێك لە هۆکارگەلی باسکراو کە پێشتر باسی لێکرا نزیك بوونی باوەڕی ئایدیۆلۆژیکی ئایینزاگەلی "غەلات" لەگەڵ یارسانی وەك مرۆڤ خودایی، رێزلینان لە کەسایەتی حەزرەتی عەلی "دروودی خودای لەسەر بێت" و ئیمامەکان، بڕوا بە گەڕانەوە، یەکگرتنەوە، سەرهەڵدان، وحدەالوجود و فرەباوەڕی یان فرە ناسینییە.

هەروەها یەکێکتر از هۆکارگەلێك کە ئەتوانین ئاماژەی پیبدەین هەبوونی مینتالیتەی کراوەی یارسانی و قبوولکردنی خەلکی سەرەڕای ئایین و بروابیروبۆچوون و ئایدیایە. ئەو شێوە نیگا دڵفراوانە لای یارسانی ئەبێتە هۆی دڵکراوەیی و دڵفراوانی لە کێشەگەلی کۆمەڵایەتی و رامیاری سەبارەت بە ئەویدی و بۆیە لە کۆمەڵگای یاریدا هەرگیز روانینی قینەوەرانە و دوژمنی کردن لەگەڵ پەیرەوکەرانی ئایینگەلیتر نابینریت. ئەم شێوە روانینە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئایینی یارسانی هەر لە "خووزستان" تا "رووسیا" زۆرتر لە شەڕوقین و دوژمنی خەریك پتەوکردنی پیوەندیگەلی ئایینی نێو خۆ بیتەوەو ئەو حکوومەتانەش کە لە دڵی ئایین و بۆچوونی یارسانی سەر هەڵدەدەن کەمتر سیمای شەڕ و دوژمنی و سەرکوتکردنی ئەویدیان پێوە دیار بێت.

بەپیمەوانە ئەبینین کە رێزو حورمەتی ئەویدیش دەگیردریت کە دەتوانین جیگە پیی ئەم ئیدیعایە لە حکوومەتگەلی سەفەوی و لەشکەری قەرەقویوونلوو و نادرشا و زەندییەو... بدۆزینەوە. هەر ئەم شتە بووە هۆی ئەوە کە کەسایەتی "غالی" یان هەر کەسایەتییەکی دیکە کە ئەچووە ژێر حیمایەی یارسانەوە بە پاراستنی بیروبۆچوونی پێشووی خوی، بێتە پێناسەکەری ئایینی یارسانی کە بەو دڵفراوانییەوە قبووڵی کردووە و لە مەترسی نەیاران پاراستوویەتی.

ئەم باسە لە دواییدا ئەبێتە هۆی ناکوکی نێوان کۆمەلگای یارسانی بەتایبەت دوای سەردەمی "پردیوەر". ئەهلی حەق فیرقەیەکی عیرفانی بووە کە جگە لە سوفیگەری و حیکمەتی ئیشراقی، ئیدەگەلێك از بیروڕای جوولەکە و مەجووس و مانەوییەیشی لەگەڵ برێك لە ئەفکارو ئەندیشەگەلی شێعە و "غەلات" بەتایبەت "دروزییە" و "نەسیرییە" تێکڵاو کردووە و هیدی هیدی رەگەی سوفیگەری لەم ئایینەدا بەهێزتر بووەتەوە.

بۆ راڤەکردنی ئەندیشە، ئایدیا و وتەکانی ئەم ئایینە، ئەبێ ئاشنایتمان لەگەڵ هەموو شاخەکانی مرۆڤ ناسی بێت.

ئەڵبەت ئەو باسە کە سەبارەت بە ئەهلی حق دەکرێت کە گوایە یەکێك لە شاخەگەلی "غەلات"ە.یان ئەفکار و ئەندیشەگەلی سوفیانەتییدا دەستی باڵای هەیە ناتوانی دروست بێت لەبەر ئەوەی کە زۆریەك لە ئایین و ئەندیشەکان بەبێ ئەوەی هەڵگری بیروبوچوونی یەکتر بن لە برێك ریی و رەسمدا لەیەك دەچن.

هـەروەها بـەپیی ئـەم روانگەیـە یارسـان لـە قۆنـاغی حەقیقـەت دایـە و جگـە لـە حەقیقـەت و قـووڵترین ئەندیشەکان، هیچکیتر قبووڵ ناکـات و لەبـەر ئـەوەی هـەموو ئایینـەکان ـ چ ئاسمـانی و چ نائاسمـانی ـ هەڵگری بەشێك لە حەقیقەتن، ئاییني یارساني بە هەڵگرتني حەقیقەتي ئایینەکانيتر ئەگەیەتە ئەوپـەڕی پێ گەیشتن و کەماڵ.

و ئەم بارووددۆخە بووتە هۆی ئەوە کە زۆربـەی پسـپوران، وینـیني یارسـاني وەك یـەك ئـایین تێکـەڵاو لـە "میهرپەرسـتی"، "زەردەشـتیگـەری"، "زروانیسـم"، "هیندودیسـم"، "بوودیسـم"، "ئـاییني کونفوسیوسی"، "خاچ پەرستی"، "مانەوییەت"، "مەزدەکیسم"، "ئیسلام"، "ئیسلامی سوفیگەرانە" یا "ئایینزاگەلی غالی" و تەنانەت فەلسەفەی مودرنیسمیش پێناسە بکەن...

ئەڵبەت نـابێ ئـەوە لـەبیر بکـەین کـە بـۆ لێکچـووني یارسـان لەگـەڵ ئـەم ئایینگەلـە لـەباری ئەندیشـە و ئایدیۆلۆژی، دەتوانین نیشانەگەلێك فرە لە کەلامی سەرەنجامدا بدۆزینەوە. یەکێکیتر لە هۆکارگەلی ئەم جۆرەروانین و پێناسە لەلایەن پسپۆڕانەوە، تێنەگەیشتن لە رەمز و رازی وینیني ئەهلی حەق بووە. لەبەر ئەوەی کە ئەم ئایینە بە دریژایی هەبووني خـوی، باسـی داهـاتوو و تەوەرگـەلی جوراوجـور دەکـات. بـۆ نموونـە "شاخوشـین" "سـەدەی چـوارەم"، "باباسـەرهەنگ" "سـەدەی پینجـەم"... یـا "بابـا نـاوس سەرکتی" "سەدەی شەشەم" کە سەری هەڵداوە هەموو شایەتی لەسەر سەرهەڵداني سوڵتان ئیسحاق لە سەدەی هەوتەم دەدەن.

لـە واقیـعدا، یـاراني تایبـەت بـە دریـژایی زەمـەن، لـە ئیسـلام بـەرەو ئـەملا، وردەکاریگـەلی سـەرەتایی سەرهەڵداني سوڵتان ئیسحاقیان وەدیهناوە و تەنانەت لەم کەلامگەلەیشدا "کەلامگەلی پـێش پردیـوەر" ناوگەلی زاتیان لە پردیوەردا وتووە و دوای ئـەوش کەسـانێك هـاتوون کـە لەسـەر تـەوەری ئاینـدە بـیني پیداگریان کردووە ئەمە لەحاڵێکدایە کە هیچکام لە ئایینزاگەلی "غەلات" پێشتر ئەم باسەیان نەهیناوەتە ئاراوە. لەواقیعدا ئەمە ئایینزاني "غەلاتە" کـە بەشـێکە لـە ئـەهلی حـەق لەبـەر ئـەوەی کـە ناوونیشـاني هەموو ئەم ئایینزاگەلە ئەهلی حـەقدا هەیـە و هـەموو ریبـەراني لـەباری دەروونـی و پیوەنـدی مەعنـەوی گەیشتوونەتە ناوەندی بنیاتی ئەهلی حەق و لەگەڵ ریبەران و گەورەکاني ئەهلی حەقدا یەکیکن هەر ئەو جۆرە کە پێشتر باس کرا بنەڕەتی ئەم روانگەیە هەڵدەگەرێتەوە بۆ پێش لەدایك بووني زەردەشـت و لـە واقیـعدا خـەڵکاني دانیشـتووی زاگـروس بـە پاراسـتني بیروبوچـوون و بڕواگـەلی سـەردەمی خۆیـان تـا سەرهەڵداني شاخوشین، لەهەر روانگە و وینیني ئاییني کە لە دریژەی مێژوودا سەری هەڵـداوە بـەهرەیان وەرگرتـووە و ئەگەرچـی بەشـێك لـە حەقیقەتـەکاني ئـەو ئایینـەیان وەرگرتـووە بـەڵام بڕواگـەلی کـۆن و رەسەني خۆیان هەروا پاراستووە.

کەوایە بەپیی وتە ـ بەڵگەی "ابومنصورعبدالقاهر بغدادی" یارسانییەکان لە مەجووسن کـە دەبنـە چـوار گرووپی "زروانیان"، "مەسخیان"، "خورەمیـان" و "بـە ئافەریـدان" کـە هـەر چـوار گرووپـی تێکـەڵاوە

ئایینی یارسانی دەبن. بەم جۆرە "یارسانی" ئەو "مەجووسانەن" کە قورئان لە سوورەتی حەج ئایەتی17 ئاماژەی پێدەکات و ئەوان وەك "ئەهلی کتێب" پێناسە دەکات.

هەروەها دەتوانین بە سەرزەوی زاگروس بەتایبەت هەورامان و ریگا شاخاوییەکەی ئاماژە بدەین کە دیرتر لە ناوچەگەلی‌تر تەسلیمی ئیسلام دەبن. لەم بەشە لە باسەکەماندا چەند ژێر شاخەی ئایینی وەك "عەلەوییە"، "بەکتاشییە"، "سەفەوییە"، "حرووفییە"، "موشەعشەعییە"، "نوور بەخشییە"، "حەیدەرییە" و پیوەندی کۆمەڵایەتی و لێکچونگەلی فیکری هاوبەش نێوان ئەو ئایینزا و ئایینی یارسانی دەخەینە بەر لێکولینەوە ئەڵبەت یارسان لەگەڵ کەسایەتیگەلی سەر بە فەلسەفەو ئایینی جۆربەجۆریش لێکچوونگەلێکی هەیە کە هەر لە سەرەتا تا سەردەمی قاجار دەتوانین ناویان لێ ببەین. یەکێك لەوانە "ابن عربی"یە کە فەلسەفەی فیکری ئەو "وحدت‌الوجود" بووە و یان "شیخ‌الدین سهروردی" کە باس لە دوو تەوەری عەقڵ و عیشق دەکات و لە تیۆری خوداناسی‌دا فەلسەفە و باوەڕی خوی پێناسە دەکات. یارسانیش بە قایل بوون بە "وحدت‌الوجود" ئەڵبەت بە روانین بە یەکتاپەرستی ئەژماری و هەبوونی تەواوییەتی یەکتاپەرستی ئیشراقی ـ گرینگی دەدات بە دوو تەوەری عەقڵ و عیشق. بەواتا هەم یاسا و ئەخلاقی هەیە کە روانگەی کۆمەڵناسی ئەوەیە و هەم عیشق و ئوستوورەی هەیە کە باسی میتافیزیك دەکات.

لە **تورکیای** ئەمرۆدا کە بەشێکە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پیشوو، چەند ئایین و ڕێبازی فیکری پەرەیان سەندووە و تاهەنووکەش بوونیان هەیە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە بەکتاشییە[1] عەلەوییە، ئەهلی سوننە و ئەهلی شەریعەت بکەین.

---

[1]– بکتاشییە ڕێبازی پێڕەوانی (حاجی بەکتاشی وەلی)ن کە (بالیم سوڵتان/ کۆچکردووی ساڵی 922 زایینی) بەکۆکردنەوە و دەستنیشانکردنی بنەماو یاساکانی چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ دانا. ئەم ڕێبازە پەیوەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ هزری یاریدا هەیە و دەتوانین بڵێین جگە لەو داب ونەریت و تایبەتمەندییە نەتەوایەتی و ناوچەییەی کە ئاوێتەی ئەو ڕێبازە بووە، لێکچوونێکی تەواویان هەیە. حاجی بەکتاش کە ناوی تەواوی (موحەمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی مووسا خوراسانی)یە و لە نەیشابوور لە دایك بووە، ڕوودەکاتە (ئاناتولی) لە سوپای (یەنی چری)دا لایەنگرێکی زۆر ڕووی تێدەکەن. ئەو کەسایەتییە ڕێبازێك پێکدەهێنێت کە لەسەدەکانی نۆهەم و دەهەمدا دەبێتە ئایینی فەرمی سوپای یەنی چری و بەهۆی ڕۆڵی ئەو سوپایە لە شەڕ و دواتر داگیرکردنی (نیمچە دوورگەی باڵکان) لەو ناوچەش بڵاودەبێتەوە. بەسەرهاتی حاجی بەکتاش نادیار و تەموومژاوییە و زۆرتر لە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی دەچێت. بەڵام ئاشکرایە کە لە سەرەتادا پێڕەوی ڕێبازی (بابایی) بووە کە ئەم ڕێبازە یەکێك بووە لە لقەکانی ڕێبازی مەلامەتییە لە خوراسان. ئەو کەسایەتییە لە ساڵی 738ی کۆچی لە گوندی بەکتاش، لە نێوان شارەکانی قوونیە و قەیسەرییە کۆچی دوایی دەکات. لە ڕێبازی بەکتاشییەدا پێنج پلەی ئایینی دەست نیشان کراوە کە بریتین لە:
(موجیب). ئەم پلە تایبەتە بەو کەسانەی سەرسپوردەی یەکێك لە (بابا)کان دەبن. پلەی دووەم (دەروێشی)یە. دەروێش بە موجبێك دەگوترێت کە دان بە دەروێشی دا بنێت و داخڵی (تەکیە)یەك بێت و بۆ ماوەیەك خزمەتی ئەو شوێنە بکات. پلەی سێهەم (بابا)یە. دەروێش دوای ئەنجامی گشت ئەو ئەرکانەی لە سەرشانی دانراوە بە پشتگیری موجب و دەروێشەکانی تر، پلەی بابایی وەردەگرێت و ئیزنی پەروەرد کردنی پێدەدرێت. پلەی چوارم (تجرد)ە. تەجەرود بەو دروێش یان بابایانەی دەگوترێت کە بە خواستی خۆیان زەماوەند ناکەن و دوای تاشینی سەر و کونکردنی گوێچکەی ڕاست، بۆ هەتاهەتایی خزمەتی ڕێبازەکەیان دەکەن.
پلەی پێنجەم (خەلیفە)یە. هەر کەسێك بیەوێت بگاتە پلەی خەلیفە، پێویستە لانی کەم پشتگیری سێ بابای (موجەرەد) وەربگرێت: (بڕوانە: سبحانی و انصاری، ص: 527 ـ 529).

ئـایینی سـوننە ئـایینی فـەرمی و گشـتگیری تورکیـای عوسمـانی بـوو و ڕێبـازی بەکتاشـییش، بـەهۆی بڵاوبوونەوەی لەناو سوپای تورکیـا "یـەنی چـری"یەکانـدا لەلایـەن حکوومـەتی عوسمانیـەوە پشـتگیری لیدەکرا. لە تورکیای ئەم سـەردەمەدا جیـا لـە ئـاییـنی فـەرمی، بەکتاشـیگەریی و عەلەوییـە دوو ڕێبـازی فیکری بەرچاو و دیاری کراو بوون، کە بەنهێنی سیریمونیای ئـاییـنی خۆیـان بـەڕێوەدەبرد و لەسـەرەتادا پەیوەندییەکی ئەوتۆشیان لەگەڵ یەکدا نەبوو.

بەکتاشییەکان لەناوچەکانی "ڕۆم ئیلی" واتە لە بەشـی ڕۆژئـاوای عوسمـانی و لەناوچـە داگیرکراوەکـانی ئـەورووپادا نیشـتەجێ بـوون و عەلەوییـەکان کـە "قزلبـاش"یشـیان پێـدەگوترا، لەبەشـی ڕۆژهـەڵاتی عوسمانی، نزیك سنوورەکانی ئێران نیشتەجێ بوون. بەڵام بەپێچەوانەی ڕێبازی بەکتاشـییە کـە لەلایـەن حکوومەتەوە پشتگیری لێدەکرا، عەلەوییەکان بەهۆی نزیکی بیرو بۆچـوونەکانیانەوە لـە ئـاییـنی فـەرمی حکوومەتی "سەفەویە" لەلایەن حکوومەتەوە وەك دوژمن سەیریان دەکـراو ڕووبـەڕووی عەزیـەت و ئـازار دەبوونەوە. دوژمنایەتی لەگەڵ عەلەوییەکاندا کە ئیشق و قزلباش و ڕافزی شـیان پێـدەگوترا، بەتایبـەت لەسەردەمی سوڵتان سەلیمدا گەیشـتە ئەوپـەڕی خـۆی. پـەیڕەوانی ئـەم ئاییـنزایـە، بەمەبەسـتی سـووك کردنەوەی گوشاری حکوومەت، نکۆڵیان لـە ناسـنامەی نەتەوایـەتی خۆیـان دەکـرد و خۆیـان وەك تـورك دەناساند، ئەم نکۆڵی کردنە تا هەنووکەش هەر دەبینرێت. بەڵام بەبەردەوامی لە سەر بیروباوەڕی ئاییـنی خۆیان پێدا گرییان کردووە.

ئەڵبەت ئەو گوشار و سەرکوتکردنانەش بێ بەرپـەرچ نەبووە و تائێستا بووەتە هۆی چەندەها سەرهەڵدان و شۆڕشی عەلەوییەکان لە کوردستان دا. زۆربەی عەلەوییەکان لەشـار و ناوچـەکانی سـیواس، دەرسـیم، تکە، حەمید و زولقەدر نیشتەجێن. ئەڵبەت نە ئەوەی کـە هـەموو قیزیلبـاش و عەلـەوی بەتـەواوی کـورد بـزانین بـەڵکوو لـە کتێـب و پەرتووکـەکاندا نیویـك لـە کـورد بـوونی عەلـەویان نـەبڕاوە و وەك "تـورکی قیزیلباش" پێناسە کراون. بۆ نموونە "گردلیفسکی" دەنووسیت: "گومان لەوەدا نییە کە قیزلباشەکان، لە تورکە شێعەکانن کە لەژێر کاریگەرییەتی خاچ پەرستی "کەنیسەی گریگووری ئەرمەنی" و باوەڕگـەلی مێژینەیی ئاسایی کۆندا ریگەی نویی ئاییـنی خویان دۆزیوەتـەوە. دەربـارەی سـەرهەڵدانی عەلەویگـەری دەبێ بڵێین کە ئەو بزووتنەوەیە وەك زۆربەی سەرهەڵدانەکانی دیکەی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ سەدەی سـیهەم زایـینی واتـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی "مـانی" کـە لـەژێر کاریگەرییـەتی ئیسـلام، ئەندیشـە و بیروبۆچوونی سوفیگەری و خاچ پەرستیشـی لـەنێو خویـدا جیگـە کردوتـەوە. عەلەوییـەکان بڕوایـان بـە گەڕانەوە و دوور نادوریش هەیـە و ڕێبـەری ئـاییـنی خویـان بـە "دەدە" نـاو دەبـەن یـەکێك لـە ڕێبـەرانی عەلەوییە "چەلبی ئەفەندی"یە کە لە سەدەی بیستەم وا ژیاوە. دەدە لـە بنەماڵەیـەکی تایبـەت بـەناوی "شیخ خوویبار"ە و ماڵی ئەو زۆرتر جێگای کۆ بوونەوەگەلی ئاییـنی "جەمە". لە ریی و ڕەسمی جم کـە "دەدە" بەرپرسـایەتی دەکـات "سـەماع"یـش دەکریـت و بەوجۆرەیـە کـە "دەدە" سـروودی ئـاییـنی دەربارەی پلەی بەرزی حەزرەتی عەلی دەخوینیت و هاوکـات لەگـەڵ ئـەو سـرووده جۆریـك "سـەماع"ی

عیرفانی پەیدا دەبێت. عەلەوییەکان هەموو پینج شەبنانە بەرۆژوو دەبن و هۆی ئەو رۆژوو گرتنە، شەهید بوونی حەزرەتی عەلی لە رۆژی پێنج شەممە دەزانن. کەعبەی عەلەوییان مەرقەدی حاجی بەکتاشە کە رۆژی دەیەم مەحەرەم، کاتی بەریوەچوونی رییورەسمی حەجی ئەوان دەبێت بەڵام نابێ لەبیر بکەین کە مەرقەدی گەورە پیاوانی موسڵمان و سەیدەکانیش بۆ ئەوان جێگای رێزو حورمەتە و پایە بەرزانە سەیری دەکەن کە ئەمەش هەبوونی پیوەندی نێوان یارسانی و عەلەوییە دەسەلمینێت.

"بیورووك" یان "بیارق" کتیبێکە کە پەندی ئایینی و مەسایلی دینی عەلەوییەکانی تیدایە و کتێبی پیروزی ئایینی ریزی دەگیردرێت. "زۆربەی کتێبە پیرۆزەکانیان لە کاتی شەڕی تورك و رووس لە ناو چووە"...

قیزیلباشەکانی تورکیا لە ئاخافتندا خویان وەك "عەلەوی" پێناسە دەکەن. دەرویشیکی ئەهلی حەق بەمنی وت: لە تورکیا ئیمە بەنیوی عەلەوی دەناسن... نووسەرانی بەشی کوردستان ناسی لە ئینسیلکوپدیای بریتاینکا "سیرئیح. راولیسنون و سیر چارلز دەبلیو ویلسون"، عەلی اللهی دویسم و ئەهلی حەقی زاگروس لە تەنیشت یەکدا وەسف دەکەن.

پێویستە ئاماژە بکرێت کە لەسەرچاوە کۆنەکاندا هیچ ئاماژەیەك بە کوردبوونی عەلەوییەکان نەکراوەو بەبەردەوامی بە "قزلباشی تورك" ناویان لێبراوە.

بەهەرحاڵ، سەرهەڵدانی رێبازی عەلەوی دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی حەوتەم و هەشتەم، واتە ئەو سەردەمەی کە پیربنیامین رووداکاتە تورکستان و لەو ولاتە چالاکی ئایینی دەنوێنێت.

ئەڵبەت لە تورکیای ئەو سەردەمەدا، بێجگە لە "ئەحتییە"کان و پەیرەوانی "شێخییە"، فەلسەفەی یەکبوویی و عیرفانیش بەشێوەیەکی زانستیانە لە تەکیە و خانەقاکاندا دەگوترایەوە. بەڵام بەهۆی چالاکییە ئایینییەکانی "شێخ عەلی سیاپۆش" و "شێخ حەیدەر" و "شێخ جونەید"وە کە هەرسێکیان لەلایەن دەوڵەتی سەفەویەوە پشتگیریان لیدەکرا ، لە ناوچەی ئاناتۆلی پەرەی سەند. هەروەها دەتوانین ئاماژە بە چالاکی کەسایەتییە یارسانییەکان لەو ناوچەیە بکەین. وەك "حسەینی سیاکووهی" کە لەسەرئەنجامدا بە "گلیمەکۆڵ" ناوی لێبراوە و لەگەڵ یارانی خۆیدا رووداکەنە بۆچوونەکانی "پردیوەر". هەروەها "شاوەیس قولی"ش لە ولاتی تورکستاندا، لەو ناوچانەی کە عەلەوییەکان نیشتەجێ بوون، چالاکی دەنواند. دوای ئەوان دەتوانین ئاماژە بە "بەعقووبی قووشچی ئۆغلی" بکەین کە بەباوەڕی هەندێك لایەن، یەکێك لە "بازبان"ـەکانی سولتان سەلیم بووە و بەهۆی رووداوێکەوە دەست لەکارەکەی هەڵدەگرێت و دەبێتە یەکێك لە یارانی "شائیبراهیم" و پاش ماوەیەك دەچێت بۆ تورکستان. هەروەها کوڕی یەعقووبی قووشچی ئۆغلی کە یەکێك لە شاعیران و "کەلام"زانان و گەورەکانی یارسانی لە ولاتی تورکستان بووە، ئەم کەسایەتییە لەکاتی خۆیدا سەرئەنجامی وەرگێراوەتە سەر زمانی تورکی.

لە دوای ئەم کەسایەتییانە دەتوانین ئاماژە بە "موحەممەد بەگ" و نەوەکانی، وەك "خان ئاتەش" بکەین کە لە ناوچەی ئاناتۆلی دا چالاکی ئایینیان بووە.

بەهەرحاڵ لێکچوویی و پێوەندی یارسانییەکان و عەلەوییەکان تـا ڕادەیەکـە کـە زۆریـەك لـە توێـژەران و کەسایەتییە سەرەکییەکانی عەلەوی بە ئاڵا هەڵگرانی یارسان دادەنێن. ئەڵبەت هەروا کە پێشتر ئامـاژەم پێداوە، کەسایەتییە سەرەکییەکانی یارسان لەسەرچاوەکاندا بە "نازناو" ناویان لێبراوە و هـەر ئەمـەش وای کردووە کە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نەبێت بۆ سەلماندنی ئـەوەی کـە ئایـا ئـەو کەسـایەتییانە لـە سەرهەڵدانەکانی عەلەوییەکانی ئاناتۆلی دا بەشـدارییان کـردووە یـان نـا؟ بـەڵام نکۆڵی لـە پەیوەنـدیی و لێکچوونی باوەڕە ئایینییەکانیان ناگرێت و دەرکەوتنی شـاوەیس قـولی و قووشچـی ئۆغلی و موحەممـەد بەگ لەو شوێنانەی کە عەلەوییەکان نیشتەجێن، ڕێخۆشکەر بـووە بۆئـەوەی کـە "خـان ئاتـەش" هـزری یارسانیان باشتر پێ بناسێنێت و باوەڕەکانی ئـەم ئایینـە زۆرتـر لێـك نزیـك ببێتـەوە. هـەر ئەمـەش وای کردووە کە تا ئێستاش ئەو ئاواتەی بۆ ناساندنی عەلەوییـەکان بـەکاردەبرێت، زۆربـەیان نـاوی بنەماڵـە و کەسایەتییە یارسانییەکان بن. لەوانە: ئەبداڵ بەگ، ئاتەش بەگ، نەبی لی، عەلی ئەڵڵاهی و هتد.

هەروەها داخستنی "جەم" و قوبانی کردن لە ناو عەلەوییەکاندا لە یارسـانەوە وەرگێـراوە. سـیریمونیای "سـەماع"یـش لـە "چـۆپی ڕەمزبـاری" یارسـانەوە وەرگێـراوە. بـەکارهێنانی "تـەمبوورە"ش لـە بۆنـە ئاینییەکاندا، لێکچوونێکی تەواوی لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو سازەدا لەلایەن یارسانییەکانەوە هەیە.

دانانی "سمـێڵ"یـش وەك ڕەمزێکـی ئـایینی لـەناو هـەردوو ئاییـنـدا بـاوە. سـەبارەت بـە بەکتاشـییەکان دەتـوانین بڵـێین هەرچـەند لـە درێـژایی مێژوویانـدا بـێ گێروگرفـت نـەبوون، بـەڵام بەبـەراورد لەگـەڵ عەلەوییەکاندا لە بارووددۆخێکی باشتردا ژیاون.

"بـەکتاش" بـەباوەڕی یارسـانییەکان و بـەپێی سەرچـاوە کەلامییـەکان، هـەمان "سـوڵتان سـەهاکی بەرزنجی"یە کـە لەنێوەڕاسـتی دەرەی پردیـوەردا سـەردانی بـاکووری کوردسـتانی کـردووە و لەئاسـیای بچووکدا بناغەی "بەکتاشییە" داناوە و دواتر لەلایەن "بالیم سۆڵتان" و گـەورە شـاعیرانی تـرەوە، وەك "قایغوسزئەبدال"[1] وەکە "بنیامینی مێهمان" بوو و هەروەها "پیر سوڵتان ئەبدال" و "مرید قول هیمەت پەرەی پێدراوە. پیر ئیسماعیلی کە وەلانی "یەکێك لە حەفتاو دوپیر" لەم بارەوە دەفەرموێ:

ئەو بەکتاشیان،.......      بارگەی شام وەستەن ئەو بەکتاشیان
نە پردیوەردا شام وەستەن ســــــڕخان      نە حـــاجی بەکتاش بروزدا نیشان
نییاش تــــــەریقەت دین عەلـــــەویان      هەفتەنان چـــەوگا یورتشان زییان
قایاقسز بنیام چـــەوگا بی عــــــەیان      گـــول بابا داوود میرد ڕووی مەیدان
شاهین بیانی مــــوسی دەفتەر خوان      مـــوستەفا چەوگا نامش بی عوریان

---

1– عارفگەلی شـاعیر و کوکـەرانێکی فـرە بـە نازنـاوی «قایغوسـوز» لـەنێو تورکـە شـیعەکان، بەکتاشـەکان و ڕێبازگـەلی ئاوەهـا بـووگن. ئـەو پەرتووکەی کە بەنیوی «رسالەی دڵ قایغوسوز» هـاتووە، بەشـێکە لـە یـەك «قـارا مجموعـە»ی تیکسـتە ئایینییـەکانی کتـێبی کـۆن تـورك کـە بەرهەمی خوالیخۆشبوو «فاخیر ئیز»ە. «قـارا مجموعـە» بـە کـوی کتێبگـەلی بنـەماکانی ئـەدەب دەگوترێـت کـە لـە لایـەن «موریـدە»کانـەوە نووسراوە و هەمووی بۆ شێخ سەفی یـان وتارەکـانی ئـەو دەگەڕێتـەوە. لـە بنـەمادا «قـارا مجموعـە» ئـەبێ نووسـراوەی «شـێخ سـەفی ئەالـدین ئەردەبیلی» بووبێت. (قارا مجموعە، د. سەید حوسەین محەمەدزادە سدیق، لاپەڕەی 101).

ڕەمز بار بی عبدال ئیسمش بی ویران　　　　زەردەجام غەزەل دەدەبی سولتان
ئـەیوەت نامش بی توراب ئەو زەمان　　　　هەفتە نان ئید بـی چەوگا یورتشان
پادشام هەر وەختی ڕەنگی دا نیشان[1]

بـەپێی نامیلکـەی "بسـاتی" کـە لەسـەردەمی "شاتەهماسـب"ی سـەفەویدا نووسـراوە و عەلەوییـەکان بە"مناقب و فرمایش بـزرگ" نـاوی لێدەبـەن، وا دەردەکـەوێ کـە بنـەماکان و بۆچـوونە بنەڕەتییـەکانی بەکتاشییە هەمان بنەماکانی ڕێبازی "ئەخییە"ن و بیری "ئەوپەرگری" تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

هـەروەها سەرچـاوە مێژووییـەکان دەری دەخـەن کـە بەکتاشـییە لـە کۆنـدا لەگـەڵ یـەکێك لـەڕێبازە سۆفییەکان، کە بـە "ئەیـدالانی ڕۆم" ناوبانگیـان دەرکردبـوو، پەیوەنـدییان هـەبووە. هـەر بـەم بۆنـەوە بەکتاشییەکان بە "ئەبدالانی بەکتاشی"ش ناویان لێبردراوە.

لە ڕێبازی بەکتاشییەشدا، وەك ڕێبازە سۆفییانەکان و ئەوپەرگرەکان، هەنـدێك لـە عیبـاداتی تایبـەت لـە جیاتی حوکمە شەرعییەکان دادەنرێت وەك:

ناردنی سەڵەوات بۆ دوانزە ئیمامی شیعە، لە هەموو بەیانی و ئێوارەیەکدا. خویندنی دوعـای "نادعـەلی"، نەخواردنەوەی ئـاو لـە دەرۆژی دەسـتپێکی مـانگی موحەڕەمـدا. داننـان بـە هەڵـە و گوناهـەکان لـە لای "باباشێخ" لە دوای مانگی مەحەڕەم. هـەروەها بەشـێوەی یارسـانەکان ڕۆژی یەکـەمی سـاڵ، واتـە ئـەو ڕۆژەی کە هەتاو لە "برجی حەمل"دا نیشتەجێ دەبێت، بە ڕۆژی لە دایك بوونی سوڵتان سەهاك دەزانن. ڕۆژی نەورۆزیشیان بەلاوە پیرۆزە و بـە ڕۆژی لـە دایکبـوونی حـەزرەتی عـەلی دەزانـن و ڕێـزی لێـدەگرن. هەروەها لەکاتی دیاری کراودا سفرەی میهرەبانی "دەم" ڕادەخـەن و بەکۆمـەڵ لـە دەوری کۆدەبنـەوەو سروودی بەکتاشی "نەفس" دەچڕن و "نەی" دەژەنن، کە چۆنییەتی بەڕێوەچوونەکەی، داخستنی جەم لەلای یارسانییەکان، وەبیردەخاتـەوە. کتێبـەکانی بەکتاشـییەکان، وەك یارسـانییەکان، زۆرتـر لـە سـەر شـیعر دانـراون و شـیعر لای ئـەم جەماعەتـە بایـەخی هەیـە و بـە زمـانی فارسـی، تـورکی و عـەرەبی و ئالبانیایین.

بەکتاشییەکان و عەلەوییەکانی ئاسیای بچووك لە سەرەتاوە پەیوەندییان پێکەوە نەبوو، بەڵام هەنووکـە ئەوەندە لێك نزیك بوونەتەوە کە دەڵێی یەك ئایینن و بە ڕاستیش هەروایە.

سەبارەت بە شۆڕش و سەرهەڵدانی عەلەوییەکان بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وانەی خوارەوە بکەین:

شۆڕشـی "بابائیسـحاق" لـە سـەردەمی سـەلجووقییەکانی ئانـاتۆلی لـەکاتی "غیاسـەدین کەیخوسـرەوی دووهەمدا "1246– 1236 ز" لە ناوچەکانی سیواس، ئاماسییە، توقات، چووروم و مەلاتییە.

هەروەها شۆڕشی "بەدرەین سەماوی" لەسەردەمی حکومەتی موحەممەد چەلبی لەناوچـەی ڕۆم ئیلـی و بالکان و شۆڕشی "شاقولی بابا" کە "بابا تکەلی " یان قەرابیق "سمێڵ ڕەش" یشی پێدەگوترا. شـاقولی بابا کوڕی "حەسەن خەلیفە" یەکێك لە جێگرەکانی "شێخ حەیدەر" باوکی شائیسماعیلی سەفەوی بوو،

1– سەرئەنجام، کەلامی بارگە بارگە، بەندی 54.

شاقولی بابا خەڵکی ئاوایی "یالم لی" سەر بە ناوچەی قورقودایلی، بوو و یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی "تکەلو" سەر بە عەشیرەتی "تکە ئیلی" بوو و هەر بەم بۆنەوە بە "باباتکەلی"یش ناوبانگی دەرکرد بوو.

هەروەها لە مانگی زیقعدەی ساڵی 933 ی کۆچیدا سەرهەڵدانێك لە ناوچەی "بوزووق" ڕوودەدات کە "قەدری هەرجابابا" ناسراو بە "سولن" و کوڕەکەی "شاوەلی" سەرۆکایەتی دەکەن.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی "سوکلون" قووچەئۆغلی لەناوچەی بوزقات و بابا زولنوون بکەین.

هەروەها شۆڕشی "وەلی خەلیفە" لە تورکمەنەکانی قەراعیسالو و دوموز ئۆغلان "تومووز ئۆغلان" لە ناوچەی ئادانە و شۆڕشی "یەکجە بەگ" لە ناوچەی ترسووس و شۆڕشی "قەلەندەرشا" شایانی ئاماژەن. پێویستە بگوترێت کە یەکێك لە سەرەکی ترین هۆکارەکانی ئەم شۆڕشانە زڵم و زۆر و گوشاری حکوومەتی عوسمانی بووە دەرحەق بەعەلەوییەکان، کە بەهۆی جیاوازی ئایینیەوە ئەنجامی داون و ئەویش بە بیانوی نزیکی ئایینی عەلەوی لە ئایینی شیعەگەری کە ئایینی فەرمی حکومەتی سەفەوی بووە، گومانی ئەوە دەکرا کە بەم بۆنەوە عەلەوییەکان یارمەتی سەفەوییەکان بدەن. ئەڵبەت ڕاستە کە پێش لەوەی ناوچەی ئاناتۆلی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە، عەلەوییەکانی ئەو ناوچەیە، بەهۆی نزیکی ئایینیەوە پەیوەندییان بە سەفەوییەکان، بەتایبەت لەسەردەمی شائیسماعیلدا هەبووە. بەڵام دواتر ئەم پەیوەندییە بەهۆی بێ سنووری دەستیوەردانەکانی سەفەوییەکان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئایینی عەلەوییەکاندا، بەرەولاوازی چووە و ناڕەزایی عەلەوییەکانی لێکەوتووتەوە، کە لە ڕووداوی "چاڵدێران" دا ڕۆڵی هەبوو.

شەڕی چاڵدێران بەم شێوە بوو کە دوای ئەوەی لە ساڵی 917 ی کۆچیدا "شاقولی بابا" لەگەڵ سوفییەکانی تردا ڕووی کردە ئێران و ناوچەکانی قرامان، سیواس و ئەرزنجانی داگیرکرد و سوپای عوسمانی تێکشکاند و دوو سەرکردەی عوسمانی "قراگووز پاشا" و "سوڵتان بایەزید خان علی پاشا"ی کوشت، "نوور عەلی خەلیفەی روملو لە ساڵی 918 ی کۆچیدا بە فەرمانی شائیسماعیل بە بیانووی کۆکردنەوەی سۆفییەکان و لایەنگرانی بنەماڵەی سەفەوی، هێرشی کردە سەر خاکی عوسمانی و شارەکانی قەرەحەساری شەرقی و مەلاتییەی داگیرکرد و بەناوی شائیسماعیلەوە خوتبەی خوێند. هەر لەو ساڵانەدا یەکێکی تر لە سەرکردەکانی قزلباش بەناوی "خان موحەممەدی ئستە جانلوو" قەلای دیاربەکری داگیرکرد و سوپاکەی "عەلائەدولەی زولقەدری" تێکشکاند و بووە هۆی ئەوەی کە شەو سەرکردەیە تەسلیمی شائیسماعیل ببێت و لەعوسمانییەکان دوور بکەوێتەوە. ئەم هێرشانە بووە هۆی لەشکەرکێشی و هێرشی سوڵتان سەلیم بۆ سەر ئێران.

سوڵتان سەلیم لەشکەر کێشییەکەی خۆی لە "ئەدرنە"وە دەستپێکرد و لەڕێگای "ئاق شەهر" و "سووشەهر"ەوە سنوور دەبەزێنێ و دەچێتە خاکی ئێران.

پێویسته بگوترێ کـه هەڵسووکەوتی شائیسـماعیل لـه هەمبـەر کوردەکانـدا بـه هـەمان ئەنـدازەی "ئـاق قویوونلو"ەکان زاڵمانه و توندوتیژ بوو و هەر ئەمەش بووه هۆی ئەوه که سەرکردەکانی ئاناتۆلی له گـەڵ "یاوزسوڵتان"دا ڕێك بکەون.

ئدریسـی بەدلیسـی لـه داگیرکردنـی دیاربـەکر و ناوچـه ڕۆژهەلاتییـەکان دا، ڕۆلێکـی گرینگـی هـەبوو و خزمەتێکی زۆری بەحکومەتی عوسمانی کرد. ئەم کاسایەتییه توانیویەتی لەگەڵ ئەمیره کوردەکان دیدار پێکبهێنێـت و هانیـان بـدات بـۆ هاوکـاری کردنـی دوڵـەتی عوسمـانی و لـه کارەکەیـدا سـەرکەوتنی بـه دەستهێنا، بەم بۆنەوه ئەمیره کوردەکانی ورمێ، ئێراق، عەمادیه، جـیزه، ئـەکیل، بـەدلیس، خیـزران، گارزان، پالو، سیرت، حەسن کیفا، میافارقین، جەزیرەی ئیبنی عومەر و بەگشتی ئەمیری بیست و پێـنج ناوچەی لەگەڵ عوسمانییەکاندا ڕێکخست که چوار کەس له ئـەمیره هـەره بـەهێزەکانی ئـەو سـەردەمه، "ئەمیر شـەرف خـانی بەدلیسـی" حـاکمی بـەدلیس و مـەلکی خیـزران "ئـەمیرداوود" و "مـەلك خـەلیلی دووهەم" حاکمی حسەین کیفا و "سوڵتان حسەین" حاکمی عمادیەشیان له گەڵ بوو.

**سەفەوییه**

سەفەوییه له سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا پەیڕەوانی ڕێبازی سەفەوییه له یارسان نزیك دەبنـەوه و یەکیی تییەك له نێوانیاندا پێکدێت، ئەوەش لەسەردەمی شێخ سـەفییەدینی ئـەردەبیلی دا، لـه سـاڵی 675 ی کۆچیدا دەقەومێت. لەو ساڵەدا شێخ سەفییەدین دەگاته خزمەت "تاجەدین ئیبراهیم" ناسراو به "شـێخ زاهیـدی گیلانـی" یـەکێك لـه شـاگردەکانی "عەینـه دیـن زەمـانی جەمالـەدین گیلـی" شـاگردی نەجمەدین کوبرا و ئەویش بەپێی نەریتی ڕێبازەکه بۆ کەمەربەستن دەینێرێت بۆ پردیوەر. چۆنییەتی ئەم ڕووداوه له سەرئەنجامدا به وردی نووسراوه [1].

ئەڵبـەت هـەروا کـه پێشـتر ئامـاژەم پێکـردوه، هـزری یـاری پێـداگری تـەواوی کـردووه بـۆ شـاردنەوەی "نهـینی"ی ئایینەکـه و شـاردنەوه و نەدرکانـدنی ڕاسـتییەکان و بـەنهێنی هێشـتنەوەی نـاو و نیشـانی کەسایەتییه ئایینییەکان. هەر بەم بۆنەوه زۆربەی کەسایەتییەکان بـه نازنـاو، ناویـان لێـبراوه و ڕووداوی چاوپێکەوتنی شێخ سەفی و سوڵتان سـەهاك لـه پردیـوەریش بـه ئاشـکرا باسـی نـەکراوه و لەسەرچـاوه مێژووییەکاندا ئاماژەی پێنەکراوه.

بەهەرحاڵ شێخ سەفی، دوای چوونی بۆ گەیلان و وەرگرتنی پلەی نوێنەرایەتی شـێخ زاهیـدی گـەیلانی، ڕێبەری ئەو ڕێبازەی وەرگرت و به نـاردنی "خەلیفـه" بـۆ وڵاتـانی دەوروبـەر، هـەروەها بـۆ کوردسـتان بانگەشه بۆ ئەوه ڕێبازه دەکات و پەیڕەو لایەنگرێکی زۆر بۆ ڕێبازی سەفەوییه کۆدەکاتەوه [2].

---

[1]– سەرئەنجام، دەورەی شێخ سەفییەدینی شەردەبیلی.

[2]– زندگی شاه اسماعیل صفوی، رحيم زاده صفوی، ص: 68.

توانایی و هێزی ئـایینی ئـەم بنەماڵە یـە دەبێتـە هـۆی بـەهێزبوونی ڕێبازەکـە و لـە ئەنجامـدا دەسـەڵاتی سیاسیان بۆ دەخولقێنێت، ئەڵبەت پێش لەوە دەستهێنانی دەسەڵاتە سیاسـی و پێکهێنـانی حکوومـەتی سەفەویە، کاریگەری زۆریان لە سەر دەسەڵاتدارانی پێش سەفەوییە هەبووە. بۆ نموونە دەیگێڕنـەوە کـە "ئەمیر تەیمووری گوورکانی" دەستی یارمەتی و دۆستایەتی دەداتە دەست "خواجە عـەلی سـیاپۆش" و دەبێتە موریدی ئەو[1].

ئەمیر تەیموور بۆ یەکەم جار لە نزیك چۆمی فـورات و جـاری دووهـەم لـە دزفـوول و بـۆ سـێهەم جـار لـە ئەردەبیل چاوی بە خواجە عەلی دەکەوێت و لێ دەپرسێت: چ خواستیکت هەیە تا بۆت دابینکەم؟ خواجە عەلی داوای لێدەکات دیلە ڕۆمییکان ئازادبکات، ئەمیرتەیموور ئەو ئارەزووەی بۆ جێبەجێ دەکات و گشت دیلەکان ئازاد دەبن. هەروەها ناوچەی ئەردەبیل دەگاتە وەقفی شێخ سەفی.

هیز و توانای ئایینی، سیاسی و ئابووری بنەماڵەی سەفەوی لەسەردەمی شێخ عەلی دا سـەقامگیردەبێت و پەرە دەستێنێت. گشت دیلە ڕۆمییەکانیش دەبنە سەرسپوردەی بنەماڵەی سەفەوی و داوتر دەچنە ناو ڕیزەکانی "قزلباش"ەوەو دەبنە هێزی سەرەکی ئەو سوپایە.

بەهۆی گوشاری "جەهانشای قەرەقویونلوو"وەوە "شێخ جونەید" ناچار دەبێت ئەردەبیل چۆڵ بکـات و ڕووبکاتە دیاربەکر و لەوێ لەگەڵ خوشکی "ئوزون حەسەن" زەماوەنـد دەکـات و لەگـەڵ تورکمەنـەکانی ئاسیای بچووك پێوەندی بنەماڵەیی پێکدەهێنێت و پاش ماوەیەك بـە لەشـکەرێکی بـەهێزی تورکمانـەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەردەبیل و لەم کاتەوە پروپاگەندەی ئایینی بنەماڵەی سەفەوی دەگۆڕدرێت بـۆ چـالاکی سیاسی و عەسکەری. دواتر بە ئەمری شێخ حەیدەر گشت موریدەکانی کڵاوێکی سوور لە سەر دەکەن کە کڵاوی حەیدەریشی پێدەگوترا. لەو کاتەوە هێزی عەسکەری بنەماڵەی سەفەوی بە قزلبـاش واتـە "کـڵاو سـوور" ناوبانگیـان دەرکـرد. ئـەم هێـزە لـە هـۆز و عەشـیرەتەکانی ئاسـیای بچـووك پێکهـاتبوو. وەك هۆزەکانی شاملو "بەگدلو"، عەیدلو، عەرەب گرلو و تلقاز، ئەستاجلو " تایفەکانی کەنگەرلوو شەرەفلو" زولقەدر "تایفەکانی سوکلان و شەمس دین لـو و حاجیلـەر و قزغلـو" قاجـار "تایفـەکانی ئیگرمـی درت" ئەفشار "تایفەکانی ئیمانلو و ئەلپلوو ئەسـالو" تورکمـان "تایفـەکانی پرنـاك و ئـوردە کلـو" ئیسـپیرلو و ڕۆملو "تایفەکانی قویلاحەسار" و قاراداقلو و بەیات و تالش ئالپائوت و قزاقلوو جاگیرلو و بایبورت لو[2].

پێوەندی ئەم هۆز و تایەفانـە لەلایـەن ئیسـماعیل، کـوڕە بچـووکەکەی شـێخ حەیـدەر، بـە بـەکارهێنانی مووردیدەکان و پەیك و پەیامنێرەکانی لە ئاسیای بچووکدا بەڕێوە دەبریا.

سەردەمی شکۆ و بەهێزی بنەماڵەی سەفەوی پیش لە دایکبـوونی شائیسـماعیل "25ی ڕەجـەبی سـاڵی 873 ی کۆچی" دەست پێدەکات کە موریدەکان ئەویان بە مورشدی کامل" دادەناو بەسۆفییەکانی سەر بەو بنەماڵە لە ناوچەکانی ڕۆم و قەراجەداغ و ئەهەر کۆدەبوونەوەو دیاری و خـەڵاتیان بـۆ دەبـرد. شـێخ

---

[1] – عالم ارای صفوی، ص: 25.

[2] – سازمان اداری حکومت صفوی، مینورسکی، ص: 24.

ئیسماعیل دوای پێنج ساڵ نیشتەجێ بوون لە ناوچـەی "لاهیجـان" سـەردەمەکەی بـە گونجـاو زانـی بـۆ دەرکەوتن و هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی بەرفراوان، لە ژێر ئالآی سۆفیگەری و ئایینداز بە بانگەشەکردن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی شەرعی کە بریتی بوو لە حکوومەتی "ئیهام مەهدی".

بەم شێوە بوو کە کوڕە بچووکەکەی شێخ حەیدەر چەند ساڵ دوای خۆشاردنەوە لە گـەیلان، بەیارمـەتی سۆفییەکان و موریدەکانی خۆی بزاڤی سەفەویی کە لە سەردەمی سەدرەدین و خواجە عەلییەوە دەستی پیکرد بوو، گەیاندییە دەرئەنجام[1].

یەکەم گروپ لەموریدەکانی کە بە هانایەوە هاتن، گروپێکـی پێـنج هـەزار کەسـی بـوون لـە موریـدەکانی سووریا و ڕۆم و پاش ئەوان گروپێکی حەوت هەزار کەسی لە سۆفییەکانی تورکیا و ئاسـیای بچـووک، کـە دەمێك بوو هزری سەفەوییەیان وەرگرتبوو.

تـاجرێکی خـەڵکی "ونیـز" لـە سـاڵی 1518 زایینـی سـەبارەت بـە خۆشەویسـتی شائیسـماعیل لـەناو موریدەکانیدا دەڵێت: خەڵك ئەو سۆفییەیان خـۆش دەوێـت و پایـەو پلـەی تـا ئاسـتی خوداوەنـدی بـەرز دەکەنەوە. زۆربەی عەسکەرەکانی بێ قەڵغان دەچنە مەیدانی شەڕ و هیوایان ئەوەیە کە سەرکردەکەیان "شائیسماعیل" لەکاتی شەڕکردندا چاوی پێیان بکـەوێت... بـە سـینگی بـێ بەرگـەوە هێـرش دەبـەن و هاواردەکەن شیك، شیك[2].

بەسەرکەوتن و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی سـەفەوییەکان لەناوچـەکەدا، شائیسـماعیل ئـایینزای شـیعەی دوانزە ئیمامی لە ئێران کردە ئایینی فەرمی و هەرکەس خاوەن بیروبۆچوون و ئـایینێکی جیـاواز ببوایـە، لە ناوی دەبرد.

هەروەها هەستا بەدەسـتتێوەردان لـە ئاسـیای بچـووك و بـە هانـدانی ئـەو: لـە سـاڵی 917 ی کۆچـیدا، شاقوولی بابای سەرکردەی سۆفییەکانی "تکەلو" هەرێمەکانی: تکە، قرامان و سیواسی ڕووتاندەوە و زۆر لە عەسکەرەکانی عوسمانی ئەو هەرێمانەی کوشت. بایەزیـدخانی عوسمـانیش بـەهۆی سـەرقاڵبوونیەوە بەدامرکانـدنی نافـەرمانی کـوڕە بچـکۆڵەکەیەوە، نەیـدەتوانی بەتـەواوەتی بـەرەنگاری ئاژاوەچـییەکان ببێتەوە و تەنیا بە نووسینی نامەیەکی ناڕەزایی بۆ شائیسماعیل پەسەندی کرد.

بەڵام دواتر فەرمانی دوورخستنەوەی شیعەکانی ئاسیای بچووکی بۆ سـوریا لەسـاڵەکانی 907و 908 ی کۆچی" دەرکرد.

بارووده‌ۆخی قەیراناوی و شۆڕشی بەربڵاوی شیعەکانی "تکە" لە سـاڵی 917 کۆچـی دەریخسـت کـە ئـەو بەشە لە ئاسیای بچووك لە مێژبوو ناوەندی بۆچوونە ئایینییە جۆراوجۆرە تازەکانە و هەر ئەمـەش بـووە هۆی ئەوە کە دوای کـوژرانی بایەزیـد بـە دەسـتپێکی حکوومەتەکـەی لـە وەرزی بـەهاری سـاڵی 918ی کۆچیدا، بارودۆخی شیعەکانی ئاسیای بچووك بەرەو خراپـی بـڕوات و مەترسـی شۆڕشـی سـەرلەنوێیان و

[1]– دنباله جسجو در تصرف ایران، ص 75.

[2]– سفرنامه یك تاجر در شرح سفرهای ایتالیائیها در ایران، انجمن هکلیوت.

هێرشی سەفەوییەکان، سوڵتان سەلیمی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە شیعەگەری لە وڵاتەکەیدا قەدەغە بکات و تا بۆی کرا لێیان بکووژێت[1].

ئیسماعیل حەقی ئووزون چارشی لی بە پێی "تاج التواریخ" دەیگێڕێتەوە: سوڵتان سەلیم سەبارەت بە شیعەکانی دانیشتووی ئاناتۆلی فەرمانێکی بۆ ئەمیرەکانی نارد کە بەپێی ئەو فەرمانە دەبوایە گشت شیعەکانی ئەو ناوچە لە حەوت تا حەفتا ساڵە، ناونووس بکرێن و بۆی بنێرن. دواتر فەرمانی کوشتنیانی دەرکرد و چل هەزار نەفەریان بەندکران، کە هەندێکیان لێکوشتن و توێڵی ئەوانی تریان داخ کرد، تا بناسرێنەوە.

ئەم ڕووداوە، واتە کوژرانی چل هەزار کەس لە شیعەکان، لە کەلامەکانی یارساندا ئاماژەی پێکراوە و هاوکاتە لەگەڵ دەورەی دووهەمی سەردەمی پردیوەردا. واتە لەسەردەمی شاوەیس قوولی دا بووە و هەر ئەویش بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین نامەیەك ئاراستەی سوڵتان سەلیم دەکات و لە ریگای یەکێك لە یارەکانی کە ناوی ئەحمەد بووە و بە عالی قەلەندەر ناوبانگی دەرکردبوو بۆی ڕەوانە دەکات."پیر ڕۆستەمی سو" سەرحەڵقەی حەفتاو دوپیر لەم بارەوە دەفەرموێ:

ژە مولکات ڕوم ژە ئی عەسر دوور — شـــای سەفاکی کەردە بی زوهوور

کەردی موسەخەر مولك بەغداد شار — کوشتە بی بیٚ حەد لەش وە بان لار

ئـــــــەعراب زەبون موسەلمان ژار — کوشتە بی لێشان ڕەد وە چل هەزار[2]

و ئەم بابەتە بەواتا نامە نووسرانی نێوان شائیسماعیل و سوڵتان سەلیم کە چەندین جار دووپات دەبێتەوە و هاتنی ئەو نووسراوەگەلە لە تیکستەکانی یارساندا کە تەوەرەکەی، نامە نووسینی "نەقیب یارسانی" "کە لەو کاتەدا شاوە سیقولی بووە" بۆ سوڵتان سەلیم و بانگهێشت کردنی ئەو بە عیداڵەتە کە بە ڕەستەیەکی زۆر جوان لەژێر ناوی "اژا حکمتم بکن الناس ان تحکم بالعدل" "کاتێك بەسەر خەڵكدا حکوومەت دەکەیت بە عەدل و داد حوکم بکە" کاردانەوەی دەبێت و ئاکامی ژیانی وی شەهید بوون لە بەغداوە کە ئەودەم بەشێك لە ئیمپراتووریای عوسمانی بووە.

لە لایەکیترەوە چالاکی عەلەوییەکانی ئاناتولی لەو سەردەمەدا لەوپەڕی تین و تاوی خوی بووە و لە لایەن شائیسماعیل وەك "پیرکامیل"- کە لەنێو عەلەوییەکان پلەی خودایی هەبووە و پیوەندیگەلێکی نزیکی لەگەڵ یارسانی لە سەردەمی شێخ سەفی باپیری و سەدرەدین خواجە عەلی بووە - پشتگیری کراوە و ئەبووە هۆی گەشە کردنی زۆرتری ئەو چالاکیانە، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە رۆاڵەتێکی روون و ئاشکرا لە رووداوەکانی ئەم سەردەمە زاتییە وەدەست نەکەویت.

بەڵام ئەو شتەی کە بەپیی بەڵگەنامەکان، زۆر ڕۆشن و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییەی کە لە کەلامی یارسانیدا وەك ڕێبەری ئەو ئایینە ناوی لێبراوە و دژ بە حکوومەتی عوسمانی ڕاپەڕیوە

---

[1]– جنگ چالدران، نصرالّله فلسفی، مجله دانشگاه ادبیات تهران، ش 2 سال اول.

[2]– سەرئەنجام دەورەی عالی قەلەندەر، بەندی 7.

شاوەسیقولییە کە جامی مەرگ بە شەهید بوون دەنوشیت و لەدوای شەهید بوونی بە "عالی قەلەنـدەر" ناوبانگ دەر دەکات.

لایەنی بەرانبەر بەو کە "شاوەسیقولی" شەهید دەکات سوڵتان سەلیمە کە ساڵی نیشتنە سـەر تـەختی ئەو "918 کوچی" هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی "عالی قەلەندەر"دا.

ئەم سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی دووهەمی پردیوەر کە باسەکەی بە تێروتەسەلی لە بەشی "ساداتی بەرزەنجە"دا هاتووە.

جـودا لـەوە "شائیسـماعیل" لـەو سـەردەمە کەلامییـەدا جیگایـەکی نییـە بـەڵام بـەپێی بەڵگەنامەگـەلی یارسانی لە یارسانی وەك قەڵایـەك دژ بـە عوسمـانی کـەڵکی وەرگرتـووە و ماوەیـەك توانیویـەتی بـەرەی "قیزیلباش_ یارسانی" پێك بینی. بەڵام ڕێژەی کوردەکان لـەناو سـوپای شائیسـماعیلدا زۆر کـەم بـوو و هیچ ناوێك لە "کەلهۆڕ"ەکان نەبراوە، ئەڵبەت ئاماژە بـە کوردەکـانی "پـازووکی" کـە لـەو زەمەنـەدا لـە دەڤـەری کیغـی و ئەلاشـکرت لـە بـاکووری زەریاچـەی وان نیشـتەجێ بـوون، کـراوە. هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە شانەی سەرەکی و ناوەندی سوپای شائیسماعیل قزلباشەکان بـوون و ئـەوانیش ڕازی نەدەبوون کە جگە لە خۆیان هیچ هۆز و تایفەیەك لەناو سیستەمی عەسکەری و سیاسی حکومەتـدا بەشدار بێت.

ئەم ڕێگرییە تاڕادەیەك بوو کە بۆیان بکرایە، بچووکترین و بێ نرخترین پۆست و مەقامیان بەئێرانییەکان نەدەسپارد. قزلباشەکان، ناتورکەکانیان بە "تاجیك" ناودەبرد کە ئەم وشە تائێستاش لە ناو یارسـانییە تورکەکاندا باوە و بۆ ناوبردن لەو کەسانەی کە یارسانی نین بەکاردەهێنرێت. ئەڵبەت پێوەندی یارسان و قزڵباشەکان "عەلـەوی"یـەکان لـە سـەردەمی سـوڵتان سـەهاك و قووشچـی ئۆغلییـەوە، کـە جوگرافیـای چالاکییەکانی خۆی و یارانی دەڤەرەکانی: تەبرێز، ئەلنجە، نەخجەوان، ئۆردوباد، مەرەند و ئەرەسـباران بوو دەگەڕێتەوە کە دواتر بە سەرهەلدانی شاوەیس قوولی و گەڕانی لە ئاسـیای بچـووکدا ئـەو پەیوەندییـە پتەوتر دەبێت و دوای دەرکەوتنی موحەممەد بەگ و سـەفەری ئـەو زاتـە بـۆ تورکیـا "لەکەلامـدا ڕۆم" و هەروەها ڕێبەری کردنی بەکتاشییەکان و عەلەوییەکان، بەپێی ئایینی خۆیان، هەروەها سەرهەلدانی خان ئاتەش و براکـان و یارەکـانی تـری لـە دەڤـەرەکانی تـەبرێز و سـەهەند و ئـەو ناوچـانە، پەیوەندییـەکان ئەوەندەی تر بەهێز دەبێت.

هـەروەها هـەبوونی سـەید موحەممـەد حسـەین، کـە مەزارەکـەی لـە "مـاکۆ"یـە بەگشـتی ئـەوەمان بـۆ دەسەلمێنێت کە لەنێوان ساڵەکانی 800 تا 1050 ی کۆچی، هەبوونی کاریگەر و دایمی یارسانەکان لە هەرێمەکانی تورکستان و ئازەربایجان و ئاناتۆلی، بەشـێوەگەلێکی جۆراوجـۆر، وەك دەورەکـانی پێشـتر، دەرکەوتنی شاخۆشین لە لوڕستان و سوڵتان سەهاك لە هەورامان و هەروەها شاوەیس قوولی و بەرەکانی لە تورکستان، بەردەوامی و ڕیشە داکوتانی هزری یاری لەو هەرێمانە مێژوویەکی کۆن و بەرچـاوی هەیـە. هـەروەها مەبەسـت لـە "مەسنەدنشـینە سـەفەوییەکان" لـەناو چـل تـەنانی ئـەهلی حەقـدا، ئاماژەیـە

بەسەفیەدین ئەردەبیلی، شێخ سەدرەدین و خواجە عەلی سیاپۆشە کە پەیوەندییەکی تایبەتیان بە یارسان و پردیوەرەوە هەبووە. هەروەها بونیاتنانی "دودەی عەجەم" لە حەیدەرییە کە دەرئەنجامەکەی "سەرسپوردەگی" بەبنەماڵەی "میری" لەناو یارسانەکانیدا لێدەکەوێتەوە، ئەو پەیوەندییانەمان زۆرتر بۆ دەردەخەن.

بەهەرحاڵ ئەو بزاڤەی کە ئایینی قزلباشەکانی ئاناتۆلی ڕێك وپێك کرد و بیروبۆچوونەکانیانی نووسی و لە کتێب و نامیلکە دا تۆماری کرد، لە ناوچە کوردنشینەکان بە ئەهلی حەق ناوبانگی دەکرد و لە ڕاستیشدا بەپێی سەرچاوەکانی تایبەت بە ئەهلی حەق، دەتوانین بزاڤەکانی بکتاشی و ئەهلی حەق و قزلباش بە سێ شێوەی جیاواز لە یەك ئایین بچوێنین[1].

"مینۆرسکی"ش دەنووسی: لەناوچەکانی پشت قەفقاز دوو گروپی عەلی ئەڵڵاهی بوونیان هەیە، گروپی یەکەم: لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئەلیزابت پول "گەنجە" لە ناحیەی جبرائیل، لێواری چەپی ڕووباری ئاراس، بەرامبەر ئاوایی قولدور نیشتەجێن. گروپی دووهەم: ئەو عەلی ئەڵڵاهییانەن کە لە سەر خەریتە ڕەگەز ناسییەکانی ڕووسەکان دەست نیشان کراون و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی "کارس"دا ژیان دەبەنە سەر. "م. گرونارد" ئەمانە بە قزلباش دادەنیت و ئەگەر ئەو پەیوەندییانەی کە بە "سیواس"ەوە هەیانە ڕەچاو بگرین، لەوە دەچێت ئەم بۆچوونە ڕاست بێت. ئەو دەنووسێت: ئەم جەماعەتە جارێکیان پەیوەندییان بە بەرپرسانی ڕووسیاوە کرد و خوازیاری ئەوە بوون کە ئایینەکەیان وەك ئایینێکی نیوە مەسیحی یان "ڕۆم کریستیان" بەڕەسمی بناسرێت[2].

**حرووفییە**

یەکێکی تر لەو بزاڤە فیکریانەی کە لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی سۆفیانە "عیرفان" و پەروەردەکردنی نەفسانی پێکهاتووە، "حرووفییە"یە. بونیاتنەری ئەم بزاڤە "فەزل ئەڵڵا حروفی ئێستەرئابادی" کوڕی ئەبومحەممەدی تەبرێزییە، کە بەناوی عەبدولڕەحمان بانگیان دەکرد و بە "فەزل ئەڵڵا حەڵاڵ خۆر" ناوبانگی دەرکرد بوو.

فەزڵ ئەڵڵا ئەوەندە پارێزکار و ڕاست کردار بوو کە سەبارەت بەو وتوویانە لە درێژایی تەمەنیدا نانی کەسی نەخوارد و داوای هیچی لە کەس نەکرد و بە دەسڕەنجی خۆی ژیا[3].

پیرەو کەرانی حرووفییە، کە باوەڕیان بە پاشایەتییەکی مەعنەوی بۆ فەزل ئەڵڵا هەبوو و پێیان دەگوت شافەزل ئەڵڵا کە ئەم باوەڕە لە کەلامەکانی ئەهلی حەقیشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکات مەبەست ناوبردن لە نەعیمی ئیسترئابادی بێت، بە "شا فەزلی وەلی" ناوی لێبراوە.

---

[1]– تاریخ ایران دەورە صفویان، پژوهش در دانشگاه کمبریج، ترجمە: دکتر یعقوب اژند، ص: 313.

[2]– یادداشت هایی در مورد تایفەهای اهل حق، مینورسکی ، ص: 13.

[3]– واژەنامە گرگانی، دکتر صادق.

شافەزل ئەڵڵا بە مەبەستی چالاکی ئایینی و ڕاگەیاندنی بیروبۆچوونە تایبەتەکانی خۆی، سەردانی زۆر ناوچە و شوێنی کردووە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئێراق و جیبال و ئازەربایجان و خوراسان و پشت ڕووبار "ماورا النهر" بکەین کە لەو سەفەرانەدا توانیویەتی گەلێك پەیڕەو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ کە زۆربەیان "سەید" بوون و هەندێکیان لەناوداران و زانایانی ئایینی و هەروەها دەسەڵاتدا و ئەمیر و سەرۆك هۆزەکان بوون[1].

بنەما و بناخەی هزری فەزلولا حرووفییە لە سەر باوەڕ بە پیرۆزی حروف "پیتەکان" و نهینی ناوەکانی قورئان و کتێبە ئاسمانییەکانی تر و هەروەها "یەکبوویی" و شیکردنەوە و تێگەیشتن لەمانە بەشێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە دارێژراوە.

ئەم بیروبۆچوونە، بەجۆرێك لە جۆرەکان لە زۆربەی ئایینەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە لە قورئاندا، پیتەکانی ئەلف و لام و میم بەشێوەیەکی "سڕی" ئاماژەیان پێکراوە. یان ئەم وتەی حەزرەتی عەلی کە دەفەرموێ: "انا نقگە تحت باب بسم الله" یان وتەی ئینجیل کە دەفەرموێ:

لە سەرەتادا وشە هەبوو، وشە لای خودا بوو، وشە خودا بوو، و هەمان لە سەرەتادا لای خودا بوو و هەر شتێك بەهۆی ئەوەوە مەوجوود بوو و جگە لەو هیچ شیتك لەو شتانەی کە بوونیان پەیدا کردوە، بونیان نەبووە[2].

هەروەها ئاماژە بە وشەگەلێکی وەك لەوح و قەڵەم بە دوای یەکدا لە چەندین شوێنی سەرئەنجامدا دەریدەخەن کە دەسکەوتی پێوەندی ئەم دوانە، "وشە"یە. شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

نە لەوح و نە قەڵەم نە یار نە ئەغیار          پادشام نە دوڕ بی دوڕ نە دەریا بار

کە بۆ خۆی سەلمێنەری ئەوەیە کە هەندێك لە وشەکان و پیتەکان لە ناو پەیڕەوانی یارسانیشدا ڕێز و حورمەتی تایبەتیان هەیە. پێویستە ئاماژە بکرێت کە ڕێزگرتن لە پیتەکان و ژمارەکان "اعداد" مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەستپێکی ژیانی مرۆڤ. بۆ نموونە لە کتێبی "ڕیگ ودا" قایل بوون بە سیحراوی بوونی هەندێك لە وشەکان بەرچاو دەکەوێت.

لەسروودی 2ی ماندالای دەهەمی بەشی چێبوونی جیهاندا هاتووە:

لەسەرەتادا "هرن گربهە" دەرکەوت و یەکەم خودای ئافراندن بوو. ئەو بۆ خۆی ئاسمان و زەوینی ڕادەگرت[3].

لە شوێنێکی تردا بەم شێوە گوتراوە: کاتێك کە "بریهسپتی" کە ناوی لە گشا شتەکان ناوە، کورتترین و یەکەم پیتی دەنگداری هەنارد، گشت جوانییەکان و کەڵکەی شتەکان بەدڵسۆزییەوە دەرکەوتن[4].

---

1- دنباله جستجو در تصرف ایران، ص: 55.

2- زندگی و اشعار عمادالدین نسیمی، ص: 24.

3- ریگ و دا.

4- ریگ و دا.

بەڵام بەهۆی دژواری تێگەیشتن لە بیروبۆچوونەکانی شافەزل ئەڵڵا و بەهۆی ئەوەوە کە پێداگری لە سەر "حلوول" واتە جێگیربوونی خودا لە جەستەی دا دەکرد، دژمنەکانی گشت توانایی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی وتەکانی بە بێ بایەخ و ناڕاست لە قەڵەم بدەن... بە هەرحاڵ شافەزل ئەڵڵا قوتابخانەیەکی نوێی ئایینی و فەلسەفی داهێنا و بناخەکەی داڕشت کە ئەگەر بەشە ئاینییەکەی لابردبایە سەرکەوتووتر دەبوو[1].

تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی حرووفییە و پروپاکەندەی "ئاتەئیستی" و خەباتی سیاسی ئەو جەماعەتە، بێگومان لە بەرژەوەندی فیودالەکان و مەلاکان و دەسەڵاتدارانی "تەیمووری" دا نەبوو و هەر ئەمەش وایکرد کە بە توندی بەرەنگاری بوونەوەو گشت تواناییەکانیان بۆ قۆڵ بەست کردن و لە ناوبردنی شافەزل ئەڵڵا و پەیڕەوەکانی خستە گەڕ.

لە سەرەتای ساڵی 804 ی کۆچیدا "شروانشاه" قۆڵ بەستی کرد و لە باکۆ خستییە بەندیخانە. دواتر تەسلیمی تەیموورییەکانی کرد و ئەوانیش بردیانە قەڵای "النجق" و دوای کەمتر لە مانگێك "تەیمووری میرانشا" بە دەستی خۆی سەری بڕی و بە فەرمانی ئەو لاشەکەیان بە دووی ئەسپەوە بەست و لە ناوشاردا کردیانە کێش تابێتە هۆی چاوترساندنی خەڵك. دوای ئەوەش سەرو لاشەکەیان سووتاند.

دوای کوژرانی فەزل ئەڵڵاو سەرکوتکردنی حرووفییەکان، یەکێك لە پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە بەناوی "ئەحمەد لور" هێرشی کردە سەر "شاروخ میرزا" و بە شکستهێنانی هێرشەکەی ئاگری گرتن و کوشتنی حرووفییەکان ئەوەندەی تر بەتین بوو و وای لێهات کە پاشماوەکانی ئەو ڕێبازە چیتر کۆمەڵگای ئێران بە شوێنێکی گونجاو بۆ چالاکییە ئایینییەکانیان دانەنێن و ڕووبکەنە وڵاتی عوسمانی و لە ناوچەی ئاناتۆلی نیشتەجێ بن.

لەوانە بەتایبەت دەتوانین ئاماژە بە شاعیری گەورەی حرووفی "نەسیمی" و کچەکەی و "عەلی ئەڵڵا" و چەندین کەسایەتی تر بکەین، کە بەهۆی نزیکی و لێکچوویی هەندێك لە بیروباوەڕەکانی خۆیان بەکتاشییەکانەوە، توانیان ماوەیەك لەناو پەیڕەوانی بەکتاشییە بحەسینەوە و ڕێبازەکەیان بپارێزن. دیارە بەکتاشییەکانیش هەستیان بەو لێکچوونە ئایینییە کردووە و ڕێزێکی یەکجار زۆریان بووە بۆ شافەزل ئەڵڵا، تاڕادەیەك کە لە ڕێزی حاجی بەکتاش و حەزرەتی عەلی دا دایان ناوە و هەنووکەش سێیەم کەسایەتی پیرۆزی بەکتاشییەکانە.

زۆربەی ئەو حرووفییانەی کە لە ئێراندا مانەوە و ڕوویان نەکردە خاکی عوسمانی و نەشیان دەویست دەست لە ڕێبازەکەیان هەڵگرن، ڕوویان کردە ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی یارسانییەکان و ئاوێتەی یارسانییەکان بوون و لە کوژران و شەهیدبوون خۆیان پاراست.

ئەڵبەت بەپێی بڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکان هەر لە سەرەتاوە بیروبۆچوونی حرووفییە لە کوردستان و لوڕستان و کرماشان و کوردستانی ئێراقدا تەشەنەی کرد بوو و کەسانێك لەم ناوچانەدا

[1]– تاریخ نظم و نثر در ایران، جلد دوم، ص: 76.

پەیڕەوی ئەو ڕێبازە بوون. هۆکاری ئەمەش جیا لە سەردانەکەی خودی فەزل ئەڵڵا، سـەفەر و سـەردانی پەیڕەوانی حرووفییە بوو کە بەردەوام بۆ چالاکی ئایینی ڕوویان کردبـووە ئـەم ناوچـانە و پـەیڕەویان وە دەست خستبوو.

بەلگەیەك بەدەستەوەیە کە دەسەلمێنێت کوردستانی ئێراق یەکێك لە بنکەکانی ئەو ڕێبازە بووە. ئەڵبەت لە کەلامی یارسانیدا، لە دەمیشق وەك هەلستگەی بزووتنـەوەی "حرووفییـە"ش نـاو دەبردریـت کـە بـە سـەرنجدانی بەڵگەنامـەکان دەتـوانین حرووفییـە لـە عـیراق و ناوچـەگەلی ژێـر دەسـەڵاتی عوسمـانی کـە دەمیشقیش بەشێك لەو ناوچەگەلە بووگە ئەگاتە پەرەسەندنێك بەرچاو، بەتایبەت ئەوە کـە "فـەزڵ" بـۆ خویشـی چـەند جـار هاتووچـووی دەمیشـقی کـردووە و دوور نییـە گـەر بڵـێین پیگـەی حرووفییـەش لـە دەمیشق وەکوو ناوەندی چالاکی عەلەوییەکان و شیعەی ئەوپەرگر و بزووتنەوەی پیرەوکـەری حـەزرەتی عەلی بووە.

دواتر سوڵتان سەلیم لە ساڵی 923 کۆچی تەکییەیەك لە دەمیشق بینا دەکات کە هی بەکتاشـییە بـووە ئەگەرچی نموونەی ئەو تەکیەگەلە پێشتریش لە دەمیشـقدا بـووە بـەڵام دوای یـەکگرتنی "حروفییـە" و "بەکتاشییە" سەرنجێکی زۆرتر بولای خوی رادەکێشت کە نـاوی ئـەو تەکییەگەلـە لـە کتـێبی "پـیرزادە ئـاییینی"دا هـاتووە. بـەڵام لـە کۆتاییـەکانی سـەردەمی یەکـەمی قۆنـاغی پردیـوەر "جامـەی سـوڵتان سەهاکی".بە تایبەت کە لە کۆتایی دەورەی یەکەمی سەردەمی پردیوەریدا "کراسی سوڵتان سـەهاکی" یەکێك لە مەلا پلە بەرزەکانی ناوچەکە بە نیوی "مەلا عابەدینی جاف" کە یەکێك لە شاگردەکانی "مـەلا ئلیاسـی شـارەزووری" بـووە ڕێبـازی یـاری وەردەگرێـت و هـەر بـەم بۆنـەوە مـەلاکان و موحتەسـەبینی ناوچەکەوە دژایەتی دەکەن، کە بەوردی لە "دیوانی عابدین"دا باسـی کـراوە. چۆنییەتی گۆڕانکـاری لـە بیروباوەڕی عابـدین و وەرگرتنـی ئـاییینی یـاری لەلایـەن ئـەو زاتـەوە، چـیرۆکی "پـوڵیس"ی مەسـیحیان بیردەخاتەوە.

یـەکێك لـەو کەسـانەی کـە موچـیاری عابـدین دەکـا و هـزری یـاری بەگاڵتـە دادەنێـت "نەرگسـی ئیبنـی مەلاشکری" دلدارەکەی خودی عابدینە کە دواتر بۆ خۆیشی ئایینی یاری وەردەگرێت. بەڵام لە سەرەتادا بەم شێوە موچیاری عابدینی کردووە:

| | |
|---|---|
| عابدین کفرە،... | کەم شەیتان بێژە، ئەم حەرفە کفرە |
| مەیکە وە بیانو کاکەییان سەفرە | ئسحاق بە جـــــادو وە علم جەفرە[1] |

لـەم وتانـەی نەرگسـدا دەردەکـەوێت کـە لـەو سـەردەمەدا باسـی حـرووف "پیتـەکان" و حرووفییـە و زانسـتەکانی پەیوەندیـدار بـەو عیلمـە، وەك "جـەفر" لـە ناوچـەکەدا تـەوەرێکی ناسـراو بـووە و ئـەوان یارسـانییەکان بـە تایبـەت سـوڵتان سـەهاکیان بـە کـەڵك وەرگـرتن لـە زانسـتی جفـر و بگـرە سـیحر و ساحێریش، تاوانبار کـردووە کـە ئەمـەش لەلایەکـەوە مێـژووی گۆڕانی بیروبـاوەڕی عابـدینمان بـۆ ڕوون

[1] – سەرئەنجام، دیوانی عابدین، بەندی 40.

دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە ئاماژەیەکە بە مێژووی یەکێتی نێوان یارسانییەکان و حرووفییە. کەواتە ئەگەر ئێمە دەیەی حەوتەمی سەدەی هەشتەمی کۆچی بە مێژووی سەرهەڵدان و دەستپێکی چالاکییەکانی بزاڤی حرووفییە لەلایەن شافەزڵاوە بزانین، بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەو هزرە لە کوردستاندا، لە دەستپێکی دەیەی کۆتایی سەدەی هەشتەمدا بووە و وەرگرتنی ئایینی یاریش لەلایەن عابدینەوە لە کۆتایی سەدەی هەشتەمدا ڕووی داوە.

ئەڵبەت دواتر بەکییەتی حرووفییە و یارسانەکان لەسەردەمی دەرکەوتنی شاوەیس قوولی و قووشچی ئۆغلی و هەروەها موحەممەد بەگ و خان ئاتەش، کە لەهەرێمەکانی باکووری کوردستان و ئازەربایجاندا چالاکی ئایینییان دەنواند و بەم بۆنەوە باروودۆخێکی لە باریان بۆ نزیک بوونەوەی زۆرتری ئەم دوو ئایینە پێکهێنا. قووشچی ئۆغلی سەبارەت بەو ناوچانە دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| اوزومدلین دیك دابانی یدی قدم قیزقاپانی | النجه و نخجوان اردوباد یاری ایسرتم |
| گر گردن بری زنوزی صوفیانی مرند دوزی | اشاقیده شام قازانی تبریز دەیاری ایسترم |
| اراند قالانلاری عین علینین یار نلری | ترکمه ایللریندە چاروادار یاری ایسترم |
| ارسباران قشلاقیندا بتون اغیر سیلاقیندا | قیش گونی توکلی داغیندا نرگس بهاری ایسترم[1] |

بەپێی ئەم دێڕانە وادیارە قووشچی ئۆغلی گشت ئەو ناوچانەی کە حرووفییەکان تێیدا بڵاوەیان کردووە بە مەبەستی بانگەشەیان بۆ هزری یاری گەڕاوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی لێك تێگەیشتن و نزیك بوونەوەی پەیڕەوانی هەر دوو ئایینەکە.

پێویستە بگوترێ تەواوی ئەو ناوچانە لە کۆتایی سەدەی دووهەم بەم لاوە، شوێنی نیشتەجێ بوونی "ڕاوەندییە" و لەو ژێر کاریگەری خوڕەم دینەکاندا بووەو شوێنەواری زۆریان لەو ناوچانە ماوەتەوە، لەوانە قەڵای "بز" کە تا هەنووکەش بەر چاو دەکەوێت. هەروەها "غولامحسەین ساعێدی" لە کتێبی "ایلخچی"، لەو شوێنەدا کە بەکورتی باسی بەسەرهاتی چل تەنانی ئەهلی حەقی ئازەربایجان دەکات، کەسایەتییەك ناو دەبات کە زۆر کەس بە نەعیمی ئیسترئابادی دەزانێت.

ساعێدی دەنووسیت: نەبی ئاغا پێبەندی هیچ شوێنێك نەبوو، بەردەوام بەپێ ڕێگای دەپێوا، لەچیایەکەوە بۆ چیایەکی تر، لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر، لە شارێکەوە بۆ وڵاتێك... لە پڕدا دەهات و کتووپڕ ون دەبوو، ڕۆژێك لە ئەرمەنستان و پەیڕەوان و نەخجەوان چاویان پێدەکەوت و کاتێکی تر لە خوراسان، سەر لە بەیانی لە گوند دەبینرا، کاتژمێرێك دواتر لە ساحێب زەمانی تەبرێز... وەك شێت دەژیا و دەڕۆیشت و لای دۆستەکانی زۆر خۆشەویست ... پێی ناوەتە هەر شوێنێك، سەرنجی کەسانێکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

لەپەیڕەوان و نەخجەوان، لەناو ئەرمەنییەکاندا موریدی زۆرە... تا هەنووکەش لە ئیلخچی تایفەیەك نیشتەجێن کە پێیان دەگوترێ "نەبی لی" یەکان[2]. هەروەها لەناو چلتەنانی "ئیلخچی" و دەوروبەری و

---

[1]– دیوانی قووشچی ئۆغلی ـ دەسنووس.

[2]– ایلخچی، غولامحسین ساعدی، ص: 100.

تەبرێزدا "قگب نامە" گەلێك هەن کە درێژترینیان هی شاعیرێکی زۆر بەناوبانگە بە نـاوی "رەهبـەری". ئەو شاعیرە دیوانە شێعرێکیشی لێماوەتەوە، هەروەها قوتب نامـەی "بابـا نـەهانی" کـە نازنـاوی "خـاتم القگبین" بووە. لەم نامیلکانەدا باسـی پـەیڕەوانی ڕێبـازە سـوفیانەکان "ئـەهلی تەریقـەت" و چـلتەنان کراوەو بەزمانێکی سادە و ساکار ناوی گشت "قوتب"ـەکان دەبات، کە وردبوونەوە لەو ناوانـە بـە باشـی پەیوەندییـەکانی هــەر چــوار ڕێبــازی حرووفییــە و بەکتاشــییە و ســەفەوییە و یارســانمان بــۆ ڕوون دەکاتەوە .هەروەها کە پێشتر باسکرا، فەزل ئەڵڵای حرووفی لە کەلامی سەرئەنجامدا بـە شـافەزل ئـەڵڵا ناوی لیبراوە کە "شامێوان" بووە و یارەکانیشی بریتی بوون لە: مەنسـوور، نەسـیمی، زەکـەریا و تـورك سەربڕ. کە بەسەرهاتی هەموویان لە دەفتەرەکانی یارساندا نووسراوە.پیر نازداری شیرازی سـەبارەت بـە شافەزل ئەڵڵا و یارەکانی دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| ئەو یانەی ساری... | بارگەی شام وەستەن ئەو یانەی ساری |
| نمانا جـــلوەی جامەی عـــەیاری | نیاش مـــەعرفەت شای خاوەندکاری |

22– مەسنەد نیشنانی عەلەوییە، عیرفان و سەفەوییە کە بەنیوی «چـل تـەنان» ناوبانگیـان دەر کـردووە بـریتین لـە: 1– هـو 2– شێخ حەسەن بەسری 3– شێخ حەبیب عەجەمی 4– شێخ عەبدوڵلا سەمەرقەندی 5– ئیبراهیمی ئەدهەم 6– شێخ ئـەبوو سـلێمان داوود بن نەسر تاعی کەرخی 7– شێخ مارفی کەرخی 8– شێخ سری سـەقەتی 9– عەبـدولرەحمان جـامی 10– بایەزیـد بەسـتامی 11– شێخ جونەید بەغدادی 12– شێخ مەمشاد 13– شـێخ دینـەوەری 14– شـێخ ئەبومحەمـەد عەموویـە 15– شـێخ جـامی و جیهەدین ئەڵبە کرەوی 16– شێخ نەجیب ئەلدین سوهرەوردی 17– شـێخ قوتبـەدین ئەبووبـەکر ئەبهـەری 18– شـێخ روکنـەدین سەجاسی 19– شێخ فەریدە دین عەتار نەیشابووری 20– شەمسی تەبریزی 21– مـەولانا جەلالـەدین محەمـەد مەولـەوی (مـەلای رۆمی) 22– مەولانا جەلالەدین بەلخی 23– سولّتان حەمیە 24– عاشـق پاشـا 25– شـێخ قـەزل حـەق 26– شـێخ شـەهابەدین ئەهەری 27– شەمس مەغریبی 28– شێخ جەمالەدین 29– شێخ زاهید گەیلانی 30– شێخ سەفی ئـەدین ئـەردەبیلی 31– شـێخ سەردەدین **مووسا** 32– خواجە عەلی سیاپوش (رەش پۆش) 33– شـێخ محەمـەد مـومین خوراسـانی 34– حـاجی بـەکتاش وەلی 35– پیرئیلیاس 36– خواجە یووسیف حەیران 37– سەید محەمەد عـابیزی 38– سـولّتان حـازری 39– سـولّتان نـەهانی 40– بابا سەلمان(حەماسەی پر شکوی چل تەنان، پەرویز بابازادە، لاپەڕەی62)ە کە کۆی ئـەو چـل کەسـایەتییە عیرفانییـە وەك سەرهەڵدانی دووهەم لای ئەهلی حەق پێناسە دەکرێت کە لە جەستەی چل مرۆڤی پاك (ناو بانگیان بـە چـلتەنی پێشـرەو دەرکـرد) ئاشکرا دەبن و لە سەردەمی حەزرەتی محەمەد وەدیهات کـە یەکـەم جـەم کەمـەر بەسـتەی حـەقیان لـە گومبـەزی الـخضــر ا پێکهێنا و نهێنییەکانی ئایینی چلتەن لەلایەن «مەولا عەلی» خەڵاتی «شێخ حەسەن بەسری» کرا.

لاپەڕەی 58 لە کتێبی ئەوان (چل تەنان) کە وەك بەڵگە ناوی لێ دەبەن، «کشف الاسراری» سولّتان نەهانییە هەوەها دیوانگەلیتـر وەك «قوتبنامە»، «دیوانی فاتیحی»، «دیوانی هیمەتی»، «دیوانی نەسیمی»، «دیوانی رەهبەری»، «دیـوانی حـەقیقی»، «دیـوانی باباحـازری»، «دیـوانی خـەتایی» (شائیسـماعیلی سـەفەوی)، «دیـوانی عاشـق پاشـا». (لاپەڕەگـەلی 68 و76). چـل تـەنان وەك مەسنەد نیشانی چرا ناودەبەن و یەکـەم چـرای دایـەرەی جـەمی چـل تـەنان، «بابـا سـەلمان» بـووە. لـەنێو ئـەم چـل کەسـایەتییە عیرفانییە، «فـەزوللا نـەعیمی»، «حـاجی بـەکتاش وەلـی»، «سـەید محەمـەد موشەعشـەع» و «شـێخ سـەفی ئـەردەبیلی» مەسـنەد نیشنانی عەلەوییە و سەفەویین کە تەریقەت و رێبازی بیرمەندانەی خویان سامان داوە و نیـو خـەڵکی ناوچـە و سـەردەمی خویـاندا بڵاویان کردووتەوە. هەروەها سولّتان جەلالەدین حەیدەر و هەموو ئەو ئائینزانە کە پیوەندی بەوە هەیە و یـان تایفـەکانی «قزلـوو»، «سیاە مەنسوورییەکان» (رەشە مەنسوورییەکان)، «ئایر ملو»ەکان، «قاسملوو»ەکان، هەداوەندەکان و...

[2]– ایلخچی ص 87.

جامەی هەفتەنان یورتش بوجاری            نەسیمی بنیام، پیردا باری
مەنسوور بی داوود ڕەهبەروە یاری            زەکەریا مووسی پادەفتەر داری
تورکە موستەفا، کەمان وە قاری            یورت ساری بی زات ڕەمز باری
زەردەبام مەحموود ئیبن سەخاری            ئەیوەت بی عەزیز ئیبن موختاری
شافەزل مەولام سڕش تەیاری            مەعرەفەت نیا نە دەمشق شاری
چوارتەن هەفتەنان چەوگادان دیاری            وەبەرگ سڕی بیشان ئیزهاری
مەولام ڕەنگبازەن رەنگش وسیاری            یاران چە رەنگش نەوینان ئازاری[1]

هەروەها لە کەلامەکانی یاریدا چیرۆکێك سەبارەت بە شافەزل ئەڵڵا و یارەکانی هاتووە کە بەم جۆرەیە:
شافەزل ئەڵڵا و یارەکانی بەرخێکیان بوو کە هەموو شەوێك دەیانکردە قوربانی. قوربانی کردنەکە بەم شێوە بوو: بە ئەمری شافەزل "تورکەی سەربڕ" بەرخەکەی سەردەبڕی و حسەینی کوڕی مەنسوور بەرخەکەی بەداردا دەکرد و نەسیمی پێستەکەی دەگرتەوە و لە پاش ئەوە زەکەریا بەرخەکەی لەت دەکرد و عەینە قوربانییەکەی دەکوڵاند، دوای ئەوەی دوعایان بە سەردا دەخوێند، دەیانخوارد. پاشان ئێسکەکانیان دەخستەوە ناو پێستەکەیی و بەرخەکە سەرلەنوێ زیندوو دەبوەو و شەوی دواتر بە هەمان شێوە قوربانییان دەکردەوە.
ڕۆژێك کە شافەزل لەوێ نەبوو، بە بێ ئیزنی ئەو، یارەکانی کە خۆشیان بە خاوەن کەرامات دادەنا، بێ گوێدان بە عەینە کە داوای لێدەکردن لە نەبوونی شافەزڵدا بەرخەکە قوربانی نەکەن، بەرخەکەیان سەربڕی، بەڵام لە ئاخردا هەر کارێکیان کرد بەرخەکە زیندوو نەبوەوە. دواتر کە شافەزل گەڕایەوە و ڕووداوەکەی لە عەینە پرسی و ئەویش بۆی گێڕایەوە.
شافەزل بەسەرهاتی هەموویانی بۆ پێشگۆیی کردن و هەمان کرداریان بەسەردا هات کە لەگەڵ بەرخەکە دەیانکرد. بەم شێوە دوژمنان سەری تورکەی سەربڕیان لە جەستەی جودا کردەوە. مەنسوور لە دار درا و زەکەریا تیکە تیکە کرا و پێستی نەسیمیی یان بە زیندوویی لێکردەوە.
دوای کورتە باسیك لەسەر ژیان و بەسەرهاتی "شافەزڵ وەلی" مەبەستی کەلامی یارسان کە هەمان "نەعیمی ئەستەرئابادییە" و پەوەندی ئەو لەگەڵ یارسانییەکان لە ناوچەی کوردستان، دەگەینە سەر باسی یارانی وی "مەنسوور، نەسیمی، زەکەریا..." بەپیی بەڵگە و تیکستی یارسانی.
لە زۆربەی تیکستەکانی یارسانی نێو لە "مەنسووری" دەبریت کە دەتوانین بە متمانەوە بڵێین مەبەست "ابوالمغیپ حسین ابومنصور محمد بیعناوی الحلاج"ە کە لە ساڵی 244 کۆچی "855 زایینی" لە بەیزای فارس لەدایك دەبێت و لە قوتابخانەی "جونەید" دەرس دەخوینیت و لە دواییدا سەفەر و تەبلیغ و فیرکاری دەست پێدەکات. هەروەها کە لە مێژوودا بە تیروتەسەڵی باسی کراوە، لە پەیوەندی لەگەڵ

[1]– سەرئەنجام، کەلامی بارگە بارگە، بەندی 55.

فیرکاری و خوداناسی ئەودا دۆژمنانی زۆری بۆ ساز دەویت و سـەرەنجام لـە سـاڵی 309 کۆچـی "923 زاییینی" دوای موحاکەمە لەدار دەدریت و لە ئاکامدا جەستەی ئاگر دەدری.

شێخ ئەمیر لەم بارەوە دەفەرموی:

ئـە و روَ سە نـگ و ا ر ا ن نـە بـە غ د ا د شـا ر بـی/مــە نـسوو ر سە
ر مـە س تـە سـلـیم وە د ا ر بـی
مــــــە نـسوو ر وە شـا د ی سوَ شە فــە قـە وە/ ســــە ر مـە س
بـی وە جــــا م ئـنـە لـحە قـە وە

بەڵام مەنسووری حەلاج بەناو بانگی سەدەی سیهەم بە درێژایی پێسەد ساڵ مێژوو دێتە نێو ریزی یارانی شافەزڵ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە شافەزڵ لە نووسراوەکانی خویدا، بەفراوانی باسی "مەنسوور" دەکات:

همـچو مـنصو ر ا نـا ا لـحق ز د ه ا ز غـا یـت شوق/ بـر سر د ا ر نـعر ه-
ز نــا ن مـی آیـم

و یان "زەکەریای" بەناوبانگ کە شەرحی ژیانی لـە تـەوراتدا هـاتووە و لـە ئاکـامدا جەسـتەی دوو لـەت دەکرێت، هەم لە کەلامی سەردەمی بارگەبارگە و للم دامیار دامیار و دیکـەی تیلسـتگەلی یارسـانی بـەبێ رەچاو کردنی جوغرافیا و زەمەن لە ریزی یارانی شافەزڵ دادەنریت و پیرمووسا لە کەلامی دامیـار بەندی 194 دەفەرموی:

ز ه کـه ر یـا شه قـم/ نـه خــــه تـا ی و یـم ز ه کـه ر یـا شه
قـم/نـو سه نـد ه ی د ه و ر ا ن د و و هه فـت تـه و ه قـم/چو یـنـکه خه
تــا م بـی نـه و ی مـو تـلـه قـم

لە واقیعش‌دا کەسێکی دیکە لە مێژوودا بێجگە لە زەکەریای پیغەمبەری بـەناوبانگ ناناسـین کـە شـێوەی مردنی دووشەقە بوون ببیت و ناوی زەکەریا بێت و بیروبڕوای تایبەت بـە خویشـی هـەبوو بێـت.هـەروەها سەبارەت بە "نەسیمی" شاعیر کە یەکێك بووە لـە سـەیدەکانی شـیراز و پـەیڕەوی ڕێبـازی حرووفییـەی کردووە و گوایە لەگەڵ کچی شافەزل دا زەماوەندی کردوە، لە ساڵی 82 ێ کۆچی "4117 ی زاییینی"دا لە شاری حەڵەب بـە تۆمـەتی لادانـی فیکـری، سـەرەتا بـە زینـدوویی پێسـتی دەکـەنن و دوای ئـەوە لـە سێدارەی دەدەن[1].

ئـەبووزەر ئەحمـەدی کـوڕی بورهانـەدینی حەلـەبی "وەفـات 884 کۆچـی" لـە کتێبەکـەی خۆیـدا "کنوزالزەهب فی تاریخ حلب" بەناوی عەلی باسی نەسـیمی دەکـات و مێژوونووسـێکی تـری هاوچـەرخی نەسیمی واتە ئیبنی حەجەری عسقلانی "وەفات 825" لە بەرهەمەکەی خۆیدا بـە "نەسـیمەدین" نـاوی لێدەبات. کە ئەمەش هەمان نازناوەکەیەتی و وادەردەکەوێت کە ناوی ڕاستەقینەی شتێکی تر بووە.

[1]– زۆربەی سەرچاوەکان لەو باوەڕەدان کە دوایین ساتەکانی ژیانی نەسیمی لە حەڵەب بەسەرچووە. بەڵام خاوەن کتێبی (الطایف الخیال) نووسیویەتی لە شیراز کوژراوە و گشت ئەو کتێبانەی (الطایف الخیال)یان وەك سەرچاوە بە کارهێناوە بە هەمان شێوە شوێنی کوژرانی ئەویان شیراز، یان ناوچەیەکی نزیك ئەو شارە بەناوی زرقان نووسیوە. بڕوانە: زندگی و اشعار عمادالدین نسیمی، ص: 23.

لەم سەرچاوانەدا وادەردەکەوێت کە لەسەرەتادا نازناوی نەسیمەدینی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و ناوی عەلی بووە و دواتر نازناوی "عیمادەدین"ی لە خۆی ناوە.

هەروەها ئەو کەسەی کە بەناوی "مەحموودی کوڕی سخاری" لەکەلامی سەرئەنجامدا ناوی لیبراوە بە سەرهەلدانی "زەردەبام" پێناسەکراوە، وادیارە هەمان "مەحموودی پسیخانی"یە کە یەکێك بووە لەیارە نزیکەکانی شافەزل ئەڵڵا و دواتر بناخەی ڕێبازی "نقگویە"ی دانا کە ئەم ڕێبازەش بەشێك بوو لە ڕێبازی حرووفییە. بەباوەڕی من "سخاری" دەتوانێت هەمان "پسیخانی" بێت و تەنیا وشەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت.

ئەڵبەت بەڕێز موحەممەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی "قیام و نهچت علویان زاگروس"دا نووسیویەتی مەبەست لە"مەحموودی سخاری" کە لەکەلامی سەرئەنجامدا ناوی لێبراوە "مەحموودی غەزنەوی"یە کە بەهەڵە مەحموودی سخاری نووسراوە.

ئەم بۆچوونەی سوڵتانی ناتوانێت لە ڕاستییەوە نزیك بێت، چونکە هەرگیز هیچ پەیوەندییەکی فیکری لە نێوان مەحموودی غەزنەوی لە یارساندا نەبووە و مەبەست لەهێنانی ناوی سوڵتان مەحموود لەسەرئەنجامدا شتێکی گشتییە و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چوارچێوەیەکی داخراو لە هزری یاریدا. لەواقیعدا بەباوەڕی یارسان، هەر دەرکەوتن و یەکبوونێك و بوونێك بەئیرادە و خواستی ئیلاهی سەردەگرێت و تەواوی هێز و توانا و شکۆیەك کە لەسەر ئەم زەوینە خۆی دەنوێنێت، لە زات و خواستی خوداوە تەشەنە دەکات و ئەو ئەرکە بە جێ دەهێنێت کە پێی سپێردراوە. جا لە هەر پلەوپایەو ڕەگەز و ئایینك دا بێت گرینگ نییە.

کاتێك هیز و شمشێر بە دەست چەنگیزخانی مەغولەوەیە و کاتێکی تر لە کراسی ترسەرنۆکێکدا بە سەر سێدارەوە یاری دەکات و کاتی وا هەیە بۆ خۆی شمشێر هەڵدەگرێت و تووڕەیی و قینی خۆی بە کوشتن و قڕکردن دەنوێنێ و لە سەردەمێکی تردا هەر خۆی دەبێتە قوربانی.

ئەڵبەت ئەمە بەمانای جەبرگرایی ئەم هزرە نییە، بەڵکوو باسکردن لەو ڕووداوانەیە کە دەبێ ڕووبدەن و ڕوودانیان گرینگی تایبەتی هەیە.

بەپێی ئایاتی "قورئان"یش هیچ غونچەیەك ناپشکوێت و هیچ دوگیانێك لێ نابێتەوە مەگەر بە ئەمری خوداوەند نەبێت و هەموو شتێك بە خواستی خودا ڕوودەدات.

سەرەڕای ئەوە، ئاماژە کردنی ئاشکرا بە قۆناغی زاتی سوڵتان مەحموود غەزنەوی و ڕووداوەکانی پیوەندیدار بە ئەوە لە کەلامگەلی یارسانی وەك سەردەمی بەرزەنجە، باباناوس، بارگە بارگە، دامیار دامیار، دیوان عابدین و لە کەلامگەلی دوای قۆناغی پردیوەر، ڕاستی ئەم قۆناغە لە کەلامەکانی یارسانی-دا پێشان دەدات. کەوایە "مەحموود پەسیخانی" کە لە کەلامی سەرەنجامدا بەناوی "مەحموود سەخاری" نیوی لێبراوە لەگەڵ "سوڵتان مەحموود غەزنەوی"دا دو کەسایەتی بە تەواوی لێك جیاوازن.

ئیستا بە سەرنجدان بە وتارگەلێك کە لەسەر کەسایەتییەکان هاتووە، گومانێك نامێنیت کە ئەم کەسایەتییانە هەمان کەسایەتییە ناودارەکانن کە لەمێژوودا ناویان هاتووە. بەڵام ئەم باسەش تەرح دەکرێت کە بەپێی تیکستگەلی "نوم نامە" لە شافەزڵ ـ کە ببوی یارانی خوی لەنیودا نووسیوە ـ ئەم مەسەلەیە مەحال و غەیری مومکین دەکات کە یارانی شافەرڵ، هەمان ئەو کەسایەتییەکانن کە لە زەمەن و کاتی تایبەتدا سەریان هەڵداوە.

ئیستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چۆن ئیمکانی هەیە هەریەك لەم کەسایەتییانە لە کات و زەمەنی تایبەتدا ژیابێتن و لە عەینی حاڵدا ئەمانە لەیەك سەردەمدا هاوژیان و هاوکات و هاوزەمەن بووبیتن؟ و بۆچی لە کەلامی سەرەنجامدا ئاوا هاتووە؟

ئەڵبەت زۆریەك لە یارسانییەکان ددان بە هەڵە بوونی ناوگەلی باسکراو لە کەلامی سەردەمی بردیوەر "بێجگە شافەزڵ نەعیمی ئەستەرئابادی" دەکەن و لەو بڕوایەدان کە شافەزڵ وەلی مەبەستی کەلامی سەرەنجام لە سەدەکانی سیهەم و چوارەمی هیجریدا ژیاوە بەڵام هاتنی ئەو، شایەتی سەردەمی دیوانی بەرزەنجەیە کە لە دوایین ساڵەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی هەوتەمی هیجری دایە کە یارسانییەکانی دوچاری هەڵە کردووە. بەڵام وا نییە، چونکە ئێمە کەسێکی‌تر لە مێژوودا جگە لە "فەزلوڵلا حرووفی ئەستەرئابادی" ناناسین کە ناوی وای ببیت. سەرەڕای ئەوە، کەسانێك کە نکوڵی لەم باسە دەکەن باسی پێش‌بینی لە کەلام و کەڵك وەرگرتن لە رەمزو ژمارەکە لە کەلامی یارسانی‌دا کاردانەوەی هەبووە لەبەرچاو ناگرن.

هەروەها ئیمە جگە لە قۆناغی سەردەمی بەرزەنجە، تەنیا لە سی قۆناغی کەلامی لە "فەزوڵلا" و "حرووفییە" دەتوانین نیشانەیەك پەیدا بکەین کە هەر سی قۆناغ بگەرینەوە بە میانەی سەردەمی دووهەمی پردیوەر واتا سالْکانی سەرەتایی سەدەی دەیەم بەدواوە لەحاڵیکدا کە دوایین کەسایەتی شەهید کراوی بەناوبانگ لە کەلامی سەرەنجامدا "نەسیمی"یە کە نزیك بە بیست ساڵ دوای شافەزڵ "820 کۆچی مانگی" شەهید دەکریت.

کە وایە دەتوانین هەر یەك لەم کەسایەتییانە تەنیا لە روانگەی عیرفان و بیروبڕوا وەك یەك بزانین. لەواقیعدا خاڵی هاوبەشی ئەمانە تەنیا بەکارگرتنی عیرفان و راوبوچوونی هاوسان بێ روانگەگەلی هاوبەشە کە هەموویان پەیرەکەری یەك فەلسەفەی "وحدت الوجوود" کارگرتنی ئەو لە ئیش و کاری ئایینی‌دان. وەك نموونە

"حەلاج" کە لە جەرگەی چلتەنی ناسراوی ئەهلی حەق ناوی لێبراوە و پلەی داوودی هەیە دانی بەوەدا ناوەکە زاتی پەروەردگار دەرك ناکریت و خوداوەندگاری ساحیب رۆحێکی خودایيە و ئەو رۆحە قسەکەرە کە دەتوانیت پیوەند بێت بە دەروونی ساڵکەوە و ئەم پەیوەستە بە شێوازی "حلوول" "جیگر بوون" سەر هەڵدەدات و بەم شێوە، ئەو کەسایەتییە دەبێتە بینەری هەبوونی خوداوەندە کە وایە کە کاتی وەسڵ بووندا چەمکی "انالحق" بە زمان دەڵێت.

ئەم بووچوونە بۆ هەموو ئەو کەسانە راستەو دەتوانین جێگە پیێ لە نووسـراوەکانیاندا بدۆزینـەوە. وەك ئەم دوو بەندە لە "على اعلى خليفه شافچل" کە دەفەرموی:

حلاج کــــه رفت بـر سر دار/از فـــــضل بـیـافـــــــت ابــــــــرار/

ره بـرد بــه نـطق گـفـت انــا الـحق/شد کـشـتـه و شد وجـود مـطـلـق

و یا ئەم دوو بەیتە لە "شافەزل" کە تییدا، باسی مرۆڤ ـ خودایی کراوە:

بـیـرون ز وجـود خـود، خـــدا را/زیـنـهـار مــــجو! کـه گـفـتـمت فــاش

گـویـی کـه بـغـیـر مـا کـسی هست؟/از خـویـش تـو ایـن حدیـث مـتـراش

و رەچاو کردنی ئەم بڕوا مینتالییە و بڕوابەوەی کە کۆنترۆڵ کردنـی زەمـەن، تـەنیا لـە توانـای ئـەولیا و پیغەمبەراندایە لەبەر ئەوەی کە دەسەڵات بەسەر هەستی زەمەن و چاودێری کردنی ئەو، تەنیا تایبەت بە کەسانگەلێکە کە ئیرادەی بەهێزیان هەیە بەواتا ئەو کەسانەی کە رازی هەتاهەتایی لە عەشقدا دەویتن و ئەم گرینگایەتییە لە کەلامی یارسانیدا کە تەنیا وینین و مینتالیتەی بەرز لەبەرچـاو دەگریـت وەك کـوی کەسایەتیگەلیك بە یەك روانگەوە دێتە ئاراوە کە هەریەك ساحیب زات و فریشتەکانن و پیوەنـدی ئـەوان، پیوەندییەکی رۆحی و دەروونی بەبێ رەچاوگرتنی کاتەو ئەوانیش بـەپیی هێـزی ئەوپـەرماتریاڵی خـوایی کار دەکەنەسەر شوێن و زەمەن. "موستەفا کامیـل شـەیبی" نیـز ئامـاژە دەکـات کـە حـەلاج لـە روانگـە پەیرەوکەرانی فەزوڵلا پلەیـەکی بـەرزی هـەبووە لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەویان وەك گـەورە و پێشـڕو سـەیر دەکرد. گوایە حەللاج وەك یەکەم شەهیدی سوفی دێتە خەوی فەزڵ و ئەو وەك هاورا و دۆستی خـوی نـاو دەبات و فەزڵیش دوای قەتڵ ئەبێتە یاری حەللاج و لەباری سەرەتاو سەرەنجام، بەسەرهاتی حەللاجی بۆ دووپات دەبێتەوە.

هـەموو ئـەم تاکانـە بـەپیی بـڕوای ئـەهلی حـەق لـە فریشـتەگەلی نزیـك بـە دەرگـای یـەکتان کـە بـەپیی پیویستییەکان لە قاڵیبی جەستەیی‌دا لەسەر زەوی جیلوە دەکـەن تـا هۆکـاری گۆرانکـاری و بـەرەوپێش چوون ئامادە بکەن و بۆیە شرۆڤەی هەبوونی خویان هەر لە ئەزەڵ و لە کاتی خوڵقاندن لـە قۆناغەگـەلی جوراوجۆردا دەزانن و پێداگری لەسەر دەکەن. ئەم باسە بەواتا "زەمەن" لەکن ئەمانەدا جیا لە "کات"ە لا مرۆڤ و هـەروەها بـە حـۆکمی پێداویسـتیەکان، مـرۆڤ وەك سـاحیب هێـزو ئـیرادە، دامیـاری کـردووە و پێشـەکییەکانی حلـوول و یـەکگرتن ئامـادە دەکـات. لـە واقیـعدا بـەپیی بۆچـوونی ئـەهلی حـەق، هـەر کەسایەتییەکی ناودار و یان بەهێزێك کە بە پەروەردەکردنی ئیرادە، ریگەی خوی دەڕوات و ئەگاتە پلەی مامۆستایی، نیشانەگەلێك لە حلوول لەخوی‌دا ئەبینێت کە لەچاو یارسانییەوە، ئەو کەسایەتییە، ئەبێتـە ساحیب هێزوزات. کـە ئەگـە، ئـەم هێـزو زاتـە لـە کەسـایەتی‌دا پێناسـە بکـەین ئـەبێ باسـی فەلسـەفەی ئیشراقی "سوهرەوەردی" بێننە بەرباس کە هەر کەسایەتییەك پلەی ئیشـراق دەپیویـت و هیـدی هیـدی دەگاتە هێزی تەواوی رۆحی کە میوانداری ئەوە.

بەهەرحاڵ، لەچاو نەکردنی زەمەن بۆ فریشتەکان کە شرۆڤەی هاتووچووی پەیتا پەیتا یان بۆ سەر زەوی کە وەك بەسەرچوونی قۆناغگەلی جۆربەجۆر باسی لێدەکرێ، وەك بەشێك لە فەلسەفەی دونا دوون لەکن یارسانییەکان پێناسە دەکرێت کە ئەم تەوەرە لە بەشی یارسانی لە مێژوودا و هەروەها لە بەشی لێکچوونی یارسانی لەگەڵ زەردەشتیگەریدا باسی لێدەکریت کە پیویست بە دووپات کردنی نییە، بەڵام وتنی یەك رەستە جێگای خویەتی کە کوی ناسراوانی عیرفان لەم قۆناغە زاتییەدا، مەقامی مەعریفییە و هەمووی بەهۆی ئەوانە لە مینتالیتە و فەلسەفەی "وحدە الوجود" پەیرەوی دەکەن کە ئاکامی هەموویان بەهۆی داکۆکی کردن لە ئەرکی سەرشانیان، شەهید بوون و شەهادەت بووە کە ئەم لێکچوونە ئەوانی لەیەك رێزدا دەستە کردووە.

لەواقیعدا، ئەم کەسانە بەهۆی وتەی راستەقینەی سەرەنجام لە "هەفتەن"ن کە یاری "سوڵتان"ن و لە قۆناغگەلی جوراوجۆردا سەریان هەڵداوە کە نموونەی گرینگی ئەمانە لە جێگە بە جێگەی سەرەنجامدا دەبینن" وەك ئەم وتەی "پیرملوان کەعبەیی"، لە بەندی 58 لە هەمان قۆناغی کەلامیدا کە باسی سەرهەڵدانی پێشدادییەکان دەکات و لە ئاکامدا بە "کیانییەکان" تەواویان دەکات. کوی کەسایەتیگەلێك وەك "جەمشید جەم" برادەری "تەهمووریس پێشدادی مەنووچیهر" لە بنەماڵەی "ئیرج" و کوڕی "پەشەنگ"، "کەیقوباد" کوڕی "ئەنوشیروان" یەکەمین پاشای زنجیرەی کیانی بە مێژووی پاشایەتی 531-488 زایینی و "فەرەیدوون"... کە بە متمانەوە لەیەك سەردەمدا نەژیاون، بەڵام هەریەك لەمانە، لە "هەفتەن"ن کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا سەریان هەڵداوە. هەروەها کە وتاری کەلامی "ئاغە ئەحمەدی دووهەم" دەربارەی ئەم قۆناغە زاتییە هاتووە:جیلوەی زاتی میوانی شافەزڵ وەلی قەلەندەر، بینیامین لەنێو پەرییەکان پاشا بوو، دەروونی چوار مەلایەك لە حوزووزدا بوون، بنەماکانی مەعریفەت لە پاشاوە سەرچاوە دەگرن و نەسیمی و زەکەریان و مەنسوور و "تورك سەربر" لەوانن... بەرخی شافەزڵ ولیيان سەربری و هەر چوار کەس، ئاکامیان بەچاوی خویان دێت. "ئاغە ئەحمەد"یش لەو بروادایە کە ئەم گرینگایەتییە لە دونیای دەروونیدا شیلکی گرتووە و زاتەکان لە قۆناغێکی زەمەنی تایبەتدا لەیەکتر کۆ بوونەتەوە و ئەم سەردەمە کەلامییە دروست کراوە کە لە پردیوەردا، رووداوە کە دەنووسرێت.

**نووربەخشییە**

نووربەخشییە یەکێکی تر لەو رێبازانەیە کە پەیوەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ یارسان دا هەبووە. بناخەی ئەم رێبازە لە لایەن "موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا مووسەوی خوراسانی 795- 869 کۆچی"یەوە دانراوە. میر سەید موحەممەد دوای سەردانێك بۆ شاری "هەرات" دەبێتە پەیرەوی رێبازی "کبروویە" کە پیرەکەی خواجە ئیسحاقی خەتلانی بوە.

خواجە ئیسحاق پاش ماوەیەك خەوێك دەبینێت و بەهۆی ئەو خەوەوە نازناوی "نووربەخش" دەبەخشێت بە سەید مەحەمەد و بە دەستی خۆی خیرقەی "سەید عەلی هەمەدانی" دەخاتە سەر شانی.

سەید مەحەمەد خۆی لەم بارەوە، لەنامیلکەی "الهدی"دا دەنووسیت: شێخ و سەیدی من ئیسحاق کوڕی ئارامشای خەتلانی "قدس الله تعالی سره" بە من، نووبەخشی فەرموو: بۆ من دەرکەوتووە کە تۆ ئیمامی مەهدی وەعدەدراو لە ئاخرزەمان دای. پاشان لەگەڵ من بەیعەتی کرد و گوتی: باکت نەبێت من شـایەتی دەدەم کە تۆ ئیمام مەهدیت و من گیانم دەکەمە فیدای تۆ. خودا ئاگادارت بێت، هەرچەند بـەلا و کێشـە بۆ ئیمام و پێغەمبەرەکان هەر دەبێت و لەوەشدا حیکمەتێکی تێدایە. ئەو "خواجە ئیسحاق" بڕیارەکەی بردەسەر و لە یەکێك لە شەوەکانی ئەربەعیندا گشت شاگردە تایبەتەکانی بانگهیشت کرد، پـاش ئـەوەی کە هەموویان کۆبوونەوە گوتی: هەرچەند کە بـە ڕواڵـەت موحەممـەدی نووربـەخش موریـدی منـە، بـەڵام لەواقیعدا شێخی منە... هەر ئەو شەوە خیرقەی شێخییەتی خستەسەر شانی من و من هەر بەم خیرقەوە کۆچی دوایی دەکەم[1].

دوای ئەوەی سەید موحەممەدی نووربەخش خۆی بە ئیمامی زەمانی زانی و بۆ ئەم مەبەستە بانگەشـەی کرد و کەسانێك بەیعەتیان لەگەڵ کرد، چەند جارێك لە نێوان نووربەخشییەکان و حکومەتییەکاندا شەڕ و پیکادان ڕووی دا و لە هەمان ساڵدا "827 کۆچی" شاهرۆخ میرزا ڕێبازی هەمەدانییەتی نووربەخشـییەی سەرکوت کرد و ڕێبەرە 97 ساڵەکەی، واتە خواجە ئیسحاقی خەتلانی و دوو کوڕەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوکەرانی شەهید کرد[2].

دوای ئەوە شاهرۆخ میرزا میرموحەممەدی دەستبەسەرکرد و ناردی بۆ هەرات. دواتر ڕووی کردە شیراز و لەوێوە چوو بۆ بەهبـەهان و شووشـتەر و بەسـرە و ناوچـەی کرماشـان و ئـیلام. ئەڵبـەت بەوتـەی قـازی نوورئەڵلا شووشتەری، پێشتریش، دووجار سەردانی کوردستانی کردبوو و وادەردەکەوێت کە خەڵکی ئـەو هەرێمە باوەڕێکی زۆریان پێی بووە و بە ناوی ئەوەوە خوتبەیان خوێندووە و سکەیان بە ناویەوە لێداوە. دوای بانگەشەی "مەهدوییەت" لە کوردستان کە گوایە خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە، شاهرۆخ میرزا نامەیەك ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکات و داوایان لێدەکات لـە هـەر شـوێنێکدا ئـەو کەسایەتییەیان بەر دەستکەوت دەستبەسەری بکەن و بینێرن بۆ لای ئەو[3].

دوای قوڵبەستکردنی سـەید موحەممـەد، شـاهرۆخ مـیرزا، کـە لەکوشـتنی دەترسـی و بـەو مەرجـەی کـە بانگەشەی مەهدوییەت نەکات و تەنیا باسی زانستە فەرمییەکان بکات، دەینێرێت بۆ ئاوایی "سـولغان" ی نزیك شاری تەبریز. سەید موحەممەد تا کۆتایی ژیانی لەو ئاواییە نیشتەجێ دەبێت و ژیانی خـۆی بـە عیبادەت و ڕێنومایی خەڵکەوە دەباتە سەر.

چۆنییەتی پێوەندی نووربەخشییە و یارسان لە دوو ڕوانگەوە جێگـەی سـەرنجە. واتـە هـەم لـە ڕوانگـەی بیرو بۆچوونەکانیانەوە و هەم لە ڕوانگەی مێژوویی و کاتییەوە. نزیکی و پێوەندی سـەید موحەممـەد بـە یارسانەوە تا ڕادەیەك بوو کە زۆربەی بەسەرهاتنووسەکان و لێکۆڵەرانی بیانی سەید موحەممەد بە بـرای

---

[1]– ڕساله الهدی 21/1 به نقل از مشعشیان، محمد علی رنجبر، ص: 80.

[2]- روضات الجنان، جلد دوم، ص: 250. مجالس المومنین، 12.

[3]– مجالس المومنین، ج3، ص 146.

شێخ مووسا و شێخ عیسا، واتە بە کوڕی باباعەلی هەمەدانی دادەنێن. هەروەها هەندێکیان شێخ عیسای باوکی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی بە سەید عیسا نووربەخشی ناودەبەن. هەروەها زۆربەیان سەید موحەممەدبەگی باوکی خان ئاتەش و سەید موحەممەدی نووربەخش بەیەك کەس دەزانن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە نووربەخشی نازناوی ئەو کەسایەتییە بووە. کەسانێکیش بابایادگار و سەید موحەممەدی نووربەخش بە یەك کەس دادەنێن و نووسیویانە سەید موحەممەد کوڕی سەید عەلی کوڕی شێخ مووسایە. هەروەها بە هۆی تێکەڵبوون و یەکگرتوویی "موشەعشەعییە" و نووربەخشییە لە کۆمەڵگای یارساندا، تا هەنووکەش کەسانێك هەن کە بەناوی بنەماڵەی "نووربەخشی"یەوە لە کۆمەڵگای یاریدا دەژین.

بەهەرحاڵ هاتنی سەید موحەممەدی نووربەخش بۆ کوردستان، ئەویش چەندین جار و بەتایبەت سەردانی بۆ ئەو ناوچانەی کە یارسانەکانی تێدا نیشتەجێ بوون و هەروەها پەیڕەوی کردنی ئەو کەسایەتییە لەلایەن پیاوماقووڵانی ناوچەکەوە، ناتوانێت بێ پەیوەندییەکی پتەو و بەرفراوان لەنێوان یارسان و ئەو کەسایەتییەدا ڕووی دابێت.

سەردانی سەید موحەممەد بۆ کوردستان لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پردیوەر و دەستپێکی سەردەمی دووهەمدا ڕووی داوە، واتە لە دەورەی شاوەیس قوولی کە لەو کاتەدا ناوچەکە بەتەواوەتی یارسانی بووە.

## مۆشەعشەعییە

مۆشەعشەعییە یەکێکی تر لەو ڕێبازانەیە کە گوایە لەگەڵ یارساندا پێوەندی هەبووە. ئەم ڕێبازە لەلایەن "سەید موحەممەدی کوڕی فەلاحی مۆشەعشەع"ەوە بونیات نراوە. سەید موحەممەد لە ناوچەی "واست"ی هەرێمی خووزستان لە دایك بووەو لە ساڵی 840ی کۆچی بانگەشەی بۆ مەهدەوییەت کردووە و خۆی بە حەزرەتی مەهدی زانیوە و لە ساڵی 870ی کۆچیدا وەفاتی کردووە. "سەید محەمەد" سالگەلێکی فرە لە قۆتابخانەی "شێخ ئەحمەد" ژیاوە و لەچەند سەرچاوەشدا هاتووە کە شێخ، دایکی ئەوی بەژنی خواستووە. یەکێك لە بەناوبانگترین شاگردەکانی شێخ ئەحمەد، "سەید محەمەد نووربەخش" بووە کە پێشتر باسی کرا. لەمێژوودا هاتووە کە "ئەحمەد بن فەهەد حیللی" کتێبکی نووسی کە بریتیی بوو لە تەرکیبگەلی تەقینەوە کە بتکتولوجیاکەی ئیمە وەبیر بومبی هیدروژینی دەخاتەوە. ئەو کتێبە دەگاتە دەستی سەید محەمەد کە لە ڕێگای ئەوەوە دەیتوانی بە خوێندنی دوعایەك، دۆژمنانی لەشەڕدا لەناو ببات و ئەو دوعایشی فێر جەنگاوەران و پەیرەوکەرانی خوی کردبوو" بۆیە هیچ شمشێر و ئەسبابی شەریككاری لەسەر نەدەکرد.

سەید محەمەد بەپیی وتەی خوی لە کەلامی "المهدی"دا، دوای ئەوەی ئیدیعای "مەهدەوییەت"ی کرد. بۆ ناوچەگەلی لورستانی ـ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یارسانی کە پێشتر وەسیلەی شاخوشین ئیدارە دەکرا ـ

هەلدی و لە لورستان بزووتنەوەیەك ساز دەكات و پیرەوكەرانی زۆر لە دەوری خوی كۆ دەكات كە دواتـر پێگـەی دەسـەڵاتی "موشەعشـەعی" تـا سـەردەمی سـەید موحسـین دەگاتـە ناوچـەگەلی كرماشـان و دەوروبەری. بەڵام لە میانەی ریگەدا مەولا عەلی جێگەی بـاوكی دەگرێتـەوە و تەنانـەت سـەید محەمـەد خانەنشین دەكات بەڵام زۆر ناخایەنێت و لە ساڵی 861 كۆچی دەمریت كە بە كۆچی دوایی مەولا عەلی، دەسەڵات، دیسانەوە دەكەویتە دەست سەید محەمەد. لەدوای سەید محەمـەد، سـەید موحسـین دەبێتـە جیگری كە ئەمە سەردەمی هێمنایەتی و لووتكەی دەسەڵاتی موشەعشەعییەیە. لە سەردەمی دەسەڵاتی چل و چەند ساڵەی "سەید موحسین"، سەرتاسـەری خووزسـتان و بەسـرە و ناوچـەگەلی دەوروبـەر تـا نزیكەی بەغداد و بیهبەهان و كەمكیلوویە و بەندرەكانی خەلیجی فارس، بەختیاری، لورستان، پشـكوە و كرماشان دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی موشەعشەعییە. و هەروەها كوڕ لە دوای باوك تا سـەردەمی نادرشـای ئەفشار لەم ناوچەگەلەدا فەرمانڕەوایی دەكەن.

سەرەنجام نادرشا حكوومەتی موشەعشەعییە لەناو دەبات كە دەتوانین ئاماژە بە دوایـن والـی بنەماڵـەی موشەعشەع لە رۆژەكانی ئاخری سەردەمی نادری بدەین.

پێویستە بگوترێ كە سەبارەت بەبانگەشەی مەهدەوییـەتی سـەید موحەممـەدی نووربـەخش و هـەروەها سەید موحەممەدی كوڕی فەلاح و ڕێبازەكەیان، هیچ ئاماژەیان هیچ كەلامێك لەسەرئەنجامدا بوونی نییە و لە هیچ شـوێنێكدا وەك "خـاوەن زات" ناویـان لێنـەبراوە. تەنانـەت لەكەلامـەكانی دەورەی زاتـی "خـان ئاتەش" یشدا كە هاوكات بووە لەگەڵ یەككگرتنی موشەعشەعییە و نووربەخشییە، هیچ ئاماژەیەكیان پێ نەكراوەو هەر ئەمەش دەیسەلمێنێت كە پێوەندی یارسان و ئەم دوو بزاڤە لە ڕاستییەوە دوورەو ئەوەش كە گوایە بنەماڵەی ئاتەش بەگی بەڕەچەڵەك پەیوەندییان بە موشەعشەعییەكانەوە هەیـە، ڕاسـت نییـە، چونكە بناخەی بنەماڵەی ئاتەش بەگی لە پردیوەر داڕێژراوە.

## حەیدەرییە

یەكێكی تر لەو ڕێبازانەی پەیوەندییەكی نزیك و بەرچاوی لەگەڵ یارساندا هـەبووە، ڕێبـازی حەیدەرییـە. ئەم ڕێبازە لە سەدەكانی حەوتـەم و هەشـتەمی كۆچـیدا لـە هندوسـتان، هاوكـات لـە گـەڵ سـەرەتاكانی دەورەی یەكەمی سەردەمی پردیوەر، لە هندوسـتان سـەرهەڵدەدات و لـە دەورەی دووهـەمی سـەردەمی پردیوەردا لە ئێران پەرە دەستێنێت و گەشە دەكات[1].

---

[1]– ئەم ڕێبازە لە چوار شێواز پێكهاتوە: 1: خاكسار جەلالی كە ئەبووتۆرابی و غولامعەلی شاهی شی پێ دەگوترێت. 2: دوودەعەجەم 3: مەعسوومعەلی شاهی 4: نوورائی. ئەم ڕێبازە حەوت پلەی بۆ سەركەوتن و گەشە كردن داناوە كە بەم شێوەن:

1: لسان 2: پیاڵە، بە مانای خواردنەوەی پیاڵەی فەقر (هەژاری) كە چواردە یاسای هەیە. 3:كسوت، كە خوازیارەكەی داخ دەكرێت و مانای مۆری نەبووەت دەدات. 4: گل (خاك؟) سپاردن 5: گوێزشكاندن كە لەم پلەدا ڕێڕەو دەگاتە پلەی ڕێنمایی و دەبێت بگاتە خزمەت یەكێك لە سەیدەكانی بنەماڵەی (میری) ئەهلی حەق و سەرسپوردەی ئاییینی یاری بێت.6: چراغی 7:ئێرشاد (مورشیدی تەواو)

بنیات نەروسەر حەڵقەی ئەم ڕێبازە "جەلالەدین حەیدەر"ە کە زۆر جار بە باوکی شائیسماعیلی سەفەوی دایدەنێن. لە هەندێك لەسەرچاوەکانیشدا "قوتبەدین جەلالەدینی حەیدەری توونی"یان بـە سـەرحەلقەی ئەم ڕێبـازە زانیـوە[1] .هـەروەها کەسـانێکیش "قوتبـەدین حەیـدەری زاوە"یـان کـە گۆڕەکـەی لـە شـاری "توربەت حەیدەریە"یە بە بونیاتنەری ئەم ڕێبازە داناوە."سەید جەلالەدین حەیدەری بوخاری" ناوێکیش کە خەڵکی هندوستان بووەو هەر لەو وڵاتەش کۆچی دوایی کردوە، لەلایەن هەندێك لـە لێکۆڵەرانـەوە بـە سەر حەلقەی ئەم ڕێبازە پیناسە کراوە. بەڵگەنامە مێژووییەکانیش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە هەر ئـەم کەسـایەتییە، واتـە جەلالـەدینی بوخـاری سـەرحەڵقەو بونیاتنـەری ئـەم ڕێبازەیـە و بـە وتـەی کـەلامی سەرئەنجام لە بنەڕەتدا پەیڕەوی ئایینی "درووزی" بووە.

"مودەریسی عالەم" کە بۆ خۆی یەکێك لە سـەرحەلقەکانی دەروێشـانی "خاکسـار" بـووە سـەبارەت بـە جەلالەدین حەیدەر نووسیویەتی: من لـە زاری مورشـیدەکەی خۆمـەوە بیسـتوومە کـە سـەید جەلالـەدین حەیدەر پیاوێکی ئێرانی بووەو ماوەیەکی زۆر لە هندوستان سەرقاڵی پەروەردەکردنی دەروونی و چالاکی ئایینی بووە[2] .

هەروەها لـە "تبیـان الحـق ایات ولایت" دا هـاتووە: ئـەم نەزمـە "حەیـدەری" لەلایـەن خوالێخۆشـبوو جەلالەدین هیندییەوە پێکهاتووەو چـل تـەن و حـەو تـەنی شـیراز و قوتبـەدین حەیـدەر کـە بـە توربـەی حەیدەرییە بەناوبانگە پەیوەندی بەوە هەیـە[3] . هـەروەها سـەید موحەممـەد عـەلی خواجـەدین لـە زەمـانی "موحەممـەد بـاقری سـاعیدی"یـەوە دەڵیـت: پرسـیار کـرا سـەید جەلالـەدین کێیـە؟ سـەید جەلالـەدین حەیدەرەی بوخارائی بەگوێرەی "عمده المقالات" چاپی حەیدەر ئاباد، کوڕی سـەید ئـەبوو زەیـد کـوڕی سەید یوسف کوڕی ئەبوجەعفەر کوڕی سەید مەحموود کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی سەید عەبدوڵڵا کوڕی سەید عەلی عسگەر کوڕی موحەممەد نەقییە. کە بەگومانـەوە دەتـوانین بڵـێین لـە سـەدەکانی پێنجـەم و شەشەم و حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە.

کەواتە نـاتوانین ڕەچـەڵەکی سیلسـیلەی خاکسـار بگەڕێنینـەوە بـۆ بنەماڵـەی سـەفەوییە و ئـەو کورسـی مامانەی کە لەبەردەست خاکسارەکان دایـە، وای دەردەخـەن کـە ئـەو تیدییایـە کـە سـوڵتان حەیـدەری باوکی شائیسماعیلی سەفەوی بونیاتی ئەم ڕێبازەی داناوە، لە ڕاسـتییەوە دوورە. ئەڵبـەت ئەمـە ڕاسـتە سوڵتان حەیدەر لە بنەماڵەی "فـەقر"ەو باوەگـەورەی، واتـە شـێخ سـەفییەدین موریـدی شـێخ زاهیـدی گەیلانی بووە، بەڵام هەروەها کە ئاماژەمـان پێکـرد ئـەو کەسـایەتییە بونیاتنـەری ئـەم ڕێبـازە نـەبووە.

---

[1] – قوتبەدین حەیدەری توونی مووسەوی یەکێکە لە سەیدە ڕێزدارن و عارفە بە ناو بانگەکان کە پشتاو پشت ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر عەبدوڵڵا کوڕی مووسا کوڕی مووسا کوڕی جەعفەر (موسى ابن جعفر) ئیمامی شێعە. ئەو زاتە سەرحەڵقەی فیرقەی (حەیدەریە)یە. شێخ عەتار گەیشتوەتە خزمەتی و کتێبی (حەیدەرنامە) ی بە ناوی ئەوەوە نووسیوە لە شاری (توون)ی خوراسان لە دایك بوەو ماوەیەك لە تەبرێز ژیاوەو هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە. (لغت نامە دهخدا، حرف ق ص15550) هەر وەها موحەمەد مەعسوومی شیرازی ڕەگەزنامەی ئەو زاتەی لە بەرگی دووەمی لاپەرەی 130ی کتێبی طرایق الحقایق دا نووسیوە.

[2] – گنجینە اولیا، عبدلکریم مدرسی عالم، ص: 111.

[3] – تبیان الحق ایات ولایت (تحفە درویش) ص: 114.

نووسـەری "گـراکـق الحـاکـق"یـش لـە هـەمان "سـەید جەلالـەدین بوخـاری" نـام دەبات کـە موریـدی "بهاالـدین زکریـا ملتـانی" نووسـەری فارسـی نووسـی نیمچـە دوورگـەی هیندوسـتان و موریـدی "شـێخ شەهابودین سوهرەوەردی" بووە کە لە بەرواری 665–656 کۆچی لە "ملتان" کۆچی دوایی کردووە و ئەو لە جەرگەی دەرویشـانی جـەلالیدا پێناسـە دەکـات کـە مـەزاری ئـەو لـە "ئووچـە"ی هیندوسـتانە و "حاجی زەینولعابدین شیروانی" لە وەسفی "ئووچ" دەنووسیت: دیهاتێکە لە بیلادی "ملتان" و ناوچەیە کە لە بەشی دووهەم" کەش و هوایەکی خوشی هەیە و دانیشتوانی زۆرتر دەرویشگەلی جـەلالی و دیکـەی هیندییەکانن. و لەبەر ئەوەی مەرقەدی "سەید جەلالی بوخـاری" لەویدایـە و ئـەولاد و سەرشـاخەی ئـەو گـەورە پیـاوە لـەو ناوچـەیەدا ژیـاون، سـەرورەری جەلالییـەکان و گـەورەی دەرویشـانی ئـەم ناوچـەیەن.
هەروەها لە ناساندنی "سەید جەلال"ی ناوبراودا دەنووسیت: "سەید جەلالەدین" عارفێکی کەم وێنە بوو و ئاوێنەی فەقرو فەنای سەردەمی خوی بوو و لە مەزهەبی ئیمامییەدا لە سەوادا ئیشی دەکرد. هەروەها لە "منتخبات رسایل خاکسار"دا، "میرزا شەیدا"، سەید جەلالەدین بە خەڵکی بوخارا ناو دەبات.
بەپیی ئەم نووسراوانەدا ئەتوانین بڵێین مەبەست لە جەلالەدین حەیدەر، دانەری زنجیرەی "حەیـدەری"، هەمان سەید جەلال بوخارییە کـە لـە سـەدەی شەشـەم و هەوتـەمدا ژیـاوە و لـە "ئووچـی" هیندوسـتان ئەسپەردە کراوە.
"ابن بگوگە" لە سەفەرنامەکەی خویدا سەبارەت بە شاری "ئووچ" دەڵێت: لە رۆژگاری ئەمڕودا، ئووچ لە قەوارەی سێ ئاواییدا لە ناوچەی پەنجاب ماوەتەوە کە لە رۆژگارانی کولەدا زۆر بەناوبانگ بووە و نیـوی کۆنی ئەو شارە، گوایە "دیوگرە" "دژخودا" بووە کە نەقڵ دەکرێ لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا کچـی "راجای مەحەل" لەسەر دەستی "سەید جەلالەدین" شایەتیمان دینی و دەبێتە موسڵمان و ئەم قـەڵا بـۆ رێزنان لە مەقامی ئەو بەناوی "ئووجا" یان "ئـووچ شـەریف" بنیـات دەکـرێ. بـەم بۆنـەوە دەتـوانین وا بڵێین کە نیوی نویی ئەم ناوچە لە وشەی "ئووجای" تورکی بە مانای سێ هابتی.
هەروەها دەگوترێت کە: "لە شاری "ئووجە" شێخ عابید زاهید شـەریف قوتبـەدین حەیـدەر عەلـەوی"م زیارەت کرد و خیرقەم لەدەستی ئەو ئەستاند کە ویدەچی کوڕەزای "سەید جەلال سوور پوشی بوخاری" یان هەمان "جەلالەدین حوسەین" ناسراو بە "مەحزووم جەهاینان" کوڕی "سەید ئەحمـەد کـەبیر سـەید جەلالەدین سوور بوخارایی" کوڕی "سەید عـەلی ئەبدوالمویـەد ئـووچ بوخـارایی" "785–707 کۆچـی مانگی" بووە.
ئەم زاتە لە سەردانەکەی بۆ کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی یەکەمی پردیوەردا، دەگاتە خزمەت سوڵتان سەهاکی بەرزنجی و دیداری لەگەڵدا دەکات. سـەید جەلالـەدین لەلایـەن یارسـانەکانەوە نازنـاوی "بابا هیندو"ی پێدەبەخشرێت. کە بەخشـینی ئـەم نازنـاوەش دوو هـۆی بـووە: یەکـەم بـە پێـی یاسـای یارسان هەر کەسایەتییەك کە ئەم هـزرە وەردەگرێـت نازنـاوێکی پێدەبەخشـن. دووهـەم چـۆن ئـەو زاتـە تەمەنی زۆر بووە "هەشتاساڵ" و لە هیندەوە سەفەری بۆ پردیوەر کردووە نازنـاوی "بابـا هینـدو"یـان

لێناوە. ئەم سەردانە، بەڕەچاوکردنی ژیانی جەلالەدین "595– 690 ی کۆچی" و بەپێی کەلامی سەرئەنجام دەبێت لە ساڵی 675 ی کۆچی ڕووی دابێت و هەر ئەویش بۆ یەکەمجار "گوێزی هیندی" بە دیاری دەباتە پردیوەر.

هەندێك سەرچاوە بە دەستەوەن کە گوایە جەلالەدین لەگەڵ فیرقەی "دروزی" پێوەندی بووە و باوەڕی بە هزری "یەکبوویی" هەبووە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە ئارەزووی سەردانی پردیوەر بکات و پرسان پرسان بگاتە ئەو شوێنە.

جەلالەدین دوای ماوەیەك نیشتەجێ بوون لە پردیوەر، بە ئەمری سوڵتان سەهاك بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی هزری "حەیدەری" دەگەڕێتەوە بۆ هیندوستان. پیربنیامین لە سەردانەکەی جەلالەدین حەیدەر بۆ پردیوەر بەم شێوە بە خێرهاتنی دەکات:

| | |
|---|---|
| هندوی تازە یار .... | وەش ئامای وەخەیر هندوی تازە یار |
| دانەی یاریت سایو مەتابار | ئاوردن پەی جەم بەیای ساحب کار |

هەروەها سوڵتان سەهاك سەبارەت بە پلەوپایەی سەید جەلالەدین، کە میوانداری زاتی"داوود"ی کردووە و دوای پەردەگرتنی داوود، ماوەیەك شوێنی داوود "میکائیل"ی لە پردیوەر پر کردووەتەوە، دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| جەلای تودایم نە جەلای زاخم | ئیسا چە توی یاری گوستاخم |
| ئیدن یار داوود وە شاخای شاخم | وەش ئازاد مووە دڵی دوساخم |

دوای هاتنی سەید جەلالەدین حەیدەر بۆ پردیوەر و گەڕانەوەی بۆ هیندوستان، بەشێوەیەکی فەرمی و دیاریکراو پەیوەندی فیکری یارسان و ئەو وڵاتە چێدەبێت و دواتر بەچوونی بابایادگار بۆ ولاتی هیند و نواندنی چالاکی ئایینی لەو وڵاتە و پێکهاتنی یارانی "زکری" پەیوەندییەکە پتەوتر دەبێت و پەرە دەسینێت.

هەروەها کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، سوڵتان سەهاك یارەکانی خۆی بۆ چالاکی ئایینی دەنارد بۆ وڵاتانی دوور و نزیك، بەڵام ئەو یارانە بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە نەدەناسران و هەر هەموویان خاوەن نازناوی پردیوەری بوون و هەر ئەمەش وای کردووە کە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەناوگەلێکی ترەوە ئاماژەیان پێکرابێت و ناسینەوەیان دژوار دەبێت.

لە کتێبی "تژکرە اعلی"دا بەم شێوە ئاماژە بەو ڕاستییە کراوە: هەر یارێك زانستیکی پێدەدراو دەنێردرا بۆ شوێنێك، حاجی باوەیسی بۆ کوێستان، سەید حەبیب بۆ کوردستان، سەید موحەممەد بۆ ئەردەبیل، میر بۆ تورکستان، سەید شەهابەدین بۆ ڕۆم و سەید مستەفا بۆ لوڕستان.

هەر لەو سەرچاوەدا سەبارەت بە کەسایەتی "میر" نووسراوە: میر نێردرا بۆ تورکستان، لەو وڵاتە میر بوو لە شوێنێکی تر شا بوو، لە هند ڕواڵەتی مرۆڤی بوو، لە ملکی ئەفغان شا شێر بوو، لە شوێنێك ئەمیر بوو، ناوی شەریعەت حسەین، ناوی تەریقەت شا سەید جەلالەدین، ناوی حەقیقەت میر بوو، ناوی مەعریفەت پیر بوو.

پێوەندی یارسان لە گەڵ وڵاتی هیند، دوای دەرکەوتنی شاهەیاس "ئەیاز" لە ناوچەی "تان"ی هیندوستان و هاتنی ئەو زاتە بۆ هەورامان لە سەردەمی "پیر قەنبەری شاهۆیی" ئەوەندەی تر پتەو دەبێت. شاهەیاس ناسراو بە "دودەمەردی حەقانی" شامیوان بووە و لە سەرەتا یەکێك بووە لەموریدانی قوتابخانەی سەید جەلالەدینی بوخاری سەرحەڵقە و خاوەن دوودەی فەقیرەکانی خاکسار، ناوی تەریقەتییەکەی شاهەیاس "غولامعەلی شا" بووە کە هەندێك لە کەسان پێیان وایە خەڵکی قەندەهار بووە و نووسیویانە مەزارگەکەشی هەر لەو شوێنەیە. ئەڵبەت جەنابی مودەرسی عالەم لەگەنجینەی ئەولیادا نووسیویەتی غولامعەلی شا لە هیندوستانەوە هات بۆ ئێران، ئەڵبەت من ناڵێم خەڵکی هیندوستان بووە، بەڵکوو بۆ پەروەردەی دەروونی خۆی ڕووی کردوتە ئەو وڵاتە و لای پیرەکان و "مورتاز"ەکانی هیندوستان دەرسی وەرگرتووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و دەستی داوەتە پەروەردەکردن و ڕێنمایی خەڵك.

بەڵام مودەڕسی عالەم لە دەستنیشانکردنی شوێنی لە دایکبوونی ئەو کەسایەتییە دوودڵ بووە. بەڵام بەپێی کەلامی سەرئەنجام دەردەکەوێ کە غولامعەلی شا بە ڕەچەڵەك هیندی بووە و دوای سەردانەکەی بۆ پردیوەر فێری زمانی کوردی دەبێت و بەوتەی هەندێ کەس لە دۆڵێکی نێوان ئیسلام ئابادی غەرب و کریندا ون "غەیب" دەبێت و تائێستاش ئەو دوڵە لای خەڵکی ئەو ناوچەیە بە "تووەی هەیاس" بەناوبانگە.

بەپێی کەلامی سەرئەنجام هاتنی ئەو زاتە بۆ هەورامان و ناساندنی خۆی بە پیرقەنبەری شاهۆیی بە مەبەستی سەرسپوردەیی و وەرگرتنی ئیزن بووە بۆ بونیاتنانی ڕێبازێکی نوێی جیا لە ڕێبازی حەیدەری. بابا شامورا لەم بارەوە دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| فەرزەند شێخ عیسی یانە بساکان | زات یکتائیش ها وەستەن ئـــەو تان |
| بەو شـا کە زاتش خـــالقەن جبار | هــەیاس هاوە دون شای خاوەندکار |
| وە هندوستاندا بی وە دودەمـــەرد | وە شارەزویلدا دێت کە چیشش کەرد |

غولامعەلی شا "شاهەیاس ـ دودە مەردی حەقانی" بنیاتی سلسلەی جەلالی کە "ئەبووترابی" و "غولامعەلی شاهی"شی پێدەگوترێت، داناوە کە هەنووکە لەئێراندا تەنیا خاکسار جەلالی ڕێخستنیان هەیە و لقەکانی تری حەیدەری ژمارەیان زۆر کەمە و لە هەر کامێکە و چەند کەسێك ماوەتەوە.

دوای دودەمەردی حەقانی شاهەیاس کوڕی شێخ عیسا بساکانی لە هەوراماندا دەردەکەوێت، کە بەوردی لە "بەشی یارسان دوای پردیوەر"دا باسی کراوە.

سەبارەت بە یارەکانی سوڵتان سەهاك ئەو ناوانەی کە لەکەلامی سەرئەنجام و تێکستە کۆنەکانی یارساندا ئاماژەیان پێکراوە و لە مێژوودا هیچ ئاماژەیەك بەو کەس و ناوانە نەکراوە، کە هەر ئەمەش بووەتە هۆی سەرلێشواوی لێکۆڵەران و سازکردنی ئەفسانە و چیرۆکی بێ بنەما، پێویستە بگوترێت گشت ئەو کەسایەتییانە لەهەمان سەردەمی یەکەمی پردیوەردا بەناوە ئەزەلییەکانیانەوە "ناوە

پردیوەرییەکانیان" ناویان لێبراوە. بە واتایەکی تر هیچ کەسایەتییەك بەناوی ئەم دونیاییەوە بانگی لێنەدەکراو گشتیان خاوەن نازناو بوون و بەو نازناوەوە دەناسران.

هەروەها پێویستە بگوترێت کە بەهۆی درێژخایەنبوونی سەردەمی پردیوەر کە نزیك بە سێسەد ساڵ دەبێت و هەروەها بە ڕەچاوگرتنی تەمەنی مرۆڤێك، هەر ئەرك و پلەیەك لەوماوەدا بەچەندین کەس سپێردراوە و دوای کۆچی دوایی "جەستەیەك" بەڕێوەبەری ئەو ئەرکە، کە بەباوەڕی یارسانەکان فریشتەیەك بووەو بەئەمری خودا لە ڕووی زەویندا دەرکەوتووە، پێویست بووە لەجەستەیەکی تردا دەرکەوێت و درێژە بەئەرکی پێ سپێردراو، بدات. کەواتە دەتوانین بڵێین، بۆ نموونە فریشتەیەکی وەك میکائیل یان یەکێك لە حەفتاودووپیر، لەسەرەتای سەردەمی پردیوەرەوە تاکۆتایی ئەو سەردەمە پێویست بووە چەندین "کراس" و "جەستە" بگۆڕێت، تا بتوانێت ئەرکە پێ سپێردراوەکەی بە جێ بهێنێت.

هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە ناو و شوێنی لە دایکبوون و وەفاتی زۆربەی یارانی سوڵتان سەهاك نادیار بێت. هەروەها ئەم ڕاستییە وای کردووە کە نەتوانین بڵێین ئەو کەلامانەی کە بۆمان ماوەتەوە لە چ کات و مێژوویەکی پردیوەردا نووسراون. بۆ نموونە کەلامێك کە لە زمانی "کاکاپیرە"وە گوتراوە، بەناوی "بنیامین"یشەوە ناسراوە و بە هی ئەویش زانراوە. ئەڵبەت کەلامی واش هەیە کە مێژووی گوتنەکەی ئاشکرایە و دەتوانین مێژووی بۆ دابنێین. بەڵام سەبارەت بە یارانی سوڵتان ئیسحاق و ئەو نیوانە لە کەلامی سەرەنجامدا کە لەمێژوودا ناوێك لەم کەسایەتییانە تۆمار نەکراوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بڕێك کەسایەتی دەستکرد لەلایەن پسپۆڕانەوە دروست بکرێت و عاسمان و ریسمان بو بکەن، ئەبێ بڵێین کە هەموو کەسایەتییەکانی یارسانی لە هەمان سەرەتاکانی پردیوەردا بەناوگەلی ئەزەڵی و یان بە وتەی سەرەنجام بەناوگەلی پردیوەری پێناسە کراون. بەم جۆرە کە ناوگەلی ڕاستەقینەی خۆی نەبڕاوە بەڵکوو ناز ناوێکی بۆ دانراوە. هەروەها ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە بەهۆی درێژخایەن بوونی سەردەمی پردیوەر کە نزیکەی سێسەد ساڵی خایاندووە و هەروەها درێژەی تەمەنی مرۆڤێکی ئاسایی ئەبێ سەیری ئەم وردەکارییە بەجۆرێك بکەین کە پلەوپایە و سەروەری لە دەزگای یاریدا کە بەپیی بیروبڕوای ئەهلی حەق، هەموویان لە فریشتەگەلی نزیك بە دەرگای خوداین و لە عالەمی خاکیدا ئەرکی خویان بەجێ دەهێنن بەپیی رواڵەت لە چەند جامە و کراسدا بە قاڵبگەلی جۆراوجۆر لە گەراندا بووگن و رۆح یا فریشتە دوای خاڵی کردنەوەی جل و بەرگی مرۆڤایەتی "مەبەست کۆچی دوایی کردنە"، لە جامەیەکی نویدا جیلوەی کردووە و گریمانەی ئەوە هەیە کە یەك پلەیان فریشتەیەك وەکی میکاییل، عەقیق و یان یەکێك لە هەفتاو دوو پیر و... لە سەرەتای سەردەمی پردیوەر تا کۆتاییەکانی ئەم چەرخە، چەند جامە و کراسیان گورابێت و تەنانەت کەمتر لە مرۆڤێکی ئاساییش تەمەنیان کردبێت.

بۆ نموونـه شەسـت و شـەش خزمـەتکاری کەمـەر زێـرین کـە لـە سـەرەتای پردیـوەر، خزمـەتی سـوڵتان ئیسـحاقیان کـردووە و خوازیـاری سەرسـپاردن لـە دەزگـای یـاریدا بـوون و لـە گـەورە پیـاوان و ریـش چـەرمووەکانی ناوچـە بـووگن لـەدوای چـەند سـاڵ کراسـیان دەرهاوردبێـت و بـەهۆی تەمـەن زۆر بـوون، تەنانەت نەیانتوانیبێت بەنیوەی چەرخی یەکەمی پردیوەریش گەیشتبن و یان مەلا روکنـەدین و ئـەوانی دیکە کە لە سەردەمی بەرزەنجـەدا ناویـان لێـبراوە تـا کۆتاییـەکانی سـەردەمی پردیـوەر چـەند جامـە و قاڵبیان بەناوگەلی جۆراوجۆر خـاڵی کردبێـت بـەڵام لـە کـەلامی سـەرەنجامدا هـەر بـەنیوی "پیرمووسـا" یادیان لێدەکرێت.

کەوایە بەپیی بارودۆخ کە لە سەردەمی پردیوەر، هەموو یـاران پێکـەوە بـوون و ریـی و رەسمـی یارییـان بەجێ هاوردگە هەریەك لە یاران، لە پیرستی ریبەرایەتی سولتان ئیسحاقدا کـە قـاڵبی بـە رواڵـەت بـەجێ دێڵیت ئەو رۆحە ئەچێتە قاڵبێکی دیکەوە و هەموو کاتێك جیگەی خاڵی سوڵتان ئیسحاق پڕ دەکەنەوە و ئەم رووداوە ئەبێتـە هـۆی ئـەوە کـە زۆربـەی نیـوی یـارانی سـوڵتان ئیسـحاق و جیگـای لـەدایك بـوون و ناشـتینان روون نەبێتـەوە و فرەتـر بـبن بـە ئەفسـانە. هـەمان شـت ئەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە زۆربـەی کەلامەکانی بەردەست بۆمانی روون نەکەنەوە کە ئەو کەسایەتییە لەکام سەردەمدا ژیـاوە لەبـەر ئـەوەی کە هەموویان بەناوگەلی تایبەت، ناویان لێبراوە.

بۆنموونە کەلامێك کە لە زاری "کاکە پیرە" هاتووتـەدەر، بـە هـەمان نـاوی پـیر بینیـامین تۆمـار کـراوە. ئەڵبەت قۆناغەکانی کەلامی دیکەش هەن کە دەتوانین زمانی وتاری ئەوان پێناسـە بکـەین، وەك کـەلامی سـەردەمی بارگـە بارگـە کـە دەگەرێتـەوە بـە کۆتاییـەکانی سـەردەمی پردیوەریـە چـوونکە بەلگەگـەلی بەردەست وەك شایەتی دەربارەی شافەزڵ، حاج بەکتاش وەلی کە لە نیوەی پردیوەردا فۆرمی گرتووە و ئەمانە بەهۆی باسگەلی تەرحکراو وەك پیوەندی رۆحی و مەعنەوی، سەفەر و هاتووچوو و بڵاوکردنەوە و پروپاگەندە کردن بۆ ئایینی یاری، ئاگاداری هەبوونی یەکتر بوون و شایەتییان بـۆ یـەکتر داوە کـە ئەمـە پێشاندەری راستی ئیدیعاکانی کـەلامی یارسـانە. هـەروەها ئامـاژە نـەکردنی کەسـایەتییەکان بـە کـات و شوێنی ژیانیان لە سەردەمانی جۆربەجۆردا ئەو راستییە دەردەخەن کە یارسانی هەرگیز روانگەی ناوچـە گەرایانەیان نـەبووە و بـەپیی فەلسـەفەی یارسـانی، پروپاگەنـدەیان بـۆ ئەندیشـەی ئینسـانی کـردووە و خویان بە پاسداری حەقیقەت زانیوە و بەپیی هەمان بنەمایە کە بـۆ هـەموو کتێبـە ئایینییـەکان ریشـز و حورمەت دادەنین و تەکریمیان دەکەن بەڵام فەرمانگەلی سەرەنجام وەك رینووسی ژیانی خویان دەزانن و نوێژی و تاعەتی خویان نزیك ئەم وتـەی کۆنفۆسیوس دەکەنەوە کە ژیانی من، نوێژی منە.

## یارسان

یەکێك لەو سەرهەڵدانانە کە لە ناوچەی کوردستاندا بە شێوازێکی هێمنانە ڕوویداوە و گۆڕانکارییێکی بەرچاوی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئایینی لێکەوتەوە "شۆڕشی یارسانە"، ئەم سەرهەڵدانە ئایینییە، لە سەرەتای سەدەی دووهەمی کۆچیدا بە دەرکەوتنی "بەهلوولی ماسی" بە مەبەستی پاراستن و بووژاندنەوەی میهر پەرەستی "میترایسم" دەستی پێکردووە.

بەهلوول دەفەرموێ:

ئەو واتە یاران، ئەو واتە یاران ئێمە دیوانەین، ئەو واتە یاران
هەنی مە گێڵین، یەك یەك شاران تا زندە کەریم، ئایین ئێران[1]

هەر لەم بارەوە، یانی تیکوشان بۆ زیندووکردنەوەی ئایینی کۆنی باوباپیران، بابا سەرهەنگ فەرموویەتی:

چەنی ئیمرمانان، مە گێڵیم هەردان مە کۆشم پەرێ، ئایینی کوردان[2]

بابا یادگاریش فەرموویەتی:

جام بنیاما جەم بییەن نە میهر بنامین ئافتاو ماوەرۆ وە تیر[3]

بەهلوول دوای چالاکییەکی زۆر و ماندوونەناسانە، مزگانی سەرهەلدانی شاخۆشینی لوڕستانی بە یاران دەدات و شاخۆشین لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا زوهوور دەکات و درێژە بە سەرهەڵدانە ئایینییەکەی بەهلوول دەدات: بە سەرهەلدانی شاخۆشین جیا لە پەیڕەوانی بەهلوول، ئەو "خورەمدینان"ـەیش کە دوای "بابەك"ی سەرکردەیان پەرتەوازە ببوون، لە دەوری کۆدەبنەوە و ئایینەکەی وەردەگرن، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوەندی ئایینی یارسان لە لوڕستاندا دابمەزرێ و گەشەبکات[4]. دوای شاخۆشینی لوڕستانی، چەندین کەسایەتی ئایینی وەکو: باباسەرهەنگی دوودانی، باباجەلیلی دوودانی و باباناوسی سەرکتی، یەك بە دوای یەکدا سەرهەلدەدەن و تا سەدەی حەوتەمی کۆچی ڕێبەرایەتی بزافی یارسان دەگرنە ئەستۆی خۆیان. لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا سوڵتان سەهاکی بەرزەنجەیی سەرهەلدەدا و پشت بە ڕێکوپێککردن و سەرلەنوێ داڕشتنی بنەماکانی فیکری ئەم ئایینە دەبەستێ. کە لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو دەبێ، جیا لەوەش ئەم زاتە پیرۆزە کاریگەرییەکی بەرچاوەی دەبێ لە سەر

---

1- سەرەنجام، دەورەی بەهلوول بەندی 4. ئەڵبەت لە یەکێك لە دەستنووسەکاندا (ئایینی کوردان) نووسراوە کە مەبەست لەوەش هەر ئایینی میهرە، چونکە مێژووی ئێران و کورد هەر یەکێکە و جیاناکرێتەوە.

2- سەرەنجام، بابا سەرهەنگ بەندی 1.

3- سەرەنجام، زولال زولال بەندی 28.

4- هاوکات لە گەڵ دامەزراندن و گەشە کردنی ئایینی یارسان لە لوڕستاندا، چەندین سەرهەڵدانی جەماوەریش ڕوویداوە کە ڕەنگە هەندێکیان بەپێڕەوانی ئەم ئایینەوە پەیوەندی هەبووبێت، بۆ نموونە کوشتنی (بەدری کوڕی حەسەنویە) حاکمی لوڕستان کە بکوژەکانی (گۆران) بوون. مجمل التواریخ و القصص، ص: 401.

زۆربەی سەرهەڵدان و بزافە فیکری و ئایینییەکانی هاوچەرخی خۆی و دواتریش لە ناوچەکانی گێلان، ئازەربایجان، کوردستان، لوڕستان، خوزستان، تورکیا، سوریا و نێوان دووزێ[1]، وەك بزاف و سەرهەڵدانەکانی حروفییە، بەکتاشییە و سەفەوییە[2]. لێرەدا کردار نادیارە....

ئایینی یاری، لای باوەڕپێکەرانی بە ناوەکانی "یارسان" و "کاکەیی" و "ئەهلی حەق" دەناسرێت و لای خەڵکانی دەرەکی و هەندێ لە سەرچاوەکاندا بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر ناوی لێبراوە وەك: شەیتان پەرەست، ئاورپەرەست، گەبر، ئەهلی سڕ، سەرسپوردەگان، عەلەوی، نەسیری، ئەهلی نیاز، غەلات و گۆران. هەروەها "سارلی" کە لە ناوچەی مووسڵ و ئەو دەڤەرە نیشتەجێن و لە زەمەنێکی نادیاردا بەهۆی گوشار و سەرکوتی نەیارانی ئەم ئایینەوە، لە شارەزوور باریان کردووە و چوونەتە ئەو ناوچەیە. بەڵام هەر لە سەر ئایینی ئەهلی حەق ماونەتەوە.

تورك و عەرەبەکان، یارسانەکان بە "نصاری" ناودەبەن و ئێرانییەکان بە "عەلی ئەڵلاهی" پیناسەیان دەکەن.

"پتروشڤسکی"یش ئایینی یاری بە یەکێك لە فیرقەکانی شیعەی ئەوپڕگر[3] دەزانێ، کە لە سەدەی نوهومدا سەری هەڵداوە و شیعەکان پەیڕەوانی ئەم ئایینە بە عەلی ئەڵلاهی ناودەبەن. ئەم زانایە پەیڕەوانی یارسان بە چەند فیرقەی بچووکتر دابەشدەکات و دەنووسێ: لە تورکیا بەناوی "قزڵباش" و لە ئازەربایجان بەناوی "قەرەقوویونلو" و "گورنلر" واتە "چاوکراوان" و لە دەڤەری ورمێ بە ناوی "ئەبدال بەنی" و لە قەزوین بە ناوی "کاکاوەند"و لە مازەندەران بە ناوی "خواجەوەند" ناوبانگیان دەرکردوە[4].

بەڵام وشەی لێکدراوی "ئەهلی حەق" لە فەرهەنگی "سۆفیە"دا بە کەسانێك دەگوترێ کە پلە سەرەتاییەکانی تێگەیشتن "شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت" یان تێپەڕکردووە و گەیشتوونەتە ئەوپەڕی تێگەیشتوویی، واتە "حەقیقەت". هەروەها ئەم وشەیە بە مانای کەسایەتی تێگەیشتوو لە "ڕازی ئایین" دەگوترێ کە لەلایەن "سوڵتان سەهاك"ەوە گەشەی کردووە[5].

"زەرینکوب"یش لە کتێبی "ارزش میراپ صوفیە"دا نووسیویەتی: ئەم جەماعەتە "ئەهلی حەق" کە لە کوردستان، لوڕستان، ئازەربایجان و هەروەها هەندێکیان لە هەمەدان و تاران و مازەندەران و خوراسان و فارس دا دەژین، زۆرکات بە "عەلی ئەڵلاهی" ناویان دەبرێ، نە تەنیا لە ڕووی نازناوەوە، بەڵکوو بەهۆی داب ونەریت و ڕاو بۆچوونەوە، لەگەڵ "سۆفیە"دا لێکچوویی و پەیوەندیان هەیە[6].

---

1- واتە: وڵاتی بین النهرین، میزۆپۆتامیا.

2- قیام و نهچت علویان زاگروس، محمد علی سلگانی، ص: 79.

3- غلاە اشیعە.

4- اسلام در ایران، ایلیا پاولویچ پگروشفسکی، کریم کشاورز، ص: 325.

5- سە گفتار تحقیقی در ئێین اهل حق، مینورسکی، ص: 38.

6- ارزش میراپ صوفیە، عبدلحسین زرینکوب، ص: 70.

کەواتە وشەی "عەلی ئەڵلاهی" نازناوێك بووە کە عەرەبەکان و ئیسلامەکان بە ئەهلی حەقیان بەخشیوە و ئەوەش ڕەنگە بەهۆی بوونی هزری "مرۆڤخوایی"[1] و مرۆڤویستی لەم ئایینەدا بووبێت.

لێرەدا پێویستە هەندێك لە سەر هزری "مرۆڤخوایی" و "یەکبوویی" و فەلسەفەی "دۆنادۆن"[2]، هەروەها پەیوەندی "عەلی" بەم ئایینەوە ڕوونکردنەوەیەکمان هەبێت. ڕاستە کە عەلی لەم ئایینەدا یەکێکە لە "تەواوە"کان و پلەی "خوایەتی" پێدراوە. بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەبوونی هزری ئیسلامگەرایی لەم ئایینەدا نییە و دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی "دۆنادۆن" کە بەپێی ئەم باوەڕە خوداوەند، لە هەر چەرخێکدا "دونێکدا" لە لەشێکی پاکدا و لە سیمای کەسێکدا لە سەر زەوی دەردەکەوێ و ڕێنمایی و ڕێبەری مرۆڤ دەکات و بەرەو سەرکەوتن هانی دەدا، کەواتە "عەلی" یەکێکە لە "سیماکان"[3] کە زنجیرەیان لە "ئادەم"ی باوکی مرۆڤەوە دەست پێدەکات و پاشان دەگاتە: نووح، ئیبراهیم، مووسا، عیسا، عەلی، موحەممەد و کەسایەتییە پیرۆزەکانی ئەهلی حەق[4]. تێگەیشتن لەم هزر و فەلسەفەیە ڕوونی دەکاتەوە کە پیرۆزبوونی "عەلی" لای ئەهلی حەق، هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامگەراییەوە نییە و هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر ئایینی یارسان بە یەکێك لە فیرقەکان و ئایینزاکانی ئیسلام دابنرێت. شتێکی وا ئەگەر لە درێژەی مێژوودا، لەلایەن هەندێك لە پەیڕەوانی یارسانیشەوە گوترابێ، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو گوشار و کۆسپ و هێرشانە بووە کە لەلایەن ئیسلامەکانەوە بەبەردەوامی خراوەتە سەر ئەهلی حەق[5]. بەڵام شەبارەت بە یارانی سوڵتان ئیسحاق و ئەو نیوانە لە کەلامی سەرەنجامدا کە لەمێژوودا ناوێك لەم کەسایەتییانە تۆمار نەکراوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە برێك کەسایەتی دەستکرد لەلایەن پسپۆڕانەوە دروست بکرێت و عاسمان و ریسمانی بو بکەن، ئەبێ بڵێین کە هەموو کەسایەتییەکانی یارسانی لە هەمان سەرەتاکانی پردیوەردا بەناوگەلی ئەزەڵی و یان بە وتەی سەرەنجام بەناوگەلی پردیوەری پێناسە کراون. بەم جۆرە کە ناوگەلی ڕاستەقینەی خۆی نەبراوە بەڵکوو ناز ناوێکی بۆ دانراوە. هەروەها ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە بەهۆی درێژخایەن بوونی سەردەمی پردیوەر کە نزیکەی سێسەد ساڵی خایاندووە و هەروەها درێژەی تەمەنی مرۆڤێکی ئاسایی ئەبێ سەیری ئەم وردەکارییە بەجۆرێك بکەین کە پلەوپایە و سەروەری لە دەزگای یاریدا کە بەپیی بیروبڕوای ئەهلی حەق، هەموویان لە فریشتەگەلی نزیك بە دەرگای خوداین و لە عالەمی خاکیدا ئەرکی خویان بەجێ دەهێنن بەپیی رواڵەت لە چەند جامە و کراسدا بە قاڵبگەلی جۆراوجۆر لە گەراندا بووگن و رۆح یا فریشتە دوای خاڵی کردنەوەی جل و بەرگی مرۆڤایەتی "مەبەست کۆچی دوایی کردنە"، لە جامەیەکی نویدا جیلوەی کردووە و گریمانەی ئەوە هەیە کە یەك پلەیان فریشتەیەك وەکی میکاییل، عەقیق و یان

---

1- مرۆڤخوایی، یەك بوویی، وحدت الوجود.

2- تناسخ اللرواح.

3- تجسدەکان.

4- بە وتەی قورئان: (وَ إنّ اللّه خلَقَ ئَدَمَ عَلى صورَتهِ)

5- سه سال در ایران. کنت دوگوبینو، ص: 88.

یەکێك لە هەفتاو دوو پیر و... لە سەرەتای سەردەمی پردیوەر تا کۆتاییەکانی ئەم چەرخە، چەند جامە و کراسیان گورابێت و تەنانەت کەمتر لە مرۆڤێکی ئاساییش تەمەنیان کردبێت.

بۆ نموونە شەست و شەش خزمەتکاری کەمەر زێرین کە لە سەرەتای پردیوەر، خزمەتی سولّتان ئیسحاقیان کردووە و خوازیاری سەرسپاردن لە دەزگای یاریدا بوون و لە گەورە پیاوان و ریش چەرمووەکانی ناوچە بووگن لەدوای چەند ساڵ کراسیان دەرهاوردبێت و بەهۆی تەمەن زۆر بوون، تەنانەت نەیانتوانیبێت بەنیوەی چەرخی یەکەمی پردیوەریش گەیشتبن و یان مەلا روکنەدین و ئەوانی دیکە کە لە سەردەمی بەرزەنجەدا ناویان لێبراوە تا کۆتاییەکانی سەردەمی پردیوەر چەند جامە و قالّبیان بەناوگەلی جۆراوجۆر خالّی کردبێت بەلاّم لە کەلامی سەرەنجامدا هەر بەنیوی "پیرمووسا" یادیان لێدەکرێت.

کەوایە بەپیی بارودۆخ کە لە سەردەمی پردیوەر، هەموو یاران پێکەوە بوون و ریی و رەسمی یارییان بەجێ هاوردگە هەریەك لە یاران، لە پیرستی ریبەرایەتی سولّتان ئیسحاقدا کە قالّبی بە روالّەت بەجێ دێلّیت ئەو رۆحە ئەچێتە قالّبێکی دیکەوە و هەموو کاتێك جیگەی خالّی سولّتان ئیسحاق پڕ دەکەنەوە و ئە م رووداوە ئەبێتە هۆی ئەوە کە زۆربەی نیوی یارانی سولّتان ئیسحاق و جیگای لەدایك بوون و ناشتینان روون نەبێتەوە و فرەتر بىن بە ئەفسانە. هەمان شت ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کەلامەکانی بەردەست بۆمانی روون نەکەنەوە کە ئەو کەسایەتییە لەکام سەردەمدا ژیاوە لەبەر ئەوەی کە هەموویان بەناوگەلی تایبەت، ناویان لێبراوە.

بۆنموونە کەلامێك کە لە زاری "کاکە پیرە" هاتووتەدەر، بە هەمان ناوی پیر بینیامین تۆمار کراوە. ئەلّبەت قۆناغەکانی کەلامی دیکەش هەن کە دەتوانین زمانی وتاری ئەوان پێناسە بکەین، وەك کەلامی سەردەمی بارگە بارگە کە دەگەرێتەوە بە کۆتاییەکانی سەردەمی پردیوەریە چوونکە بەلگەگەلی بەردەست وەك شایەتی دەربارەی شافەزلّ، حاج بەکتاش وەلی کە لە نیوەی پردیوەردا فۆرمی گرتووە و ئەمانە بەهۆی باسگەلی تەرحکراو وەك پیوەندی رۆحی و مەعنەوی، سەفەر و هاتووچوو و بلاّوکردنەوە و پروپاگەندە کردن بۆ ئایینی یاری، ئاگاداری هەبوونی یەکتر بوون و شایەتییان بۆ یەکتر داوە کە ئەمە پێشاندەری راستی ئیدیعاکانی کەلامی یارسانە. هەروەها ئاماژە نەکردنی کەسایەتییەکان بە کات و شوێنی ژیانیان لە سەردەمانی جۆربەجۆردا ئەو راستییە دەردەخەن کە یارسانی هەرگیز روانگەی ناوچە گەرایانەیان نەبووە و بەپیی فەلسەفەی یارسانی، پروپاگەندەیان بۆ ئەندیشەی ئینسانی کردووە و خویان بە پاسداری حەقیقەت زانیوە و بەپیی هەمان بنەمایە کە بۆ هەموو کتێبە ئایینییەکان ریشز و حورمەت دادەنین و تەکریمیان دەکەن بەلاّم فەرمانگەلی سەرەنجام وەك رینووسی ژیانی خویان دەزانن و نوێژی و تاعەتی خویان نزیك ئەم وتەی کۆنفۆسیوس دەکەنەوە کە ژیانی من، نوێژی منە.

عەلیۆڵلاهییەکان بەردەوام لەگەڵ مۆسلّمانەکاندا سەری نەسازیان بووە بەشێوازێك کە قیزیلباشەکانی ناوچەی "دریسم" کە عەلیۆڵلاهین هەرگیز پەیرەوی تورکەکانیان نەکردووە. ئەلّبەت ئەمە نە لەبەر

ئەندیشە و ئایینی ئەهلی حەق و دەمارگرژی و دوگماتیسم بەڵکوو وشك بوونی ریی و رەسمی ئایینی ئیسلام لە مێژووی خویدا بووە.

لە واقیعدا هیچ حەقیقەتیّ وجوودی نییە کە نکووڵی لە حەقیقەتیّ پێشتر یا دواتری خوی بکات، لەبەر ئەوەی کە هەموو ئایینەکان و ئەندیشەگەلێك کە لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا سەریان هەڵداوە، هەریەك دیانی بەراستی ئەویدیدا دانەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین گوشار و سەرکوتکردنی ئەهلی حەق هیچ کات لەلایەن مۆسڵمانانی راستەقینەوە نەبووە بەڵکوو ئەو شێوازە رووبەروبوونەوە و سەرکوتکردنە، وەسیلەی کەسانێکی بەرواڵەت مۆسڵمان، نیوی گەورە پیاوانی ئایینی یارسانیان ـ چ لە ماوەی ژیاندا و چ دوای مردن یا کوژرانیان ـ وەك گلاو چەپەڵ "پلید" بردووە. ئەگینا لە ئایەتی13 سوورەتی حوجەراتیشدا هاتووە: "ئەی خەڵکی ئیمە، ئێوەمان وەك جەماعەت و قەبیلە دروست کرد بۆ ئەوەی یەکتر بناسن بەڵام خۆشەویستترینی ئیوە لای خودا، یەکتاپەرستترینی ئیوەیە". بۆیە دەتوانین بەپیی ئایەتی قۆرئانی پیرۆزیش ئەو بروا بسەلمینین کە تەنیا حەقیقەت لەکن خودای گەورەدا پیرۆزە.

"ویپرت بلووشر" لە سەفەرنامەکەی خویدا دەنووسێت: من لەگەڵ بەرپرسی فیرقەی ئەهلی حەقدا پیوەندییەکی یەکجار گەرمم هەبوو و جێگای متمانەی وی بووم. ئەو رۆژێك بەمنی کوت، ئەمە بە نهێنی لای خوت بمینیّ بەڵام عەلیۆڵلاهی لە حەقیقەتدا مۆسڵمان نین بەڵکوو خاچ پەرستن. کاتێك کە عەرەبەکان لە نیوەندی سەدەی هەوتەمی زایینیدا پەلاماری ئیرانیان دا و بەزەبری شمشێر خەڵکیان کردە مۆسڵمان، برێك لە خاچ پەرستەکان بەرواڵەت شایەتیمانیان هێنا و نیوی حەزرەتی "عەلی"یان لە جێگەی "مەسێح" دانا.

ئەم باسە ئەتوانیّ هەڵەش نەبیّ و پێشاندەری ئەندیشەی کراوەی ئایینی یاری لەباری مرۆڤ بروایی و قبووڵی حەقیقەت بێت و بۆچوونێکی بەربڵاو لەلای یارسانیەکانەوە نیشان بدات.

باس کردن لە هیما و نیشانەکان، یەکێك لە بنەماکانی زمانی وتاری لە "سەرەنجام"دا کە وەك رواڵەتێك لە راڤە کردنن مانای تەمسیلدا خوی دەنوێنیّ و لەباری جوانکارییەوە، رەنگ و رواڵەتێکی فرە زەریف بە سەرەنجام دەبەخشیت. لەواقیعدا، هیما یا نیشانە، بە پاراستنی ناوەرۆکی خوی وەك حەقیقەت، هەبوون دەبەخشیت بە شتەی کە کەوتووتە بەرباسی تەمسیل و بەپیی هەبوونی ئەو واقیعە حەقیقییە، هەبوون ئۆبژکتیو دەکاتەوە.

زمانی وتاری سەرەنجام، وێنەکاری حەقیقەتێکە لەوپەری راڤەکردنەوە بۆ روونکردنەوەی مینتالیتەی مرۆڤایەتی کە بە وێنەکیشانی خوی رۆشنایی و تیشك دەخاتە سەر ئەو شتەی کە دەروونییە و بە واتایەکیتر حەقیقەتی نهێنی خوی بە هیماکان پێشانی ئێمە دەدات.

لە سەرەنجامدا هەر هەبوونێکی باسکراو بە شێوازێکی هەتا هەتایی لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە رەمزو نهێنییەکانی جیهان و ئافراندنە، پیوەندییەکی رەچاو نەکراوەی هەیە کە بۆ ئەو کەسەی ئاگاداری نهێنییەکان نەبێت مانای نابێت و لەواقیعدا ئەو هەبوونە، ئاوینەیە کە بۆ تیشك خستنەسەر شتێك کە

بەدەست نایەت. لەراستیدا هەموو جیهان لە روانگەی سەرنجامدا، نەوعیك هەبوونی لەیەكچوویییە كە بەزمانی وتاری هیما باسی لێكراوە و هەموو ئەو شتەی كە لەم قالبەدا باسی لێدەكات حەقیقەتێكە لە هەبوونی كە ئەوە دەخاتە بەرچاو و زانست بە خوێنەری راستەقینەی خوی دەبەخشێت. بۆیە بەبیٚ كەڵك وەرگرتن لە هیماكان ئەو دەركە وەدی نایەت. "سەرەنجام" بە تەمسیل و هیمای "ئیشراقی"، ئەو شتەی كە ئەبیٚ لە عیرفان و كەشف و شهوود بۆ مالك روون بێتەوە یەكجا لە قالبی هیمادا پێشان دەدات و لە هەمان كاتدا تۆ دەبات بەرەو زەریایەكی بێكەران كە دەسپێكی سەرگردانی و هەژاری تۆیە بۆ دەست پەیدا كردن بە حەقیقەت.

یارسانی لە چوارچێوەی مرۆڤایەتی خویدا، هەرگیز بە شێوازێكی تەواو، خوی بە بەشێك لە ئەندیشەی یاسا نازانێت كە بەهۆی ئەوە ئازادی خوی لەدەست بدات و بكەوێتە داوی یەخسیربوونی فیكری. هەموو شێوازی ئەو پیداویستییەكە بۆ پەیدا كردنی دەسەڵاتی تەواو بەسەر وردو درۆشتی یاسا.

لەواقیعدا، بەكاربردنی یاسا و ریسا، بەشێوازێكی مۆرالییانە، هەمووی بۆ گەیشتن بە ئارمان و لە رێگەی هەنگاو هەڵگرتن بەرەوپیشە. "كوركونوف"ی رووسی سەبارەت بەم دیرە دەڵێت: "یاسا، هەرەشە كردنە لە بەرژەوەندی و هەروەها ئەخلاق، بایەخدانانە بۆ بەرژەوەندی. بەڵام لە شێوازی سەرەتاییدا بەواتای فۆرماسیونی تاكایەتی دیٚت و ئەخلاق وەك بنەمای بروا و هەروەها جوانی رووبەروبوونەوە كە پێداویستی هەبوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە خوی پێشان دەدات و هەمان باس ئەبێتە هۆی رێزگرتن لە "تەواوەتی" و قبوولٚ نەكردنی خراپە و خراپی لە تاكەكانی كۆمەڵگای یاریدا و بەشێوازی پێداویستییەك بۆ دروست كردنی پیوەندی و لێك نزیك بوونەوە خوی دەردەخات و ئاشكرا دەبێت.

ئەم پێداویستیە وەك بایەخ لەنیو تاكەكانی یارسانیدا سەرهەڵدەدا كە تەنانەت بارودۆخی تایبەتی زەمەنیش كە بایەخەكان دەگۆرێت نەیتوانیوە كاریگەرییەتییەكی لەسەر دابنیٚ.

بەپێچەوانەی ئایینی ئیسلام كە ئەو كەسانەی كە دژایەتی لە گەڵدا دەكەن بە ناپاكیان نازانیٚ. بە وتەی شێخ ئەمیر:

مێردیٚ ئازادە، ڕاگەش بەرد ئەو سەر　　　مێردیٚ نائازاد، وە یاری ئەو وە دەر

لە شوێنێكی تر دا دەفەرمویٚ:

ئەگەر ئایین وێت، وە خاس مەزانی　　　وە ئایینی كەس، بەد نمەوانی

بناخەی باوەڕی یاری، ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتییە كە دەتوانین ڕاستی ئەم باوەڕە لە تەوەری خۆناسی و "مرۆڤخوایی"دا كە بنەمای فیكری ئەم ئایینەیە دەست نیشان بكەین.

دەس و دڵی وێت، بكەرە شەرە　　　هەر كاریٚ بەدە، ئانە مەكەرە[1]

شێخ ئەمیر دەفەرمویٚ:

هەر كەس دەس و دڵ چەنەش یار نییەن　　　نە دوكانی یار خەوەردار نییەن

---

1- كەلامی دەورەی بارگە بارگە، بەندی 15.

پابەندبوون بەبنەماکانی مرۆڤایەتی لەئایینی یاریدا لە وتەی "باوە شەمس" بەم شێوە باسکراوە:

یارانت ئەو هەم ناچان توهمەتە　　　زالْم نـەوانی نـە رای زلـلـەتە [1]

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ:

هەر کە نە جەمدا بونیش کدرەتە　　　وە کەلام حەق نەبوش سـوبەتە
ئەو وە هامقەولش نەنیوحورمەتە　　　پالارو خـواران نەبوش مـوبەتە
بەشش بوڕ تو نە بوی قـودرەتە　　　برەژش وە ڕەنگ ژارە و مافەقە

کەواتە یار دەبێ لە هیچ هەلومەرج و بارووددۆخێکدا، فیکری ناڕەوا و بێ بنەما وەرنەگرێت، بۆئەوەی "خراپە" لای نامۆ بێت و وشەیەك بەناوی "گومان" بۆی بێ مانا بێت. ئەگەر بتوانێت ئەم قۆناغە ببڕێت، دەگاتە پلەیەك کە ڕاستییەکانی بۆ دەردەکەوێت و ناتوانێت بەپێچەوانەی ئەوەی حەقیقەتە، هیچ شتێك بلێت.

بابا ناوس دەفەرموێ:

ئەو یەك مەویندی خیانەت چەم　　　چە یانەی یەکتر بوودی وە بێ زەم

واتە شاردنەوەی ڕاستییەکانی ئایینی، ئەرکی هەر یارێکە و "سرِ" پۆشی لە خیانەت دوورمان دەخاتەوە.هەروەها پیر نەجمەدینی پارسی دەفەرموێ:

جەوزشان وە دەستەن سەرچشمەی نیلی　　　یاری نەکەران وە فـەندو فیلی [2]

ئەم بۆچوونە وا لە مرۆڤ دەکات کە وەڵامی خراپە بە چاکە بداتەوە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردەی دەروونی بۆ باشتر بوون و گەیشتن بە پلەیەکی ئەخلاقی بەرزتر تا ئەو جێگای کە یار خراپە بە چاکە وەڵام بداتەوە و چاك بە عەشق و ئەوین. لەم بارەوە شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

ئەو مەواچوو دەردتۆ باچە گیانپەرێ تۆ سودە پەرێ ئەو زیان

حەلاج وەك سەمبولی یەکبویی فەرموویەتی: باش بزانن کە خوداوەند خوێنی منی بۆ ئێوە ڕەوا کردووە. بمکوژن تا پاداشتتان بدەن و منیش بگەمە تەباهی. لەم دونیادا بۆ موسڵمانەکان هیچ چاکەیەك لە کوشتنی من چاکتر نییە [3].

هەورەها لە "ئەنجیل"دا گوتراوە: بیستووتانە کە گوتراوە چاو لە بەرامبەر چاودا و ددان لە باتی ددان، بەڵام من پێتان دەڵێم لە هەمبەر ناپیاودا وەك خۆی مەبن و هەر کەس زللەی لەلای ڕاستی ئێوەدا، لای چەپیشی بۆ بگرن [4].

---

1 – سەرئەنجام، دیوانی بابا ناوس، بەندی 57.

2– سەرئەنجام، دورەی بارگە بارگە، بەندی 62.

3– مجموعە آثار حلاج، قاسم میراخوند، ص: 15.

4– انجیل متی، باب پنجم، ایەهای 38، 39.

بە کورتی دەتوانین بڵێین: مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئاییینی یارسان، کە ئەم هزرە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا داڕێژراوە و لە سەردەمی سوڵتان سەهاکدا گەشەی کردووە.

سوڵتان سەهاك لەم بارەوە دەفەرموێ:

پەی تویلیێ هەزار، درەخت پاچیمە      پەی حەق مەوری، تێغم دوو دێمە[1]

هەر لەم بارەوە بابا تەیمووری بانیارانی دەفەرموێ:

یاران مەر ئەوسا تەیموور دڵشاد بۆ      ئازادی عالەم دادڕەسی داد بۆ[2]

لەم ئایینەدا، هزری مرۆڤ دۆستی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ، پەیوەندی بە "ئەخلاق" گرایی و بەخشینی پلەیکی هەرە بەرز بە مورالیتەوە "ئەخلاقیات" هەیە.

ئەخلاق لە ئاییینی یاریدا ڕێبازێکە بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی پەیڕەوان لە هەموو بوارێکدا، ئەویش پەروەردە کردنێکی وەها کە بگاتە ئەوپەڕی لە خۆبردوویی و خۆبەخشی لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بەگشتی و یارانی هاوئایین بە تایبەت، کە ئەمەش بەباشترین شێوە لە یەکگرتوویی و یەکبوونیی[3] یاران لە "جەم"دا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەش میراتێکە کە لە ئاییینی میترائیسم بۆمان ماوەتەوە. لەو ئایینەدا هەر کەسێك بگاتە پلەی شەشەم، واتە "میهر پویایی" ئیتر خۆی بە هیچ نەتەوەیەکەوە گرێ نادات و خۆی بە ئەندامی هیچ نەتەوەیەك نازانێت، بەڵکوو هەست بە پەیوەستبوونی خۆی بە هەموو مرۆڤەکانەوە دەکات و هەموو شوێنێك بە وڵاتی خۆی دەزانێت[4]. هەر بەم شێوە کەسێکی یارسانی بەپێی فەلسەفەی دۆنادۆن باوەڕی وایە کە بۆی هەیە لەم "کراسە- جەستە"دا ئەندامی نەتەوەیەك بێت و بە زمانێك بدوێت، بەڵام لە جەستەیەك و لە شوێنێك و لە ناو نەتەوەیەکی تردا بژیت و لە جەستەکەی پێشتریشیدا لە شوێنێکی تر بوو بێت.لەم بارەوە خەڵیفە دەمیار دەفەرمۆی:

نە جەم ئەو زانـــوی یەکتر بدان هێز      تا پەی باقـــــی تۆ بکـــــەران ئاخێز[5]

وە ئەدەب وە جەم بنیشدێ بێ غەم      پەی یەك بکەردێ دەسباری وە هەم[6]

کەواتە "جەم" لە ئاییینی یارساندا تەنیا شوێنێك نییە بۆ کۆبوونەوەی "یاران"، بەڵکوو سەمبولێکی ئایینیە کە هزری یەکبوونیی یار و یاران بەدی دەکا و پەردە لە سەر چاوی باوەڕپێکەران لادەبا، لە "یار"دا دەیانتوێنێتەوە و دەیانگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بتوانن سیمای "یار" لە ڕووخساری "یاران"دا بدۆزنەوە[7].

---

1- دیوانی عابدین، بەندی 114.

2- دیوانی تەیمووری بانیارانی، دەستنووس.

3- وحدت الوجود.

4- بغ مهر، احمد حامی، ص 88.

5- دیوانی بابا ناوس بەندی 54.

6- دیوانی بابا ناوس بەندی 62.

7- هزری (مرۆڤخوایی) لێرەدا خۆی دەنوێنێ.

پیر عەزیزی هودانەیی دەفەرموێ:

وە دیدارێ یەك بیمشان بشۆران          مەولاّم مەدەو كام بۆ دیدەداران[1]

شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

منكە سەمەدم نە چهرەی یارەن          جە ئامان لوان كاوەم چ كارەن

عابدین دەفەرموێ:

مێردان پشتی برایی، مووە بە موو بەستە          دەست و بیمیان بە جەمالێ یەكتری شوستە[2]

ئەلّبەت "جەم" لە ئایینی یاریدا تەنیا كۆبوونەوەیەكی ئایینی نییە، بەڵكوو پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەكۆبوونەوەیان لە "جەم"دا مەجالێك پێكدێنن بۆ چارەسەركردنی زۆر لە كێشە و گرفتە جۆر بەجۆرەكانی ناوخۆ و دەرەكییان[3].

كەواتە جەم جیا لە بەهای ئایینی، بایەخێكی هەرە گرینگی كۆمەڵایەتیشی هەیە و شوێنێكە بۆ یەكگرتوویی و یەكێتی پەیڕەوانی ئەم ئایینە. بە فەرموودەی پیر بنامین:

پولی هام دڵی، پوڵی هام دڵی          بێدێ بنیشمێ پولی هام دڵی

ئاوێنەی زێلان بەدەریم جلێ          چە جەم حاسل مۆ گردی موشكلّی[4]

پەیڕەوانی یارسان "تاكە خوایی"[5] لە "زۆرینە باوەڕی"[6] دا دەبینن، بەپێی ئەم بۆچوونە نووری خوا لە هەموو شتێكدا، تەنانەت لە ئاژەڵ و دیاردە سرووشتیەكانیشدا بوونی هەیە، بەلاّم لە هەر شوێن و زەمەنێكدا هەندێ سەرچاوەی بەهێز هەن كە توانایی و كارامەییەكی باڵاتریان هەیە و نوور و زاتی خوا لەم جۆرە شوێن و سەرچاوانەدا لە ئاستێكی بەرزتر و بەهێزتردا دەردەكەوێ. بۆ نموونە لە "كۆمەڵەی خور[7]"دا هەتاو كارامەیی تەواوی هەیە بۆ دەركەوتن و سەقامگیربوونی نوور و هێزی خوا، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی كە "هەتاو" لە ئایینی یارساندا ڕێزی تەواوی هەبێت و بە پیرۆز دابنرێت[8].

پیرڕەمزبار سەبارەت بە یەكبوویی و زۆرینە باوەڕی "تكپر" دەفەرموێ:

هەزار یەك خودا هەزار یەك پیرەن          خودا یەكیوەن پیر هەر یەك پیرەن[9]

شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

هەر یار بێ یاوەر بنیشۆ وە تاك          یاری بێ یاوەر زوو مەبۆ هەلاك.

---

1– كەلامی دەورەی بارگە بارگە، بەندی 70.

2– دیوانی عابدین بەندی 95.

3– سه گفتار تحقیقی در آیین اهل حق، مینورسکی، ص: 44.

4– دەورەی قەوەلتاس، بەندی 8.

5– وحدانیت.

6– كثرت.

7- منظومه شمسی.

8- مجموعه أیین و اندرز و رمز یاری، مجید القاصی.

9– سەرئەنجام، كەلامی دەورەی هەفتەن، بەندی 22.

ئەڵبەت بناخەی باوەڕ بە "کۆ" و دوورکەوتنەوە لە "تاك"، کە لەم ئایینەداوە بەرچاو دەکەوێت، لەلایەن سوڵتان سەهاکەوە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دانراوە و ئـەوەش بـە مەبەسـتی پاراسـتنی کۆمـەڵگای یاریی و دوورخستنەوە لە خۆ بە زل زانی پەیڕەوانی بووە. سوڵتان دەفەرموێ:

ئەزیش یووە نان چەی یاری رەمە

پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونە هۆی ئەوە کە لەم هزرەدا تاك پەرەسـتی و خۆبـەزل زانـین بـوونی نـەبێت، تاڕادەیەك کە زیارەتی مەزاری کەسایەتییەکانیش، بە کەسـایەتییەکانی دەورەی پردیوەریشـەوە بگـرە، لەم ئایینەدا بایەخی پێنەدرێت و باو نەبێت [1].

هەروەها هەبوونی باوەڕ بە "تەواونەبوون" لەم ئایینەدا یەکێکی ترە لە خاڵە جوان و بایەخدارەکانی کـە بووەتە هۆی نوێبوونەوەی بەردەوام و دوورکەوتنەوەی لـە بـەجێمان و دواکـەوتوویی. لەڕاسـتیدا بنیـاتی ئەم هزرە لە سەر ڕزگارکردنی عەقل و ئەندیشە لە زەنجـیری خورافـات و دواکـەوتوویی دانـراوە. چـۆنکە خورافـەی ئـایینی یەکێکـە لـە خاڵـە سـەرەکییەکانی دواکـەوتوویی مـرۆڤ. هێـز و دەسـەڵاتیش، لـە هـەر چەشنێك، دەتوانێت ببێتە هۆی لادان و خۆبە زل زانین و لە خۆدەرچوون، کە واتە ئەم دیاردەش دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت و ئیزنی دەرکەوتنی پێنەدرێت، تا لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا بمێنێتەوە. چونکە ئەگەر وا نەبێت دەبێتە ئامرازیێک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی تاکە کەسی و داسەپاندنی بۆچـوونی تاکەکـەس بەسەر کۆمـەڵگادا، ئەمـەش یەکێکـە لـە گـەورەترین و مەترسـی دارتـرین دوژمنـەکانی یـاریی و یارسـان. سوڵتان سەهاك سەبارەت بەهێزی ناڕەوای تاکە کەس دەفەرموێ:

زۆر بەرز بی و کوڵفت عود و چناری ... لازمــە دەیبرن ئەو بە مشاری [2]

یـەکێکی تـر لـە تایبەتمەندییـە سـەرنج ڕاکێشـەکانی ئـایینی یـاری، سەربەسـتی مرۆڤـە لـە وەرگـرتن یـا وەرنەگرتنی ئەم ئایینە، بە واتایەکی تـر، مـرۆڤ بـۆ پـەیڕەوکردن یـان نـەکردنی ئـەم ئایینـە سەربەسـتی تەواوی پێدراوە و پەرەپێدانی ئایینی یاری لە ڕووی زەبر و زۆرەوە بەشتێکی قیـزەون لـە قەڵـەم دراوە و هەر کەسێك دەبێ بە مەیل و ڕەزامەندی خۆی ئەم ئایینە وەربگرێ و بێتە ناو حەلقەی "یاران"ەوە. لەم بارەوە بابا ناوس دەفەرموێ:

ڕاگەو ڕاداری وە زوور نەرانان ... یاری نەکەران پا قەهر و قاران [3]

شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

یاری جەنەتەن ئازار نەدارۆ ... کەسی وە کەسی کاری نەدارۆ

هەروەها پیر ئەحمەد دەفەرموێ:

یاران نەکەران یاری وە زووری ... خاسەن غوڵامان ڕەژیان چەنووری

---

1– لەم بارەوە عابدین دوای وەرگرتنی هزری یاری گوتویەتی چیتر زیارەتی گومبەزە قوڕینەکان ناکات:

دی ناکەم زیارەت بە گڵی گومەتان ... لە جەم دوینم پیاڵە وە لززەتان

2– سەرئەنجام، دیوانی عابدین، بەندی 130.

3– دیوانی بابا ناوس، بەندی 36.

ئەڵبەت نەریتی بە دەس چوون "سەر سپوردەگی" یانی قوربانی کردن لە جیاتی "سەردان" و ئامادەبوون بۆ کورنوش بردن لە بەرانبەر "حەقیقەت"دا، بۆ هەر یارێك پێویستییەکی ئایینی گرینگە، کە دەبێ هەموو پەیڕەوان ئەنجامی بدەن، بەپێی ئەم نەریتە ئایینییە، هەر کەسێکی یارسانی دەبێ "پیر" و "دەلیل"ێکی هەبێت، کە بەم شێوەیە تەواوی "یاران" وەك حەلقەکانی زەنجیر پێکەوە گرێ دەدرێن. کەواتە یارسانی، خاوەن هەر پلە و پایەکی ئایینی بیت، پێویستە "پیر" و "دەلیلی" هەبێت. بۆ نموونە تەنانەت خودی سوڵتان سەهاکیش وەك یارسانییەکی ئاسایی نەریتی سەرسپوردەگی بە جێ هێناوە. شێخ ئەمیر سەبارە بە پەیوەندی "پیر" و "مورید"[1] دەفەرموێ:

پیر و تاڵبی پەروانە و شەمەن  دەسی یەك بۆسان خاکەو پای هەمەن

و یا سوڵتان سەهاك دەفەرموێ:

بە کەلام نەرم کەن سەری ئاسنینێ  بۆ میتان بێژن وەکو یا سینێ[2]

هەروەها پیر ڕۆستەم سو دەفەرموێ:

یاری و کەلام جای گفتوگووەن  وەشا پا کەسە وە یاریش خووەن[3]

## ئە زە لی پێش خیلقە ت(ئافراندن)

لە باسەکانی پێشوو ئاماژەمان بەوە کرد کە فەلسەفەی ئافراندن لای گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا بە جیاوازییەکی نەزۆر و بە شێوەگەلی تایبەت و بەزمان، فەرهەنگ و **باوەڕ و بۆچوونی پێوەندیدار بە ناوچەی جوگرافیای ژینگەی هەر نەتەوەیەک باسی کراوە کە لە چوارچێوەی "ئوستوورە" خۆیان دەنوێنن. ئەم چیرۆک و ئوستوورەگەلە کە قەناعەت پێکەری مێشک و هزری مرۆڤ ببوون و دوور دیمەنێک لە رازی شاراوەی چونییەتی ئافراندن و پرسەکانی مێتافیزیکن، بەردەوام بەدوای وەڵامێک بۆ شرۆڤە و شەرمی ئەو شتانەن وا خۆیان دوور لە دەست و دەس نەکەوتنی دەنوێنن. "میهردادی بەهار" سەبارەت بە ئوستوورە دەڵێ: ئەوە دەستەواژۆیەکی گشتییە و باوەڕگەلی پیرۆزی مرۆڤ کە لە قۆناغی تایبەت لە گۆڕانەکانی کۆمەڵایەتی و لە سەردەمی کۆمەڵگاکانی بەناو سەرەتایی لەخۆوە دەگرن، کە سەر هەڵدێنن و باوەڕگەلی پیرۆزی جەماوەری پێک دێنن. ئوستوورە تەنانەت لە سەرەتاییترین ئاستی خۆی پڕە لە گێڕانەگەلێک کە زۆرجاران پیرۆزن و سەبارەت بە خودایان و ژێوارەکانی سەرۆی مرۆڤ و بوویەر و ڕووداوەکانی باوەڕ پێ نەکراوێکن کە لە سەردەمی سەرەتایی و لە کاتی ڕوودان بە چۆنییەتییەکی جیاواز لەگەڵ چۆنییەتی سەردەمی ئاسایی و ئێستاکەی ئێمە روویان داوە و دەرئەنجامەکەی ئافراندنی جیهان و ئیدارەی وی بووە یا لە گەڕانی دوور لە دەستی داهاتوو روو دەدەن. کە وابوو ئوستوورە وەڵامێکە بۆ پرسیارەکانی مێشکی**

1- طالب، طلبە.

2– دیوان عابدین، بەندی 138.

3– کەلامی دەورەی بارگە، بارگە، بەندی 72.

مرۆڤ لەسەر رەمزوڤازی ئافراندن و چۆنییەتی مێژووی ژیان و کردەوەی ژیوارە ماوەراییەکان لەسەر زەوی، کەچی وصامی ئەم پرسیارانە لە چوارچێوەی هێمار و نیشانەی تایبەت و وێنەهاوردنەوە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر گوتراوە تا بە شێوازی عەقصی و بە زمانی ئایینی، ئەگەر وبکەرو بنەڤەتی پێک هاتنی کاینات پەیداو بەیان بکەن، جا لەبەر ئەوە کە ئوستوورەکانی لەم جۆرە گوتراوی کەسانێکن وا بۆخۆیان خاوەنی هێزو توانایي ئاسمانی و مێتافیزیکی بووگن، هەموویان لەیەک دەچن و هاوسانییەکن، چونکە سەرچاوەکەیان یەک شت واتە هێزی رەها و موتصەڤی زاتی خوداوەندە.
بەصام بەهۆی جیاوازی فەرهەنگ، زمان و شوێن و ناوچەی ژیان شێوازی دەربڕینی ئوستوورەکان لەلایەن کەس و تاکەکان تا رادەیەک جیاوازیان هەیە. زۆر مەدرەسەگەلی زانستی سەبارەت بە ئوستوورە و پرسەکانی پێوەندیدار وەکوو ئۆهمریسم، بصاوکردن و بەربصاوەیي، بنەماخوازی، مەکتەبی وێنە هاوردنەوە، بەراورد بنیات نراون کە سەرقاصی ناسینی ئەم پرسە بووگن. ئوستوورە لەگەص ئەفسانە و پرسەکانی پێوەندیدار لەگەص خۆی جیاوازە، بەهۆی ئەوە کە ئوستوورە هەصقۆصاو لە سەرچاوەکانی بیروبڕوا، ئایینی و بڕواکانی گەل و هەصگیراو لە روانگەی ئەو گەلە لەسەر پرسەکانی پێوەندیدار بە ماوەرا و مێتافیزیکە بەصام ئەفسانە پاصپشتی ئیمان و باوەڤی ئایینی جەماوەری لەپشتدا نییە و تەنیا بە مەبەستی پڤکردنی کات و خۆش هات و خۆش کردنی کات و ساتی خەصکە و هەصگیراو لە بۆچوونە ئایینیەکان نییە. بەصام ئوستوورەکان پیوەندییان بە ئافراندن هەیە و لای نەتەوەکان پێناسەگەلی تایبەتێکی پێکهێناوە ئوستوورەی ئافراندن لای نەتەوەی بابیلی تەواوی هەستی لە سەرەتاوە لەئاو دەزانن بەناوگەلی "ئاپسۆ" و "تیامێت" کە لە تێکەصاوی و هاوباوەشی و هاو ئامێزی ئەم دووانە هەوەص "موو موو" پاشان لە "حموو" و لە "حاموو" دروست دەکرێن، لەم دووانەش ئەنشار "ئاسمان" و کیشار "زەوی" بەدونیا دێن...
ئوستوورەی ئافراندن لەچاوی نەتەوەی هێندیش بەم شێوەیە کە لە سەرەتاوە "هێڤن گربەهە" بوو، لەکاتی دروست بوونی، تاکەخوای ئافراندن بوو، لە سروودی ئافراندنیش واشی کراوە کە ئەم جیهانە دەرئەنجامی جوراوجور بوونی کەسێکی ئەوەصی و سەرەتاییە و داکۆکی کراوە کە لەسەر هەر شتێکی راست و بزوینەر یەک و هەروەها لەسەر هەر شتێکی رێکەر و هەر باصندەیەک لەسەر تەواوی جیهانی رەنگاوڤەنگ تەنیا یەک زات حوکم دەکات.
ئوستوورەی ئافراندنی هیلینیش وا بەیان دەکا لە دەسپیکدا شتێک جگە لە بوشایي نەبووە، تاریکیەکی بەرفراوان هەموو شوێنێکی لەخۆوە گرتبوو؛ لەناو دصی ئەم تاریکە سامناکەدا ئیلاهەی گایا "زەوی" دێتە دەر، پاشان خودایانی ئوورانووس "ئاسمانەکان" و پۆنت "دەریاکان" پێک دێن.
کە وابوو زۆربەی ئوستوورەکانی گەل و نەتەوە جیاجیاکان راز و بنەڤەتی ئافراندنیان لە سەرەتاوە بۆ ئاو و توو زانیوە. وەکوو ئوستوورەکانی هیندی، بابیلی، میسری... قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکا و بە سوورەی هوود و ئایەتی 7 دەفەرموی: "خوداوەند زەوی و ئاسمانی لە شەش رۆژان ئافراند و عەرشی وی لە ئاو بوو". ریگوەداش دەصێ: "لە سەرەتاوە تاریکي لەناو دصی تاریکی شاراوە بوو، هیچ نیشانەیەکی دیار لەبەرچاو نەبوو، هەموو شوێنێ ئاوبوو". ئوستوورەی ئافراندن لای گەلی میسریش هەر بەم شێوە بووە: سەرهەصدانی ئاتووم **Atum** خودای سەرەکی هیلیۆپۆلیس لەناو دصی ئاوە سەرگەردانەکانی نان **nun**بووە، پاشان ئاتووم لەسەر ئیرادەی خود، خۆی ئافراند... ئاتووم بە فڤەدانی ئاوی زار کوڤی خۆی شوو **shu** و بەغسیان کچی خۆی تە-

فنووتیTefnut بەدونیا هێنا... شوو و تەفنووت دایک و باوکی گەب "geb" و نووتن"nut" کە نووت خوشک و هەروەها هاوسەری "گەب" بووە.

ئوستوورەی ئافراندن لە ئایینی یارسانی کە چرکەساتی "کن فیکون" وەکوو وێنە دەکێشێ و بەیانی دەکا هەر لە سەرەتای ئافراندن _ واتە چرکەساتی ئافراندن _ یان هەر ئەو ئەزەلی کایینات باسی ڕووداوەکان دەکا، بەشێوەیەک کە لە ئایینەکانی دیکە بەو ڕوونیە باسی لێ نەکراوە. لە ڕوانگەی یارسانی سەرەتا تەنیا هێزێکی زل و گەورە بەناوی "دوڕ" بووە کە ئەم هێزەی وەک خوداوەند یا هێزی ڕەها و موتڵەق ناساندووە.

ئەو هێزە ئیرادەی کرد خۆی ئاشکرا بکا و خۆ بنوێنێ و بەو مەبەستەش تەقییەوە لێک بووەوە. لە تەقینەوەی ئەم خاصە نوورانییە _ واتە دوڕ_ کایینات دروست بوو، کە لەسەر لووتکەیدا هێزێک بە-ناوی هێزی موتڵەق بەسەر کاروباری ویرا حاکمە و تیکەکانی چێ کراو کە هەسارەکان و کاکە-شانەکان لەخۆوە دەگرێ لەو هێزە سەرەکی و سەرەتاییە بارەمەندن، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە کە ئەم تیکەگەلە لە سەرەتای ئافراندندا هەر لەو هێزە موتڵەقە جوودا بوونەتەوە. بە وێنە کردنی چرکەساتی ئافراندن و ئیرادەی سەرهەڵدانی خوداوەند کە گەنجی شاراوەی ڕوانگە و ئایینی یارسانییە و بە "عالەمی دوڕناوی" لێ دەبرێ، بەشێوەی خوارەوە لەلایەن گەورەکانی ئەم ئایینەشی دەکرێ و بەم جۆرە شرۆڤە کراوە؛

شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

نە لەوح نە قەڵەم... .........

نە گالای گاڵ... .........

پیربینیامین دەفەرموێ: دامم دانیشا... خواجام....

نە بەحر دوری... .........

دەکرێ وابصێنین کە هەمووی ئەو ئایینانەی بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتیدا سەریان هەڵداوە باسیان لە پاش خیلقەت بەدواوە کردووە، بەڵام ئایینی یاری لەسەر و لە دەوری بنەڕەتی ئەزەلی پێش ئافراندن و چۆنییەتی پێوەندی نێوان خودا و مەلاییک زۆر نووسراوە و گوتراوە. بە باوەڕی ئە-هلی حەق، بە تەقینەوەو لێک بوونەوەی دوڕ "حەقیقەت" _ "كُنتُ كَنزاً مخفياً فَاَحبَبْتُ اَن اَعرَفَ" و بە دونیا هاتنی هەستی تەواوی خوڵقێندراوەکان "جیماد، گیا، ئاژەڵ و مرۆڤ" دەرئەنجام و بە-رهەمی تیکەو پارەی ئەو دوڕەن.

لە ڕاستیدا بە لە ئارادا بوونی یەکتاپەرستی ئیشراقی و باوەڕ بەوە کە سەیری هەر شتێک بکەی خودا دەبینی دەگەینە ئەو ئاکامە کە هەبوون و نەبوون حەققە و بەشێک لە زاتی ئیلاهی لەناو دڵی ئەو شتە شاراوەیە. هەڵسووکەوتی کرداری ئەم پرسە لە ڕوانگەی یاری وەکوو شۆڕشێکی فیکری لە هەل و مەرجی کاتی سەردەمی پردیوەر شیاوی باس و گرینگی پێدانە، کەچی ڕەخنەگرتن و

لثكؤصينةوه سةرهةصدانثك بووه بةرانبةر نةريت پةرةستي و خاصةكاني پثوةنديداري و ئاييني ياري بة نسبي داناني تةواوي مينتاليتةگةلي ئامازة پثكرا و بةدرثژايي مثژوو كة ببوونة داردةستي خةصك، ئةم راستية بةيان دةكا كة خوداوةند جگة لة هثزي موتصةق لة كاتي ئاساندني خؤي، لة كايينات بصاوةي كردووة و لةناو دصي هةر ئافراندراوثك خؤي نوواندووة و تيكةيةك لة زاتي خؤي بة نيسبةت حةقيقةتي ئةو شتة بة يادگار داناوة، كةچي هثزو فراواني ئةم حقيقةتة "زرة يا زات" لة مرؤضدا گةلثك زؤرترة.

لةراستيدا لة روانگةي ياري ژيان و پثوةندييةكاني مةوجوودي بة ماناي تثكشكاندي بت و بتپة- رستي و سةرقاص بوون بة پثوةندييە ئينسانييةكانة وةكوو يذ بايةخترين پرسي ئامازة پثكرا و لةمةذ مرؤضايةتي، جا لةبةر ئةوةية كة خوداوةند لة چوارچثوةو قالبي مرؤضيش هثزو تواناي خؤي دة- نوثنث. عالةمي دوذ و تةقينةوةي كة لة روانگةي ياري دةبثتة هؤي دةست پثكردني پرؤسةي ئافراندن پاش تثپةذ بووني چةندين سةدة راستيةكةي لةلايةن زانستوانانةوة دةركةوت و وثنةي تة- قينةوةي دوذ و بة دونيا هاتني كايينات بةو شثوة كة لة ئاييني يارساني باسي لةسةر كراوة، هة- صگيرا و بةم جؤرة سةپثندرا راستي وتةي گةورةكاني يارساني لة حةوت سةد ساص لةمةو پثش چونييةتي تةقينةوةي دوذ كة بة "بيگ بةنگ""big bang" ناودارة سةرةتا لة ساصي 1995 وثنةي رةسم كرا، واتة پاش ئةوة كة تيليسكوپي ئاسماني هابثص لة نووري شين، سوور و سةرؤي سوور لة تةبارثكي زؤر بچووكي فةزا "sface" بةقات دةنكثكي خوث 342 وثنةي هةصگرت. شوثني وثنة گرتنة كة كاسةي شثوةي فةلةكي "كؤ ئةستثر"_ دوببي ئةكبةر _ دياري كرا لةبةر ئةوة كة تا رادةيةك راست وةستاوة لةسةر لاپةذةي كاكةشاني رثگاي شثري و دوورة لة نوور و تؤزي كوي كاكةشانةوة. لةم وثنةدا 1500 كاكةشان بة دووري 5 مثليؤن ساصي نووري تا قةراخةكاني كايينات تؤمار كرا. سث ساص دواتر ديسان وثنةكان هةر لةو سث نوورة و هةر لة هةمان شوثني ئاسمان دووپات كرانةوة بةصام روانينس ئةمجارةيان بؤ 10ميليارد ساصي نووري بؤ پثشةوة بوو. هةر لةم كاتةدا حةسارة ئاستثكي ژاپؤني نةرم ئةفزاريكي بؤ كؤمپيؤتةر نووسي كة دةيتواني دوو وثنة لة يةك شوثني ئاسمان لةگةص يةك بةراوةرد بكا لةم رةوشتة هةموو شتةكاني دوو وثنةكة پاك دةكرثنةوة، جگة لة نوورثك كة لة يةك وثنةدا تؤمار كراوة و لة وثنةي ديكةدا نةكراوة. كاتث وثنةكاني هابثص لة لايةن ئةم نةرم افزارةوة ئاناليز كراو لثكدرايةوة، شتثك كة كةوتة بةرچاو نوقتةگةلثكي نووراني لة ناوةندي يةكثك لة كاكةشانةكان بوو كة لة وثنةي بةرانبةر ديار نةبوو. ئة- صبةت تيشكاوثژثك كة دةرئةنجامي تةقينةوةي بيگ بةنگ و لة ئاسماندا هةبووة لةلايةن دوو زاناو فيزيكزاني تاقيگةي بثص لة ساصي 1964 خويا كرابوو كةچي دواتر ئةم دؤزينةوة بةهؤي سةتة- لايتثكي ئةمريكي ناسراو بة Cosmic background explorer يا بةكورتي "COBE" كة لة مانگي نؤضةمبةري 1989 لة مةداري زةوي جثگير كرابوو تةواو كرا. ئةم سةتةلايتة بذث بةصگةي حاشا هةصص نةگري دؤزييةوة كة لة شرؤضة و شيكردنةوةي يةكث لة خاصةكاني نائاسايي ئةم تيوورية كة جيهاني ببوون بة تةقينةوةيةكي گةورة بةناوي بيگ بةنگ و لة 15 ميليارد ساص لةمة- وپثش دةستي پثكردووة يارمةتيةكي ئثجگار زؤري دةدا 11سةتةلايتي COBEبة پثواني تؤفير كردن و ئاص و گؤذي تيشكةكاني نووريي دةوراني سةرةتايي كة نابينرثت و تةنيا لة شةپؤلةكاني راديؤ و مايكرؤوةيض دياري دةكرث ئةويش لة زةمةنيك كة لة تةمةني تةنيا300هةزار ساص تثپة-

ذیوە و تەبار بارستی کە لە بەراوەرد لەگەڵ حەجمی ئەمڕۆژەی زۆر بچووکتر بووە بەدوای بەراوەرد کردنی جیاوازی و تۆفیرگەلێک کە لە گلوف و گواشتن و قورسایی تایبەتی ئەو کاتی کایناتدا بووە گەڵاوە.

لەسەرەتاوە وزەیەکی زۆر گەورە بەصام بەقەت نووکی دەرزییەک هەبووە کە دواتر بەپێی فۆرمووصای ئەنشتاین "E=MC" بەرەبەرە بووە بە مەتریاص. "هێژای ئاماژەیە کە وزە بێ رەهەند و بێ جەستەیە بۆیە دەکرێ بڵێ هەتا هەتا زۆری لە شوێنێکی ئێجگار بچووک جێگەی بکەینەوە". کەچی جیرمگەلی ئێستا و ئەمڵۆکە وەکوو هەسارەکان، سەییارەکان، مانگەکان، رەش چاصەکان، کوواسارەکان، پاصسارەکان، هەورە ئاسمانییەکانی نێوان هەسارەکان، تیکەگەلی تۆزاوی، مولکوولەکان، ئەتۆمەکان و بێ ژمار جۆرێتری مەتڵیاص کە بە میلیاردها کاکەشانی دیتراوی فەزای نێوان هەسارەکانی کایناتی نادیار یان لەخۆوە دەگرێ، پێک هێناوە. ئەم سەرەتایە لە 10 چرکە پاش کۆنترین سەرەتا دەستی پێکردووە و تا کاتێ کە کات ژمێری ئافراندن گەیشتووتە 10چرکە درێژەی کێشا. کاتێ کاتژمێری ئافراندن لەسەر 10 چرکە بووە، کایینات بەخێراییەکی ئەوتۆ پەڵەی سەندووە و گەورە بووتەو کە لە 10چرکە لە قاتی یەک ئەتۆم گۆڵانی بەسەر هاتووە بۆ پرتەقاصێک "واتە یەک تێڵیۆن جار گەورەتر".

ئەم تەقینەوەیە بە شوێنێکی چاوەڵوان نەکراو هەرە ناباوەڵانە بچووک بە بڵێ هەرە ناباوەڵانە زۆری وزەی لە گەرمایەکی چەندەها تڵیلیۆن پلە لە بازنەیەکی کاتی زۆر زۆر بچووکتر لە تێڵلیۆنمی چرکەسات رووی داوە. دواتر ئەم وزەیە بوو بە کووارک و تیکەگەلیشە لەکاتی خۆیدا پێکەوە ئاوێتە بوون و پڕۆتۆن و نۆترۆنیان پێکهێناوە کە زۆربەی ئەمانەش لەبەر پێکدادان لەگەڵ دژە تیکە خۆیان بەخێرایی لەناو چوون و وزەکەیان بەشێوەی فوتونگەلی نووری رەها و ئازاد کراون.

بەمەشەوە ئەتۆمەکانی هیدرۆژن و هیلیۆن دواتر لەگەڵ یەک ئاوێتە ببوون و بەشێوەی هەسارە و کاکەشانەکان وا ئەمڵۆ کە کایینات و جیهانی هەستی ئێمە پێک دێنن خۆیان نوواند.

تاکۆ ئێستا زانست نەیتوانیوە وصامی ئەوە بدات کە ئەو تیکە زۆر زۆر بچووکەی وزە کە بناغە و بنیاتی جیهانە بۆخۆی چلۆن پێک هاتووە و سەرچاوەکەی چییە و دەیان پرسیاری دیکەی پێوەندیدار بەم تیکەگەلە زۆر بەهێزە، بەصام پارسانی ئەوە وەکوو هێزی موتصەق یا خوداوەند دەزانێ. ئەم تەقینەوەیە کە نزیک بە پازدە یا بیست مێلیارد ساص لەمەو پێش رووی داوە بە بیگ بەنگ " Big Bang" ناسراوە و لەم رێگاوە وزە ئاص و گۆڵی بەسەرداهات بوو بە مەتڵیاص ودەستی کرد بە پەڵەسەندن تا کاکەشانەکانی پێک هێنا، بەپێی وتەی زانایانی زانستی ئاسمانی ئەم پەڵە سەندنە لەبڵێ خاصدا بەخێراییەکی نێزیک بە 186000مایل لە چرکەدا کە خێرایی نوورە درێژەی هەیە.

تیشکی ناشی"بێ ئەزموون" لە تەقینەوەی بیگ بەنگ لە سەرانسەری جیهان بصاوەی کرد کەچی بەهۆی پەڵەسەندی بەردەوامی کایینات ئەوەندە هێزەکەی لاواز بووەتەوە کە گەرماکەی تەنیا 3پلەی سەرۆی سفری موتصەقە، "واتە 270پلەی سانتیگرادی ژێر سفڵ" و درێژایی شەپۆلەکانی لە نووری بەچاوبینراو بۆ نیشانەگەلی شەپۆلی رادیۆیی گۆڵاوە. ئەم تیشکە بەستێنە ئاسمانییە Cosmic background radiation بۆ جاری هەوەص لەلایەن دوو زانستوان کە لە کۆمپانیای موخابراتی ئەی. تی ئەند تی"AT 8T" لەسەر پرسی لەناو بردنی دەنگی بەردەوامی تەلەفۆن ئیشیان دەکرد، دۆزرایەوە. گرنگی ئەم دۆزینەوە تا ئەو رادە بوو کە ئەم دوو زانستوانە واتە "ئاڵنۆ پێنزیایین" و "رابیرت ویصسۆن" خەصاتی نۆبێلیان بردەوە.

میراتی "بیگ بەنگ" بەهۆی رادیۆ تلیسکۆپ پێناسە دەکرێ و تەنانەت تەلەفزیۆنێکی ئاسایی لە خانوودا دەتوانێ ئەوانە ئاشکرا بکاو وەری بگرێ. رەوشتەکە ئاوایە کە دەبێ تەلەفزیۆنێک کە پێوەندی دراوە بە ئانتینێکی ئاسمانی روشن بکەین و دوای دۆزینەوەی کەناڵێکی خاصی کەوین و رادەی رووناکی وێنەی کەناصەکە کەمی بکەین، لە سەدایەکی زەررەگەلی نووری و رۆشنایی یا بەفرەکی سەرشانەکە وێنەی رادیۆیی پاشماوەی تەقینەوەکەیە کە هەر لە سەرەتای ئەو سەردەمەی وا ئەتۆم دروست بوو لە مەودای نێوان کایینات شێناوەرە لە بەردەمی ئەو رووداوانە کە یەک خوولەک پاش تەقینەوەی سەرەتایی روویان داوە و بە کۆی 4 یا5 خوولەکی خایاندووە گەرما لە 1300 میلیۆن دابەزیوە بۆ 600میلیۆن پلەی "کلوین" و لە ماوەی نزیک بە 3خوولەک هەمووی کایینات بەشێوەی تراو درهاتووە. لەم سووپە کەیهانییەکەدا فۆتۆن"Photon" یا یەکەی توندی نوور رووی لە نزم بوون ناو بەم جۆرە دەرفەت و دەرەتانی بە پڕۆتۆن و نۆترۆنەکاندا تا لەگەص یەک ئاوێتە بین و ناوکی ئەتۆم دروست بکەن و بەم شێوە بۆ ماوەی یەک مێلیۆن ساص کایینات بەردەوام لە دۆخی پەڕەسەندن و بصاوە بوونەودا بوون و لە هەمان و لە هەمان کاتدا رۆژ لە دووای رۆژ ساردتر بوونەوە تا ئەوکاتەی هەمەتی بۆ نزیک هەمەتی هەوا بگات و رادەی گەرمای بۆ 3000پلەی کلوین دابەزی. لەم پلەی گەرمادا فۆتۆنەکان وزەی خۆیان ئەوەندە لەدەست دا کە ئیدی ناتوانن رێگا لە ناوکی ئەتۆمەکان بو راکێشانی ئلیکتڕۆن بۆ لای خۆیان بگرن. بەرەبەرە جۆرگەلێک لە ئەتۆمی هیدرۆژن و هیلیۆم دروست بوون و بەم جۆرە، سەردەمی مەتذیاص بەو شێوە کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین دەستی پێکرد. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پێکهاتنی ئەتۆم، دوور کردنی تۆزی نێوە روونی کەیهانی بوو کەچی بەدووای ئەوەدا فەزا رووناک و قابیل بە دیتن کرا.

لە ماوەی کەمتر لە یەک میلیۆنیۆمی چرکە پاش تەقینەوەی سەرەتایی بیگ بەنگ و تا 2 چرکە دواتر گصۆئانەکان بەهۆی مەلاتی وزەو، هێزی زلەوە، کوارکەکانیان پێکەوە پێوەند واتا پڕۆتۆن و نۆترۆن و دژە زەررەکان پێک بێنن. گەرما لە 10تذێلیۆن پلە بۆ10 میلیارد پلە دابەزی، مەتذیاص و دژمە تذیاص لە یەکیاندا و بە لەناو بردنی یەکتر فۆتۆنەکانیان دروست کرد کەچی هێزی زۆری ئەمانە بۆ رێگرتن لە پێک هاتنی ئەتۆم بەس بوو. لە یەک مێلیۆن ترێلیۆن ترێلیۆنی چرکە پاش بیگ بەنگ کایینات وەکوو زەریایەکی گێژاوی تراو لە وزە _ مەتذیال بوو کەچی گەرماکەی 10تذێلیۆن جار زۆرتر لە گەرمای خۆر بوو. لەو کاتەدا تەنیا دوو هێزی سەرەکی بەسەر رەوتی کاروبار زاص بوون، یەکیان هێزی راکێشان و ئەوی دیکە هێزی ئەلکترۆنووکلێر"electronuclear" بوو کە ئەمەیان بۆخۆی لە تێکەصاوی دوو هێزی گەورەو توانا"Strong force" و ئەلکترۆونیک بەرهەم هاتبوو. بینامین دەفەرموێ:

نەدەیجورتار....  داودشام....
حشمەت جوری....  مەیلش زیبا....

بینامین لە چرکە سات و جیهانی تاریکی ناو دەبا کە هەستی و کایيناتی لەخۆ دەگرتەوە، هەمان مەتذیاصی تاریک یا وزەی تاریکی کە هەسارە ناسەکان باسیان لێکردووە و ئیبراهیم ویکتۆری ماستەری داینامیکی هەواو راوێژکاری تەکنیکی نساجیهای ئەمریکا و ناسا لە کتێبە بەنرخەکەی خۆی _ فیرووز نادری جێگری تاقیگەی جیت پڕۆپالشنی ناسا لە سەری پێشەکی نووسیوە _ ئاماژەی پێ کردووە. مەتذیاصی تاریک کە لە وتەکانی یارسانی بە عالەمی دەیجوور ناوی لێ دەبرێت و چەندین

جار ئاماژەی پێکراوە لە مانای وشەیی خۆیدا واتە جیهان و عالەمێک وا کەس ئاگاو زانیاری لەسەر نییە. جیهانی رەمز و رازیا هەمان جیهانی پاش لێک بوونەوەو لێک دابڕانی دوژ کە ماوەیەک لە قەـ یران و گێژە _ کە دەرئەنجامی تەقینەوەیە _ بەسەر دەبا و بەردەوام بەرەو سارد بوونەوە رێ دەـ پێوێ و لە ئاکامدا دەگاتە یەخوونـاک واتە پلەی سەهۆص بەستن، لە شرۆضە و شیکردنەوە زانستییەکانی وتەی "سەرئەنجام"ە و وەکوو بابەتەکانیتری سەرئەنجام پاش حەوت سەد ساص زانست توو انیویە ئاماژە بە هەندێ لە خاصەکانی بکا و روونیان بکاتەوە، ئەصبەت لە شوێنێکی دیکەی وتارەکانی یارسانی لە جیهانی دەیجا ناو دەبا کە رەنگە هەمان جیهانی دەیجوور بێ بەصام بەڤای نووسەر دەکرێ جیهانی دەیجا ئاماژە بۆ قۆناغێکی دیکە لە جیهانی تاریکی بێت کەچی زانستی مرۆض تا ئێستا نەیتوانیوە بە تەواوی روونی بکا و بیناسێ. بەصام لە سەد دەیجوور کە خاوەن خیرەدەکانی یارسانی، شرۆضە و شییان کردووە دەتوانین بصێین کە لە ساصی1905 ئالبیرت ئەنشتاین لە تیورە بەناو بانگەکەی باسی ئەوەی کرد کە کایینات سەرقاصی ئاص و گۆڕن و بەرەو بێ سنوورەکان پەڕە دەستێنن، دواتر لە لایەن ئێدوین هابێص هەسارەناسی ئەمریکی و لە رێگای دیتنەوەکانی خۆی لە کاکەشانەکان و هەروەها بە کەصک وەرگرتن لە داپلێر پشت راست کرا کە جیهانی هەستی لەحاصی پەڕەسەندنە و تەنانەت بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان خێرایی ئەو گەورە بوونەی کایینات رووی لە زیاد بوونە، کرانەوەکە نەک پلەی نیگاتیڤی نییە کەچی رادە و خێرایی گەورە بوونی رووی لە زیاد بوونە. لە راستیدا وا دیارە کە خێرایی ئەمرۆژ لە سەدا 15 زۆرترە لە پلەی گەورە بوونی لە شەش مێلیارد ساص لەمەو پێش، لەم قۆناغەدا زانایان بەدوای راضەیەکی زانستی دەگەڕان، بە پەی ئەوە کە هۆی هەر خێراییەک هێزێکە، لە کاتی ئێستادا زانایان هۆی سەـ رەکی ئەو رووداوەیان بۆ هێزێکی نەناسراو و نەدۆزراو دەزانن کە سەرچاوەکەی وزەی تاریکی یا وزەی نیگاتیڤ یا تەنانەت وزەی گوماناوییە. هەبوونی مەتڕیاصی تاریک یا جیرمی ون بووگ نە تەنیا خێرایی بە رواصەت لە رادە بەدەری هەسارەکان لە دەوروبەری کاکەشانەکان راضە دەکات کەـ چی تیورەکانی لەمەڕ سەرچاوە و چارەنووسی کایناتیش پشت راست دەکات، ئەم توێژینەگەلە پێشان ئەدا کە مەتڕیاصی تاریک لە سەدا 90 تا 96ی جیرمی کایینات پێک دێنێ.

بەڕاست مەتڕیاصی تاریک لە چ شتێک دروست کراوە، دوو جۆر ئیحتیماڵ هەیە، یەکیان ماچۆوەکانن "جیرمگەلی ئەختەر فیزیکی قورسی ناوێڕ لە دەوروبەری کاکەشان" کە جرمگەلێکی گەورەن و لە هەسارەکانی بچووک تا رەش چاصەکانی هەوراوی زۆر قورس لەخۆوە دەگرن و لە مەتڕیاصگەلی ئاسایی کە مەتڕیاصی باریۆنی یان ناوە پێک هاتوون. دووهەمیان ویمپەکانن"زەررەگەلی قورس بە ئینیتر ئاکشینی لاواز"، لە مەتڕیاصی ناباریۆنی و زەررەگەلی بچووکی ئەتۆمی جیاواز لە مەتڕیاصی ئاساییین و هیچ چەشنە ئینترئاکشینی نەک یان لەگەص مەتڕیاصی ئاسایی کایینات نییە و سەد هەزار جار کەمتر لە ئەلکترۆنێک جیرمیان هەیە. یەکێ لە نموونە هەرە باشەکانی ئەم مەتڕیاصە، نۆتڕۆنە کە لە کاییناتیش هەرە زۆرن و لە چرکەیەکدا بە ترێلیۆن نۆترۆن لەنێوان و دەروونی جەستەی ئێمە دێن و دەڕۆن بەبێ ئەوەی لە شتێک بدەن. فیزیک ناسانی زەررە داواکار و پێشماری ئەوەن کە ماچۆوەکان قەت لە سەدا 90ی جیرمی کایینات پێک ناهێنن بۆیە بەدژواری تێدەکۆشن تا ویمپەکان بدۆزنەوە و گومانیان وایە کە ئەمانە لە ئەتۆمەکان بچووکترن بەصام بە هەر شێوە جێرمان هەیە و بەدەگمەن لەگەص مەتڕیاصی باریۆنی ئینترئاکشنیان هەیە و راست لەنێوانیان رەت دەبن. بەپێی ئەـ

وه كه هەر زەررەی ویپ جئرمیكی كەمی هەیه _ زۆر كەمتر لە ئـەلكتۆن _ بۆیـه دەبێ ژمـارەیـەكی ئێجگار زۆر لەم زەررەگەلە هەبێ تا بتوانێ ئەو ژادە لە ماكرو مەتئیاسی تاریك پێك بێنێ.
هەبوونی مەتئیاسی تاریـك نـه تـەنیا تـەوفیرو جیـاوازی مـەوجوود لـه پێوانی جـێرمی كاكـەشانـەكـان چارەسەر دەكات كەچی یەكێ لە سەرسوورترین پرسەكانی پێوەندیدار بە تیوریای تـەقینـەوەی گـەورە-ش شی دەكا، ئەو پرۆسە كە ئەسڵ كایینـات و هـەمـوو مـەتئیاسـەكـان لـەیـەك خاسی هـەرە بچووكی وزە دروست بوونـه، بەسام خێرایی گەورە بوون واتـه كرانـەوە ئـەوەنـدە زۆر بووە كـە بـەسـەر هێزی راكێشان"جازبە" زاس بووە و مۆسەتی بە مەتئیاس داوە تا لەپاس یەكدا كۆ ببنـەوە و هـەسـارەكـان و كاكەشانەكان بەوشێوە كە ئێمە ئەمڕۆ دەیان بینین دروست ببن، داوود دەفەرموێ:

ئازیز بیگەرد...          بینام شا........
جو شناس.....          نەخانەی.....
پەی جەمی...          ماسناش چوار....
بی وەتە ختەمی...          نا سەخت.....

لێرەدا وتـەی سەرئەنجام لە سارد بوونـەوەی كایینات پاش تەقینەوە یا لێك بوونـەوە بـاس دەكـا كـەچی "ئیبراهیم ویكتۆری" لە كتێبی"عەجایێبی جیهـان" وا دەڵێ: ئـەو شتە كـە دەرەتـان، گوركـە و جـە-رگەی بۆ پێكهاتنی كایینات ئامادە كرد سارد بوونـەوە، گـەشـە سـەنـدن و پـەرە سـەنـدنێك بـوو كـە بـە-دوای بیگ بەنگ رووی دا، ئەگەرچی كایینات ئـەوەنـدە ساردەو بـوو كـە پلـەی گـەرمـای ئێستای تـەنیـا 3پلە لە سەرۆی موتڵەق واتە 456 پلەی فاڕنهایت ژێری سفرە.
پاش باس كردن لەسەر چركەساتی ئافراندن لە ئوستوورەكان و بەتایبەت لە روانگـەی یارسانی و بـە-راوەرد كردنیان لەگەڵ دواپین دەست كـەوتـەكـانی زانستی پێوەندیدار، ئێستا دەڕۆینـە سـەر بابـەتی ئوستوورەی ئافراندنی ئینسان لەلای نەتەوە و نووسراوەكانی ئیلاهی و ئایینە نائیلاهییەكـانی دیكـە كـە بە جیاوازی و تەوفیرگەلێكی زۆر كەم بە یەك شێوە باسیان كراوە.
لـە ئوستوورەكـانی هیلینـی مـرۆڤ لـە خـاك خوڵقێندراوە مـرۆڤ لـە تیتـان كـە بۆخـۆی لـە زەوی دروست بووە خوڵقێندراو لەلایەن زیئوس خودای ئاسمان، گیان و رۆح تێیدا هـەڵ و دەمانـدرا. بـەم شێوە مـرۆڤ بـەرهـەمـی تیتـان"زەوی _ دایـك" و زیئـوس "ئاسـمان _ بـاوك"ە. بـەڕای گـەلانـی مێزوپۆتامیـا_ بـابیلی _ نـین مـاهی ژن "Ninmah" واتــە خـودای لــەدایـك بـوون بـە یارمـەتـی خودایانێك _ كە لەوان وەكوو بـەرهـەمهێنـەرانی سروشت چاك و بـەشكۆ نـاوبراوە _ خۆڵی سـەر لووتكەی مغاك تێكەڵاو و ئاوێتە دەكاو مرۆڤ دروست دەبێت. لـە ئوستوورەیـەكیتر مـرۆڤ دەر ئـەنجـامی هاوئـامێزی و وەسـترانی مـەردۆك و ئیـزەد بـانوو ئـاروورو"Aruru"یـە. تـاقمێكیتـر مرۆڤ ئافراندراوی ئیزەد بانوو ماهی"Mami" دەزانن كە مرۆڤی لە قوڕی سوورو ئاوێتە كردنـی لەگەڵ خوێنی ئیزەد كە بەدەستی ئێ ئا"eA" كوژراوە دروست كردووە. لـە ئوستوورەی میسریشدا واهاتووە كە مرۆڤ لە فرمێسكی چاوی رەع، خودای خۆرەتا. دروست بـووە و خوڵقێنـەرێـك بـە-ناوی خنووم "Khnum" كە بە مانای دارتێژەرە و هەمان خۆرەتاویشە لـە لووتكـە جێ دەگرێ و بـە وێنـەی سەری كەڵێك نیشـان دەدرێ. لـە تـەوراتیش فـەلسـەفـەی ئـافرانـدنی مـرۆڤ بـەم شێوە باسـی لێكراوە: لە ئاكامدا خودا فەرمووی مرۆڤ هاوشێوەی خۆم دروست بكـەم تـا لـەسـەر ئـاژەڵـی سـە-رزەوی، ماسییەكـانی نـاو دەریـاو باڵندەكانی ئاسمان حوكم بكـا، كـەوابـوو خـودا ئیرادەی كرد تـا لـە خۆڵـی زەوی ئینسـانی ئـافرانـد و لـە نـاو لـووتی وی زۆح و گیـانی ژیـانی دەمانـد و گیـانی پێدا و بـەم شێوە ئـادەم بـووە وجـوودێكی خـاوەن ژیـان و زینـدوو. لـە قورئانیشدا زۆر ئایـەت لـەمـەڕ ئـەم بابـەتـە نازڵ كراوە، وەكـوو سـوورەتـی رەحمـان، ئـایـەتی14 كـە دەفـەرمۆی: "خـودا مرۆڤـی لـە سـەلسـالی وشكی قۆراوی وەكوو قوڕی كووزی كەران ئافراند. بەسـام ئافرانـدن لای یارسـانی بـەشێوەیـەكی بـە-

**ربصاو لە گەذی کەلامیی "قاصب" _ سەرکثوی شاهؤ_ یا شایەتیهای ئاماژە پثکراوی حەفتەن، حەفتەوانە، حەوت بثژەر... شەست و شەش غوصام لە سەرئەنجام هاتووە و بەشثوەیەکی کورت کراوە لە نووسراوەیەکدا وەکوو پەخشان بەیان کراوە کە لە درثژەدا باسی دەکەین.**

لە زۆربەی ئایین و ئایینزاکان دا چیرۆکی "بوون" ئەزەل لە دروستبوون یا "ئافراندن"ەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە ئایینی یاریدا ئەم چیرۆکە زۆر پێش لە دروستبوونەوەیە، واتە لە "ئەزەل"ەوە دەستپێدەکات. بەواتایەکی تر، خوداوەند پێش لە ئافراندنی "مادی"، کۆمەڵێك چالاکیی و داهێنانی ئەنجام داوە، کە لە تێکستە ئایینیەکانی یارساندا بە وردی باسکراوە. ئەم تایبەتمەندییە جیاوازییەکی بەرچاوی ئایینی یاری لەگەڵ ئایینەکانی تردا هەیە، کە بەدەگمەن ئاماژەیان بە ئەزەل کردووە.

لە "ڕێگ ودا"یشدا ئاماژە کراوە کە: لە سەرەتادا تەنیا "هرن گربهە" بوو، هەر کە دەرکەوت، تەنیا خودای خولقێنەر بوو. هەروەها لە سروودی ئافراندن دا گوتراوە کە ئەم جیهانە دەسکەوتی پێشکەوتنی یەکەم تا کە کەسە و پیداگری لە سەر ئەوە دەکرێت کە لەم جیهانەدا بە سەر ئەوەی وێستاوە، بە سەر ئەوەی دەجووڵێت و بە سەر ئەوەی دەفڕێت و بە سەر گشت ئەم ئافراندراوە ڕەنگاورەنگەدا تەنیا یەك "زات" فەرمان دەدات[1].

وردبوونەوە لەڕووداوەکانی ئەزەل و چالاکییەکانی خوداوەند لەو سەردەمە دا، بۆ تێگەیشتن لە ئایینی یارسان زۆر گرینگە، بەتایبەت بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی "بوونی نووری خوداوەند لە گشت دیاردەکان و بوونەوەرەکانی سروشتی و ناسروشتیدا"، کە لای پەیڕەوانی ئەم ئایینە بایەخێکی تەواوی پێدراوە.

بەپێی ئەم بیرۆکە ئایینییە، خوداوەند لە دەمی خیلقەتدا بەشێك لە وجوودی پیرۆزی خۆی ئاوێتەی هەموو ئەو شتانە کردووە کە خولقاندوویەتی، کەواتە هەر شتێکی دروستکراو "بەردینە، گیا، ئاژەڵ و مرۆڤ[2]" هەڵگری بەشێك لە وجوودی خوداوەندن و لە ئایینی یاریدا بە پیرۆز دەژمێردرێن، کە لەم نێوەدا "مرۆڤ" شوێنێکی بەرچاوتر و پیرۆزتری هەیە و خاوەنی پلەیەکی وەها بەرزە کە دەورە دەورە دەبێتە شوێنگەی زاتی خوداوەند و خوا لە سیمای مرۆڤدا دەردەکەوێ. چیرۆکی "ئەزەل" و چالاکی و داهێنانەکانی خوداوەند پێش لە "خیلقەت" لە تێکستێکی متمانە پێکراودا بە شێوەی خوارەوە گێڕدراوەتەوە:

پێش لە خیلقەت، خوداوەند "گەوهەرێك" بوو لە ناو "قاوخ"دا، ویستی خیلقەت پێکبهێنێت، سەیری گەوهەرەکەی کرد، گەوهەرەکە توایەوە و بوو بە ئاو و دووکەڵێکی لێ هەستا و بەرزبۆوە. ئاسمانی لەو دووکەڵە خەلق کرد. دوای چەندین هەزارساڵ، بنیامینی لە قاوخەکەی خۆی خولقاند. فەرمووی: بنیامین؟ وەڵامی دایەوە: بەڵێ دین و ئیمانم.

فەرمووی: دەمەوێ بناخەی "پیر" و "پەیڕەوایەتی[3]" دابنەیم. بنیامین گوتی: تۆ پیری و من پەیڕەو. پادشای عالم فەرمووی: ئەگەر من پیر بم و تۆ پەیڕەو، تۆ توانای ئەوەت نییە داواکارییەکانی من بەجێ

---

1- ریگ ودا، پیدایش جهان و سرود افرینش

2- جماد، نبات، حیوان، انسان.

3- پیر و طالب.

بێنی: کەواتە تۆ ببە بە پیر و من دەبمە پەیڕەو، چونکە من هێز و توانای ئەوەم هەیە کە داواکارییەکانی تۆ بە جێ بێنم.بنیامین گوتی: دین و ئیمانم، شاهدی من کێیە کە پیری تۆم؟پادشای عالەم لە قوڵی خۆی "داوودی" خەلق کرد و فەرمووی تۆ شاهیدبە کە من بنیامینم کردووە بە پیری خۆم. داوود گوتی: پادشای عالەم، پلە و بەهرەی من لە شاهیدبووندا چییە؟

پادشای عالەم فەرمووی: پلەی "سەرکردایەتی"م دا بە تۆ. هەر کەسێك تووشی چارەڕەشی و کۆسپ و کێشە هات و بانگی منی کرد، تۆ فریای کەوە. ئەڵبەت بەو مەرجەی کە بڕی شەش دینار بۆ تۆ سەوز کەن[2] .

داوود گوتی: شاهیدی من کێ دەبێ؟ پادشا لە قژی خۆی "پیر مووسا"ی ئافراند و فەرمووی پیر مووسا تۆ شاهید بە کە من بنیامینم کرد بە پیری خۆم و داوودم کرد بە چارەسەر. پیر مووسا گوتی: پلەی من چییە؟پادشا فەرمووی: هەرکەس لە ژێر فەرمانی من و مەرجی بنیامین و ڕەزامەندی داووددا بێ، لە قەڵەمی تۆ دایە.گوتی: شاهیدی من کێیە؟

لەو کاتەدا پادشای عالەم لە تووڕەیی خۆی "مستەفا داوودان"ی خەلق کرد و فەرمووی: تۆ شاهدبە کە من بنیامینم کرد بە پیر و داوودم کرد بە چارەسەر و پیرمووسام کرد بە وەزیری خۆم.مستەفا گوتی: پلەی من چییە؟

فەرمووی: هەر کەس لە ژێر فەرمانی من و مەرجی بنیامین و ڕەزامەندی داوود و قەڵەمی پیرمووسادا بێ: مردن و گیانکێشانی بە دەستی تۆ دەبێ[3] . گوتی: شایەتی من کێیە؟

پادشای عالەم هەزار نۆکەر[4] و خزمەتکاری خەلق کرد و فەرمووی: "ئەی هەزار خزمەتکار ئێوە شاهیدبن کە من بنیامینم کرد بە پیر و داوودم کرد بە چارەسەر و پیرمووسام کرد بە وەزیر و مستەفا داوودانم کرد بە گیانکێش".گوتیان: "ئێمە چ کارەین؟" فەرمووی: "ئێوە بەندەی شایان و کۆیلەی ئازادکراون". خزمەتکارەکان شاهیدیان ویست، سەد هەزار خزمەتکاری تر بوونە شاهدیان. سەد هەزار خزمەتکارەکە شاهیدیان ویست، نۆسەد هەزار خزمەتکاری کرد بە شاهیدیان، ئەوانیش شاهیدیان ویست، هەزار خزمەتکاری کرد بە شاهیدیان. دوای ئەوە لە عارەقەی خۆی "جەوز[5]"ی خەلق کرد. گوێزەکەیان "شکاند"[6] و پادشای عالەم بوو بە "سەرسپوردە"ی بنیامین. دواتر هەموو خوڵقێنراوەکان کەوتنە جموجۆڵ. پادشای عالەم دانا و بینا بوو، ئەمری فەرموو "ڕەمزبار" بە مەجمەعەی[7] پڕ لە "نان

---

1- طالب.

2– سەوزکەن: دابینکەن، سەرفکەن.

3- قابض الارواح.

4– غلام، خزمەتکار.

5– گوێز.

6– جۆزشکاندن: یەکێك لە بنەماکانی ئایینی یارییە کە هەر (یار)ێك دەبێ بەجێی بێنێ.

7– مەجمەعە: جۆرێك سینی.

تاوه[1]"ییه‌وه له زه‌ریاوه ده‌رکه‌وت و له به‌رانبه‌ر پادشای عاله‌مدا دانیا. پادشای عاله‌م به بنیامینی فه‌رمووی: "نانه پیرۆزه‌که دابه‌شکه". بنیامین نانه‌کانی دابه‌شکرد.

پادشا فه‌رمووی: "سپاسه‌که‌ی[2] بلێ". بنیامین گوتی: چۆن؟ پادشا فه‌رمووی: "بلێ حمدالله یا شوکر یا رّب العالمین سفرە سلگان، نعمت خاندان تکبیر". دوای ئه‌وه پادشای عاله‌م به "عیسای بساکانی" که یه‌کێك له "حه‌فتاو دوو ته‌ن" بوو، فه‌رمووی دوعاکه‌ی بلێ. گوتی: "به چ شیوازیك؟"

پادشا فه‌رمووی: "بلێ قه‌بوولێ نیاز شه‌رتی بنیامین و ره‌زای داوود و قه‌لّه‌می پیرمووسی و خزمه‌تی ره‌مزبار، ئه‌وڵ و ئاخرین حوکمی خاوه‌ندکار، ته‌کبیر". دوای ئه‌وه‌ی عیسا بساکانی دوعاکه‌ی دووپاتکرده‌وه، هه‌موویان زه‌وییان ماچکرد. دوای ئه‌وه پادشای عاله‌م نانه پیرۆزه‌که‌ی بۆ ده‌می برد. "یاران" نانه‌که‌یان خوارد و بوورانه‌وه، که هاتنه‌وه سه‌رخۆیان، سیمای "به‌نده[3]" ییان گرتبوو، پاشان هه‌ستانه سه‌ر پێ و داوای لێبوردنیان کرد، مایه‌وه چوار یاره‌که‌ی. دواتر پادشای عاله‌م "هه‌وێن"ێکی خه‌لق کرد و ناوی نا "زه‌رده‌گڵ" و دای به بنیامین. بنیامین بۆ ماوه‌ی چه‌ند هه‌زار ساڵ زه‌رده‌گڵه‌که‌ی له سه‌ر سینگی خۆی، به‌خێوکرد. دواتر پادشای عاله‌م ویستی ده‌ست بداته خه‌لقی "ئاده‌م". به "مسته‌فا ده‌ودانی" فه‌رموو له هه‌ر چوار گۆشه‌ی زه‌وییه‌وه خۆڵ بهێنێت، دوای ئه‌وه جه‌سته‌ی ئاده‌میان دروستکرد، خۆڵه‌کان پێکه‌وه نه‌ده‌گیرسان، پادشای عاله‌م به بنیامینی فه‌رموو: ئه‌و ئه‌مانه‌ته‌ی چه‌ند هه‌زار ساڵ پێش لێت وه‌رگرتووم، بمده‌ره‌وه. بنیامین گوتی: "من ئه‌و زه‌رده‌گڵه‌م له سینگی خۆمدا هه‌ڵگرتووه و به خێوم کردووه، ئاده‌م له خۆڵ خه‌لق ده‌کرێ و کرداری ناشایسته‌ی لێده‌که‌وێته‌وه و ده‌بێته هۆی تووڕه‌یی خوداوه‌ند". پادشای عاله‌م فه‌رمووی: "زه‌رده‌گه‌ڵ له پێکهاته‌ی هه‌ر که‌سێکدا به کارهاتبێت ده‌گاته‌وه سه‌ر تۆ".

دوای ئه‌وه زه‌رده‌گڵه‌که‌ی ئاوێته‌ی خۆڵه‌که کرد و خوڵه‌که گرسا و جه‌سته‌ی ئاده‌م پێکهات. دوای چوار ساڵ ئاده‌م پژمه‌یه‌کی کرد و هه‌ستایه سه‌ر پێ و گوتی: "الحمدالله الحمدالله... ".پادشای عاله‌م مه‌جالی پێدا تا سێ هه‌زار ساڵ شوکر بکا.دوای ئه‌وه پادشای عاله‌م ده‌یویست غه‌یب ببێ، یاران[4] پرسیاریان لێکرد: "له کوێ بتدۆزینه‌وه؟" فه‌رمووی: "له نێوان حه‌وت شازاده‌کاندا". پرسیان: "ناویان چییه؟"

پادشا فه‌رمووی: "ئه‌وه‌یان که له هه‌موویان گه‌وره‌تره ناوی "حاجی سوڵتانی باوه‌یسی"یه. یه‌کێکیان "سه‌ید موحه‌ممه‌ده"، ئه‌وی تریان "گوره سوار"ه، یه‌کی تر "سه‌ید حه‌بیب"ه، ئه‌وه‌ی تریان "سه‌ید ئه‌بوو وه‌فا"یه، یه‌کێکیان "سه‌ید شه‌هاب دین"ه، دانه‌یه‌کیان "پیرمسته‌فا" و ئه‌وی تر "بابا یادگار"ه و بابا یادگار به جه‌سته له هه‌موویان بچووکتره، به‌ڵام له هه‌موویان گه‌وره‌تره و خۆشه‌ویست تره[5]. ئه‌مانه

---

1- نان تاوه‌یی: نانی پیرۆز.

2- حمّد.

3- به‌نده: کۆیله، عه‌بد.

4- چوار یاره‌که، یارانی اربعه، واته بنیامین، پیر مووسا، داود و مسته‌فا.

5- دیوانی نوور عه‌لیشا ص: 358. تذکرة اعلی، ص: 190.

که حەوت کەسن، ئاڵایەك بەرزدەکەنەوە لەبەر دەرگا و سەردەمێکی نوێ دەخوڵقێنن"[1]. هەروەها لەکەلامی دەورەی بەرزەنجەدا ئاماژە کراوە کە خوداوەند جیهانی لە شەش ڕۆژدا ئافراندووە. سوڵتان سەهاك دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| ڕای یرێ رۆی ... | ئینا نیام رەوشت رای یرێ رۆی |
| یرێ رۆی ئەزەڵ قـــاب دوڕ کۆی | هاوەیرێ سات سازام ســەرموێ |
| پا یەك ساعەت سەمام ساختە چاهۆی | سەف و ستاران ڕازنام ئـۆردۆی |
| ساعەت و دومین،.... | ها سازنام مانگ ساعەت ودومین |
| هەم پاك ئەوی پاك دەیجوور ئەمین | تەمام رۆشەنیش نەدا وە جەمین |
| ساعەتە و سوومی... | سازنام ئافتاو ساعەتە و سوومین |
| تەمام بـــی رۆشن دەیجوور تەمی | ئیمجار برێ ڕۆژ چا سەر و دەمی |
| هـەم ئەو شەم دار یازەت خـــەمی | ڕۆژ شەشمین ساختم عـــالەمی |

هەر ئەم بابەتە لە "تەورات" بەم شێوەی خوارەوە باسی لیکراوە:

سەرەتا خودا ئاسمان و زەوینی ئافراند و زەوین چۆڵ و چۆڵگە و تاریك بوو لە سەر لیتە "جلە" و ڕۆحی خودا لە سەر ئاوەکان دەسووڕایەوە و خودا ئەمری کرد ڕووناکی ببێت و ڕووناکی بوو. خودا چاوی بە ڕووناکی کەوت کە چەندە باش بوو. بەم بۆنەوە ڕووناکی لە تاریکی جیاکردەوە و ناوی لێنا ڕۆژ و ناوی شەوی خستە سەر تاریکی. ئەمە بوو بە ڕۆژی یەکەم و خودا ئەمری کرد بەربەستێك لە ناو ئاوەکاندا هەبێت تا ئاو لە ئاو جیا بکاتەوە و خودا بەربەستێکی خوڵقاند و ئاوەکانی سەرەوەی بەربەستەکە لە ئاوەکانی خوارەوەی بەربەستەکە جیابوونەوەو بەم شێوە بوو کە خودا بەربەستەکەی ناونا ئاسمان و شەو و ڕۆژ هاتن و چوون و بوو بە ڕۆژی دووهەم. خودا گوتی ئاوەکانی خوارەوەی ئاسمان لە یەك شوێندا کۆببنەوە تا وشکی دەرکەوێت و وا کرا و وشکی دەرکەوت و خودا ناوی زەوینی لە وشکی نا و ئاوەکانی ناونا زەریا و خودا سەیری کرد باش بوو. خودا ئەمری کرد زەوین گیا و سەوزایی بڕوێنێت، گیای تۆودار و درەختی میوەدار بەپێی ڕەگەزی خۆی میوە دەدات و تۆوەکەی لەناو خۆیا بێت و لە سەر زەوی بێت، ئەمانەش هەروا کرا و زەوین سەوزایی ڕواند و گیا توودار بوو و درەخت میوەی دا و تۆوەکەی لەناو خۆی دابوو. خودا سەیری کرد پێی باش بوو. شەو ڕۆژ هاتن و چوون و بوو بە ڕۆژی سێهەم و خودا فەرمووی لە ئاسماندا ئەستێرەکان بن تا ڕۆژ لە شەو جیا بکەنەوە ببن وەك نیشانە و ڕێنوما بۆ دەرخستنی کاتە تایبەتەکان و ڕۆژەکان و ساڵەکان و لە ئاسماندا ئەستێرەکان هەبن بۆ ڕووناکی زەوین و هەر واکرا و ئەستێرەکان بوون. پاشان خودا دوو ئەستێرەی گەورەی خوڵقاند، ئەستێرە گەورەکەیان بۆ سەڵتەنەتی ڕۆژ و بچووکەکەیان بۆ سەڵتەنەتی شەو و ئەستێرەکانی تر دانران بۆ ڕووناکی دان بە زەوین و بە سەر ڕۆژ و شەودا سەڵتەنەت بکەن و ڕووناکی لە تاریکی جیابکەونەوە و

1- ژمارەی (7) لە ئایینی یاریدا ژمارەیەکی پیرۆزە و تەواوترین ژمارەیە.

خودا سەیری کرد باش بوو. ڕۆژ و شەو هاتن و چوون و بوو بە ڕۆژی چوارەم. خودا ئەمری کرد ئاوەکـان گیاندارە ئاوییەکان دەرخەن و هەروەها باڵندەکان بۆئەوەی لە پانتایی ئاسماندا بفڕن. دوای ئـەوە خـودا نەهەنگـە گـەورەکان و گشـت گیانـدارەکانی بەڕەگـەزی جیـاوازەوە و هـەموو باڵنـدەکانی بەڕەگـەزی جیاوازەوە ئافرانـد و سـەیری کـردن باشـبوون و خـودا بەرەکـەتی پێبەخشـین و فـەرمووی گیانـدارەکان زۆربوون، ئاوی زەریاکان پڕکەنـەوە و باڵنـدەکان زۆرتـر بـن. ڕۆژ و شـەو هـاتن و چـوون و بـوو بـە ڕۆژی پێنجەم و خودا ئەمری کرد بە زەوین کـە ئـاژەڵ و جـڕ و جانـەوەر دەرخـات، بـە ڕەگـەزی جیـاوازەوە و ئاوەهـا بـوو کـە خوداوەنـد جانـەوەرانی سـەر زەوینـی بـە ڕەگـەزی جیـاوازەوەو جـڕ و جانـەوەری بەتایبەتمەندی خۆیانەوە و گشت بوونەوەرەکانی سـەر زەوینـی خـەلقکرد و سـەیری کـرد، بـاش بـوون و خودا فەرمووی: "من مرۆڤ بە شێوە و ڕواڵەتی خۆم دەخوڵقێنم تا بەسەر ماسی ناو زەریاکان و باڵنـدەی ئاسمان و گشت ئـاژەڵ و حـەیوان و جـڕ و جانـەوەرەکانی سـەر زەوینـدا سـەڵتەنەت بکـات و سـەروەری گشتیان بێت". خودا مرۆڤی بە شێوەی نێرینە و مێینە خولقاند و بەرەکەتی پێ بەخشین و پێـی گـوتن: "بزێن و زۆر بن و زەوین لە ڕەگەزی خۆتان تژی بکەن و زەوین داگیرکـەن و بەسـەر ماسـی زەریاکـان و باڵندەی ئاسمان و گشت بوونەوەرەکانی سەر زەویندا فەرمانڕەوایی بکەن. خـودا فـەرمووی: لەئێسـتاوە گشت گیـا تۆودارەکـانی سـەر زەوی و هـەموو ئـەو درەختانـەی کـە میـوەی توودار‌یـان هەیـە، بـە ئێـوە دەبەخشم تا بۆتان ببێتە خۆراك".

ڕۆژ و شەو هاتن و چوون و بوو بە ڕۆژی حەوتەم، خودا هـەموو شـتەکان و بوونـەوەرەکانی خولقانـدبوو، لەو ڕۆژەدا حەوایەوە و وچانی دا[1]. کەواتە خودای بەنی ئیسـرائیل لـە شـەش ڕۆژدا جیهـانی ئافرانـدووە. ڕۆژی یەکەم تاریکی و ڕووناکی، ڕۆژی دووهەم گەردوون، ڕۆژی سێهەم زەریاکان و گیاکان، ڕۆژی چوارەم خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، ڕۆژی پێنجەم ماسی و باڵنـدەکان، ڕۆژی شەشـەم ئـاژەڵ و بوونـەوەرەکانی سەر زەوی و مرۆڤ.

لە کتێبی "بوندەهش"دا چۆنییەتی ئافراندنی جیهان لە ئایینی زەردەشتیدا بەم شێوە باسکراوە:

"خودا" سەرەتا ئاسمانی خولقاند و مەخلووقـەکانی تـری لـە ئاسمانـدا خـەلق کـرد... ئـەو بـە یارمـەتی ئاسمان شادی و خۆشی خولقاند. مەبەست لەوەش کە شادی و خۆشی لە ئاسماندا خەلقکرد ئەوەبوو کە ئێستا سەردەمی "ئاوێتەیی"یەو پێویستە ئافرانـدراوەکان شـادمان بـن. دواتـر لـە کـاکڵی ئاسمـان ئـاوی خولقاند. بە بەرزایی پیاوێك کە گاوڵکێ بکات و ئاوەکە بگاتە ژێر سکی. ئاوەکە بـەو بەرزاییـە ڕێکـەوت و بەیارمەتی ئەو: با، باران، مژ، هەور و باران و بەفری خوڵقاند.

لە سێهەم قۆناغدا زەوینی لە ئاو خولقاند، پان و بەرین و بێ بەرزایی و بێ نزمی... لـە چـوارەم قۆناغـدا گیای خولقاند. لەسەرەتادا تا نیـوەی ئـەم زەوینـە بـاڵای کـرد، بـێ لـق و بـێ تـوێکڵ، بـێ دڕك و تـەڕ و

[1] – کتاب مقدس، سفر تکوین المخلوقات، فصل اول و دوم.

شیرین... پێنجەم "تاکە گای" لە "ئیرانویچ" خەلق کرد... شەشەم "کیومەرسی ـ یەکەم مرۆڤ" خەلقکرد، ڕووناکی بەخش، وەك خۆر...

ئەو "خودا" ئەم شەش خولقاندنەی لە شەش کات "گاهنبار"دا خولقاند. لە ساڵێکدا کە سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژ دەخایەنێت و دوانزە مانگ و هەر مانگێك سی ڕۆژ و یەك مانگیش سی و پێنج ڕۆژ بوو. هەر ڕۆژێك بە ناوی "ئەمشاسپەندێك"وە ناوزەد کراوە.

هەروەها بە پێی قورئان، ئەو خودایە ئاسمان و زەوینی لە ماوەی شەش ڕۆژدا خۆڵقاندوە: " هو الذی خلق السموات و الارض فی سته ایام."

**دوونادوون**

باوەڕ بە دۆنادۆن، هەروا کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، یەکێکە لە بنەما گرینگەکانی ئەم ئایینە و هەندێ لە ئایینەکانی تر، ئەڵبەت قورسایی ئەم باوەڕە لە ئایینەکاندا بە یەك ئەندازە نییە. ئەهلی حەق بەهۆی وەدەستهێنانی پلەیەکی بەرزتر و دنیایەکی گەورەتر "دنیایەکی روحانی و دەروونی" توانیویانە بگەنە ئەو ئاستەی کە ژیان و مەرگیان بەلاوە یەکسان بێ و تەنیا بیر لە ژیانێکی سەرکەوتووانەی ڕۆحانی بکەنەوە. هەر بەم بۆنەوە "مردن" و "لە دایکبوون" تەنانەت لە دایکبوون و مردنی گەورەپیاوانی ئایینی و ئیمامەکانیش، بەلایانەوە دیاردەیەکی ئاسایی و کەم بایەخە. بۆ نموونە لە ڕۆژانی "عاشوورا" شیوەن و پرسەداری ناکەن و باوەڕیان وایە لەو کارەساتەدا ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕوانینە، پەیام و ئامانجی شەهیدبوونی ئیمام "حسەین"ە، نەك شیوەن و تەعزییەت بۆ ئەو کەسایەتییە. شێخ ئەمیر لەم بارەوە دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| مێردان نـــەترسان چەی سیاسەتە | تەسلیمی گیانان چوین قویتەی بەتە |
| هەرکەس بزانۆ شۆنی جامەی وێش | نەی کوچ و ڕۆ ڕۆ نـــەدارۆ ئەندیش[1] |

مەرگ لە هزری یاری دا "کراس گۆڕین"ە، واتە گۆڕینی تەن و جەستە. بەپێی ئەم بۆچوونە: "دۆنادۆن" بەهەشت و دۆزەخ لەو چەشنەی کە لە ئایینەکانی تردا باسی دەکرێ، بوونی نییە و هەر مرۆڤێك بە کراس گۆڕینی پەیتاپەیتا و هاتن و ڕۆیشتنەوەی سزای خراپە و پاداشی چاکەی خۆی، وەردەگرێ.

بەڵام ڕۆح پاش جیابوونەوەی لە جەستە بەپێی کردارەکانی بۆی هەیە تا نیشتەجێ بوونی لە جەستەیەکی تردا ئازاد بێت و لەو ئازادییە چێژی ڕۆحانی وەربگرێت. بەڵام ڕۆحێك کە کرداری چاکەی نەبووە شایانی سزایە، ئەو ئازادییەی پێنادرێت و دەبێ دوای جیابوونەوەی لە جەستەی یەکەم، بە زووترین کات لە جەستەیەکی تردا نیشتەجێ ببێت. لە هزری یاریدا سزا و پاداش بەم شێوە بەڕێوەدەبرێت.ئەڵبەت لای ئەهلی حەق هیچ سزایەك بۆ خراپە و گوناح لە بێ بەشبوون لە حەزی ڕۆحانی و دیتنی سیمای دڵدار نییە. لەم بارەوە خەیام دەفەرموێ:

---

1- دیوانی نوور عەلیشا ص: 358، تذکرة اعلی، ص: 190.

دۆزخ، شرری ز رنج بیهودەی ماست　　　　فردوس، دمی ز وقت ێسودە ی ماست

بەپێی ئەم بیروباوەڕە، مرۆڤ لە گرتنەبەری چاکە و خراپەدا سەربەستە و بە قەوڵی حافزی شیرازی:

غلام همت ێنم کە زیر چرخ کبود　　　　ز هرچە رنگ تعلق پزیرد ێزاد است

واتە ئازاد و سەربەست و وەرنەگرتنی هیچ هەڵوێست و هیچ شتێکی ناحەق، ئەمەش بێگومان لەژیانێکی کورتی چەند ساڵەدا بەدی ناکرێ و گەیشتن بە پلەیکی وەها بەرز پێویستی بەساڵانێکی دوور و درێژە، کە لای ئەهلی حەق بە گۆڕینی هەزارویەك "1001" کراس "دۆن" دەگاتە ئەنجام. واتە مرۆڤ پێویستە بۆ پاکبوونەوە لە هەموو خراپەکان و گەیشتن بە پلەی "ڕۆحانی" هەزارویەك جار "دۆنادۆن" بکا و لە هەر "دۆن"ێکیشدا سەرکەوتووبێت، تاکوو بتوانێ دوای ئەو هەزارویەك دۆنە خاوەن ڕۆحێکی پاڵاوتە بێت و هیچ نیشانەیەکی "مادی" و ناڕۆحانی پێوە نەمێنێت.

باوەڕ بەم هزرە، بووەتە هۆی ئەوە کە "مەرگ" لای ئەهلی حەق وەك کراس گۆڕینێك سەیری بکرێ و هەر چەشنە شیوەن و پرسەیەك بۆ کەسی مردوو، بەناڕەوا لە قەڵەم بدرێت و کێل و مەزارەکان بێ ناو و نیشان بمێننەوە. کەواتە دۆنادۆن بە مەبەستی پاکبوونەوەیە و هەر مرۆڤێك دەبێ تێبکۆشی بۆئەوەی لە هەر دۆنێکدا پەلەیکی بەرزتر وەربگرێ، وەرگرتنی پلەی بەرزتر پاداشتە و دابەزین بۆ پلەپکی نزمتر بە سزای خراپە دادەنرێ. سەبارەت بە دابەزین بۆ پلەیکی نزمتر، پێویستە بگوترێ: بەهۆی ڕێزی تایبەتی "لەشی" مرۆڤ لەم هزرەدا، ڕۆحی هیچ مرۆڤێك ناچێتە لەشی ئاژەڵەوە و لە هیچ دۆنێکدا لە سیمای ئاژەڵدا دەرناکەوێ[1]. سەبارەت بە پلەی بەرزتریش، پێویستە بگوترێ: جاری وا هەیە مرۆڤێك بە هۆی کرداری چاکەوە چەند پلە بەرزدەبێتەوە و میوانداری ڕۆحی گەورەتر دەکا[2].

خوێندنەوەی سەرلەنوێ و شرۆڤەکردنی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان بۆ باشتر تێگەیشتن لە دۆنادۆن و تەکامولی ڕۆح پێویستن. ئایەتی 27ی سوڕەی "بەقەرە" دەفەرموێ:

***" بۆ باوەڕ بە خودا نامێنن، لە حاڵێکدا کە ئێوە مردوو بوون زیندووی کردنەوە، سەر لە نوێ دەتان مرێنێ و زیندووتان دەکاتەوە و لە ئەنجامدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا".***

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەم زیندووکردنەوە و مراندنە و دووپاتکردنەوەی گەڕی هێنان و بردن، بەتایبەت کە لە ئەنجامدا دەمانباتەوە بۆ لای خۆی چ مانایەکی هەیە؟ هەروەها لە ئایەتەکانی "107 و 108"ی سووڕەتی "هوود" دەفەرموێ: ***"لە ڕۆژی حەشردا هەموو خەڵکان کۆدەکرێنەوە و بە دوو دەستەی بەختەوەر و نابەختەوەر دابەش دەکرێن، نابەختەوەرەکان "گوناهکاران" بۆ هەتا هەتایە دەبرێنە***

---

1– مەگەر ئەو کەسە زۆر زۆر خراپە و گوناه بکات.

2– سەبارەت بە میوانداری ڕۆح یان ڕۆح میوان یان پێوەندی دوو ڕۆح بە یەك جەستەوە لە هزری یارساندا بەم شێوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. نیشتەجێ بوونی دوو ڕۆح بەس لە کەسایەتییە پلە بەرزەکاندا ڕوودەدات و کاتی واش پێشهاتووە کە کەسێك هاوکات میوانداری لە چەند ڕۆح بکات. ئەڵبەت نیشتەجێ بوونی چەند ڕۆح بەو مانایە نییە کە هەر ڕۆحێك بە مەیل و ئارەزووی خۆی بجووڵێتەوە یان ئەو کەسەی کە میوانداری ڕۆحەکان دەکات، خاوەن چەند فیکر و کەسایەتی جیاواز بێت. بەڵکوو هەر کەسێك تەنها خاوەن یەك ڕۆحی سەرەکییە و ڕۆحەکانی تر یاریدەری هەمان ڕۆحی سەرەکین و بەم شێوە ئەو کەسە بەشێوەیەکی نائاسایی دەبێتە خاوەن هێز و توانایەکی فراوان.

***دۆزەخ، مەگەر بەر بەزەیی خوا بکەون، بەختەوەرانیش "چاکەکاران" دەچنە فیردەوس، تا ئەوکاتەی کە خواستی خوای لە سەر بێ".***

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: کە ئەگەر فیردۆس شوێنی گوناه نییە، بە چ سەبەتێك ئاماژە کراوە کە چاکەکاران بە خواستی خوا لەوێ دەردەکرێن؟ ئەگەر شوێنی گوناه بێت، بەو مانایە کە فیردەوس هەر ئەم جیهانەیە.

هەروەها بەپێی ئەو وێناکردنەی کە خوا لە قورئاندا سەبارەت بە فیردەوس فەرموویەتی، وەك وەسفی بە شوێنێکی خۆش، جۆبار، شەرابی ئەنتەهەر، حوری بەهەشتی و...تاد، گشتییان "مادی"ن و هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕۆحەوە نییە.

هەروەها لە ئایەتی "3"ی سوورەتی "حەجەر"دا دەفەرموێ:

***" ئەی ڕەسوول، لەو کافرانە گەڕێ کە هەر سەر قاڵی خواردن و خەوتن و حەزی حەیوانی نین و خولیا و ئارەزووی دنیایی "مادی" بێ بەهرەیان بکات و لە زووترین کاتدا ئاکامی ئەو حەزەیان وەرگرن".***

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا مانای زووترین کات، بەڕەچاوگرتنی مێژووی هاتنە خوارەوەی قورئان، سزادان لەم جیهانەدا نییە؟ ئایەتی "132"ی سوورەتی "ئەنعام" دەفەرموێ: ***" هەرکەس بە پێی کرداری خۆی پلە و پایە وەردەگرێ"*** . ئایەتی "17"ی سوورەی "سەبا" دەفەرموێ: ***" ئایا بەو بەزەییەوە کە هەمانە تا کەسێك کوفران نەکات سزای دەدەین"؟*** هەروەها ئایەتەکانی "49 و 50"ی سوورەتی "شورا" دەفەرموێ: ***"بە خواست و ئارەزووی خوایە کە کچ یان کوڕ یان چەند منداڵی بداتێ و یان نازای بکا".***

هەروەها ئایەتی "11"ی سوورەتی "فاگر" دەفەرموێ: ***" بەرگرتن و مناڵ بوونی ژنان تەنیا بە مەیل و خواستی خوا دەبێ و کەس تەمەنی درێژ خایەن نابێ و تەمەنی کەم نابێتەوە وگشت ئەمانە لە کتێبی عیلمی ئەزەلیدا نووسراوە".***

بەپێی ئەو ئایەتانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، دەتوانین بڵێین تەنانەت کەم ئەندامی زکماکی، بۆ ماوەیی[1]، نەخۆشی و کارتێکردنی جنی تەنیا و تەنیا بە مەیل و ئارەزووی خوا دەبێ و هیچ مناڵێك لە جیاتی باوکی و هیچ باوکێ لە جیاتی مناڵەکەی سزا نادرێ. کەواتە خوداوەند بە کەم ئەندامی زکماکی یەك یا چەند مناڵی بێگوناه بۆ بە درێژایی تەمەنی دەیخاتە هەژاری و زەجر و عەزابی ڕۆحییەوە؟

دەیگێڕنەوە کە ڕۆژێکیان "ئەشعەری" ئەم پرسیارە ئاراستەی مامۆستاکەی واتە "جەبایی" دەکات و لێ دەپرسێت: "سێ برا هەبوون، یەکێکیان لە کاتی مردندا خوا ترس و پارێزکار بوو، ئەوی تریان تاوانبار و برای سێهەم مناڵێکی کەم تەمەن، بەسەرهاتیان پاش مردن چۆن دەبێت؟"

جەبایی وەڵامی دایەوە: "ئاشکرایە، پاریزکار دەچێتە بەهەشت و تاوانبار دەچێتە دۆزەخ و مناڵە بچووکەکە بەهۆی ئەوەوە مەجالی نەبووە چاکە یان خراپە بکات، نە بۆ ئەوێ و نە بۆ ئێرە "بەهەشت و دۆزەخ" .

---

1- تورات.

ئەشعەری پرسیارێکی تری لێ دەکات: "بەڵام ئەگەر مناڵەکە گلەیی بکات و پرسیار بکات بۆ مەجالی ئەوەی پێنەدراوە تا بەکرداری چاکە بەهەشت بۆ خۆی بکڕێت، چ وەڵامێك دەدرێتەوە؟"

جەبایی بزەیەك دەكات و دەڵی: "تۆ باش دەزانی کە خوداوەند چاکەی مرۆڤی دەوێت و هەر شتێك لە بەرژەوەندیئەودا بێت ئەوەی بۆ دەکات ئاگادار بووین ئەگەر گەورە ببوایەتی کەسێکی تاوانبارت لێهەڵدەکەوت و بەشت دۆزەخ بوو. هەر بەم بۆنەوە کۆتاییمان بە ژیانت هێنا".

ئەشعەری بە حەپەساییەوە دەڵیت: "ئەمجار برا تاوانبارەکە دەپرسێت ئەی بۆ لە منداڵیدا منتان نەمراند تا بە تاوانباری نەمرم؟ کەواتە وەڵامی ئەو چۆن دەدرێتەوە؟" جەبایی بە بێدەنگی سەری شۆڕ دەکاتەوە[1].

ئایەتی "63"ی سوورەتی "احزاب" دەفەرموێ: ***"ئەی ڕەسووڵ پرسیارت لێدەکەن کاتی مەحشەرکەی دەبێ، وەڵام بدەرەوە خودا دەزانێ و بەس، تۆ نازانی، پێیان بڵێ بۆی هەیە بەم زوانە بێ"***. پرسیار ئەمەیە نزیکبوونی ڕۆژ و کاتی مەحشەر بە ڕەچاوگرتنی تێپەڕبوونی پانزدە سەدە لە هاتنە خوارەوەی قورئان چۆن دەبێ شرۆڤە بکرێ و لێك بدرێتەوە؟

ئایەتی "47"ی سوورەتی "توور" دەفەرموێ: ***"بۆ ستەمکارانی عالەم سزایەکی گرانتر لە دۆزەخ، لە دنیادا دەبێ، بەڵام زۆربەیان نازانن"***. ئەمە لەحاڵێکدایە کە زۆر یەك لەو کەسانە "ستەمکاران" هەتا ڕۆژی مردنیان بە خۆشی ڕای دەبوێرن، کەواتە سزای گرانتر لە دۆزەخ چ مانایەکی هەیە؟

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئایەتی "36"ی سوورەی "ڕۆم" دەفەرموێ: ***"هەرکات ڕەحمەت و بەرەکەت بدەین بە خەڵك خۆش دەبن و هەرکات تووشی زەحمەت و کێشەیان بکەین نائۆمێد دەبن و ئەمانە بە هۆی ئەو شتانەیە کە پێشتر ناردراون"***. هەروەها ئایەتی "30"ی سوورەتی "شورا" دەفەرموێ: ***"هەر موسیبەتێك کە تووشتان دەبێ بە هۆی کرداری خۆتانەوەیە"***. هەروەها بەپێی ئایەگەلی سەرەوە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی بەڵاگەلێ کە شایانی کەسایەتیگەلی ئیماندارو مرۆڤ دوستە، ئەوان تووشی گیروگرفت و نابوودی و رسوایگ دەکات؟ و پرسیارگەلێکی زۆری دیکە وەك ئەوەی بۆچی رۆح و بەپێی ئەوە، ئەو کەسە کە ساحیب توانای زاتی سەربەخۆ و دیاریکراوە کە جیا لە فێربوون و پەروەردە، خاڵی. جیاکەرەوەی کەسایەتییەکان لە کۆمەڵگادایە تووشی گرفتی سەیرو سەمەر دەبێت؟ لەحاڵێکدا بەپێی وتەی قۆرئانی پیرۆز، هەموو بەیەکسان خۆلقێندراوان. ئەم توانا زاتییە لە تاکەکاندا حیکمەتی چییە؟ و یان ئەو خراپە وا هەر لەکاتی منداڵییەوە لە کەسێكدا خۆ دەنوێنی و یان لە بنەماڵەیەكدا لەدایك دەبێت کە هەموو ئەسبابی گوناە بە ئەو ئامادەیە تا بە تەواوی شێوازی ژیان و داهاتووی وی بەرەو گوناە و لەناوچوون ڕێنوێنی بکات؟ و یان بۆچی کەسایەتییەکان ـ بەبێ رەچتوکردنی رێژەی دەرس خوێندنیان ـ توانای دەرك و فامیان جیاوازی هەیە؟ من بۆچی رەش پێستم، بۆچی سپی پێستم و بۆچی لەم بەشە لە جیهاندا لەدایك بووگم و...؟

---

[1]– تصوف و ادبیات تصوف، یوگنی ادوارد ویچ برتلس، ترجمه سیروس ایزدی، ص: 20.

ئەم پرسیارگەلە، بێجگە ئەوەی راستی فەلسەفەی "دونادوون"مان بۆ بسەلمێنێت هەلگری مانایەکی دیکە نییە کە یارسانی بۆ هەموو ئەو پرسیارگەلە جوابێکی دیالێکتیکی هەیە. بەڵام بەگشتی، دوو تیوری بۆ رۆح و ژیانگەلی پشووی هەیە کە یەکێك لەوانە تەکامولّی رۆح لە جیهاد، گیاو جروجانەوەر و سەرەنجام، ئینسانە کە مەسنەوییە بەناوبانگەکەی مەولانا "از جماد، مردم و بنات شدم ـ ماناکەی ئەمەیە: لە جیماد بوومە مرۆڤ و گیا"، ئەو فەلسەفەمان بۆ روونتر دەکاتەوە تیوری دووهەمیش ئەوەیە کە رۆح دوای جیابوونە لە ئەسڵ و سەرەتای خوی، لەجەستەی ئینساندا حلوول دەکاتەوە.

بەڵام روانگەی یارسانی لەم بارەوە چۆنە؟ یارسانی بڕوای بە هەر دوو بۆچوون هەیە بەڵام نە بەم شێوازە کە باسی لێکرا بەڵکوو یارسانی بەهۆی دەست پەیدا کردن بە زانستی ئەحواڵی دەروون کە یەکێك لە ئاڵۆزترینی زانستەکانە و ئاگادار بوون بەو دونیایە، دەتوانی پیوەندی لەگەڵ زۆربەی تەوەرگەلی ئەم زانستە بگریت. بۆیە ئەم بڕوا زۆر تەواوتر لە عیرفان و زانستی ئایینی و زانستی حازر کردنی رۆح و میدیۆم، حلوول و گەرانەوە راڤە دەکات. رۆح کە سەرچاوەی لە خوداوەندە، سەرەتا لە خودی ئینساندا حلوول دەکات و نە ئەوەی کە ئەم رۆحە رەوەندی تەواوبوونی خوی لە جیماد بو گیاە و... بەرەو مرۆڤ پێوابێت. بەڵکوو ئەم جیهانە جیگایەکە بۆ کامیلّ بوون و هەبوونی ژیان لە هەژدە هەزار عالەمە زیندوو کە حەزرەتی رەسووڵ لە حەدیسەکەی خویدا ئاماژەی پێکردووە، بەشێوازێك فرە بوونی رۆحەکان بەراست دەزانێت کە ئەبێتە بەرزی و نزمی رۆحەکان و پلەوپایە یان لە مرۆڤ، جانەوەر، گیا و جیماد. بەڵام ئەبیّ ئاماژە بەم بە شەش بدەین کە زۆری لە هەموو جیهانەکانی دیکە پایەبەرزترە.

بەڵام دەربارەی هاتووچوونگەلی پەیتا پەیتا کە قۆرئانی پیرۆز ئاماژەی پێدەکات ئەمە جیا لە دانـان بەسەر دونادووندا ناتوانیّ بێت بەتایبەت ئەوەی کە وشەی "عاقیبەت"یش دیتا بەکار هێنراوە.

سەبارەت بە رۆحی منداڵێك کە پێش گەیشتن بە تەمەنی بالیغ بوون، کۆچی دوایی دەکات. ئایاکوو بەهەشت و دۆزەخی هەیە و یان کەمتەوانی هەر لە سەردەمی لەدایك بووندا هەیە کە هەموو تەمەنی ژیانی خوی بە ئا زارو گرفتی ژیان بەسەر دەکات، ئەبیّ بڵّیین، ئەو رۆحە لە ژیانی پێشوودا تووشی گوناهێك بووە کە لە ژیانی ئیستایدا ئەبیّ ئەو گوناهە پاك بکاتەوە و بۆ ژیانێکیتر ئامادە بێت.

و هەروەها فەلسەفەی دوونادوون کە هاوئاهەنگییەکی راستەقینەورێك، پێك دێنیت کە رۆح، قۆناغی پێشووی خوی لە زمەنی ئیستادا دریژە پیّ بدات و گوناە و کێشە و نافەرمانی ئەو لە ژیانی پێشوودا پاك بکاتەوە.

لەکن رۆح، باس لە نێرینە و میونیە ناکرێت و لە واقیعدا، ئەمانە سەرچاوەیان لە نوورە و ناتوانین ئەمانە وەك ژن یا پیاگ بانگهێشت بکەین وەك هەبوونی هەفتەن و یا کەسی "حورالعین" کە گاە پێش هاتووە لە قالبی پیاگدا سەری هەڵداوە. بەڵام بە جەستە بوونی نیرینە و میوینە بۆ رۆحەکان بەپیی قۆناغە ئەو رۆحە فۆرماسیون پەیدا دەکات کە بەگشتی، لای یارسانی، ژن و پیاو هیچ چەشنە جیاوازییەکیان نییە بەتایبەت لەکن رۆحەکان.

سەبارەت بەوەی کە رۆحەکان دەتوانن ژیانی پێشووی خویان دەرك بکەن و یا وەبیر هێنانەوەی بیرەوەرییەکانی پیوەندیدار بە ژیانگەلی پێشوو ئەبێ بلێین کە رۆحەکان، فایلی پیوەندیدار بەژیانگەلی پێشوو ئەبێ بلێین کە رۆحەکان، فایلی پیوەندیدار بە هەر قۆناغێك لە ژیان دوای مرگیان دەبەستن و لە ئارشیوی خویان تۆماری دەکەن کە دوای جیابوونەوەی رۆح لە جەستە بەپیی کردەویە کە بوویەتی لە جیهانی رۆحانی خوشی یا ناخوشی وەدەست دێنێت. لەواقیعدا حوکم و پێداویستی لەسەر ئەوەیە کە رۆح لە پێشتری خوی هیچ نەزانی بێجگە ئەو گەورە پیاوە ئاییینی‌یانە کە زانستی ماناو ناوەڕۆکیان هەیە و نهێنی و هیماکان دەناسن رۆح لەیەك قۆناغدا باری ژیان ئەگرێتە ئەستووە و ئەویش ئەو شیەیە کە لە ژیانی پێشوودا بوویەتی. بە واتا فایلی یەك ژیان لەکاتی بەجەستە بوونی یەك رۆح پێشتر نووسرابێت و رۆح ناچار بێت بەپیی هەمان بارودۆخی لەپێش ئامادە کراو کە بۆی دانراوە ژیان بباتە سەر. کە ئەمە "جەبریکە" و سزا یا پاداشی ژیانی پیشوویەتی و لەژیانی ئیشتاداش "ئیرادە" و "ئیختیار"ی ئەوەی هەیە کە قۆناغی ژیانی داهاتووی خوی هەڵبژێرێت.

بەباوەڕی ئەهلی حەق، مێژوو دووپات دەبێتەوە، ڕووداوە گرینگەکان لە دەورانێکدا ڕوودەدات کە دەرکەوتنی مەوجوداتی ئیلاهی لە سەرەتای دنیادا لەو دەورانەدا ڕۆڵیان هەبووە و دواتر لە سیمای مرۆڤدا دووپات دەبنەوە.

ئەهلی حەق جیا لە دەورە سەرەکییەکان "سێ دەورەیە: ئەلەست، مورتەزا عەلی و سوڵتان سەهاك" کە کارگەرییان لە سەر عالەم هەبووە، باوەڕیان بە هەڵکەوتنی چەندین دەورەی "فەرعی""ناسەرەکی" تریش هەیە. "دەورە ناسەرەکییەکان بریتین لەو دەورانەی کەوا بە شێوەی "ژات میوان" و "شامیوان" بەدرێژای مێژوو لە ناوچە جیاجیاکاندا ڕوویانداوە و لە "سەرئەنجام"دا ئاماژەیان پێکراوە، وەك سەردەمانی: بەهلوول، شاخۆشین، بابا سەرهەنگ، بابا جەلیل، بابا ناوس، فەزلەئەڵڵا نەعیمی، حاجی بەکتاش، ئاتەش بەگ، شا هەیاس، سەید براکەو... کە دەتوانین بڵێین زۆرترین کاریگەرییان لە سەر ناوچەی دەرکەوتنیان هەبووە و چالاکییە ئاینییەکانیان گشتگیر نەبووە.[1]

ئەڵبەت نابێ لە بیربکرێ کە دەرکەوتنی ژاتی ئیلاهی لە سیمای مرۆڤەکانداو لە دەورە جیاجیاکاندا بە یەك ئەندازە نەبووە و شێوەی دەرکەوتنیش "حلول تجلی" یەکسان نەبووە و بریتی بووە لە میوانی دایمی، کاتی و یان دەرکەوتن لە ئەشیادا کە پێی دەگوترێ حلوول[2]. ئەم شێوە دەرکەوتنانە لە شرۆڤەکردنی "دۆنادۆن"دا لەلایەن ئەهلی حەقەوە ئاشکرا دەبێ.

---

1– سەنحلە یزیدی، اهل حق و علوی در کردستان، فیلیپ کرین بروك.

2– دەرکەوتن (تجلی ذات) لای ئەهلی حەق، بەپێی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەکانی گەورە پیاوانی ئەم ئایینە بە سێ شێوەیە:

- ظهور: کە بریتییە لە خۆنمایی و دەرکەوتنی هێزی تەواوی خوداوەند (جلوەی اعظم) لە سەر زەوی.
- یەکبوویی (اتحاد): کە بریتییە لە یەکبوون لە نێوان خوداوەند و مرۆڤدا و ڕەنگدانەوەی خود و ڕەوشتی خوداوەند.
- حلوول: کە بریتییە لە دەرکەوتنی تەواوی (کاملی) خودی خوداوەند لە جەستە و سیمای مرۆڤدا.

بەپێی ئەم بۆچوونە پێویستە خوداوەند لە کاتی پێویستدا دابەزێ و لە سیمای مرۆڤدا خۆی بنوێنێ و خۆی بخاتە بەرچاوی "خەلایەق" و ئەوانیش بە هەر شێوەیەك کە ئارەزووی ئەو بێ، بیناسن و پەیڕەوی لە فەرمانەکانی بکەن[1]. هێندووەکانیش باوەڕیان وایە کە هەر کەسێك ڕۆحێکی هەیە نەمرە و ئەو ڕۆحە بە درێژای هەزاران هەزار ساڵ لە لەش و ئەشیای جیاجیادا نیشتەجێ دەبێ و بە بەردەوامی لەش دەگۆڕێ، کە پێی دەڵێن "هێندوکارما"، بەڵام لە ئەنجامدا دەگاتەوە سەرچاوەکەی خۆی "خوداوەند" و لەودا دەتوێتەوە. مرۆڤ لە ژێر کارتێکردنی "علل و معلول" دایە و بە قەدەر چاکە و خراپەی خۆی سزا و پاداش وەردەگرێ، ئەگەر لەم جەستەدا نەبێ لە جەستەیەکی تردا و یان لە عالەمێکی تردا جەزای کردەوەکانی دەبینێتەوە. باوەڕ بە "تەناسوخ"یش هەر لەم بنەماوە سەری هەڵداوە و دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ بە ئەزەلی و ئەبەدی بوونی ڕۆح[2].

پێویستە بگوترێ کە بەباوەڕی ئەهلی حەق گەڕانی ڕۆح لە "ئەشیا و ئاژەڵ"یشدا ڕوودەدات، بەڵام نیشتەجێ بوونی ڕۆح لە ئاژەڵ و ئەشیادا نیسبی و کاتییە و لە سەر سوودبەخشی یان بێکەڵکی شتەکان کاریگەری هەیە. بۆ نموونە بەردێك کە هیچ کەڵکێکی نییە بەراوردبکرێ لەگەڵ بەردێکدا کە سەرمایە و سەروەتی مادی میللەتێکە. پیرموونس دەفەرموێ:

ئەشیاش مەگێرۆ دۆن مەر گوزایی      ئینا وانامان، ئێمەیش گەوایی[3]

بە باوەڕی چینییەکان تەواوی شتەکان ڕۆحیان هەیە و هەر ڕۆحێك بگاتە ئاستی ژیانێکی پاك و دوور لە گوناه، دەگاتە پلەی "paramatmam" واتە پلەی "ڕۆحی بەرز"، هەر بەم بۆنەوە وەك پاداشتێك بۆ ماوەیەك لە بازنەی "تەناسوخ" دەچێتە دەرەوە و دوای بەرابەربوونی پاداشت و چاکەکەی، ئەو ڕۆحە سەرلەنوێ کراسی مادی وەردەگرێتەوە و دێتەوە سەر زەوی. بەپێی ئەم بۆچوونە تەنیا ڕۆحە پاڵاوتەکان واتە ڕۆحە تەواوەکان دەتوانن بۆ هەتا هەتایی لە گەڕی تەناسوخ ڕزگاربن، ئەم ڕۆحە ڕزگار بوانە "ئارهات Arhat" یان سەروەرانی پلە بەرزن کە بە شێوەی خودایانی "ئێپیکور" لە شوێنێکی سیحراویدا دەژین[4].

ڕێزگرتن لە ئاژەڵ، کە لەگشت ئایینەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، لە هزری "یاری"ش دا بوونی هەیە. لەم ئایینەدا هەموو ئاژەڵێك ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە باوەڕی ئەهلی حەق هیچ شتێك و هیچ ئاژەڵێك لە خۆوە نەخولقێندراوە و پەیوەندییەك نێوان مرۆڤ و سروشت و ئاژەڵ دا هەیە. ئەڵبەت پەیوەندی مرۆڤ و سروشت لە ئایینەکانی تریش دا، وەك ئایینی زەردەشت و هێندوئیسم و بۆزیسم و... بایەخی پێدراوە و دیارە لە نێوان هەموو بوونەوەرەکاندا پەیوەندی هەیە و عالەمیش لە گشت بوونەوەرەکان پێکهاتووە.

---

1- دبستان مذاهب، موبد کیخسرو اسفندیار، ص: 266.

2- تاریخ ادیان، علی اصغر حکمت.

3- گواهی نودونو، پیر شاهۆ، بەندی 99.

4- تاریخ مختصر ادیان بزرگ، فلیسین شاله، ص: 74.

له واقیع دا پەیوەندی مرۆڤ و سروشت و بە دایك و گەوهەری ژیان دانانی سروشت، جیا لە هزری یاری، لە هەندێك هزر و ئایینەكانی تریش دا ڕەچاو دەكرێت. لەوانە زەردەشتی گەری، هیندوئیسم و بووزیسم جێگای ئاماژەن.

ئەڵبەت ئاشكرایە كە هەر بوونەوەرێك لە گەڵ بوونەوەرەكانی تردا نیسبەتی هەیە و ئەم دونیایە هەموو شتەكانی پێكەوە گرێ دراوە كە تەنیا و تەنیا بە بەهرەمەند بوون لە "هزری زۆرینە باوەڕی" دەتوانین لێی تێبگەین. بابا سەرهەنگ لەم بارەوە دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| یاریمان نییان پا گـــــەلو پا تەرم | تا هـــەر بلالن وە ئازەرمو شـــــەرم |
| نە راگەی خوەتان زێلتان كەرن گەرم | ئی روزگار پویچەن مەویەرۆ چوین وەرم |

هزری یاری قۆناغەكانی پێشكەوتن و گەشەكردنی مرۆڤی بە چوار قۆناغ دابەشكردوە: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت.بەم شێوە كە لە سەرەتای ئافراندنی "ئادەم" تا دوایین پێغەمبەر، واتە خاتەمولئەنبیا بە قۆناغی شەریعەت دادەنێت كە لەم قۆناغەدا مرۆڤ بە پەیڕەوكردنی ئەم یاسا و ڕیسانەی كە بۆی دانراوە دەگاتە باوەڕ بە تاكی خودا "تەوحید". ئەڵبەت یاسا و ڕێساكان لە ئایینێكەوە بۆ ئایینێكی تر دەگۆڕدرێت، بەڵام هەمان مەبەست و ئامانجە.

قۆناغی تەریقەت لە سەردەمی دەركەوتنی ئیسلامەوە "موحەممەد و عەلی" دەست پێ دەكات و تا سەرهەلدانی شاخۆشین لوڕستانی درێژەی دەبێت، كە بریتییە لە پەیڕەوكردن و بە جێ هێنانی هەمان دەستوور و یاسانانە بۆ نزیكبوونەوە لە خودا، كە دەبێتە هۆی دەركەوتنی سۆفیگەریی و عیرفان.

قۆناغی مەعریفەت لەسەردەمی دەركەوتنی شاخۆشینی لوڕستانییەوە تادەركەوتنی سولڵتان سەهاكی بەرزەنجەیی لەسەدەی حەوتەمی كۆچیدا دەخایەنێت. بەم مانایە كە بەتێگەیشتن و بەكارهێنانی یاساكانی ئایین مرۆڤ دەگاتە ئاستی بێزاری لە مادیات و لە عالەمی مەلەكووتدا مالە دەكات. قۆناغی چوارەم گەیشتن بە حەقیقەتە و ئەم قۆناغە لە سەدەی حەوتەمی كۆچییەوە، واتە لە سەردەمی دەركەوتنی سولڵتان سەهاكی بەرزنجییەوە دەست پێدەكات.

ئەم قۆناغە قۆناغی گەشەكردن و تەواو بوونی مرۆڤە. ئەڵبەت ئێمە لێرەدا ئەو چوار قۆناغەمان تەنیا بە پێوانەی مێژوو لێك جیا كردەوە، بەڵام بۆ لێكدانەوە و شەرحكردنی قۆناغەكان، دەتوانین پێوانەی تریش بە كاربهێنین. بە هەرحاڵ لە قۆناغی دووهەمدا چەندین كەسایەتی بەرچاو وەك شێخ حەسەنی بەسری و محییەدینی ئیبنی عەرەبی، بەهلوولی زانا و شاخۆشینی لوڕستانی سەرهەلدەدەن و بناغەی تەریقەت دادەڕێژن. لە قۆناغی سێیەم تا چوارەم كە قۆناغی گەیشتن بەناوەڕۆكە و مرۆڤ هەنگاوێك بەرەو پێش هەڵدەگرێت چەندین كەسایەتی بەناوبانگ، لەوانە: مەنسوور حەلاج و بایەزیدی بەستامی و شەهابەدینی سۆهرەوەردی، دەردەكەون و لەقۆناغی چوارەمدا كە لەسەردەمی حەوتەمی كۆچییەوە دەست پێدەكات، زانست و ئایین و عیرفان ئەوەندە گەشەیان كردووە، تا مرۆڤ ئامادەی تێگەیشتن لە حەقیقەت بكەن.

ئەڵبەت بڕینی ئەم قۆناغانە لە تاکە کەسیش دا ڕەچاو دەکرێت و هەر کەسێك بۆی هەیە لە درێژایی تەمەنیدا، بە زمانی ئایینی یاری لە "کراسێك"دا بە کۆشش و چالاکی، پارێزکاری ئەو چوار قۆناغە ببڕێت و بگاتە سەرچاوەی حەقیەقەت و لەو قۆناغەدا دەبێتە "ئەهلی حەق" و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە بەباوەڕی یارسانەکان، هەر کەسێك پەیڕەوی هەر ئایینێك بێت، دەتوانێ بەبڕینی ئەم قۆناغە بگاتە "حەق" و دوای گەیشتنی بەو پلەیە، یارسانەکان بە خۆیانی دەزانن. بەڵام ئەگەر کەسێك بێ بەهرە بێت و توانای بڕینی ئەم قۆناغانەی نەبێت، تەنانەت ئەگەر لە بنەماڵەیەکی یارسانیشدا لە دایك بووبێت، مەرج نییە گەیشتبێتە قۆناغی تێگەیشتن لە حەقیقەت.

## گاژمێری کوردی ـ رۆژەیاری "رۆژوویاری"

بۆ پەیدا کردنی مێژوو و گاژمێریك کە کوردەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە، ئەبێ پێشتر باسی مێژوویی گانامەی ئێرانی و ناوچەکانی ژێر کاریگەرییەتی ئەو بکەین. گاژمێری لەئێراندا بەچەند شێوە دابەشکراوە:

1– سەردەمی ئەخمینییەکان کە یەك گاژمێری مەدەنی هەتاوی ـ مانگییە و لەژێر کاریگەرییەتی گاژمێری بابیلیدا بووە، بەم جیاوازییەوە کە نیوی مانگەکانی فارسی بوون.

2– گاژمێری ئەویستایی کۆن کە ئەویش لە سەردەمی ئەخمینییەکاندا لە کەنار گاژمێری مەدەنی فەرمیدا بووە و وەك گاژمێری ئاییینی سەیر دەکرێت کە ساڵ بە پێنج وەرزی نایەکسان دابەش دەکات" بەم جۆرە کە هاوین، هەوت مانگ بووە کە لە "هەم سەبت میزی" تاکوو "ئەیاسریم" وزستانیش، پێنج مانگ لە "ئەیاسریم" تا "گاهەبناری یەکەم" دریژەی هەبووە و پێدەچێ ئەم گاژمێرییە پێش ئەخمینی-یەکانیش لە کۆمەڵگای زەردەشتیدا باو بووبێت.

ئەم ئیدیعای ئیمە دوو هۆکاری هەیە:

یەکەم: ناوی برێك لە مانگەکانی گاژمێری ئەویستایی لەباری زمانەوانییەوە ریشەی ئەویستایی کۆنیان هەیە.

دووهەم: لە گاژمێری ئەویستایی کۆندا، ساڵی 365 رۆژە بە شەش بەشی نایەکسان دابەش دەبوو کە لە گاژمێری نوێدا پاریزراون. ئەم بەشگەلە وەك "شەش گاهەنبار" ناوزەد دەکرین. ئەم گاژمێرە زۆرتر وەك گاژمێری ئەویستایی کۆن، ناوی لێدەبری.

3– گاژمێری ئەویستایی نوێ یان تەقویمی فارسی باستان کە لە کۆتاییەکانی حکوومەتی "کەمبووجیە" و سەرەتای حکوومەتی "دارای یەکەم" باو بووە. ساڵی ئەم تەقویمە365 رۆژ و شەو بووە کە بریتییە لە 12مانگی 30رۆژە و 5شەو و رۆژی ناسراو بە "پینجە" یا "ئەندەرگا" کە دەدرا دەم کۆتایی ساڵ.

لە تەقویمی ئەویستاییدا بۆ بانگهێشتنی ئەوەڵی خاکەلێوە "فەروەردین" لە سەرەتای بەهار، لە هەر120 ساڵ، یەك کەبیسەی30 شەووڕۆژیان زیاد دەکرت و بە نیوی هەمان مانگێك کە مانگی کەبیسە بەدواییدا دەهات پێناسە دەکرد و مانگی کەبیسەیان بە ئاخری یەکەمین و دووهەمین و... دوازدەهەمین مانگی ساڵ ئیزافە دەکرد. بۆیە لە 120ساڵی یەکەمدا دوومانگ بەنیوی خاکەلێوە "فەروەردین"، لە 120ساڵی دووهەمدا دوومانگ بەنیوی گوڵان "ئوردیبهشت" و... و لە 120ساڵی دوازدەهەمدا دوومانگ بەنیوی "سیپەندارمەز" ناو دەبرا. سەرەڕای ئەوە بۆ پێناسە کردنی ئەو مانگەی کە ئەبێ هەر120 ساڵ جارێك دووپات بێتەوە، "پینجە"یشان زیدە دەکرد.

4– گاژمێری "یەزدگردی" کە ئەم گاژمێرە لە سەردەمی ساسانییەکاندا باو بووە و بەنیوی "فورسی باستان" دەناسرا. دوایین گاژمێری بەکاربراو لە ئێراندا هەمان گاژمێری یەزدگردییە کە بەوتەی زۆربەی

پسـپۆران وەك تـەقیزادە و بیرەشـك و...هێشـتا کـە لـەبری ناوچـەگەلی ئێـران و نیـوان کۆمەڵگاگـەلی زەردەشتی هیندو پاکستان باوە و ئەبێ ئامانجی ئیمە بۆ لێکۆڵینەکەمان بێت. لەبەر ئەوەی کە

یەکەم: ناوچەگەلی کوردەواری بەشێك لە ئیران بووە.

دوهەم: دوایین گاژمێری باو، یەزدگردییە کە لە کوردستان باو بووە.

سەرەڕای ئەمانە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی گاژمێری کوردی، ئەبێ گاژمێری ناوچەکانی دەوروبـەری کوردستان و چەند و چون و شێوازی پەیدا بوون و بەکار هێنانیان بخرێتـە بـەر بـاس و لەگـەڵ گـاژمێری ئیرانیدا بەراورد بکرێت.

تـا ئـەو جێگـای کـە لێکۆڵینەوەگـەلی زانسـتی روونـی دەکاتـەوە لەمێـژووی کـۆندا "پـێش سـەردەمی پاشـایەتی" دوو یـان سـێ ناوەنـدی کەلـەپووری بـەربڵاو و بـەرین لـە رۆژئـاوای ئـیران و دوو ناوەنـد لـە رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەدا هەبووە کە بەپیی دەسکەوتە مێژوییەکان، ناوچەی کوردەواری گـاژمێری تایبـەت بەخۆی بووە کە کاریگەییەتییەکی بەرچاوی لەسەر گاژمێری ئیرانی بووە و ئەتوانین بڵێین تا سەردەمانی نزیك بە ئیستاش هەر رۆڵی تایبەتی خوی بینیوە. بەڵام ئیستا ئەبێ بە بەراوردکردن لەگەڵ گاژمێرگەلی-تر، چونایەتی ئەم گاژمێرە بخرێتە بەرباس و لێکوڵینەوە.

لە شرۆڤەی گاژمێری ئیرانی کۆندا وتمان کە یەکەمین گاژمێر، هەمان گاژمێری مـەدەنی هـەتاوی مـانگی سـەردەمی ئـەخمینییـەکان بـووە کـە کاریگەرییـەتی فـرەی لـە گـاژمێری بـابیلی وەرگرتـووە. بۆیـە دەردەکەوێت کە گاژمێری بابیلی هەر لە کۆنەوە و لەژێر کاریگەرییەتی دەسەڵاتی بـابیلیدا، بـوو کـە بـە گاژمێری دانیشتوانی باشووری رۆژئاوای ئەم وڵاتە و بەپیی هاوسایەتی عیلامـی و ئاشـووری کـارتیکردنی لەسەر گاژمێری ئەوان بووە.

ساڵی ئەم کەلەپوورە، هەتاوی ـ مانگی بووە و سەرەتای ساڵ بەجیگەی ئیعتدالی "هاوکاتی" بەهاری، لە هاوکاتی خەریفیدا هەبووە کـە ئـەم دەسـپێکردنی سـاڵە بـا هاوکـاتی خـەریفی، پێدەچـی یادگـاری ئـەو کەسانە بێت کە بە باپیرانی ئارییایی دەناسرین و لە سەردەمانی کۆنتردا لەگەڵیا راهاتبیتن یان ئەوەی کە ئیرانییەکان، ئەم رەسمەیان لە دانیشتوانی دیکەی ئەو ناوچەیە "عیلامییەکان یان شارەکانی سوومیری ـ بابیلی" کە ساڵی ئەوانیش بـە پـاییزەوە دەسـتی پێـدەکرد پـەیرەو کردبێـت. "ئـەم گاژمێرییـە بـەنیوی "پارسی کۆن" یا "تەقویمی ئەخمینیش" ناوی لێدەبریت". تەقیزادە" لە بەشێکیتر لە کتێبی "بیست وتار" (بیست مقالە)ی خویدا باسی ئەوە دەکات کە سی گـاژمێری ئیرانـی کـۆن و عیلامـی و بـابیلی لـە ئیراندا باو بووە کە گاژمێری بابیلی لە رۆژئاوا و ناوەندی ئیران بەکار براوە و هەرگیز لە باشووری رۆژئاوا "فارس" و باکووری رۆژهەڵات (خوراسان و ماوراو النهر) وەك تەقویم بەکار نەهێنراوە و وادیارە کـە ئـەم گاژمێرییە، تایبەت بە خەڵکانێك بووە کە خودایانی "میترا" و "ئاناهید" و... پەرستش کـردووە. سـاڵی ئیرانی کۆن لە هاوسایەکەوە لـە رۆژئـاوای ئێـران (پێدەچـی عیلامییـەکان بـووبێتن) گـیراوە و ئـەوانیش پێدەچی لە سەردەمانی زۆر دیریندا، دەزگای گاژمێری سـوومیری ـ بـابیلی یـان کـە سـەرەتاکەی پـاییز

بووه قبووڵ کردبێت. بەڵام ئەم ئیحتیماله دوای ئەوه ئەکەوێته بەرباس کە فەرزی دواتر سەبارەت بە دەسپێکی ساڵ لەپاییزدا لەو شارانەدا سەلمێندرابێت.

"هومل" ئەم باسه بەڕاست دەزانێت که له فۆرمگەلی کۆندا گاژمێریگەلی کەلدانی، بۆ نموونە ئەوانەی که له شارگەلی "ئوور" و "گیرسوو"و... باو بووه، سەرەتای ساڵ لەپاییزدا بووه. "ش. پالیس"یش دەڵێت که له سەردەمی "سارگون ئاکادی" و "گودئا" و هەروەها لە دەورانێکی بچووك لە سەردەمی "حەموورابیدا"، ساڵ لە مانگی "تشرینو" بۆ "نیسان" گوزراوەتو بەڵام لە حیسابات نجوومیدا، دیسان، هەمان یەکچوونی خەریفی، سەرەتا بووه. لەواقیعدا دەتوانین بڵێین کە دانیشتووانی ڕۆژئاوای ئێران، یەکەمین گاژمێریان بووه که سەرەتای ساڵیان به مانگی باغیادیش جێژن دەگرت که له حدوودی یەکچوون "اعتدال"ی خەریفیدا بووه "ئەڵبەت بابیلییەکان، ساڵیان لە یەکچوونی "اعتدال" وەهاری دەست پێکدەکرد" و ئەم ڕۆژە، جیژنی میترا "خوداوەندی نوورو هەتاو" بووه و لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆژە له زۆر ساڵاندا له مانگی باغیادیش ڕووی دەدا بۆیه ناوی ئەم مانگەیان لە هەمان جێژن گرتووه کە مانگی جێژنی "بەغ" یان "میترا" بێت و مانگی بابیلی هاوسان لەگەڵ ئەو یانی تیشری مانگی هەتاو "خوداوەندی هەتاو" بوو و مانگی زەردەشتی هاوتای ئەو له سەردەمانی دواتردا هەمان مانگی "میهر" "ڕەزبەر" بووه. ناوگەلی ئەم مانگانه که باغیادیش "باغ= میترا، میهر" یەکەم مانگی ساڵه، لە کۆچك نووسراوەی بیستووندا کە هەمان سەرچاوەی قۆمگەلی میهرپەرست بووەش هاتووه و لە پۆست نووسراوەکانی هەورامانیشدا "بەپێی لێکۆڵینەوەی "کاولی" و "ئونوالاونوبیرگ"." پێشان دەدری کە بەکارهێنانی ئەم مانگانه و گاژمێری پیوەندیداری ئەو له مێژیوه باو بووه. بەم پێیە هەبوونی مانگی باغیادیش نسبەت دراو به میترا له سەرەتای پاییزدا که هەمان مانگی "تشریتو"ی بابیلی بووه بڕوای ئیمه ڕاست دەکاتەوه و هەروەها ڕوودانی یەکێك له گەورەترین جێژنگەلی ئایینی و نەتەوەیی ئێرانییەکان بەواتا جێژنی میترا له یەکەم مانگی پاییزدا و ناونانی وەك "بەغیاد" لەنێوان ئێرانییانی باشوور و جێژنی "میترەکان" "مهرگان" لەنیو قۆمگەلی ئێرانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی زەردەشتی و گرینگایەتییەکی یەکجار زۆر که تا سەردەمانێکی زۆر دواتر پێدراوه و وەك هاوتای "نەورۆز" خوی دەنوێنی، ڕاستی گومانەکەی ئیمه دەسەلمێنیت. بەم پێیە تەنانەت دەتوانین بڵێین "میهرگان" لەواقیعدا "نەورۆز"ی ئێرانییە باشوورییەکان بووه. هەبوونی کەتییەی بیستوون، پۆست نووسراوەکانی هەورامان و هۆکارگەلێکیتر وەك بەڵگەنامەگەلی "ماندایيه"کان، تیکسته کۆنەکانی یارسان، سەرەتای ساڵ لەنیو خێڵی مەنگور و سکرو کەلهۆڕەکان که دواتر باسی لێدەکەین ڕاست کەرەوەی ئەم وتەیەن کە ناوچەی کوردستان و ناوچەگەلی ڕۆژئاوا و باشووری ئێران، یەکێك له ناوەندگەلی گرینگی حسیب و کتێبی نجوومی له مێژوودا بووه که ئاغای تەقیزاده بەپێی بەراورد لەگەڵ کتێبی "جەدوەلی ساڵ و مانگی بابیلی" نووسراوی "پ.ن. نیگیبویر" سەرەتای ساڵی گاژێری کولن ئێرانی، بە ڕۆژی دەیەمی مانگی باغیادیش ئێرانی و دەیەمی تشریتوی بابیلی لە522 پێش زایندا "29 سیپیتمبر و ڕۆژی یەکچوونی خەریفی "اعتدال

خریفی" ناو دەبات و سەرەڕای ئەوە دەڵێت: وشەی: "باغیادیش" "نیوی مانگی هەوتەمی فۆرسی کۆن" پێدەچی لەگەڵ وشەی "بەگ"دا، کیشەیەکی لەگەڵ هەبوونی جیژنی "میترەکان" لە دەیەمی ئەو مانگە لە ساڵی522 پێش زایین‌دا نەبووبێ و دەتوانین فەرزکەین جیژنی میترا "میهرەجانی کۆن" لە ناوچەگەلی باکوور و رۆژئاوای ئیران و لەواقیعدا لەکن مۆغەکان، بەردەوام لەیەکچوونی خەریفی "اعتدال خریفی کە لەو سەردەمانەدا29سیپتامبر بووە" هەبووبێت. بەڵام ئەو گاژمێرەی دیکە کە پێشتر باسی کرا و بەپیی هەل و مەرجی جوغرافیایی، لە ناوچەی کوردەواری باو بووە، گاژمێری یەزدگردییە کە هەتا ئیستاش لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوین بەکار دەبریت. ئەم گاژمێرییە لە ئیرانی باستان‌دا کاربوردی بووە کە ساڵیان بە 365 رۆژ دادەنا. بەواتا دوازدەمانگ کە بەنیسبەت ساڵی هەتاوی راست، رەوەندێکی سەربەرەوخواری رێك و پێکی لە قەراری هەرۆژ لەهەر 1288 و4 هەتاوی‌دا هەبووە و ئیدیعا کراوە کە ئەم مێژووە، گاژمێری یەزدگردی شاریار نییە بەڵکوو یەزدگردی بەواتای خودایییە و خاچ پەرستەکانیش مێژووی زایینی وەك ساڵی خودایی ناو دەبەن. تەقویمی ئەویستایی لە سەردەمی ساسانییەکان بە سەرەتای مێژوو و ساڵی تاج لەسەرنانی پاشاکان پێناسە دەکرا و نیوی تەقویمی فورسی بوو بەڵام وەرزەکانی تەقویمی فورسی بەهۆی بەکارهێنانی کەبیسەکانی، لە هەفتا ساڵ پێش مردنی یەزدگردی سیهەم، نە نیسبەت وەرزگەلی واقیعی بەرێژەیەکی فرە جیبەجێ دەکرا، بەجۆرێك کە لە کۆتاییەکانی سەدەی سیهەمی هیجری، کاتی ئەستاندنی خەراج "هاوینی تەقویمی"، هاوکات بوو لەگەڵ مێژووی چاندنی تۆمی کشت و کاڵ "بەهاری راستەقینە". ئەم هاوکات بوونە، کێشەگەلێکی زۆری لە کۆکردنەوەی خەراجدا وەدیهیناو هەر بۆیە، لە ساڵی 274 کۆچی هەتاوی "سەردەمی خەڵافەتی موعتەزید بیللا" تەقویمی هەتاوی ویراست کرا و تەقویمێکی نوێ بەنیوی تەقویمی خەراجی باو بوو.

ساڵ و نیو و رێژەی مانگەکانی تەقویمی خەراجی، هەر هەمان ساڵ و نیو و رێژەی مانگەلی تەقویمی فورسی بوو، تەنیا فەرقیان ئەوە بوو کە پێنجەی درزاو "خمسە مسترقە" لە کۆتایی خەزەڵوەر درادەم کۆتایی سپەندارمەز "رۆژی ئەویندارى".

زەبیحۆڵلا بیهرووزیش دەڵێ: "ئەو کەبیسەیە کە سەردەمی "خلف بن احمد" ئەمیری سیستان لە ساڵی376دا بووبە تەقویمی فەرمی، هەر هەمان گاژمێری یەزدگردی بوو کە زەردەشتیەکان، پێنج رۆژی کۆتایی ئابانیان دوای بەڕیوە بردنی دوایین کەبیسە لە سەردەمی سلسانی‌دا، بردبوو بۆ کۆتایی رەشەمە"اسفند". هەروەها بە فەرمانی "موعتەزیدبیللا" "المعتچدبالله"، کەبیسەیەکی 60رۆژە بەڕیوە برا کە بریتی بوو لە کەبیسەی ساڵگەلی دوای مردنی یەزدگرد. بەڵام "نەورۆز" بەهۆی حسیب نەکردنی17رۆژی کەبیسەی70ساڵ ماوەی نیوان ئیجرای دوایین کەبیسەی "بهیزکی" و سەردەمی مەرگی "یەزدگردی سیهەم" نەچووە جێگای راستەقینەی خوی. ئاخرین کەبیسە لە سەردەمی "یەزدگرد کۆری شاپوور" لە دەوڵەتی بەفەرمانی یەزدگرد، ئەو رۆژەیان بە یەکەم رۆژی خاکەلیوە "فەروەردین" پێناسە کرد. کە وایە 91 رۆژ دەکەوتە نێوان یەکی خاکەلێوەی ئیرانی و یەکی خاکەلێوەی یەزدگردی.

ئەم91 ڕۆژە هیدی هیدی لەنیو چووو و سەرەنجام، یەکی خاکەلێوەی ساڵی 375 یەزدگردی لەگەڵ یەکی خاکەلێوەی 385 ئێرانی هاوکات بوو. بەم پێیە ئەو چتەی کە لە سەرەتای گاژمێری یەزدگردی وەدەس دێت بەم شێوەیە کە 1/1/1 یەزدگردی هاوکاتە لەگەڵ 11/4/1هەتاوی یان 16جوونی 632زایینی کە "تەقیزادە" ڕاستی ئەم ئیدیعایەی بە وشەی "میزیایری" نیشان داوە کە نیوی گاهە بناری پینجەمە و دەڵێ کە ئەم جێژنە لە دەورووبەری شۆرشی زستانی "انقلاب شتوی" بووە و بە واتای "نیوەی ساڵ" دێت و لەبەر ئەوەی لە ڕاڤەکردنی کتێبی "بەندهش" هاتووە لە "میزیایری" تا "میزیوی شەم" ڕۆژەکان درێژتر و شەوگار کورتتر دەبێتەوە و بەپێچەوانە، لە "مێزیوی شەم" تا "میزیایری" شەوگار درێژترو ڕۆژگار کورتتر ئەبێتەوە. بەم پێیە وا ڕوون دەبێتەوە کە لە بنەمادا "میزیایری" لە دەورووبەری شۆرشی زستانی "انقلاب شتوە" یان یەکەمی جوودی بووە و سەرەتای ساڵ لە دەورووبەری شۆرشی تاوسانی (انقلاب صیفی) یان یەکەمی سەرەتان و هاوکات لەگەڵ "میزیوی شەم" بووە. هەروەها مەسعوودی لە کتێبی "التنبیە و الاشراف" دەنووسیت، سەرەتای ساڵی ئێرانییەکان، هەوەڵی تاوسان و میهرەجان لە سەرەتای وەرزی زستاندا بووە. لە نەرۆزنامەی حەکیم خەیامیشدا دەوێژریت کە:

خاکەلێوە "فەروەردین"ی ئەو ڕۆژە هەتاو بە سەرەتای سەرەتان قەراری کرد...".

ئەڵبەت بێجگە لەم دوو گاژمێرییە کە سەرەتای ساڵیان لە لێکچوونی خەریفی "اعتدال خریفی" - بابیلی - و لێکچوویی تاوسانی - یەزدگردی - یە، گاژمێریگەلێکیتریش هەبوو کە لە ئێرانی کۆندا سەرەتایان مانگەکانیتر بووە، وەك ئەو گاژمێرییەی کە سەرەتای ساڵی خەزەلوەر "ئابان" مانگی هەتاوی و هاوکاتە لەگەڵ بورجی عەقرەب "دووپشك". یان یەکەم ڕۆژی مانگی ئێرانی سەرماوەز "ئازەر" کە لەدوای سەدەی چوارەمی زایینی وەك سەرەتای ساڵ پێناسە کرا و دەسبەجێ دوای ڕۆژانی پەنجەی دزراو "خمسە مسترقە" حسێب دەکرا. هەروەها گاژمێرییەکیتر هەیە کە سەری ساڵ هاوکاتە لەگەڵ بەفرانبار "دی" هەتاوی و بەرانبەرە لەگەڵ بورجی جوودی کە گرینگایەتی زۆری لە مێژووی گاژمێری ئێراندا نەبووە و پیویست ناکات زۆر خۆمانی پێوە خەریك کەین.

بەڵام سەری ساڵێکی دیکە و گاژمێرییەك کە لە مانگی "دەلو"ـ بەرانبەر لەگەڵ ڕێبەندانی هەتاوی - دەست پێدەکات لە ساڵژمێری ئێرانی کۆندا هەبووە کە ئەم گاژمێرییە نزیکترە بە سەردەمانی ئیستا. و هەروەها کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەنێوان قەوم و عەشیرە و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر باو بووە و بەتایبەت ئیستاش لە کوردستان بەشێوەی نافەرمی پیرەو دەکرێت.

یەکێك لە گرووپە ئایینییانەی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری میزوپۆتۆمیا کە ناوەندەکەی "حەران" بەزمانی سریانییە، "سابیئین"ە کانن ساڵ و مانگ وەکی هەمان ساڵ و مانگی سەردەمی ساسانی حسێبی بۆ دەکەن و تەنیا یەك جیاوازی هەیە و ئەویش ناوی مانگەکانە کە بەزمانی خویان پێناسەیان کردووە بەم جۆرە کە سەرەتای ساڵ لە ساڵژمێری ئەواندا، "دول" یان هەمان "دەلو"ە کە

هاوکاته لەگەڵ ڕێبەندان "بهمن"ی هەتاوی و پنج شەورۆژ بەناوگەلی "ئەنووش ئەسرا"، "شیشلام ربا"، "یووخاشارکنه"، "نابوت زیوا"، "بەهرام ربا" لەنێوان مانگی هەشتەم و نۆیەم ئیزافە دەکرێت تاکوو ساڵ، ڕاست ببێتە 365 ڕۆژ. بۆیە ئەبێ وای بۆ بچین کە ئەم گرووپە یان باپیرانی ئەوان، ساڵ و مانگی ئێرانیان لەسەر دەمانێکدا لە ئێرانییەکان وەرگرتبێت کە خاکەلێوە "فەروەردین"، هەمان بورجی "دەلو" و بەحسێب لە سەرەتای حکوومەتی ئەشکانی "240 پێش زایین" بووگە. شتێکیتر کە جێگای ئاماژەیە سەرەتای ساڵ لە ڕۆژگارانی کۆن لەلای ئێرانییەکان و بەتایبەت کوردەکان لە "ڕێبەندان" "بهمن" و "جێژنی سەدە" بووە کە کاتێك سەد ڕۆژ لە زستان تێپەڕ دەبوو جێژنی سەدەیان دەگرت و لەم بڕوادا بوون کە سەردەمی سەرما بەسەر هاتووە و لەمەبەدوا کەش و هەوا ڕوو لە گەرمی دەنێت. ئەم جێژنەیان لە دەیەمین ڕۆژی مانگی ڕێبەندان دەگرت و مەبەستیان لە سەد ڕۆژ، لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەر "ئابان" بۆ ڕۆژی دەیەمی ڕێبەندان "بهمن" بوو. ئەبووریحان لە کتێبی "ئاسارالباقیە" سەبارەت بە جێژنی سەدە دەڵێت: دوای ئەوەی "کەبس" لە گاژمێری ئێراندا چارەسەر کرا لەم کاتەدا تەمایەر بوون کە سەرما تێپەڕ بێت و سەردەمی بەسەر چێت" لەبەر ئەوەی کە ئەمان زستانیان لە ڕۆژی پێنجەمی ئابان حسێب دەکرد و تا دەیەمین ڕۆژی ڕێبەندان کێشیان دەهاورد. دانیشتوانی "کەرەج" "شارێکە لە 35 کیلومیتری تاران" بەم شەوەیان دەگوت "گەزنە" و هۆی ناونایشی ئەوە بوو کە لەم شەوەدا سەرما بەخەڵکەوە دەدات. باسێکیتر کە جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێ بکرێت سەرەتای ساڵە لەکن "مەنگور" و "سکر" لە موکریان کە ئەوانیش سەرەتای ساڵی خویان وەك کەلهۆڕەکان لە مانگی "دەلو" "ڕێبەندان"ی هەتاوی دەگیرن. هەروەها کە تێکستی کۆنی پارسایش باس لە گاژمێری و حیسباتی هەسارەناسی کراوە کە پێشان دەدات ساڵ لە مانگی دەلو دەست پێدەکات کە دواتر باسی لێدەکەین. هەروەها لە لورستان، حسیبی ڕۆژەکان بەپیی ساڵژمێری هەتاوی ئێستاکە و لە پێشتریشدا بەحسێب کردنی ڕۆژەکان، سەری ساڵی خویان لە بورجی "دەلو" هاوکات لەگەڵ 22ڕێبەندان جێژن دەگرت کە "پەنجە" بەپیی ڕۆژمێری جەلالی دوای مانگی یەکەمی ساڵ لەلای خویان و دوارۆژی ڕەشەمە بە هەمان ناوی "پەنجە" جێژن دەگرن.

لە ئیلامیشدا گاژمێری بەپیی چوار وەرزی ساڵ حسێبی بۆ دەکرێ بەم جیاوازییەوە کە هەموو مانگەکان سی ڕۆژن و ساڵیش 360 ڕۆژە و ئەو پێنج ڕۆژە کەسرییە بەنیوی پەنجە لە یەکەم تا پێنجەمی مانگی ڕێبەندان جێژن دەگرن و زیدەی دەکەن بەساڵ تا ببێتە 365 ڕۆژ. پێنجە بە باوانی - بەهێز - حەزرەتی زارا ناوبانگی دەرکردووە. سەرەتای وەرزی بەهار لەکن ئەوان مانگێك پێشتر لە جێژنی نەورۆزی هەتاوییە کە تییدا زستان بە دوو چلەی گەورە و بچووك دابەش دەکەن کە سەرجەم شەست ڕۆژە کە شەش ڕۆژی ئاخری چلە گەورە و چلە بچووکیان بە "شەشلە شەشی" ناوزەد کردووە. ئاغای بیرەشك لە نووسراوەکەی خویدا ئاماژە دەکات کە ساڵی هەتاوی لە 15ڕێبەندان واتە نیوەی زستان دەست پێدەکات. د.عوبەیدوڵلا ئەیوبیانیش دەڵێت: "کەلهۆڕەکان لە چل و پێنجەمین ڕۆژ لە زستانی هەتاوی

سەری ساڵی نویی خویان بەناوی "وەهاری کوردی" جێژن دەگرن کە لە هەمان رۆژدا دوو تایفەی "مەنگور" و "سەکەر"یش ساڵی نویی خویان بەنیوی "بیلیندانە" بەجێژنێکی زۆر گەورە و پڕشکو دەست پێدەکەن. لە هەورامانیش لە میانەی زمسانی هەتاوی یەعنی 45رۆژ لە زستان گوزەرابێت، لە رۆژی چوارشەممەوە، بۆ سی رۆژ جێژنێك بەرپا دەبێت بەنیوی "پیرشالیار" کە بە ساڵەهاتی زەماوەندی پیری شالیاری دەزانن و بێگومان پیوەندی لەگەڵ رۆژمێری کوردیدا هەیە.

ئەڵبەت نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە یەکەم مانگی ساڵ لەکن مەنگولەکانداش هەمان بورجی دەلو و هاوکات لەگەڵ مانگی فیبریوەریدایە کە جێژنی سەری ساڵی ئەمان بەحسیب دێت. لەم رۆژەدا خان و هەموو خەڵك، جل و بەرگی چەرمویان لەبەردەکرد و هاوکات لەگەڵ شایی کردن، خەڵاتیان بە یەکتر دەبەخشی و گریمانەی ئەوە هەیە کە ئەم گاژمێرییە،بەرهەمی هێرشی مەنگولەکان بە ئیران بێت. بەتایبەت ئەوە کە ئاغای مەلەكپوور لە رۆژمێری 5000ساڵەی کۆچی هەتاوی باس لەوە دەکات کە دوای دەسەڵاتی مەنگوول بەسەر ئیران، رۆژمێری تورکی ـ مەنگوولی پای ناوتە نێو رۆژمێری ئیرانییەکان کە رۆژمێرێکی هەتاوی ـ مانگی بوو.

سەری ساڵی رۆژمێری تورکی ـ مەنگوولی چرکەساتێك بوو کە هەتاو دەگەیشتە رێژەی16 بورجی دەلو "هاوکات لەگەڵ 16رێبەندان"...

این رۆژمێرە کە سەردەمی سەفەویدا وەك رۆژمێری فەرمی قبوڵ کرا و تا ناوەراستەکانی سەدەی 13کۆچی بووە جیگری رۆژمێری جەلالی و لە سەرەنجام لە ساڵی 1289 کۆچی هەتاویدا وەلانرا. سەرەڕای هەموو بەڵگەیەکی باسکراو سەبارەت بە هەبوونی سەری ساڵ لە مانگی دەلو "هاوکات لەگەڵ رێبەندانی هەتاوی" کە لە کتێبی "زاد اسپرم" نووسراوەی زاد اسپرم زەردەشتی موبەد لە سەدەی سیهەمە کۆچی ئاماژەی پێدراوە، زاد اسپرم لە وتووێژ سەبارەت بە سەرهەڵدانی زەردەشت، باسی جێژنی نەورۆز دەکات کەلەو سەردەمەدا لە 45 رۆژ ماوە بە خاکەلێوە "سەری ساڵ"دا بووە بە واتا هەمان 15رێبەندانی هەتاوی.

هەروەها سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە سەبارەت بە سەری ساڵی نوێ لەکن کوردەکان لە بورجی دەلو هاوکات لەگەڵ رێبەندانی هەتاوی ئاماژەی پێدرا، ئەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە کۆمەڵگای کوردەواری لە زەمەنی کۆنەوە، کۆمەڵگایەکی شوانکارە و کشت و کاڵچی بووە و بیگومان لە کۆمەڵگایەدا سەردەمی دەرهاتنی مەروماڵات لە ئاخوریان گەرانەوەیان لە لەیلاخ و چوونیان بە قشلاخ هەروەها کاتێ کشت و کاڵ لە زەوی و زاردا، راستی ئەم گاژمێرییە جوانتر روون دەکاتەوە و لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری کوردەکان سەر بە ئایینی میهرو زەردەشتی بووگن و شوانی و کشت و کاڵ لەکن ئەوان،ئیش و کارێکی موبارەك و پیرۆز بووە کە وایە ئەم گرینگایەتییە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ریی و رەسم و ئایدیای خوشیان هەر بەپیی ئەم گاژمێرییە بنیات بکەن. لەواقیعدا ئەم گاژمێرییە لە گاژمیرییەکانیتری کوردستان باوتر بووە و دەتوانین بڵێین بە گاژمێری نەتەوەیی کوردەکان دەژمێردرێت کە گاژمێرییەکی

هەتاوی ـ مانگی بووە و دریژەی هەمان ڕۆژمێری یەزدگردییە کە بە سەرنجدانی یەزدگردی ـ ئایینی و شەرعی، دەتوانین بڵێین کە گاژمێری یەزدگردی، دریژەی هەمان ڕۆژمێری ئایینی مەزدیسنانی سەردەمی ساسانییە. "گووشیار جیلی" لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی لەسەر ئەوەی پێدا دەگرێ کە گاژمێری یەزدگردی، گاژمێرێکی ئایینی‌یە کە لە سەرچاوەگەلی کۆن وەك "فورس" و "قەدیم" و گاهی وەخت "شەمسییە" و تەنانەت "دەری"ش ناوی لێبراوە.

هەروەها دەشوکریە ڕەسووڵ لەزمانی مەلا مەحموود بایەزیدی دەڵێت کە: زۆربەی کوردەکان حیساباتی خویان بەپیی گاژمێری هەتاوی نگاتیرن و لە گاژمێری مانگی تەنیا بۆ نگاهێشتنی حسیبی ڕۆژانی ئایینی کەڵك وەردەگرن. و هەروەها سەبارەت بە وەرزی زستان و دەسپێکی ئەو وەرزە ئاماژە دەکات کە لە مانگی تشرینی دووهەم "نوامبر" و خەزەڵوەر دەستپێدەکات و لە 21دیسامبر یەعنی 30سەرماوەزی هەتاوی تا کۆتایی ژانویە "11 ڕێبەندانی هەتاوی" کە بەنیوی "پرچی پیرەژن" ناوبانگی دەرکردووە سۆزو سەرمایەکی فرەفرە ڕوو ئەدات. هەروەها لەناو نان و دابەشکردنی هەوتەکانی زستان بەناوگەلی: بیرەند، میرەم، ئۆغەن، پیت، پالۆز، خدرو ئلیاس، دەگەینە ئەم خاڵە بەرچاوە کە هەوتەی ئاخر بە وتەی "د. خەلیل جوندی ڕەشو" از20شوبات "فیبریوەری" هاوکات لەگەڵ دواخری ڕێبەندانی هەتاویە کە وەك کۆتایی ساڵ سەیری دەکرد و مەتەلیکش لە فەرهەنگی کوردیدا هەیە کە پێشاندەری ئەم سەردەمەیە:

خدرو ئەلباس ساڵیان کرد خەلاس/ خدرەلیاس سار بوو خەلاس

یان کە هات خدر / عارد دەبێ پەنگر

ئەم ڕیی و ڕەسمە لە باکووری کوردستانی ئیران لە ناوچەگەلی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، خەلخال، خۆی، ورمیە و ناوچەگەلی‌تر وەك ئەردەبیل... ڕێزو حۆرمەتی دەگیردریت. هەروەها لە خەلخال، لە10ڕێبەندان تا کۆتایی ئەو مانگە، خەکلان، هەر هەوتە، ڕێزی شەوانی پینج شەممە دەگرن و بە شەو و ڕۆژی حەزرەتی خیزری نەبی دەزانن و ڕیی و ڕەسمێك بەنیوی "قوود قوودیماق" یان "قوود پایلاماق" دەگیرن بەم شێوەیە کە زۆربەی بنەماڵەکان لەنزیك ئاگردانی ماڵ، مومێك دادەگرسێنن و هەوت دەنك یا هەوت تۆم وەك گەنم و کونجی و شادانە و تووی کاڵەك دەبرژێنن ودەیانکەن بە ئاردی سنجووشی پێ زیاد دەکەن و دوای ئەوە لە شەوی جومعەدا قەوم و کەس بانگهێشت دەکەن.

ئەم ڕیی و ڕەسمە بە "کورد ئۆغلی" یان "خیدرنبی" ناوبانگی دەرکردووە کە لە "چارچار" "چوارڕۆژی" ئاخری چلە گەورە چوار ڕۆژی یەکەمی چلەی چکۆلەیە کە لە ورمیە "خدرنبی" یا "خدرالیاس" زۆرتر وەسیلەی کچان و کوران ئەنجام دەدرێ بەم شێوازە کە برێك گەنمی برێشتە دەکەن بە ئارد و لەگەڵ خۆییەکی زۆردا تێکەڵاوی دەکەن و لە شەوانی 27 تا چل ڕۆژی چلە گەورە، ئەم قاووتە شۆرە دەخۆن و بە توونییەتی دەخەون و ئەگەر لە خەونی کچدا، فلان کوڕ ئاوی پێدات و بەپێچەوانە کچ ئاو بدات بە کوڕ، فاڵێك لە خەون دەگرن و ڕۆژی دواتر هەموو کۆششی خویان بەکار دەهێنن کە تا ئەو

خەونە بێتە دی. بەڵام دەربارەی گاژمێری لەکن قەومی یارسانی ئەبێ بڵێین کە لە تیکستی کۆنی یارسانیدا گاژمێری بەدوو شێوە حسیب دەکرێ کە یەکێك هەمان گاژمێری بابیلی کۆن کە ساڵ از یەکچوون "اعتدال"ی خەریفی دەست پێدەکات و ئەویتریان گاژمێری هەتاوی ـ مانگی‌یە کە سەرەڕای حسیب کردنی رۆژەکان لە درێژەی 365 رۆژدا، حسیبی مانگیش بەدەستیانەوەیە.

لەکن یارسانییەکان، رووداوی "مرنو" و "قولتاس" کە ئەبێ کەسانی رۆژووە و ان بن و دوو مێژووی جیاواز و روونیان لە "سەرەنجام"دا هەیە شیوەی حسیب کردنی گاژمێریان لای ئەوان ئاشکرا کردووە، سوڵتان ئیساق دەفەرموی:

پولی هام ملی، پولی هام ملی/ بەیدی بنیشمی پولی هام ملی

نە دوازدەی مانگ هەرچ نەچلی/ بری رۆی یاران ئاما ئەو دلی

یان لە جێگایەکی‌تردا سوڵتان ئیسحاق دەربارەی وەعدەی رۆژووی مرنو دەفەرموی:

روکن وە دەفتەر، روکن وە دەفتەر/ روکن‌یی تاریخ بنویس وەدەفتەر

ئەی چلەی تاوسان بری رو سەبت کەر/ مانگو دلی راس دوازدەی سفید پەر

بری روی یاران چیگام بێ وەفەر/ عەیدو پاوشاهیم دووهەم داش ئەسەر

تۆمار کردنی مێژووی رووداوی "مرنو" لە چلەی تاوسانی‌دا کە هەمان حیساباتی بابیلی کۆنە و تییدا ساڵ با یەکچوونی خەریفی دەست پێدەکات بەم شێوەیە کە ئەگەر رەزبەر بە سەرەتای ساڵ و هاوکات لەگەڵ بورجی حەمل بزانیم بەم پییەیە، تیر، مورداد و شەهریوەر "پووشپەر و گەلاوێژ و خەرمانان"، ئەبێتە سی مانگی هاوینی ئەو کە هاوکاتە لەگەڵ سەرماوەز و بەفرانبار و رێبەندان یا مانگەلی دەیەم و یازدەهەم و دوازدەهەمی کوردی و لەبەر ئەوەی کە سەرنجدانێکی بچووکیان بۆ بورجی عەقرەب بووە، یانێ ها بەشێك لە ئەو "ژەهری دومارەکۆڵ" لەم بورجەدا بێت، کەوایە بیگومان زستانی کوردی لی بورجی دووپشك هاوکات لەگەڵ خەزەڵوەری هەتاوی و نوامبری زاییني دەست پێدەکات. تایبەت ئەوەی کە لە "تژکرە اعلی"ش هاتووە کە چوارتەن، کات و سەردەمی جێژن لە سوڵتان ئیسحاق دەخوازن... و زاتی سوڵتانیش کات و وەعدی جێژن لەکن ئەهلی حەقیقەتی مانگی میهر دەست نیشان دەکات کە هەمان میهری باستانە. زاتی سوڵتان دەفەرموی:

کەمانم عەقرەوە......./ کەمانم نیش ستارەی عەقرەو

سیمش نەئەخزەر راگەی سفیدرەو/ شون گام و یەمەن بەند سەمای شەو

باس لە ژەهری هەسارەی دووپشك کراوە کە لە زانستی ئەستێرەناسی‌دا، کلکی دووپشکیان بە فەڕانسەوی chomlek پێدەڵێن کە دوو کۆی ئەستێرەیە بۆ شوێن یەکترو بەواتا کۆ ئەستیرەی بیستەم و بیست و یەکەم کە نیشمەنی نۆزدەهەم مانگە و مانگ ناگەیەتە ئینا بەڵکوو لە کەناری ئەو دەگۆزرەیت. عەرەب بە "شوولە" "حمە العقرب" یانی "ژەهری دومارەکۆڵ"یش لەبەر ئەوەی کە ژەهرەکەی هالە نێو

دەمیدا. ئەبووریحانی بیروونی دەڵێت: "ئەم ئەستێرە وەك ژەهری دووماڕەکۆڵ بەحسیب دێت و بۆیە پیی دەڵێن "شووله" لەبەر ئەوەی ژەهری دووماڕەکۆڵ درێژە و شووله، دوو ئەستێرەی درەوشانە کە لە تەنیشت دووماڕەکۆڵ جێگای گرتووە. هەروەها چەمکی "ژەهری دووپشك" و چەمکەگەلێکیتر وەکی "قمر در عقرب"یش لە شیعری شاعیران بەکار هاتووە وەك ئەم شیعرەی خاقانی:

هر ماه که مەشود به عقرب          مسهل خور اوست چرخ و کوکب

نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە مانگ لە ڕۆژەکانی 16تا20 لە دووپشکدا جێگر دەبێ کە چەمکی "قمر در عقرب" لەویوە هاتووە بەواتا کاتێك کە مانگ لە "زبانا"، "ئەکلیل"، "قەلب" و "شووله" سەیر دەکات لەو باسانەی دیکە کە لە تیکستگەلی یارساندا تەرح کراوە دەستپیکی زستانی کوردییە کە بەپیی ئەو دەتوانین سەرەتای زمسان دەست نیشان بکەین. لێرەدا دیسانەوە ئەتوانین ئاماژە بە فەرموودەکانی سوڵتان ئیسحاق بدەین و ئەوەیش سەردەمی جووت بوونی بزنە کیوییەکانە لە شاهۆ کە بە "شاخشمار" یان "کەلرەم" ناوبانگی دەرکردووە و هەروەها تەقارونی مانگ و سورەیا لە نیشانەگەلێکیترە کە ئاماژەی پێکرا. سەبارەت بەم باسە، شێخ ئەمیر دەفەرموی:

وادەی شاخشمار، کەلرەم شاهۆ/ ئیقرار مردان کووەو سەر ئاسو

کە ئەم وتارە وەعدی ڕۆژووی ڕۆژانی "مەرنو" دەستنیشان دەکات بەواتا دوازدەی مانگ از چلەی هاوین لە زستانی کوردی کە هاوکاتە لەگەڵ جووت بوونی بزنە کێوییەکان و ئەویش بەپیی ئەو لێکۆڵینەوانە کە لەوێ ئەنجام دراوە سەرەتای مانگی سەرماوەزە. ئەڵبەت رای "ێغاک سولتانک" وایە کە ئەم ماوەیە از 15 تا21 سەرماوەز و بە مودەی یەك هەوتەیە.

هەروەها هاوتەریب بوونی هوشەی پەروین لەگەڵ مانگ کە لە ڕۆژانی "مەرنو" دەگاتە نزیکترین ئاستی خوی وەسیلەی ئامرازگەلی ئەمڕۆی هەسارەناسان بەجوانی پێشان دراوە. هەروەها ئەبووریحان بیروونی لە هەرکات مانگ لە کاتی تەواو کردن لەگەڵ سورەیادا بێت سەرمای سەرەتای زستان دێتە بەرەو. و ئەوە "پەروین" لەو ئەستێرەگەلە دەزانی کە هاورێ لەگەڵ سەری گا، فەرمێکی ئاسمانی یەکسان دروست دەکات و ئەو ڕووداوە لەکن دانیشتوانی عیلام و میزوپۆتامیا گرینگایەتییەکی یەکجار فرەی بووە.2

کە وایە بەپیی ئەو تێکستانە کە وەك سەلمێنەری باسەکە هاوردمان ڕوون دەبێتەوە کە سەرەتای ساڵ لەلای کورد، بورجی دەلو یا هەمان ڕێبەندانی هەتاوییە و هەر بەم پییە زمستانی کوردی لە بورجی ئابان "خەزەڵوەر" هاوکات لەگەڵ دووپشك و نوامبری زایینی دەست پێدەکات، بەڵام بەهۆی دیار نەبوونی سەرەتای گاژمێری، درێژەی زەمەنی، لێکۆڵینەوەی کورت و ناقس و هەروەها نەبوونی دەزگایەکی تایبەتی و چۆنییەتی حیساباتی کەبیسەکان هەڵەکان تا دین زیدە دەبن. لەواقیعدا ئیمە لە پێنجەم مانگ تا بیست و پێنجەم و یان کۆتایی هەمان مانگ، مێژوومان بۆ سەرەتای ساڵ هەیە کە لەکن

عەشیرەكانی كوردستان جیاوازیان هەیە و ئەبێ با حیساباتی ئەستێرەناسانە، رۆژی سەرەتای ساڵ لە بورجی دەلو هە لە پێنجەم تا كۆتایی رێبندان بدۆزینەوە.

ئەگەرچی ئێمە لە شێوازی رۆژمێری و گاژمێری لە ئێرانی كۆن و بەتایبەت كوردستان زانیارییەكی ئەوتومان نییە بەڵام بە سەرنجدان بە ریی و رەسم و سیریمونیای بەرپوەچوونی جێژنی نەورۆز لە مانگی دەلو هاوكات لەگەڵ رێبەندانی هەتاوی و فیبریوەری زایینی لە كوردستان و نگاهێشتنی ئەو جێژنە وەك سیریمونیایەكی كۆن و لە مێژینە ئەبێ ئەو راستییە قبووڵ بكەین كە تۆمار كردنی ئەم رۆژانە لەگەڵ پێنجەمی دەلو وەك سەرەتای ساڵی نویی كوردی و بەرپێوەبردنی جێژنی نەورۆز لەم رۆژانەدا لە ناوچەگەلی جوراوجۆری كوردستان ناتوانێت بی پێشینەی مێژوویی بێت. بە روانینێكیتر ئەم گاژمێرییە وەبیرهێنەری رووداوگەلێكی مێژوویی لە كوردستانی كۆندا بووە كە ئەبێ لە قاڵبی گاژمێرییەكی كوردی حسیب و كتێب و بەراوردی بۆ بكرێت. هەروەها د.رەزا عبدوڵلاهی دەربارەی گاژمێری دانیشتوانی رۆژئاوای ئیران ـ ناوەندی حكوومەتی مادەكان ـ هێناویە كە: بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەی جێگای متمانە، باسێكی زانستیانە نەكراوە بەتایبەت ئەوە كە مێژوونووسانی هیلێنی و میسری سەردەمانی كۆن، ناوی پارس و مادیان بەبێ جیاوازی بەكارهێناوە و زۆربەی مێژوونووسانی هاوچەرخیش لەبیرو بڕوادان كە ئەخمینییەكان لەباری فەرهەنگییەوە لێكچوونێكی زۆریان لە مادەكان بووە و بە زمانێكیتر ئیرسبەری ئەوان بووگن و بۆیە فەرهەنگی ئیران لە سەردەمی پاشایەتی ئەم دوو دەسەڵاتە "ماد و پارس" یەكجا لێكۆڵدەرێتەوە، ئیستا كە بۆ وەدەسهێنانی مێژوویی دروستی سەرەتای ساڵ لەكن كوردەكان بەتایبەت "یارسانی" كە بە ئاشكرا سەرەتای زستان یان چلەشی تێدا پێناسە دەكریت، ئەبێ سەیری تیكستی كۆنی "سەرەنجام" و رووداوی "مەرنو"ی باسكراو تییدا بكەین.

هەروەها كە گوترا روودانی "مەرنۆ" بەهۆی هێرشی قەومی "چیچەك" یان هەمان سوپای "هولاكوو" بۆ ناوچەی بڵاوبوونەوەی یارسانی بووە كە سەبارەت بەوە لە "جامع‌التواریخ"دا هاتووە: "لەشكر لە رێگای كرماشان و حلوان رەوانە كرا... و لێنەوە هاتنە كێوەكانی كوردەواری" لە27 ئەو مانگە لە كرماشان ترووڵی فەرموو و قەتڵ و تاڵانی كرد. هەوەها سەبارەت بە هاوكاری جەماعتێك لە كوردەكان لەگەڵ سوپای هولاكوو كە دەفتەری سەرەنجام لەوە وەك یەككرتنی برادەرانی سوڵتان ئیسحاق "خدر، سڵامەت و قادر" لەگەڵ سوپای هولاكوو ناودەبات. عەباس ئیقباڵ لە مێژووی مەنگوولدا هاوردوویە كە: جەماعەتێك لە كوردەكان لەگەڵ مەنگوولەكان هاودەستیان كرد و بەرەو بەغداد رێكەوتن. بەهەرحاڵ، بەپیی ئەو تیكستانەی كە لە "جامع‌التواریخ" و "تاریخ مغول"ی "عەباس ئیقباڵ [ئاشتیانی] و هەروەها "روچە الصفا"ی "میرخواند"... هاتووە، ئەم هێرشە لە ساڵی 655 كۆچی مانگی رووی داوە. بەم پیی-یە كە هەلاكوو لە یەكەمی رەبیعوالئاخری ساڵی655 كۆچی مانگی هاوكات لەگەڵ18ئاپریلی 1257زایینی بەنییەتی هێرش كردنە سەر بەغدا چووە تەبریز و لەویوە رووی كردە هەمەدان و ئیلچییەكانی هەنارده لای موعتەسەمی عەباسی. نووسەری "جامع التواریخ"یش نووسیوەیەتی كە

هولاكووخان له 9رەبیعولئاخری سالّی655 کۆچی گەیشتە "دینەوەر" بەنییەتی کرانەوەی بەغداد و لە دینەوەرەوە دیسانەوە گەراوە هەمەدان و پاشان لە 12 رەجەبی هەمان سالّ و هەروەها لە 10 رەمەزانی 665کۆچی هاتە هەمەدان و پەیکی نارده کن خەلیفە و داوای لێکرد خوی بدا بەدەستەوە...
هولاکوو دوای رۆیشتن لە کرماشان و هەمەدان لە زیلحەجەی سالّی 655 کۆچی "دیسامبری 1257زایینی" سوپای قیامەت نیشانی فەوج فەوج نارده بارگاه و ئالّای هەلّکرد و لە 11 موحەرەمی سالّ656 کۆچی لە سووچی رۆژهەلّاتەوە هێرشی کردە سەر پایتەختی عەباسییەکان و دەوری شاری گرت... دەورە کردنی بەغداد لە سیشەممە 22محەرەمی656 کۆچی دەستی پێکرد و تا کۆتاییەکانی ئەو مانگەی خایاند. سەرەنجام موعتەسەم لە رۆژی یەکشەممە 4 سەفەری 656 کۆچی لەگەلّ سێ هەزار کەس لە سەید و ئیمام و قازی و گەورە و ئەعیانی بەغداد، شاریان بەجێهێشت و زنجیرەی عەباسیان بەم جۆرە کۆتایی پێهات. لێرەوە وادیارە لەشکەری هولاکوو لە بەرواری یەکی زیلحەجەی655 گەیشتوتە نزیکی بەغداد و لەبەر ئەوەی ماوەی دەورە کردن و شەڕی نێوان موعتەسەم و هولاکوو 50رۆژی تەواوی خایاند و بەغدا لە سەرەتاکانی مانگی سەفەری 655 کۆچی داگیرکرا دەتوانین بلّیین رووداوی مەڕنو لەم مانگەدا "ژی القعدهی655کۆچی" کەوتووە کە بەپیی حیساباتی گاژمێر و رەوەندی دابەزینی ئەو، دەتوانین بەم بڕوایە بگەین کە ئەم مێژووە راستەیان نە و لەگەلّ ئەوەی کە کەلامی سەرەنجام نیشانەگەلێکی بۆ بەرێوەبردنی ئەم جێژنە "مەڕنو" تێدایە وەك هاوکات بوونی دوازدەهەم لە مانگی کۆچی لە چلەی کوردی هەتاوی - کە سەرەتاکەی لە بورجی عەقرەب "دوومارەکۆلّ" لە کۆتایی شوولەیان chomlekدایە هاوخوانی هەیە یان نە. کە بەم شێوە حسیبی دەکەین:
سەرەتا بەرواری 655/11/1 یان هەمان مێژووی زیقەعدە دەکەینە هەتاوی تا بزانین ئەم سالّە هاوکات لەگەلّ هیچ رۆژێك لە سالّی هەتاویە

655−1= 654
654÷ 354/367+119+296 =232171
232171×365/2422 =635
635÷ 365/2422 =231928
231928−232171=243
24330=8
636/9/3

پس ئەمانبێت 655/11/1 کۆچی هاوکات لەگەلّ 636/9/3

ئیستا ئەبیٚ دوازدە لە ئەم مانگە "ژی الحجه" بەپیی کەلامی سەرەنجام کە سەرەتای رۆژووی مەڕنویە حسیب بکەین تا بزانین ئایاکوو بەو بەروارە لە چلەی کوردیدا دەگەین یان نە. ئیستا 655/11/12 کۆچی مانگی حسیب دەکەین تا بزانین چە رۆژێك دەدا بە دەستەوە

655−1=654

654×354/3679+119+307=2321182

232182÷ 635/2422=635

635×365/2422=231928

231928−232182=254

25430=8

636/9/14

ئیستا رۆشن دەبێتەوە کە 12 زی الحجە655کۆچی مانگی هاوکاتە لەگەڵ 636/9/14 کۆچی هەتاوی کە لەم رۆژانەدا، سولّتان ئیسحاق و یارانی ئەو لە ئەشکەوتی مەڕنو رۆژووەوان بووگن. ئیستا ئەم بەروارە یەعنی 655/11/12 کۆچی مانگی، یەك مانگ دەبەینە دواوە تا بزانین ئایاکوو دوازدەهەم لە مانگی پێشتر لەو لە چلەی کوردی هەتاویدا دەگرسێتەوە یان نە کە ئەڵبەت مەحاڵە لەبەر ئەوەی کە هەبوونی سوپای هولاکوو لە ناوچەی هەورامان لە بەرواری 655/10/12 کۆچی مانگی دوور لە عەقڵ دەنوێنیت بەڵام حسیبی دەکەین تا بزانین چ بەروارێك وەدەست دەکەویٚ

655−1=654

654×354/367+119+278=232153

232153÷ 365/2422=635

635×635/2422=231928

231928−232153 =225

225÷ 30=7

636/8/15

کە ئەم بەروارە واتە 8/15 راست دەنوێنی و بەم پییە هەر دوو بەرواری وەدەس هاتوو یەعنی 636/8/15 هەتاوی و هەروەها 636/9/14 هەتاوی کە هاوکاتە لەگەڵ 12 لە مانگ لە ساڵی 655 کۆچی مانگی راستە و لە چلەی کوردی گەرمەسیردایە و لەگەڵ ئەو شتەی لە کەلامی سەرەنجامدا یادی لێکراوە وەك هەبوون و دەسپێکی چلە لە کۆتاییەکانی مانگی عەقرەب "دوومارەکۆڵ یان ئابان" بەواتا ژەهری ئەو "شوولە" کە لە رۆژەکانی 17 و 18 و19 لە هەمان مانگ دایە بەتەواوی دەخوینیت

کەوابوو بەپیی حیساباتی ئەستێرەناسانە روون کراوە کە سەرەتای چلە یا زمستان لای کوردی یارسانی لە سەردەمی سوڵتان ئیسحاق، لە پازدەی مانگ بەرەو ئەم لایە و ئەم بابەتە بە تەواوی رۆشن کرایەوە کە سەرەتای زستان پێش لە 15ئابان "خەزەڵوەر" نەبوە و نابێت. ئێستا کە ئەبیت مێژووییەکی دروستتر لە سەرەتای زستان بەدەستەوە بدرێت لەبەر ئەوەی کە بە حسیبی رۆژانی دوازدە لە مانگەلی جیاوازدا، دو بەروار بەدەست دێت کە بەبی حیساب کردن و دەقیق بوونەوە لە باسەکەدا ناتوانین بە راشکاوی یەکێك لەوانە هەڵبژێرین چونکە هەردووی ئەوانە لەنێو چلەی زستانی دان. کەوابوو تا ئێرە روون کرایەوە کە سەرەتای زستان لەلای کوردەکان، لە15 ئابانی هەتاوی بەرەو ئەم لایە بەڵام هێشتا بەرواری دەقیقیمان دەست نیشان نەکردووە.

ئیستا بۆ بەدەست هاوردنی بەرواریکی دەقیقتر لە رێگای حسیب کردنی روو لەخوار، درێژە بەحسیباتی خۆمان دەدەین بەواتا ئەبێ ساڵ بە ساڵ بگەرەینەوە دواوە تا چۆنییەتی خولقاندنی ئەم گاژمێرە یەعنی سەرەتای ساڵ لە15 بورجی دەلو "رێبەندان یان بەهمەن" بەدوا پەیدا بکەین و ئەم کارە پیویستی بە چوونە نێو مێژوو و گەران بەدوای گێردراوەکانی مێژووە تا جێگە پایەکی بە سووفە و هاوشێوە لەم رووداوە بدۆزینەوە.

بەروانین بۆ کتێبگەلی مێژوویی و گاژمێری و راپۆرتی مێژوونووسان سەبارەت بە رۆژمێرەکانی یەزدگردی و شەمسی و مانگی و... دەگەینە ئەم ئاکامە کە هەروەها پێشتر باسمان کرد باشترین و لەبەرچاوترین گاژمێر لەکن کوردەکان، گاژمێری ئاریایی ـ یەزدگردی بووە و بەڵگەگەلێکی وەدەست هاتووە کە سەرەتای ساڵ لە بورجی سەرەتان "تیر، پووشیەر یان شێرپەنجە" بووە و کەلامی سەرەنجامیش ئاماژە بەم تەوەرە دەکات کە بابایادگار لە زۆڵاڵ زۆڵاڵ، بەندی 28 دەفەرموی:

جام بیناما جەم بییەن نەمهیر/ بنیامین ئافتاو ماوەرۆ وە تیر

و لەو جیگاوە کە ساڵی یەزدگردی ساڵێکی 365 رۆژەیە و 2422٪ رۆژ یان بە زمانێکیتر 5 ساعەت و 48 خولەك و 46 چرکەسات کەمتر لە ساڵی راستەقینە یا لێکچوویی "اعتدالی"یە، بۆیە بە هەمان دەلیل، جیاوازییەك لە حدوودی چوار ساڵ و یەك رۆژ لە ساڵی لێکچوویی "اعتدالی" کەوتووتە بەرەو و بەرهەمەکەی وایە کە لە ساڵی سەرەتایی مێژوویی یەزدگردی بەواتا ساڵی 11 کۆچی یەعنی سیشەممە یەکەمی یەزدگردی هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای هاوینی 11 کۆچی هەتاوی و 22 ربیع‌الاول 11 کۆچی مانگی کە بەهۆی هەمان جیاوازی نێوان درێژەی ساڵی راستەقینە لەگەڵ ساڵی یەزدگردی، تەرتیبی وەرزەکان دەشوییەت و جەماوەر بۆ دانیماڵیات تووشیاری کێشە و گێچەڵ دەبن کە ئەمە ئەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ رەوشمەند کردنی رۆژمێری خەراجی. رۆژمێری خەراجی هەر بەوجۆرەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا شرۆڤەی کرا، هۆکارێك بوو بۆ هاوتەریب کردنی خەراج ئەستاندن لەگەڵ دروینەی بەرهەمی کشت و کاڵی و ئەم تەوەرە لە سەدەی سیهەمی کۆچی و لە سەردەمی "متوکل عباسی" خولقاوە بەشێوازێك کە لە "نەورۆزنامە"دا هاتووە: "متوکل"

وەزیرێکی بەنێوی "محمدبن عبدالملك" بوو کە بە خەلیفەی وت: کاتی ئەستاندنی خەراج بەجۆرێك ناریکە کە لەکاتی درۆینەی بەرهەم دوورە و وەرزیر تووشی مەینەت دەکات بەڵام رەسمی پاشایانی عەجەم وابوو کە کەبیسەیان زیدە کرد تا ساڵ بێتە جێگای خوی و خەڵکان دووچاری کێشە نەبن تا بتوانن خەراج لە کاتی خوی‌دا بدەن.

"متوکل" وتە وەزیری خوی قبووڵ کرد و فەرمانی بە زیدەکردنی کەبیسەدا و هەتاویان لە "سەرەتان" بەرەو "خاکەلێوە" هێنایەوە و خەڵکان دیسان کەوتنەوە راحەتی و ئاسایش. هەروەها "ابوریحان بیرونی" دەڵیت: لە سەردەمی خەلیفەگەری "متوکل" "247ـ232 کۆچی"، خەلیفە کەوتە بیر چارەکردنی کێشەی وەرزی خەراج و بە پێشنیاری مووبدی زەردەشتی و با هاوکاری "ابراهیم بن عباس صولی" حسیباتاتی ئەستێرەناسیان کرد و لە ئاکامدا "متوکل" لە موحەررەمی ساڵ243 کۆچی مانگی، نەورۆزی خستە هەفدەی مانگ کە ئەم حسیبە بەشێوەی خوارەو کرا:

243−1=242

"242×354/367"+1=85758

85758+119=85877

85877÷ 365/2422=235

235×365/2422=85832

85832−85877=45

لێرەدا ئەمانبێت 236/2/14 هەتاوی هاوکات لەگەڵ 234/1/1 کۆچی مانگی کە ئەگەر ساڵی 236 کۆچی هەتاوی لە هەمان سەرەتای ساڵ یەعنی 236/1/1حسیب بکەین و بیکەینە یەزدگردی، ئەبێ بەشێوەی خواروو ئیش بکەین:

236−1=235

"235×365/2422"+1=85833

85833−3742=82091

82091×365=224

224×365=81760

81760−82091=331

331÷ 30=11

کە دایە 331 رۆژ لە ساڵی یەزدگردی هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای 236 هەتاوی کە بە حسیب کردنی "پەنجە" لە کۆتایی ئابان، 331 رۆژ لەم ساڵە هاوکات ئەبێت لەگەڵ 225/11/26 بۆیە نەورۆزی ساڵ 236 هەتاوی هاوکاتە لەگەڵ 225/11/26 یەزدگردی یەعنی 26دەلو کە هاوکاتە لەگەڵ

242/11/17 مانگی و هاوکات لەگەڵ 857/3/17زایینی و 1168/6/17 ئەسکەندەری کە بەم شێوە مەبەستی ئەبووریحان از بردنی 11نەورۆز بۆ 17 روون دەبێتەوە کە لەوکاتەدا نەورۆزیان بردە 17مانگی ئازاری ئەسکەندەری.

ئەگەر بۆ ئەم سەرەتا و حیسابە لەو کاتەدا یەعنی 225یەزدگردی، بەڵگە و نووسراویەك بەدەستەوە نییە و روونیش نییە کە ئایاکوو لەو سەردەمەدا، وەها حسیب و کتێبێك لەبەردەستدا بووە یان نە، بەڵام بەهۆی دووپات بوونەوەی ئەم رەسمە لەنێوان خەڵکی کوردستان و بەربڵاوبوونەوەی، دەتوانین بگەینە ئەو ئاکامە کە جێژنی ئەورۆز لە 26مانگی دەلودا گیراوە و هەموو ساڵانیش دووپات بووەتەوە.

هەروەها بەپیی گیرانەوەی نووسەری نەورۆزنامە، دوای هەرەس هێنانی ئەخمینییەکان و هێرشی ئەسکەندەر بۆ ئیران، کەبیسەی120ساڵە لە ئیراندا ئیجرا نەدەبوو و ئەم کارە تا رۆژگاری ئەردەشیری بابەکان بەردەوام بوو و دوای وی، ئەنووشیروانی دادپەروەر، دوای تەواو کردنی بینای هەیوانی مەداین، نەورۆز و ریی و رەسمی ئەوی بەجێگا هاورد بەڵام کەبیسەی بۆ نەکرد و گوتی: ئەم ریی و رەسمە بەجێگا دەمینیتەوە تا سەردەور کە هەتاو دێتە سەرەتای سەرەتان تا ئەو ئیشارەتە کە کەیوومەرس و جەمشید کردیان لەنێو بچێت. ئەمەی فەرموو و ئیتر کەبیسەی بۆ ساڵ نەکرد تا رۆژگاری "مأمون"ی خەلیفە.

ئەو فەرمووی تا هەسارەکانیان پرس کرد و هەر ساڵێك کە هەتاو هاتە "حەمل" نەورۆزی فەرموو و زیجی "مأمون"ی سەری هەڵدا و هێشتا لەو زەیجە رۆژمێر دەکەن تا رۆژگاری "المتوکل بالله".

درگاژمێری و مێژوودانان‌دا، ئەم پرسە وا راڤەی بۆ دەکرێ کە لە گاژمێری سریانی، مانگی شوبات، مانگی کەبیسەیە و ئەم مانگە هاوکاتە لەگەڵ مانگی ئابانی پارسی. کەوایە گاژمێری سەلووکی و جوو، وەك گاژمێری پارسییەکان چەند مانگی رەوانی بی کەبیسەی بووە بەڵام دوای ئەمری "هارون الرشید" بۆ کەبیسە کردن، مانگی شوبات وەك مانگیکی کەبیسە لەجێگای خویدا سەقامی گرتووە.

و بەم شێوەیە کوردەکان 26رێبەندان یا شوباتیان بۆ خویان لەم کاتە لە ساڵدا سابیت نیگاهێشت و ئەو مانگەیان وەك سەرەتای ساڵ لای خویان رێزدانا کە ئەم بابەتە بەهۆی ئاڵوگۆری تایبەتی ناوچەیی لە یەکی رێبەندان "دەلو" تا 26هەمان مانگ گۆرانکاری بەسەردا هاتووە و هەروەها کە پێشتر باسی کرا بەشێك لە ناوچەکانی کوردستان سەرەتای ئەم مانگە، بەشێکیتر پێنجەم، پانزدەهەم و بیست و دووهەم و لە کۆتاییدا بیست و پێنجەم لە مانگ وەك سەری ساڵ دادەنین کە بە حسیب کردنی ئەستێرەناسی، رۆژی دەقیقی ئەو دەست نیشان کراو ئەوە بەپیی ساڵی راستەقینەی لێکچوویی "اعتدالی" یەعنی 365/2422 لەم رۆژەدا سابیت نیگا ئیرن کە ئەم جوری حسیب کردنە بەواتا سەری ساڵ لە 26رێبەندان یا دەلو لای کوردان درێژەی ئەبێ تا ساڵی 1304هەتاوی وەدەرکردنی یاسای نویی لێژنەی نەتەوەیی ئیران.

له ڕۆژمێری نوێدا "پەنجە" حسیب ناکەن و شەش مانگی سەرەتای ساڵ، 31ڕۆژە دادەنین و پێنج مانگی دواتر 30ڕۆژە و مانگی ڕەشەمە 29ڕۆژە کە بەم حسیبە ساڵ دەبێتە هەمان بەڵام بەو جیاوازییەوە کە 26 ڕێبەندانی یەزدگردی کە لەجێگای خویدا قایم بووە دەگویزرێتەوە بۆ 25 هەتاوی نوی 1304 و ساڵانی دواتر. شێوازەکەشی وایە کە مانگەکان پێش لە 1304 سی ڕۆژە بوون زیدە لەگەڵ پەنجە لە کۆتایی مانگی ئابان "خەزەڵوەر" کە 26 ڕێبەندان ئەبێتە 331ڕۆژ لە ساڵ کە دوای1304 و زیدە کردنی پەنجە بە شەش مانگی سەرەتای ساڵ، هەمان26ڕێبەندانیش، ئەبێتە 331 ڕۆژ لە ساڵ بەڵام بەو جیاوازییەوە کە دەگویزریتەوە بۆ 25ڕێبەندان.

"الغبیگ"یش لە زەیجەکەی خویدا هاوردوویە کە:... و هەوتەمی شوبات، دابەزینی "جەمەرەی یەکەمە" و چواردەهەم، دابەزینی "جەمەرەی دووهەم" و بیست و یەکەم، دابەزینی "جەمەرەی سیهەم" و "جمار" هەمان سی پش نییە و لەدوای ئەو، شکاندنی سەرمای زستانە و بیست و شەشەمی شوبات، سەرەتای ڕۆژانی "عەجووزە" و بریتیییە لە هەفت ڕۆژان...

بەڵام دەربارەی حسیبات و دانانی پینجە لە ڕۆژمێر و گاژمێری کوردیدا کە هێشتا ئەم پێنج ڕۆژە لای کوردەکان بەحسیب دێت و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەکۆتایی ساڵدا هەر وەك گاژمێری جەلالی لەکۆتایی ڕەشەمەدا حسیبی بۆ دەکەن و هەر چوارساڵ، یەك ڕۆژ بەنێوی کەبیسە بەساڵ زیدە دەکەن کە لەو ساڵەدا، پەنجە دەبێتە "شەش ڕۆژی"

ئیستا بەبۆنەی پێناسەکردنی سەری ساڵ لەکن کوردەکان بەتایبەت کوردە یارسانییەکان لە25ڕێبەندانی هەتاوی و بەدوای ئەودا، دەسپیکی وەرزی زستان کە وەك چلە ناوی لێدەبری، لە 25ئابان "خەزەڵوەر، عەقرەب"، دەتوانین بەرواری دروستی ڕۆژانی مەڕنو لە سەردەمی سوڵتان ئیسحاق حسیب بکەین کە نیشان دەدات ڕۆژەکانی 12 و13و14 لە مانگی "زیقعدە" لە ساڵی655 کۆچی هاوکاتە لەگەڵ 14و15و16 سەرماوەزی ساڵ 636 هەتاوی کە سوڵتان ئیسحاق و یارانی ئەو بەڕۆژوو بووگن. و لە ڕۆژی 15 لە مانگی "زیقعدە" هاوکات لەگەڵ 17سەرماوەزی هەمان ساڵ جێژنی "خاوەندکاریان" گرتووە کە ئەگەر بمانەوێت ڕۆژەکەی دیاری بکەین ئەبێ بە شێوازی خوارۆ عەمەڵ بکەین

636−1=635

635÷365/2422=231928

231928+257=232185

23218537=33169

33169÷7=232183

232183−232185=2

2=شەممە

کەوایــە شــەممە 636/9/17 هــەتاوی هاوکــات دەبێــت لەگــەڵ 665/11/15 مــانگی و "جێــژنی خاوەندکاری" لەکن سولڵتان ئیسحاق و یارانی لە ئەشکەوتی مەڕنو کە سەرەتاکەی هاوکاتە لەگەڵ رۆژی چوار شەممە کە لەم رۆژەدا سوپای هولاکوو لە هەورامانەوە بەرەو بەغداد رۆیشتووە.

ئیستا دوای روون کردنەوەی بەرواری دەفیقی سالڵژمێری کوردی گەرمەسێر بەپیی تیکستی کۆنی یارسان و لێکۆڵینەوەی مەیدانی پیوەندیدار بەم گاژمێرییەوە و هەروەها ئاهەنگ گیرانی جێژنەکانی خاوەندکاری "مەڕنو" لای ئەمان، دەگەینە جێژنێکیتر کە پێشتر باسی کرا و پێناسەی گاژمێرێکیتر لە کوردستاندا دەکات. "جێژنی یاران" یان هەمان "رۆژانی قۆلتاسی" کە یارسانییەکان ئەبێ سی رۆژی دیکە رۆژووی بۆ بگرن و لە سالڵژمێری کوردی کویستان رووی داوە و ئیمە رووبەرووی جێژنێکیتر دەکاتەوە کە جیاوازە لە جێژنی خاوەندکاری "مەڕنو". سولڵتان ئیسحاق دەربارەی رۆژەی قولڵتاس بە "داوود" یەکێك لە یارانی نزیکی خوی دەفەرموی:

نەی چلە و زمسان، نەی چلە و زمسان/ داوود رۆچە شان نەی چلە و زمسان

نییە تشان نە چواردە و مانگ بۆنی ئحسان/ چەهڤدە و مانگی بکەرا چەپ دەسان

عەیدشان پەی تۆ بوونی سەرمەسان/ نییەت و رۆچەشان پەی قەوەڵتاسان

"قووشچی اوغلی"ش دەربارەی رۆژووی یاری دەفەرموی:

گلون گلون ای یارنلر پادشاهدان کرم اولـدی/قولطاس یارنلرینه اولی شاهدان نظر اولدی/ قدر اوروجون درک ایلمز یتمیش ایـکی ملت/ طعنــه چکــن یــارنلره حقــدن بیلــه بــرات اولدی/اوروج آیی پرچله ده شروع اولور اون بشینده دو چلة زمستاندور/ هر آی کـه او نیلـه توش اولدی قولطاسه میچه اولدی اوچ گون/ اوروج پادشاهدان اون سکیزده بایرامی یارستانه رواج اولـدی

سـولڵتان ئیسـحاق لـەم کەلامـەدا بـە پێچـەوانەی وتـەی پێشـتری خـوی کـە دەربـارەی رۆژانـی مـەڕنوی فەرمووگیە: "نەی چلە و تاسان" لێرەدا دەفەرمویت: "نەی چلە و زمسان". و ئـەم وتەیـە ئێمـە ئەباتـە لووتکەی باسەکەمان کە هەمان لێکچوویی وەهاری "اعتدال ربیعی"یە کە هەتاو لە بورجی حەملدا قەرار دەگریَ. ئێستا ئیمە ئەگەر یەکەمی خاکەلێوەی هەتاوی هاوکات لەگەڵ 21مارچی زایینی و سەری سـاڵ کوردی کویستان بزانین و پەنجەش وەك گاژمێری کوردی گەرمەسێر بەحسیب بێرین، بـەم شـێوەیە چـلە لەم گاژمێرەدا لە 25سەرماوەز دەست پێدەکات و تا25 رێبەندان درێژەی ئەبێت و رۆژانی قولڵتاس ئەبیَ از یەکەمین پازدەهەمی مانگی لە چلەدا بەجیَ بێت. هەروەها قووشچی ئووغلی دەربارەی سـاتە وەخـتی رۆژووی قولڵتاس فەرمایش دەکات:

تا پانزدە چەماوە ـ نە دلی چلی/ یری روی یاران هەنا ئاما وە دلیَ

مەڕنووا سولڵتان قەوەڵتاس ئیبرام/ نە دەورەی بەغداد یاری دان سەقام

یـان لـەم بـارەوە سـولڵتان ئیسـحاق لـە سـەردەمی بەرزەنجـە و لـەنێو مـەڕنودا سـەبارەت بـە رۆژووی خاوەندکاری و ئاماژە بە رۆژووی قولڵتاس لە داهاتوودا دەفەرمویت:

چا قەوەڵتاسیان وەرگـرنان چــرا/هەم ئي رِيازەتە چـــەي مەرِە نريا/
رِاي قەوەڵتاسيم مـوَ هەم بوَ وە را/بدەري پێشـــــان ئي روَزە وەي را

و لە جێگایەکیتردا فەرمایشت دەکات:

مەرِنومان نیاوە هــەم قەوەڵتاسي / تاســـــم ئاســـمانا خەزرام قياسي

ڕۆژووی قوڵتاسـیان بەعەشـقی میرئەسـکەندەر و یـارانی قوڵتـاس در وینـینی یارسـانیدا بنیـات نـاوە. ڕووداوەکەشی بەم جۆرەیە کە یارانی قوڵتاس دوای ئەوەی کە لە میانەی سەردەمی یەکەمی پردیوەر بۆ سەرسپاردن دێنە پردیوەر، لە دیهاتی "درەشـیش" نیشـتەجێ ئـەبن و لـیرەوە حەقایـەتی "درەشـیش" پەیدا دەبێ.[1]

دوای ئەوە سولڵتان ئیسحاق بەیارانی قوڵتاس ئەمر دەکات تا بگەڕێنەوە ماڵی خویان و یـاری هەوتـەمیان بدۆزنـەوە و ئانجـا بگەرێنـەوە. گەڕانـەوەی ئـەوان لـە سـەردەمی دووهـەمی پردیـوەر و لـە دەورانـی شاوەیسقولیدا ڕوودەدات. کاتێك دەگەنە ناوچەی هەورامان، تووشـی بـەفرو بـوران دەبـن و ئـەبن بـەژێر بەفرەوە بەڵام دوای سی شەورۆژ بەئیزنی خودای تەعالا نەجاتیان دەبێ. خوشی ئەم رزگار بوونە ئەبێتە هۆی ئەوی کە یارسانییەکان سی ڕۆژیتر سـەرەڕای ڕۆژانـی مـەڕنو بـە جێژنـەکانی خویـان زیـدە بکـەن.

بنیامین دەفەرموی:

میردان بنێشدي ئەر بيَ دهـــووي/قەوەڵتاسمان نیبیا چە فەرق شـــاهووي/چە عشق یاران

وێنەي مـــەرنووي/مەرنو قەوەڵتاس گێلیانا پەي سەرمووي

تاوسان پا زمسان بافتەن ئەو پووي/چللە زمسانا بــــــيَ شەکـــو شووي[1]

شاوەیسقولی بەیاران دەفـەرموی کـە لەبـەر ئـەوەی کـە میرئەسـکەندەر لـە زەمـەنی درەشـیشدا خـوی بـەجێگای یـاران قوربـانی کـرد و بـووە هـۆی رزگـار بـوونی یـارانی قوڵتـاس، بۆیـە خزمـەت کردنـی میرئەسکەندەریش لـە ڕۆژانـی قوڵتـاسدا واجیـب دەکـرێ کـە هـەردووی ئەمانـە یـەعنی قوربـانی بـوونی میرئەسکەندەر و ڕووداوی قوڵتاس لەیەك سەردەمی زەمەنیدا پێش دێن.

لـە "تـژکرە اعـلى" و ئـەوەی کـە ڕەوایـەت دەکرێتـەوە و هـەروەها بـەپیی وتـەی "سـەید محەمـەد کەلاردەشتی" کە "مینۆرسکی" وتەکانی ئەو دەقاودەق نەقڵ دەکاتەوە، لە خانەدانی تاتـەش بـەگی لـە گرتنی ڕۆژووەکانی یاری پارێز دەکەن کە گویا ئەمە بە ئەمری خان ئاتەش ناگرێت. بەڵام شتەکە وا نییە لەبەر ئەوەی کە دوای لێبوردنی یارانی قوڵتاس، سولڵتان بەوان ئەمر دەکات کە ئیوەش هەریەك مانگەکە ڕۆژگ بەگرن. عەرز دەکەن: بەقوربانت! ئیمە ئەهلی حەقین بۆچی ڕۆژگ بگرین؟ "مەبەسـت یـەك مـانگ ڕۆژووە" کەرەمدار دەفەرموێت: ئەگر ئەهلی حەق ببواین تووشی شك و گومان نەدەبوون... کـە کـاپیرە "پیربنیامین" شفاعەت خوازیان بۆ دەکاو لییان خـۆش دەبێـت. ئـەوجار دەفرموێت کـە هـەرکات باسـی مەرجی تۆ "پیربنیامین" راست برۆن ڕۆژوویان پێ حەرام دەکەم..."مەبەست یەك مانگ ڕۆژووە نەك ئەو ڕۆژانەی کە لە ئایینی یارسانیدا واجب کراوە".

---

2- سرانجام دورة قولتاس بند 16

بەڵام رۆژوو لە ئایینی یارسانیدا بەم شێوە تەفسیر دەکرێ کە مرۆڤی رۆژووەوان بۆ دەسەڵات پیدا کردن بەسەر خۆیو پەروردە کردنی ئیرادەو نەفسی خۆی دەست ئەداتە خۆناسین و لەواقیعدا بەروانینی بۆ دەروونی خوی بەشێوازی پاکردنەوەی خوی لەدەروونەوە، بەخۆناسین بەشێوەی کۆیی "تەواو بۆنی تاکایەتی" دەگات.

هەروەها گرتنی رۆژوو، فەرمان بردن لە ئەمری ئایینی و کەلامییە و بەیارانی ئەهلی حەق فەرمان دراوە کە گرتنی رۆژوو فەرزەو نافەرمانی کردن لە هەریەك لادان لە فەرمانی ئایینیە.

کاتی گرتنی ئەم دوو رۆژووە "هەریەك سی رۆژ" کە چلەی زمسانی کوردی دایەو بەپیێ رۆژمێری باو لە کوردستاندا لەکۆنەو تا ئیستا بەردەوام بووەو بۆ دۆزینەوەی دەقیقی بەرێوەچوونی ئەم جێژنانە "خاوەندکاری و یاران" ئەبێ لە کەلامو ئیشارەگەلی پیوەندیدارو زانستی ئەستێرەناسی و گاژمێری کۆن و نوێ کەڵك وەر بگرێت.

ئەڵبەت ئەبێ بەڵێین کە بۆ بەرێوە بردنی جێژن و رۆژی یاری، تەنیا رۆژمێرو گاژمێری هەسارەناسی ناوێ لەبەرچاو بگرێت بەڵکوو ئەبێ مانگ و کاتی دەرکەوتنیشی لەبەرچاو بگیردرێت لەبەر ئەوەی کە گەرانی مانگ لە درێژەی ساڵ بە تەقریب354/367 یەعنی 354رۆژو 8سەعات و48خولەك و34/67چرکەسات کە ماوەی گەرانی شێوە ڕاگویزانە مانگ بەدەوری زەوییەوە دەبێتە 29رۆژو12سەعات و 44خولەك و2/8چرکەسات.بۆیە ساڵی مانگی بەنیسبەت ساڵی هەتاوی 10 تا12رۆژ کورتتر دەبێت.2

گاژمێری مانگی بە دوو شێوەیە: ئەستێرەیی یان نێوە نجی حەقیقی. لە گاژمێری ئەستێرەییدا مانگەکان یەك لەبەین یەکدا 30 رۆژ و باقی 29رۆژیان هەیە کە لە ساڵانی کەبیسەدا مانگە "ژی الحجە" 30 رۆژە. لە گاژمێری مانگی حەقیقیدا رۆژی یەکەمی هەرمانگ بە دیتنی مانگ یان لە رۆی حسیب کردنی بینینی مانگی نوێ دەست نیشان دەکرێ. مانگەکان بەجێگای ئەوەی کە یەك لەبەین یەکدا 30 رۆژ یان 29رۆژ بن گریمانەی ئەوە دەکرێ کاتێك بێ چوارمانگ پشت سەر یەك سی رۆژ "مانگی تەواو" یان سێ مانگ لەدوای یەك 29رۆژ مانگی ناتەواو بن.

بۆیە ئیتر نگاهێشتنی حسیبی کەبیسە، بایەخێکی نامینی و گاژمێری بەشێوەی سروشتی و بەپیی دیتنی مانگی نوێ حیساب دەکرێ کە یارسانییەکان ئەبێ گاژمێری مانگی نیوە نجی حەقیقی بەکار بەهێنن.

کەوایە ئەگەر25رێبەندانی هەتاوی هاوکات بێ لەگەڵ 14فیبریوری زایینی و بە سەرەتای ساڵی کوردی گەرمسیر وای بنین. "کە بۆ پێناسەکردنی ئەبێ هەرساڵ تەماشای رۆژمێری هەتاوی دەزگای فەرمی ژئوفیزیکی ئیران بکەین و هەروەها بۆ حیساباتی پیوەندیدار لەگەڵ ساڵەکانی کەبیسە و خەمسەکە، ساڵ تییدا دەبێتە شەش رۆژ" و هەر مانگێك لە ساڵی کوردی30رۆژ حیساب بکەین و زیدە بەوەش 5رۆژی خەمسە، ئەوسا کە سەرەتای زمستانی کوردی گەرمەسیر، هاوکات دەبێت لەگەڵ25ئابان "خەزەڵوەر"ی هەتاوی یان 16 نوامبری زایینی کە ئەبێ بەسەرنجدان بە هەڵهاتنی مانگی یەکەمین دوازدەهەم لە مانگی "مانگ دلی راس" لە چلەی کوردی، رۆژەی خاوەندکاری بگیریت و لە پازدەی

مانگیشدا جێژنی خاوەندکاری بەجێگە بێنن. ئانجا لە گاژمێری کوردی کویستاندا کە سەری ساڵ، هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای بۆرجی حەمل و 21مارچی زایینی و بەزیدەکردنی پەنجە لە کۆتایی رەشەمەی هەتاوی، رۆژی 25سەرماوەز دەبێتە سەرەتای چلە یا زمسانی کوردی کە دوای هەڵهاتنی مانگی یەکەم پازدەهەمی لەم چلەدا، رۆژانی قولتاس دەست پێدەکات و رۆژی هەژدەهەم لە مانگ دەبێتە "جێژنی یاران".

مێژووی بەرزەنجە و سەیدەکانی بەرزنجی لەکاتی نیشتەجێ بوونی سەید مووسا و سەید عیسا لەو شوێنەدا دەست پێدەکات و سەبارەت بە بەرزەنجەی پێش لە نیشتەجێ بوونی ئەو دوو کەسایەتییە لەو شوێنەدا، هیچ زانیارییەکمان بەدەستەوە نییە.

موحەممەد عەلی سوڵتانی بنەمای وشەی بەرزەنجە دەگەڕێنێتەوە بۆ وشەکانی بەرزینە، بەرزیکانی، بازڕەنگی و بەرزەنگی کە ئەویش ناوی هۆزێکی دەسەڵاتدار بووە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای باشووری ئێران و حکومەتێکی بەناوی "حەسنەنوییە" پێکهێنابوو، بەڵام گوایە دوای تێکچوونی حکوومەتەکەیان ڕوویان کردووەتە ئەو شوێنەی کە دواتر بەهۆی نیشتەجێ بوونی ئەوانەوە بە بەرزەنجە ناوبانگی دەرکردووە[1].

دەفتەری سەرئەنجامیش ئاماژە بە کەسایەتییێك بە ناوی "شێخ خالیدی کاژاوی" دەکات کە یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی "سەید موحەممەد ئەبوولوەفا تاجولعارفین" بووە. بەڵام بە پێی سەرئەنجام بەرزەنجە لەلایەن شێخ مووسا و شێخ عیساوە ئاوەدان دەکرێتەوە.

بەهەرحاڵ، سەید مووسا و سەید عیسا، دوای کوچی دوایی باوکیان و بۆ بەجێ هێنانی حەج، ڕوودەکەنە وڵاتی حیجاز و حەج بە جێ دەهێنن و دوای زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر لە کاتی گەڕانەوە بۆ هەمەدان، دەگەنە بەرزەنجە و بە هۆی سروشتی جوان و هەوای خۆشی دەڤەرەکەوە، ماوەیەك لە بەرزەنجە دەمێننەوە. دەگێڕنەوە کە شێخ مووسا لە خەوندا دەگاتە خزمەتی پێغەمبەر و ئەو زاتە پیرۆزە پێی دەڵێ: لە بەرزەنجە بمێنەوە و مەگەڕێوە بۆ هەمەدان. هەروەها شوێنی دروستکردنی مزگەوتێکی بۆ دەستنیشان دەکا. ڕۆژی دواتر سەید مووسا و سەید عیسا بۆ دۆزینەوەی شوێنی مزگەوتەکە و دروستکردنی هاوپەیمان دەبن و دوای دروستکردنی مزگەوتەکە لەوێ نیشتەجێ دەبن و هەڵدەستن بە فێرکاری ئایینی و پەروەردەی خوازیاران و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکانی زۆرتر ڕوویان تێدەکا و موریدەکانیان زێدەتر دەبێ.

شێخ عیسا و شێخ مووسا لە لایەن "شێخ خالیدی کاژاوی" یەوە پێشوازییان لێدەکرێت و کچەکەی خۆی دەدات بە شێخ عیسا و شێخ عیسا لەو ژنەی دەبێتە خاوەنی 12 کوڕ کە ناوەکانیان بەم جۆرەیە: سەید عەبدوولکەریم، سەید بایەزید، سەید حسەین، سەید حەسەن، سەید موحەممەد صادق، سەید موحەممەد، سەید عەباس، شێخ کەماڵ، سەید و ساڵ، میرسوور. شێخ جەماڵ و سوڵتان ئیسحاق "سەهاك" جەنابی مودەڕیسی و هەروەها عەبدولقادر موحەممەدیش لە کتێبی "بحر الانساب" و نامیلکەی "بەرزەنجە"دا ژمارەی کوڕەکانی شێخ عیسای لە فاتمەی کچی خالید بە 12 داناوە و سوڵتان سەهاکیشی بەیەکێك لەوان لە قەڵەم دراوە. ئەمە لە حاڵێك دایە کە سوڵتان سەهاك لە ژنێکی تری سەید عیسا بەناوی "خاتوون دایراك"ە و بە وردی لە سەرئەنجامدا باسی کراوە. هەورەها برایەکی بچکۆڵەشی بەناوی

---

[1]– قیام و نهضت علویان زاگروس، ص: 70.

"ئەریف" هەبووە کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا وەفات دەکات. بەڵام لە دەفتەری سەرئەنجامدا تـەنیا نـاوی سێ کەس لە براکانی سوڵتان سەهاك، ئەویش بـە نازنـاوی خـدر و قـادر و سـەلامەت، بـردراوە. ئەڵبـەت گومانی ئەوە دەکرێت کە ئەم سێ کەسە تـەنیا نـاوی ئەوانـە بـن کـە دوژمنایـەتی سـوڵتانیان کـردووە و نەیاری ڕێبازەکەی بووبێتن. ئەڵبەت پێویستە ئاماژە بکرێت کە لە سەرچاوەکانی تریش دا، بە تایبەت لە "تزکرە"کان دا هیچ ئاماژەیەك بە براکـانی تـری نـەکراوەو زۆربـەی سـەیدەکانی یارسـانیش ڕەچـەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر براکانی سوڵتان سەهاك. کەواتە گومان لەوەدا هەیە کە بە ڕاستی 12 برای هەبوو بێت.

دەگێڕنـەوە لـە کـاتی دروسـتکردنی مزگەوتەکـەدا، لـە پشـت ئـەو شـوێنە دەستنیشـان کـراوەدا، چـەند دەوارێکی پێکهێنـراو بـە "قـامیش"ی لێبـوو کـە پێـی دەگـوترا "زنـج" یـا "زەنـج" و هـەر بـەم بۆنـەوە مزگەوتەکە و ئەوماڵانـەی دواتـر لـەو شـوێنەدا دروسـتکران بـە "بەرزەنجـە" یـا "بەرزەنجـە" ناوبـانگی دەرکرد[1]. "ئەبو سعوودی" موفتی ئیستانبول لە کتێبی "روچە الجنـان"دا نووسـیویەتی: شـێخ عیسـا و شێخ مووسا لە وڵاتانی تریشدا ناوبانگیـان دەرکـرد و دەسـتە دەسـتە خـەڵکی موسـڵمان بـۆ ئاگـابوون و پـەیڕەوکردنی ڕێبازەکـەیان دەچـوونە خزمـەتیان. لـەو سـەردەمەدا کەسـێك بـە نـاوی "مسـتەفا خـانی نەسیری" لەلایەن دەوڵەتەوە دەسەڵاتداری ناوچەی شاربازێڕ بووە، خەبـەری پێـدرا کـەوا دوو نەفـەر لـە سادات هاتوونەتە ناوچەکە و خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردوون و ئەگەر ئەم ڕووتێکردن و پەیڕەوی کردنـە بەردەوام بێ، مەترسی ئەوە هەیە کە هەموو ناوچەکە بگرنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

مستەفا خانیش بۆ کوشتنیان چوار پیاوی وەڕێ خست. هەر لەو سات و کاتەدا، پێغەمبـەر دێتـە خـەوی سەید مووسا و دەفەرموێ: کوڕەکەم کاتی ئەوە هاتووە کە تـۆ شـەهید بکـەن و بێیتـەوە بـۆ لای خـۆم. ڕۆژی دواتر سەید مووسا خەوەکەی بۆ سەید عیسا دەگێڕێتەوە. لە ئەنجامدا ئەو چـوار پیـاوکوژە سـەید مووسا شەهید دەکەن[2].

---

1– ئەدموندز ئەم ڕووداوە بە شێوەی خوارەوە دەگێڕێتەوە: دەگوترێ دانەری بنەماڵەی بەرزنجە کەسێك بووە بە ناوی (عیسا نوور بەخش) کوڕی (بابا عەلی هەمەدانی) و برازای شاعیری بەناوبانگ (بابا تاهیری عوریان). بەپێی زانیارییەکان، عیسا نووربەخش سەیدێك بووە لە بنەماڵەی ئیمامی هەشتەمی شیعە (ئیمام مووسا کازم) و دەگوترێ سەید عیسا لەگەڵ براکەی (سەید مووسا) بۆ زیارەتی حەج ڕوویان کردۆتە مەککە و مەدینە و هەر لە شاری مەدینەدا لە خەونێکی هاوبەشدا پێیان دەگوترێ لە ڕێگادا (بەردێکی ڕەش)یان بەرچاودەکەوێ کە دەبێ ئەو بەردە هەڵگرن و لەگەڵ خۆیاندا ببەن تا دواتر پێیان بگوترێ لە چ شوێنێکدا نیشتەجێ بن و مزگەوتێك ئاوەدان بکەنەوە. بەم شێوە دەگەنە بەرزنجە و بۆ ماندوویی دەرکردن دەچنە ژێر سێبەری دەواری (زنجی) شوانێك و خەویان لێدەکەوێ و ئەمریان پێدەکرێ لەو شوێنەدا مزگەوتێك دروستبکەن و بەردەڕەشەکەشی تێدا بەکاربهێنن. بینای ئەم مزگەوتە تا ئێستاش هەر ماوەتەوە و مێژووی ئاوەدانکردنەوەی بۆ ساڵی (656)ی کۆچی دەگەڕێتەوە. بڕوانە: کردها، ترکها، عربها...

2– محەممەد ڕەئووف تەوەکولی لەم بارەوە نووسیویەتی: سەید مووسا دوای نیشتەجێ بوون لە بەرزنجە و هێنانی خوشکی حاجی شێخ خالید، بۆ چالاکی ئایینی و ئاگاکردنەوەی خەڵك، ڕووی کردۆتە ناحیەی ئاغجەلەر و لەوێ شەهیدکراوە و جەنازەکەی هێنراوەتەوە بۆ بەرزنجە و منداڵی لێنەماوەتەوە. بڕوانە: تاریخ تصوف در کردستان. ئەمانە لە حاڵێکدایە کە ئەم ڕووداوە لە کەلامی دەورەی بەرزنجەدا بە شێوەیکی تر باسکراوە.

شێخ داوود وتوویەتی حەوت ساڵ لە خزمەت شێخ عیسادا بووم، زۆرکات ئاگاداربووم کە شێخ عیسا دوای نوێژی شەو، تاکوو بەربەیان، دوعا و عیبادەتی دەکرد و نوێژی بەیانیانی بە دەسنوێژی شەو دەخویند. زۆر خواترس و سەبارەت بە ماڵی دنیا بێ مەیل بوو و هەموو کاتی خۆی بۆ ڕەزامەندی خوا تەرخان کردبوو، دەیفەرموو: خوا بە پێغەمبەری فەرمووە: "لِیَغفِرَ لَكَ اللهُ ما تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَ ما تَأَخَّر" پێغەمبەر ڕۆژی حەفتا جار داوای مەغفەرەتی لە خوا دەکرد.

هەروەها دەیفەرموو: گشت گوناهەکان هەرچەندە بچووك بن، بەگەورە بزانن، گشت چاکییەکانی خۆتان بە بچووك دابنێن، هەر چەندە گەورە و گرینگ بن.

هەروەها دەیفەرموو: بۆ ماوەی ساڵێك لە خەڵك دووریم کرد و بەتەنیایی لە سەر کێوی "کاژاوە" دوعام کرد تا گەیشتمە خزمەتی حەزرەتی "خدر" کە فەرمووی: "یا أبا عَبدالکریم، اُحِبُّكَ اللهُ وَ عامِلُكَ بالّلُطفِ الجمیل، وَ کانَ لَكَ صاحبا فی المقام وَ الرحیل". هەروەها دەیفەرموو: ڕۆژێك گوێم لە بانگێك بوو کە دەیگوت: ئەگەر ئارەزووی ئێمەت هەیە دەبێ هەموو تەمەنت بە بەندەیی ئێمە بە سەربەریی و لە غەیری ئێمە دووربی و دەیفەرموو: "ئیمام ئەو کەسە نییە کە سنوورەکانی ئیلاهی ببەزێنێت، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە هەموو گرفت و ناخۆشییەکان تەحەمول بکا و هەرگیز ڕەزای خوا لە بیرنەکا، هەتاکوو ئەگەر پەیڕەوکەرانێکی زۆر کەمیشی هەبێت".

هەروەها دەیفەرموو: هەر کەس کە بە بەردەوامی بە شوێن ماڵی دنیاوە بێ، تووشی تەمبەڵی و سەرلێشێواوی و بێ حورمەتی دەبێ، هەر کەس کە خۆی بەشتێکی بێ بەهاوە برازێنێتەوە، ئەو کەسە بۆ دنیا باشە.

هەروەها دەیفەرموو: گەورەترین و سوودبەخشترین زانست و زانیاری، بەندەیی خودا و خوداپەرستییە.

هەروەها دەیفەرموو: گەورەترین شتێك کە نرخ و بەها بە مرۆڤ دەبەخشێ، زانست و زانینە و باشترین دەسکەوتی زانستیش، کرداری چاکەیە.

"ئەبو سعوودی" ڕۆژێك لێی دەپرسێ: هۆی جوانی چاوەکانت چییە؟ دەفەرموێ: گەیشتمە خزمەتی حەزرەت و چاوەکانمی ماچکرد، ئەو جوانییە لە ڕووناکی لێوی ئەوە.

شێخ هیدایەتی حەسەن ئاوایی دەیفەرموو: زۆرجار بە چاوی خۆم دیتم کە شێخ کۆڵە ئاردی بۆ ماڵە هەتیو و دەستکورتەکان دەبرد و چەندین جار ئاگام لێبوو کە بارەداری بۆ ماڵی هەژاران دەبرد.

شێخ عیسا کەسایەتییەکی زانا و تێگەیشتوو بوو قانوونی ژیانی ڕۆژانەی بەم شێوە بۆ خۆی دانابوو: پاش نیوەڕۆ وانەی دەوتەوە و موسوڵمانانی ئامۆژگاری و ئیرشاد دەکرد، ئێواران قورئانی دەخوێند و شەوانەش لە کونجێکی تایبەتدا بە زیکر و عیبادەتی دەکرد. تەواوی ژیانی بەم شێوە بردە سەر و هیچ کات خودای فەرامۆش نەدەکرد.ئەم شیعرە لەلایەن شێخ عیساوە گوتراوە:

| | |
|---|---|
| کائنات است جسم، ما جانیم | واصلان را دلیل و برهانیم |
| خــــاتمی اولیای دور قـــمر | وارپ فقر شاه مـــردانیم |

| | |
|---|---|
| گــرچه مرغان عشق بسیارند | هــــمچو عنقا امیر ایشانیم |
| میهر جـــامعیم جمله کــون | هرچه بود است هست مـا انیم |
| گرچه در ملك عشق عالم فقر | بر ســـریر شهود سلتانیم |
| نـــوربخشیم بر همه عـــالم | بر سپهر کــــمال تابانیم |
| هر که بیناست، دیده است که من | عیسی مریم ال عـــمرانیم |

"شێخ مەعرووفی نەودەهی"ش ئەم چەند دێڕەی لە وەسفی شێخ عیسادا داناوە:

| | |
|---|---|
| الشیخُ عیسی قطبُ اَهلِ عَصرِهِ | وَ واحـــدی وَقتِهِ وَ دَهــرِهِ |
| أوَلُ مَـــن أقامَ فـــــی "بَرزَنجِهَ" | یُـــرشِدٌ بالــــحجةَ للمُحَجِةِ |

***

| | |
|---|---|
| لا بِنی مسجِدِها اِذ قَد أمَّرَ | بِذاكَ فی المنام سَیدُ البَشَرَ |
| قَصرُ عَـــن جانِبی الجِدار | جُــذعُ فَمَره بِــأذنِ الباری |

شێخ عیسی بەرزەنجی لە تەمەنی کالمیری دا لە لایەن دەروێشەکانییەوە کە مەلایەکەتی دەرگای بـوون، هان دەدرێت بۆ بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ "خاتوون دایـراك"ی کچـی حەسـەن بـەگی جلـد کـە یەکێك بووە لە گەورەپیاوانی ناوچەکە و ئەم پەیمانە دەبەسترێت و بەرهەمەکەی لە دایکبوونی "سوڵتان سەهاکی بەرزەنجی"یە.

چۆنییەتی ئەم ڕووداوە لە دەفتەری سەرئەنجام باسی کـراوە. ئەڵبـەت پێویسـتە بگوترێـت ئـەم ڕووداوە لەلای ئەهلی حەق زۆر گرینگ نییـە، چـونکە سـەرهەلدانی زات بـەپێی مەشـییەت و خواسـتی خوداوەنـد ڕوودەدات و هەر کەسێك بەپێی کرداری چاکەی خۆی پلە و پایە وەردەگرێت.

سوڵتان سەهاك لای یارسانەکان وەك سەرەتاو دەستپێك پێناسە دەکرێت و "هەفتوانـە" کوڕەکـانی ئـەو زاتەن و سەروەری خۆیان بەهۆی پەیوەستبوون بەوەوە وەردەگرن.بەم شێوە کـە گشـت ئـەو کەسـانەی کە لە یارسان دا بە سەید دەناسرێن، دەبـێ بـە ڕەچـەڵەك بچنەوە سـەر یـەکێك لـە منالـەکانی سـوڵتان سەهاك "هەفتەوانە".

سـەبارەت بەڕەچـەڵەکی شـێخ عیسـا، بـەپێی ئـەو زانیاریانـەی کـە لـە تێکسـتە کۆنـەکانی یارسـان و "تزکـرە"کانـدا وە دەسـتمان کـەوتووە، دەتـوانین بڵـێین "بابـا نـاوس سـەرکەتی" دوای پـەردەگرتنی بەیارەکانی دەفەرموێ: دوای من نیشانەکانی دەرکەوتن و شوێنم لە "پیرالی موردینی" بپرسن.

بەپێی کەلامی سەرئەنجام پیرالی یەکێکی لە نەوەکانی بابا عەلی هەمەدانی کە لە "مـوردین"دا نیشـتەجێ بووە و نیشانەی دەرکەوتنی سەرلەنوێی بابا ناوس لە کوڕە مامەکەی خۆیدا ڕەچاو دەکـات و بـە یـارانی ڕادەگەینێت.

ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە جگە لە شێخ عیسا و شێخ مووسا كەسانێكی تریش لە مناڵەكانی بابا عەلی لە ناوچەی كوردستان دا نیشتەجێ بوون. پیر قابلی سەرمەرقەندی دەفەرموێ:

شام نە حشمەتەن ڕەحمش نە دلی پادشام بارگەش وەست چە یانەی باولی

هەروەها لە كەلامی دەورەی خەزانەدا نووسراوە:

ئەو باولیان.... پادشام پەیدا بی ئەو باولیان

چە ئێمە پەیغامی ئەو باولیان هەفتەش كە لوا نامشان نیان

بەڵام بە هۆی هەبوونی چەند كەسایەتی هاوناوی بابا عەلی هەمەدانییەوە بۆچوونی جیاواز لە ناو لێكۆڵەران دا پەیدا بوە.

"مۆدەریسی" و هەندێ لە لێكۆڵەران، "بابا عەلی هەمەدانی" و "سەید عەلی هەمەدانی" ناسراو بە "عەلی پانی" شای هەمەدان، "ئەمیر كەبیر" "714 كۆچی" شاگردی تقی الدین اخی علی دوستی" 734 كۆچی" بە یەك نەفەر دەزانن، كە دواتر واتە لە ساڵی "766"ی كۆچی گەیشتۆتە خزمەتی "شێخ شرف الدین محمود مزقانی ڕازی"، خاوەن كتێبگەلی: ژخیرە الملوك، مرێت التائبین، مشارب الاژواق، اوراد فتحیە، سیر الگالبین، ژكریە، مكتوبات امیریە، عقلیە، شرح، فصوح الحكم، اسرار النقگە و... كە شوێن و كاتی وەفاتیان بەمجۆرە نووسیوە: گۆڕەكەی لە ختلان "كولاب"ـە و لە ساڵی "786"ی كۆچی دوایی كردووە. بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەك دا باسی نەوەكانی نەكراوە و ئەگەر بەكورتی باسی نەوەكانی كرابێ: ناوی "شێخ عیسی" و "شێخ مووسی" نەبراوە. بەڵام سەبارەت بە "بابا عەلی یەكەم" كە دەگوترێ "گومەزی عەلەویان" لە شاری هەمەدان شوێن گۆڕی ئەوە، "محیگ گباگبایی" بە پشتبەستن بە زانیارییەكانی پروفیسۆر "پۆپ" و پروفیسۆر مینۆرسكی، ئەم گومەزە بە بەشێك لە بیناكانی سەدەی شەشەمی كۆچی، سەردەمی سەلاجقەكان دادەنێ، لەم بارەوە نووسیویەتی: گومانی تێدانییە كە ئەم گومەزە گۆڕی بنەماڵەی عەلەوییەكانی هەمەدانە كە "ڕاوەندی" بە "تربە اسلاف سادات" ناوی لێبردووە [1].

پێویستە بگوترێ گومەزی عەلەویان گرینگترین و بەناوبانگترین شوێنەواری مێژوویی– ئیسلامی شاری هەمەدانە كە لە كۆتایی سەردەمی سەلجووقییەكاندا دروستكراوە و لە بواری شێوازی تەلارسازی و ڕووكاری بیناكەوە، لە بینای "گونبەدی سووری مەراغە" دەچێ كە لە ساڵی "542"ی كۆچی دروست كراوە [2].

ئەڵبەت نابێ لە بیربكرێ كە هاوكات لەگەڵ "بابا عەلی هەمەدانی"دا چەند كەسێك لە زانایانی ئایینی هەر بە ناوی "سەید عەلی هەمەدانی"یەوە لەو شارە ژیاون، كە دەتوانین بە "عەلی ئەبی بەكر بن حەمیر

---

1– گنبد علویان، محیط طباطبایی، مجله آموزش و پرورش ص: 36.

2– تاریخ مفصل همدان، ج یك، احمد صابری همدانی، ص: 195.

یەمەنی هەمەدانی" ئاماژە بکەین کە بە نازناوی "سیراجەدین ئەبولحەسەن" ناسراوە و خاوەنی کتێبی "الزلازل و الاشراگ"ـه و لە ساڵی "557"ی کۆچی دوایی کردووە[1].

بەهەرحاڵ لێکچوویی ناوی چەندین کەسایەتی ئەو سەردەمە کە هەر هەمووشیان نیشتەجێی شاری هەمەدان بوون، بووەتە هۆی ئاڵۆزی و وای کردووە کە نەتوانرێ لێك جیابکرێنەوە و لە ناویان دا "بابا عەلی هەمەدانی" بناسرێت. ئەم ئاڵۆزییە لە لێکۆڵینەوەکانی زۆربەی لێکۆڵەرانیش دا ڕەنگی داوەتەوە و ساخکردنەوەی بۆ نەکراوە. وێڕای ئەمانە، زۆربەی لێکۆڵەران "سەید محەممەدی نوربەخش" موریدی خواجە ئیسحاقی خەتلانی "795– 868 کۆچی" کە خیرقەی بە سەید عەلی هەمەدانی بەخشیوە و بە دەستی خۆی کردوویەتە بەری، بە کوڕی سەید عەلی دەزانن و "شێخ عیسا"ش بە "نووربەخشی" دەزانن. هەروەها مامۆستا "عەلی ئەسغەری حیکمەت" لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گۆڕە بەناوبانگەکەی هەمەدان، گۆڕی سەید عەلی ناوێکە کە لە ڕاستی دا پەیڕەوی ڕێبازی "نووربەخشییە" و بە "شای ڕەشپۆش" ناوبانگی دەرکردووە و دواتر گۆڕەکەی بووەتە چلەخانەی میرسەید عەلی دووهەم[2].

ئەڵبەت گومان لەوەدا نییە کە "سەید میر عەلی نوور بەخش" چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووە و لەلایەن خەڵکان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە بە گەرمی پێشوازی لێکراوە و پەیڕەوی ڕێبازەکەی بوون. هەروەها لە سەر ناوی ئەو کەسایەتیە ئایینییە دراویان دەرکردووە و خوتبەیان بە ناوی ئەو خویندووە[3]. بەڵام ئەوەی کە "نووربەخش" بە نەوەی "بابا عەلی هەمەدانی"، یا بە برای شێخ عیسا و شێخ مووسا دابنێن، هیچ بنەمایکی ڕاستی نییە. بەڵام لە کەلامەکانی دەورەی بەرزەنجە و پێش لە سەرهەلدانی سوڵتان سەهاك، ناوی چەندین بنەماڵەی "سادات" براوە کە محەممەد مەردۆخی کوردستانی سێ بنەماڵەیان بە نەوەی بابا عەلی هەمەدانی، دادەنێ. بنەماڵەکان بریتین لە:

1. سەیدەکانی "سەلاوات ئاوا" کە بە سەیدەکانی "نمان" ناوبانگیان دەرکردووە و بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر "مەلا ئیبراهیم" ناوێك کە گۆڕەکەی لە ئاوایی سەلاوات ئاوایە.
2. بنەماڵەی شێخ ئەحمەد ناسراو بە "شێخ ڕەش" کە گۆڕەکەی لە ئاوایی "نایسەر"ە.
3. مەلا میرزای چۆڕی کە باپیری بەشێك لە سەیدەکانی چۆڕە. مەردۆخ ئەم سێ بنەماڵە سەیدەی "نمان، نایسەر، چۆڕ" لەگەڵ سەیدەکان "ساداتی"ی بەرزەنجە بە نەوەی بابا عەلی هەمەدانی

1– مجمع المؤمنین، ج ع، ص: 44 و مرآت الجنان یافی، ج 3، ص: 239. هەروەها دوو کەسایەتی تریش هەر بەناوی (سەید عەلی) لە هەمەدان هەبوون کە ئەمانەن (علی ابن الحسن همدانی) ناسراو بە (این فاکهی ابوالفضل) کە لە ساڵی (447)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە و (علی ابن حسین بن احمد بن حسن بن قاسم بن حسن بن علی همدانی) ناسراو بە (فلکی) کە لە ساڵی (427)دا کۆچی دوایی کردووە و خاوەنی چەندین بەرهەم بووە.

2– از همدان تا کشمیر، علی اصغر حکمت، ماهنامه یغما ص: 343.

3- مجالس المؤمنین، قاضی نورالله شوشتري، ج دوم، ص: 146.

داناوه. ساداتی "پەنجە"ش کە بە نەوەی "شا زەڕین کەمەر" ناوبانگیان دەرکردووە، بە بەشێك لە ساداتی بەرزەنجە دەزانێت[1].

ئەڵبەت جیا لە بەرەی بابا عەلی هەمەدانی، ساداتی تریش ڕوویان کردۆتە کوردستان و لەم ناوچەدا نیشتەجێ بوون، کە هەندێکیان بریتین لە: ساداتی "شێخولئیسلامی" کە بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ "سید حەمزە کوڕی ئیمام عەلی موسی الرزا"، ساداتی "کلجی" کە دەچنەوە سەر "شێخ سالّح"، ساداتی "پیرخزران" سەید موحەممەد "ڤهیرالدین"[2]، ساداتی "باینچوب" کە دەگەڕێنەوە سەر شێخ ئەحمەدی باینچوب کوڕی ئەمیر مەحموودی سەبزەواری کە ئەوانیش لە بەرەی پیر خزرن.

هەروەها ساداتی "پاوە" و "شالّی شل" و "پارسانیان" و "قارەوا" و "تاوەگۆزی" کە بنچینەی هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ پیر خزری پیر شاهۆ. ساداتی "خور خورە" و "دەرەشێخان" کە بەرەی "شێخ شوکرە"ن. ساداتی "سەفا خانە" کە ئەوانیش بەرەی "پیر خزر"ن و ساداتی "چۆڕ"، بەرەی "مەلا ئەبوبەکر"ن، هەروەها ساداتی "خانەقای پاوە" کە بە بەرەی "سەید حەمزە" و "عەلی عەزیزی" کوڕی "ئیمامی جەعفەر" دەژمێردرێن و ساداتی "تۆدار" و ساداتی "کاکۆ زەکەریا".

بەڵام سەبارەت بە ساداتی بەرزەنجە و بە سەرهاتیان، پێویستە بگوترێ: بەداخەوە گشت لێکۆڵەران و بە سەرهاتنووسان و هەموو نووسەرانی بواری "انساب السادات" تا بۆیان کراوە و توانایان هەبووە، ناو و بە سەرهاتی ئەم بنەماڵەیان ون و ئاڵۆز کردووە. تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین بە بەراورد لەگەڵ گرینگی ڕۆڵی ئەم بنەماڵە لە مێژووی ناوچەکەدا، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان لە سەر تۆمار نەکراوە.

لە کتێبی "الحدائق الندیە"دا سەبارەت بە سەید یوسف نووسراوە: سەید یووسف لە ساڵی "440"ی کۆچیدا لە دایکبووە و هەر لە منداڵییەوە گەورەیی و کەماڵی دەروونی پێوە دیار بووە. دواتر ئەم پیاوە گەورەیە لە هەمەدانەوە بەرەو بەغداد سەفەر دەکات و دوای تەواوکردنی زانستی "حدیپ" و شەرع و زانستە ئایینیەکانی تر، لەلای "علامە ئەبو ئیسحاقی شیرازی" بەرەو ئیسفەهان وەڕێ دەکەوێ و لە گەڵ شێخ "حەسەنی سمنانی" و "شێخ عەبدوڵڵای جەوینی"دا دەچنە خزمەت "شێخ ئەبو عەلی فارمدی نەقشبەندی" و دەرسی تەریقەتی لێ وەردەگرن و خیرقەی ئیرشادی دەدرێتێ. دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەمەدان.

دەگێڕنەوە لەو کاتەدا، کە لە شاری هەمەدان سەرقاڵی ڕێنومایی و رینوینی خەڵك بووە، ڕۆژێك لە سەر جۆگە ئاوێك دادەنیشێ و دوای ماوەیەکی کەم دەفەرموێ: فەرمانم پێدراوە بۆ ڕێنوینی خەڵك بڕۆم بۆ وڵاتی میسر و دەستبەجێ وەڕێ دەکەوێ و ڕوودەکاتە میسر و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەوێ نیشتەجێ

---

1– تاریخ مردوخ، ج دوم، ص: 31. ئەڵبەت لە کەلامی سەرئەنجامدا کوڕەکانی بابا عەلی بەم شێوە ناوبراون: شێخ مووسا، شێخ عیسا، شیخ باقی، شێخ بالانتران، شێخ قودرەت و شێخ ئیمان، کە هەموویان لە کاتی هەرزەکاری سوڵتان سەهاکدا وەفات دەکەن.

2- پیر خضر شاهۆ.

دەبێ. دوای ئەوە، ڕوودەکاتە شاری "مەککە" و سێ ساڵیش لەوێ دەمێنێتەوە. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ شاری بەغداد.

پاش ئەوەیکە سەید یووسف لەشاری "مەرۋ" نیشتەجێ بوو هات بۆ "هەرات" و ماوەیەك لەوێ مایەوە. بەڵام خەڵکی مەرۋ لێی پاڕانەوە کە بگەڕێتەوە، بۆیە گەڕایەوە دیسان هاتەوە بۆ هەرات و لەکاتی گەڕانەوە بۆ مرۋ لەناو ڕێگادا لە "شەهووز" ساڵی535ی کۆچی مانگی مرد. ئەو شەجەرەیە کە شێخ مەعرووف نەودهی بۆ شێخ عیسا باوکی سوڵتان ئیسحاق هێناویە و جەنابی مودەڕسیش پشت ڕاستی کردوة بەم شێوەیە: سیدعیسی ابن باباعلی همدانی ابن سیدیوسف ابن سیدمنصور ابن سیدعبدالعزیز ابن سیدعبدالله ابن سیداسماعیل ابن موسی کاظم[2] ...

---

1− دەگێڕنەوە لەو کاتەدا کە سەید یووسف لە بەغداد بوو، (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) و (ئەبو سەعیدی تەمیمی) و (ئیبن سەقا)یش لەو شارە بوون. ئەم سێ زانا بڕیاریان دا بچن بۆ لای سەید یووسف و چاویان پێی بکەوێ. ئیبن سەقا گوتی: من پرسیارێك لە سەید یوسف دەپرسم کە نەتوانێ وەڵامی بداتەوە. ئەبو سەعید گوتی: من زۆر پێم خۆشە ببمە خاوەنی سەروەت و سامان، کەوابوو داوای لێدەکەم دوعایەکم بۆ بکات تاکوو بگەمە ئارەزووی خۆم. شێخ عەبدولقادریش فەرمووی: تەنیا مەبەست و ئارەزووم لەم دیدارە ئەوەیە کە سەید یوسف دوعای خێرم بۆ بکا. هەر سێکیان گەیشتنە خزمەتی سەید یوسف. سەید یوسف بە ئیبن سەقای فەرموو: ئەو پرسیارەی کە لە مێشکت دایە ئەمەیە و وەڵامەکەشی ئەوەیە. بەڵام ئاگاداربە کە تۆ بە کافری دەمری. دوای ئەوە بە ئەبو سەعیدی فەرموو: تۆیش دەگەیتە ئاوات و ئارەزووی خۆت. بەشێخ عەبدولقادری فەرموو: تۆ وەرە پێشەوە. شێخ عەبدولقادر لێی نزیك دەبێتەوە، سەید یووسف چاوەکانی ماچ دەکا و پێی دەڵێ: مژدەت پێدەدەم کە تۆ دەبیتە ساحێری زەمەنی خۆت و پلەوپایەت بەرزدەبێتەوە و ئیسلامەکان کەڵکت لێ وەردەگرن.

زۆری پێنەچوو ئیبن سەقا بەفەرمانی خەلیفەی عەباسی بۆ ئەنجامی ئەرکێك ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرا، کە چوو بۆ لای پاشای گاورەکان، چاوی بە کچەکەی پاشا کەوت و دڵی لێچوو، کچەکە بەو مەرجە شووی پێکرد کە واز لە ئیسلام بهێنێت، ئەویش چووە سەر ئایینی کچەکە و دوای ماوەیەك بە کافری مرد. ئەبو سەعیدیش بوو بە بەرپرسی مەوقووفاتی شام و سەروەت و سامانی زۆری پێکهێنا. شێخ عەبدولقادری گەیلانی پلەوپایەی بەرزبۆوە و لە هەموو وڵاتە ئیسلامیەکاندا ناوبانگی دەرکرد.

3− ئیمام ئیسماعیلی موحەدیس لە ساڵی (162) کۆچی لە بەغداد لە دایکبووە و لای باوکی واتە ئیمام مووسای کازم زانستی (حدیث) و زانستە ئایینیەکانی تر دەخوێنێ و بۆ ماوەیەکیش لەخزمەتی شێخ مەعرووف کەرخیدا دەبێت، لە ساڵی (230) کۆچی واتە لە تەمەنی (68) ساڵی دا کوچی دوایی دەکات و لە تەنیشت گۆڕی باوکی دەنێژرێت. ئیمام ئیسماعیل کوڕێکی بووە بەناوی عەبدوڵڵا کە جێگەی باوکی گرتۆتەوە . عەبدوڵڵا، وێڕای ئەو زانستانەی لە باوکییەوە وەری گرتووە، لای (سید الطائفتین جنیدی) لە بەغداد، درێژەی بە خوێندن و فێر بوونی زانستی خۆی داوە. عەبدوڵڵا لە ساڵی (302) کۆچی دا لە بەغداد کوچی دوایی دەکات و کوڕەکەی ڕێ و شوێنی باوکی دەگرێتەوە و بۆ چالاکی ئایینی ڕوودەکاتە وڵاتی خوڕاسان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران. ئەویش لە دوای چالاکییەکی زۆر، بۆ پەرەسەندنی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەدا، لە ساڵی (410)ی کۆچیدا وەفات دەکات و کوڕەکەی (محەممەد مەنسوور) جێگەی دەگرێتەوە.

دەگێڕنەوە ئەو پیاوە ئایینییە، شەوی بۆ سێ بەش تەرخان کردووە: بەشێکی بۆ نووسین، بەشێکی بۆ نوێژ و بەشێکی بۆ خوێندنەوەی قورئان. (محەممەد مەنسوور) دوای ماوەیەك بەغداد بەجێ دەهێڵێت و ڕوودەکاتە وڵاتی عەجەم و لە شاری (مەرۋ) کە کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، نیشتەجێ دەبێ. دواتر دەچێتە شاری (هەمەدان) و هەر لەوێ نیشتەجێ دەبێ.

محەممەد مەنسور دوو کوڕی دەبێ بە ناوەکانی (سەید یووسف) و (سەید عەبدوڵڵا). سەید عەبدوڵڵا لە هەمەدانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد و دوای تەواوکردنی زانستی (حدیث) و شیکردنەوەی قورئان، بۆ چالاکی ئایینی ڕوودەکاتە ناوچەی (جبل حمرین) و لەو ناوچەدا نیشتەجێ دەبێت، کە تائێستاش نەوەکانی هەر ماونەتەوە و بە (بەنی مەنسوور) دەناسرێن . بەڵام (سەید یووسف) لای باوکی، لە هەمەدان دەمێنێتەوە و دوای باوکی جێگەی دەگرێتەوە.

البتـه شـجرة ديگـري از سـادات برزنجـه نيـز در دسـت مـي باشـد كـه سـال ولادت سـلطان اسـحاق را بـه 580 هجري مي‌رساند كـه بـه اين شـكل مي‌باشـد: سـلطان اسـحاق ابـن سـيد عيسي ابن سيد علي ابن سيد يوسف ابن سيد علي ابن سيد حسين ابن سيد يوسف ابـن سـيد علي ابن سيد حسين ابن سيد جعفر ابن سيد موسي كاظم... و يـا در كتـاب تـحفةالأزهـار و زلالالأنهـار سلسـله نسـب شـيخ عيسـی برزنجـه‌ای را اينچنـين عنـوان كـرده اسـت: اسماعيل← عبدالله← عبدالعزيز← منصور← يوسف← عبدالكريم← بايزيد← حسين← عيسی← عبدالسيد← قلندراً← عبدالرسول و ...

هەڵبەت شەجەرەیەکی دیکە لە ساداتی بەرزەنجە لەبەردەستدایە کە سـاڵی لـەدایك بـوونی سـوڵتان ئیسحاق بۆ580ی کۆچی دیاری دەکا و بەم شێوەیە سوڵتان ئیسحاق کوڕی سەید عیسا کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید یووسف کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید حسێن کوڕی سەید جەعفەر کـوڕی سـەید مووسای کازم... و یان لە کتێبی توحفەتولئەزهار و زەلالولئەنهار سیلسیلەی رەچەڵەکی شێخ عیسـا بەرزەنجی بەم شێوە باسی لێکراوە: ئیسماعیل– عەبدوڵڵا– عەبدول عەزیز– مەنسـوور– یووسـف– عەبدول کەریم– بایەزیز– حسێن– عیسا– عەبدول سـەید– قەلەنـدەرەن– عەبـدول رەسـووڵ و... کەوا دەبینرێ بە دووای سەید یووسف دەبووایە بابـە عـەلی هەمـەدانیو پاشـان شـێخ عیسـا جێیـان بگرتاھ کە حەزف کراوە پاشان منداڵانی شێخ عیسا نـاو بـراون و بـە پـێ ئـەو نووسـراوەیە لـە سـەر ئایینی شافیعی لە قەڵەم دروان کە چی لەم کتێبەدا رەچەڵەکیان بۆ ئیبراهیمی مورتـەزا گێڕاوەتـەوە بۆ ئیسماعیل. هەروەها لە کتێبی شەجەرەتولموبارەکە لاپەڕەی 89 کە باسی نەوەکانی ئیسـماعیل کوڕی مووسای کازم دەکاو نووسراوەکە هیچ یـەك لـە منـداڵانی جـەنابیان بـۆ ئێـران نـەهاتوون و یـا شەجەرەیەکی دیکە لە بنەماڵەی ئاتەش بەگ نەقل کراوە و بەم شێوەیە:

سەید محەمـەد بـەیگ، سـەید وەیـس قـولی، سـەید سـوڵتان، سـەید عیسـا، سـەید قەنبـەر، سـەید نوورئەلدین، سەید سەدرەددین، سەید بەدرەددین، سەید ئەبی لعەباس، سەید عیسا، سەید حسـێن، سەید زەید، ئیمام زەنیۆلعابدین... هەروەها ئاماژە بۆ چەندین مێژووی دیکە بـۆ رۆژی لـەدایکبوونی سوڵتان ئیسحاق کراوە، "445–558ك،کاردایی"، "612–912ك، حـاجی نعمـەتوڵڵا مـوکری"، "528–... ك، سـدیق سـەفیزادە"، "716–...ك،محەممەدعـەلی سـوڵتانی"، "647–...ك،سـەیدخەلیل عـالی‌نـەژاد"، "650تـا670–830ك،گوڵمـوراد مـورادی". ئایـەتوڵڵا مـەردۆخی کوردستانی دەڵێ: سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسا بەرزەنجی کە لە سـەدەکانی حـەوت و هەشـت ژیاوە موتم الاشباله و لە نەوەکانی ئیمام زەینۆلعابەدینە و لە کێوێك هەر بـەم نـاوە ون بـووە و هـیچ نیشانە و شوێنەوارێکیان لـێ نەدۆزیەتـەوە. بـەڵام لەمـەڕ مێـژووی لـەدایك بـوونی سـوڵتان ئیسـحاق لەلایکەوە دەبێ مەبنا و بنەڕەتی لەسەر مێژووی مردنی سەید یووسف کە پێشتر باسی کـرا دابـنین. بەم شێوە کە ئەگەر کۆچی دوایی سەید یووسف سـاڵانی دوایـی نیـوەی هـەوەڵی سـەدەی شەشـم لەبەرچاو بگرین "552 یا553ك"، دەبێ مێژووی لەدایك بوونی کوڕەکەی واتە باباعـەلی هەمـەدانی

ئەواخری سەدەی پێنجم بێ و کاتی مردنی بەپەی راپۆرتی جەنابی موحیت تەباتەبایی و عەلی ئەسغەری حیکمەت سەدەی شەشم دەزانن لەبەر ئەوەیکە باباعەلی لە شوێنێك بەناوی گوبنەدی عەلەویان لە هەمەدان نێژراوە کە لە بیناکانی سەدەی شەشمە، ئێستا ئەگەر بەپەی ئەم نیشانەگەلە مردنی باباعەلی هەمەدانی نیوەی دووهەمی سەدەی شەشم لە قەڵەم بدەین، کەوابوو لەدایك بوونی کوڕەکەی واتە شێخ عیسا وەکوو منداڵی گەورەی ئەتوانی نیوەی هەوەڵی سەدەی شەشم بێت و لەبەر ئەوەیکە لە کاتی پیری لەگەڵ خاتوو دایراك زەماوەندی کردووە، دەکرێ بڵێین مێژووی لەدایك بوونی سوڵتان ئیسحاق هەر ئەوەیە کە سەید خەلیل عالینەژاد و ئاقای گوڵمورادی موورادی ئاماژەیان پێ کردووە.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە ڕووداوی مرنۆ و هێرشی سوپای هوولاکۆ لەرێی کوردستانەوە بۆ بەغدا کە لە دەفتەری سەرئەنجام وەکوو چیچەك ناوی لێ دەبا و سوپایەك پێك هاتوو لە پەنجا ـ شەست هەزار کەس، ئەتوانێ لە بەدەست هێنانی کاتی دەقیقتر و نێزیکتری لەدایك بوونی سوڵتان ئیسحاق یارمەتی ئێمە بدات.

لەمێژووی مووسڵ وا هاتووە کە ماڵێك کوڕی توودان کە باوکی ئەمیر شووانی ناودار و فەرماندەی کەمپی پێش چاتمەی مۆغۆل بووە لە سەرەتای ساڵی655ك. بەرەو هەمەدان و کوردستانی ئێران "رۆژهەڵاتی کوردستان" کە ناوەندو پێتە ختەکەی شاری بەهار بوو و وەڕێ دەکەوێ و ئەو شوێنە داگیر دەکا کەچی هەر لەم ساڵەدا هۆلاکوو هێرش دەباتە سەر بەغداد، ئاساییە چونکە کرماشان لەسەر رێگای ئەم هێرشە بووە تووشی کوشت و بڕو چەپاوەڵی زۆر دەبێ کە لەم ساڵە واتە 655 ك و هاوکات لەگەڵ هێرشی هەلاکوو لەسەر قسەی سەرئەنجام سوڵتان ئیسحاق چارە ساڵە بووە. کەچی ئەگەر ئێمە ساڵی655مانگی بگۆرین بۆ ساڵی هەتاوی، ساڵی636هەتاوی وەدەست دەکەوێ و ئەگەر چاردە ساڵ بگەڕێنەوە بۆ دووا لەگەڵ مێژووی 622ی هەتاوی بەراوڕوو دەبین و چوونکو مێژووی لەدایك بوونی سوڵتان ئیسحاق لەدەستپێکی نەورۆز رێکەوتە لەگەڵ شکۆفە کردنی دارەکان 622/1/1هەتاوی مێژووی لەدایك بوونی جەنابیانە کە دەگاتە640/9/20ی مانگی و 1243/3/22ی زایینی. کە ئەم تاریخە بە پەی دیوانی بەرزەنجەش بەم شێوە شرۆڤە دەکرێ: کە پاش گەیشتنی بەهارو شکۆفە کردنی دارەکان کە موژدەی مقدمات سەرهەڵدان بۆ یارانی سوڵتان ئیسحاق بووە دەروێشەکان دەڕۆنە خوازبینی خاتوون دایراك بۆ شێخ عیسا. مەلا رۆکنەددین دەفەرموێ:

فە سلَو بەهارا ،../چە نووە دە میاوە فە سلَو بەهارا
شیَخ موسی عە تر وگولَ جمارا/نە قشو شە مامە ت چە و رو بارا
ینا شـــابازمان چـــە گودارا/زاما زە ماوە ن چیو هـــەوارا[1]

---

2- دیوان برزنجە نسخە خطی

لەدوای ڕێورەسمی خوازبینی و هێنانی خاتوون دایراك بۆ بەرزەنجە، دەۆرێشەكان یەك مانگ سەبر دەكەن تا بەرخێكی جیاواز بە نیشانەیەكی لەپێش دیاری كراو لەناو مێگەڵی شێخ عیسا لەدایك ببێت و بەمەبەستی قوربانی و دامیاری بیتێرنە ناو باخ، مەلا ڕۆكنەددین دەفەرموێ:

تا كه و مانگى ،../مۆ ســـاكن بومى تاكه و مانگى
قه هار هه ر په نجمان وه عشق بانگى/ سۆبه ت بكه رمى تا ئاخر دانگى

پاشان چاوەنواڕی بەدووایی دێ و بەرخەكە لەدایك دەبێت، دەورێشەكان بەرخەكە لە مێگەڵی شێخ عیسا جودا دەكەن و بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەباخ و بۆستان وێڵی دەكەن تا لەبۆن و گوڵی باخەكە بارەمەند بێت و ساتی قوربانی كردنی بگات. مەلارۆكنەددین دەفەرموێ:

وه رش ده بووه رو/وه رش ده گولۆ بوستان بووه رۆ/
قه هار به رِه مان چه ى ره وز بچه رۆ /تا چل رۆژ ته مام تاريخ بويه رۆ/وه عده ى دايراك
وه سه ر بگزه رۆ/تا شـــا ئيقرارش پيَمان بده رۆ

سات و ڕۆژی قوربانی كردنی برخەكە دەگات و لەناو باخ قوربانی دەكەن و بەم شێوە دامیاری و بانگەوازیی شاهباز دەكەن. پاشان لە جەم بەشەكەی خاتوون دایراك جودا دەكەن و پێشكەشی دەكەن تا بیخوات و بەم شێوە پاش حەوت ڕۆژ بە سوڵتان ئیسحاق حامیڵە دەبێ. زوحتاف بە شێخ عیسا دەفەرموێ:

دوماى هه فت رۆژه چه ى خه ناو خه نى/هه م بشۆ وه توى په رده و سرِ ژه نى

لەتاریخی شكۆفە كردنی دارەكان هەتا كاتی حامیڵە بوونی خاتوون دایراك بە سوڵتان ئیسحاق نێزیك بە سێ مانگ تێپەڕ دەبێ كە هەمان مێژووی وەدەست هاتوو پشت ڕاست دەكات. بەتایبەت ئەوە كە شاخۆشینیش دەفەرموێ:

مه ستيم وكه ريم ودورى هه مه لالان/نه وروز ماهى هستيم بالاى هه مه سالان[1]

بە پەی وتەی سەرئەنجام مردنی شێخ عیسا لە 655ك.م روو ئەدات. هەروەها خاوەنی جامیعۆلتەواریخ و ڕەوزەتۆلسەفا میرخواند... ــ كە لەباسی كات ژماری كوردی و ڕووداوی مرِنۆ بەدرێژایی هاتووە ـ ساڵی ڕووخانی عەباسیەكان مانگی سەفەری656ك. بەراوەرد كراوە كە بەو پێ-یە ڕاست بوونی مێژووی وەدەست هاتوومیكن دەكا.

بەڵام ڕەخنەیەك لەسەر زانستی ئەنساب "ڕەچەڵەك ناسی" هەیە كە گوایە لە ڕۆژگارانی جاراندا بەیان و تۆماركردنی شەجەرە بەم شێوە بووە كە زۆرتر ناوی تاكەكانی بێ ناونیشان لە شەجەرەكان تۆمار دەكرا و جاروبار وا ڕوویداوە كە لەنێوان دوو كەسایەتی ناودار و بەناوبانگ ناوێك لە كەسانی بێناو نیشان نەبراوە و تەنیا بەسەندەیان بە تۆماركردنی كەسانی ناودار كردووە. یا بە پێچەوانەری ئەوەش واتە نووسینی ناوی دوو منداڵی ناودار و بەرچاوی كەسێك ڕوویداوە كە هەر ئەمەش بووەتە هۆكارێك كەوا نێوانجیەكانی ـ نێوانی نەوەكان بە زۆرتر یا كەمتر نیشان بدرێن. بەهەر شێوە جگە لەوە كە زانستی ڕەچەڵەك ناسی و تۆمار كردنی ڕەچەڵەكەكان لە دەفتەرەكان بەتەواوەتی ئەنجام نەدراوە بەڵكوو جاروبار بە هەڵەش تۆمار كراون و زانایان و موجتەهەدینیش لەم بابەتەوە نەیانتوانیوە بەدەرئەنجامێكی

---

1- سرانجام ، دوره شاه خوشين بند114

شیاو بگەن و رەنگە لە مشێونێك سلسلەی رەچەڵەكێك هاتووە كە لە شوێنێكی دیكە نەتەنیا ئەو نەسەبە هەر نییە كەچی پێچەوانەی ئەوەیشی پشت راست كردووتەوە، كە هـەر ئـەك كێشـەش لـە لێكۆلێنـەوەی لێكۆڵەران كاردانەوەی هەبووە و توێژەران باسـیان لـە سلسـلە رەچـەڵەكێك كـردووە كـە بـە پێچـەوانەی راستی شتكە بووە. كەوابوو یارسانی بەسەندەی بە مۆرو ئیمزای پێێ شـەجەرەكان نـەكردووە و كـەلامی سەرئەنجام و ئەو شتەی لەوێدا باسی لێكراوە وەكوو سەرچاوە لەبەرچاو دەگرێ.

سوڵتان ئیسحاق نێوان130تا150ساڵ تەمەن دەكاو رۆژێك لەسەر بەردی دزاور كە هەمووی یـارانی وی لەوێ لە خزمەتی كۆ ببوونە و دادەنیشی و دەفەرموێ: هاوڕێ یان كاتی ئەوەیە كە مـن لـەنێوان ئێوەدا بڕۆم و كۆچ بكەم. ئەركان كۆنە و ئەركان وەكوو قایم مەقام بزانن و لەگەڵ "ئەركان میـزان" پێكـەوە رێ بكـەن. هـەركات ئێـوە لەگـەڵ یـەك هـاوڕێ و یـەكگرتوو بـن ئێمـەش لـە هـەر شـوێنێك یارمەتیتان دەدەین... بەدووای ئەودا هاوڕێیان دیتیان كە سـوڵتانی عالـەم غـەیب ببـوو و بەچـووار لەش نیشانیدا كە بڕۆنە خانووی قەمبەری شاهۆیی كەچی منداڵی نییە، لە خانووی ئەو من دەبینین و لەوێ و بڕێك دۆزو قەراری بەوان نیشان دا. بەدووای ئەوەدا بە رواڵەت پـەردەی كێشـاو بـەم شـێوە یاران لە چاوەنواڕی مانەوە. چوار لەشەكەش هەریەكیان كەوتنـە دوونێكـی دیكـە. بنیـامین روێشـتە ویلایەتی ئەردەبیل، حەزرەتی داوود كەوتـە ویلایـەتی چـركەس، حـەزرەتی پیرمووسـا بـۆ ویلایـەتی دەمەشـق و حـەزرەتی موسـتەفا داودان بـۆ دوودان رۆێشـتن. لـەم نێوانـەدا حـەوت سـاڵ تێپـەڕی و هاوڕێیان چاوەنواڕیان دەكرد و چاوەڕێی شای عالەم بوون. پاش حەوت ساڵ لە شـێوەی قەلەنـدەر دەرهاتن و یەكە یەكەیان هاتنە بەردرگای خـانووی زەعیفـەی هـەژار و خوازیـاری بـرێ نـان ببـوون، زەعیفەش بەهەریەكەیان لەتە نـانێكی داو ئـەوانیش چـوونە سـەر كانیـاوی سـوڵتان و بینیـان چـەند كەسێك لە دەوروبەری كانیاوەكە چاوەنواڕی دەكەن. كەسێك هاتە ناو كانیاوەكە، هاوڕێیان هـاتن و لێان پرسی و عەرزیان كرد كە تۆ كیت؟ و ئەو دەروێشە كە حەزرەتی بنیامین بوو لـە دروونـی كاكـە پیرە ئەم كەلامەی فەرموو:

ئـــەردەبێلییەنان، ئـــەردەبێلییەنـان ئــــەردەبێلییەنان، ئامـــام چەئـەردەبێل
كەمان باتنیم وەستەن وەرەو پیـَل ئاو چەچشمەي وەردەن هەرگز نموَ لیـَل

ئەوی دیكەیان حەزرەتی داوود بوو لە دوونی كاكە عەرەب كە فەرمووی:

چەركەسییەنان، چەركــەسییەنان /چـــەركەسییەنان، ئامــــام چە چــەركەس
كەمان باتنیم وەستەن وەرەو پـەس ئاو ژەچشمەی وەردەن نەوەردەن هیچ كەس

دەروێشی دیكە بەناوی موستەفا هاتوو ئاوای فەرموو:

دەمــشقییەنان، دەمشقییەنــــــان/دەمــشقییەنان ئامــــام چەدەمـــــــشق
كەمان باتنیم وەستەن وەرەو پشك/ئاو چەچشمەي وەردەن هەرگز نموَ وشك

دەروێشێكیتر بەناو خاتوون زەڕ بانوو ئەم كەلامەی فەرموو:

ئـــــەستەرییەنان،ئەستەرییەنــــان/ ئـــەستەرییەنان ئامـــــــــام چە ئەستەر

بەدوای ئەوە کە هاوڕیٚیان یەکیان ناسیەوە لەتە نانەکانی زەعیفەیان وەکوو جەم لەسەر کۆی شاهۆ چەسپاندەوەیەك و بە پەی ئەو قەرارەی کە سولّتان ئیسحاق بەوانی دابوو رۆشتنە خانووی قەمبەر شاهۆیی تا وەکوو پیٚشەکییەکانن سەرهەلّدانی شاوەیسقولی "قرمزی" ئامادە بکەن.

بەلاَم سەردەمی پەردیوەر تەواوی ژیانی شاوەیسقولی "قرمزی"یش لەخۆوە دەگریٚ، بەم شیٚوەیە کە پاش ئەوە کە سولّتان ئیسحاق لەسەرەتای سەدەی نۆهەمی کۆچی پەردەی گرت، هەتا سەرهەلّدانی شاوەیسقولی هەوساری کاروبارەکان لەبەغدا هەتا سەرانەی دالاّهۆ کەوتە دەستی شائیبراهیم و بابایادگار و ئەوانیش گەڕی پەردیوەری هەتا ناوەڕاستی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆهەم دریٚژە دەدەن کەچی بە لەدایك بوونی شاوەیسقولی لە سەرەتای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆهەم سەردەمی دووهەمی پەردیوەر بە جیلوە و شیٚوەساری دووهەمی سولّتان ئیسحاق دەسپیٚدەکا و تا ناوەڕاستی نیوەی هەوەلّی سەدەی دەهەمی کۆچی دریٚژەی دەبیٚ. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە زۆرتر بەهەلّە ماوەی ژیانی سولّتان ئیسحاق سیٚ سەد سالّ ئیٚستا کەمیٚ کەمتر یا زۆرتر بەراوەرد بکریٚ و یا تویٚژەران و نووسەران نەبویٚرن لەسەر بابەتی پەردە گرتنی جەنابیان بدویٚن.

لەراستیدا سەردەمی پەردیوەر بە دوو لەشی زاتی لە نیوەکانی سەدەی حەوتم تا ناوەڕاستی نیوەی هەوەلّی سەدەی دەی کۆچی دریٚژەی دەبیٚ، لیٚرەدا دەکریٚ بلّیٚین، بەو شیٚوە کە شەرح درا، میٚژووی ئاماژە پیٚکراوی حاجی نعمەتوللّا موکری تارادەیەك لەراستی نیٚزیکترە. کەچی بەپیٚی بەلّگەو داکیۆمیٚنتەکانی کەلامی سەرئەنجام و هەروەها ئەو شتانەی لە تەزکەرەی ئەعلادا هاتووە برِیٚك لە رووداوەکان و گەڕەکانی کەلامی وەکوو گەڕی بارگە بارگە، قولّتاس یا کۆماکنان،... لە سەردەمی شاوەیسقولی "قرمزی" روویانداوە و لەبەر تیٚکپەڕین و پیٚ نەزانینی ئەوە کە پاش سولّتان ئیسحاق کسیٚکی دیکە بە روالّەتیٚکی‌تر سەری هەلّداوە، گوتارەکانی ئەم گەڕەش وەکوو گەڕانی پیٚش لە گەڕی پەردیوەر بەناو های پەردیوەری دیاری کراون.

جیاوازی نیٚوان سەردەمی هەوەلّی پەردیوەر و سەردەمی دووەم لەوەدایە کە لە سەردەمی هەولّ گەورەترین و تەواوترین جیلوەی راستی لە قالّبی سولّتان ئیسحاق سەرهەلّئەدا و خۆی ئەنویٚنی و تەواوی هاوڕیٚیانی وی لە دام و دەزگای یاری ئامادە دەبن و یارسانیانی دیکە لە شویٚنەکانی‌تر، پەردیوەر یان وەکوو کەعبەی ئاوات و چارەسەری کیٚشەکانیان دەزانی و دەزانن و نیشانەیەکمان لە زات و هەبوونی میوانیٚکی دیکە کە لە شویٚنیٚکی‌تر جیاواز لە پەردیوەر خەریکی پەڕەدانی ئایینی یاری بوو‌بیٚ لەبەردەستدا نییە، ئەمە لەحالّیٚکدایە کە پاش پەردە گرتنی سولّتان ئیسحاق لەسەرەتای سەدەی نۆهم و دەسپیٚکردنی سەردەمی دووهەمی پەردیوەر جگە لە شاوەیسقولی کەسانی‌تریش سەریان هەلّداوە کە شامیوانن و ویارانیٚك لە حەوتەن و حەوتەوانەیان هەیە کە گەریٚکی زاتیی ناتەواویان لەگەلّ هاوڕیٚ یانی خۆیان پیٚك هیٚناوە، وەکوو لە مەودای نیٚوان لەدایك بوونی شاوەیسقولی تا دوواییەکانی سەدەی دەهەم بەماوەی دووسەد سالّ جگە لە جەنابیان ئیٚمە

سـەرهەڵدانی باباحەیـدەر، زولنـوور قەلەنـدەر، خـان ئەحمـەد کـەرکووکی، شـامحەممەد بـەیگ، شـا هەیاس و خـان ئاتـەش "ئـاگر"یـش دەبیـنین. هەڵبـەت دەکـرێ گەشـاوەیی و بـەربڵاوی کۆمـەڵگا و روانگـەی یارسـانی لـەم سـاڵانە واتـە لـە مـاوەی نێـوان800تـا1000ی کۆچـی بـۆ سـەرەنجدان و مەرحەمـەتی فـەرمان ڕەوایانـەك وەکـوو ئـەمیر تـەیمووری گوورکـانی و پاشـانیش سـەرکارهاتنی حکوومەتی سەفەویە بەتایبەت رێکەوت لەگەڵ سەرهەڵدانی شائیسماعیل بزانین.

یارسانیەکان کە لە شریتەی سنووری نێوان عوسمانی و سەفەویە جێگیربوون کەوتنـە بـەر سـەرنج و پڕۆپاگەندە و تەشویق و خەڵات کردن و سـەرەنج دان بـە یارسـانی بـووە هـۆی ئـەوە کـە قەڵایـەکی پۆلایینی ئایینی دژی عوسمانی پێك بێت کە ئەمەش خۆی هۆکاری بەربڵاوی کۆمەڵگای یارسانی لەم سەردەمەدایە. هەروەها بە لەناوچوونی دەوڵەتی سـەفەوی و دەسـەڵات گـرتنی نـادرقولی ئەفشـار و پشتگری و عینایەتی وی لە یارسانی و دەرویشان، بووە هـۆی ئـەوە کـە سـۆفیە و تەریقەتـەکانیتـر دووبارە گەشە بکەن، بەتایبەت ئەوە کە دەوڵەتی سەفەوی لە ناوەڕاستەکانی دەسەڵاتیاندا زەختیان خستبووە سەر سوفیە و چالاکی و گەشە کردنی ئەوانیان سەرکوت کرد بوو بەڵام بەداگیرکردنی هیند بەدەستی نادر نەتەنها پێوەندی کولتـووری و ئـایینی لەگـەڵ عەلەویـەکان و سـوفیەکانی ئـەو وڵاتـە وەکوو حەیدەرییەکان پەرەی سەند کەچی لە نـاو خـۆش یارسـانیەکان لـە دۆخێکـی ئـەمنی شـیاو و بارەمەندکران بەشێوەیەك کە لە سـەرکوت کردنـی تورکـەکان خـان ئـاگر لەگـەڵ نادرشـا هاوکـاری و هاوبەشیەکی کاریگەری هەبووە و بەم شێوە دەڵێن کە خان ئـاگر وەکـوو رووداوی ئەشـکەوتی مڕنـۆ بەپژاندنی مستێك خۆل لەسەر سوپای دۆژمن کە دەبێتە هـۆی سـەر لێشـاوی و تێـك چـوونی نـەزمی سوپاکە و سازبوونی شۆڕشی نێوانیان لەمپەرێك لەبـەردەم پێشـڕەوی و سـەرکەوتنیان پێـك دێـنی و بەم شێوە لە سەرکەوتنی نادر بەسـەر تورکـەکان یارمـەتی وی دەفـەرموی کـە ئـەم رووداوە کـە لـە شوینێك بەناوی رووم شکەن بووە و هەر بەم نـاوەش بەناوبانگـە و بـەدوای ئـەوەدا نادرشـا چـەندین دێهات لە خوراسان دەبەخشێتە خان ئاگر. 1

هەر بەو شێوەیە کە گوترا پێش لەدایك بوونی شاوەیسقولی گەرێکی زاتی پاش پەردەگرتنی سوڵتان ئیسحاق دەبینری کە لە ناوچەکانی عێراقی عەرەب و دالاهۆ دروست بووە، واتە گەڕی جیگری پاشا، شائیبراهیم مندالی سەید محەممـەد گـورە سـوار و نـەوەی سـوڵتان ئیسـحاق کـە لـە پـاڵ جـەنابیان بابایادگار کاروبارەکانی پێوەندیدار بە یارسانیەکانی ئێرانی لە ئەستۆ گرتووە. بەدوای پـەردەگرتنی سوڵتان ئیسحاق و هاتنی یەعقووب قووشچی ئوغلی لە تورکستان بۆ خزمەتی شائیبراهیم کە هـەمان بنیامینی میوان بووە لەگەڵ هاوڕێیـانیتـر وەکـوو خیلـە خیلـە داوودی میـوان، شـەکەری شـیروانی پیرمووسای میوان، ئەسحابی زەنگی موسـتەفای میـوان و ئـەلقاس رەمزبـاری میـوان گـەرێکی زاتـی کورت خایەن لەگەڵ یارانی تێپەڕ دەکا کە پـاش ئـەوە میـوانی رۆحـەکان "گیانـەکان" لەسـەر و لـە ئەستۆی کەسانیتر جێ دەگرێ ئەویش بەم شێوەیە: جەنین بنیامین میوانە کە جەزەبەی لـە سـەید

ئەبۆلوەفایشـی هـەبووە، عەبـدۆل نـازدار کـە داوودی میوانـە و جەزەبـەی لـە سـەید محەممـەد گورەسوارەشی هەبووە، ئەسکەندەری سیاخانە پیرمووسای میوانە بە جەزەبەی سەید بابا عیسا، میرقوباد موستەفای میوانە بە جەزەبەی میر، شێخ رووزڵڵا رەمزباری میوانە بە جەزەبەی سەید حەبیب شا، شەریف ریجابی بەمیوانی زەردەبام و جەزەبەی موستەفا، ئیمام یەك دووجانی بە میوانی لەرووچیار و جەزەبەی سەید شەهابەددین. بەدووای ئەمانە یارانیتری شائیبراهیم و بابایادگار کاروبارەکان لە ئەستۆ دەگرن وەکوو قووشچی ئوغلی کە بنیامینی میوان بووە، جەنین داوودی میوانە عەبدۆل پیرمووسای میوانە، چرا بەیگ مەزهەری عابدینە. قانوون بەیگ موستەفای میوانە، میرە بەیگ یادگاری میوانە، قەلەندەر بەیگیش کە مەزهەری سەید شەهابوددینە و...

بایادگار کە منداڵی سوڵتان ئیسحاقە و داداساری کوڕی پیرمیکاییلی دوودانیە و لەلایەن جەنابیان و لایەتی کورد و کوردستان دەگرێتە ئەستۆ کە پێویستە برێك شت لەمەڕ وی و جل و بەرگگەلێك لە سەردەمی پەردیوەر بگوترە. جامەی هەوەڵی ئەو لە سەرەتای پەردیوەر یار ئەحمەد زەردەبامە لە هێندووستان کە ناوی ئەسڵی وی لەکاتی کۆچکردن بۆیە پەردیوەر وەکوو ئەوانیتر نادیارە و تا کاتی سەرەتاکانی سەدەی هەشتم ژیاوە کە زۆربەی گووتارەکانی سەرئەنجام لە جامەی ئەودا بەیان کراوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە تا تەواوی گووتارەکانی پەردیوەری بەناوی شاخص ئەحمەد زەردەبامی کە ناوەکانیتری ئەم زاتە دەخاتە ژێر سێبەر و کاریگەری خۆی بەیان بکرێ لەحاڵێکدا بۆی دەچێ کە ئەم گووتارانە لە جامەهایتری ئەم زاتەش گووترابێ. بەدووای ئەودا لە ناوەڕاستەکانی گەڕی هەوەڵی سەردەمی پەردیوەر میرئەسکەندەر جیلوە دەکا کە بەدووای چیرۆکی دەرەشیش بەعالی قەلەندەر ناو دەردەکا کەسەرقاڵ بوون بە ئەوان و چۆنیەتی شەرحی حاڵ و زنجیرەی رەچەڵەکی و لەیەك جوداکردنەوەی کەسایەتیەکانی هاوناو لەم جامە لە پرسەکانی جێگای باسە کە بەداخەوە بێ رەنگ و بێ مانا جیلوەی کردووە.

قسە و بوختانی فرە لەلایەن دوژمنان و نەیارانەوە دژی ئەم بنەماڵەیە بەیان کراوە و هەبوونی چەندین کەلامێك کە شەرح و شرۆڤەیان تا وەکوو ئێستا بەشێوەیێکی دروست پێشکەش نەکراوە ئەم رەخنەگەلەی بەهێزتر کردووە کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە ئەم بنەماڵە کەوێتە تەنگەژە و گۆشەگیرو لاواز ببێت تا ئەو جێگایە کە موریدانی بنەماڵەکە بەنیسبەت پێکهێنانی بنەماڵە، لەکاتی ئێستادا لە نیوەش کەمتر بوون و زۆربەیان لە خاوەن بنەماڵەی میرسەرسپوردە دەکەن. زۆرینە لەسەر ئەوەن کە عالی قەلەندەر هەمان میر ئەسکەندەر لە یارانی سوڵتان ئیسحاق بووە کە لەبەغدا و بەدەستی سوڵتان سەلیم شەهید کراوە... و هەروەها ئەوەکا ساداتی ئەم بنەماڵە رەچەڵەکی خۆیان بۆ یارئەحمەدی زەردەبامی دەزانن... و خاڵانیتر، کە دەبێ ئەوە ساخ بکەیەوە میرئەسکەندەر بەناوبانگی عالی قەلەندەر لەلایەن سوڵتان سەلیم شەهید نابێ لەبەر ئەوە کە لەسەر تەخت نشتنی سوڵتان سەلیم لە ساڵی918ك واتە لە دەۆروبەری دوو سەدە جیاوازی زەمانێکی

دروست نییە، لەلایەکی دیکەوە ژمارەی تاکەکانی شەجەرەی ئەم بنەماڵە کە لە دەوازدە کەس زۆرتر نین و سەر بە جێگرانی عالی قەلەندەر واتە دەدەحسێن و دەدەقوبادن ئەم پرسە پشت راست ناکەن. دووهەم ئەوە کە لە گوتاری گەڕی دەڕە شیش یا میرئەسکەندەر "عالی قەلەندەری هەوەڵ" ناوێك لەم دوو کەسایەتیە و جێ نێشینیان بەنیسبەت عالی قەلەندەر نەبڕاوە "هەڵبەت لە گووتارەکانی هەمان گەڕ واتە گووتاری چل کەس ناوی عالی قەلەندەر در میرئەسکەندەر"هاتووە. لەحاڵێکدا یار ئەحمەدی زەردەبام کە پێش لەمیر ئەسکەندەر و پێوەندی بە سەردەمی هەوەڵی پەردیوەر واتە سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی حەوتم هەیە جێی خۆی هەیە و بۆ پێوەندی-دانی بەوی لاینی کەم پێوەستیمان بە24نەوە "نسل" هەیە و عالی قەلەندەریش لە گوتارەکانی خوی بۆ ئەم گرنگە ئاماژە دەکا کە جامەی ئەو بەدوای بابایادگارە واتە ناوەڕاستی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆهم و هەروەها عالی قەلەندەری هەوەڵ بەنازناوی میرئەسکەندەرە و نە یارئەحمەد زەردەبامی. بەڵام لەبەر ئەوەیکە تەواوی ئەم کەسایەتیانە خاوەنی یەك زات بوون کە لەسەردەم-گەلی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە و هەروەها لەبەر تایبەت بوون ناوی یارئەحمەدی زەردەبامی گوتارنووس بە هەڵداوە و هەروەها لەبەر تایبەت بوون ناوی یار ئەحمەدی زەردەبامی گوتارنووس بە هەڵە گوتارەکانی بەیار ئەحمەد دزەردەبامی نیسبەت داوە.

بەڵام لە سەردەمی دووهەمی پەردیوەر لە کەسایەتیەك لە دەفتەرەکانی یارسانی و تەزکەرەگەلی بەردەست ناو دەبرێ کە دژی دەسەڵاتی عوسمانی شۆڕش دەکا و پاش شەهید بوون بە عالی قەلەندەر ناوبانگ دەردەکا.

ئەو کەسەی دژی سوڵتان سەلیم شۆرشی کردووە و وەکوو کەسایەتی بەرچاوی یارسانی زەمانی ئەو سەردەمە دەکرێ یادی لێ بکرێ جگە لە شاوەیسقولی نییە کە مێژووی پەردەگرتن و یا شەهید بوونی لە ناوەڕاستەکانی نیوەی هەوەڵی سەدەی دەهەمی کۆچیە، واتە لە ساڵانی دوایی دەسەڵاتی سوڵتان سەلیم "918–926ك"، کە ئەوپەڕی جووڵانەوەی عەلەویگەری و سەرکوت کردنی ئەم شۆڕشانە لەم ساڵانە بووە. شەرحی شەجەرەیەك کە بە ئەو بەستراوە تا بە ئەمڕۆژ دەوازدەکەس لەخۆوە دەگرێ و بەپێێ زانستی ئەحواڵی شەجەرەی رەچەڵەك کە بۆ هەر سێ نەوە "نسل" سەد ساڵ لەبەرچاو دەگرن مێژووی شەهید بوونی عالی قەلەندەری دووهەم دەداتە دەست کەچی ساداتی عالی قەلەندەریی حاڵی ئێستا لە نەوەی جێ نشینانی عالی قەلەندەری دووهەمن.

ئەو شتەی لە گوتارەکانی ئەم گەڕە وەگیر دەکەوێ ئەوەیە کە ناوچەی چالاکی شاوەیسقولی در سەرەتاوە هەورامان و ناوچەکانی باکووری ئەو واتە لەناو عەلەویەکانی کوردستان بووە کە پاش ماوەیەك واتە لە سەرەتاکانی سەدەی دەهەم بۆ ناوچە باشووریەکانی کوردستان بۆ ناو عەشیرەی کەلهوڕ بەتایبەت نانکلی و دلفان دەڕوا کەچی خەڵکی ئەو ناوچە لەگەڵ وی دژایەتی و نەیاری دەکەن و برێ چەواشەکاری دژی جەنابیان ساز دەکەن.

بەدوای ئەوەدا دەڕوانە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و لەوێ شەهید دەبێ. لە تەزکەرەی ئەعلا هاتووە کە عالی قەلەندەر دەفەرمویٚ:... هەرکات قەبای سپیم لەبەر کرت پێم بڵێن عالی قەلەندەر و دەفەرمویٚ سبێ نە دوو سبێ من دەکوژرم. کەچی لەسەر وادە عالی قەلەندەر شایان تیرباران و شەقامیان کرد... و تەرمەکەیان خستە ناو رووباری سیروان. کچێکی جاوی لە هەمان ساتدا لەوێ خەریکی ئاوهێنان بوو... کچەکە کە سەیری کرد زاتی پاکی مورتەزای عەلی ناسیەوە و دوونی خویشی... گوتی: برۆ بە عەشیرەی دڵفان بڵێ عالی قەلەندەریان کوشت و ئێمە نامانەوێ بێن و داوای خوێنی من بکەن، لەبەر ئەوەی کە من حوکم کردووە و حیالقیومم. ئەوەی فەرموو و هات بۆ ناو خەڵکی شاهۆیی و ئەوانیش ئەمانیان دا1.. ئەم شەرحە چەند خاڵی گرنگ دەنوێنێ. یەکەم ئەوە کە عالی قەلەندەری دووهەم هەمان شاوەیسقولیە و هەر وەکوو جیلوەی سوڵتان ئیسحاق لە سەردەمی هەوەڵی پەردیوەر کە شائیبراهیم وەکوو جێگری پاشا خۆی دیاری دەکا لەم جل و بەرگەدا لە ئاخرەکانی ژیاندا، خۆی لە جل و بەرگ عالی قەلەندەر دەناسێنێ. دووهەم ئەوە کە جەماعەتێك تاقمێك لە کوردانی کەلهوڕ دژی وی هەڵدەستن و هێرش دەکەنە سەری و دەیکوژن کە بە پەی بەڵگە کەلامیەکان ژیانی دووبارە دەگرێ تا پاش ئەوە دژی دەزگای سوڵتان سەلیم شۆڕش بکاو شەهید بکرێ. لێرەدا هێژای ئاماژەیە کە فەلسەفەی زاتی میوانی لە روانگەی یارسانی دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسێکی پایەبەرز لەیەك ساتدا دەتوانێ هەڵگری چەند زات بێت. وەکوو شاوەیسقولی کە هەم جیلوەی دووهەمی سوڵتان ئیسحاقە و هەم لە شێوەی عالی قەلەندەر و بە مەقامی ئیوەتی.

جەنابی محەمەد عەلی سوڵتانی بە وتەی نقاوە تۆل ئاسار باس لە کەسێك دەکا کە لە ویلایەتەکانی چوارمەحاڵ و خووزستان شۆڕش دەکا کە ئیدەعای شائیسماعیل بوونی هەبووە و خەڵکی ئەو ناوچەگەلە دەخاتە ژێر دەسەڵات و ڕێبەری خۆی کەچی لە مێژوودا بەناوی ئیسماعیلی درۆیین ئاماژەی پێکراوە و خەڵك پێی دەوتن شائیسماعیلی قاتڵ... کە لە ئاکامدا قەلەندەر لەگەڵ دوو کوڕ و زۆربەی نێزیکانی ناوداری یەخسیر دەبن هەموویان دەست گیر دەبن... و سەری هەموویان دەبڕن و لەداری پەند هەڵدەواسرێن1.. ئیسماعیلی درۆیین لە کاتی ئیدعاکەی دودانی پێشینی خۆی هەڵدەکێشێ تا بە تەواوی هاوشێوەی شائیسماعیل بێت و بە فرۆفێڵ خۆی لەناوی خەڵك جێ دەکاتەوە، هەروەها ئیسماعیلێکی درۆیینیتر کە ناوچەکانی هەمەدان و دینوەر سەرهەلئەدا و یا بە هەمان شێوەیەکی دیکە لە ناوچەکانی قەندەهار و خوراسان بۆ ماوەیەك گرژ و ئاڵۆزی ساز دەکا کە بە قەلەندەریش ناو دەردەکات. هەڵبەت جەنابی سوڵتانی کە سەرەتای باسەکە ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکا کە لەو ماوەدا کە تەختی دەسەڵات لە گەوهەری وجوودی شائیسماعیل بەپەی مەشیەت و قەزای مەلیك جەلیل خاڵی و بۆش مایەوە... جەماوەریەکیان دۆزیەوە ئاڵای دەسەڵاتدار بوونیان هەڵکرد بانگەوازی ئەم ئەفسانەیە ئەوەی بۆ خەڵکی هەر گۆشە و قەراخێك روون دەکردەوە کە شائیسماعیل نەمردووە... و بە زووترین

کات لە وڵاتی رووم یا هیند سەرهەڵ ئەدا و بەم شێوە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی نەزانی ئاسائی ئەم خەیاڵە نامومکینە دەکەن بە باوەڕ و بەم جۆرە لەهەر لایەك کەسێك سەری هەڵدا و ئیددەعای کرد و تاقمێك لە خەڵکی بێ سامان و پەرۆش لە دەوریان کۆ دەبوونەوە و دەبوونە هۆی پەرۆشی خەیاڵی جەماوەری هەر وڵات و دیارێك و حاکمانی ئەو سنوورانە هەڵدەستان بۆ لەناو بردنی ئالۆزیەکە و ئاسایی کردنی دۆخەکە و بەم جۆرە ئامرازی پێداویستی سەرهەڵدان ئامادە دەبوو. لەحاڵێکدا داواکاران پێشمارانی یارسانی کەسانی هەڵپەرەست نەبوون و هەوەها بەعینوانگەلی درۆئی هەوڵیان بۆ وەدەست هێنانی پێگە و مەقام نەداوە و تەواوی هەوڵ و کۆششیان بۆ بەجێ هێنانی دەستوورات و فەرمانەکانی یاری بووە.

بەدوای جیلوەی میرئەسکەندەر لە ناوەڕاستەکانی سەردەمی پەردیوەر بابایادگار در ئاخر و ئۆخری سەردەمی هەوەڵی پەردیوەر واتە در ساڵەکانی ناوەڕاستی نیوەی دووهەمی سەدەی هەشتم لەدایك دەبێ کە لە رەوتی پێ گەیشتنی رواڵەتی لە پەردیوەر دەمێنێتەوە بەڵام لە نیوەی تەمەندا مەئموور دەکرێ لەسەر ناوچە "سەرانەی" دالاهۆ و ناوچیەکانی دەورووبەری و لە دوواین رۆژەکانی ژیانیشی مەئموور دەکرێ لەسەر هیندوستان و "سەرانە" بەرە و هیندوستان بەجێ دێڵێ کەچی پاش ماوەیەك لەوێ شەهید دەبێ و کەسێك تەرمەکەی بە کەجاوەیەك دەهێنێتەوە تا لە مەککە بینێژی، وادیارە مێژووی شەهید بوونی وی ناوەڕاستەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆهەم بێ. حوشترەوان تەرمەکە بەنیەتی مەککە بار دەکا تا دەگاتە شوێنی قیادەتی خودی بابایادگار واتە "سەرانە" و لەوێ چووارمەلیك کەجاوەکە لە سەرکارەوانەکە وەردەگرن و هەرلەوێ واتە شوێنی ئێستای دەینێژن.

بەڵام مینۆرسکی کە لە ساڵی1914زایینی واتە نێزێك بە یەك سەدە لەمەو پێش لە قەبری بابایادگار دیداری کردووە ئەڵێ کە... قەبرێکی زۆر سادە کە بە زەریحێك چێوی و بەنووسراوەیەکی لەسەر هەڵکەندراو داپۆشراوە و بەداخەوە سەروبنەکەی لەناو چووەو مێژووی نییە یان بەمن نیشاندا کە ئەو قەبرە بەناوی سەیدوە ساڵ کور خوانراوی بابایادگار بووە. هەروەها چیرۆکی ژیانی کەسێکی پیرۆز دەهێنێتەوە کە بەدەستی قوبادبەك حوکمرانی دوڕنە "بەشی باکووری زەهاو" لە بەندیخانەی بەغدا بەند کرابوو و پاشان بابایادگار حوکمی ئازادیەکەی لە قوباد دەستێنێ. ئەم پیاوە پیرۆزە بە رەسمی ماف ناسی و سوپاسەوە بارەگا لەسەر قەبرەکەی بینا دەکا کە جەنابی سوڵتانی ئەم باسەی لە بەرگی دووهەمی کتێبی "شۆڕش و بزووتنەوەی عەلەویانی زاگرۆس" بەم شێوە هێناوە: قومامەدین لە بەغدا لە زنجیرخانە لەمبس بوو و بەماوەی دووساڵ وەزیری بەغدا ئەوی بەند کردبوو و ئازادی نەدەکرد و خەڵکی بەغدا لە گەورە و بچووك جگە لە ژیانەکانی زۆر هەرچی هەوڵیاندا نەیانتوانی کارێك بکەن، قومام لەم دوو ساڵە لەوە بیری دەکردەوە کە سەرئەنجامی دین چی لێ دێ تا لە ئاکامدا بیری لەوە کردەوە کە پەنا بۆ کێ ببا، دایکی قومام بە کوڕەکەی گوتی: پەنا بۆ جەنابی شێخی زەمان جەنابی پیرۆزعینوان، شێخ یادگار کە لە نەوەی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبە ببە و بڵێ: چارەم لەدەستی تۆدایە.

قومامەدین کەناوی ئەمیری موئمنان عەلی مورتەزای بیست زۆر گریا و بە خۆی گوت کە ئەی دڵ هەردەم عەلی گرەگوشا بووە ئەم یادگارە ئەولادی ویە. هەڵبەت ئەگەر پەنا بۆ ئەولادی عەلی ببەی خەلاس دەبی لە زنجیرو بەند و شەوقومام نیەتی خۆی پاك و خاوێن کردوو و رووی خۆی لە شێخ یادگار کرد و گوتی: ئەی شێخ بەحەقی محەمەد و عەلی و فاتمە و حەسەن و حسێن و باب و باپیری خۆت سوێندت ئەدەم کە من لەم بەندە رەها بکەی و گریان و شیوەنی زۆری کرد تا ئەو شوێنە خەوی لێ حەرام ببوو. لەخەو دیتی کەسێك دەڵێ: ئەی قومامەدین تۆمان رزگار کرد و لەبەند خەلاس ببووی. قومام ووتی: بەقوربانی تۆبم جەنابتان کێن؟ فەرمووی: من شێخ یادگارم کە شوێنم لە "سەرای" زەردەی یەزدجردیە. بەیانیەکەی شاهۆ و مەن وەزیری بەغدا منی لە حەبس و زیندان ئازاد کرد و خەڵاتی کردم و رەوانەمی کرد، شاهۆ و مەن نەقڵی ئەوەی کرد ئەگەر تۆم ئازاد نەکردبایا هەلاك دەبووم لەبەر ئەوەی کە شەو شێخ یادگار گۆچانەکەی لەسەر گەرووی من ناو فەرمووی: ئەی شاهۆ مەن! قومامەدین ئازاد بکە وەگەرنە هەلاك دەبی. لەبەر ئەوەیە کە ئازادت دەکەم. من لە بەغدا هاتمە دەرەو و رەوانەی پا ماچ کردنی شێخ بووم و ئەم پەنج دانگ موڵك و زەوین و خانووی "ئەنزەلە"م بە پەنجا مەن گەنم و دووشاهی پووڵی نەقد فرموسالحەم کرد سیغە کراو من وەفام کرد و ملّکی خۆمم وەقفی شێخ یادگار کرد ئەویش بەرەزا و مەیلی خۆمم و بەم شێوە کە هەتا هەتایە پاش من کەس بەهەر شێوەیەك ئیددەعای موڵکەکە نەکا نەبۆخۆم نە نەوەکانم. خانوو و زەوینی موڵکی ئەنزەلە و عارف زەمان و سەردەم، جیلی دوودمانی موستەفا و بنەماڵی مورتەزا دروودی خوای لێ بێت، شێخ زادە، شێخ یادگارە.

هەرکەس تەماح لە مەزرای ناسرراو بەناوبانگی ئەنزەلە بکا دوچاری غەزەبی ئیلاهی دەبێ و هەرکەسێك داگیری بکا تووشی لەعنەتی خودا و رەسووڵ و عەلی و نەوەکانی دەبێ. ئەوە وەقفی شێخ یادگارکرا و بەرواری شەشمی رەجەبۆلمەرجەبی ساڵی993. الملك الله الحق المبین... بەڵام یەکێ لەو پرسە هەڵەکاری و دووبەرەکی هێنەرانەکە لەلایەن کەسانی نەناسراو و گوماناوی گووتراوە ئەمەیە کە ئەم دوو کەسەیان لە ئەندامانی بنەماڵە نەزانیوە و تەنانەت گومانیان لەسیادەت و سادات بوونیان کردووە و یا ئەوە کە جێگرەکانیان لە نەوەی کام ساداتن؟ وە هەڵبەت دەستێوەردانی تایبەت لەنام گووتارەکانی ئەم گەڕە لەبەر هەستیار بوون و گرنگی یان بەتەواوەتی لەبەرچاو لەسەر ئەنجامدا نووسراوە تا دەرزێکی لە رادەی جودایی و کێ بەرکێ لەنێوان رێبەرانی ئەم گەڕە پێك بێنن...

پێویستە بگوترێ کە بابا یادگار و عالی قەلەندەر بە هۆی پێکنەهێنانی ژیانی هاوبەش ئەرکی پێکهێنانی بنەماڵەیان خستۆتە سەرشانی جێگرەکانی خۆیان و مۆڵەتی ئەوەیان پێداون کە "پیری" بنەماڵەی خۆیان بن. هەرئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە نەیارانی دیار و نادیاری ئەم ئایینە سەبارەت بە "بنەماڵە" بوون و شەرعیەتی ئەو دوو بنەماڵە، گومان و دوودڵی پێك بهێنن و ببنە هۆی بەربەرەکانی و دووبەرەکی لە یارسان دا.

ئەمە لە حاڵێك دایە کە بابا یادگار لە "زات" بووە و یەکێکە لە "هەفتەوانە" کە داوود و مستەفا و پیرمووسا "سەرسپوردەی" بوون و لە دەزگای ئیلاهی دا نیابەتی عیرفانی و کەماڵی ئیلاهی پێ بەخشراوە. خاوەن پلەیکی وەها بەرز و پیرۆز بە ئارەزووی خۆی دووکەسایەتی ئایینی بۆ جێگری خۆی خولقاندووە و وەك منداڵی خۆی ئەرکی پێکهێنانی بنەماڵەی خستۆتە سەرشانیان[1]. کە ئەمەش وەك فرەیەك لە دەستوراتی ئایینی دەبێ وەربگیرێ و جێبەجێ بکرێ و دژایەتی و دوودڵی لەم بارەوە دژایەتییە لەگەڵ "بابا یادگار". پیر زەوارە سەبارەت بە پلەی بابایادگار دەفەرموێ:

مـــەقام یادگار چـــە مەڕ نۆ — گوادەی شۆمارش پیر ڕۆستەم بۆ
پەرێ یارسان بۆ وەسڕ مەگۆ — چەنی ئیبراهیم وە یەك مـــەڕەژیۆ[2]

هەر لەم بارەوە عەبدول نازار دەفەرموێ:

شا ئیبراهیمەن شاهو یەزدانی — یەزدان یادگار شا وە جیهانی

مەبەست لە بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی شەجەرەنامەی بنەماڵەکان و سەیدەکان ئەوەیە کە هەر بنەماڵەیەك بزانێت کە دەبێ سەرسپوردەی هەریەك لە بنەماڵەکان بێت، سەبارەت بە سەرسپوردەیی سەیدەکانی "بابایادگاری"یش ئەگەر پەیڕەوی کەلامەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم سەیدانە دەبێ سەرسپوردەی سەیدەکانی "شائیبراهیمی" بن، چونکە بە دەیان جار لە کەلامەکان دا ئاماژە کراوە کە بابایادگار بۆ خۆی سەرسپوردەی شائیبراهیم بووە. هەروەها سەیدەکانی شائیبراهیمی دەبێ سەرسپوردەی بنەماڵەی "ئەبوولوەفایی" بن[3]. هەروەها لە شەرحی "سەرئەنجام"دا هاتووە کە "پیری حەقیقەت" "ئەزەڵ" پیر بنیامین و مەبەست لە "پیری تەخت" کە لە کەلامەکان دا ئاماژەی پێکراوە، بابا یادگارە. سوڵتان سەهاك دەفەرموێ:

غوڵامان ئەو وەقت سەر پێش سپەردن — یادگار وە پیر تخت حەقیقەت کەردەن[4]

هەروەها سەبارەت بە سیادەت و سەروەری بابا یادگار دەفەرموێ:

یادگار نۆشانش ئازار و خەتەر — پەو کە پێش ماچان سەیید سەروەر[5]

---

1– لەم بارەوە شکەر شیروانی کە جلوەی (پیر مووسا) بووە دەفەرموێ

سویرەی زات زولاڵ، سویرەی زات زولاڵ — ئەمانەن ئامان سویرەی زات زولاڵ
وە نـــــاز یـــاران شناسام جـــەماڵ — نیشانەی حـــوسەین خیال و وساڵ

2– کەلامە دەورەی زول زولال، بەندی 229.

3– یادگار مەرەمو: شەرت وێم وە جا... — ئیمام حوسەینان، شەرت وێم وەجا
دۆن وە دۆن ئامام، قەوا وە قەوا — ئەز چـــە کەربەلا پـــوور شەهەنشا
پیرم ئیبراهیم جـــەوزمش شکنا — ئیبراهیم پیرم چـــە هەر دوو دونیا

هەروەها بڕوانە بەندی 62، 179 و 180 لە کەلامی زولال زولال، بەندی 59 دەرکەوتنی هەفتوانە و بەندی 23 و 27ی کەلامی دەورەی عالی قەلەندەر.

4– کەلامی دەورەی بابا یادگار بەندی 19 و 21.

5– کەلامی دەرەی بابا یادگار بەندی 36.

هەموو ئەم زانیارییانە سەبارەت بە "عالی قەلەندەر"یش ڕاستە، چونکە ئەویش خاوەنی پلەی "ئەیوەتی" بووە و پێش لە بابا یادگار و لە کراسێکی تردا بنەماڵەی پێکهێناوە.

---

1-(ئەیوەت حەشار) بە باوەڕی زۆربەی کەلامناسەکان: یەکێکە لە (دەرکەوتنە زاتی)یەکانی بابایادگار. ئەم کەلامناسانە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆیان ئاماژەیان بە هەندێ زانیاری کردووە کە چەند نموونەیەکی دەخەینە ڕوو:

دەرکەوتنی (بابایادگار) پێش لە (یار ئەحمەد زەردەبام) بووە کە دوای شەهیدبوونی بە ئەمری سوڵتان سەهاك لە کۆشکی پردیوەردا بە خاك سپێردراوە. لەم بارەوە شێخ سەفی ئەلدینی ئەردەبیلی دەفەرموێ:

ڕۆحش بی ڕەوان ئەیوەت حەشار چاگا دەفنش کرد نەو قەور و مەزار

ئارۆ نە مەرقەد وێش دادەن قەرار حەج ئەیوەتەن چەی پردیوەر شار

دوای کراسی (جامەی) ئەیوەت حەشار، یار ئەحمەد زەردەبام دەردەکەوێ ئەویش لە سەردەمی عوسمانیدا شەهیدەکرێ و بە (عالی قەلەندەر) ناوبانگ دەردەکا و لە کەلامەکاندا پلەی (ئەیوەتی) پێدەبەخشرێ و بە (ئەیوەت حەشار) دەناسرێت:

وە لوتف سولتان بیم وە سەر قەتار ئەیوەت بیانی چیم وەساجنار

(عالی قەلەندەر بەندی 26)

نابێ لە بیربکرێ کە سەرسپوردەیی، شەهیدبوون و قوربانی ئامانجی بابایادگارە و لە هەموو دەورەکاندا شەهیدکراوە، بەم بۆنەوە دەتوانین بڵێین (عالی قەلەندەر) کە نازناوەکەی (یارئەحمەد زەردەبام) بووە، (ئەیوەت)ـە و (ئەیوەت)یش هەر بابا یادگارە کە کراس و سەردەمی گۆڕیوە. بابا یادگار دەفەرموێ:

کەڵە زەردە بیانێ ئەیوەتی حەشاری گاو برشتە بیای ژێر ساجناری

(پیر و پیراالی، بەندی 87)

هەروەها لە کەلامی دەورەی بەرزنجەدا ئاماژە کراوە کە ئەو ماسییەی بۆ چێشتەنگاو درا بە پیر میکائیل کە (مەزهەری) (ئەیوەت) یان بابا یادگار بوو کە دوای ناڕەزایی دەربڕینی جووتەکەی واتە (ڕۆچیار)، سەبارەت بە تەنیایی خۆی، سوڵتان سەهاك بە ماسییەکە و جووتەکەی فەرموو:

چا پشت پەردەی غەیب وە کەرارم چا پـــــردیوەرا بیا بەس کارم

نـــــام وێت مەوا ئەیوەت حـەشارم نام جفت وێت مۆ وە ڕۆچیارم

(دەورەی بەرزنجە، تێکستی دەسنووس)

هەروەها لە کەلامی دەرکەوتنی (هەفتوان)یشدا ئاماژە کراوە کە (ئەیوەت) یەکێکە لە دەرکەوتنە زاتییەکانی یار ئەحمەد زەردەبام.

بەپێی کەلامی دەرکەوتنی هەفتەوانە، هەریەك لە هەفتەوانە بۆ (سەرپەرشتی) یەکێك لەو حەوت (جەم)ەی کە لە عالەمی (سڕ)دا پێکدێن، ناوزەند دەکرێن و یار ئەحمەد زەردەبام بۆ قوربانی دەسنیشان دەکرێ و ئەم زانیارییە لە گشت تێکستە کۆنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ تیشك خستنە سەر و ڕوونکردنەوەی یەکێك لە دەرکەوتنە زاتییەکانی بابا یادگار بە ناوی (ئەیوەت حەشار) لە نێوان دوو دەورەی بەرزنجە و پردیوەردا. هەر لەم بارەوە (میرە بەگ) لە کەلامی دەورەی جێنشینی شائیبراهیمدا دەفەرموێ:

چا پردیوەرا یاری بی ئیزهار ئەز ئەیوە تە نان پاسای یادگار

(بەندی 17)

هەر لەم بارەوە لە (تذکرة اعلی)دا هاتوە: ئەگەر پرسیاریان کرد لە ژێر ساجناردا چ بەشێ بوو؟ بڵێ (گای بریان) لە غەیبەوە هات. ئەگەر پرسیاریان کرد چ (دۆن)ێ بوو؟ بڵێ ئەیوەت شا. بەڵام نابێ لە بیربکرێ کە چەند نموونەیەکیش لە کەلامدا هەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە (ئەیوەت حەشار) یەکێکە لە دەرکەوتنە زاتییەکانی (شائیبراهیم)، بۆ نموونە لە کەلامی دەورەی (بارگە بارگە)دا پیر تەیار دەفەرموێ:

ئەیوەت موحەمەد شیرزاد زارا کیسیا بانوو یورت ڕەمزیارا

(بارگە بارگە بەندی 57)

بۆ سەلماندنی ئەوەش کە محەممەد شێرزاد چ کەسێ بووە، دەبێ ئاوڕ لە کەلامی دەورەی (زولال زولال) بدەینەوە کە شائیبراهیم دەفەرموێ:

موحەمەد شیرزاد بیم بێ خاو بێ خورد کا کام یادگار نەقەوای ئەسغەر

(زولال زولال بەندی 171)

هەروەها لە بەندی وتەی پیر مالکدا هاتووە:

خالد زەردەبام زەردیش چە خوەرە بە لال ڕۆچیار مێرد هام شەرە.

لەم کەلامەدا (بەلال) و (ڕۆچیار) بە یەك کەس ناسراون و لە زۆربەی کەلامەکاندا بە شێوەی (بەلیل) نووسراوە، شائیبراهیم دەفەرموێ:

ئیراد بەلیل، ئیراد بەلیل ئیبراهیمە نان، ئیراد بەلیل

(دامیار دامیار بەندی 207)

هەروەها عابدین هەر لە بەندی (103)ی ئەم کەلامەدا دوای ئەوەی بە پێنج کەس (بنیامین، داود، مووسا، ڕەمزبار و مستەفا) بە هۆی بەهاناهاتنیانەوە ئاماژە دەکا، بەم شێوە لە زاتی بابا یادگار و شائیبراهیم ناو دەبا:

سا بێن بە دادم ئەی هەفتەی قەبیلە ئەیوەت مورووەت بێ، ئەی زەردەی قەباڵە

هەروەها بەندی (56)ی کەلامی (بارگە بارگە) (تەیموورشا) بە ڕۆچیار و زاتی مەلك تەیار دەناسێنێ. ئەم بەیەك زانینە لە بەندی (131)ی کەلامی (عابدین)یش دا ڕەچاودەکرێ:

تەیموور بوو ئەیوەت مێردێ هۆشیاری ئیستا لە حوزووری تۆم لەی دیاری.

بەپێی ئەو سەرچاوە کەلامییانەی کە ئاماژەیان پێکرا و هەمووشیان باوەڕپێکراون، ئەم پرسیارە دێت ئاراوە: کە بە ڕاستی (ئەیوەت) کامیەك لەو دوو زاتە پیرۆزەیە؟

بە تایبەت کە هیچ کەلامێکی تایبەت بۆ (ئەیوەت حەشار) و جووتەکەی (مەلك تەیار) دانەنراوە. بە واتایەکی تر لە دەورانی پێش لە دەرکەوتنەوە تا باخەوانی شێخ مووسا کە مەزهەری سەید محەممەدی گەورە سوار و سەر حەڵقەی هەفتەوانە بووە، بگرە تا (یار ئەحمەدی زەردەبام)، هیچ کەسێك بەم ناوەوە بوونی نەبووە. بەڵکوو ئەم کەسایەتیە لە سەرەتای دەرکەوتنی (کەلامی بەرزنجە)وە بە ناوەکانی: گەردوون ئەخزەر، دووگاو ئەخزەری، حەسەن بەگ و حوسەین بەگ، شێخ ئەحمەدی دکا و مناڵەکەی شاهمار، ماهی زەرد و جووتەکەی دەناسرێن و دواتر بە ناوی یار ئەحمەدی زەردە بام و یار ڕۆچیار دەردەکەون. بەڕەچاوگرتنی ئەو زانیاریانە ئەم پرسیارە سەر هەڵدێنێت کە داخۆ ئەو کەسایەتییەی کە لە کەلامی دەورەی شێخ سەفیدا ئاماژەی پێکراوەو و شێخ سەفی فەرموویەتی (ئەیوەت حەشارە) و لە کۆشکی پردیوەردا نێژراوە و هەروەها یەکێکە لە دەرکەوتنە زاتییەکانی بابا یادگار لە چەسات و کاتێکدا شەهیدکراوە و کەی لەو شوێنەدا بە خاك سپێردراوە؟

گیان تەسلیم کردن ئەیوەت حەشار ئەو ژە مەرقەد وێش گـرتەن قەرار

پــــەرێ یارسان بـــــی وە قبلەگا کۆشك شای دین بییەنش وە بارگا

(عالی قەڵەندەر، بەندی 26)

بێگومان ڕووداوێکی وەك شەهیدبوونی یەکێك لە یارانی سوڵتان سەهاك دەبوایە (دەورەیەکی کەلامی) بێت و بایەخێکی زۆری پێبدرێت، یان بە لایەنی کەمەوە لە کەلامەکانی تردا کە وەك زنجیرێك پێکەوە بەسراونەتەوە و تەواوکەری یەکترن، ئاماژەی پێبکرێت و ڕەنگ بداتەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەبارەت بەم ڕووداوە نە کەلامێك بە دەستەوەیە و نە لە کەلامەکانی تردا وەك کەلامی دەورەی هەفتەن و هەفتەوانە، یان لە کەلامی (زولال زولال)دا کە چۆنیەتی (دەرکەوتنی زاتی) ئەو دوو کەسایەتییە لە هەموو دەورەکاندا باسکراوە، هیچ ئاماژەیەك بە شەهیدبوونی (ئەیوەت) لەو دەورەدا نەکراوە. لەڕاستیدا جیا لە چەند نموونەیەك، لە هیچ شوێنێکی سەرئەنجامدا هیچ ئاماژەیەك بەو ناوە نەکراوە و هەر ئەمەش بوەتە هۆی سەرلێشێواوی زۆربەی کەلامنووسەکانی پێشوو و وایکردوە (ئەیوەت) بە شائیبراهیم بناسن و لە نووسینەوەی کەلامەکاندا هەر کات دەبوایە بنووسن (ڕۆچیار) کردوویانە بە (ئەیوەت) و هەر ئەمەش لە سەر کەلامخوێنەکانی ئەم سەردەمەش کاریگەری هەبووە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە (ئەیوەت حەشار) هەم شائیبراهیمە و هەم بابا یادگار. بە واتایەکی تر (ئەیوەت حەشار) نازناو و سیفەتێکە بۆ ئەو دوو زاتە پیرۆزە و نابێ وەك دەورەیەکی دەرکەوتنی زاتی لە سەردەمی بەرزنجەدا ڕەچاو بکرێت. ئەگەر وانەبێ و ئەیوەت حەشار بە یەکێك لە دەرکەوتنە زاتییەکانی شائیبراهیم بزانین، ئەی مەزهەری بابا یادگار لەو دەورەیەدا کێ بووە؟ چوون نابێ لە بیربکرێ کە ئەو دوو زاتە پیرۆزە لە گشت دەورەکاندا پێکەوە دەرکەوتوون و یاری یەکتر بوون، وەك عەقیق و بەقیق، ئەمورداد و خورداد، حەسەن و حوسەین، ئەحمەد و تێعمەت، حەسەن بەگ و حوسەین بەگ، زەردەبام و ڕۆچیار و...تاد، هەروەها ئەگەر ئەیوەت حەشار بە بابا یادگار بزانین بە وتەی پیر نەریمان، دەبێ جووتەکەی واتە مەلك تەبار شائیبراهیم بوو بێت؟

زەردە بام نامش زەرپافت زەنگار ڕوچیار تەیموور شا ئەو مەلەك تەیار

هەروەها ئەگەر بە سیفەتی تایبەتی شائیبراهیمی بزانین، ئەوکات ناتوانین هیچ شەرح و لێك دانەوەیکی متمانە پێکراومان بۆ ئەو کەلامانەی کە (ئەیوەت) بە یەکێك لە دەرکەوتنە زاتییەکانی بابا یادگار دەناسێنن، هەبێت. کەواتە تێگەیشتن لەم ئاماژە کەلامییانە، پێویستی بە تێڕوانینێکی تایبەت هەیە کە ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە ئەو دوو زاتە پیرۆزە یەکێکن و هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە نییە و هەردووکیان لە دەزگای حەقیقەتدا خاوەن پلەی نیابەتی عیرفانی و کەماڵی ئیلاهین و هەردووکیان بە نازناوی (شا) و (نایب شا) وە ناسراون و

جگە لەوە لەشوێن بە شوێنی گوتارەکانی سەردەمی هەوەڵی پەردیوەر باسی حەوت بنەماڵە کراوە. ئاشکرایە کە بەلایەنی کەم دوو نەفەر لەو کەسایەتیانە "سەید حەبیب و سەید شەهاب دین" هاوسەرگیرییان نەکردووە و بنەماڵەیان پێکنەهێناوە، عابدین لەم بارەوە دەفەرموێ:

بە هەفتوان بنیەت دەکا/ شەرت بە پەنجیان بەیعەت دەکا

لە جیاتی ئەو دوو کەسایەتییە، عالی قەلەندەر لە نیوەی سەردەمی پردیوەریدا بنەماڵە پێکدەهێنێت و بابا یادگار لە کۆتایی سەردەمی پردیوەریدا. مێردان لە کەلامی دەورەی "خەزانە"دا، دەفەرموێ:

هەی دیدەکانی پوور سوڵتانەن /هەفت خاندانان وەکیل بنیامەن

هەروەها پیر محەممەدی شارەزووری لە "کەلام"ی دەرکەوتنی حەفتوانەدا، دەفەرموێ:

هەفت خاندان ڕای جەم و تەدبیر / ئی قەول و شەڕتەنە کەریم تەفسیر

---

دوور نییە هەر بەم بۆنەوە لە کەلامەکاندا نازناوی (ئەیوت) بە مانای (وریا کەرەوە) و ڕەسووڵ یان لێنرابێ. بابا یادگار لەم بارەوە دەفەرموێ:

هەر کەس ئیما ژە هەم کەرۆ جیبیا زەرب دان وە فەرق پیر و پادشا (زولال زولال، بەندی 180)

یان ئەلقاس دەفەرموێ:

هەر کەس بوا چۆ ئی دوومە غزجییان فەردا نە باقی مە بۆ پەشیمان

جونەین دەفەرموێ:

نوور شام وەستەن پەی دوو بارگاهی ئیبراهیم و یادگار قورس یەك جاهی

شەریف ریجایی دەفەرموێ:

شا ئیبراهیما جا گیرەو حەیدەر شایادگار چەنیش هام سەمەر

لەم دێڕە کەلامەدا ئاماژە بە جێگری و هاوبەشی و هاوکێشی شائیبراهیم و بابا یادگار کراوە، ئەم دێڕە و هەندێ ئاماژەی تر بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس تووشی هەڵە ببێت و بابا یادگار بە جێنشینی سوڵتان سەهاك بزانێ، ئەڵبەت ئەم هەڵەیەش زۆر لە ڕاستییەوە دوور نییە، چونکە کەس ناتوانێ بە پشتبەستن بە (کەلام) ئەو دوو کەسایەتییە ئاییننییە لێك جیابکاتەوە، دەتوانین بڵێین لە هەر شوێنێکدا باسی (ئەیوت) کراوە، مەبەست توانایی و پلەی هەر دوو زاتەکەیە، کە دوو لقن لە یەك بنەما:

مەبۆنی بتەو دوو نە یەك تاری پەرێ نیشانەی هەند و هەزاری

هەرکە شەك دەرۆ نەی دوو ئەنواری ڕجاشان نییەن چە گوناکاری (دیوانی بابا یادگار، بەندی 38)

بە پشت بەستن بەم زانیارییانە دەتوانین بڵێین: (مەلك تەیار) و (ئەیوت حەشار) تەنها سیفاتێکن بۆ ئەو دوو کەسایەتییە، ئەڵبەت بە ڕەچاوگرتنی ئەو خاڵە گرنگە کە سیفەتی مەلك تەیار لە هیچ شوێنێکدا بە بابا یادگار نەدراوە، هەروەها لە هیچ شوێنێکدا و لە هیچ کەلامێکدا نەگوتراوە ئەو کەسەی کە لە کۆشکی پردیوەردا بە خاك سپێردراوە (شائیبراهیم)ـە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ کە بەپێی کەلامی دەورەی خەزانە، ناوی ئەو باخەوانەی کە مژدەی بارگرتنی باخەکە بە یاران دەدات (واتە یەکێك لە نیشانەکانی دەرکەوتن) ئەیوت بووە. ئەوەش دەزانین کە باخەوانی باخەکە (شێخ مووسا) زاتی سەید محەممەدی گەورە سوار بووە، نە زاتی یەکێك لە هەفتەن (بابا یادگار یان شائیبراهیم)، کەواتە لێرەشدا ئەم سیفەتە بۆ شێخ مووسا بە کاربراوە. هەروەها لە بەندی (131)ی کەلامی عابدیندا، دوای ئەوەی عابدین هاوار لە حەزرەتی حەق و شایەتەکەی دەکا دەفەرموێ:

عفریت لەی ڕییە کردی ئیقرار دیارە مەلەکە زات تەیاری

کە لێرەدا سیفەتی مەلك تەیاری بە حەزرەتی حەق دراوە. هەروەها پیر بنیامین سەبارەت بە میر خەسرەو دەفەرموێ:

یورتش بزورگا خەوالییەن نە خەو جامەش تەیارەن مەلەك پڕ دەو (دەرکەوتنی هەفتەوانە بەندی 8)

که به سەرەنجدان به ناساندن و دیاری کردنی بنەماڵەکان له حەفتەوانه که مەرجی پیربنیامین لەگەڵ پەنج تەنه و عینوان کـردن و ئاماژە کـردن بـه حـەوت بنەماڵـه لـه درێـژە و نـاوەڕۆکی گوتارەکـان، ئیسباتی بنەماڵەی عالی قەلەندەر و بابایادگار له هەمان سەردەمی پەردیوەر روون و دیاری دەکا.

پێك هاتنی بنەماڵەکان لەلایەن سوڵتان ئیسحاق لەبەر ئەوە بوو کـه سـوپاهیانی مۆغـۆل و هـەروەها نەیارانی ناوچەکە، هەڕەشەیان له پەیڕەوانی ئەهلی حەق دەکرد، لـەم رووەوە سـوڵتان ئیسـحاق بـۆ هەرمان و پایەداری له بەرامبەر دوژمنان دەکەوێته بیری بنیات نانی رێکخراوەی کۆمەڵایەتی و ئایینی که ببێته هۆکاری هەماهەنگی و یەك رەنگی و یەکیەتی گشت عەشیرەکانی ئەهلی حـەق. یـەکێ لـەم بنیات دانانه پێك هێنانی بنەماڵەکانی حەقیقەته که بەفەرمانی سوڵتان ئیسحاق هەموو عەشیرەکانی ئەهلی حەق له حەوت بنەماڵه جێگیر دەبن. ئامانجی سوڵتان ئیسحاق بنیات نانی مەعنەوی بنەماڵـه بوونه رەگەزی و نەژادی و بۆ سەرپـەرشتی ئەم حەوت بنەماڵه حەوت کەس له پیرۆزەکـانی هەڵبـژارد که سەرۆکی هەر بنەماڵه لەسەر پەیڕەوانی خۆی ماف رابـەری ئـایینی هـەبێ کەچـی کـه رێبەرایەتیـه ئایینیه له باوکەوە بۆ کوڕی بنەماڵه دەگوێزێتەوە و دەگات.

ناوی بنەماڵەکانی زەمانی سوڵتان ئیسحاق بەم شەرحەیە: 1− بنەماڵەی سەید محەممەد گەورە سوار شائیبراهیمی 2− سـەید ئـەبۆلوەفایی 3− سـەید مـیری 4− سـەید موسـتەفا 5− سـەید باباعیسـا 6− بابایادگـار 7− عـالی قەلەنـدەری. بابایادگـار و عـالی قەلەنـدەر بـەهۆی عـازە ب بـوونی دوو کـەس لـه جێگیرانی خۆیان وەکوو بەرپرس و پیری بنەماڵه دیاری دەکەن

بەدوای حەوت بنەماڵەیەك که له زەمانی پەردیوەر پێـك هـاتن، بنەماڵەگـەلیتـریش دوای سـەردەمی پەردیوەر له کۆمەڵگای یاری سەریان هەڵداوە که بریتین له، بنەماڵەی خاموشی، بنەماڵەی ئاتـەش بەگی، بنەماڵەی شاهه یاسـی، بنەماڵـەی زولنـووری، بنەماڵـەی باباحەیـدەری و هـەروەها جگـه لـەو بنەماڵەگەله که پاش پەردیوەر له حەوت بنەماڵەی سەرەکی جودابوونەوە بنەماڵەگەلی دیکەش پێك هاتوون که به هەموویان له نەسڵ و نەوەی هەمان حەوت بنەماڵەی پەردیوەرین وەکوو: بنەماڵەگەلی پـیر کـەرکووکی کـه لـه نـەوەی شـائیبراهیمن، بنەماڵەگـەلی مـیر حـەمزەیی کـه لـه نـەوەی عـالی قەلەندەرن، ساداتی سەید دەروێشی که له نەوەی بابایادگـارن، سـاداتی دەسـتەوەری کـه لەنـەوەی سەید میرن، هەروەها ساداتی مەلیك تەیاری که له بنەماڵەی شائیبراهیمن.

بەڵام زۆربەی ئەو کەسایەتیمانه که ناویان وەکوو زاتی میوان و تەجەللی زاتی ئاماژەیان پێ کـرا کـه بەدوای پەردیوەر بنەماڵەیان پێك هێناوە لەسەر فەرمانی سەرئەنجام و وتەی سوڵتان ئیسحاق دەبێ له نەوەی خاوەن و سەرۆکی حەوت بنەماڵەکە بن. لەراستیدا ئێمه حەوت بنەماڵەمان زۆرتر نەبووە و نیشـمان، وە ئەگـەر گەورەیـەك بـۆ نموونـه لـه بنەماڵـه و نـەوەکانی ئـەبۆلوفایی... بـووە و جـودا بووەتەوە لەراستیدا بنەماڵەیەکی نوێی پێك نەهێناوە، بەڵکوو لەقێك بووە له بنەماڵەیەك.

بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەین که سەرسپوردگی ناو بنەماڵەییی سـادات نەتـەنیا لـه هـیچ شـوێنێکی سەرئەنجام باسی نەکراوە بەڵکوو له تەفسیر و شرۆڤەی زاتی میوانانی پاش پـەردیوەریش لەسـەری

شتێك نەگوتراوە. لەبەر ئەوەیکە زۆربەی یارسانیان بە هەڵـە و بـە شـرۆڤەی لەسـەرخۆ لـە پرسـەکە پیرو پادشاهی، سەرسپووردگی ناو بنەماڵـەییان دروسـت کـردووە. ئەمـە لەحاڵێکدایـە نیزامـی پـیرو پادشاهی تەنیا بەمانای سەرسپوردگی ئەم دووانە نییە بەڵکوو بەمانای لەگەڵ یەکتر بوونی دەسەڵات و رەحمەتە. پیر بنیامین لەمەڕ سەرسپووردگی حەوتەوانە بۆ یەکتر دەفەرموی:

**هەر هەفت گـهواهی باردێ ئەو دەهەن/سەر وە جەوز یەك بکەردێ پـهیوەن/شـەرت سـاجنار چـەیگـا بی رۆشەن/ ـە دەس یەکتر بلان ئەو وەتـەن**[1]

بەڵام سەبارەت بە مێژووی لەدایك بـوون و مردنـی گـەورەکانی یارسـانی بەڵگـە و شـەواهیدی روون و زۆر جێگای متمانە لەبەردەستدا نییە کە بتوانین لەو رێگاوە لەدایك بوون و مردنیان دیاری بکـەین. کـەوابوو بەپەی ئەوشتانە کە لەدەستماندایە دەکرێ بەشێوەی تـەقریبی چـەندین مێـژوو دەسـت نیشـان بکـەین. هەروەها کە گوتراوە لە گۆر مێژووی هێرشی هولاکووخان بۆ بەغدا لە بەراوری 655ك و تۆمار کردنی ئەم تەئریخە بەشێوەیەکی تەمسیلی لە نووسراوەکانی یارسانی کە وەکوو هێرشی چیچـەك نـاوی لـێ دەبـەن سوڵتان ئیسحاق بەپەی وتەی سەرئەنجام چاردەساڵە بووە کـە لەسـەر ئـەوە دەتـوانین بـەروراری 641ك وەکوو ساڵی لەدایك بوونی جـەنابیان دیـاری بکـەین و لـەگۆر بەڵگـە و شـەواهیدی گوتـاری و کـەلامی تـا سەرەتاکانی سەدەی نۆهمی کۆچی ژیاوە.

. پاشان هاوساری کاروباری یارسان دەکەوێتە دەستی شائیبراهیم لە ناوچـەکانی بـاکووری عێـراق و عێراقی عەرەب و بابایادگار لە ناوچـەکانی هـەورامان و داڵـاهۆ لـە ئـێران و ئەمانـە دەبنـە بەرپرسـی کاروباری یارسانیان. بە سەرەنجدان بەوە کە حەوتەن و حەوتەوانە بە دەیـان جـار قـاڵبی رواڵـەتی و زاهیری خۆیان بەجێ هێشتووە دەکرێ بەراوەرد بکرێ کە ماوەی ئـەم دەورانـەش کـەمتر لـە پـەنجا ساڵ نەبووە واتە لە سەرەتای سەدەی نۆهەم تا سەرەتای نیوەی دووهەمی هـەمان سـەدە. هـەروەها ئەتوانین ئاماژە بەبوونی ئەکابر بکەین کە لە نەوەکانی سەید ئەبۆلوەفایە و لـەم گـەڕە زەمانیـە کـە هاوسەردەمە لەگەڵ ئاخرین گەڕی زاتی لای شائیبراهیم و بابایادگار ژیاوە و سەرەتای لەدایك بـوونی لە سـاڵەکانی دوایـینی تەمـەنی سـوڵتان ئیسـحاقی بـەرزەنجی واتـە سـەرەتاکانی سـەدەی نوهـەمی کۆچییە و مردنی پێش لە ساڵەکانی لەدایك بوونی شاوەیسـقولی واتـە ناوەراسـتی نیـوەی دووهـەمی سـەدەی نۆهـەمی کۆچـی بـووە. و ئەمـە لەحاڵێکدایـە ئەگـەر سـاڵی مردنـی ئـەکابری خـامووش لـە ساڵەکانی پێش لەدایك بوونی شاوەیسقولی لەبەرچاو بگرین و بەپەی ئەوە کـە سـەید ئـەکابر لەگـەڵ سەید رەزا باوکی ئەسمـەرەخاتوون هـاودەم بـووە، دەکـرێ لـەدایك بـوونی زولنـووری قەلەنـدەر لـە دەکـانی هـەوەڵی نیـوەی دووهـەمی سـەدەی دەهـەمی کۆچـی دیـاری بکـرێ و چـونکە سـەردەمی باباحەیدەر لەگۆر بەڵگـە گوتاریـەکان پـێش لـە زولنـووری قەلەنـدەر بـووە کـەوابوو باباحەیدەر لـە

---

1- سرانجام، پیدایش هفتوانه بند 58

سەرەتای نیوەی هەوەڵی سەدەی دەهم لەدایك دەبێ کەچی ساڵەکانی دوایی تەمەنی جەنابیان ڕێکەوتە لەگەڵ نوجوانی شاهەیاس در ساڵ945ی ك. کە لەم بابەتە خان ئەڵماس دەفەرموی:

بە غدادشار مە یوَ/      سە ید ئیبر اهیم بە غدادشار مە یوَ

هە م باباحە یدە ر حە یاس یار مە یو/هــــە م میر میر ان یادگار مە یوَ

شیاوی گوتنە بەدوای گەڕی زاتی شائیبراهیم، بابایادگار بۆ ماوەیەکی کۆتا دەبێتە زاتی حەقی میوانی خان ئەحمەد منداڵی میرە بەیگ کە ئەمیش ماوەیەکی کورت پیرو پادشاهی لە ساڵەکانی منداڵی و بچووکی شاوەیسقولی لە کەرکوك و لەگەڵ هاوڕێیانی هەبووە.

بەهەر شێوە بەدوای تەواو بوونی ئەرکی باتنی و دەروونی شائیبراهیم و بابایادگار، زاتی هەریەکەیان لە روخسارگەلێ کە نەناسراو دەکەونە شوێنگەلی جیا جیادا کە ئەوە بەسەرهاتی چۆنیەتی پەیدا بوونی شاوەیسقولی دروست دەکا، کە بەپەی وتەی تەزکەرەی ئەعلا حەوت ساڵ دەخاێینێ، لە گۆر بەڵگە و بەراوەردگەلی مێژوویی دەکرێ ساڵی لەدایك بوون و پەردەگرتنی پیرقەنبەری شاهۆیی بۆ نێوان ساڵکانی دەکەی دووهەمی سەدەی نۆهەم تا ساڵەکانی دوایینی سەدەی نوەهەم لە قەڵەم بدەین کە بەم جۆرە پێویستیمان بە دووتاسەنەوە هەیە تا بە حەفتەوانە بگات و سەرهەڵدانی شاوەیسقولیش لە ناوەڕاستی نیوەی دووهەمی سەدەی نوەهەمی کۆچیە و کاتی پەردەگرتنی بەپەی نووسراوەکانی تەزکەرەی ئەعلا و داکیۆمینتە کەلامیەکان لە ناوەڕاستەکانی نیوەی هەوەڵی سەدەی دەهەمی کۆچیە. بەڵام لە تەزکەرەی ئەعلا واهاتووە کە جەنابیان بەرامبەر هەڵۆخان کە کەسێکی بێرەحم و درۆزن و مونافقی بنەماڵە بووە راوەستاوە و دژایەتی کردووە.

وە لەو جێگایە کە هەڵۆخان بەرواری996ك دەگاتە دەسەڵات و لە ساڵی1014ك. دەمرێ ناتوانێ مێژووی موقابیلە و دژایەتی شاوەیسقولی لەگەڵ ئەودا دروست بێ، لەبەر ئەوەی کە بەپەی ئەو شتانەی لەمێژوودا هاتووە هەڵۆخان کەسێکی بێ رەحم و مونافقی بنەماڵە نەبووە، بەڵکوو ئەوە براکەی تەیموورخانە کە زۆڵم و زۆرێکی ئیجگار زۆری لە عەشایر و عەشیرەتەکان کردووە، ئەم کابرایە لەگەڵ براکەی هەڵۆخان لەساڵی 986ك بە دەسەڵات دەگات. جا ئەگەر ئێستا ئێمە مێژووی لەدایك بوونی محەمەد بەیگ کوڕی شاوەیسقولی _ بەپەی تەزکەرەی ئەعلا _ لە هەمان ساڵەکانی شەهید بوونی شاوەیسقولی واتە ناوەڕاستی نیوەی هەوەڵی سەدەی دەهم بزانین کەوابوو بەرواری موقابیلە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی ئەردەڵان لەلایەن کوڕی شاوەیسقولی ئەنجام دراوە نەخودی جەنابیان.

محەمەد بەیگ لە گۆر بەڵگە گوتارەکان و تەزکەرەگەلی بەردەست ژیانێکی درێژی هەتا ساڵەکانی ناوەڕاستی نیوەی هەوەڵی سەدەی یازدە و بەماوەی سەد ساڵی هەبووە کە لە بەڵگەکان ئاماژە بە چالاکیەکا نی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەوانەیە ناوچەی کوردستانی باکووری لەناو عەلەوییەکان و رووم ئیلی، هەروەها تورکستانی ئیران و ناوچەکانی هەورامان و لوڕستان کراوە. هەروەها دەبێ ساڵی لەدایك بوونی خان ئاتەش لە ئاخرەکانی نیوەی هەوەڵی سەدەی یازدە بێت

لەبەر ئەوەیکە بەپەی نووسراوی دەقیقـی تەزکـەرەی ئـەعلا محەممـەد بـەیگ لـە ئاخرەکـانی ژیـانی زەماوەند دەکا و هەروەها یەکیەتی و هاوپەیمانیەك کە یارسانیکان لەگەڵ خان ئەحمەد و خان پێکی دێنن و تەزکەرەی ئەعلا لێوە یاد دەکا لەکاتی محەممەد بەیگ بـووە کـە بـە هەڵـە لـە زەمـانی خـان ئاتەش ناساندراوە و رەنگە کۆچی دوای کـردن محەممـەد بـەیگ لـەکاتی ئـەم راوەسـتان و موقابیلـە بووە. هەروەها بەپەی وتەی خان ئەڵماس کە دەفەرموی:

چە سال هە زار یە کسە دوسی وچوار/واتە ی وە رینان بــواچم گـوفتار

دەردەکەوێ کە ساڵی ژیانی منداڵانی محەممەد بەیگ لە ساڵەکانی نێوان نیوەی دووهەمی سەدەی یازدە و نیوەی هەوەڵی سەدەی دەوازدەیە چونکوو دەروێش زۆڵفەقاری گـۆران کـە هاوچـەرخی خـان ئـەڵماس بووە مردنی جەنابیان لە ساڵی 1138ك بەیان دەکا و ئەو دەفەرموێ:

چە سال هە زار ویە کسە دوسی و هە شت /خان ئە لَماس لوا وە دلیَ بە هە شت

هەروەها خاوەنی بۆستانۆلسیاحەت لە سەید عەبباس بەیـەگ نـاو دەبـا کـە کـەقامی رێبەرایـەتی ئـاییني بەسەر بنەماڵەی ئەهلی حەق هەیە، مێژووی تەواو بوونی بۆستانۆلسیاحەت ساڵی 1246کۆچیە و ماوەی نێوان خان ئاتەش هەتا سەید عەبباس بەیگ چوار نەوەیە و بەپەی قائیدەی زانستی ریجـال کـە بـۆ هـەر سەنەوە سەد ساڵ لەبەرچاو دەگرێ مێژووی بەراوەردکراو راستە. مینۆرسـکیش بـاوەڕی لەسـەر ئەوەیـە کە سەرهەڵدانی گەڕی خان ئاتەش لە زەمانی نادرشا "1736–47" زایینی بووە کـە هاوپەیمانیـەکیش یان دژی تورکان هەبووە و هەروەها کە گوتراوە لە زەمانی محەممەد بەیگ ناوچەکانی ئازەربایجان هـەتا باکووری خوزستان لە ژێر دەسەڵات و کاریگەری ئەم بنەماڵە بووە و نەوەکانیشی لـەم پرسـە و سـەرقاڵ بوون بەکاروباری پێوەندیدار بە موریدان ئەرکیان بەجێ هێناوە کە ئەم شتە لـە زەمـانی سـەید عـەبباس کاتێك کە لە "گرێ بانی درووود فرامانی کرماشان" سەقامگیر دەبـێ بەشـێوەیەکی روون و تـەوار پێگـە و بنکەی ئەم بنەماڵە دیار و ئاشکرا دەکرێ.

یارسـان، وەك بەشـێکی ڕەسـەنی نەتـەوەی کـورد، هـەڵگر و پـارێزەری داب ونـەریتی هـەرێمی تایبـەت بەخۆیان و نەتەوەکەیانن، کە بە بەشێك لە بۆچوونە ئایینییەکانی خۆیان داناوە و پەیڕەوییان لێکردووە. ئەڵبەت یارسـانییەکان بـەهۆی کۆچـکردن لەناوچـەی سـەرهەڵدانی خۆیانـەوە "هـەورامان" و نیشـتەجێ بوونیان لەناوچەکانی تردا، تاڕادەیەك کەوتوونەتە ژێر کاریگـەری داب ونـەریت و تایبەتمەندییـەکانی ئـەو ناوچانەی تێیدا حەوانەتـەوە و لێـی نیشـتەجێ بـوون، هـەر ئەمـەش بووەتـە هـۆی لـە بیربردنـەوە یـان لاوازبوونی داب ونەریتە کۆن و ڕەسەنەکانیان و هەروەها کاڵبوونەوەی ناسنامە کوردییەکان. ئەم دابڕانە، بەتایبەت لەناو یارسانەکانی کوردستانی ئێراقدا بەرچاوترە.

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی یارسـان، کـە بنەمایـەکی ئـایینی تـەواوی پێـوە دیـارە، تـەوەری حەڵاڵ و حەرامە. هەرچەند سەبارەت بەم تـەوەرە زۆربـەی لێکۆڵـەران بەتایبـەت لێکۆڵـەرە بیانییـەکان، تووشیاری چەندین هەڵـە بـوون و تۆمـەتی ناڕەوایـان خسـتووەتە پـاڵ یارسـانەکان، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیە کە هەر کردار و هەر شتێك لای ئیسلامەکان، بەتایبەت پەیڕەوانی مەزهەبی "شـیعە" حـەرام کـرا بێت، هەمان کرداروشت لای یارسانیش، بەپلەیەکی ئیفراتی ترەوە حەرام کراوە.

بۆ نموونە ئەوانەی لای شیعەکان بە "مەکروو"یش دانراوە، لە هزری یارسانی دا بە حەرام زانراوە. بـەڵام ڕادە یان ژمارەی ئەو کردار و گوفتار و خواردنانەی کە لە هزری یاری دا حەرام کراون، تەنیا ئەوانـە نـین کە لەکەلامی سەرئەنجام دا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵکوو بەگشتی دەتـوانین بڵـێین هـەر شـتێك کاریگـەری سەلبی لە سەر ڕۆح و عەقڵی مرۆڤ هەبێت، حەرامە و یارسانی دەبێت دووری لێ بکات. شـێخ ئـەمیر لـەم بارەوە دەفەرموێ: زایل کەر روح پەی میرد حەرامەن.

ئەم بەیتەی شـێخ ئـەمیر تـەواوی ئـەو خاڵانـەی وا ڕۆح ئـازار دەدەن و لەبەنـدی دەکێشـن بـە مەبەسـتی سزادان و سەرشۆڕی بۆ تاکی یارسانی حەرامی کردوون، کە ئـەم پرسـەش پیوەنـدی بـە هـەل و مـەرجی مرۆڤی ئەو تاکە هەیە، جاروبار ڕەنگە کەس بەدرۆیەکی بچووك تووشی ئینزەوای ڕۆحی و دەروونی بـێ و هەست بە بێزاری بکا کەوا بوو ئەو درۆ بچووکە کە لەوێ حەرام دەبـێ و نـابێ بیڵـێ. و یـا لـە پێـوەرێکی بەرزتر گرفتی ماددە سڕکەرەکان کە لە بەشی حەرامەکان جێ دەگرن. هەڵبەت لە سەرئەنجام لەم بابەتە گوتارێـك نـەهاتووە بـەڵام لـە سـەردەمی دووهـەمی پـەردیوەر لەبـەر پەرەسـەندن و گەشـەکردنی ئـەم ماددەگەلە لە سەردەمی سەفەویەدا لەنێوان کۆمـەڵی خـەڵك بەشـێوەیەکی بـەربڵاو، لـە شـێوەی ڕەوایـی "گوتنی" لەسەر ئەم بابەتە گـوتراوە. ئاتـەش بـەیگ لەسـەر ئـەم بابەتـە پێداگریـەکی قـورس و قـاییمی کردووە کە یارسانیان لەم ماددە سڕکەرەی ماڵ سووتێنەرە دووری بکەن و بە تەئکید حەرامی زانیوە.

بەکارهێنانی ماددەسڕکەرەکان لـەئێران نەتـەنیا لـەناو خـەڵکی ئاسـایی کەچـی لـەناو بارەگـای شـاهانی سەفەوی و کەسایەتیەکانیش پەرەی سەند و بڕە بـڕە کـار گەیشـتە شـوێنێك کـە هـەر لـەم سـەردەمەدا ناوەندەکانی بازەرگانی ئـەم ماددەگەلـە لـەئێران نەتـەنیا نـاوخۆی وڵـاتی دابـین دەکـرد بـەڵکوو تـەریاك

لەئێرانەوە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و قەڵەمڕەوی حکوومەتی گوتارکانیـانی هینـدیش دە هـﻪ ناردرا. جگە لەوە شەڕبەتی کوکنار و فلۆنیاش بەزۆری لـەناو خـەڵك جـاچ خـەڵکی ئاسـائی و چ کەسـانی تایبەت بەرەودار دەبێ کەچی تـەواوی ئـەم ڕووداوانـە و ئـەم دۆخـە نالـەبارە ئاتـەش بـەیگ بـەو قـەرارە دەگەێنێ کە لەو زەمانەدا وەکوو ئاڵا هـەڵگری یارسـانی هاوڕێیـان و هاوکێشـانی خـۆی لـەم شـتانە دوور نگابێرێ و بەتوندی لەگـەڵی دژایـەتی و خـەبات بکـات. لـە تەزکـەرەی ئـەعلا وا هـاتووە کـە لـە جامـەی سوڵتانی عالەم کەسێك بەناوی شێخ ڕەسووڵی ناو بوو، ئەهلی حەقیقەت بـوو و جیرانێکـی بیـانی هـەبوو قلیانی دەکێشاو ڕۆژێك شێخ ڕەسووڵ لە تەنیشت ئەو بیانیە دانیشـت و قلیانەکـەی وەرگـرت و دەمێکـی کێشا. پیرمەحموودێك لە زۆمرەی حەفتاو دوو پیر هەبوو لەگەڵ شێخ ڕەسووڵ ویستیان برۆنـە خزمـەتی سوڵتانی عالەم، کـە گەیشـتنە ئـەوێ، سـوڵتان فـەرمووی یـا داوود شـێخ ڕەسـووڵ لـە مـەرجی بنیـامین ڕۆشتووتە دەر، درگابانێکی بەناو شەریف هەبوو بەوی ئەمری کرد کە ئیزنی هاتنە ژوور بە شێخ ڕەسووڵ نەدا.

ژن و پیاو لە هزری یاریدا، جیا لە چۆنییەتی ئافراندن و ئەو شتانەی پێوەندی بە تایبەتمەندی جەستەیی ئەم دوو ڕەگەزەوە هەیە، هیچ جیاوازیکیان نییە و یەکسان سەیریان کراوە.

ئەم بەیەکسـان دانانـە بەتایبـەت لـە مـافی بەهرەمەنـدییان لـەمیرات و مـافی تـەڵاق و هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانی هاوسەرێتی یان پێکهێنانی هاوسەرێتیدا، بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە.

ئەڵبەت کەسانێکیش لەیارسان هەن کە بەچـاوێکی سـووکەوە سـەیری ژن دەکـەن و مـافی یەکسـانی بـۆ دانانین.

مەحموود ئەفەندی بایەزیدی سەبارەت بە جێگە و پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کـوردی دا نووسـیویەتی: ژن لە پیاو ناڕازی نییە، ژن و کچ سەربەسـتن، کـەس خـۆی ناشـارێتەوە و وەك ژنـانی نەتـەوەی فەڕەنسـی سەربەستی تەواویان هەیە [1].

هەر لەم بارەوە مینۆرسکی دەلیت: گومانی تێدا نییە کە ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا خاوەن کەسایەتییە و هەر بەم بۆنەوە زۆرجار منداڵ بە ناوی دایکییەوە دەناسرێت [2]. دەتوانین بڵـێین: ژن بەتایبـەت لـە هـزری یاری دا شوێنگەیەکی بەرچاوی بۆ دیاری کراوە.

شێوەی هەڵسووکەوتی ژن لە ئایینی یارسانی دەتوانین لە نموونە کردەوەی خوێشکی مەنسووری حەللاج ببینین کە نەقڵ دەکەن: حسێن کوڕی مەنسوور ـ ڕەحمەتی خودای لێ بێت خوێشکێکی هەبوو کە جووان ڕواڵەت بـوو و ئیـددعای پیـاوەتی دەکـرد، هـات و چـووی بەغـدای دەکـرد، لەحاڵێکدا نێـوەی ڕوومـەتی بەچارشێو دەپۆشی و نیوەکەیتری بـاز دەهێڵـا. گەورەیـەك گەیشـتەوی، گـوتی: بـۆ تـەواوی ڕوومـەتت داناپۆشی؟ گوتی: تۆ پیاوێك نیشان بدە تا من ڕوومەتم بەتەواوی داپۆشم. لە تـەواوی بەغـدا یـەك نیـوە

1– آداب و رسوم کردها، محمود افندی بایزیدی، ص: 85.

2– کرد، مینورسکی، ص: 76.

پیاو هەیە ئەویش حسێن "حەللاج"ە و ئەگەر لەبەروی نەبوو ئەم نیوەشم داناپۆشی. یەکسانی نێوان ژن و پیاو خاریج لە درورشم و گوتارهای بێ ناوەڕۆك بە کردەوە و لـە کـردەوەدا لـەم ئاییـنـە هێڵـی سـەیری فیکری و کرداری ژن بەیان دەکا، بەشێوەیەك لە هەڵبژاردنی هاوسـەر واحـوکم دەکـا ژن نەتـەنیا وەکـوو هاوبەشی ژیان بەڵکوو وەکوو هاوڕێەك بەپێوەندیەکی تەواو عاشقانە دۆخی دەروونی و ڕۆحی پیـاو تـەواو و کامیل دەکا و لە ژێرکاریگەری هیچ هەل و مەرج و لە هیچ خاڵەتێکدا پیاو ناتوانێ ژن دەر بکـا یـا خـود خیانـەت و غـەدری لـێ بکـا، چـونکوو کاتێـك پێوەندییـەکی خۆشەویسـتانە بـەجێ هێنـانی تـەواوی پڕەنسیپەکانی یاری لەنێوان ژن و پیاو دروست کرا و هەردوو لایەن بەتەواوی گیان و دڵ یـەکتریان لـەناو خۆیان تواندەوە هەڵە و لادانـی فیکـری روونـادات. لـە روانگـەی یـاری دوور لەشـێوە سـاری ئافرانـدن و دەفرایەتی جیسمی و پرسەکانی پێوەندیداری هیچ چەشـنە جیاوازیـەك نێـوان ژن و پیـاو قاییـل نییـە و هەردووکیانی وەکوو یەك ناساندووە و بەم جۆرە تەواوی ماف و مافگەلێ کە پێگە و دۆخی هەردوولایـەن لە کۆمەڵگا دەست نیشان دەکا یەکسان دەزانـێ وەکـوو مـافی ئیرسـی یەکسـان، مـافی تـەڵاق... سـوڵتان ئیسحاق دمەڕ یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو دەفەرموێ:

کناچە وکورِي ،.../تە وفیرشان نییە ن/ناچــە وکـورِي بە ش سولَتانە ن/ئە زە لَ هە وە رِي
خاتونە/دایراک ئی بـە شش خـرِي/پــوشاک یارِي ئە و بالاش بـرِي/بیا وە دایـــان پـــوران
حــــــورِي/هە ر کە سي باچو کناچە وکـورِي/مە وە زیش وە دە م مە وداي کە یبرِي

بەڵام ژن لە روانگەی یارسانیانی بەرهەڵەستکار لە هەمان روانگە لە زەروان و بەپەی ئەوە لە زەردەشتی-گەری وەرگیراوە. کەچی ئەم بابەتە لە ئاییـنی یارسانی شتێکی گشتی هەمەگیرینە و ژن رەمزی میوایەتی هەستییە کە بنیاتی ببوونی لەئەستۆ گرتووە. بوونێك کە بە رەمزی شاراوە لە وجوودی دەبێتە هۆکارێك بۆ لێکوڵینەوە و هەر لەبەر ئەوەیە کە لە کولتوری یارسانی بەناوی رەمزبار بانگهێشت دەکری.

تەڵاق لە روانگەی یاری تەنیا لە سەخاڵدا ئیمکانی هەیە: یـەکێ خیانـەت و شـکاندنی دۆزو پـەیمانێك کـە هاوسەرەکان لەگەڵ یەك بەستوویانە، ئەویتر مردنی ژن و ناتوانی لە هەبوونی منداڵ لەلایەن هەریەکە لە هاوسەران و هەروەها بەناسکی ئاکاری کەم وێنە کێشەی غەرە و خۆ بـە زاڵ زانـینی لـە ژیـانێکی سـاخ و خۆشەویستانەی تا ئەو رادە خراپ و پیرم و ناحەز دەزانێ کە ئەگەر هات و یـەکێ لـە هاوسـەران لەسـەر ئەوی دیکە فەخر فرۆشی بکا ئەیدی ئەو ژیانە هاوبەشە شیاوی تامڵ و بۆیەك بوون و ببون نییە و باشـتر ئەوەیە کە ئەو ژیانە هاوبەشە درێژەی نەبێ تا ئەوە کە لە سێبەری فەخرفرۆشی و غەرە بەدرۆ ئیدامـەی هەبێت. ژنیش تەنیا بەم هۆکارانە ئەتوانی دووبارە زەماوەند بکا و لاغەیر، تەنانەت ئەگەر هەل ومـەرجی ژیانی لەبواری مادی زۆر دژوار و گران بێت. لە ئەنجیلیش هاتووە کە: من بەئێوە ئەڵێم کە هەرکەس ژنی خۆی بەهۆکارێك جگە لە زیناکردن تەڵاق بدات ئـەوی بـەرەو زینـاکردن هـەوڵ داوە و هەرکـەس ئـەو ژنـە نیکاح بکات دووچاری زینا دەبـێ و ئـەم بابەتـە بووەتـە هـۆی ئـەوە کـە چـەند ژنـێ لـەم ئاییـنـە بـەهیچ شێوەیەك پەسەند و قبووڵ ناکرێ، چونکوو ئەو پێشل کردنی ماف و مافەکانی لایـەنی بەرامبـەرە، ئـەم پرسە "چەند ژنی" بەهیچ شێوە پەسەندی روانگەی یاری نییە. زەماوەندی سـاداتیش دەبـێ لـەناوخۆی

ساداد بێت، زەماوەندی سەید لەگەڵ غەیری سەید بە مانای هاتنەدەرەوە لە کارەوانی یاریە و یاسـادات مافی ئەوەی نییە کە لەگەڵ کچی بنەماڵەیەك کە دەبێ سەرسپوردەیان بن زەماوەند بکەن چـونکوو لـەم حاڵەدا ئیزدیواجی لەگەڵ پیریا پیرزادە پێك هێنـاوە و ئـەوە بـەمانای زەماوەنـدی مەحاریمـە و هـەروەها بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی کە پێوەندی پیروموریدی لە پێوەندی خوێشـك و برایـەتی و یـا کچـی خـۆت بوون چڕوپڕتر و قووڵترە.2

پێویستە بگوترێ لە کۆمـەڵگای یارسـاندا وشـەیەك بـەناوی ئیجبـار "بـە زۆر" بـۆ بـەجێ هێنـانی فـەرزە ئایینییەکان بوونی نییە و هەر کەسێك لە وەرگرتن و بەجێ هێنـانی یـان بـە جـێ نـەهێنانی فـەرزەکان و دەستوورە ئایینییەکان ئازادای تەواوی هەیە. کەواتـە هـەر کـچ یـان کوڕێـك مـافی ئـەوەی هەیـە لەگـەڵ خۆشەویستی خۆیدا، تەنانەت ئەگەر پەیڕەوی ئایینێکی تریش بێت، پەیمانی هاوسەری ببەستێت.

بەڵام ئاشکرایە کە "هاوسەرگیری" ناوخۆیی بە باشتر زانراوە و گەنجان بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هان دراون.

هاوسەرگیری و مارەکردن لە ئایینی یاری دا بەپێی سەرئەنجام، ڕێوڕەسمی تایبەتی بـۆ دانـراوە. لەوانـە "دۆعای پشت پەردە" یان دۆعای مارەکردن کە دەقەکـەی لـە سـەرئەنجامدا نووسـراوەو چـەندین خـاڵی گرینگی وەك چۆنییەتی هەڵسووکەوتی ژن و مێرد لەگەڵ یەکتردا گرتووەتە خۆی.

ئەم دوعایە دەبێ لەکۆبوونـەوەی "جـەم"دا لەحاڵێکدا کـە کچـەکە لـە پشـت پردەیەکـەوە دانیشـتووە، لەلایەن "پیر"ێکەوە بخوێنریتەوە.

یەکێکی تر لە نەریتـە بەرچـاوەکانی کۆمـەڵگای یـاری دوعـای برایەتییـە کـە ڕۆڵێکـی هـەرە گرینگـی لـە پتەوترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی یارسان دا هەیە.

لەم ئایینەدا بەدە ر لە دروشم و وتەی بـێ نـاوەڕۆك، ژن و پیـاو مـافی یەکسـانیان هەیـە، ئـەم یەکسـانییە بەتایبەت لە دەستنیشان کـردن و هەڵبـژاردنی هاوسـەردا ڕەنگـی داوەتـەوە، ژن نـە تـەنیا بـە شـەریك و هاوبەشی ژیانی پیاو لە قەڵەم دەدرێت، بەڵکوو وەك "یار"ێك پەیوەندییـەکی خۆشەویسـتیانەی تـەواوی لەگەڵ پیاودا هەیە و تەواوکەری کەسایەتی ڕۆحـی پیاوەکەیـەتی. پیـاو لـە هـزری یاریـدا تـەنیا لـە سـێ حاڵەتـدا مـافی ئـەوەی پێـدراوە بـۆ جـاری دووهـەم ژن بهێنێـت، یەکـەمیان خیانـەت یـا دزی لەلایـەن هاوسەرەکەیەوە، دووهەم مردنی ژنەکەی، سێهەم کاتێك کە ژنەکەی منداڵی نەبێ، واتە نەزۆك بێ.

ژنیش هەر بەم بۆنانەوە بۆی هەیە لە هاوسەرەکەی جیاببیتەوە و سەرلەنوێ شوو بکات[1]، هـەر ئەمـەش وایکردووە کە لەم ئایینەدا "فرە ژنی" پەسەند نەکرێ و ڕوونەدات.

ساداتی یارسان دەبێ تەنیا لە ناو توێـژی خۆیانـدا هاوسـەرگیری بکـەن و ئەگـەر بێتـوو سـەیدێك لەگـەڵ کەسێکی تردا، کە سەید نییە، پەیمانی هاوسەری پێکبهێنی، لە ئـایین دەردەچـێ. هـەروەها سـەیدەکان

---

1– کلام بیعت و تەبەی یاری.

بۆیان نییە لەگەڵ ئەندامانی ئەو بنەماڵانەی کە "سەرسپوردە"یان دەبن، ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە "حەرام" دەژمێردرێت[1] .کەلام دەفەرموێ:

موريد نەوازدێ جفت بوان بێ فەن          ئی جفتو جامە مەکردی پەسەن[2]

یەکێکی تر لەنەریتە هەرەگرینگ و پیرۆزەکانی ئایینی یارسان، پێکهێنان و بەشداری کردنە لە کۆبوونەوە "جەم".

بەپێی نامەی سەرئەنجام "جەمنشین" پێویستە بە لەشێکی پاك و خاوێن و دڵێکی بێ غەشەوە لە کۆبوونەوەکانی "جەمخانە"دا بەشداری بکات، چونکە هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد "پاکی" یەکێکە لە بناماکانی ئایینی یاری. بەپێی ڕێنوینییەکانی ئایین، پێکهێنانی جەم دەبێ بەم شێوەیەبێ: دابینکردنی "قوربانی" یان "نیاز"، بەشداری "سەید"ێکی "تەواو"[3] بەشداری جەم نیشانێك کە "جەوز"یان شکاندبێ و سەرسپوردەی ئایینی یاری بن. هەروەها سمێڵیان دەسکاری نەکردبێ و لە گەل بنەماڵەی سەیدێك دا پەیمانی هاوسەرییان نەبەستبێت و دوای بەستنی "کەمەر" و لەسەرکردنی "کڵاو"، ئامادەی کۆبوونەوەی جەم بن. پێویستە ئەم کەسانە پێش لە چوونە ژوورەوەیان بۆ جەم، کوڕنووش بەرن و لە دەستی ڕاستەوە دەستی هەموو جەم نشینەکان ماچ کەن و لە سەر دوو ئەژنۆ بچنە شوێنی دانیشتنی خۆیان.

پیر بنیامین دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| ئەمـــــر خواجامان بوان گەردەن لار | دوو کونەی زانو بگردێ قەرار |
| هەم سەر هەم کەمەر بووەسان وە زار | چە زێڵ بنالان چە پەروەردگار[4] |

"و. ئا. گاردولۆسکی" سەبارەت بە جەم نووسیویەتی: "ئەهلی حەق لە کۆبوونەوە نهێنییەکان دا کە شەوانە بەڕێوەی دەبەن، قوربانی دەکەن و بەپێی نەریتی خۆیان سفرەیەکی گشتی ڕادەخەن. گومانی ئەوە دەکرێ کە ئەم نەریتە لە "ئاگاپە" وەرگیرابێ، کە نەریتێکی پیرۆزی مەسیحییەکان بووە و لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو ئایینەدا زۆر باوبووە"[5] .

لە ئایینی یاریدا بۆ "سفرەی گشتی" پێویستە قوربانی یان "نیاز"ێك دابین بکرێ کە چەند جۆرە قوربانی یا نیازێك لەم ئایینەدا هەیە:

---

1– سەرچاوەی پێشوو.

2– پیدایش هەفتەوانە، 58.

3– سەیدێك تەوار یا مەرجە کە بەپێی دەستوری یاری ژنی هێنابێ و سمێڵی (شارب)ی تەوار و دەستکاری نەکرابێ و (پیر)ەکەی ناسراوبێ.

4– (کەمەربەستن) لە ئایینی میهر یا (میترائیسم)یشدا باوبووە. هەروەها لە ئایینی زەردەشتیدا کەمەربەستن بە (کستی) یا (کشتی) یەکێکە لە بنەما سەرەکییە پیرۆزەکان کە لەگەڵ (سدرە)دا بەکاردەهێنرێت. (زنار) بەستن لە ناو مەسیحییەکانیشدا باوە.

5– ئاگاپە: شەوی برایەتی مەسیحیەکان بووە کە هەموویان لە سەر سفرەیەك دادەنیشتن و پاروویان بۆ یەکتر دەگرت. بڕوانە اسلام در ایران، ص: 327.

1- "خزمەت" کە لە ساڵ دا حەوت جار لە سەر "یاران" فەرزکراوە و پیکهاتووە لە تەرخانکردنی یەك "مەن" برینج، چارەکێ ڕۆنی خۆماڵی، کەڵەشێرێك و یەك "مەن" نان و نیاز[1].

2- "نیاز" کە پێکهاتووە لە یەك "شاخە نەوات"، قەند، مێوژ، شیلان، لیمۆ، هەنگوین، خورما، هەنار، هەنجیر، ترێ، بەهێ، زەیتوون، بادام، فەندق، سرنج، تورنج و سێوی سوور یان زەرد.

3- "شوکرانە" پێشکەشێکە بۆ بەجێ هێنانی سوپاس و پێزانین و گەیشتن بە ئاواتەکان.

4- پێشکەشکردنی ئەو شتانەی لە قوربانی دەچن، وەك: کاڵەك، شەکەر، بادام، قاویت، خوێ، نان، برنج، ڕۆن و ماست.

5- پێشکەشکردنی ئەو شتانەی بە قوربانی دەژمێردرێن وەك: ماسی، جەوز، هەنار، گردە.

6- قوربانییەکان بریتین لە: گا، وشتر، پەز، پەزەکێوی و کەڵەشێر، کە دەبێ لە ڕەگەزی نێر بن و هیچ کەموکوڕی و نەخۆشییەکیان پێوەدیار نەبێ. هەروەها پێویستە تەمەنی کەڵەشێر کەمتر لە شەش مانگ و ئەوانی تر کەمتر لەساڵێك نەبێ. شێوازی قوربانیکردن بەم شێوە دەبێ: "سەید"ێکی تەواو "چەقۆکە" بە دوعایەکی تایبەت پیرۆزدەکا و سەری قوربانییەکە دەبڕێ و حەوت ئەندامی "حەرام" کراوی کە بریتین لە: زراو، ئەندامی نێری، تەحال، ڕیخۆڵە، ئێسکی شان، گوێچکەکانی دڵ و کرکراگەی لێ جیادەکاتەوە، کە لە کۆتایی سریمونیاکەدا لە شوێنێکدا چاڵی دەکەن و دەیشارنەوە. هەروەها مێشکی "گا"کەیش دەبێ جیابکرێتەوە و دوای خستنە ناو پەڕۆیەکی سپی لە کۆتایی "جەم"دا لە ژێر گڵدا بیشارنەوە. خزمەتکاری جەم "ئەوەڵ و ئاخر" دەڵێ و دەستی جەم نشینەکان دەشوات، سفرە و خوێ و نان و دوو جام ئاوی شەربەت دەهێنێتە ناو جەم و دوای ئەوەڵ و ئاخر وتن، سفرەکە دادەخا و قوربانی یا نیازەکە دەهێنێتە خزمەت جەم و بەدوعا پیرۆزی دەکەن.

سەید دۆعای تێخ دەخوێنێ و سەری قوربانیەکە بەرێزێکی تایبەت دەبڕێ و حەفت بەشی حەرامی لێ جودا دەکا پاش تەواو بوونی جەم لەژێر خاك چالیان دەکا کە ئەو حەوت بەشە بریتین لەمانە: زهرە، نێرینە، تاڵ، ڕێخۆڵە، پێشەی شان، لینچك و سووچەکانی دڵ، خرمووتك و... جگە لەمانە مێشکی گاکەش لەناو پارچەیەکی سپی دەپێچن و لەدوای ڕێورەسمی جەم لەژێر خاکی دەکەن. خادیمی جەم وتەی هەوەڵ و ئاخەر دەڵێ و دەستی جەم نیشان کە نابێ لە حەوت کەس کەمتر بن دەشۆرێ، خوان، خوێ و نان و دوو کاسە ئاو شەربەت "ئاوی چەرخ" دێنێتە جەم و خوانەکە پاش گوتنی وتاری هەوەڵ و ئاخر بڵاو دەکات، قوربانی یا هەمان نیازەکە دێنێتە خزمەتی جەم و دۆعای دەداتێ.

---

1- ئەڵبەت لە (کەلام)دا تەنها بە یەك خزمەت ئاماژە کراوە کە بریتییە لە (خزمەتی پادشایی ئەییام)، بەڵام هەر لە کۆنەوە بەجێهێنانی حەوت جار خزمەت لە یارسان باوبووە. هەروەها لەکەلامدا ئاماژەیەك بە بڕی ڕۆنەکە نەکراوە و پێشکەشکردنی چارەکێ ڕۆن دواتر پەسەندکراوە.

بەڵام سەبارەت بە بەجێ هێنانی خزمەتەکان و کاتی دیاری کراوێك کە سەرئەنجام و گوتارەکانی‌تری یارسانی باسی لێوە دەکەن گوتاری گەڕی بەرزەنجەیە کە ئاماژە بۆ شەوی پاشایەتی ڕۆژگاری مرنۆ دەکا کە یارسانیان دەبێ خزمەتێك ئەنجام بدەن. گوتاری گەڕی قوڵتاس کە ئیشارە بە خزمەتی میرئەسکەندەر دەکا و هەروەها کەلامی قووشچی ئوغڵی کە ئاماژە بە حەوت خزمەتی ڕۆژگاری قوڵتاس دەکا، ئەم حەوت خزمەتەش هەر لەکۆنەوە لای یارسانیان بەجێ دەهێنرا.

جەنابیان دەفەرموێ:

قولطاسی میچه سی اوچ گون اورج دور/اون دایدی خدمت خدمت مندور

واتە مەنزەڵەتی ڕۆژگی قوڵتاس سێ ڕۆژ ڕۆژگە کە لەو ڕۆژانە حەوت خزمەت ئەرکە لەسەرشان کە منیش ئەو حەوت خزمەتانەم بەجێ هێناوە. ئەم حەوت خزمەتە لەڕۆژانی قوڵتاس بەم شێوە هاتووە: 1- خزمەتی پیربنیامین لە شەوی هەوەڵی هەڵهاتنی مانگ لە سەرەتای ڕۆژگی قوڵتاسی بەناوی جەمال مانگ 2- خزمەتی میرئەسکەندەر لە شەوی هەوەڵی ڕۆژانی قوڵتاس 3- خزمەتی شەوی دووهەمی ڕۆژگی قوڵتاس کە هی حەزرەتی موستەفایە. 4- خزمەتی شەوی سێهەم کەهی ڕۆچیارە 5- خزمەتی شەوی چوارم دەورە ڕەمزباریەکە بە خۆشەویستی پیری ڕەمزبار 6- خزمەتی شەوی پێنجەم خزمەتی پاشایەتیە کە لەڕۆژی جەژنی یاران بەجێی دەهێنن 7- خزمەتی شەوی ئاخری مانگی ڕۆژانی قوڵتاسی کە بە خۆشەویستی پیرمووسایە. ئەمانە حەوت خزمەتی ڕۆژانی قوڵتاسە کە قووشچی ئوغڵی ئاماژەی پێ دەکا. کەوابوو بەپێی گوتارەکانی یارسانی هەشت خزمەتی واجیب هەیە کە یەکیان خزمەتی پاشایەتیی شەوی ئاخری ڕۆژانی مرنۆ یا خاوەندکاریە و ئەو حەوت خزمەتەکانی ڕۆژانی قوڵتاس. بەڵام لەگۆر بەڵگەکانی شیفاهی و ڕەوایی هەر لەکۆنەوە دووخزمەتی‌تریشیان بەجێ دەهێنا کە خزمەتی بەهارانە لەکاتی ڕۆژانی هەوەڵی بەهارە کە بە خۆشەویستی داوود و دووهەم یان پاییزانەیە کە بەخۆشەویستی پیرمووسا بەجێ دەهێنرا.

یەکێکی تر لەنەریتە گرینگەکانی یاری، نەریت و سیریمونیای "جەوز" شکاندن و "سەرسپوردە" بوونە، کە بە مانای تەسلیم بوون لە هەمبەر ئەو چارەسەرییە کە بۆی دەستنیشان کراوە.

لەڕاستیدا هەر کەسێکی یارسانی بە جێ هێنانی سیریمونیای سەرسپوردەی "سەرسپاردن" ناوی خۆی بۆ شەهید بوون لە ڕێگای حەقیقەتدا تۆمار دەکات.

هەر خێزانێکی یارسانی کە منداڵیان دەبێت، پێویستە سیریمونیای سەرسپوردەی بۆ بە جێگابهێنن تا منداڵەکەیان بێتە ناو ڕیزی "یارسان"ەوە.پێداویستییەکانی ئەم سیریمونیاە بریتین لە: 1: گرتنی پەیڕەو "دەلیل" واتە گەواە بۆ منالەکە لەو بنەماڵەی کە باوکی منداڵەکە سەرسپوردەیان بووە 2: یەکدانە جەوز "بوا" سالم. 3: قوماشێکی سپی کە درێژایی و پانییەکەی لە یەك مەتر کەمتر نەبێت. 4: نیاز کە بریتییە لە برێك نەوات. 5: قوربانی خۆماڵی و کەڵەشێرێکی بالغ. 6: برێك پارەی دراوی وڵاتەکە. 7: سکەی محەممەدی، کە ئەم جۆرە سکەیە بۆ بەکارهێنانیان لەم سیریمونیا لای

پیرەکان هەیە. 8: چەقۆیەك بۆ بڕینی سەری جەوزەکە و جنینی 9: دەفتەر بۆ خوێندنی دوعای جەوز و دانانی لە شوێنی سیریمونیاکە، وەك هێمایـەك لـە دەفتەرەکـەی پیرمووسـا. 10: کلووچـە "کـولێرە"ی ڕەمزبار.

دوای دابینکردنی ئەم پێداویستییانە و داخستنی جـەم، پـەیڕەو و دەلیـل لـە جەمـدا حـازردەبن، ئەگـەر بەهەر هۆیەك کەسێکیان نەهات، پێویستە نوێنەرێك بۆ خۆی دەستنیشان بکات و نوێنەرەکەی لەجەمـدا ئامادەببێت.

دوای ئەوە "جەم" دەبەسترێت و ئەو کەسەی کە "جەم"ـەکە بۆ ئەو بەستراوە "باوکی منداڵەکە" نزیـك دەرگایەك دەوەستێت وئەگەر منداڵەکە تەمەنی کەمتر لـە چـل ڕۆژ بێـت، وەکیلێکـی بـۆ هەڵدەبـژێرن تـا سیریمونیاەکە بە جێ بهێنێت.

دوای ئەو پیر "سەرجەم نشین" دوعـای جـەوز کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە دەخوێنێتـەوە و لـە شـوێنە خالییەکان ناوی کەسەکان دادەنێت:

حەزرەت خاوەندگار، شەهسەواری پردیوەر، سوڵتان سالار، جەوز سەر...... کە وێش یا وەکیلش........ نەجەم حازرەن مەشکندی وەشایەتی جەم و جەم نشین، زەمین و ئاسمان، لەیل و نەهار، لەوح و قەڵەم، عـەرش و کورسـی، پـیر ئـەزەڵی حـەزرەت پیربنیـامین، پیرتـەخت و پیشـوای بـاتنی...... پیرئیرشـاد و زاهـیر.... دەلیـل ئـەزەڵی یـار داوود کەوسـوار لـە وەکیلـی داوود دەسـتگیری بـاتنش...... دەلیـل زاهیرش...... یاوە وەکیلی زاهیر........ حازر نە جەم وە شەوت و ئیقرار یاران لە مەڕنو لە قەوڵ و بیای یاران لە شندروی، لە ئی جەمە تێغ وە عـەوەز کـەیبرِ و زولفـەقار، بشـقاو وە نییـەت سـاجنار، جـەوز وە نییەت بنیامین، سـکە وە نییابـەت داوود، کـەلام و بیـازی یـاری وە نییـەت پیرموسـی، گـردە وە عیشـق ڕەمزبار، قوروانی وە یادی ئەحمەد نازدار وە جای سەری یار، نەوات وە نییابەت ڕۆچیار لە پەیڕەوی دین و شەرت ئیقراری حەقیقەت، قیبلە پردیوەر، خودا سوڵتان سەهاك، لـە قـەتار خانـدان...... هـو ئـەوەڵو ئاخر یار.

## هونـە ر ومـوزیـک

موزیك لە ئایینی یاری دا بایەخێکی هەرە زۆری پێدراوە. ئەڵبەت نابێ لە بیربکـرێ کـە هونـەری موزیـك هەر لە دێرینەوە لە ناوچەی زاگرۆس و دەشتاییەکانی ئێراندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و لەلایەن زۆربەی ئایینە کۆنەکانەوە بایەخی پێدراوە. "دانیلو" لەم بارەوە دەلیت: دەشتاییەکانی ئێـران و دۆڵـی فـوڕات، ناوەندی فەرهەنگ و شارستانییەتی مووسیقا بـووە و بـێ بۆشـایی و لێکـدابڕان، درێـژەی پێـدراوە[1]. بـۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەناوی چەندین ئامێری مووسیقا و مەقام و گۆرانی و هۆرە بدەین، کە لەکۆنەوە تا هەنووکە بەکارهێنراون، وەك: نای یا "ئۆبوا" کە لە "سوومەر"ی کۆن دا بە کارهاتووە و نموونەیـەکی

1– دائرە المعارف موسیقی، فاسگل.

لێ دۆزراوەتەوە. هەروەها دەتوانین ئاماژە بە "هۆرە" بکەین کە مێژوویەکی زۆر دووردرێژی هەیە و زۆر کەس بە کۆنترین نموونەی ئاوازی ناوچەی زاگرۆسی دەزانن. هۆرە تایبەت بووە بە ستایشی "ئەهوورامەزدا" و کوردەکانی پەیڕەوی ئایینی ئاسمانی زەردەشت بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەهوورامەزدا یان لە کاتی وەفاتی خەڵکدا، بەکاریان هێناوە. هۆرە بەگشتی لە ناوچەکانی گۆران، سەنجابی، قەڵخانی، کەڵەڕ و هەندێ شوێنی تردا، باوە. هەندێك لە مەقامەکانی هۆرە کە لەگەڵ مەقاماتی مەجلیسی تەنبوریشدا یەك دەگرنەوە، بریتین لە: بان بنەیی، بنیری چڕ، دوودەنگی، باریە، غەریبی، سارۆخانی، گەلەوەدەر، پاوەموری، قەتار، هیجرانی، مەجنوونی "لاوای لاو" سەحەری، تەرز ڕوستەم، هەیلاوە و هۆرەی لایلایی دایکان[1]. دەروێشەکانی "قادری"یش بە سۆزێکی تەواوەوە هۆرە دەچڕن، کە ڕەنگ و بۆی عیرفانی پێوە دیارە.

"موور" یا "مویە"ش جۆرێکی ترە لە هۆرە کە لەکاتی مەرگ و پرسەدا دەگوترێ. هەروەها "سیاچەمانە"ش جۆرێکی تری هۆرەیە کە "شێخانی"شی پێ دەگوترێ. نابێ لە بیربکرێ کە هێرشی عەرەبەکان و دژایەتی ئەوان لەگەڵ فەرهەنگ و هونەری ئێرانیدا، بووە هۆی لاوازی و پاشگزبوونەوەی هونەری مووسیقا.

دەگێڕنەوە لە سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران، زۆربەی مەقامەکان و نەغمەکانی پارسی وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی. لە کتێبی "الاغانی"دا ئاماژەی زۆر کراوە بەوەی کە عەرەب زۆر حەزیان لە مووسیقای پارسی بووە. هەر لەو سەرچاوەدا ئاماژەکراوە کە "سعید بن مسجع" کە یەکێك بووە لە ژەنیارە بەناوبانگەکانی عەرەب لە سەردەمی مەعاویەدا، گوایە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی لە مووسیقای ئێرانی وەرگرتووە[2].

مووسیقای مەقامی ئەهلی حەق، کە پێشینەیەکی دێرینی هەیە، بەئامێری "تەنبوور" لێدەدرێ. گومانی تێدا نییە کە ئەم ئامێرە لە زۆربەی ئایینە ئێرانییەکاندا بەکارهێنراوە و پیرۆز بووە[3]. تەنبوور لە سەرچاوە کۆنەکانی ئێرانی پێش ئیسلامدا، وەك درەخت ئاسووریك، بوندەهش، کارنامە ئەردەشیر بابەکان و نامیلکەی خسروقوبادان و ...... دا ئاماژەی پێکراوەو "ئیبن خوردادبە" لە سەدەی دووهەمی کۆچیدا وتوویەتی ئەم ئامێرە لە ناوچەکانی شاری ڕەی و تەبەرستان و دەیلەم زۆر بە کار دەهێنرا و لە واقیع دا ئێرانییەکان تەنبوور بە پلەیەکی بەرزتر لە ئامێرەکانی تر دەنرخێنن[4].

هەروەها "مەسعودی"یش لە "مروج الزهب" دا نووسیویەتی: ئەم ئامێرە لای ئێرانییەکان لە سەرەوەی ئامێرەکانی ترەوە دادەنرێت.

---

1- پژوهشی درباره ترانەهای کردی، فاروق صفی زاده، ص: 184.

2- دو قرن سکوت، عبدالحسین زرین کوب، ص: 123.

3- زمینه شناخت موسیقی ایرانی، فریدون جنیدی، ص: 114.

4- مجله موسیقی، شماره 74، 73 بهمن و اسفند، دەرە سوم.

ئەم ئامێرە دوای هێرشی عەرەبەکان و بە ئیسلام بوونی جەماوەر، تەنیا بە دەست ئەو ئێرانییانەوە مایەوە کە ئایینی کۆنی خۆیان پاراستبوو و "جەزیە" یان بە موسوڵمانەکان دەدا.
بەڵام شاخۆشینی لورستانی ئەم ئامێرەی زیندوو کردوە.
شاخۆشین لەشکەرێکی بوو کە بە سوپای نۆسەد نۆسەد ناو بانگی دەر کرد بوو و هەر دەستەیەك لەو سوپایە ئامێرێکی دەژەند کە شاخۆشین تەنبووری وەك ئامێری تایبەتی خۆی هەڵبژارد و لەو کاتەوە بە ئامێری شاخۆشین ناوی لێ دەبردرێت.
بەکورتی دەتوانین موزیکی کوردی بە دوو دەستە دابەش بکەین: یەکەم مووسیقای دێرین کە بە ناوەکانی: هۆرە، موورە، سیاچەمانە، چۆپی و مووسیقای "ئایینی– سەماعی" ناوبانگیان دەرکردووە و بەگشتی لە سەر شیعری دەهیجایی دانراون. دەستەی دووهەم بریتین لە مەقاماتی: سەمەد لەچکی، ئەڵلاوەیسی، کووچەباغی، سەمەد مسگەریی و ئەو گۆرانییە میلۆدیکانەی کە لە سەر شیعری هیجایی و عەرووزی دانراون.
هەروەها مووسیقای تریش باوە کە پیێ دەگوترێ "بەیتبێژی" کە گومانی ئەوە هەیە لەگەڵ "گاتەچڕی" یا "گاتە بێژی" یەك بگرنەوە. موزیکی لای ئەهلی حەق بە سێ بەش دابەش دەکرێ کە بریتین لە:
بەڵام مۆسیقا لای ئەهلی حەق سەبەشە:

1– گوتار کە زۆرتر لە72جۆرە و جگە لە جەم خانە لە شوێنێکیتر ناگوترێ کە مەقام و زیکر لەخۆوە دەگرێ و لاپەرەی ئەم بەشە داهاتووە.
2– مەقامگەلی بەزمی کە لەگەڵ زۆربەی مەقامگەلی هەورە یەکێکن، ئەم مەقامگەلە بە لەبەرچاوگرتنی پڕەنسیبەکانی مەعنەوی لە دەرەوەی جەمخانەش دەگوترێنەوە کە بریتین لەمانە:

1– خانەمیری 2– سارۆخانی 3– سەحەری 4– قەتار 5– جلۆشاهی 6– جەنگەرا 7– گوڵ وفار 8– گەلە وەدەرە 9– سەماع 10– بایە بایە 11– سوار سوار 12– مەجنوونی 13– هیجرانی 14– ئەڵلاوەیسی 15– باریە 16– تەنەمیری 17– پاومۆری 18– پاتەرز 19– دوو واڵا.

3– مەقامگەلی مەجازی کە نەغمەگەلی عیرفانی لەخۆوە دەگرن.

لە نووسراوە کۆنەکانی یارسانی "سەرئەنجام" زۆرتر لە 550جار لەساز و ئاواز ناو براوە.
شاخۆشین لوڕستانی گرووپێکی بەناوی نۆسەد نۆسەدە هەبووە کە هەموویان ژەنیار بوون، لە پێك هاتەی گرووپی سوڵتان ئیسحاقیش حەوت سازچی و حەوت بێژەر وەکوو ژەنیار و گوتارخوێن ناو براون، هەروەها ناوی زۆرتر لە شەست جۆر ساز لە سەرئەنجامدا هاتووە کە لە سازەکانی ناوچەی کوردستان بووگن، بەم نەزمەن:

1– تەنبوور 2– عوود 3– قیتار 4– سوڕنا 5– ناقووس 6– مووکەش "کەمانچە" 7– تار 8– سەنتوور 9– چەنگ 10– نای 11– دۆڵ "دهۆڵ" 12– دوکمە 13– نەفیر 14– بلوێل 15– شەبیپوور 16– قامقوور 17– قانوون 18– شووتان 19– زەمار 20– شمشاڵ 21– مۆرە 22–

تـەپڵ 23- دەف 24- سـەنقەرە 25- قرِنـا "قەرەنـەی" 26- سـوورژەن 27- جـەبار 28- قووقوو 29- سـەم تـوورا 30- کـوورەنگ 31- زیـل 32- بـوورك 33- دەمـار 34- پـوورەنگ 35- دوومبـەك 36- مووسـیقار 37- چـەقوانە 38- ئـاواز 39- قیـژەك 40- سـی تـار 41- قوپووز 42- تاس 43- کەرِنا 44- دووزەلە 45- دوو تەپڵـە 46- تووتـەك 47- زەنـگ 48- شاخ نەفیر 49- روود 50- باڵەبان 51- کینـارە 52- سـەفیر 53- دایـەرە 54- مزمـار 55- گاودۆم 56- چەغانە 57- چاپار 58- تیریاڵ 59- کووس 60- شـانە 61- ئەرغـەنوون 62- گیرە 63- قەمتوور 64- رەقاز2

کە ئەمە خۆی نیشان دەری ڕێزی زۆر بۆ هونەر و رۆحی واڵای ئینسان لەم ئایینە دایە. هـەبوونی زیکـر و مەقامگەلی تەنبوور کە مێژووی برِێکیان بۆ سەردەمی کەونار دەگەرِێتـەوە ئـەوە پشـت راسـت دەکـا کـە هونەر لەم ئایینەدا خاوەنی پلەوپایەی و جێگای تایبەتی خۆیە: ئەم زیکر و مەقامگەلە هـەموویان بـەدوو کۆك ئیجرا دەبن، یەکیان کووکی شێخ ئەمیری "سۆل" و ئەویتر کووکی تەرز"فا". هەڵبەت کووکێ کی- تر هەیە بەناوی کووکی تورکی کە جگە لە چەند زیکـر کارکـەردێکی دیکـەی لەسـەر تـەنبوور نییـە. ئـەم مەقام و زیکرگەلە هەرکامیان رەوایات و شەرحی حاڵی تایبەت لە زەمانگەلی جۆراوجۆر لە گەرِگەلی سەر هەڵداندا بەیان دەکەن کە بێ بەڵگەی کەلامی و مێژوویی نین کە هۆکاری ئیجابی ئەوەش دەگەرِێتەوە بـۆ هۆکارەکانی رووداو ئەوشـتەی کـە رووی داوە کـە چـی هـەبوونی زیکـرووتنی لـە جەمخانـە بـە مەبەسـتی خولقاندنی شۆر و هەیەجانی حەقانی پێویستٍ بە بوونی پشتوانەی کـەلامی و گوتـاری لـە گەرِەزاتیـەکان هەیە. دووایین زیکرو مەقامی ئاماژە پێکراو لە یایینی یارسانی هی گەرِی زاتی سەید براکەی گۆرانە.

1- بابا فەقي
2- قەتار
3- کاکا ردائي
4- سارووخاني
5- خان ئەميري
6- سەماع "سەملي"
7- سوار سوار
8- سەماع "سە جاران"
9- جلەوشاهي
10- سەماع "بال وەشان"
11- بايەبايە
12- سەماع "سەماع"
13- گلەوەدەرە
14- هيجراني
15- جەنگەرا
16- سەحەري[1]
17- بابا سەرهەنگي
18- گولَ وەخار
19- بابا جەليلي
20- تەرز[2]
21- شا خوەشيني[3]
22- خاموو شەگيان
23- تەنەميري
24- ئاتەش بەگي
25- بابا ناوسي
26- عابەدينە[4]
27 - باريە
28- شێخ ئەميري
29- پا تەرز
30 - پا وەموري
31- مە جنـووني "لاواي لاو- ليلي مجنووني"
32 - لاو هەي لاو
33- ها ها ها
34- بەلَيَ ها ها ها[1]

---

2- کـە سـە نـوع مـيبـاشد: 1. سـەحـەري پـرديـوەري 2. سـەحـەري سـەيـد خـامـوش 3. سـەحـەري هـەي داوود

3- کـە سـە نـوع مـيبـاشد: 1. تـەرز يـاري 2. تـەرز گـوران 3 . تـەرز روستـەم

4-کـە دو نـوع مـي بـاشد

1- کـە بـە دو صورت اجرا مـي شود: 1. روايـت گـوران 2. روايت صحنـە

35 - ئەلوان    36- دوو والا

37- الله ويسي    38 - هـەي داود "سەنگـين"

39- هەر وا بووە هەر وا دەبێ

40- هـوو هــوو هـوو هوو هوو يـار    رەهـــبەر داود زامـــن دار

41– هـــەي گـــيان    هـــەي گـــيان

42– هـــاي بلە شێتە گيـان بلـــە شـێتە    خـــاك زەردەگــڵ زاتـــش هامێتە[2]

43- سـاحل ئەي سـاحل ساحلێ دەكـەم    عـالەم تەمامێ قوربـانت دەكـــەم

44 – هـــەي ئيمـــانم يـــار    هـــەي رەنگـــينم يـــار

45 – چـــلتـــەن چـــلانەچـــلانە    شـــا شـــا مـهمانە چـــلانە

46 – پـــەنجــە رِەژانەيـــا رەزبـــار    جـــەم باڵ وە شـــانە شـــا رەزبار

47 – عـــەلي هـــوو هـــوو هـــوو    مــــەولام هـــوو حــــەق حەق

48 – واڵـــە وێتـــانە واڵـــە وێـــتانە    عشـقي حــەق وە سـەر شيـَت و وێتانە[3]

49 – خـــواجاي غـــوڵامـــان گيـــان    يـــار داود ئامـــان گيـــان

50 – عـەيد يـــارانـــەن حـــەق و حـــەق    رەحمـــەت وارانـــەن حـــەق و حەق

51– ســـوڵتان ســـەرجـــەم هـــوو هـــوو    زاتـــش وەجـــەم هـــوو هـــوو

52– فـــاني فـــاني مـــەن يا مـــەولا    فـــاني بتـــاڵـــەن يـــا داود

53 – فـاني فـاني مـەن داود گيـان    هـەر حەق باقي يـــەني داود گـيان

54 – دونيـــا فـــانييـــەن داود گـيان    هـەر حـــەق باقييـــەن داود گيان

55 – هـــەي    داود    گيـــان    داود

56 – هـــەي داود حـــەق گيـــان داود    ديـــن داود ئيمـــــان داود

57– هـانـــاي فـــريـــادرەس داود    وەو بێ كـــەســـان كـــەس داود

58 – يـــارســـان دەور دەوري يـــارە    يـــارســـان مــــەولام ســــوارە

59 – هـاي دەروێش دەروێش ئيمانم دەروێش    ئـەز وە فيـدات بـام پـا بنـەر وە پێش

60 – حەق حەق و هوو هوو هـەي ئاقاي جافم    قونـرەي سـەر تافان يـار بێ گەزافم

61 – لامي هـــەي لامي سـەر وەشـەن لامي    شـاي خاوەنـدكـــار پيـــرش بنيامي

62 – حــــەقەن حەقـــەن هاي حـــەقەن    مــــەولام حـــەقـــەن شـام حـەقەن

63 – ئامـان سەد ئامان عـــەلي وەو ئامـان تۆ    يــە دەس مـنە عەلي وە ئـەو دامـاني تۆ

64 – مـــوشكل گـــوشـايي يـــا عەلي    رەهـنماي راهـــــي يا عـــــەلي

65 – سوڵتان خۆش هاتي "گيان گيان" نوير وە پاتەوە    دەواي دەردەكـەم "گيـان گيـان" هـا وە لاتەوە

66 – خوەت حەق زاتت حەق مەقامت حـەقە    ئيسمـــت ئـەعزەم ئـــەو زاتت مـوتڵەقە

67 – تـاللـە سـوارەن كاوەم ئـەي وە نەهوو    باقي پەس ياران گيان گيان ئەي وەنەهوو

68 – عالي گورز وێـش ها وە دەســـەوە    مـــەياوێ وە داي فرّەي كــــەسەوە

69 – جـــەشن و زەمـــاوەني يارانە    يـــارتي ســـەييد مـــوحەممەد ئامـانە

70 – حـــەق دين حـــەق دين حـەق دينە    ســـوڵتـــان ســـەرجـــەم نشـــينە

71 – هـەي ديـدەكاني رەژيـان داڵاهـوێ    وەســـتەنش وەنـــە شـــاهوێ و بالاموێ

72 – داود ژەكويرەي كەوسەر وەردەن تـاو    خـــواجاي بنـــيامين هـەر وێشەن ئافتاو

73 – يـار ديـدەكاني بـيان ئـــەو ياري    بـــەيوێ يـار داود نيشـانـــش باري

74 – تـەللـە ســوارەن يـــا عـــەلي    ســـەردار يـــارەن يـــا عـــەلي

75 – دەيـــار دەيـــار هاهـــاها دەيـار حەقەن خاوەندكـــار هـــاهـــاها دەيار

76 – ئامـان ســـەد ئامان شاي كـەرەمداران    كـــەرەم خەيرێ كـــەر وە حال ياران

77 – زەوق زەمـــاوەن ســـوڵتـــانـــە    بـــاڵ وە شـــان جـــەم ميـــردانە

78 – ســـوڵتان ديـــنەيا عـــەلي يا عـەلي    پير بنـــيامينـــەيا عـــەلي يا عـــەلي

79 – هـــەي ديـــدەكاني يار ديدەكاني    پيـــرو پـادشـــا وە خـــەير بيـــاني

---

3- كاكه يي هاي عراق اين ذكر را به اين شكل مي خوانند: ئەي بلە شێتە ناوسە ش

4- بر روي همين گام (**دەيار دەيار هاهاها دەيار** **رەنگينم يار**
**هاهاها دەيار**) نيز آمده و به دو روايت صحنه و گوران اجرا ميشود.

80 – یار دیدەکاني بنیامین سازە پیرموسي سیم و داود ئاوازە
81 – لاوە لاوەمەن ئازیزم لاوە چەي زاریت میَردان گرد تاویاوە
82 – شاي رۆشندلان مەولاي عادلان مەولاي عادلان شاي رۆشندلان
83 – سەردا نە راي حەق تەیموور دین تەیموور ئیمان تەیموور
84 – هەي وە یار هەي وە یارەکەم یاري میهرەبان کەرەمدارەکەم
85 – وە قووروانت بام شاي هەوراماني خوداي حەقیقەت دینو ئیماني
86 – عەلي عەلي هوو مەولام عەلي هوو دەسم وەدامان پیر بنیامین بوو
87 – ئامان یا داود دەخیلم یار تا مەیلت نەبوَ بار نمان بار[1]
88 – تەبلَي یار داود ژەنیایە ریشەي شەکاکان کەنیایە
89 – هەي دەباو دەباو عازیزم دەباو خەیلیَ خوەش هاتي پات وە باني چاو
90 – عەلي عەلي عەلي عەلي مەولام عەلي عەلي عەلي
91 – هەي دیدەکاني دەور گیَلَوَ باقي جەمي مەستانەن بنیامین ساقي
92 – یار دیدەکاني شا مەیوَ شا مەیوَ پالاش وە دیدەم با بەیوَ با بەیوَ
93 – یار دیدەکاني وەشي وەشەن وەش بەشکەر بنیامین بەش مەکەروَ بەش
94 – یاردیدەکاني چ وەشەن یار مەیوَ گیان مزگان مزگانەن خاوەندکار مەیوَ گیان
95 – جەم نیان دوسان ئەو یانە حەق شەم و میَردان پەروانە
96 – یاران مزگاني حەیدەرەن مەیوَ ئاوازي فەتاح کەرەن مەیوَ
97 – یا سولَتان ئامان ئاگرم داي دەیشتي هەورامان وەوەرم داي
98 – هەي یاري یاري ئیمانم یاري ئەز وە فیدات بام باش کەمانداري[2]
99 – گیان سەیید موحەممەد بەر ئەو دیواني گیان نازش رەوا هەن پەي یارساني
100 – هەي دیدەکاني سەیید موحەممەد یارەن سەییدموحەممەدسەرەي هەفت خاندانەن
101 – یا شا ئیبراهیم شاي بوزە سوار ئومیدواریم وە یاري یادگار
102 – گیان خواجەي غولامان هاها کاوەم هەي یار داود ئامان ها ئەو بەلي
103 – یا زات حوسەین ساقي چلانە جاگەي ئیلتجا خیَش و بیَگانە
104 – عەلي گیان عەلي گیان عەلي گیانيَ گیانان
105 – خواجەي بنیامین یا عەلي یا عەلي دین و دونیامین یا عەلي یا عەلي
106 – دۆس بژەن بژەن بەرزەمليَ جەمي راسانە یار نە دليَ
107 – یاران مزگاني شا مەیوَ زەنگان وەر مەدەي چادر پەريَ یەکرەنگان
108 – یار دیدەکاني حەقیقەت دینە حەقیقەت جەمالَ پیر بنیامینە[3]
109 – سولَتان مەردان یا عەلي یا عەلي شەفاي کولَ دەردان یا عەلي شا عەلي[4]
110 – زەمەو زەماوەني مەکەریوَ چەي ئەرك نوینە دەستي بەر ئەو زەماوەن ئەز مەرِۆژینە

111 – زات یار داود حازرە وە جەم خوەش وە حال کەسيَ دیدەنش وە چەم
112 – تەیموور یار رەنگینە داود کەمەر زەرینە
113 – شاهوَ شندروي جاي رەزم میَردان پەنامان سولَتان پردیوەر مەکان
114 – یار عەلي مەولا عەلییە پادشاي هەورامان عەلییە
115 – بالَ وەشان کەن سولَتان ئاما گیان قوروان کەن سولَتان ئاما
116 – عالي قەلَەندەر شەهید راگەي یار جامە وە جامە سەردا وە ئیقرار

1- این ذکر به این شکل نیز آمده:
یار هاناي یار داود دەخیلو یار تا
مەیلي حەق نەو بار نموَ بار
2- بر روي همین گام ذکر دیگري عنوان ميگردد که به این شکل ميباشد:
هاي تەیموور تەیموور ئیمانم تەیموور ئەز وە
فیدات بام ئیبراهیم سوور
1- بر روي همین گام ذکر دیگري به این شکل عنوان ميگردد:
یار دیدەکاني بنیامین پیرە
پیرموسي وەزیر داود دەستگیر
2- بر روي همین گام این ذکر نیز اجرا مي شود:
یار دیدەکاني شا مەیوَ شا
مەیوَ پالاش وە دیدەم با بەیوَ با بەیوَ

117 – عـەلي عەليمـەن"حـەق" عـەلي زەروورەن "حـەق"     عـەلي حـارزەن"حـەق" ديـدەي مـەن كـوورەن "حەق"
118- شـــادي هەي شادي يـارسان موبارەك شەب
عەيدێ يارانەن يارسان موبارەك شـەب مـوبارەك شــەب
119- عەلي هوو حـەيدەر مـەدەد مەولام هوو هوو   يا شاي پرديوەر مەدەد مــەولام هــوو هوو
120- هـەي گـــيان هەي گيان هەي ديـدەگيانە    پيـــرم بنيـــامين خــــودام سولَتانە
121 – شـــاي دين ئيسحــاق رەنگين ئيسحاق    هــوو هــوو مـەولا حەق حـەق ئيسحاق
122 – عەلي عەليمەن يا مـــەولا يا علي كەي بۆ يا عەلي  شاخەي سەرمەسان يـا عـەلي بـەن بۆ وەشاهۆ يـا مەولا
123 – هوو يا شاي مەرعەب كش حەقدەر ژەخەيبەر كەن   تۆ سـەلمان وەدەس يـا مـەولا هوو شير رەهـات كەردەن
124 – هەي ياران مزگاني عـەلي ئاما پيشخانە    وەختــەن پەيدا بـۆ عەلي سـاحب زەمانە
دينم دينە شام خوەشينەشاد باي شادم كەردەني    وە پاي شنـدركـۆ عەلي فـەيزم دادەنـي
125 – زەمزەمەي زينت باوەرين وەوير ياران شوكر مەولامـان هات
بژەنيم وەعشق زات شيخ ئەمير ياران شوكر مەولامان هــات[1]
126 – جەم چلانەداود مەس و مەي نۆشەن داود    يەكي وەنشان داود عابدين چـاووشەن داود
127 – ياران وە بــاتن وەش دەنگێ مـەيۆ    سداي هەي دەيار سەرهەنگێ مـەيۆ
128 – تەبلَي جاودي يا حەق ئيسحاق چەي مەر ژەنياوەيا حەق ئيسحاق
ريشەي شەكاكان يا حەق ئيسحاق چەي بەر كەنياوە يا حەق ئيسحاق
129 – چلانە مەس حـــەق چلانە مـەس    حەقـــشان وە دەس چلانە مەس
هــەر چـل بييەن پێوەس چـلانە مەس
130 – سولَتان مەردان يا عەلي حەق يا عەلي هوو يا عەلي
شەفاي كول دەردان يا عەلي حەق يا عەلي هوو يا عەلي
131 – وەقـوربـانت بـــام شـــا يادگـــاري    ئامان و دەخـيل ســـەوز پـــۆش گيان
مـــەنزور و مەقـــسوود خاوەنـدكـــاري    ئامان و دەخـيل ســـــەوز پۆش گيـان
132 – آقـــا يـــا داود    ســـن ســـــن يــــا داود
133 – حـــەق سولَتـــانەگـــيان ســـولَتانە    رحم ايلەسن يارسـانەمن سنە قربان سلطانە
134 – هەي ياران شـــوكر مـــەولامان حەقە [2]
135 – تەيمـــوور گيان ســداي كەلامت نييە
136 – پيرم حەق دەور پيرم حەق دەور پيرم حەق

## يـــارسان دوای پـردیـوه ر

**هەروەها کە پێشتر باسمان کرد، دوای سەردەمی یەکەمی پردیوەر ، دەورەی زاتی شائیبراهیم لە بەغداد و بابـا یادگـار لـە دالاهـوو و هندوسـتان لـە گـەڵ یـارانێکی وەك قووشچـی ئۆغلـو، بـۆ ماوەیـەك لـە عەرەبستانەوە تـا هیندوسـتان، ڕێبـەری کۆمـەڵگای یارسـانیان کـردووە. هاوکـات لـە گـەڵ سـەرهەڵدانی شاوەیس قولی و دەستپێکی سەردەمی دووهەمی پردیوەر، کومـەڵگای یارسـان تـا ڕادەیـەکی زۆر گەشـە دەکات و ژمارەی یارسانەکان فراوان دەبێت.**

1- ایـن ذکـر بـه ایـن شکل نـیز آمـده:
زەمزەمەي زينت تەرز پاوە مور ياران شوكر مەولامان هات    بژەنان
وە عشق ئيبراهيمي سوور ياران شوكر مەولامان هات
**سولَتان سەهاکی عـــەلی گـیان/شای تـەنیا تـــاکی عـــەلی گـیان/عەلی نویرە وە دونیایە بوم وە قـــوروانی زاتی**
**بیٚشك بیٚ گومان خودایە بوم وەقوروانی زاتی** / هـــوو حـــەق و سولَتان وە پەردەي نووره/مـــەولامان وەي دەم ســاحب زوهووره/حـــوبي مــــەولايە حــــوبي مەولايە/هـــەم عـــەلي نـــويرەهەم شەهەنشايە

هۆكاره سەرەكییەكانی ئـەم گەشـە كـردن و فـراوان بـوونی پـەیڕەوانی یارسـان دەتـوانین لـەم خاڵانـەدا بدۆزینەوە:

یەكەم ئەوەیە كـە دوای سـەرهەلدانی شـاویس قـولی كۆمـەلگای یارسـانی سـیمایەكی نـوێ شۆڕشـگێڕانە دەگرێتە خۆی و لە چوارچێوەی بزاڤێكی فیكری گۆشەگیر دەترازێت و لە چالاكییە سیاسیەكاندا بەشدار دەبێت كە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جووڵەو جۆششی ئەندامانی كۆمەلگاكە هەر لەم سەردەمەدا، جیا لە دەركەوتنی زاتی شاوەیس قولی، سەرهەلدانی "زات میوان"ەكانیش لە ناوچە جیاجیاكاندا ڕوو دەدات كە هەر كام لەم زات میوانانە لە شوێنی دەركەوتنی خۆیاندا دەبنە هۆی ڕاكێشـان و وەرگرتنـی لایـەنگران و پەیڕەوانی ڕێبازەكانی تر و بە ئەندام كردنیان لە كۆمەلگای یارساندا.

لەوانە دەتوانین ئاماژە بـە بنەماڵـەكانی شاهەیاسـی و بنەماڵـەی ئاتـەش بـەگی بكـەین كـە لـەم بـوارەدا چالاكی تەواویان نواندووە.

سێهەم بە هۆی سەركوتكردنی ڕێبازەكانی تر لە لایەن حكوومـەت و تیكشـانی ئـەو ڕێبازانـە، كۆمـەلگای یارسان توانیویەتی پەیڕەوانی ئەو ڕێبازانە ڕابكێشێت و ئـەوانیش بـۆ دەربـازكردنی خۆیـان لـە مەترسـی كوشتن و بەند كردنیان لایەن حكومەتەوە، پەنایان بۆ یارسان هێناوە و كۆمەلگای یارسانیش بە باوەشی كراوە وەریانی گرتووە.

بە گشتی دەتوانین گەشە كردن و بەرفراوان بوونی كۆمەلگای یارسانی دوای پردیوەر، بە سەر دو قۆناغی زەمەنی دا دابەش بكەین.

یەكەم لە دەستپێكی سەردەمی دووهەمی پردیوەر، كە لە سەرەتای سەدەی نۆهەمەوە دەسـپێدەكات و تا سەرەتاكانی سەدەی یانزدەهەمی كۆچی دەخایەنێت.

چالاكییە ئایینی _ سیاسییەكانی شاوەیس قولی لە قەلەندەر لە لورستان، خان ئەحمەدی كەركووكی لـە كوردستانی ئێراق، شاهەیاس لە باكووری كوردستانی ئێراق، مەحەمەد بەگ و خان ئاتەش لە هـەورامان، لەم قۆناغەدا ڕوودەدات و كاریگەری زۆری لە سەر كۆمەلگای یاری و گەشە كردن و بە هێز بوونی دەبێت.

قۆناغی دووهەم لە سەدەی یانزدەهەمی كۆچییەوە دەست پێـدەكات. لـە سـەدەی یـازدەهم بـەرەو ئەولایە كە لەم قۆناغە زەمانیە ئێمە شـاهیدی گەشـە سـەندن و گەشـاوەیی بـاش و تایبـەتی یـایینی یارسانی لە ئاستی كۆمەلگاین، وەكوو سەرەەڵدانی سـەیدفەرزی قـەزوینی لـە گـەڵ هـاوڕێ یـانی لـە ناوچەی كەلهوڕ نشینی سانە، سەرهەڵدانی سەید میرحەمزە لە نەوەكانی جێگرانی عالی قەلەندەر لە عوسمان وەندو جەلال وەندی كرماشان، سەید یەعقووب و دەروێش زوڵفەقار لە هەورامان "گـۆران"، خەلیفە نەزەر گەرمیانی لە كەركوك، سەرهەڵدانی سـەید براكـە لـە هـەورامان "گـۆران" و وجـوودی كەسـایەتی شـا تـەیموور و هـاوڕێ یـانی، شـێخ نەزەرعـەلی جـەناب و شـا فـەتحوڵڵا گـۆران... لـە ناوچەكانی كرماشان و لوڕستان.

جا ئێستا لە بەر بەربڵاویی یاییینی یارسانی لە ناوچەی ژیینی مرۆڤی هەر لە باکووری خووزستان هەتا ناوچـەکانی بـاکووری تورکسـتان و بـە پێـی فـەرمانی روون و ئاشـکرای سـەرئەنجام کـە کەسـانی نایارسانی چەسپێن راویان ناو لیّ نراوە دەبیّ بە یەکیّ لە سادات لـە بنەماڵـەی مـیری سەرسـپووردە بـبن، ئـەوە بـەدی دەکـا کـە شـا هـەیاس و خـان ئاتـەش کـە لـە ڕاکێشـانی تەریقەتگـەلێك وەکـوو مەشەعشەعیە، نووربەخشیە، سەفەویەو حەیدەریـە ....هـەوڵیان داوە لـە نـەوەکانی حـەزرەتی مـیر بزانین، لەبەر ئەوە کە ئەمانە قەت نەیان دتوانی بە پێچوانەی بەرمانەکانی پەردیوەری کە ئاگای لـیّ بووە کارێك بکەن. بە تایبەت ئەوە کە قووشچی ئوغڵیش دەفەرمویّ:

حچرت مکرکن موکچه سک پاک تخت دور/اونا وکردکلر شام وعراق وترکستان وکارنلر

کە تـەواوی عێـراق و تورکسـتان و شـام یـان خسـتووتە ژێـر دەسـەڵاتی مـیر کـە هەرواشـە. چـونکو سەرسپوردەکانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی لە باکووری خووزستان هەتا ناوچەکانی باکووری تورکستان و هەروەها راکێشانی خاکسار و عەلویەکانی هێند بە دەستی شا هەیاس و هەبوونی نەوەکانی میر لە عێراق کە زۆرترین حەشیمەتی لە خۆوە گرتـووە راسـتی و درووسـتی فـەرموودەی قووشچـی ئـۆغلّی پشت راست دەکات. هەروەها دەکریّ ئاماژە بۆ کۆمەڵێك لە زەنگەنـەکان لـە ناوچـەی کـەرکووك بـە ناوی ئەحمەد کوڕی بکەین کە هەم دیسان دێنە سەر ئـاییینی یـاری و لـەزی بنەماڵـەی مـیری جـێگیر دەبن و یا تورکەکانی کەرکووك کە لە بنەماڵەی شـا هەیاسـی و باباحەیـدەری و مـیری جـیّ دەگـرن. هەروەها عەرەب گەلێك لە خانەقین، کەرکووك، مووسڵ و سپیرەی هەولێر کە دێنە رێزی ئائینی یاری و لە بنەماڵەکانی باباحەیدەری و شاهەیاس سەرسپوردە دەبـن. 1 بەگشـتی ئـەم رووداوانـە بووەتـە هۆی ئەوە کە تا بە هەڵـە زۆربـەی سـاداتی مـیری، حـەزرەتی مـیر وەکـوو سـەر ئاڵقـەی حەفتەوانـە بناسن.

بەڵام لێرەدا خاڵێکی گـرنگ دەکەوێتـە بـەرباس کـە ئەگـەر ئێمـە خـان ئاتـەش ـ بەپـەی بەڵگـەکانی بەردەست لە نـەوەکانی پـیر قەنبـەری شـاهۆیی بـزانین و هـەم دیسـان لـە گـۆڕ بەڵگـە و کەلامـەکان پیرقەنبەر پیری بنەماڵەی شاهەیاسی، کەوابوو دەبیّ یەکیّ لـەم دوانـە موسـتەفایی بـن. کـە لەسـەر بەڵگەکانی بەردەست ئـەوە روون ببـووە کـە پیردەسـتەوەر لـە نـەوەکانی مـیرە و شاهەیاسـیش لـە سولالەی موستەفا چونکە ئەگەر غەیری ئـەوە بێـت، رەوتـی کـردەوەی خـان ئاتـەش لـە راکێشـانی چەســپێنراوەکانی مەشەعشــەعی و نووربەخشــی دژی فەرمانــەکان و نووســراوەکانی ســەریحی سەرئەنجام دەبیّ، چونکوو خـان ئاتـەش منـداڵی محەممـەد بـەیگ و ئـەویش کـوڕی شاوەیسـقولی و ئەویش کوڕی پیرقەنبەری شاهۆیی پیری بنەماڵەی شاهەیاسە کە ئیزنی ئەوەی نەبووە بۆ راکێشانی چەسپێنراوەکان هەوڵ بدات.

لەو بەڵگەگەلە بەوە ئاماژە دەکا کە شاهەیاس و نەوەکانی وەکوو بنـەماڵی شـامیوان جـۆزی سـەری چەسپێنراوەکانیان بەنیابەت بـۆ پیردەسـتەوەر و نـەوەکانی دەشـکاند و دەیشـکێنن. واتـە سـاداتی

شاهەیاسی و موریدانی بەکۆ موریدی بنەماڵەی دەستەوەرین، لەم بابەتە ئەوەمان دەست دەکەوێ کە پیرقەنبەر لە ئەولادی حەزرەتی میر بووە نە ئەوەیکە شاهەیاس لە نەوەکانی میر بزانین.

بەڵگەیەك کە ئەم بابەتە روون دەکا هی زەمانی ئاقا عەبباس "شاهەیاسی میوان" کوڕی ئاغا محەممەدی بوڕڕەندە کورەزای شاهەیاسە، کە لە دەروبەری ساڵی 1180ك.ق نووسراوە و مۆری ئەوی لەسەرە. لەم بەڵگە هاتووە کە بنەماڵەی شاهەیاسی دەبێ وەکوو جاران ئەرکیان بەجێ بێنن و جۆزی چەسپێنراوەکان بۆ بنەماڵەی دەستەوەری بشکێنن.

کە ئەم ئەرکە گرنگە "واتە شکاندنی جۆز بۆ ساداتی دەستەوەری" دووبارە لە ساڵی1293ك.م.بەدەستی سەید ئیسماعیل جان واتە تەختنشینی بنەماڵەی شاهەیاسی بەهۆی مردنی سەید مەحموود خان لە ساداتی دەستەوەری دیسان بەرقەرار دەکرێتەوە.

کەوابوو بەپەی بەڵگەکانی بەردەست و گوتە و ئیقراری روونی تەختنشینانی کات کە پشت راستی دەکەنەوە روونە کە ساداتی دەستەوەری لە نەوەکانی میرن و ساداتی شاهەیاسی لە نەوەکانی موستەفا. ئەوەش ئەوەمان بۆ ممکین دەکا کە ساداتی ئاتەش بەگی لە نەوەکانی میر بزانین چونکوو لە گۆڕ گوتارەکانی یارسانی و نووسراوەی سەریحی تەزکەرەی ئەعلا و هەروەها شەرحی شەجەرەیەك کەوا لای ساداتی ئاتەش بەگیی لوڕستانە و هاتووە کە خۆیان لە نەوەکانی سەید قەنبەر شاهۆیی دەزانن ئەوە دەردەکەوێ و ئەوە تەئید دەکات کە هاوپەیمانی و رابەری عەلەویانی باکووری کوردستان و پیری لەسەر سەفەویان بەدەستی شاوەیسقولی کە دواتریش لەلایەن کوڕەکەی محەممەد بەیگ درێژەی دەبێ و هەروەها راکێشانی مشەعشەعیەکان و نووربەخشیەکان... بەدەستی خان ئاتەش هەموویان بەپەی کەلام و گوتاری سەرئەنجام و فەرمانەکانی پەردیوەر بووە، لەبەر ئەوەی کە پیرقەنبەر شاهویی لە سولالەی حەزرەتی میر بووە.

بەهەر شێوە ئەگەر سەیری یارسانیانی پاش پەردیوەر بکەین سەرەتا دەبێ لەسەر ژیانی قووشچی ئۆغڵی وەکوو یەکێ لە ئیدیعاکەرەکانی یارسانی لە ئاخرەکانی سەردەمی هەوەڵی پەردیوەر بدوێن:

**1–قووشچی ئۆغلی:** یەکێکە لە گەورە پیاوانی یارسان کە لە کۆتایی دەورەی یەکەمی سەردەمی پردیوەر، هاوکات لەگەڵ جێگیری "شائیبراهیم"دا سەری هەڵداوە و "مەزهەری" پیربنیامین بووە. لەو کەسایەتییە ئاینییە "دیوان"ێك بە یادگار ماوەتەوە کە شرۆڤەی "سەرئەنجام" بە زمانی تورکییە. ژیاننامەی ئەو کەسایەتییە بەم جۆرەیە: حەزرەتی سوڵتان سەهاك بە پیر بنیامین دەفەرموێ: تۆ لە سەردەمی "شائیبراهیم"دا بە ناو و مەزهەرێکی ترەوە دەردەکەوێ. پیر بنیامین لە سەردەمی شائیبراهیم دا لە جەستەیەکی کەڕ و لاڵ بە ناوی "بایراك" کوڕی یاقووب ناسراو بە قووشچی ئۆغلی دەردەکەوێ. یاقووب لە دەرباری سوڵتان سەلیم بازبان[1] بووە. ڕۆژێ لە ڕۆژان بازەکەی بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی نچیرڤانی دەباتە نچیرگا، کتووپڕ "شاباز"ێك دەردەکەوێ و بازەکە دەگرێ و لەتووپەتی دەکا.

---

1– بازمان: بازەوان. هەروەها باز جۆرێکە لە هەڵۆ.

یاقووب بە دڵێکی پڕ پـەژارەوە دێتـەوە و ڕووداوەکـە بـۆ سـوڵتان سـەلیم دەگێڕێتـەوە. سـوڵتان سـەلیم هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکا و پێی دەڵێ: ئەگـەر بازەکـە نەهێنیتـەوە دەتکـوژم. یـاقووب بـۆ ماوەیـەك مۆڵەت وەردەگرێ کـە بازەکـە بهێنێتـەوە. هـەر لـەو ماوەیـەدا بـە یـاقووب دەگـوترێ کەسـێك بـە نـاوی شائیبراهیم لە بەغداد نیشتەجێیە کە خاوەن کەرامەتە و ئاگاداری گشت نهێنییەکانـە و دەرمـانی هـەموو دەردەکانی لایە. یاقووب دوای بیستنی ئەم زانیارییانە، بەرەو بەغداد ڕێدەکەوێ و تا دەگاتـە بـەر مـاڵی شائیبراهیم، دەرگەوانی ماڵ، بازەکەی دەداتەوە. یاقووب بە دڵێکی پڕ ئومێدەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام وە بیری دەکەوێ کە هێشتا چاوی بە شائیبراهیم نەکەوتووە. بۆیە دەگەڕێتەوە و بە دەرگەوانەکە دەڵێ: تۆ لە کوێوە دەتزانی من لە دووی بازەکەم هاتووم؟ دەرگاوانەکە لە وڵام دا ئەڵێ: حەوتەیـەك پـێش ئـەوەی تۆ بیت، شائیبراهیم فەرمووی بازەکە ئامادەبکەن، یاقووب دێت. یاقووب دەچێتەوە بۆ ماڵـەوە، بازەکـە دەداتەوە بە سوڵتان سەلیم و لەگەڵ ژن و منداڵەکەی ڕوودەکاتە بەغداد و دەگاتـە خزمـەت شـائیبراهیم. بەڵام لە کاتی چوونی دا، لـە نیـوەی ڕێگـەدا "بـایراك"ی کـەڕ و لاڵ بـەجێ دەهـێڵن. کـاتێ کـە دەگەنـە خزمەت شائیبراهیم، کە ئاگاداری گشت نهێنییەکان بووە، دەفەرموێ: هـەموو ئامـانج و ئـارەزووی ئێمـە "بایراك"ە، بگەڕێوە و بیهێنە تا شیفا بدرێت و چاك ببێتەوە[1]. ناوی هەندێك لە یارانی قووشچی ئۆغلی کە هەر هەمووشیان "کەلام"یان لێماوەتەوە بریتین لە:

1-قول ئۆغلی 2- شاسوار ئۆغلی 3- قول وەلی 4- قەلەندر 5- ئاغائۆغلی 6- مەحموود ئۆغلی 7- مەزید ئۆغلی 8- نمامە 9- یـۆنس 10- تـورابی 11- بـوداغ 12- شـێخی جـان 13- فـەتحی 14- خەستە عالی 15- گۆدەرز 16- قولی 17- قەنبەر 18- ئەمیر 19- یادگار 20- قاسـم 21- ئـەولی بابـا 22- حەسـەن "عاشـق حەسـەن" 23- ئەحمـەد. هـەروەها دوای ئـەو کەسـایەتییە و یارەکـانی، کەسایەتی گەلێك لە بواری شیکردنەوەو شرۆڤە کردنی سەرئەنجام، لە ناوچەکانی تورکستان هەڵکەوتوون کە بریتین لە: قەدیمی، شەریف ئۆغلی، ڕەزا، شاعەباس، مسکین حاجی، مـوحبی، مـوارد، غـولام، قـول ئەیوت، عەینەدین ئۆغلی، قەدەم یار، مسـکین ئـۆغلی، شـێخ عـەلی ئـۆغلی، تـەقی، نەسـیر هەمـەدانی و ئەعلائەدین.

2- شاوەیسقولی: کوڕی پیرقەنبەر شاهۆیی کە بەناوی قرمزی بەناوبانگە و لە ناوچەی شاهۆ دێهاتی درزیان لەدایك دەبێ. پیرقەنبەر، کاکـە عـەرەب، کاکـە ڕەحمـان، کاکـە پیرەوخـاتوون زەربـانوو لـە

1- لە سەردەمی سوڵتان سەهاکدا شەش نەفەر لە حەوت یارەکەی (قەوەلتاس) بە ناوەکانی شاموراد، شاکەرەم، سەلمان، شانەزەر، قەنبەر و پیر دلاوەر دەگەنە خزمەت سوڵتان سەهاك. سوڵتان سەهاك پێیان دەفەرموێ دەبێ بەرێی (چاوکراوە)ی دا بڕون تا (یار)ی حەوتمیان بدۆزنەوە و بێ ئەوەی مۆڵەتی (سەرسپوردە)بیان بداتێ، دەیان گەڕێنێتەوە تا یاری حەوتمیان کە قووشچی ئۆغلی (قولی)یە، بدۆزنەوە. ئەوانیش بەرەو ناوچەی ئازەربایجان ڕێدەکەون و دوای دۆزینەوەی ناونیشانی یاری حەوتمیان لەو ناوچەیە نیشتەجێ دەبن تا قووشچی ئۆغلی لە دایکببێ و دوای لە دایکبوونی ئەو، دۆسایەتییەکی زۆر گەرم و پڕتین لە نێوانیاندا پێکدێت. دوای ئەوەی قووشچی ئۆغلی لەگەڵ باوکیدا دەگاتە خزمەت شائیبراهیم شیفا پەیدادەکا و چاکدەبێتەوە و زمانی بە کوردی دەکرێتەوە. دوای ئەوە شائیبراهیم دەفەرموێ بگەڕێوە بۆ ئازەربایجان و لەگەڵ یارانی تردا (یارانی قولتاس)دا وەرەوە. کە ئەم گەڕانەوە لە سەردەمی (شاوەیسقولی)دا ڕێدەکەوێ.

هاوڕێیانی وی بوون کە شەرحی حاڵی جەنابیان لەبەشی "ساداتی بەرزەنجە و شـەرحی ئـەخواڵیان" هاوردوومانە.

**3–سەید ئەکابر خامۆش:** کوڕی شێخ عەلی ناسراو بە "خامۆش" کە لە ئاوایی شێخان لـە دایـك بـووە و یەکێك لە بنەماڵەکانی یارسان واتە بنەماڵەی "ئەبوو وەفایی" بە ناوی ئەوەوە، بە بنەماڵەی "خامۆشی" ناوبانگیان دەرکردووە. لەم کەسایەتییە گەورەیە کۆمەڵە "کەلام"ێك ماوەتەوە کـە بـە کـەلامی دەورەی سەید خامۆش دەناسرێت[1]. بـەپێی دەقـی "نامـەی سـەرئەنجام" ئـەم بنەماڵـە دەبـێ "سەرسـپوردە"ی بنەماڵەی "شائیبراهیم" بن.

**4–ئێل بەگی جـاف:** ئـەم گـەورە پیـاوە لـە سـاڵی "898"ی کۆچـی دا لـە شـارەزوور لـە دایکبـووە و دیوانێکی شیعری لێ بە جێماوە کە ناوەڕۆکەکەی پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتووە.

**5–ئەحمەدی کوڕی میرە بەگ:** ناسراوە بە "پیر ئەحمەدی کەرکووکی" و "خان ئەحمەد".لە نیوەکانی یەکەمی سەدەی نۆهەمی کۆچیدا لە باکووری کوردستانی ئێراق ژیاوەو ئێستا گۆڕەکەی لە بازاڕی شـاری کەرکوك، شوێنی زیارەتی خاوەن دڵانـی ئـەو ناوچـەیە. نـاوی هەنـدێك لـە یـارانی ئـەو کەسـایەتییە بـەم جۆرەیە:

ئەعزەم، مەزیت موراد، غوول ئۆغلی و ....

ئـەم زاتـە پـیرۆزە دەورەیـەکی "زاتـی" لـە کەرکوکـدا "شـامیوان" بـووە. خـان ئەحمـەد لـە بنەماڵـەی شائیبراهیمە و بە سێ پشت دەگەڕێتەوە سەر ئەو زاتە.

شا ئیبراهیم ←——— قەلەندەر بەگ ←——— قانوون بەگ ←——— میرە بەگ ←——— خان ئەحمەد[2] .

---

1– شەجەرەی بنەماڵەی (ئەبوو لوەفایی) و لق و پۆکانی: سەید ئەبوو وەفا، سەید عەود، سەید شێخ عەلی، (سەید ڕەزا، سەید خەلیل، سەید ئەکابر).

(سەید ئەکابر، سەید مەعریفەت، سەید عەلی، سەید ئەمیر، سەید کەس عەلی سەید نەسیر، سەید یاقووب، سەید عەزیز، سەید کەسعەلی، سەید مەنسوور، سەید حەیدەر (براکە) سەید ئەیاز، سەید ڕۆستەم، سەید نورەدین، سەید ئەکابر سەید سەیفەدین، سەید نەسرەدین...)

(سەید ئەکابر ،سەید باعێزەت، سەید میرعەتتار، سەید ئەنبیا، سەید ئەولیا، سەید ئەمرئەڵڵا، سەید فەرزی، سەیدجوزی، سەید موحەمەد تاهیر، سەید موتەلب، سەید سەیف ئەڵڵا، سەید عێزەت ئەڵڵا، سەید مەحموود، سەید تەهماسب، سەید ئەیاز...)

سەید ڕەزا کە شەش کوڕی بووە بە ناوەکانی: بابو عەلی، ئەیوەز، یاقووب، بابو خۆشە، بابو محەممەد، ئەسمەرە خاتوون. کە ئەم خاتوونە کوڕێکی بووە بە ناوی زوولنوور قەلەندەر.

سەید خەلیل بە هۆی ئەوەوە کە دوای وەفاتی باوکی، سەید ئەکابر جێی گرتەوە، تۆرا و لە ئایینی یاری دەرچوو و لە ناو خێڵی ڕەوەندی (جمهوور)دا نیشتەجێ بوو.

2 ـ ناوی بەرەکانی شائیبراهیم بەم شێوەن:

میرە بەگ = ئەحمەد، خوبیار، خووبی جان، شاعەلی میرزا، حەمزە بەگ، حەیدەر بەگ، عەلی بەگ، قانوون بەگ= یاریجان، سەید عەلی، قەلەندەر بەگ، سەید خەیاڵ ، سەید قەتال، خاتوون زەڕی.

بە ڕەوایەتێکی تر:

سەید سورخەبەگ، سەید مۆحەمەد، خاتوون عومەر.

دواتر لەم بنەماڵەیەدا کەسانێك بە جیلوەی زاتییەوە دەرکەوتوون بوونەتە ڕووناکیدەری ڕێگای موریدەکان لەواتە:

سەید ڕەزا بەگی گەورە، سەید جەعفەری هوکانی، سەید شمشاڵی گوراجوب، سەید ئەفزەل خان، سەید ڕەزابەگی دووەم و سەید ئیسماعیل.

**6- بابا حەیدەر شامیوان و "مەزهەری" پیر ڕۆستەم**: سەر حەڵقەی "حەفتاو دوو پیر" بووە. بابا حەیدەر لە سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی دەهەمی کۆچی دا چالاکی ئایینی نواندوە. ئەوە دەزانرێت سەبارەت بە بنەماڵەی ساداتی بابا حەیدەری، کە لە بەرەی "سەید میر ئەحمەد"ن. ئەوەش ئاشکرایە کە سوڵتان سەهاك بەڵێنی ئەوەی بە "پیرڕۆستەم" دابوو کە لە دەورەیەکدا "دەردەکەوێتەوە" و لەو دەورەیەدا بە ناوی سەید "بابا" ناوبانگ دەردەکا[1]. بەپێی "نامەی سەرئەنجام" ساداتی بنەماڵەی بابا حەیدەر دەبێ سەر سپوردەی ساداتی بنەماڵەی سەید مستەفا بن. لەم بارەوە بابا حەیدەر فەرموویەتی:

سەیید خوسرووەن شەرتو موویینم      دەستگیرێ شەرتمەن، بییەن وەستوینم[2]

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە دەستمانەوەیە، سەید خوسرەویش یەکێکە لە بەرەکانی سەید مستەفا کە لە سەردەمێکدا مەزهەری ئەو زاتەیش بووە. لەم بارەوە سەید حەیات کە بۆ خۆی لە سەردەمی "زولنوور"دا مەزهەری سەید "خەسرەو" بووە، دەفەرموێ:

زو هەفتەوانم سەیید موستەفا      زوخوان ئەسرار می خواندم دووعا

یارم میر ئەحمەد هەم ئقرارم شد      ز سرّ باگن او دست یارم شی

ز کوی کُفراور شدم سە ید خسرو      مایە ی نصیحت گوتیم ز پیشرو

نصیحت گوتم سی بابا حەیدەر      تا زات حەقش شد وە تاج سەر[3]

هەندێك لە لێکۆلەران لە سەر ئەم باوەڕەن کە پیر ڕۆستەمی سوو یەکێکە لە سەیدەکانی پیر خزری. بەڵام ئەم بۆچوونە بە پێی کەلامی سەرئەنجام لە ڕاستییەوە دوورە و نەوەکانی ئەم کەسایەتییە پیرۆزە تا دەکەوتنی بابا حەیدەر لە کۆتایی حکوومەتی سەفەویەدا، سەرپەرشتی و بەرێوە بردنی کاروباری یارسانانیان لە ئەستۆدا بووە.

دەرکەوتنی باباحەیدەر و نواندنی کیرامەکانی دەبێتە هۆی ئەوە کە لەو کاتەوە ئەو بەشە دابڕاوە لە بنەماڵەی میری، بە بنەماڵەی بابا حەیدەر ناوبانگ دەرکەن.

باباحەیدەر لە کۆتایی پاشایەتی سوڵتان حسەینی سەفەوی و لە کاتی کومەلکوژی سەیدەکان، کەرکووك بە جێ دیلێت و ڕوو دەکاتە ناوچە باشوورییەکانی کوردستان و لە ناوچەی کەلهووڕ نشینی کرماشان، لە ناوچەی کفرئاوەڕی گیلانی غەرب، نیشتەجێ دەبێت و هەر لەو شوێنە کوچی دوایی دەکات.

پێویستە ئاماژە بکرێت کە کەرکووك یەکێك بوە لە شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی بەرەکانی میرئەحمەد و هاوکات لە گەڵ کۆچی بابا حەیدەر لەو ناوچە، سەیدەکانی بنەماڵەکانی تریش بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنێکی ئەمن و پاراستنی خۆیان ئەو شارەیان چۆڵ کرد.

---

1- بنەماڵەکانی حەقیقەت.

2- کەلامی دەورەی بابا حەیدەر، تێکستی دەسنووسی سامەدین تەورێزیان.

3- کەلامی دەورەی زولنوور، تێکستی دەسنووسی سەید ئەمرئەڵلا شاە ئیبراهیمی، سەید ئیمانی خامۆشی.

بۆ نموونە دەتوانین بە کۆچی سەید حەسەن کوڕی سەید موحەمەدی بەغدادی و ڕویشتنی بۆ ناوچەی ئەنگورانی ئەفشار "زەنجان" ئاماژە بکەین کە دواتر هەمان چیرۆك بە کۆچی سەید موراد، لە نەوەکانی شائیبراهیم و باپیری سەیدەکانی شائیبراهیمی ناوچەی سەحنە، دووبات دەبێتەوە.

بەڵام بە هۆی داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەفغانییەکانەوە سەرلەنوێ ئازار و سەرکوت کردنی عەلەوییەکان دەستی پێکردوو، ئەمەش بووە هۆی کۆچی دووبارەی نەوەکانی بابا حەیدەر لە ناوچە کەلهوڕنشینەکان و گەڕانەوەیان بۆ زێدی باو باپیرانیان واتە باکووری کوردستانی ئێراق.

بەڵام لە ساڵی 1330 ی کۆچی بابا شامورادی دووهەم لە بانیانی ئێراقیەوە بەرەو سەحنەی کرماشان کۆچ دەکات. پێویستە بوترێت کە بابا حەیدەر وجاخ کوێر بوو و دوای وەفاتی ئەو زاتە، سەرپەرەشتی و جێبەجێ کردنی کاروباری موریدەکانی کەوتە ئەستۆی برازاکەی، واتە بابا ئەسکەندەری کوڕی بابا دانیال کە جێگەرەکانی ئەویش بریتی بوون لە: بابا زەمان، بابا شامورادی یەکەم، بابا مورادی یەکەم....

سەید قاسمی ئەفزەلی خاوەن تەکیەی ئەم سەردەمەی ئەو بنەماڵە بەم شێوە ناو دەبات:

بابا عەلی تورابی، بابا یەدوڵڵا و بابا ئەمین لە سەحنە.

بابا حەیدەر وەجاخی کوێر بووە، دوای خۆی "بابا ئەسکەندەری" برازای، کوڕی بابا دانیال جێگەی دەگرێتەوە و کاروباری موریدەکانی بەڕێوە دەبا. دوای ئەویش ئەم ئەرکە بەم شێوە درێژەی پێدراوە: بابا زەمان، بابا شامورادی یەکەم... تاد. کە بابا شامورادی دووهەم لە ساڵی "1330"ی کۆچی دا لە "بانیان"ی ئێراقەوە بەرەو "سەحنە" کۆچ دەکا[1]، سەید قاسمی ئەفزەلی لە کتێبی "دەفتەری ڕمووزی یار"دا بابا عەلی تورابی و بابا یەدوڵڵا و بابا ئەمین بە خاوەنی تەکیەی ئەم دەورە لە "سەحنە" ناو دەبا[2]. ناوی "یاران"ی بابا حەیدەر بریتی بوون لە: دەروێش سیما، یووسف کرمانج، سەید خوسرەو، بابا ئیسماعیل، بابا دانیال و یار تەمر.

7- **زولنوور قەڵەندەر:** کوڕی سەیدە ئەسمەر و نەوەی سەید ڕەزای برای سەید ئەکابر "خامۆش" کە لە نەوەکانی سەید ئەبوو وەفا بووە. ئەم زاتە منداڵی لێ بەجێنەما و هەربەم بۆنەوە لە سەر داخوازی خۆی یەکێك لە کوڕەزاکانی سەید ڕەزا بە ناوی سەید حەیات "سەید هەیاس" جێگەی گرتەوە و کاروباری موریدەکان و سەرسپوردەکانی گرتە ئەستۆی خۆی. ئەم بنەماڵە بەپێی "سەرئەنجام" دەبێ سەرسپوردەی بنەماڵەی شائیبراهیم بن.

8- خان ئاتەشی لورستانی کوڕی موحەممەد بەگی لورستانی، یەکێکە لە کەسایەتییە بەناو بانگەکانی یارسان کە "شامیوان" بووەو بنەماڵەیەکی بە ناوی ئاتەش بەگی پێك هێناوە کە تا هەنووکەش یەکێکە لە بنەماڵە گەورەکانی کۆمەڵگای یارسانە.

---

1- بنەماڵەکانی حەقیقەت، محەممەد عەلی سوڵتانی، ص: 177.

2- دفتر رموز یاری، سید قاسم افضلی، ص: 9.

موحەمەد بەگ کوڕی "شاوەیس قولی" یە کە لە کاتی پەردەگرتنی دا بە هاوسەرەکەی، کە لەوکاتەدا دوگیان بوە، دەفەرموێ ناوی موحەممەد لە سەر مناڵەکەی دا بنێت.

موحەممەد بەگ پێنج مناڵی بوە کە بریتی بوون لە جەمشیدبەگ کە مەزهەری پیربنیامین بووەو بە مەبەستی چالاکی ئایینی و ڕاکێشانی عەلەوییەکانی هەرێمی خوراسان بۆ سەر ئایینی یارسان ڕوودەکاتە ئەو ناوچەو تا ئیستاش جەماعەتێك لە کوردەکانی ئەو هەرێمە ڕێزی تایبەتیان بۆ ئەو بنەماڵە لە دڵ دایە.

خان ئەڵماس مەزهەری پیرمووسا کە لە کرماشان دەمێنێتەوە. ئەبداڵ بەگ مەزهەری مستەفا کە دەچێتە ورمێ و لەو ناوچە کۆچی دوایی دەکات.

پەری خانم کە مەزهەری خاتوون ڕەمزبار بووە و خان ئاتەش کە مەزهەری سوڵتان سەهاك بووە و لە ناوچەی هەشتروود"ڕۆژهەڵاتی سەهەند" کۆچی دوایی دەکات.

هەروەها یارگەلێکی لە گەڵدا بووە کە بریتی بوون لە: کامریجان، کامەلك، قەرەپۆس، میردۆست و... لە "تزکرەاعلی" دا ئاماژە کراوە کە موحەممەد بەگ بەڵێنی بە یارە چاوکراوەکانی "دیدەداران" ی دا کە لە چالاکییەکانی خۆیان دا بەردەوام بن چۆنکە دوای ماوەیك دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان. پاشان تەشریفی برد بۆ ڕۆم، ناوچەی ئالەقاپی، هەروا کە لە "دۆنی" قرمزی دا بەڵێنی دا بوو، بە ناوی "حاجی بەکتاش"ەوە دەرکەوت و ماوەی حەوت ساڵ لەو وڵاتەدا مایەوە و دوای ئەوە ڕووی کردە لورستان[1].

بەڵام سەبارەت بە لە دایك بوونی خان ئاتەش ئەگەر پشت بە تزکرە اعلی ببەستین و لە دایك بوونی شاموحەممەد بەگ لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەهەمی کۆچی دابنێین، لە دایك بوونی ئاتەش بەگی کوڕی دەبێ لە نیوەی دووهەمی سەدەی دەهەم دا ڕوی دابێت.

ئەم بنەماڵە بە یەکگرتنیان لە گەڵ بەرەکان و پەیڕەوانی "سەید موحەممەدی کوڕی فەلاح"ی موشەعشەع و نووربەخشییەکان و ڕاکیشانی و وەرگرتنی لایەنگرانی ئەم ڕێبازانە، بوونە هۆی پەرەسەندن و فراوان بوونی سەرسپوردەکانیان لە خووزستان تا ڕووسیا.

هەروەها چالاکییە ئایینی، سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەم بنەماڵە، هەر لە سەرەتای پێك هاتنیانەوە لە سەردەستی موحەممەد بەگ و تێك هەڵچوونی لە گەڵ کوڕەکانی سوڵتان عەلی بەگ "تەیموورخان و هەلۆخان"ی[2] ئەردەلان و دواتر یەکگرتنی ئاتەش بەگ و خان ئەحمەدخانی ئەردەلان و هێرش کردنە

---

[1] : تزکرەاعلی ص 125.

[2] – تەیمورخان و هەلۆخان کوڕەکانی سوڵتان عەلی بەگ، دوای وەفاتی باوکیان دژایەتی بە سات بەگی مامیان کە لە ساڵی 975 ی کۆچیدا دەسەڵاتی گرتبووە دەست، دەکەن و قەلای پالنگان داگیر دەکەن. بەسات بەگ جەماعەتێك بە سەرکردەیی سوهراب بەگ دەنێرێتە سەریان و تەنگیان پێهەڵدەچنێت و ناچاریان دەکات بەرەو ئیسفەهان هەڵبێن و پەنا بۆ شائیسماعیلی دووەمی سەفەوی بەرن.

دوای وەفاتی شائیسماعیل کە دەبێتە سەرهەڵدانی ئاژاوە و ناکۆکی یەکی فراوان لە ئێران، هەردوکیان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و پاش وەفاتی بەسات بەگ لە ساڵی 986 دا دەسەڵات دەگرنە دەست.

تەیمور خان پیاوەێکی زاڵم و دەمارگیر بوە و بێ ئەوەی حیساب بۆ حکومەتی ئێران بکات ئالای سەربەخۆیی هەڵکردوەو دو سێ جاریش هەڵیکوتاوەتە سەر هۆزی کەلهۆر و تالانیانی کردوە.

سەر عەشیرەتەکانی بلباس و موکری و سەرکوتکردنیان، ئەوەندەی تر بووە هـۆی بـەهێز بـوون و پـەرە سەندنی ئەو بنەماڵە.

ئەم هێزو توانایيە بۆ بەرەکانی ئەو بنەماڵە دەمێنێتەوەو هـەرکام لـە "مەسـنەد نشـین"ەکـانی دواتـری بنەماڵەکـە دەیپـارێزن و پـەرەی پێـدەدەن تـا ئـەو کاتـەی کـە ئاقـا سەیدمەنسـووری ئاتـەش بـەگی "موشەعشەعی" دەبێتە مەسنەد نشین و لەو کاتـەوە ئـەم بنەماڵـە بـە نـاوی موشەعشـەییە دەناسـرێن.

سەبارەت بە پەردەگرتنی خان ئاتەش، تزکرەاعلی بەم شێوە باس کراوە:

ڕۆژێك لە ڕۆژان خان ئاتەش دەفەرموێت: ئەسپم بۆ ئامادە کەن کە دەمەوێ بچم بۆ ڕاو. ئەسپیان ئامادە کردو سوار بوو و ڕۆیشت و لە ئاوایی دوورکەوتەوە. چوار کەس "جەستەی"یشی لە گەڵدا بـوو، لـە پـڕدا دیتیان کە بوو بە هەڵۆیەك و بەرەو ئاسمان فڕی و چـووە سـەر چـیای سـەهەندو لـەوێ نیشـتەوە. پەڵـە هەورێك هات و لە سەرەوەی چیاکە وەستا و خان ئاتەش باڵی گرت و ون بوو [1].

زیارەتی ئەو زاتە لە سەر لووتکەی چیای سـەهەندەو باوەڕمەنـدان دەچـن بـۆ زیـارەتی.شـەجەرەی ئـەو زاتەش بەم شێوەیە:

موحەممەد بەگ بەڕگەز عەرەب و لە نەوەکانی "مەولا عەلی کوڕی فـەلاحی موشەعشـەع"ە کـە بـە هـۆی دژایەتی شائیسماعیل لە گەڵ موشەعشەعییەکانی خووزستاندا لـەو ناوچـە کۆچـی کـردوەو لـە لورسـتان نیشتەجێ بووە و دواتر "خان ئاتـەش" کـە یـەکێك بـوو لـە بـەرەکانی، بـە مەبەسـتی چـالاکی ئـایینی و بڵاوکردنەوەی ئایینی یاری و جێگیربوون لە شوێنێکی ئەمن تردا، ڕوودەکاتە ناوچەی سەهەند.

سەبارەت بە پێك هاتن و سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی زۆربەی کەسەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کـە "سەید عەلی موشەعشەعی" کوڕی سەید موحەممەدی فەلاح، بنیـاتی بنەماڵـەی ئاتـەش بـەگی دانـاوە و دواتر بنەماڵەکە بەرەو ئازەربایجان و کرماشان و پارێزگای فارس کۆچی کردوە.

لە شیراز بە بنەماڵەە "مەولایی" ناوبانگیان دەرکرد و ئەو جەماعەتەیان کە ڕوویان کردە کرماشان، کـوڕ لە دوای باوك، مەسنەدنشینی تیرەی ئاتەش بەگی یـان گرتـە ئەسـتۆ. ئـەو شـەجەرەنامەی کـە بـۆ ئـەم بنەماڵە دانراوە بەم شێوەیە:

شاموحەممەدبەگ بەڕەگەز عەرەب و لە نەوەکانی "مەولا عەلی کوڕی فەلاحی موشەعشەع"ە کە بە هۆی دژایەتی شائیسماعیل لە گەڵ موشەعشەعییەکانی خوزستاندا لەو ناوچـەی کۆچـی کـردوەو لـە لورسـتان نیشتەجێ بووە و دواتر "خان ئاتەشی" کە بە یـەکێك بـوە لـە جـێگیر بـوون لـە شـوێنێکی ئـەمن تـردا، ڕوودەکاتە ناوچەی سەهەند.

سەبارەت بە پێك هاتن و سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی زۆربەی کەسەکان لە سەر ئـەو بـاوەڕن کـە "سەید عەلی موشەعشەعی" کوڕی سەید موحەممەدی فەلاح، بینـاتی بنەماڵـەی ئاتـەش بـەگی دانـاوە و دواتر بنەماڵەکە بەرەو ئازەربایجان و کرماشان و پارێزگای فارس کۆچی کردوە.

---

[1] – تزکرەاعلی، ص 137

لە شیراز بە بنەماڵەی "مەولایی" ناوبانگیان دەرکرد و ئەو جەماعەتەیان کە ڕوویان کردە کرماشان، کوڕ لە دوای باوك، مەسنەدنشینی تیرەی ئاتەش بەگی یان گرتە ئەستۆ.

ئەو شەجەرەنامەی کە بۆ ئەم بنەماڵە دانراوە بەم شێوەیە:

شاموحەممەدبەگ ـــ سەید حەسەن ئەبوو موحەممەد ـــ سەید ئیبراهیم ئەبوولحەسـەن ـــ مەولاعـەلی ـــ سەید موحەممەدموشەعشەع ـــ سەید فەلاح ـــ سـەید هیبـەتوڵلا ـــ سـەید عەلەمـەدین عـەلی مورتەزا نەسابە ـــ سەید جەلالەدین عەبدولحەمید ـــ سەید شەمسـەدین ئەبووعـەلی فـەخار ـــ سـەید ئەبوولغەنایم ـــ سەیدئەبوو عەبدوڵلا ـــ سەید موحەممەد ئیبراهیم موجـاب ـــ موحەممـەد ـــ زەید ـــ موحەممەد ساڵح ـــ ئیمام مووسا کازم[1].

بەڵام موحەممەد بەگ لە هەورامان لە دایك دەبێ و کوڕی شاوەیس قولی، خەڵکی دەرزیـانی شـاهۆیە کـە دوای ماوەیەك ڕوودەکاتە ئازەربایجـان و ئاسـیای بچـووك "ڕۆم" و لـە ژێـر ئـاڵای بکتاشـییەدا سـەرقاڵی چالاکی ئایینی و سیاسی دەبێت. پاش ئـەوە ڕوودەکاتـە لورسـتان و لـە ناوچـەی "بلـووران" نیشـتەجێ دەبێت.

"مینورسکی" ش لە کتێبی "خاندانهای اهل حق" دا دەڵیت: موحەممەد بەگ، ئەو پێشەوا ئایینیەی کـە لە تورکیا "ڕۆم"دا بە هۆی خۆپارێزی و تەقواوە ناوبانگی دەرکرد بوو، بـە هـۆی بانگهێشـتی یـەکێك لـە شازادەکانی سیلسیلەی "قـەرەقۆیوونلوو" ەوە لـە گـەڵ ژمارەیـەك لـە پـەیڕەوانی ڕووی کـردە ناوچـەی ئازەربایجان.

موحەممەدبەگ چیای سەهەندی بۆ نیشتەجێ بوونی خۆی دەستنیشان کرد و بە هۆی دوعایەکەوە، لەو شوێنە کانیاوێکی بۆ هەڵقولا[2].

موحەممەدبەگ پاش ماوەیەك نیشـتەجێ بـوون و چـالاکی لـە لورسـتان، سـەر لـە نـوێ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئازەربایجان "ئاجری" و پەیمانی هاوسەری لە گەڵ "سۆنە"خاتووندا دەبەستێت کە "خان ئاتەش"ی لێ دەکەوێتەوە.

دەتوانین بڵێین بە سەرئەوەش دا کە مناڵەکانی موحەممەد بـەگ لـە ئازەربایجـان لـە دایـك دەبـن، بـەڵام بەردەوام دەبن لە پێوەندی و بەڕێوە بردنی کاروباری موریدەکانیان لە لورستان و کرماشان.

ئەڵبەت گومانی تێدا نییە کە نیشتەجێ بوون و پەیوەندییەکانی موحەممەد بەگ و خان ئاتـەش لـە گـەڵ دوو ناوچەی کوردستانی فەیلی و لورستان، وەك دوو شـوێنی گەشـە کردنـی هزرەکـانی موشەعشـەعی و نوور بەخشی، لە وەرگرتنی هزری یارییەوە لە لایەن ئەو دو کەسایەتییەوە ڕۆڵی هەبووە.

بـە تایبـەت کـە بـاروودۆخی موشەعشـەعییەکان لـە دوای سـەید موحسـێن بـەرەو لاوازی ڕۆیشـت و شائیسماعیل پاش کوشتنی سوڵتان فەیازی موشەعشەعی، بە گشتی لایەنگرانی ئەو ڕێبازەی خستە ژێـر

---

[1] ـ هەروەها: شاموحەمەد بەگ ـــ ئاتەش بەگ، سەید ئیمام قولی بەگ، سەید سەرخۆش بەگ، سۆڵتان مەحموودئاغا، میرزا عەباس بەگ، سەید نیزامەدین، سەید ئاغامیرزا، سەید عەبوولعەزیم میرزا (ئاغابەخش، ئابش) مەسنەد نشینەکانی ئەم بنەماڵەن تا هەنووکە.

[2] ـ یادداشت هایی در مورد خاندانهای اهل حق، مینورسکی.

گوشار و زۆری لییان کوشت و ئەم گرتن و کوشتنە تا سەردەمی نادر شای ئەفشاریش، واتە تا سەردەمی لە ناو چوونی حکوومەتی موشەعشەعییە، هەر بەردەوام بوو.

پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە، نە تەنیا بەم بۆنەوە پەنایان بۆ یارسان هێنا، بە هۆی بەهرەمەندی و باوەڕیان بە بنەماکانی ئایینی یاری، ئەم هزرەیان وەرگرت و موحەممەدبەگ و خان ئاتەش، کە هەر دووکیان "شامیوان" بوون، لە وەرگرتنی "چەسپیدە"کان دا ئیزنی ئەوەیان پێدرا کە بە ناوی بنەماڵەی خۆیانەوە "جەوز"یان بۆ بشکێنن و سەرپەرشتی ئایینی یان بەگرنە ئەستۆ.

پێویستە بوترێت تەنیا "خاوەن بنەماڵەکان" و شامیوانەکان ئیزنی ئەویان پێدراوە کە کەسانی غەیری یارسانی وەرگرن و جەوزیان بۆ بشکێنن. بۆ نموونە گشت ئەو کەسانەی شائیبراهیم جەوزی بۆ شکاندوون و هێناویانیەتە ناو "یارسان" پێشتر یارسانی نەبوون، هەروەها میر ئەحمەد و...

کە واتە ڕاکێشان و وەرگرتنی کەسانی غەیری یارسانی تەنیا بۆ خاوەن بنەماڵەکان و شامیوانەکان ڕەوایە و ڕێگە بە کەسانی تر نەدراوە ئەم ئەرکە بە جێ بهێنن.

9- **شاهەیاسی بەساکانی**: کوڕی شێخ عیسای بەساکانی، کە لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەمی کۆچی لە ئاوایی بەساکان لە دایك بووە و لە ئاوایی "وردەك"ی ناوچەی بادینان نادیار بووە. سەبارەت بە سەید بوون و بەرپرسایەتی ئەم زاتە لە تێکستی دەست نووسی نوورعەلیشادا، کە لە بەشی ئەزەل پێش لە خیلقەتدا ئاماژەی پێکراوە، بەم شێوە نووسراوە: پاش ئەوە پادشای عالەم بە عیسا بساکانی، کە یەکێك بوو لە حەفتا و دوتەن، فەرمووی کە دوعاکەی "نەزر"ی بدات.

ئەڵبەت پێش سەرهەلدانی شاهەیاس، "دەرکەوتنی حەق" لە جەستەی "دوودە مەردی حەقانی" لە ناوچەی "تان"ی هیندوستان ڕوی داوە. دوودەمەرد، هاوچەرخی "سەید جەلالەدینی حەیدەر"ە کە دامەزرێنەری ڕێبازی حەیدەرییە "خاکسار"ییە بووە[1]. هەر بەم بۆنەوە سەید جەلالەدینی حەیدەر و دوودەمەردی حەقانی و دوای ئەویش پەیڕەوانی ڕێبازی خاکسارییە و ڕێبازەکانی تریش، سەرسپوردەی بنەماڵەی شاهەیاس بوون. هەروەها لە "رسالە"ی دەروێش "گوڵشیری سەبزەواری"دا نووسراوە: پێویستە دەروێشەکان "فەقیرەکان"ی خاکسار و "44" گرووپی فەقیرەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بزانن کە "سابر عەلی" ڕێبازی حەقیقەتی وەرگرت و بە ئاگاداری "ئاغا سەید ئیبراهیم دەلیل پاك عەلی" کوڕی "ئاغاسەید وەلی" و "خەلیفە مەعسووم عەلی لە ئۆجاخی "میری"دا "جەوزی شکاند"، بەپێی ئەم زانیارییە و هەروەها بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە کە شاهەیاس "شامیوان" بووە، هیچ کەمووکوڕییەکی تێدا نەبووە، هەروەها بەپێی "دەستووری سەرئەنجام" تەنیا بنەماڵەی "میری" بۆیان هەیە بۆ "چکیدەکان" جەوز بشکێنن و شاهەیاسیش لەم چەشنە بووە، دەتوانین بڵێین: شاهەیاس لە بەرەکانی سەید میر ئەحمەد بووە و بەپێی دەستووری سەرئەنجام دەبێ سەرسپوردەی بنەماڵەی "سەید مستەفا"

---

1- دەدەمەردی چەقانی بە ئەسڵ ناوی (شائەیاز) بووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە دوای سەید جەلالەدینی حەیدەر سەرپەرشتیار و (دودە)ی دەروێشەکانی (خاکسار)ی ئەو سەردەمە بووە، بە دودەمەردی حەقانی ناوبانگی دەرکردووە، ئەو گەورە پیاوە لە ناوچەی (تان)وە ڕوودەکاتە ئێران و خۆی بە (سەید قەنبەری شاهۆیی) دەناسێنێ.

بن[1]. هەروەها کە لە تێکستە کۆنەکانی یارسان دا "دەورەی شاهەیاس" ئاماژە کراوە، پیر قەنبەری شاهۆیی، بە پلەی پیری ڕێنوین، بۆ بنەماڵەکە دانراوەو بەم بۆنەوە بنەماڵەی شاهەیاس بە پیر ناوی دەبەن. هەر ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەو زاتە پێوەندی بە حەزرەتی مستەفاوە هەیە. ناوی "یاران"ی شاهەیاس بریتی بوون لە: سەید قەنبەری شاهۆیی، مەزهەری پیربنیامین، شاترعەبدوڵڵا "بابا گوڵاب" داوودی میران، بابا شاموراد پیر مووسای میوان، بابا عەلی ئاوێنەکوە مستەفای میوان، زەڕبانوو خوشکی پیر قەنبەر ڕەمزباری میوان، بابا شاموراد یادگاری میوان، سەید ئەحمەد شائبراهیمی میوان. چۆنییەتی لە دایکبوونی شاهەیاس لە "تژکرە اعلی"دا بەم جۆرە باس کراوە: عیسا و هاوسەرەکەی هاتن بۆ لای شای عالەم و گوتیان: ئێمە نانمان لە تۆ دەوێ. پادشای عالەم مۆرەکەی خۆی دەرهێنا و دای بە شەهوارەی هاوسەری عیسا و فەرمووی: منداڵێکمان دا بە ئێوە، ناوی بنێن "هەیاس" و ئەم نیشانە ببەستن بە قۆڵییەوە، تا حەوت پشت نانی ئێوەم دا، ئەڵبەت بەو مەرجەی بەرەی ئەم بنەماڵە کۆچ نەکەن[2].

ئەگەر مێژووی شەهیدبوونی شاوەیس قولی بە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەم دابنێین، مێژووی دایکبوونی شاهەیاس هەر لەو ساڵانەدا بووە. هەروەها بە ڕەچاوکردنی ژمارەی کەسایەتییە "مەسنەدنشین"کان و شەجەرەی ئەم بنەماڵە کە لە شاهەیاسەوە تا ئێستا دەگاتە "10" کەس، ئەگەر بۆ هەر کەسیك تەمەنێکی "50" ساڵە لە بەرچاو بگرین، هەر دەگەینەوە ئەو ساڵانە[3]. ئەوەیش پێویستە بگوترێ کە زانایانی بنەماڵەکە لە سەر ئەم باوەڕن کە ئاماژە بە ساڵی "1125کۆچی" پێوەندی بە ساڵی لە دایکبوونی "سەید عەباس" کوڕی ئاغاسەید ئەحمەد ناسراو بە "پەرەند"یە، کە سەرهەلدانی زاتی شاهەیاس لە سەردەمێکی تردا بووە. هەروەها بە لێکدانەوەی "موری ژێردەفتەر" مێژووی "سالە" بەپێی حیسابی "ئەبجەد" دەبێتە ساڵی "942"، کە بەم جۆرە مێژووی دەرکەوتنی شاهەیاس، کە هاوچەرخ بووە لە گەڵ "شامحەممەدبەگ"دا، ڕوون دەبێتەوە.

بەڵام سەبارەت بە بنەماڵەی "میری"، پێویستە بگوترێ کە ساداتی ئەم بنەماڵەیە لە ئایینی "یاری"دا بەرپرسی جەوزشکاندن و سەرسپوردەیی "چکیدە"کان و ئەو کەسانن کە دێنە ناو کۆمەڵگای یارییەوە، کە ئەم ئەرك و بەرپرسایەتییە لە بنەماڵەکانی تر سەندراوەتەوە و هیچ بنەماڵەیەکی تر بۆی نییە ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێ.

---

1- سەبارەت بەوەی کە شاهەیاس لە (هەفتەوانە)کاندا دەرکەوتووە، (بابا شاموراد) دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| کەس نەزان سڕن شای دوڵدوڵ سوار | نەو خاندانان وێش وەست نە پێوار |
| نەو خـــاندان هـــەیاس بی پــــــەیدا | وە ئەمر مەعبوود دانەندەی یەکتا |

2- تذكرة اعلی، ص 120.

3-(مەسنەد نشینانی) بنەماڵەی شاهەیاس تا ئەم سەردەمە بریتین لە: سەید ڕۆستەم، ئاغا ئەحمەدی یەکەم (بڕەندە)، ئاغاعەباس، سەید ئەیاز (ئاغا وەلەدبەگ)، ئاغا ئیسماعیل جان (ئیسماعیل خانی سالار)، ئاغا سەید عەبدولحمیدخان (سالار سەعید)، سەید عەلی خان، سەید نورەدین سەید محەممەد ئەحمەدی.

**10**ـ سەید فەرزی خامۆشی، یەکێکە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەهلی حەق و "شامیوان" بووە. سەید فەرزی لە سەرەتای سەدەی دوانزدەهەمی کۆچی لە گوندی "قەزوێنە"ی سەر بە ناوچەی کەنگاوەر لە دایك بوەو هەر لەو گوندە وەفاتی کردوە. ئەو کەسایەتییە یەکێك بوە لە نەوەکانی "سەید ئەکابر" و ناوی هەندێك لە یارەکانی بەم شێوەن:

شێخ ئەمیر کوڕی سەلیم، زات میوان لە پیر بنیامین و مەزهەری سەید موحەممەدی گۆرەسوار سەر حەڵقەی هەفتەوانە، بووە و ئەو کەسایەتییە بە هۆی ئەو پەیوەندییە مەعنەوییەی کە لە گەڵ سەید فەرزی دا بوویەتی لە مووسڵەوە بەرەو کرماشان کۆچ دەکات.

عابدین برازای فەرزی و زات میوان لە داوود. کاکی نەدرویس ، خەڵکی کەرکووك و زات میوان لە پیر مووسا. کاکی قوربانعەلی زات میوان لە مستەفا دوودان خەڵکی ناوچەی گۆران. سەید جەوزی کوڕی سەید فەرزی و زات میوان لە بابا یادگار. سەلیم باوکی شێخ ئەمیر و زات میوان لە شائیبراهیم، خەڵکی مووسڵ. خاتوون زەڕینە برازای سەید فەرزی و زات میوان لە خاتوون ڕەمزبار.

پێویستە بگوترێت هەر یەك لەم کەسایەتییانە خاوەن "کەلام"ن و کەلامەکانیان بە گشتی شرۆڤە و راڤەی سەرئەنجام و دەستوورەکانی پردیوەرن.

11ـ سەید میرحەمزەی کوڕی ئاغا یار عەلی[266] لە گوندی "تاویران"ی ناوچەی جەلالوەند "نزیك کرماشان" لە دایك بوەو لە کۆتایی سەردەمی نادری و نیوەی دووهەمی سەدەی دوانزەهەمی کۆچی ژیاوە.

سەید حەمزە یەکێك لە بە ناوبانگترین کەسایەتییە "مەسنەدنشینەکانی" ئەو بنەماڵە پاش عالی قەلەندەر بووە چەندەها کەلامی لە سەر شرۆڤە کردن و راڤەی سەرئەنجام داناوە.ناوی هەندێك لە یارانی کە مناڵەکانی ئەو زاتەن بەم شێوەیە:

سەید حسەین، سەید داراب، سەید فەروخ، سەید مەلك، سەید لوتفی، سەید جەعفەر، سەید حەفیز و خاتوون ئەزهەرە کچی ڕۆستەم و دایکی میر حەمزە.

میرحەمزە لە گەڵ "دەدە قوباد و دەدە حسەین" کە هەر دووکیان جێگری عالی قەلەندەر بوون، پێوەندی "بنەماڵەیی" هەبووە. ئەوەش ئاشکرایە کە دوای سەرهەلدانی شاوەیس قولی لە کۆتایی تەمەنی دا و لە بارودۆخێکی جیاوازدا، ئەم دووکەسایەتییە لە لایەن ئەوەوە بۆ پێك هێنانی "بنەماڵە" دەست نیشان دەکرێن.

عالی قەلەندەر خاوەن پلەی "ئەیوتی" بووە ئەم تایبەتمەندییەش بووتە هۆی ئەوە کە خوێندنەوەو ناسینی شەجەرەی سادات لەو دوو کەسایەتییە دوورتر نەڕوات.

---

266– یار دەدە، سەید بونیادی یەکەم، سەید بونیادی دووەم، ئاغا میر حەمزە، (حسەین، داراب، فەروخ، مەلك، لوتفی، جەعفەر، حەفیز) داراب، (سەید موحەمەدعەلی، سەید سەفەر) سەید سەفەر، سەید سلێمان، سەید عەباس، سەید شاموراد، سەید خەلیل عالی نژاد.... سیەد حسەین، سەید زولفەقار، سەید ئیبراهیم، سەید مورتەزا.

**12ـ سەید یاقووبی گۆران:** لە ناوچەی گۆرانی سەر بە کرماشان نیشتەجێ بووە و لە نەوەکانی "سەید ئەکابری خامۆشی"یەو باوەگەورەی سەید حەیدەر "براکە"یە. سەید یاقووب کوڕی سەید یاقووب لە سەردەمی پڕ لە ئاژاوە و بارودۆخی نالەباری کۆتایی دەسەڵاتی شاه سوڵتان حسەینی سەفەویدا گەورەدەبێ و گەشەدەکا. ئەم گەورە پیاوە لە کاتی هێرشی لەشکەری نادرشای ئەفشار بۆ سەر شاری بەغداد لە سەر داواکاری نادرشا لە بەغدادەوە بەرەو دەڤەری "داڵاهوو" کۆچ دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێ و لە ئاکام دا لە یەکێك لە شەڕەکاندا شەهید دەکرێ و هەر لەو دەڤەرە بە خاك دەسپێردرێ. یەکێك لە دەروێشە بەناوبانگەکانی دەروێش "زولفەقار"ە [1].

**13ـ دەروێش زولفەقاری گۆران:** لە ئاوایی "بانیاران" لە دایك بووە و یەکێکە لە یارانی سەید یاقووب. لەم پیاوچاکە چەند "کەلام"ێك بە یادگار ماوەتەوە کە ناوەڕۆکەکەیان شیکردنەوە و راڤەی سەرئەنجامە.

**14ـ خەلیفە نەزەری گەرمیانی:** خەلیفە نەزەر یەکێکە لە گەورە پیاوانی ئەهلی حەق کە لە ساڵی "1786زایینی" لە کەرکوك لە دایك بووە و لە ساڵی "1875 زایینی"دا هەر لەو ناوچە کوچی دوایی کردووە [2].

**15ـ سەید حەیدەر ناسراو بە "سەید براکە":** لە ئاوایی "تووت شامی" ناوچەی گۆران لە دایك دەبێ و شامیوان بووە. سەردەمی دەرکەوتنی ئەم گەورەپیاوە بە سەردەمی "یەری تەنی" ناوبانگی دەرکردووە. لەم گەورەپیاوە چەند "کەلام"ێك بە یادگار ماوەتەوە کە زۆرشتی بایەخداری سەبارەت بە شیکردنەوەی دەستوراتی پردیوەری تێدا گونجاندووە. سەید حەیدەر لە بەرەکانی سەید ئەکابری "خاموش"ە و لە ساڵی "1210"ی کۆچی لە دایك بووە. بەپێی دەستووری سەرئەنجام ساداتی ئەم بنەماڵە دەبێ سەرسپوردەی ساداتی شائیبراهیمی بن [3]. ناوی چەند کەسێك لە یارانی سەید حەیدەر بریتین لە: دەروێش تەهماسبی گەهوارەیی، میرزا عەلی عەباسوەند، پیر وەیسی قەڵخانی، لاچین عباسوەند، خوداوێردی لورستانی، کەریم خەلیل، حەیدەر قەڵخانی، شیرخانی قەڵخانی، عەباس کەرەندی، تەیموور بانیارانی [4]، وەلی موجەرلانی، نەزەر بەروەندی، جەوزەتفەنگچی، مەلك عەلی قەڵخانی، کەریم گەهوارەیی، بەگ مواردی گەهوارەیی، دوسەبیامەیی، ڕۆستەم کەرەندی، ڕۆستەم باباخانی، حەیدەر کەچکبەلی، حسەین عەلی شیانی "چتاپووری، چیابووری" سەیفور بیامەیی، بەگ مورادی قەڵخانی، خوداموراد قەڵخانی، دەروێش براخاس بیامەیی، ڕەزاعەلی بیامەیی، غوڵام چقاپووری "چیابووری"، شێرخان کەرەندی، ئیمام بیامەیی، شاڕەزا کەرەندی، شەکی گەهوارەیی، حەیدەرپایەدار،

---

1– خاندانهای حقیقت، محمد علی سلطانی، ص: 35.

2– 1207– 1296 کۆچی.

3– بڕوانە کەلامی پێکهاتنی هەفتەوانە، بەندی 60.

4– تەیمووری بانیارانی یەکێك بووە لە شۆڕشگێڕانی سەردەمی خۆیی و دوای ئەو کەسێکی تر بە ناوی تەیمووری سانی (دووەم) دەردەکەوێ.

کەرەم بیامەیی، مەلائیبراهیم عەباسوەند "میرزا عەلی عەباسوەند"، دەروێش ئۆجاق گەهوارەیی "ئۆجاق بیامەیی"، فارغ کرماشانی، نەورۆز سۆرانی، سەید ڕۆستەم، سەید خەسرەو، سەید ئەیاز.

دەورانی سەرهەڵدانی یەری تەنی لە ناوچە گەشاوەیەکی بەرچاو دەبەخشێتە ئایینی یارسانی، بەتایبەت ئەوە کە ئەم گەڕە لە بابەت پەرسە تایبەتەکانی سیاسی و مێژووئی کە لەسەر ڕەوتی گشتی یارسانی کاریگەریان دەبێ هێژای ئاماژە و گرنگی پێدانە. بەدوای سەید براکە ڕێبەری یارسانی ناوچەکە لە جەریانگەل و ڕەوتگەلی پشتەپەردەیان لەگەڵ بوو و لاوازی و زەوالی حکوومەتی قاجار، هەروەها دەسەڵاتدار بوونی خانەکانی ناوچە وەکوو سەردار موعەززەم خان... دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێك هاتەی یارسانی، کە دەتوانین بڵێن لەم گەڕە مێژووییەدایە کە گوتارەکانی یارسانی کۆ دەکرێنەوە بەڵام تەنیا دەتوانین بە ئیشارە و هێما لە ناونیشانەکانیتری زۆربەی گەڕەکان یاد بکەین، ئێستا چۆن ئەسڵی گوتارەکان لەناو چووگن و لەکوێن زانایانی زانستی بیانی و غەریبە دەبێ وڵامی ئەم پرسانە بدەن.

یەکێ لەو خاڵانەی کە دەتوانین وەکوو ڕووداوێك لە کۆمەڵگای یارسانی یادی لێ بکەین سەرهەڵدانی تەیموورە کە یەکێ لە شۆڕشگێڕان و کەسایەتیە سەرەکیەکانی پاش پەردیوەرە لە کۆمەڵگای یارسانی کە پێگەیەکی بەرزی هەیە. لە بابەت چۆنیەتی شەهید بوونی و ژیان و کەشف و کەراماتی چیرۆك و بەسەرهاتی زۆریان وتووە کە بۆخۆی کتێبێکی دووردرێژە، بەڵام ڕەحمەتی سەید ئەمرۆڵڵا شائیبراهیمی بە نەقڵ لە باوك و باپیری "سەید فەرجوڵڵا لە دەروێشەکانی تیموور" شەرحی حاڵی تەیموور بانیارانی و تەیمووری دووهەمی "فەتاح" وا بەیان کردووە: تەیموور کوڕی ڕەزا لە ساڵی 1246ك لە دێهاتی بانیارانی ناوچەی گۆران لەدایك دەبێ لە ڕەوتی خوێندن و فێربوونی زانست لە سەرۆی هەمووی دەروێشەکان، بێژەران و شاعیرانی ڕۆحانی و عیرفانیی گەڕی سەید حەیدەر ناسراو بە ئاسەیدبراکە کە لە دێهاتی تووت شامی کە وەکوو پەپوولە بە دەوری مۆمی جەمالی مامۆستای خۆیان دەفڕان و دەگەڕان، بووە. لە زەمانی ناسرەدینشای قاجار لەکاتی شۆڕشی تورکمنانی باکووری ئێران بۆ یارمەتی حکوومەتی ناوەندی دەبێتە سەربازی ژێردەستەی فەرماندەیی مەلیك نیازخان، لەکاتی سەربازی لەخۆی کەشف و کەراماتێك نیشان دەدا کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوون و دەرکەوتنی سیمای ڕاستەقینە و گیرا و ناوبانگی عیرفانی وی، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی هات و چووی پەیتا پەیتای ڕەکەبەران و دۆژمنان لەناو حکوومەتی کاتی کرماشان "عیمادولدۆلە" و حاکمی شەرع "ئاغامحەممەد عەلی کرماشانی" کە بەنیسبەت تایفەی دەورێشەکان قینەوەرییەکی سەیر و سەمەری هەبووە و پێشتریش موزەففە و عەلیشا کرمانی و مەعسووم عەلیشای دەکەنی و چەندین کەسیتر لە سۆفیەکانیان کوشتبوو، تا ئیعجاز و کەراماتی وی وەکوو سیحر و ئەفسوون لە قەڵەم بدەن. نووسەری ناسخولتەواریخ ڕووداوەکان وا شەرح دەکا: لە زەمانی حکوومەتی عیمادۆلدۆڵە

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان سەرهەڵدانی تەیمووری هەوەڵی گۆران روو ئەدا کە دەبێتە هۆی ترسی پیاوانی حکوومەت.

عیمادۆلدۆڵە بە سیاسەت لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکا. لیسانۆلمولك سەبارەت بەم رووداوە دەنووسی: پیاوێکی دیکە لە عەشیرەی گۆرانی قەڵا زنجیری کە تەیمووری ناو بوو... و ناوی خۆی نا نایبی ئیمامی غاییب للاوی لێ بێت، بەعەشیرەکان خەبەریدا کە من هاتووم کە کۆی حکوومەتەکانی سەررووی زەوی لەناو ببەم و تەواوەتی پاشای ئاسۆوەکان شکست و مەقهوور بکەم... شازادە ئیمام قولی میرزا خەیاڵی لە سوپای زەها و ئاسوودە نەبوو متمانەی پێ یان نەبوو و ئەوانی بۆ سەرکوت کردنی تەیموور نەدەهەنارد لەبەر ئەوەی کە پێی وا بوو ئەو جەماعەتە سەرسپوردە و بە فەرمانی ئەون و خەڵك دەستە دەستە لە کرماشان و کوردستان و لوڕستان و سلێمانی بەخێرا بۆ خزمەتی تەیموور دهاتن و بە خاکی بەرپێی‌وی ناو توێڵیان تەبەڕوك دەکرد، لەناکاو شازادە عیمادولدۆڵە راوتەگبیرێکی کرد و لەگەڵ جەماعەتێك لە سوپا کە لێیان دڵنیا بوو قەی کرد و بەخێرایی هێرش کردە سەر تەیموور و پێش ئەوەی عەشیرەکان ئاگادار ببنەوە تەیمووریان گرتوو هێنایانە کرماشان و شازدە مۆڵەتی نەدا کا فیکری پەرۆش بێ و پەشیمان ببێتەوە و فەرمانی‌دا کە سەری ببڕن.

لەئاکامدا تەیموور بانیارانی پاش شەش مانگ حەبس لە بەندیخانەی حکوومەتیی عیمادولدۆڵە لە سەوزە مەیدانی کرماشان شەهید دەکرێ و تەرمەکەی لە شەوانە رۆژ لەوی دەمێنێتەوە و ئاخردا لە حوجرەی موزەففەر عەلیشای کرمانی لە دەروازەی رۆژهەڵاتی شار خاك سپاردەی دەکەن کە بەدوای ئەوەش سەید ساڵەح حەسەنی بەنازناوی حەیران عەلیشایش هەر لە هەمان قەبرنێژراوە.

شۆرەت و ناوبانگی وی لە بەندیخانە دەگاتە گوێ ناسرەدین شا کە لە قەزا خەونێکی سەیری دیبوو کەچی فەرمانی دابۆ لێکدانەوەی خەونەکەی بیهێنە خزمەتی، شا لەکاتی رووبەروو بوونەوەی‌دا لەگەڵ ئەودا دەڵێ تو هەمانی وا لە ناوچەی رۆژئاوای وڵات ئاژاوەی ناوتەوە و ئیدعای پاشایەتی کردووە؟ تەیموور لە وڵامدا بەتوندی و قائیمی دەڵێ ئێمە شای دەروونین و پاشایەتی زاهیری و رووالەتیمان داناوە بۆ تۆ و کەسانی وەك تو. شا دەپرسێ دەلیل و هۆکاری ئەم ئیدعایە چییە؟ تەیموور دەڵێ بە هەمان هۆکار کە "سەد تمەن بدە تا هەڵۆوەکەت پێ بدەم" و دەردەکەوێ ئەوە هەمان خەونێکە کە چەند رۆژێکە شای لە هەراس و ترس خستووە و تا ئێستا کەس ئاگای لێ نەبووە و شا سەبارەت بەم بابەتە شتێکی بە کەس نەوتبوو، کەوابوو خەونەکە بەو شێوە کە شاپێی رازی بێت لێکی دەدا و شا دەخاتە ژێر کاریگەی دەروونی و مەعنەوی خۆی بەشێوازێك کە هەرچی شا پێداگیری دەکا شتێکی لێ بخوازێ قبوولی ناکا تا ئەوە کە خودی ناسرەدین شا بە رێز و حورمەتێکی زۆر و دابین کردنی مووچەی ساڵانە لەسەر دڵخوازی خۆی، سەفەر و جێ خۆش بوونی لە هەمەدان بۆ وی دابین دەکات و لە ئاکامدا هەر لەوێ دەرمانخۆر و شەهید دەبێ و لەپاڵ قەبری باباتاهیر سپاردەی دەکەن.

نکوولّی لەوە ناکرێ کە "یارسان" لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا، هەلگری بیروبۆچوونی "مرۆڤ باوەڕی"، ئازادیخوازی و ڕەتکردنەوەی دەسەلاّت بووە و بە چاوێکی پڕ ڕێزەوە ڕوانیویەتە گشت ئایین و ئایینزاکانی تر، ئەمە لە حالّێکدا بووە کە ئەم ئایینە و بە گشتی کۆمەلّگای "یارسان" هەر لە سەرەتای سەرهەلّدانییەوە بووەتە ئامانجی ڕکەبەرایەتی و زولّم و زۆری دەسەلاّتداران و دەسەلاّتخوازان و بە هەر شێوەیك بۆیان کرابێ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ لە ناوبردن و لاوازکردنی هەولّیان داوە.

ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بوونی بیروباوەڕێکی وا و پەرەسەندن و سەقامگیربوونی، لە بەرژەوەندی دەسەلاّتداران دا نەبووە و ئاگری کینەی ئەوانی هەلگیرساندووە. ئەم دژایەتی و ڕکەبەرایەتییە، لە حالّێکدا ڕوویداوە کە ئەم ئایینە بە هۆی دوورەپارێزی و خۆپاراستن لە ئاژاوە ناوچەییەکان، کەمتر دەرکەوتووە و هەولّی داوە بەهیچ شێوەیەك تەنانەت سەرنجی مێژوونووسانیش ڕانەکێشێ. بەلاّم سەرەڕای ئەوە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی فیتنە و ستەمی دوژمنانی بووەتەوە و هەرگیز ئەمن و ئاسایشی بەخۆوە نەدیوە[1].

شەڕەکانی ئەتابەکان و حەسنەوییەی بەرزەکانی دژ بە شاخۆشین و یارانی، شەرئەنگێزی و فیتنەگەری دەسەلاّتدارانی ناوچەکە وەکو کورانی سولتانعەلی بیگ ، کۆچەکانی زۆرەملی و کۆچاندنی قەومەکان بەدەستی شائیسماعیلی سەفەوی، شاعەبباس، نادری شای ئەفشار، کەریم خانی زەند و زەنگەنە بوون کە کاریگەری و ڕۆلّێکی ڕاستە و خۆیان لە بە دەسەلاّت گەیشتنی کەریم خانی زەند هەبووە. بنەماو بنچینەی سەرەکی ئەمانە هەلّیدان، جەلال وەند، عوسمانوەند و ناوچەکانی دەوروبەریەکە دوو عەشیرەی باجلاّن و هەمینان لەخۆوە دەگرێ کە ئەوە هۆی ڕۆیشتن یان لەگەلّ کەریم خان بۆ شیراز دەردەخا.

---

1– بۆ یەکەمجار گەڕۆکە ئەوروپییەکان، ئەویش لە سەرەتایی سەدەی نۆزەهەمی زایینیدا لە سەر (یارسان) شتیان نووسی و دەستیان کرد بە لێکۆلّینەوەی زانستیانە لە سەر ئەم ئایینە. کەواتە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: جی. مەکدونالد کینر، (یادبود حغرافیایی امپرطوری ایران، 1813: 141) G.Reppel (گزارش خصوصی سفری از هندوستان به انگلستان 1817) H.Rawlinson ڕاپۆرت سەبارەت بە ژیانی عەشیرەتی گۆران (ئەهلی حەق) ئەم نووسەرە یەکەم کەسێك بوو کە زانیاری باوەڕپێکراوی سەبارەت بەم فیرقە خستەڕوو). هەروەها دەتوانین ئاماژە بە لێکۆلّەرانی خوارەوە بکەین کە نووسراوەکانیان تا هەنووکەش وەك سەرچاوەی زانستی لە سەر (یارسان) بەکاردەهێنرێت: ڤلادیمێر مینۆرسکی، والنتین ئالکسییویچ، ژۆکۆڤسکی، کنت دوگۆبینو، ژاك دومورگان، بارون دوبود، سن پترزبورگ، ئستراسبورگ، گاردۆلوسکی، زوکسکی، جی. کپل، ڤ.ڤ مایڤسکی، پ. ئالۆمیلوڤ، مسیوچریکف، خانیکوڤ، ك. ن. سمیرنۆڤ، ماکسیمۆیچ، ن. ژ. مار، ڕاولینسون، ف. کامونت، س. جی. ویلسون، ژان دۆرینگ، ئۆژن ئۆوین، ف. کۆمن، ڕەزاحەمزەیی، ڤلادیمیر ئیوانف، پترۆسڤسکی، سیسیل جان. ئەدمۆندر، فامیلکۆڤسکی، ڕۆمن گیرشمن، ئۆسکارمان، ڤان برویین سن، کلاودیوس، جێمس ڕیچ، کارل هادانگ، د. ن. مەکنزی، گ. هورنلە، ج. موير، ئا. دێپرە، گ. دۆوال، ئی. ف ڕۆسۆ، ك. دیتر، ك، ڕولینسن، م. واگنر، گ. بەدە، ئی بەرەوین، پ. لورخ، ئاگاگارین، ب. کالۆباکین، د. بلیاف، ئا. ئارلف، ب. و میلر، ئە. ل. ویلچڤسکی، ت. ڤ. ئاریستوا، گ. م. پێتروڤ وێپ، پ. ئاکۆپڤ، ك. ك. کوردویڤ و...تاد.

بەلاّم بەداخەوە بە هۆی وەدەستنەخستنی تێکستە ئایینییەکان و هەروەها نهێنیبوونی بنەماکانی ئایینی (یارسان) و نامۆیی ئەو لێکۆلّەرانە بەرانبەر بە دابونەریتی ناوچەکە و...تاد، هەلّەی زۆر کەوتۆتە ناو بەرهەمەکانیان.

باجلانەکان لە دوو عەشیرەی جەموور و قازانلوو پێك هاتوون کە لە زەمانی ئاغا محەممەد خان بۆ قەزوین کۆچراون. عەشیرەی کەلی کە لەگەڵ کەریم خانی زەند بۆ شیراز رۆیشتوون کەچی پاش زەندیە، بیرانوەندەکان و باجۆڵوەند "باجەڵانەکان" گەڕاونەتەو بۆ لوڕستان کەوا باجەڵانەکانی دێهاتی عوسمانوەندی کرماشان لەم عەشیرەن. وەیا عەشیرەی جەلیلوەند کە لە دینوەر لە باکووری رۆژهەڵاتی کرماشان نیشتەجێ بوون کەچی کەریم خان ئەوانی بەرەو شیراز کۆچاند کە لەدوای مردنی وی ئاغا محەممەدخان ئەوانی لە شیراز گوێزاندەوە بۆ ناوچەی قەزوین. هەروەها عەشیرەی مافی کە شوێنی سەرەکیان زەهاو و زۆزانیان لە بناری پڕاو لە نێزیکی دینوەر بووە، کە لە ساڵی1167ك لەگەڵ محەممەدخانی زەند کۆچیان کردووە بۆ شیراز و لە زەمانی ئاغامحەممەدخانی قاجار گەڕاونەتەوە کە بڕێکیان چوونە کرماشان و تاقمێکیان لە قەزوین نیشتەجێ بوون. هەروەها عەشیرەی خاجەوەند کە کۆچران بۆ دەرەگەز، شیراز و شاریار و دوایی لەلایەن ئاغامحەممەدخان بۆ شاری نوور لە باکووری ئێران و دووایش بەدەستی ناسرەدین شابۆ زاغ مەرز نێزیك ساری کۆچ دران کە لە کەلاردەشت و مازەندەرانیش نیشتەجێ کران. و یا عەشیرەی کاکاوەند کە یەکێ لە تایفەکانی وەندن لە رۆژهەڵات و باکووری لوڕستان کە رەنگە لە زەمانی نادرشای ئەفشار کۆچ دراون بۆ ناوچەی قەزوین کە بە دو تایفەی مەسیح خانی و نامدارخانی دابەش دەبن. کۆچی نێزیك پەنجا هەزار بنەماڵە لە سنوورەکانی ئازەربایجان و مەهاباد و کوردستانی تورکیا و چخوورسەعد "یەرەڤان" بەرەو رەی، زەنجان، تاکستان، قەزوین و لەئاکامدا بۆ خوراسان لە ساڵی 1007ك کە کۆی ئەم عەشیرەگەلە لە سەرەتای دەسەڵاتی سەفەوی بەناوی چەهش گەزەك بەناوبانگ بوون بەڵام لە ئاخرەکانی گەڕی سەفەوی ناویان گۆڕا بۆ زەعفەرانلو. کوردی.

یان دوورخستنەوەی هۆزی "خواجەوەند" بەرەو "کەلاردەشت" لە باکووری ئێران، لە لایەن شائیسماعیلی سەفەوی و شاعەباس و نادرشای ئەفشار و کەریم خانی زەند... تاد، کە دەتوانین هۆکارەکانی ئەم دوورخستنەوانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بدۆزینەوە:

1- تێکدانی پێکهاتەی کومەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی ناوچەی کەلاردەشت بە مەبەستی کەم کردنەوەی دەسەلات ململانێی هۆزە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ دەسەڵات دا.

2- تێکشکاندن و لاوازکردنی هێزی کوردەکان و لوڕەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران. کە لەم بارەوە هنری فیلد نووسیویەتی: شاعەباس لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا بە مەبەستی ترساندن و کۆنترۆڵی دانیشتوانی ڕەسەنی "کەجوور پول و کەلاردەشت" هۆزی خواجەوەندی لەو ناوچە نیشتەجێ کرد. هەروەها فیلد لە ساڵی "1902" زایینی ناوی پێنج خێڵی لەو کوردە کۆچەرانە بەم شێوەیە تۆمار کردووە: سوڵتان قولیخانی، کاکاوەند، لەك خواجەوەند و دلڤان. کە دوایین خێڵیان لە لایەن نادرشای ئەفشارەوە، لە گەڕووس و

کوردســتانەوە کــۆچ دران[1]. دوورخســتەوەی عەشــیرەتی "چــەگەنی" لــە ســەردەمی ئاغــا محەممــەدخانی قاجــار بــۆ ناوچــەی قــەزوین. دوورخســتنەوەی عەشــیرەتی "کاکاوەنــد" لــە سەردەمی نادر شای ئەفشار بۆ ناوچەی ئـەبیوەرد و دەرەگـەز. پێشـتریش ئـەم عەشیرەتە لـە ســەردەمی کــەریم خــانی زەنــد لــە ناوچــەی قــەزوین نیشــتەجێ کرابــوو[2]. هــەروەها کوشــتن و شەهیدکردنی زۆر لە گەورە پیاوان و سەرکردەکانی "یارسـان" وەك: شـاوەیس قـولی، تـەیموور بانیارانی، سەید محەممەدی کەلاردەشتی[3]، سەید ڕەزا کوردی عەلەوی و زۆر کەسانی تر.

دوورخستنەوەی پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە ناوچەی شارەزوور و هەورامان لە لایـەن کـوردە موسـڵمانە توندڕەوەکانەوە، بە جۆرێك کە ئیستا بە دەگمـەن ئـەهلی حـەق لـەو ناوچـانە ماونەتـەوە. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە هـەورامان و شـارەزوور، شـوێنی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی ئـەم ئایینـە بـوون و لـە شارەزوورەوە تا مووسڵ چەندین گۆڕستان و شوێنەواری پەیڕەوانی ئەهلی حـەقی تێدایـە. هـەروەها بەکارهێنانی هەندێ پلانی تر وەك دابین نەکردنی هەر چەشـنە خزمەتگوزارییـەك بـۆ ئـەو ناوچـانەی خەڵکانی ئەهلی حەقی تێدا بوون و بە هەژارکردنی ئەو خەڵکانە بووەتە هۆی وازهێنانیان لـە ئـایینی یارسان. بۆ نموونە لە ناوچەی لوڕستان کە پێشتر نزیك بە هەشتا لە سەدی دانیشتوانی ئەهلی حەق بوون، کەمتر کەسێك تا ئێستاش لە سەر ئایینی باوباپیرانی ماوەتەوە و بـە گشـتی وازیـان هێنـاوە، بەڵام شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی حـەق تـا ئێسـتاش لـەو ناوچـەدا ڕێزیـان لـێ دەگـیرێ و زیارەتگـای خەڵکانی ناوچەکەن[4]. یـەکێ لـەم شـوێنە پیرۆزانـە قـەبری ئیـبراهیم بـن موسـای کازمـە کـە لەسـەر گونبەدەکـەی جـەم نـاوە دەناسـرێتەوە و نازنـاوی باباگەورەیـە و لـە شـوێنەکەش هـەر بـەم نـاوە دەیناسن.

---

1– کلاردەشت، علی ملك پور، ص: 103– 105.

2– کرد و پراکندگی او در گسترە ایران زمین، ص: 145.

3– سەرهەڵدانی سەید محەممەد ناسراو بە سەید عالەمگیر لە سەردەمی ناسرەدینی قاجاردا ڕوویداوە. ئەم کەسایەتییە بەڕەچەڵەك کەلاردەشتی نەبووە و وێدەچێ لە (سەحنە)ی کرماشانەوە چووبێت بۆ ئەو ناوچە. هەروەها سەرهەڵدانی سەید محەممەد حەسەنی موشەعشەعی کە یەکێك بووە لە سەیدەکانی ئەردەبیل دژ بە زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران، جێگای ئاماژەیە، بەڵام بەداخەوە ئەم سەرهەڵدانانە بە توندی سەرکوتکراون و هیچ ئاکامێکی ئەوتۆیان لێنەکەوتۆتەوە.

4– هەروەك ئاماژەمان پێکرد: بوونی چەندین گۆڕ و زیارەتگای کەسایەتییە ئایینییەکانی ئەهلی حەق لە ناوچەی لوڕستاندا بەڵگەی حاشا هەڵنەگری سەردەمێکی پڕشکۆی پەرەسەندنی ئایینی (یاری)یە لەو ناوچەدا. بۆ نموونە دەتوانین بە زیارەتگاکانی خوارەوە ئاماژە بکەین: 1– بابا بزورگ لە (ئاوایی سەرکشتی) لە ڕۆژئاوایی نوورئابادی سەر بە قەزای دلفان2–کاڵ نازار نزیك گونبەزی بابا بزورگ. 3–ئەبوو ئەلوەفا لە ڕۆژئاوای (کوهدەشت) نزیك گونبەزی بابا بزورگ.4–بابا دانیال لە شەش کیلۆمەتری (سەراب) لە دۆڵی پیر مووسا. 5–بابا سەیفەدین لە (دەڕەشار). 6–پیر ئەحمەد لە ناوچەی (بایە سەگوەندی عالیخانی). 7–داودە ڕەش لە کۆدەشت. 8–پیر شەمسەدین لە باکووری ئاوایی تەشکەن، نزیك سفید کوە. 9–ماما جەلالە لە (دۆڵی بابا عەباس) نزیك خوڕەم ئاوا. 10–تالب عەلی لە ناوچەی ملاوی. 11–بوممیل (بابا مەحموود) لە ناوچەی زاغە. 12–پیر محەممەد لە دلفان. 13–پیر محەممەدشا لە فەیروز ئاوای ئەلیشتەر. 14–بابا لەنگ نزیك ئاوایی مازوو.15–پیر یەجد لە ئاوایی ڕەبات نمەکی نزیك خوڕەم ئاوا. 16–پیر سلێمان لە ئەزنای سەگوەند. 17–بابا تاهیر لە خوڕەم ئاوا. 18–بابا کاوس لە ئەلیشتەر. 19–بابا خازرە (بووخازرە) لە جایدەر. 20–بابا زەید (بوویزە) نزیك پولدوختەر. 2–بابا حەوی یان حەبیب نزیك کۆدەشت. 22–گونبەزی پیرۆزی زولنوور قەلەندەر.

ئەم مەرقەدە لە دێهاتی سەرکەشتی لە تەوابیعی نوورئابادی لوڕستان بە مەودای60کیلۆمەتری لە ڕۆژئاوای ئەم باژێرەیە کە پێشینە مێژوویەکەی لە بیرەوەری خەڵك و هەروەها لە کتێبدانا دیارە و لە منداڵانی ئیمام مووسای کازمیش نییە چونکوو جەنابیان کوڕێکی بەناو ئیبراهیم بە نازناوی موجابی هەیە کە ئەو لەم شوێنە نەنێژراوە. هەڵبەت بە هەمان شێوە کە بەشی سادات و شەرحی حاڵی ئەوان گوترا زانستی ڕەچەڵەك ناسی و تۆمار کردنی شەجەرە پێوەندیەکی بە سادات کامیل و تەواو نییە و کەمی و نوقسانی زۆری هەیە و هەروەها کاڵ نازدار کە بەناوی سەید جەلالەدین هاتووە لە سووچی باشووری ڕۆژئاوای گونبەدی باباگەورەیە. کە لەم شوێنەش وەکوو هەورامان نیشانێك لە یاری و یارستانی و یا پێشینەی مێژوویی و باوەڕو فیکرەکانی ئەوان نابینرێتەوە و تەنانەت ناوێکیشی لێ نابردرێ. لەحاڵێکدا ئاشکراو روونە لە نووسراوە کۆنەکانی یارسان ئەم دوو کەسایەتیە "باباگەورە و کاڵ نازدار" لە زاتەکانی شائیبراهیم و بابایادگار یا هەمان عەقیق و یەقیق دەروونمایە-یان هەبووە و ناو براون و نیشانیان لە نووسراوەکانی سەرئەنجام بەباشی پەیدا دەبێ. پیر دانیاڵی داڵاهویی دەفەرموێ:

باباوزرگ روچیار هام جفت شانه/کال نازار بی یار زه رده بانه [1]

3- دووبەرەکی و لێکنەگەیشتن لە ناو پەیڕەوانی ئەهلی حەقی ناوچە جیاجیاکان دا، سەبارەت بە هەندێ بۆچوون و چەواشەکاری داسەپێنراو لە لایەن کەسانی دەرەکییەوە کە هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و تێنەگیشتن لە بنەماکانی ئەم ئایینە کە بەڕوونی لە سەرئەنجام دا باسیان لێ کراوە. ئەمەش لە لایەکەوە بووەتە هۆی ناکۆکی ئەهلی حەق و لە لایەکی ترەوە نەیاران و دوژمنانی یارسانی هان داوە بۆ چەواشەکاری زۆرتر و گەورەکردنەوەی ناکۆکییەکان و لە ئەنجامدا پێکهێنانی ململانێ و دژایەتی ناوخۆیی لێکەوتووتەوە، کە بەداخەوە تاڕادەیەك ئامانجەکەیان پێکاوە و کۆمەڵگای یارسانیان تووشی لاوازی و لێك دابڕان کردووە. نکووڵی لەوەش ناکرێ کە سەرچاوەی زۆربەی ئەم کێشانە هەندێ لە سەیدەکان و بەرپرسانی ئەهلی حەق بوون، کە لە لایەن ڕێکخراوە "فراماسونەری"یەکانەوە بۆ لاوازکردن و تێکشکاندنی یەکییەتی یارسان، پشتگیری کراون و دەکرێن. پێویستە بگوترێ هەژاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵگای "یاری"ش لە سەرکەوتنی ئەو پیلانانەدا، ڕۆڵی هەبووە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ناکۆکی و لێکدابڕان لە "یارسان"دا، دەستێوەردان و چەواشەکارییەکانی بنەماڵەی "ئیلاهی[2]"یە، کە بە کەڵك وەرگرتن لە هەندێ بیروبۆچوونی "یاری" ئایینێکی نوێیان

---

[1]- سرانجام ،بارگه بارگه بند42 .

[2]- لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، سەردار عەلی خانی موکری و ژمارەیەك لە بنەماڵەکەی، بە هۆی دژایەتی و بەرخۆدان لە بەرانبەر هێرشی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر ڕۆژئاوایی ئێران، بە فەرمانی سەلیم پاشا لە سێدارە دران و بنەماڵەکەی (بە هەردوو لقی شیعە و سوننەوە) لەو ناوچە دەرکران و هەندێکیان بەرەو خوراسان و قووچان ڕۆیشتن و هەندێکیشیان ڕوویان کردە ناوچەی کرماشان و لای خزمەکانیان، کە پێشتر لە (سەحنە) نیشتەجێ ببون و پێڕەوی ئایینی ئەهلی حەقیان دەکرد، گیرساننەوە. ئەم بنەماڵە بە (ئیلاهی) ناوبانگیان دەرکردووە و محەممەد

پێکهێناوە و بەناوی تازەگەری و نوێخوازی لە ئایینی "یارسان"دا ئەم کارەیان کردووە، هەروەها بەناوی زیندووکردنــەوەی بنــەماکانی ئــەم ئایینــە، بڵاویــان کردۆتــەوە و بوونەتــە هــۆی کێشــە و ململانــێ و سەرلێشێواوی لە کۆمەڵگای یارسان دا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بنەماڵەی ئیلاهی هیچ پەیوەندییەکیان بەو حەوت بنەماڵە پیرۆزە سەرەکییەکەی یارسانەوە نییە و هــەر بــەم بۆنــەوە لــە ئایینــە تازەکــەی ئــەوان دا چەندین خاڵی لادەر لە بنەماکانی ئایینی یارسان بەرچاودەکەوێ کە بریتین لە:

1– ڕەتکردنەوەی سیادەت و جێگە و پێگەی سەیدەکان لە ئایینی یاری دا و ناسـاندنی سـەیدەکان وەك نەیارانی ئایینی یاری. لەم بـارەوە لـە کتێبـی "ئ‌ێپـار الحـق"دا کـە سەرچـاوەی سـەرەکی ئـەم بنەماڵە و پەیڕەوانیانـە، هـاتووە: سـەیدەکان ئـایینی ئـەهلی، حـەقیان تێکـداوە و بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیان بە کاریان هێناوە. ئەمەش شتێکی تازە نییە و هەر لە سـەردەمی سـوڵتان سـەهاکەوە پێـنج بنەماڵە لەو حەوت بنەماڵە[1] ئەوەندەی کە گرینگیان بە فراوانکردنی "مورید"ەکانیان داوە، گرینگیان بە بەڕێوەبردنی ئەرکە ئایینیەکانیان نەداوە. بەپێی ئەم بۆچـوونە سـەرکردەکانی بنەماڵـەی ئیلاهـی کەسانێکیان بە پلەی "سەید"ی بەرزکردەوە کە گوایە لە بەرەی "بـەنی هاشـم"ن. کـە ئەمـەش بـە پێچەوانەی ئایینی یارسانە کە سەید دەبێ لە بەرەی ئەو حەوت بنەماڵە پیرۆزەی سەردەمی سوڵتان سەهاك بێ. ئەڵبەت بەداخەوە سەبارەت بە ڕۆڵی خراپی هەندێ لە سەیدەکانی یارسان، نـاتوانین بـە تەواوی بۆچوونەکانی "ئیلاهی" ڕەت بکەینەوە، بەڵام ئەمـە نابێتـە هۆیـەك بـۆ گۆڕانکارییـەکی بـەو شـێوە و تێکـدانی ئـەو نیزامـە ئـایینی – کۆمەڵایەتییـەی کـە سـوڵتان سـەهاك بـۆ ئـەهلی حـەق، دایرِژاندووە.

هەروەها پێویستە بگوترێ بەداخەوە هەندێ لـە سـەیدەکان بـە هـۆی نـەزانی یـان تـرس یـان پاراسـتنی بەرژەوەندی خۆیان، ئەوەندە لە سەر "نهێنی بوون"ی[2] بنەماکانی ئایینی یاری پێداگرییان کردووە، کـە زۆربەی پەیڕەوانی "یارسان" یش نەیانتوانیوە زانیـاری پێویسـت لـە مـەڕ ئایینەکـەیان وەربگـرن و هـەر ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ چەواشەکاری و لادەری و سەرهەڵدانی کەسانی وەك "نوورعەلی ئیلاهـی" و گۆڕانکارییە مەترسی دارەکانی. هەروەها ڕەوتی نابەجێی ئەو سەیدانە ئایینی شۆڕشگێڕانە و پڕجـۆش و خرۆشی یارسانی کردووە بە هزرێکی گۆشەگیر و خامۆش. ئەمە لە حاڵێکدایە کـە بـە فـەرموودەی بابـا ناوس:

| | |
|---|---|
| موجزم واچێ ئاڵ حەق شناس | نوختو کــەلامم واچان وە ئــاواز |
| وەی زاتو وەزنم بکەردێ ئیعجاز | پەی کەرامانم وەشتان بۆ ئەلفاز[3] |

---

عەلی سوڵتانی ئەوانی بە یەکێك لە بنەماڵەکانی ئەهلی حەق داناوە کە لە ڕاستییەوە دوورە و بنەماڵەکانی ئەهلی حەق بریتین لەو حەوت بنەماڵەی کە لە سەردەمی سوڵتان سەهاکدا پێکهاتوون. بڕوانە: فرهنگ نام های پرندگان در لهجه‌های غرب ایران، محمد مکری.

1– چونکە بابا یادگار و عالی قەڵەندەر خۆیان بنەماڵەیان پێکهێناوە.

3– کەلامی دەورەی بابا ناوس، بەندی 37.

هەروەها سوڵتان سەهاك سەبارەت بەوەی کە سەیدەکان نابێ بۆ بەرژەوندی خۆیان یان هەر هۆیەکی تر لە ئایینی یاری و نیزامی کومەڵایەتی یارساندا داب ونەریتێکی نوێ دامەزرێنن، دەفەرموێ:

ئـەر بەیۆنێ بێوەن خـــودایی          هەر خـودای بۆش بێوەن بارگـایی

نەشانان بێ شەرت پا چەزیایی          نەشکنان ئی قەول پیرو پـادشایی

هەر چە ئی وادە تا وە رجـایی          ئی گــەزو کۆچ بۆ کـــردم بینایی

نە نیەران جــە نــۆ مینگەو بارگایی          نەنیەران بێ شەرت جەم وە جیایی[1]

لە کۆتای دا پێویستە بگوترێ هەرچەند هەندێ لە سەیدەکان رۆڵی بەرچـاویان هـەبووە لـە سـەرهەڵدانی "لادەری" و قوڵبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی یارسان دا، بەڵام ئەم هەڵە نابێ ببێتە هـۆی هەڵەیەکی گەورەتر و لە بیربردنەوە و لادان لە دەستوورەکانی سـوڵتان سـەهاك و بنەماڵـەکانی یارسـان. هەروەها نابێ لە بیربکرێ کە هـەر "یـار"یك پێویسـتی بـە "پـیر[2]" هەیـە و رێزگـرتن لـە بنەماڵـەکانیش پێویستییەکی ئایینیە. داوود دەفەرموێ:

وە پا مۆ عەلەم چەی خاندانان          مێردان ئی شەرتە تاقی بزانان[3]

هەروەها لە کەلامی دەورەی "خەزانە" میردان دا دەفەرمن:

هەی دیدەکانی پوور سوڵتانەن          هەفت خاندانان وەکیل بنیامەن

2- نوورعەلی ئیلاهی لە کتێبەکەی خۆیدا "ێپار الحق" نووسیویەتی:

ئێمـە بەختـەوەرین کـە لـە شـەریعەتی محەممـەدی دا گەشـەمان کـردووە و شـانازی بەوەوەدەکـەین کـە پەیڕەوی ئاینزای شیعەی "12" ئیمامین، ئێمە ئۆمەتی محەممەد و میللەتی ئیبراهیمین. ئەم بۆچوونانە ئاشکرای دەکات کە بنەماڵەی ئیلاهی ئایینی یاری، بە یەکێك لـە ئاینزاکـانی ئیسـلام دادەنـێن. ئەمـە لـە حاڵێك دایە کە نوور عەلی ئیلاهی لە کتێبەکەی تریدا "برهان الحق" نووسیویەتی: هەر کەس لە بنەماکان و یاساکانی ئەهلی حەق لابدا، ئەهلی حەق نییە. بەڵام هەر بۆ خۆی لە کتێبی "ێپار الحق"دا پێداگری لە سەر ئەوە کردووە کە دینێکی نوێ "ابداعی" پێکهێناوە[4].

هەروەها یەکێکی تـر لـە ئەنـدامانی ئـەم بنەماڵـە نووسـیەویەتی: ئـەوان دینێکـی نوێیـان پێکهێنـاوە کـە جەوهەرەی گشت دینەکانـە[5]. بـە چاوخشـاندنێك بـە سـەر وتـەکانی سـەرەوەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە

---

1- کەلامی دەورەی دەرکەوتنی هەفتەوانە، بەندی 36.

2- ئەڵبەت مەبەست لە (پیر)ێکە کە کردار و رەفتاری بەپێی بنەماکانی ئایین و مەرجەکانی سەرئەنجام و یاساکانی پردیوەری بێ. پیر حەسەنی خوراسانی لەم بارەوە دەفەرموێ:

تۆ وە کەج شەرتان دەست یار مەدەرە          ئەو پیر کەج شەرت سوجدە مەوەرە

هەروەها پیر عەبدولعەزیزی بەسرەیی دەفەرموێ:

وەپیر کەج شەرت سوجدە نەوەران          پیر ناکامل گرد بەر مەکەران

3- کەلامی دەرکەوتنی هەفتەوانە، بەندی 4.

4- بڕوانە: آثار الحق، نور عەلی ئیلاهی.

5- مبانی معنويت فطری، بهرام الهی.

تەنانەت خودی بنەماڵەی ئیلاهیش تووشی سەرلێشێواوی بوون، لە شوێنێکدا خۆیان بە ئەهلی حەق دەزانن، لە شوێنێکی تردا بە شیعەی "12" ئیمامی و دواتر بە داهێنەری دینێکی نوێ و ئیبداعی...

بەداخەوە کەمترخەمی سەیدەکان و سەرکردەکانی یارسان لە لایەکەوە و دواکەوتوویی و بێئاگایی و هەژاری کۆمەڵگای یارسان لە لایەکی ترەوە، بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بیروباوەڕی لەم چەشنە کە جگە لە سەرلێشێواوی و لێکدابڕانی یاران و لاوازبوونی کومەڵگای یاری، هیچ ئاکام و ئەنجامێکی تری لێ ناکەوێتەوە.

ص171ئە لبە ت لە"بورهان الحق" دا هاتووە کـهەرکەس تەجاوز بکا لە ئەهلی حەق نییە و یا لە ئاسارۆلحەق هاتووە کە ئیمە پەیڕەوی دینی سوڵتان ئیسحاقین! هەروەها لە مامۆستا ئیلاهی پرس دەکرێ کە: ئێوە بەنیازن پێداچوونەوە لەو شتە "بورهانولحەق" بفەرموون...؟ و جەنابیان دەفەرموون کە: پێداچوونە و لە بورهانولحەق ئەگەریش بکرێ سەبارەت بە شەرحی ئەم بابەتانەیە و لە پرەنسیپەکان و ئەرکەکانی هیچ چەشنە گۆڕانکاریەك بەدی ناکرێ، لەبەر ئەوەی کە پرەنسیپەکانی بورهانولحەق لە گوتاری سەرئەنجامی سوڵتان سەهاکیە و نەگۆڕ. یەکێتر لە پرسە ئاماژە پێکراوەکانی لە تایفەی ئیلاهی بابەتی شاربە. کە ئەوە لە بنەڕەتەکانی باوەڕمەندی ئەهلی حەقە و لە بورهانولحەق-یش هاتووە کە: هەر سلسلەیەك کە ڕەس و پەتی سلووکی تەریقەتەکەی بگاتە حەزرەتی عەلی لێدانی شارب بە حەرام بزانی. و یا لە ئاسارولحەق هاتووە کە: ئەهلی حەقی بێ سمێڵ لە کۆی جۆز ڕێگە مەدەن. بەتایبەت ئەوە کە حاج نعمەتوڵڵا کە لە گەورەکانی ئەم تایفەیە نەتەنیا سمێڵی ناتاشی کەچی ریش و زۆڵفیشی هەبووە.

لەحاڵێکدا ئێستا دەبینین وا نییە و....1

خاوەن زاتەکانی پاش سەردەمی پەردیوەر لە باکووری تورکیا تا باکووری خووزستان و هەروەها ناوچە ڕۆژئاواییەکانی ئێران وەکوو ئەفغانستان، پاکستان و هیندوستان بوونە هۆی بەربڵاوی و پەرەسەندن و فراوانی جوغرافیای مرۆڤی و ژینگەیی یان کە ئەم بەربڵاوەییە یەکێ لە هۆکارەکانی پەیدا بوونی جیاوازی لە ئاداب و نەریت و چۆنیەتی بەجێهێنانی ڕێ و ڕەسمی وانە، لەبەر ئەوە کە هەل و مەرجی ناوچەیی و کولتووری زاڵ بەسەر ئەو وڵاتە شێوازی کردەوەی ئەم جەماعەتەی بەنیسبەت فەرمانەکانی ئایینی خستە ژێر کاریگەی خۆی و لەدەستدا نەبوونی میدیا و ئامرازی پێوەندی گشتی ئەم لێك دابڕانەی زۆرتر کرد و بووە هۆی ئەوە کە تاکەکانی یارسانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا لەسەر بناغەی پرەنسیپەکانی کولتووری ناوچەکە عەمەڵ بکەن و یا لەکاتی ڕاکێشانی تەریقەتەکانیتر بۆلای یارسانی بۆچوون و باوەڕهای پیشینی خۆیان لەبەر نەبوونی ڕێنوینیگەلی پێویستی پێببەخشن.

هەروەها لەدەستدا نەبوونی گوتارەکانی یاری کە بکرێ لەرێگا ئەم کەلامانە فەرمانەکان و قەواعیدی تایبەتی ئایینی فێر بن و دەری بێنن و پەڕەی پێ بدەن یەکێتر لە هۆکارەکانی ئەم دابڕانەیە کە هیچ کاتێك یارسانیان لەسەر چەندین هۆکار نەیانتوانیوە هەوڵ بۆ چاپی کتێبی خۆیان بدەن و ئەگەر

**گوتارێکیش لەبەردەستدا بووە بەباشی هەوڵ و ئیهتمامیان بۆی نەداوە تا بیکەن بە نووسراوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە هەر ناوچەیەك لەسەر زیهنیاتی زاڵی خۆی ئەم گوتارگەلە و فەرمانەکانی شرۆڤە لەسەر راو دەنگی خۆیان بکەن.**

**ئەم گەلە لەبەر چەندین گرفت وەکوو هەژاری، نەناسینی دروست، لەژێر مەترسی هەرەشە بوونی ناوچەی زاگرۆس، بوونی سەرکوت گەر بەدرێژایی مێژوو، پێچدراوی و ئاڵۆزی لە رەمزوڕاز و نەبوونی زانست و ئاگاداری باش و پێویست، و یا هەبوونی سەمپاتی بۆ لایەك و تەنانەت بوهتان و درۆ لە لایەن تاکەکان... نەیتوانیوە بگاتە ئارمان و ئامانجەکانی مەوجوودی ناودڵی خۆی و بۆ بەدی هاتنی ئەو ئامانجگەلە هەنگاو هەڵێنێ، چونکوو بەرپرسانی کاروباری کولتووریی ئەم ئایینە هەوڵیان بۆ پێك هێنانی فەزاو مەودایەکی خاوێن و ئازاد بۆ بیرکردنەوە و چارە ئەندێشی نەداوە و لەبەر خاوێن نەبوونی بوونی خۆیان و ئەو گرفتانە وا ئاماژەیان پێکرا ئەم کۆمەڵگایە بەتوندی زیان هەڵگر ببێت، بەشێوەیەك کە دەکرێ بڵێین بەنیسبەت پێداگری لەسەر خوێندن و فێربوونی زانست، پێویستی بەکۆ، یەکیەتی و یەك بوون، یارمەتی و هاوڕێی، لێکوڵینەوە و توێژینەوە، باش ژین کردن و فام کردنی مانای ئەوە، ئازادی و... کە لە ئارمانەکان و ئامانجەکانی ئاماژە پێکراو گرنگی ئەم ئایینەیە و لە نووسراوەکانی یارسانی بەفراوانی یادی لێکراوە، ئەم کۆمەڵگایە لەرێگای ئەم ئامانجە هەنگاوی نەهاویشتە و تەنانەت بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی هەبووە...**

"تەواوکاری و شیکردنەوەیەک لەسەر کەلامەکانی سەرئەنجام"

هەروەها کە پێشتر و لە ناوەڕۆکی کتێبەکە ئاماژەی پێ کرا یارسان و چۆنییەتی لەدایک بوونی بیرۆکەی ئەم ئایینە، بەدەستی "بۆهلوولی ماسی" لە "ماهیدەشت" کرماشان بە شێوازێکی دیار بنیات دەنرێت، کەچی ئەم شێوە بیرکردنەوە تایبەتە بە شێوازێکی نهێنی لەنێوان چەند کەس لە هاوڕێیانی بڵاو دەکرێ. کەلامەکانی پێوەندیدار بە ئەم گەڕە زاتییە بەهۆی دەمەکی و زاری بوونیان لای یارسانییەکان و نەنووسینیان تا دوا ساڵەکانی سەردەمی دووهەمی پەردیوەر و تەنانەت تا دوای ئەوەش لە چەندایەتی و بەندەکانی کەم کراوە و ئەوەش وا گەیشتووتە دەستی ئێمە بەشێکی نەتشت و نەهیچ لەم قسانەیە کە ئەویش لەگەڵ گەڕی دامیار دامیار تێکپەڕین پەیدا دەکا و بەم جۆرە کەلام نووس بە هەڵە کەلامەکانی گەڕی دامیار دامیار لە ڕیزی قسەکانی گەڕی بۆ هلوول تۆمار بکا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە چلۆنایە-تی بیرکردنەوە و چوارچێوەی مینتالیتەی زاڵ بەسەر قسەکانی گەڕی بۆهلوول بەهۆی لەدوای بۆهلوول و هاوڕێیانی، شاخۆیشن بە ناز ناوی موبارەک شا کە لە نووسراوەکاندا بەناو "مەسعوود کوردی عەلە-وی سیروان" دەناسرێتەوە لە "لۆڕستان" سەری هەڵدا و لە ناوچەیەک بریتی لە باکووری خووزستان هەتا ناوچەی کرمانجی باشوور پەڕەی بە ئایینی یارسانی دا.

بەو جۆرە کە لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێ ئەم گەڕە زاتییە یەکێک لە گەشاوەترین و کاریگەرترین گەڕگەلی سەرهەڵدانی زاتی پێش سەردەمی پردیوەرە. شاخۆ شین پاش راکێشانی فیرقە و نیحلە فیکرییەکانی مەوجوود لە ناوچە وەکوو خوڕڕەمییە و دارشتنەوەی سەر لەنوێی بیرۆکە و ئەندیشەی باوەڕمانی ئەو تاقمە لەسەر بناغە-

ی روانگە و یاساکانی یارسانی و راهێنانیان بۆ سەر ئایینی یارسان، ناوچەکەی لە ڕەهەندی باوەڕ و بیرو بۆچوون بردە ژێر کاریگەری و تێدانی خۆی. ئەم گەڕە کە- لامییەش لای یارسانی تا کاتی پاش پردیوەر بەشێوەی زاری و دەمەکی، بوونی هەبووە کە لە ڕەوتی زەمەنیدا لە سەدەی چوارەم تا سەدەی دەیەم و لە هەر نەوەیە- ک لە ژمارەی بەندو بەیتەکان کەم کراوە و نەگوتراوە. دیارە کە لە هەر بەندێکی تێرو تەسەڵ تەنیا چەند بەیت کاردانەوەی پەیدا کردووە و بەداخەوە لەم گەڕەکە کەمتر لە یەک لە بەیتی گەیشتووەتە دەستی ئێمە.

بەڕای نووسەر ئەم گەڕە، یەکێک لە بێ وێنەترین گەڕەکە لامییەکانی مێژووی هەبوونی یارسانییە کە لە زۆر ڕەهەندەوە شیاوی بایەخ پێدانە: یەکەم ئەوە کە مێژوو و شرۆڤەی ڕووداوەکانی بوومی ئەوکات وەکوو خەبات و شەڕی نێوان یارسانیان و حکوومەتە ناوچەیەکان لەوانە حەسنەوییەی بەرزەکانی، چیرۆکی داگیر کردنی پاڵەنگان، شەرمی دیدارەکانی دەروونی و ڕواڵەتی لەگەڵ ناودارگەلێک وەک بابا تاهیر و هاتنی پیر شالیاری هەورامی وەکوو مۆغی هەورامان بۆسەر ئایینی یاری، کۆچی هاورییانی شاخۆشین پاش پەرە گرتنیان بۆ ناوچەکانی باکووری کوردستان کە شوێنی ژیانگەلی ئیزەدی لەخۆوە دەگرێ، زمانی زاڵ بەسەر گوتارەکانی ئەم گەڕە، کە بە لێدانەوەیەکی کارئامە و کارناسانە ئەوەمان بۆ دە- ردەخا کە زمانی هەورامی گەلێک لە چوارچێوەی ئاماژە پێکراوی نووسراوەکانە و زۆر پرسی دیکە کە ئەم گەڕەکە کەلامییە دەتوانێ بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی فرەیەک لە پرسیارەکانی نادیار و بێ وڵامی مێژووی یارسانی یارمەتیمان بدات.

پاش "شاخۆشین لوڕستانی"، "بابا سەرهەنگ دوودانی" لە "دوودان"_ بایەنگانی ئیستای پاوە _ سەری هەڵدا و ئایینی یارسانی لە ناوچەکە درێژەدا. لە چۆنییەتی کەلامەکانی ئاماژە پێکراوی ئەم گەڕە دیاری دەکرێ کە جەنابیان لەگەڵ تازە موسڵمانانی دەمارگرژی ناوچەکە و دوژمنانیش تێک هەڵچوونی هەبووە. ئەم گە- ڕە کەلامییەش بەهۆی دەمەکی بوونی لای یارسانییەکان و هەروەها درێژ بوونی ماوەی نێوان کاتی سەرهەڵدان لە سەدەی چوارەم تا پاش پردیوەر کە دەبێ بە نووسراوە، لە ڕێژەی بەند و بەیتەکانی کەم، ون دەبێت و نزیک بە کەمتر لە یەک لە دەی دەگاتە دەستی ئێمە. لەم گەڕە کەلامییە وەکوو ئەوەی پێش خۆی واتە شاخۆشین، هاوڕییان موژدەو وادەی سەرهەڵدان لە پردیوەر دەدەن و لە چاوەڕوانی و تامەزرۆیی ئەو ڕۆژە کەلام گەلێک پێشکەش و ئاراستە دەکەن.

"پاش بابا سەرهەنگ"، "بابا جەلیل دوودانی" سەر هەڵ ئەدا، کەچی گەڕێکی زاتی سەرهەڵدانی ئەویش لەگەڵ یارانی بەشێوەی نهێنی بووە. سەرهەڵدانی "بابا

جەلیل" پێش گەڕی بەرزەنجی بووە، بەڵام زۆرینە، بە هەڵە، پێوەندی ئەدەن بە سەدە-ی نوهەم، کەچی وانییە، شرۆڤە و شیکردنەوەی پشت راست کردنی لە کەلامی گەڕی بەرزەنجی و تەنانەت "بابا ناوس"، "دامیار دامیار" و "بارگە بارگە" راهاتووە و تەواویان شایەتی لەسەر ئەوە ئەدەن کە پێش "بەرزەنجە"، "بابا جەلیل" و هاورییانی، عیرفانێکی راستەقینە و تۆخی حەق ناسی و خوداناسی کە مەعریفەی لە لووتکە-یدا شەپۆل ئەدا لە گوتارو کەلامەی خۆیان نیشان داوە. ئەم گەڕە کەلامییەش وە-کوو ئەوانەی پێش خۆی بەهۆی بە تەمەن بوون و دەمەکی مان تا پاش پردیوەر لە رێژەی بەیت و بەندەکانی، کەم کراوە و جگە لە چەند بەند لەم گەڕە، شتێکی دیکە نەگەیشتووتە دەستی ئێمە. بوونی بارەگای "دەدە بەگتەر" لە یارانی بابا جە-لیل لە گوندێک هەر بەو ناوە لە "خودابەندەلووی"، "سانەی کرماشان" پێشاندەری ئەوەیە کە ناوچەی چالاکی باباجەلیل و هەڤاڵانی خاڵی ناوەندی هەورامان نەبووە، بەڵکوو ناوچەی کەلهۆڕ کە ئەویش لەو سەردەمە هەر بە هەورامان دەناسرا، لەخۆوە دەگرت.

لەهەر گەڕێکی زەمەنیدا بزاف و روانگەی یارسان دەستی گەورەکان و کەسایەتییە بەرچاو ناودارەکانی ناوچەکە درێژەی پێدەدرێ و یەک لەدوای یەک هەل و مە-رجی پێویست بۆ گەشەسەندن و پڕبار بوونی ئەم ئایینە پێک دێنن. بەدوای باباجە-لیل، باباناوسی سەرکەتی لە گوندەکانی سەر بە باژێری "حەلەبچە" لە پارێزگای ئەمرۆژینی سلێمانی لەدایک دەبێ و تا تەمەنی چل ساڵان بۆ ئاشکراکردنی رە-ساڵەتەکەی مۆڵەتی پێ نادرێ و هەر لەو گوندە ژیانی لە رواڵەت و رۆڵی خول و شتێک تێپەڕ دەکا. پاش ئەوەی کە لەسەر هەڤاڵانی حەوتەن "حەوت کەسی" ئیلهام دەکرێ کە باباناوس پاشای مەعنەوی ودەروونی ئەوانە_ لە سەرەتاوە بە وەرگرتنی نیشانەکانی سەرهەڵدان لە جەنابیان _ ئەویان وەکوو رێبەری یارسانی بە خەڵک راگەیاند کە ئەمە وەکوو نموونەکانی تری سەرهەڵدان لەگەڵ دژایەتی دوژمنان و رەکەبەرانی ناوچەکە بەرەروو دەبێتەوە، بەڵام بەپێی ئەوە کە ئەم گەڕە بە توندوتیژی دەناسرێتەوە بەسەر دوژمنان زاڵ دەبێ و تێکیان دەشکێنێ. لە سەرتاسە-ری ئەم گەڕە خەباتی روونـاکی دژی تاریکی بە کەڵک وەرگرتن لە عیرفانی راستەقینە و ژمارەکان کە دەکرێ بڵێین لە هەر بەند چەندین ئیشارەی بەکار هێناوە بەزمانی کەلامیی تەواو ئەدەبی و چاندی و کلاسیکی هەورامی و بەکارهێنانی وشەگەلی پەهلەوی، فام و لێ تێگەیشتن یان دژوار کراوە کە بەڕای نووسەر یە-کی لە تۆخترین کەڕە کەلامییەکانی یارسانە کەچی بناغەی باوەڕ و بۆچوونی یارسانی دادەنێ. ئەگەرچی ئەم گەڕە کەلامییە بە نیسبەی گەڕەکانی تری پێش

خـۆی کـەمتـر تووشـی گزنـد"ئاسـیب" و گـۆڕان بـووە بـەڵام بـەم حاڵـەش وا بـەراوەرد دە-کـرێ کـە زۆر زۆرتـر لـەوە بـووە کـە ئێسـتا لـە بـەردەسـت دایـە، لـەم سـاڵانەی دوایـی دوو بـەنـدی ئـەوەڵ و ئـاخری کـەلامـەکـان بـەرەبـەرە پـەیـدا بـوون و کـەوتنـە بـەردەسـتی ئێمـە.
لـەو کـەلام نووسـە بـەنـاو بانگانـە وا لـەسـەر ئـەم گـەڕە لێکۆڵینـەوە و ئیشـیان کـردووەوە دەکـرێ ئامـاژە بـە "پیـرەویـس" لـە "کـەرکـووک" و "حسـێن رووحتـافی" بکـەیـن کـە زۆر کـەمتـر لـە پێداچوونـەوەی گوتـارەکـان تووشـی هـەڵـە ببـوون و دیـوانێکی جێگـای متمانەی نووسیوە، بەڵام بەمانەشەوە تەواو خالی لە هەڵەو کێشە نەبووە.
لـەمـەو بـەدوا گوتـارەکـانی یارسـانی لـە "غالـب زوات" و لـە عالـەمـی نهێنـی و غـەیـب پێـک دێـن و چۆنییـەتـی کاردانـەوەیـان لـەلایـەن پیرمووسـا کـە زاڵ بـەسـەر رازەکـانی نهێنـی بـووە لـەدوای سـەرهـەڵـدان لـە "پردیـوەر" بـە شـێوازێکی شـێعری بـۆ یارسـانیان شـرۆڤە و شـی دەکرێتـەوە. وەکـوو کـەلامـەکـانی گـەڕی سـاجناری وا بـەدی دەکـرێ کـە ئـەمانـەش درێـژەی گوتـارەکـانی گـەڕی بابـا ناوسـە، واتـە پـێش ئـەوە کـە بابانـاوس پـەردە بگـرێ بـە هاوڕییـانی خـۆی دەفـەرمـوێ کـە تـەنبـووری مـن لـە هـەر شـوێنێک کـۆک بـوو و دەنگێکـی خـۆش و دڵ نشـینی لـێ وەدەر هـات بـزانن کـاتێ سـەرهـەڵدانـە.
هاوڕییـآنی هـەر لـەسـەرگـەردانـی دەبـن و سـازەکـەیـان کـۆک نـابێ، تـا لـە ناکـاودا رۆژێـک سـازەکـەیـان کـۆک دەبـێ و قـازی مـەقـامێکی خۆشـی پـێ دەژەنـێ. هاوڕییـان پێکـەوە بـەرەو خـانووی "پیراڵـی مـووردینی"ـ کـە پێشـتر "بابانـاوس" هـەواڵـی وی دابـوون کـە نـاو و نیشـانی مـن لـەو بخـوازن ـ وە ڕێ دەکـەون تـا شـای خـوداوەنـدگاریان بدۆزنـەوە. "پیراڵـی" کـە گوتـارەکـانی ئـەم گـەڕە وەکـوو یـەکێـک لـە منداڵـەکـانی "باباعـەلـی هـەمـەدانـی" دێتـە ناسـین بـەو مـەرجـە نیشـانیی شـای خـوداوەنـدگار بـۆ هاوڕییـان ئاشـکرا دەکـا کـە مـەقـامی پیـری بـدەنـی و پیـر بینـامین کـە پیـری ئـەزەلییـە رازی دەبێ و بەم شێوە چیرۆکی "ساجناری" لە عالەمی زات چێ دەبێ.
بـەڵام ئـەم کێشـە هـەر لـە جێگـەی خـۆی بـێ چـارەسـەر دەمێنـی تـا کاتێـک کـە گـەڕی بـەرزەنجـە واتـە ئـەو کاتـەی سـوڵتان ئیسـحاق و هاوڕییـانی "مـاڵی شـێخ ئـەحمـەد دەکـا شـێخانی" بـە مـەبـەسـتی "پردیـوەر" بـەجـێ دێڵـێن، کـەچـی "پیراڵـی" لـە "مـووردین" چاوڕوانیـانی کـردووە، لـەوێ "پیراڵـی" ئیـدعای پیـری دەکـا و لـەسـەر قـەولـی پیـر بینـامین خوازیـاری پیـری عالـەم دەبـێ... بـەدەسـت تێـوەردانـی سـوڵتان ئیسـحاق بـەم شـێوە کـە پیـر بینـامین هـەمـان پیـری ئـەزەلییـە و مـن وەکـوو شـاخوداوەنـدگار دەبمـە موریـدی ئێـوە و ئێـوە پیـری مـن، پرسـەکـە چـارەسـەر دەکـات و ئـەم بـەسـەرهاتـە دەبێتـە گـەڕێکـی کـەلامـی نـوێ. ئـەڵبـەت نـاکرێ بـە دڵنیاییـەوە بڵێـین گـەڕی پیـرە و پیراڵـی پێـوەنـدی بـە سـەردەمـی بـەرزەنجـەوە هـەیـە و رەنگـە لـە پردیـوەر رووی دابـێ بـەڵام لـە گوتـارەکـانی

گەڕی بەرزەنجە ئاماژە بۆ ئەم رووداوە کراوە کەچی سوڵتان ئیسحاق پاش ئەوە کە لە ماڵی "شێخ ئەحمەدی دەکا" بەرەو پردیوەر وە ڕێ دەکەوێ بە هاوڕێیانی دەفە-رموێ وا ئێستا پیراڵی چاوەڕوانی ئێمە دەکا. هەروەها گەڕێکی دیکە بە ناوی گەڕی سەیزادەشیانی لەسەر ئەنجام ناوی لێ براوە کە بە پێی بەڵگەگەلی دەمە-کی پێوەندی ئەدەن بەم سەردەمە واتە گەڕی بەرزەنجە، ئەو کاتە کە سوڵتان ئیسحاق و هاوڕێیانی لە بەرزەنجە بەرەو پردیوەر کۆچ دەکەن لەناو ڕێگادا دەگەنە "سەیزادە شیانی" کە خاوەنی حوجرەیەکی عەتاری "عەتر فروتن" بووە و ئەم گەڕە کەلامییە پێک دێنن.

با بگەڕێنەوە بۆ پاش "ساجناری"، واتە پاش ئەوە کە هاوڕێیان نیشانی شای خوداوەندگاریان پەیدا کرد، چرکەساتی سەرهەڵدانیان لە جەنابیان پرسی، ئەویش لە وڵامدا ئاماژە بۆ ئەم زووانە دەکا و بەدوای ئەوەدا هەر یەکە لە حەوتەن "حەوت کەس" لە دونیای خاکی حلول دەکەنە ناو دوونگەلی نەناسراو و بەم شێوە و لەم ڕێگادا خەونی دۆزینەوەی خوداوەندی خۆیان دەبینن.

پرسان پرسان و نیشانی بە نیشان بەرەو هەورامان وەڕێ دەکەون و پاش ئەوی کە یەکتریان بینیەوە و یەکیان ناسی ئامادەکاری بۆ سەرهەڵدانی سوڵتان ئیسحاق پێک دێنن و گەڕی سەردەمی بەرزەنجە پێک دێنن. لەم گەڕە کە پێدەچێ ڕێکە-وتە لەگەڵ هێرشی هۆلاکوخان بۆ سەر بەغدا و لە ناوچەی شوێنی بڵاوەکردنی یارسانی تێدەپەڕێ _ وە یەک گرتنەوەی براکانی سوڵتان ئیسحاق و رەگە بەرو دوژمنانی ناوچە لەگەڵ سوپای چیچەک یا هەمان سوپای مۆغۆل _ زۆرێک لە بناغەکانی بۆچوونی یارسانی دادەنرێ. یەکێ لەوانە دانانی فەرزی رۆژگی "خاوەندکار"ییە _ لە12، 13 و14ی کۆچی مانگی لە زستانی گەرمەسێری کوردی کە سەرەتاکەی لە دوایین رۆژەکانی گەلاڕێزان واتە لەخانووی شوله یا چزی دووپشکە _ کە برجیش دیاری دەکا. دەکرێ گەیشتن بۆ شوێنی پردیوەر وە-کوو دەستپێکی سەردەمی ئەوەڵی پردیوەر بزانین کە ڕێکەوتە لەگەڵ دروست کردنی کۆشکی پردیوەر و گۆڕانی نێوی هاوڕێیان بۆ ناوگەلی پردیوەری یان ئەزەلی.

پاش کۆچ کردن لە بەرزەنجەوە بەرەو پردیوەر، سوڵتان ئیسحاق لەگەڵ گەورەکان و ریش سپییەکانی شوێنەکە بەرەورووی دەبێتەوە کە بە تەواوی دێنە سەر ئایینی یارسانی و دەبنە هاوڕێی سوڵتان ئیسحاق، شەست و شەش غولامی شاڵ زێرین کە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی هەورامان و دەروبەرین، نەوەد تازە پیرو حەفتا و دوو پیر و هاوڕێیانی دیکەی سوڵتان ئیسحاق پاش ئەوە کە کۆشکی پردیوەر لە دەکانی ئەوەڵی نیوەی دووهەمی سەدەی حەوتمی کۆچی ساز دەکا و بەرەو پردیوەر

ڕێنــوێنی دەکــرێ و بــەفــەرمــی ئــەو شــوێنە وەکــوو بنکــەی بزووتنــەوەی ئــایینی یارســان ڕادەگــەیــەنــێ لــەگــەڵ جــەنابیــان بــوون و لــە ڕووداوەکــان ئامــادە دەبــن. ئامــادە بــوونی کــە-ســایەتــی گــەلێــک وەک "پیــر میکاییــل دوودانــی" کــە لــە بــڕوا پێکراوانــی گونــدەکــەیــە و خــاوەنــی ڕێــزو حورمــەتــی تایبــەتــە و کــەچــی ئــەویــش خــۆی وەکــوو یارســانییەک دە-ناسێنی. پــاش ئــەوە کــە ســوڵتان ئیســحاق لــە ناوچــەکــە ســەقــامگیر دەبــێ دەســت دەکــا بــە ئامــادە کردنــی پرســەکــانی پێــوەندیــدار بــە مــەرج و ئیقــرار واتــە دۆزو پــەیمــانی یــاری و نووســینی دوعاگــەلــی یارســانی وەکــوو دوعــای نــەزر و نیــاز لــە جــەم، دوعــای تــێخ، دوعــای بــەوزو ســەرســپاردن، نــاو لێنــان، مــارەبــڕین و نیکــاحی یــاری، دوعــای غوســڵ، دوعــای نشــتن و تــەڵقــین و دوعــای برایــەتــی. چــەنــد ســاڵ پــاش تێپــەڕ بــوون بــەســەر ئــەم کۆچــە، حــاکمی ناوچــەی "لوڕســتان" بــەنــاوی "میرخــەســرەو لوڕســتانی" و کچــەکــەی دێنــە هــەورامــان و خــاتوو"بــەشــیرە" کچــی "میرخــەســرەو" بــۆ ســوڵتان ئیســحاق بــە ڕواڵــەت مــارە دەکــرێ و دەبێتــە ژنــی ســوڵتان ئیســحاق و خــاوەنــی زاتــی ڕەمزبــاری؛ لــەم ژنــە حــە-وت منــداڵی کــوڕی هــەفتوانــەیــی دێنــە دونیــا، دەکــرێ بڵێــین ئــەم ڕووداوە لــە نــاوەڕاســتی نیوەی دووهەمی سەدەی حەوتم ڕووی داوە.

ئــەم گــەڕە کــەلامییــە باســی خۆڵقــانن حــەفتــەوانــە دەکــا و بــەم شــێوە نیزامــی پێــڕەو موریــدی و پێکهێنــانی بنــەماڵــە بــەفــەرمــێ باســی دەکــرێ، ســوڵتان ئیســحاق بــە ســە-رۆک و خــاوەنــی بنــەماڵــەکــان کــە "ســەیــد محــەمــەد گــورە ســەوار"، "ســەیــد ئــەبۆلــوەفــا"، "ســەیــد میــر"، "ســەیــد موســتەفــا"، "حــاجی بابــا عیســا"، "عــالی قــەلــەنــدەری" و "بابــا یادگــار" لــەخــۆوە دەگــرێ ئیــزن و مۆڵــەتــی ئــەوە ئــەدا تــا تــەواوی ئــەوانــەی شــیاوی یارسانی بوونیان هەیە جەوز بشکێنن و بیانبەنە ناو ڕیزی بنەماڵەی خۆیان.

ڕاکێشــان و وەرگرتنــی کــەســی نایارســانی لــە لایــەن خــاوەن بنــەماڵــەکــان، لــە ســەردەمــی خــودی ســـوڵتان ئیســـحاق ڕەرووری بـــووە، لـــەبـــەر ئـــەوە کـــە پێکهێنـــانی کۆمـــەڵگـــای یارســانی لــە ســێپەری ئــەم ڕەوشــە دەســتەبــەر بــووە کــە کــەســانی نایارســانی واتــە چــە-ســپێندراوەکــان خۆیــان وەکــوو ئــەنــدامی بنــەماڵــەی میــرەکــان زانیــوە و ناســاندووە، کــەچــی لــە داهــاتووشدا پێشــینەی میربابــا حــەیــدەری و ئاتــەش بــەگــیش هــەر بــۆ ئــەمانــە دەگــە-ڕێتــەوە تــا لــەم ڕێگــاوە ڕۆڵێکــی بــەرچــاو لــە مێــژووی یارســانی بگێــڕن. کــەلامــی گــەڕی حــەفتــەوانــە لــە چــەنــدین ســەیــد "ســادات" نــاو دەبــا کــە منــدالانی ســوڵتان ئیســحاقن و کــە-ســی یارســانی دەبــێ ئــەو ســاداتەی وا لــە تــۆخمی ســوڵتان ئیســحاقن وەکــوو پیــری خــۆی سەیریان بکا.

ئــەم ســاداتە هــەموویــان وەکــوو یــەکــن جێگــاو مــەقــامی هاوســانیان هــەیــە و هــیچ یــەکــەیــان بــالادەســتی، گــەورەیــی یــا بچووکییــان بــەســەر ئــەوی دیکــە نییــە و لــە کــەلامــەکــانی ئــەم

گەڕە هەموویان وەک یەک یەکسان ناسێندراون تا ئەو شوێنە کە پیر بینیامین لە جیا کردنەوەیان تووشی کێشە دەبێ و لە ئاکامدا بە یارمەتی خودی سوڵتان ئیسحاقە کە دەتوانێ ئەم حەوت منداڵە و خودی سوڵتان ئیسحاق لەیەک جودا بکاو بیانوێنێ. لەم پرسەدایە کە مەقامی ئینسان ـ خودایی بە خاوەنی خاندانەکان دەدرێ و دەبەخشرێ.

پاش پێکهێناتنی سیستەمی پیرو موریدی کە تەواوی یارسان وەکوو زنجیر سەر سپێردراوی یەکتریان دەکا، پێوەندییەکی بەرواڵەت لەگەڵ ناوچەکانی ئەوپەڕی هەورامان دروست دەبێ، لەوانە پێوەندی عەلەویانی هیندوستان لەگەڵ پردیوەر و خودی کەسایەتی سوڵتان ئیسحاقە، واتە پاش ئەوە کە "بابا هیندوو" یا هەمان "جەلالەدین حەیدەری بوخارایی" لە ساڵی 675ک.م دێتە پردیوەر و جەوزی "بوا"ی هیندی پێشکەشی یارسانیان دەکا تا بە جێگەی بەردی "دزاور" کە لە رێوڕەسمی سەر سپاردن کەڵکیان لێ وەر دەگرت لەمەو بەدوا جەوزی هیندی بەکار بێنن.

"سەید جەلالەدین بوخارایی" سەرۆکی تەریقەتی حەیدەرییە ماوەیەک لە شێوە زاتی "داوودی" لە پردیوەر مایەوە و پاشان بە مەبەستی پڕۆپاگەندەی ئەو شتانەی فێر بوو، دیسانەوە رەوانەی هیندوستان دەبێ و هەر لەوێ لە ساڵی 690ک.م کۆچی دوایی دەکات. سەرهەڵدانی سوڵتان ئیسحاق لە ناوچەی رۆژئاوای ئێران "کوردستان"، لای کەسایەتی و کەسانی تایبەت ئەوپەڕی گەشاویی دەورانی حەقیقەت و لای پیران و کەسایەتییە گەورەکانی تەریقەت وەکوو بنکەیەک بۆ گەیشتن و وەدەس هێنانی ئەوانەی وا وەدەست نایەن دەژمێردرێ. لەو کەسانەی ناوداری دیکە وا لەم مەکتەبەدا خوێندەوار بوون "شێخ سەفییەدین ئەردەبیلییە" کە لە ساڵی 678ک.م دێتە پردیوەر و چەند ساڵێک لێنە نیشتەجێ دەبێ، دواتر نەوەکانی پردیوەر زنجیرەی ئەنسابی سوڵتان ئیسحاق وەکوو پیرومورشیدی خۆیان هەڵدبژێرن و لە کاروباری ئایینیدا لەوان رێنوێنی وەردەگرن، کەچی دواتر یەکگرتنی قزڵباش ـ یارسانی و رێبەرایەتی کردنی عەلەوییەکانی ئاناتۆلی بەدەستی رێبەرانی یارسانی ئەو راستییە پشت راست و بەهێزتر دەکات. بوونی بنکەگەلێک دوور لە توندوتیژی و خاوەندارییەتی بۆچوونێکی مرۆڤ بروا و ئازادیخوازانە و هەروەها هاتووچووی هاوڕێیانی سوڵتان ئیسحاق بۆ سنوورەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە مەکتەبەکانی دیکە و نیحلە فیکرییەکانیتری ئەو سەردەمە لەگەڵ پردیوەر پێوەندی بکەن و لێی بارەمەند بن.

ئەڵبەت ئەم رەوتە دەبێتە هۆی دژایەتی کردنی دژبەرانی ناوچەکە و ئیسلامییە دەمارگرژەکان لەگەڵ سوڵتان ئیسحاق و هاوڕێیانی تا بە هەڵواستنی درۆ و تفرە و

هێرش بردنە سەریان ئەگەری ئازارو ئەشکەنجەیان پێک بێنن. ئەم گەڕە کەلامییە ــ شێخ سەفییەدین ــ بەهۆی درەنگ کردن لە نواندنی لای یارسانیان و کاردانە-وەی باسی پرسی قیبلە و "ایوت حشار" لە لایەن تاقمێک لە سادات خۆشهاتی ناکرێ.

بەداخەوە خواست و ئیرادەی کار لێکراوی دەسەڵاتی سادات لە دوو سەدەی رابردوو و لە بەرژەوەندی بنەماڵەی خۆیان نووسین دەبێتە هۆی درو هەڵبەستنی قوولێک لە پرس و گوتارەکانی یارسانی و رەنگە ئەگەری لەناوچوونی کەلامەکانیش هەر ئەم شتە بێت. یەکێ لە خاڵەکانی جیاوازی دووبەرەکی جێگای قسە، ئاخافتن و لێدوانی "شائیبراهیم" لەگەڵ "بابا یادگار"ە. ئیرادەی کارلێکراوی دەسەڵاتی زۆربە-ی ساداتی شائیبراهیمی لە دوو سەدەی رابردوو لەسەر بناغەی سەر ئاڵقەی حە-فتەوانە بوون، بووتە هۆی پاوان کردنی گوتارەکان و دابڕان و جێگۆڕکێی کەلامە-کان کە ئەوەش گلەیی زۆری لێکەوتووەتەوە. رەوتی ئاماژە پێکراو بە دەستێوەریان و بووژاندنەوەی سەرچاوە دەسەڵاتدارەکان لە بەرانبەر ساداتی یادگاری و رەنگدانەوەی کێشەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە ساداتی یادگاری دژ کردەویەکی نیگاتیف بە-شێوەی خۆ دوورگرتن لەم ساداتە ــ لەپیری ویش بوون ــ نیشان بدەن.

ئەم دڵ نیگەرانییە لە سەرەتاوە بە شێوەی گلەیی لەنێوان سادات خۆی دەنوێنێ کە-چی دەستگەلی چەپەڵ و تێکدەر و سیاسەتگەلی تایبەت و پیلانگێڕانە ئاگری دژایەتییە کە گەش دەکا و مەودا و دەرزێکی پان و بەرین لەنێوان یارسانیان پێک دێنێ، لەکاتێکدا ئەم دوو سەرۆکە گەورە ــ شائیبراهیم و بابا یادگار ــ هەر لە چرکەساتی ئافراندن پێکەوە بوون و بەردەوام پێکەوە سەرهەڵدانیان کردووە، دەتوانین ئەم چەواشەکاریانە بەروونی لە سەرەتای گوتاری گەڕی "زەلال زەلال" کە لەگەڵ بەندەکانی دیکەی هەمان گوتار دژایەتی هەیە و لە پەراوێزی هەمان گەڕ لە دە-فتەری سەرئەنجام کاردانەوەی هەبووە، ببینین.

لە ساڵەکانی سەرەتایی سەدەی هەشتم "یارئەحمەد زەردەبام" پەردە دەگرێ و جەستە-ی رواڵەتی خۆی بەجێ دێڵێ، پاشان بەناوی میرئەسکەندەر دووبارە خۆی دەنوێنێ و دواتر واتە پێش ناوەڕاستی نیوەی ئەوەڵی سەدەی هەشتەم ــ باسی چیرۆکی دۆڵی شیش و هاتنی هاوڕێیانی قۆڵتاس لە ئازەربایجان بۆ هەورامان دەکرێ کە لە ئاکامدا رووداوی دۆڵی شیش و شەهید بوونی "میرئەسکەندەر" کە نازناوی "عالی قەلەندرە"، لێ دەکەوێتەوە، و هەر ساڵ لە هەمان رۆژی گیانفیدایی "میرئەسکەندر" مرۆڤی یارسانی دەبێ خزمەتی وی بەجێ بهێنێ، دواتر واتە لەسەردەمی "شاوەیس قولی" کە هاوڕێیانی "قوڵتاس" جارێکیتر دەگەڕێنەوە بۆ هەورامان و چیرۆکی

دانـــانی رۆژووی "قوڵتـــاس" دێتـــه ئـــاراوه، کـــات و ســـاتی دروســـتی "راســـتی" بـــەجێهێنـــانی خزمـــەتـــی میرئـــەســـکەنـــدەر دیـــاری دەکـــرێ واتـــه دەبـــێ لـــه هـــەمـــان رۆژانـــی رۆژووی قوڵتـاس جێ بـەجێ ببێـت. هـەروەهـا کـه لـه نـاوەڕۆکـی کتێبـەکـه هـات و شـیکرایەوه بـه- درێژایـــی مـــاوەی ژیـــانی "ســـوڵتان ئیســـحاق" تاکـــەکـــان لـــه چوارچێـــوەی گـــرووپ و دە- ستەگـەلـی بـەڕێـوەبـەرایـەتـی چـەنـدین جـار بـەکـۆ جـەسـتەی رواڵـەتـی خۆیانیـان بـەجـێ هێشتووه.

یـەکێـک لـەو گـەڕانـه دیـارو بـەرچـاو کـه حـەفتـەن لـه جـەسـتەی خۆیـان دێنـه دەر، دە- مێکـی کورتـه لـه وڵاتێکـی غـەیـری پردیـوەر _ بـەڵام بـه پێـوەندییـەکـی مـەعنـەوی چڕوپـڕ _ بـەسـەر دەبـەن، ئـەم گـەڕەی کـەلامـی دەورەی "گلیمـه کـوڵ" و "شـەندروویـه" لـەخـۆ دەگـرێ کـه یـەکێکـه لـه گـەڕە کـەم وێنـەکـانی کـەلامـی سـەرئـەنجـام لـه بـوواری سـاخت و بـەیـەک کردنـەوەی ئۆسـتوورەو بـەکارهێنـانی لـەنـاو بـەیتـەکـان، گوایـه ئـەم گـە- ڕە گوتارییـــه لـــه ناوچـــەکـــانی بـــاکووری کوردســـتان واتـــه تورکســـتان _ و بـــەهـــۆی زمـــانی زگمـــاکی "حســـێنەی رەش کێـــوی" کـــه تـــورکی ئـــەســـتانبولییه و بـــه تـــورکی گـوتراوه _ رووی داوه. هـەر لـەم قۆناغـەدا هـەل و مـەرجـی زەمـەنـی بـەجۆرێکـه کـه بـە- کتاشییه گەشه دەکا و سوپای "ینی چری" پێک دێت.

یـەکـێ لـەو بابـەتانـه وا لـه گـەڕی "گلیمـه کـوڵ" ئامـاژەی پـێ دەکـرێ باسـی رۆژووی قوڵتاسـه. وا دیـاره ئـەم سـێ رۆژ رۆژووه لـەبـاتی و وەکـوو رێزلێنـانی پـێش وەختـه. لـەو سـێ رۆژەی وا هاوڕێیـانی قوڵتـاس لـه گـەڕانـەوه و لـەنـاو کـەشـتی تووشـی کێشـه دەبـن و لـه دەریـا سـەرگـەردان ئـەبـن، کـه ئـەم رووداوه لـه داهـاتوودا رووئـەدا، پرسـەکـه بـەم شـێوه باسـی دەکـرێ کـه گـەڕی گلیمـه کـوڵ لـه نـاوەڕاسـتی سـەدەی هـەشـتەم روو ئـەدا، ئـە- مـه لـه کاتێکدایـه کـه گـەڕانـەوەی هاوڕێیـانی قوڵتـاس لـه سـەرەتـای نۆهـەمـه، لـه راسـتیدا رۆژووی قوڵتـاس لـه دەورانـی نـاوەڕاسـتی سـەردەمـی هـەوەڵـی پردیـوەریـش هـە- بـووه، بـەڵام تـا کـاتی هاتنـەوەی هاوڕێیـانی قوڵتـاس _ رووداوی سـەرگـەردانـی لـه کـە- شـتی _ لـه سـەردەمـی دووهـەمـی پردیـوەر بـۆ هـەورامـان نـەهادینـه نـەکـراوه و لـه لووتکەی حوکمه شەرعییەکان جێگیر نەکراوه.

لـەو رووداوه تایبـەتانـەدا کـه دەبێتـه هـۆی خولّقانـدنی گـەڕێکـی بـێ وێنـەی فـەلسـەفیـی کـەلامـی، چونییـەتـی شۆڕشـی فیکـری و دەروونـی "عابـدین جافـه" لـه ناوچـەکـه و ئـارەزووی وی بـۆ پردیـوەر. "عابـدین" کـوردی "مـام نـووره" لـه عـەشـیرەی "جـاف" کـه یـە- کێـک لـه حـافزینی قورئـان و مـەلایـانی نـاوداره و لـه مـەکتـەبـی "ئیلیاسـی شـارەزووری" قوتـابی بـووه، لـەناکـاو تووشـی گـۆڕانی رۆحـی دەبـێ و لـه رێگـای بنـەماڵـەی میـر دە-

بێتە سەر سپاردە، کەچی لەسەر ئەم رووداوە، لەناوچەکە تونودتیژی گەلێک رووئە-
دات.
کاتی پێکهاتنی ئەم گەرە کەلامییە، رێکەوتە لەگەڵ گەشەسەندنی جوولانەوە و پڕوپاگەندەی جەماعەتی "مرووفییە" لە لایەن "شائەفزەڵ ئەستەرئابادی" واتە لە ساڵەکانی بەپێی بەڵگە زارەکییەکان دەڵێن "خەسرەوشا" پاش ئەوەی دڵ دەداتە "شیرینی ئەرمەن" و بە نۆکەرو کلْفەتێکی زۆرو بەشکۆوە دەیهێنێتە ئێران لە ناوچە-ی "گۆرانی" ئێستا نیشتەجێی دەکا. ناوچەی گۆران خاوەنی کەش و هەوایەکی خۆشە کە لەگەڵ شوێنی ژیانی شیرین هاوسانی بووە، لەبەر ئەوە لای خەڵکی ئە-رمەنیا، خیو تووتمە و شەرابێش پیرۆزە، ئەوەیە کە نەوەکانی ئەو گرووپەی واهاورێی شیرین بوون و لە ولامی ئەرمەنیا راهاتوونەتە گۆران، هەمان بیرۆ بۆچوونی باب و باپیرانی خۆیان وەکوو جاران بپارێزن، ئەم رەوتە تا سەردەمی سوڵتان ئیسحاق بەرزەنجەیی لەنێوان گۆرانییەکانی پاشماوەی هاورێیانی شیرین هەر باو بووە و خیو و شەرابیان پیرۆز زانیوە و بەکاریان هێناوە، بەتایبەت ئەوە کە لەم شوێنە خیو بە فراوانی هەبووە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە لەخیو بۆ خۆ راکێش کەڵک وەرگرن.
بە سەرهەڵدانی "باباناوسی سەرکەتی" و حەرام کردنی خیو و شەراب پلْتوکێک لە پەیکەرەی بیروبۆچوونی خەڵکی گۆران دەدرێ کە نکوولی لێ بکەن چوونکە "بابا ناوس" زۆر بەروونی ئاماژە بەوە دەکا کە گیان و رۆحی کەسانی خەراپ و چەپەڵ وەکوو "شێخ شیرە" لە جەستەی خیو خۆیان دەنوێنن و بە سەرهەڵدانی سوڵتان ئیسحاق بەکارهێنانی خیو بەتەواوەتی لە ناوچەکە ون دەبێ، بەلام بنەڕەتی ئەم بۆچوونە _ ئەوەی کە سەردەمێک خیو تووتم بووە _ لەناو مێشک و خەیاڵی خە-ڵکی گۆران هەردەمێنێ تا سەردەمی "شاوەیس قولی" کە چیرۆکی "کەماکونان" ساز دەبێ و بەشێوە داستانی تەواو سەمبۆلێکی لە گوتار پێک دێت، هەڵبەت زۆربەی خاوەن روانگەکەمان و زانایان ئەم گەرە کەلامییە لە چەواشەکاری کە-لامی دەزانن، بەلام بەڕای نووسەر ئەم گەرە گوتاریە دژایەتیەک "پارادۆکس" ساز ناکا کەوا بوو دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە لە ئەوپەڕی روونی و ڕاستی ئەم کە-لامە نەتەنیا ئیزنی بەکارهێنانی خیوی نەداوە کەچی بە تەواوەتی نکوولی لێکراوە تا ئەو جێگایە کە ئەگەر تاکێک لێی بخوا جەوزی سەری وی بەتاڵ دەبێ.
ئەم گەرە کەلامییە "نارزوایی" بابا یادگاریش لەبەرچاو دەگرێ، واتە ئەو کاتەی شەفاعەتی پیر بینیامین کاریگەر نەبێ بابا یادگار نیاز دەکات دەبینین لەشوێن بە شوێنی کەلامی سەرئەنجام ئاماژە دەکرێ کە لای یارسانی خیو نە تەنیا حەرامە

کـــەوا پێگـــەو شـــوێنی ڕۆح و گیانـــە خـــراپ و خـــەبیســـەکانیشـــە. ڕێزدانـــان و خۆشـــەویســـتی خـــەڵکـــی گـــۆڕان بـــۆ خیـــو بـــووەتـــە هـــۆی ئـــەوە کـــە بڕێـــک لـــە کـــەلامـــەکـــان چـــەواشـــە بکـــرێ و بـــە جێگـــەی قوربـــانی کردنـــی گـــا، خیـــو جێگیـــر ببـــێ، وەکـــوو کـــەلامـــی "بینـــا بینـــا" کـــە لـــە دەستنووســـەکـــانی رابـــردووی ئـــەم کـــەلامـــە بـــەبـــێ هـــیچ هـــەڵـــەیـــەک گـــاو و کـــەڵـــی کیـــوە بـــۆ قوربـــانی مـــەبـــەســـت بـــووە. دەکـــرێ ئـــەم چـــەواشـــەکارییـــە بـــۆ پـــاش هێرشـــی عوســـمانی، رووس و بریتانیـــا بـــۆ ســـەر ئێـــران بـــزانین، ئـــەو کاتـــەی کـــە رۆژئـــاوای ئێـــران ــ کرماشـــان ــ شـــوێنی تویژینـــەوە و گـــەشـــت و گـــوزاری رۆژهـــەڵات ناســـان و ســـیخۆرە دەرەکییـــەکـــان وەکـــوو "مـــەیجـــر نوئێـــل"ە کـــە بـــە ناوگـــەلـــی جۆراوجـــۆر لـــە کوردســـتان دەیناســـن، ئـــەو پیـــاوە تـــا ئـــەو رادە شـــارەزای زمـــانی کـــوردی و زاراوەکـــانی ناوچـــەیـــی بـــووە کـــە هـــیچ تاکێـــک گومـــانی لـــە خۆمـــاڵی بـــوونی وی نـــەکـــردووە. هاوکـــات لـــەگـــەڵ گـــەشـــەســـەنـــدنی هێـــزی رەزاشـــا و بـــەمـــەبـــەســـتی لاواز کردنـــی چینـــی زانـــا ئایینیـــەکـــان و بناغـــەکـــانی بۆچـــوونی ئیســـلام و راکێشـــانی جـــەمـــاوەری خـــەڵـــک بـــۆلای کولتـــووری فیکـــری ژیـــانی ئـــەورووپـــا، ئـــەنجوومـــەنـــە جۆراوجـــۆرەکـــانی بـــەهاییـــەت و میســـیۆنێرگەلـــی نێـــو نـــەتـــەوەیـــی مـــەســـیحی بـــە پاڵپشـــتی چڕوپـــڕی حکوومـــەتـــی ئـــەوکـــات روویـــان لـــە ناوچـــەکـــە کـــردوو دەســـتیان کـــرد بـــە ســـازکردن و دروســـت کردنـــی جێگـــەگـــەلێـــک وەکـــوو نـــەخۆشـــخانەی تـــەندروســـتی گشـــتی، پـــەرەدان و بڵاوکردنـــەوەی نووســـراوە و کتێبـــی پێـــوەندیـــدار بـــە بۆچـــوونی خۆیـــان و بـــەکـــە-ڵـــک وەرگـــرتن لـــە خوێندنـــەوەی رواڵـــەتـــی و ئاســـتی لـــە ئـــایینی یارســـان لـــەلایـــەن جـــەمـــاوەر، ئـــەو ئایینـــەیـــان ئـــاخۆرێکی بـــاش بـــۆ ئامانجـــەکـــانی خۆیـــان بینیـــەوە و بـــەردەوام لـــە ســـنوورە-کانی ئاماژە پێکراو "سنوورەکانی یارسانی" هاتوو چوویان کردەوە.

پـــرژو بـــڵاوی و ئانارشـــی لـــە کرماشـــان لـــە کـــاتی شۆڕشـــی "مـــەشـــرووتە" لـــە ئـــەوپـــەڕی خۆیـــدا بـــووە وا گـــوتراوە کرماشـــان یـــەکـــێ لـــە بـــەرەکـــانی شـــەڕی نێـــوان عوســـمانی لـــە لایـــە-ک و رووس و بـــەریتانیـــا لـــە لایـــەکـــیتـــرەوە بـــووە. ئـــەم داگیرکـــەرانـــە بـــە هـــەڕەشـــە کـــەســـانی خـــاوەن نـــاو پێگـــەی جـــەمـــاوەریـــان مـــەجبـــوور کـــردووە کـــە رەخنـــە بکـــەنـــە نـــاو دڵـــی جـــەمـــاوەر، بـــەڵام بـــەپێـــی ئـــەوە کـــە یارســـانی لـــە ناوچـــەکـــە لـــەبـــرواری چوارچێـــوەی عـــەشـــیرەتـــی و دە-مـــارگرژی و نـــەتـــوانینی رەخنـــە لـــە بافتـــەکـــەیـــدا دەبینرێتـــەوە خـــاڵی نـــاوەنـــدی یـــەکییـــەتـــی ئـــەم خـــەڵکـــە واتـــە هـــەمـــان بیروبۆچوونیـــان دەکـــەنـــە ئامـــانجی هێرشـــی خۆیـــان بـــەڵگـــە و نووســـراوەکـــانی یارســـانی کـــۆ دەکـــەنـــەوە و لێکۆڵینـــەوە و خوێندنـــەوەیـــان بـــە یارمـــەتـــی کـــە-ســـانی بـــەئـــەزمـــوون و مامۆســـتایانی شـــارەزا لـــەســـەر کـــەلام دەس پێـــدەکـــەن، لـــە خاڵـــە لاوازە-کانی سەرۆکەکان کەڵک وەردەگرن و ئەم خاڵە لاوازانە دەکەنە وەرزی جودایی.

لـــەڕاســـتیدا ئـــەم کـــارەش زۆر بـــە ئاســـانی جـــێ بـــەجـــێ دەبـــێ، دەکـــرێ تـــەنیـــا بـــە جێگـــۆڕکی کردنـــی وشـــەیـــەک، جـــودایی و جیـــاوازی بـــەدی بێـــنن. ئـــەڵبـــەت کـــەلامـــەکـــانی یارســـانی

وەکـوو تیکـەگـەلـی زنجیـر پێکـەوە پـەیـوەنـدییان هـەیـە، واتـە ئـەتـوانین شـایەتـی و نیشـانی هـەر گـەڕی کـەلامـی لـە گـەڕەکـانی پـێش و پاشـی خـۆی بدۆزینـەوە واتـە پرسـێک کـە لـە گـەڕێـک باسـی کـراوە دەبـێ لـە گـەڕەکـانی پـێش و پاشـی خـۆی بدۆزینـەوە واتـە پرسـێک کـە لـە گـەڕێـک باسـی کـراوە دەبـێ لـە گـەڕەکـانی پـێش و پاشـی خـۆی تـە-نانـەت بـۆ جارێـک ئامـاژەی پێکـرا بـێ. وەکـوو پرسـی خیـو کـە لـە شـوێن بـە شـوێنی سـەرئـەنجـام و گـەڕە جیـاوازەکـان لێـی وەکـوو جـەسـتەی هیمـایی گیـان و ڕۆحـە خراپـەکـان نـاوی دەبـرێ و لـە چـەنـد گـەڕی کـەلامـیش حـەرام کـراوە. لـە تـەحریفـاتی دیکـەی کـە-لامـی سـەرئـەنجـام کـە پـێش "مـەشـرووتییەت" دەسـتی پێکـرد و تـا کـاتی پـێش شۆڕشـی ئیسـلامی درێـژەی هـەبـوو، دەتـوانین ئامـاژە بـۆ پرسـی شـائیبراهیم و بابایادگـار بکـەیـن کـە دەرزێکـی زەق و بـەرچاویـان لـە ئاسـت کۆمـەڵگـای یارسـانی پێـک هێنـا، واتـە دوو گـەورە بنـەماڵـەی "پیـر" و "موریـدیان" لـە یـەکتـر جـودا کـرد. نموونـەی دیکـە باسـی سـە-رسـپاردەیـی نێـو بنـەماڵییـە کـە کۆمـەڵگـای یارسـان بـەرەو بـێدەنگـی و بـێ دەسـەڵاتیـی هـەرچـی تـەواوتـر دەبـا، چوونکـە ئـەم شـتە دەبێتـە هـۆی پچڕانـی پێـوەنـدی تاکـەکـان لـە نـاوخۆی بنـەماڵـەی یارسـانی. هـەروەهـا ناسـاندنی جـەم وەکـوو دەلیلـی تاکـەکـان کـەچـی بـەم شـێوە و لـە کـردەوەدا مـەقـامی دەلیلـی یـان لـە پێشـینەی حـەفتـاودوو پیـر ئـەسـتاندووە و ئـەو پیـرو گـەورانـەیـان وەکـوو خـەڵکـی ئاسـایی بـە جـەمـاوەر ناسـاندووە و رایانگـەیانـدووە بـەهـەر شـێوە فئۆدالییـەت یـا هـەبـوونی خـان کـە بـە کـەڵـک وەرگـرتن لـە زۆر و دەسـەڵات و کاریگـەرییـەتـی و تـەحریفـاتی ئـایینی یـان بـە مـەبـەسـتی پاراسـتنی پێگـەو مـەقـامی خۆیـان پـەڕە داوە، بـووەتـە هـۆی ئـەوە کـە تـاقمێکی زۆر لـە یارسـانیان لـەژێـر کاریگـەی و لـە ڕێـزی یـارانی سـوڵتان ئیسـحاق بینـە دەرەوە، یـا نموونـەیـەکـیتـر ون کردنـی حـەوت بـەڕێـوەبـەرایـەتییـە هـەر بـەو شـێوە کـە حـەوت خـەڵیفـە ون کـراو لـەنـاو بـرا... یـەکـێ دیکـە لـەو کـەلامانـەی وا تاقمێـک بـە تـەحریفـی دەزانـن کـەلامـی گـەڕی "سـاوا"یـە کـە ئـە-ویـش لـە بابـەت قوربـانی و چۆنییـەتـی بـەڕێـوەبردنـی ڕێـوڕەسـمی قوربـانی کردنـە. ئـەم گـەڕە کـەلامییـە بـەم شـێوە بـاس دەکـا کـە سـاو لـە دۆخـی کـاتی پێویسـت و تایبـەت هـەل و مـەرجـی دەروونـی و دۆخـی زاتـی خـۆی بـەسـەرزار دێنـێ و ئامـاژە دەکـا لـە دام و دە-زگای هێزی ئیلاهی "ناز روا"یە و هاوبەشە لە دەسەڵاتدا.

سـاوا گایـەک بـۆ قوربـانی دەبـا کـە خـاوەنـی جیلـوەی زاتـی بابـا یادگـار و یـا عـەقیقـە کـە لـە ئـەزەڵـدا لای یارسـانی وەکـوو تووتمـە، و لـەم ڕێگـاوە بـۆ قوربـانی کـردن لـەم زاتـە کـەڵـک وەردەگـرێ، کـەوابـوو لـە دۆخێکـی کـاتی تایبـەتـدا لـەخۆبـایی دەبـێ و بـەسـەر هاوڕێیـانی دیکـەی فـەحـز دەفرۆشـێ. لـە ئاکامـدا داوود ئاگـاداری قسـە هـەڵێـت و پـە-ڵێتـەکـانی سـاوا دەبـێ و سـوڵتان ئـەمـر دەکـا لـەمـەو بـەدوا مێشـکی گـا حـەرامـە. بۆیـە

یارسانییەکان لەکاتی قوربانی کردن مێشکی گا دەردێنن و لەناو پەڕۆیەکی سپی لە چێشتخانەی دادەنێن تا کاتی تەواو بوونی ڕێوڕەسمی "جەم" و لە دەرەوەی جە-مخانە لەژێر خاکی دەکەن. بەڵام کێشە لەوە دایە کە قوربانی نابێ کەم و کورتی هەبێ واتە ئەو ئاژەڵەی بۆ قوربانی کردن دیاری دەکرێ دەبێ تەواو بێ و عەیبی نەبێ تەنانەت یەک دانی و یا کێشەدار بوونی گۆشتی و یا هەر کەم و کورتییە-کی بچووکی دیکە لە لەشیدا قبووڵ ناکرێ وشیاوی قوربانی کردن نییە.
ئێستا کە دەبێ مێشکی گا فرێ بدەن پێویستە یارسانیان لەباتی مێشکی گا کە-لەشێرێک لەو چرکەساتە قوربانی بکەن و بیبەنە خزمەتی جەم. ئەڵبەت بەڕای زۆربەی زانایان ئەم گەڕە کەلامییە لەو تەحریفاتە دژبەرانەیە کە بە مەبەستی سازکردنی جیاوازی لەنێوان یارسایان دروست کراوە کە دەبێ لە بەرانبەردا ئاماژە بەوە بکەین گەڕەکانی کەلامی خاوەن شایەتی و شایەتی دەر و نیشاندارن، واتە لە گەڕەکانیتر دەتوانین وە دووی شوێن و نیشانیان بکەوین و بیاندۆزینەوە، کەچی لە گەڕی کەلامی "بارگە بارگەبەند"... لە گەڕی ساوا ناوبراوە، هەروەها حەرام کردنی مێشکی گا بەهۆی لاواز بوونی ئاستی دەرک و فامی ئەو ئاژەڵە پرسێکی عاقڵانەیە و لە کەلامێکی دیکە _ کەلامی خان ئەڵماس _ داکۆکی لەسەری کراوە و لەوێش حەرام کراوە.
مەغزمیش حەلال...
هەروەها لە بەندی 26 لە کەلامی گەڕی ساجناریش ئاماژەی پێکراوە.